له 14ی ڕەمەزانی 2020 هەڵسام بە PDF کردنی ئەم پەرتوکە ناوازەیە.تکایە له نزای خێر بێ بەشمان نەکەن .
براتان :احمد شاکر شێخە قوتابی قوناغی چواری شوێنەواری ئیسلامی


لە بلاوكراوەكانی

حكومەتی هەرێمی كوردستان

وەزارەتی ئاوقاف و كاروباری ئیسلامی

ژمارە (١)


# گەشتێك بەناو مزگەوت و تەكیەكانی شاری هەولێر


عمر شیخ لطیف بەرزنجی

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

وَأَنَّ الْمَسَاجِدَ لِلَّهِ فَلَا تَدْعُوا مَعَ اللَّهِ أَحَدًا

صدق الله العظيم

## پێشکەشە بە

١- هەموو ئەو کەسایەتییانەی کە بەبێ سنوور ماڵ و سامانی خۆیان لە دروست کردنی مزگەوت خەرج دەکەن.

٢- هەموو زانایانی ئاینی و خاوەن مزگەوت و تەکییە و خانەقاکانی شاری هەولێری دێرین.

٣- گیانی پاکی خوالێخۆشبوو ( حاجی شێخ لطیف شێخ رضا بەرزنجی لە گۆڕستانی گەڕەکی رەحیم ئاوە ) لە کەرکوك.

٥- گیانی پاکی خوالێ خۆشبوو مێژوونووس ( زبیر بلال اسماعیل ).

٦- ڕۆڵەی خۆشەویستم ئەندازیار هێمن بەرزنجی.

٧- سەرجەم ڕۆشنبیرانی گەلی کورد لە هەر کوێ هەن.

# مزگەوتەکانی هەولێری دێرین

**خورشید شێرە**
**بریکاری وەزارەت**

تۆمارکردن، نووسین لەسەر شوێنەوارەکان، مێژووی شوێنە پیرۆزەکان، ئەگەر لەپێشەوە نەکرابێت، پشت گوێ خرابێت، بەزمان و پێنووسی خۆمان نەبووبێت، جێگەی رەخنەو سکالای ئێمەی نەوەی شۆڕش و خەبات و سەندنی مافی کورد بووە، زۆرمان گلەیی لەمێژوونووسان هەبووە کە بۆچی کەلەپوری کورد پشت گوێ خراوە؟ لەوەلامدا پێمان دەڵێن: دەبێ کورد خۆی لەخەمی ئەرکی نەتەوایەتی خۆیدا بێت، نەوەی ئەمڕۆ خۆیان نەدەنە بەر نەشتەری توێژینەوەی نەوەی داهاتوو، بۆ ئەمڕۆی کوردستان بیانو نەماوە کە کورد شوێنە گرنگ و بەنرخ و پیرۆزەکانی تۆماری نەکات، بەڵگەمان بەدەستەوە نەماوە کە هەر ئێستا بێ دوواکەوتن مێژووی گەل و خاك و چیاو بەندەن و مزگەوت و شوێنەوارەکان بەشێوەی زانستیانە نەنووسینەوە.

وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی هەرێمی کوردستان لەم روانگەوەو بەپێی بەرنامەیەکی بەرفراوان لەهەوڵ و کۆشش دایە کە نووسینەکانی پێش خۆمان دەوڵەمەندو بەسامان بکەین و لەئاستێکی بەرچاودا هەنگاو بۆ پێشەوە بهاوین.

زانایانی کوردستان لەمێژە لەلاپەڕەی کتێبە دەست نووسەکان مێژووی دروست کردنی مزگەوت و خانەقاو تەکیەو شوێنە پیرۆزەکانیان تۆمار کردووە، لێرەو لەوێ گەلێ زانیاری بەنرخ تۆمار کراوە لەسەر مزگەوت لەلایەن شاد ڕەوان علاءالدین سەجادیو ماموستا مەلا محمدی قزلجیو زانایانی هەولێرو سلێمانی.

ئەم کتێبەی کە لەبەردەستە نۆبەرەی وەزارەتی ئەوقافەو بەئومێدین ئەم ڕێژنە بارانە زۆرترو فراوانتر بێت و خەڵکانی زانیاری لەسەر کوردو کوردستان بەخاك و مرۆڤەوە لەخۆمان وەربگرن و سەرچاوەی مێژووی خۆمان لەکوردستان بێت و چاوەڕوانی بیانی نەبین.

ئەم کتێبە کە لەسەر مزگەوتەکانی هەولێر نووسراوە گەلێ زانیاری بەنرخ و بەکەڵکی تێدایە بۆ ئێمەی ئێستا کە لەبەر چاومانە لەوانەیە بەکارێکی سادە هەژمار بکرێت بەڵام بۆ پاشە ڕۆژ، بۆ نەوەی نوێ، بۆ دەوروبەری هەرێم و بۆ وەڵام دانەوەی بوختان و هەڵبەستەی نەیارانی کورد زۆر بەرێزو بەپێزە، ئەم کتێبە سەرەتایەکە بۆ نووسینەوەی مێژووی بەرچاومان بەهەموو تاریك و روونێکەوە، بەهەموو تاڵ و شیرینێکەوە، بەهەموو سەرکەوتن و نسکۆیەکەوە، بەقەڵەمێکی بوێرو ئازاو نەترس کە ڕاستی تۆماربکات بەووردی. ئەگەر کەم و کوڕیو ناتەواوی بەزمان و قەڵەمی خۆمان بنووسین ئێش و ئازاری کەمترە، نرخ و بەهای زۆرترە، کاریگەری لەسەر دۆزی رەوامان زیاترە لێرەدا بەڕووی بڕوا بەخۆبوون و متمانە بەنووسەری کوردەوە داواکارین ناوەرۆکی ئەم کتێبە زیاتر دەوڵەمەندو زیاتر فراوان بکرێت بۆ هەموو شارو گوندەکانی کوردستان، بەتایبەتی کە رۆژی زانست و زانیاری وای کردووە کە کورد لەخەڵکی دیکە کەمتر نەبێو پشت بەخۆی ببەستێ لەهەموو روویەکەوەو قەرەبووی رۆژانی دژواری بکاتەوە ئێمە زۆر شادمانین کە دانەری بەڕێز خۆی ماندوو کردووە بۆ کۆکردنەوەی ئەو زانیاریانەی کە لەدووتوێی ئەم کتێبەدا نووسراو، و دەست خۆشی لێ دەکەین و بەهیواین کە زانایانی بەڕێز زانیاریەکان تاوتوێ بکەن و هەر کەم و کوڕیەك ئەگەر هەبێ چارەبکرێ و بەسەربکرێتەوەو لێی بێ دەنگ نەبن.

داواکارم لەخودای پەروەردگار بەلوتف و بەزەیی خۆی پارێزگاری لەکوردو کوردستان بکات.

لەگەڵ ڕێزماندا...

# بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

## پێشەکی

سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە مزگەوتی بەماڵی خۆی داناوەو فەرموویەتی:
بسم الله الرحمن الرحيم (وان المساجد لله، فلا تدعوا مع اللّه احدا) صدق الله العظيم.
واتە: مزگەوت هی خوایە، لەو زیاتر ناوی کەسی تری تێدا مەبەن.
هەروەها لە فەرموودەکانی پێغەمبەر -د خ- لەم بارەیەوە وتراوە (عن عثمان - رض- سمعت رسول الله -ص- يقول (من بنى مسجداً يبتغي به وجه الله بنى الله له مثله في الجنة) وفي رواية (بيتاً في الجنة)[1].رواه الخمسة إلا ابا داود.
واتە: هەر کەسێك مزگەوتێك دروست بکات و مەبەستی ڕەزامەندی خوا بێ ئەوا خواش وەکو ئەوی بۆ دروست دەکات لە بەهەشت یان خانوویکی بۆ دروست دەکات.
ماوەیەکی زۆر بوو، بیرۆکەی نووسینی کتێبێکی وا لەسەری دابووم، یەکێك بوو لەئاواتەکانم، بەهیوای پڕکردنەوەی کەلێنێك لەمێژووی ئەم شارە، لەڕووی ئاینییەوە. چونکە بەیەکێك لەشارە کۆنە دێرینەکانی جیهان لەقەڵەم دەدرێت، چەندین شێوەو جۆر لەبارەیەوە نووسراوە. دەیەها کتێب و نامیلکەی بەپێزی لەبارەوە لەچاپ دراوە. دانیشتوانی خەڵکێکی خواناس و ئاین پەروەرن.
هەر گەڕیدەیەك (سائح) یان فەرمانڕەوایەك ڕووی لەم شارە کردبێ، ئەوا خۆشحاڵی خۆی بەرامبەری دەربڕیوە، یان شتێکی لەبارەوە خستۆتە سەر کاغەزو دەرحەقی ئەم شارە دواوە. شارێك خاوەنی ڕۆڵەی ناوداری وەکو (سوڵتان موزەفەرو ئبن خولەکان و ئبن مستەوفیو ئبن سەلاح-ی شارەزووریو ئبن نجانی ئەربیللیو ابراهیم عاسمی حەیدەریو شێخ چۆڵو شێخ ابوبکری نەقشبەندیو شێخ محی‌الدین-ی شێخ صالح قولەو حاجی داودو مەلا هدایەت اللّە رەحمە اللەو مەلافەندی شێخ عبدالکریم دارەخورماو دەیەها کەڵە پیاوی لەم جۆرە بێت، شارێك ئەمە مێژووی خۆیو ڕۆڵەکانی بێت، ئەوا هەرچەندە لەبارەیەوە بنوسرێت، هێشتا کەمە!
منیش وەکو یەکێ لە دانیشتوانی، هەر چەندە بەرەگەز لەدایك بووی شاری بابەگوڕگوڕم، بەڵام دەیەها ساڵە خۆم و خانەوادەکەم خۆمان خستۆتە ئامێزی نەرمیو زۆر بەدڵسۆزیی لەئامێزی گرتووین.

---

١- التاج الجامع للأصول في احاديث الرسول -ص-، جزء الأول. ص٢٠٥. الشيخ منصور علي ناصف.

بۆیە خۆم بەقەرزباری دەزانم و ئاواتەخوازم کە بەم کارە بتوانم بەشێک لەچاکەی ئەوانە بدەمەوە. بۆ ئەم مەبەستە سەردانی بەڕێز بەڕێوەبەری ئەوقاف مامۆستا (حاجی نوری قادر)م کردو ئەم بیرۆکەیەم ئاراستە کرد، بەنیازی ڕەزامەندی بەدەست هێنان. دوو بەدوو سەردانی بەڕێز بریکاری وەزارەتی ئەوقاف (مامۆستا مەلا احمدی خانەقا)مان کردو پڕۆژەکەمان پێشکەش کرد پاش چەند وتوووێژێک جەنابیان ڕەزامەندی خۆیان دەربڕی و ئەم کارەیان بەلاوە پەسند بوو. پاش وەدەست هێنانی ڕەزامەندی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتی ئەوقاف لەم بارەیەوە. لەکۆتایی مانگی نیسانی ساڵی ۱۹۹۷ز دەستم بەم کارە کرد.

ئەم کتێبە ماوەیەکی زۆری خایاند، ماندوو بوون و هەوڵ و تەقەلایەکی زۆری ویست. زۆربەی زۆری کۆڵان و بازاڕو کوچە گەڕام. سەرماو گەرمای زۆرم چەشت، سەردانی بەشی زۆری (پێش نوێژ و ووتار خوێن)و خاوەن مزگەوت و تەکییەو خانەقاکانم کرد.

دەمەتەقێم لەگەڵ دەیەها ئەختیارو پیاو ماقوڵ سازکرد، سەردانی چەندین پسپۆڕو شارەزاو خاوەن زانستم کرد بەشێکی زۆری ئەم بەڕێزانە زۆر بەڕووخۆشییەوە بەدەنگمەوە دەهاتن و وەڵامی پرسیارەکانمیان دەدایەوەو هاریکاریان لەگەڵ دەکردم. زۆریان ئەم کارەیان بەلاوە پەسند بوو، هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخواستم. تینووی بەچاپ گەیاندنی کتێبێکی وا بوون، ماندووبوونێکی زۆریش ئەوانی گرتەوە بۆیە ئەمە بەهەل دەزانم کە سوپاس و پێزانینی خۆمیان ئاراستە بکەم و خوازیارم یەزدان پاداشتیان بداتەوە، هەروەک چۆن گلەییم لەو کەسانە نی یە کە بەدەنگمەوە نەهاتن و یارمەتیان نەدام، ئەوا هیوادارم لەداهاتوودا ئەم جۆرە هەڵوێست نەنوێنن لەگەڵ کەسدا.

چونکە ئەم زاتانە، خاوەن پلەو پایەی تایبەتی خۆیانن لەناو کۆمەڵ، ناشێ ئەمە هەڵوێستییان بێت. مەبەستم لەم ڕوونکردنەوەیش تەنها خاڵێکە، ئەویش ئەوەیە:

گەر کەم و کوڕی لەم کتێبەدا بەدی کرا، لایەکی ئەوان دەگرێتەوە، چونکە ڕاستیان پێ نەگەیاندوم.

لەکۆتایی‌دا، دڵنیاتان دەکەم. هەر کەم و کوڕیەک هەبێ ئەنجامی کەم تەرخەمی و بێ بایەخی نی یە. بەڵکو هەر ئەوەندەمان وەدەست هێناوە. خوازیارم ڕۆژێ دابێ بتوانم بابەتێک لەمە فراوانتر و بە پێزتر پێشکەش بەجەماوەری کوردستان بکەم.

عمر شێخ لطیف بەرزنجی

# چەند ڕونکردنەوەیێك
# دەربارەی ئەم کتێبە

١- ئـەم پەرتووکـە کورتـە باسـێکی مێـژووی بەشـی زۆری مزگـەوت و تەکییـەو خانەقاکانی ناو شاری هەولێری گرتۆتە دووتوێ.

٢- هەموو لێداونێك ئەو کاتە دەگرێتەوە کە هەڵساوین بە سەردانی ئەو شوێنە.

٣- چـەند مزگـەوتێك هـەن، خـاوەنی ڕەزامـەندی خۆییـان دەرنـەبڕی بـە لـەبارە نووسینەوە، ئێمـەش سـەرپێی بـەهۆی سـەردانێکی هاکـەزایی کورتـە باسـێکمان لەبارەیانەوە نووسیوە، لەوانە:

أ) مزگەوتی شێخ مصطفیی نەقشبەندی.

ب) مزگەوتی جلیل خەیات.

٤- لـەم پەڕتوکـە، نـاوی مزگـەوت و جـێ نوێژەکـانی بەڕێوەبەرایـەتی گشـتی‌یەکان نەگرتۆتەوە لەگەڵ مزگەوتی مەڵبەندی بزوتنەوەی ئیسلامی لەهەولێر.

٥- داوا لەخوێنـەری ئازیز دەکـەم، سـەرنجی بـەرواری سـەردانی مزگەوتـەکان بـدات لەکاتی خوێندنەوەی.

**دانەر**

# بەشەكانی ئەم كتێبە

**بەشی یەكەم:-**

مزگەوتەكان:

ا- كۆمەڵەی یەكەم:

ئەو مزگەوتانەی لە پێش سەدەی بیستەم دروست كراون.

ب- كۆمەڵەی دووەم:

ئەو مزگەوتانەی لە نیوەی یەكەمی سەدەی بیستەم دروست كراون.

ج- كۆمەڵەی سێیەم:

ئەو مزگەوتانەی لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم دروست كراون.

**بەشی دووەم:-**

جێ نوێژەكان (مصلی)

**بەشی سێیەم:-**

تەكییەكان.

**بەشی چوارەم:-**

خانەقاكان.

بەشی
یەکەم
١

# مزگەوتەکان

# کۆمەڵەی یەکەم:
# ئەو مزگەوتانەی لەپێش سەدەی بیستەم دروست کراون

# ١- مزگەوتی گەورەی سەر قەلا



ئەم مزگەوتە کەوتۆتە بەشی لای خۆرهەلاتی سەر قەلا، بەکۆنترین مزگەوت لەقەلەم دەدرێت.

سەرەتای دامەزراندنی بەتەواوی نەزاندراوە[1]، بەلام بۆمان هەیە سالی (١١٣٢)ی کۆچی. رێکەوتی سالی (١٧٢٠) زایینی. بەسەرەتای بە مزگەوت کردنی دابنێین و لەوێوە دەست پیّ بکەین.

پانتایەکەی (١٢٥٠)م٢ زیاترە.

هەندێ سەرچاوە دەلێن:-

ئەم مزگەوتە زیاتر لە (٨٠٠)[2] سالە مزگەوتە، بەلام ئێمە لەسالی (١١٣٢)[3] کۆچییەوە لێی دەدەوێین.

## قۆناغەکانی:-

ا) ڕوون و ئاشکرایە لای هەمووان، کە لەسالی (١١٣٢)دا مینبەری بۆ دروست کراوەو ئەم بەروارەش لەسەر کەوانەی تاقی پەیژەی مینبەرەکە نووسراوە.

ب) لەسالی (١٢١٧ك-١٨٠٢ز) دەستکاریيەکی بەخۆیەوە دی لەسەردەمی مەلا ابوبکری سێیەم.

ج) لەسالی (١٢٦١ك-١٨٤٥ز) بەفەرمانی (نجیب پاشا) منارەیەکی بۆ دروست کرا حەرەمەکەشی فراوان کراوەتەوە.

---

١- مەلا خدری هەولێری (ابو العباس) لەمزگەوتی قەلا دەرسی ووتۆتەوە پێش دامەزراندنی قوتابخانەی (المظفرية).

٢- ل/ ٦/ تاريخ جامع الكبير في القلعة/ ١٩٩٧/ عثمان رشاد مفتي.

٣- ئەم بەروارە لەسەر کەوانەی تاقی سەر پەیژەی مینبەرەکە نووسراوە ئەمەش ئەوە دەردەخات کە لەو کاتەوە مزگەوتە.

بۆیە ناوی گەورەی گرتۆتەخۆ، چونکە ئەو کاتە گەورەترین مزگەوت بووە لەسەر قەلا.

د) له (١٣١٠ك-١٨٩٢ز) جارێکیتر دەست کاری کراو بەشێك لەکەم و کورپییەکانی تەواو کرا.

هـ) ساڵی ١٩٥٨ز لیژنەیەك پێکهات بۆ چاککردنەوەی مزگەوت و کۆمەك کۆکردنەوە لەخەڵك بۆ ئەم مەبەستە، ئەمەش ناوی ئەندامانی لیژنەکەیە.

١- خوالێخۆشبوو رشاد موفتی- سەرۆك.

٢-خوالێخۆشبوو شێخ مصطفیی نەقشبەندی- ئەندام.

٣- خوالێخۆشبوو شێخ صالح بەرزنجی قولەیی- ئەندام.

٤- خوالێخۆشبوو مامۆستا مەلا صالح کۆزەپانکە- ئەندام.

٥- خوالێخۆشبوو عبداللەی مودەریس- ئەندام.

٦- خوالێخۆشبوو عبدالوهاب حکمت ئاغا- ئەندام.

٧- خوالێخۆشبوو عبدالکریم مەلا محمد- ئەندام.

ئەم کارە لە ١٩٥٨/٥/١٦ز دەستی پێ کردو لەبەرواری ١٩٥٩/٢/٦ز کۆتایی پێ هات.

و) لە ١٩٩٢/٩/١٢ز کاك عثمان رشاد موفتی کرایە سەرپەرشتیاری مزگەوت و بەهەوڵ و تەقەلای ئەم زاتە، وەزارەتی ئەوقاف برێك پارەی بۆ چاککردنەوەی ئەم مزگەوتە تەرخان کرد.

ز) لەساڵی ١٩٩٧ز بەهەوڵ و تەقەلای هەمان بەرێز جارێکیتر دەستکاری مزگەوت کراو بەشێك لەکەم و کورپیەکانی لەسەر ئەرکی ئەوقاف چاك کرایەوە بەهەر حاڵ ئەم شوێنە پیرۆزە جێی سەرنج راکێشانی بەرپرسانی ئەم شارە بووە، بایەخی تایبەتی پێ دراوە.

## ( رۆڵی مێژوویی ):

هەر لەکۆنەوە بەمزگەوتێکی ناودارو خاوەن رۆڵ ناسراوە کەم کەس هەیە لەزانایان ناوبانگیان نەبیستبێ سەدەها مەلاو زانای پێ گەیاندووە دەیەها مەلاو زانا رووییان لێ کردووە بۆ خوێندن، جێی حەوانەوەو حەسانەوەی زاناو بەرپرس و دانا بووە. لێ قەوماوو فەقیرو رێبوار بووە. مەڵبەندی وەعزو ئیرشادو فەتوای ئاینی بووە.

ناوی بەشێك لەو زانا ئاینییانەی کە لەم مزگەوتەدا، خزمەتیان بەخەڵك گەیاندووە:

١- مامۆستا مەلا (ابوبکر)ی دووەم.

٢- مامۆستا مەلا (عثمان ملا ابوبکر).

٣- مامۆستا مەلا (ابوبكری سێیەم) (١٢٧٢ك-١٨٥٣ز).
٤- مامۆستا مەلا (عثمان مەلا ابوبكری) سێیەم (١٢٧٢-١٢٧٥ك - ١٨٥٣-١٨٥٦ز).
٥- مامۆستا مەلا حاجی (عمر) مەلا ئەفەندی ١٢٧٥-١٣٠٩هـ.
٦- مامۆستا مەلا (ابوبكر)ی چوارەم ١٨٨٩ز-١٩٤٢ز.
٧- مامۆستا مەلا (محمد) ئەفەندی موفتی ١٩٤٢-١٩٤٣ز.
٨- مامۆستا مەلا (عزالدین) ئەفەندی ١٩٤٣-١٩٤٦ز.
٩- مامۆستا مەلا (رشاد) ئەفەندی موفتی ١٩٤٦-١٩٩٠ز.
١٠- مامۆستا مەلا (عبدالرحمن رسول كريم) ١٩٩٠-١٩٩٣ز.
١١- مامۆستا مەلا (جرجیس ابراهیم) ١٩٩٣-١٩٩٨ز.

جگە لەم زاتانەی سەرەوە، ماوەیەك ئەم بەڕێزانەی لێ بوو:
١- شێخ مصطفیی نەقشبەندی.
٢-مامۆستا مەلا صالح كۆزە پانكە.
٣- مامۆستا مەلا سعید عزیز نەقشبەندی.
٤- مامۆستا مەلا رسول مەلا احمد.
٥- مامۆستا مەلا عمر علی سعدالله (مەلا قەرەیی).
٦- مامۆستا مەلا فتاح موئەزین زادە[1].
٧- مامۆستا مەلا سەید مەردانی قورئان خوێن.
٨- مامۆستا مەلا احمد قادر باداوەیی.
٩- مامۆستا مەلا یونس عبدالله حەداد.

## بەشەكانی:

١- حەرەم: بەئەندازەی (٢٥×٢٨)م حەرەمێكی بۆ دروست كراوە (٣) میحراب و مینبەرێكی هەیە لەگەڵ مەحفەل و پەیژەو دەرگاو پەنجەرەو گومەت و بەرهەیوان پێداویستییەكانی لەگلوب و ڕایەخ و دەرگاو پەنجەرەو هۆیەكانی ساردیو گەرمی تاڕادەیەك بۆ دابین كراوە. ناوقەدی گومەتەكەی (١٠)م دەبێو بەرزی (١٣)م لەساڵی (١٢٦١ك) منارەیەكی لەسەر شێوەی بازنەیی بۆ دروست كراوەو بەرزی (١٥)م دەبێ بەسێرامێكی ڕەنگاو ڕەنگ ڕووكەش كراوە.

---

١- ئەم زاتە قورئان خوێنێكی دەنگ خۆش بوو، لەشاری كەركووكەوە هات بۆ قەڵا.

٢- ژوورێك بۆ موئەزین و یەکێ بۆ (پێش نوێژ و وتارخوێن)و بەشی ئاودەست و دەست نوێژگرتن و حەوشەو دیواری تەواو.

سەرچاوەی ئاوو کارەبای لەسەرچاوە گشتییەکانەوەیە.

**سەرچاوەکان:**

١- سەردانی مزگەوت لەڕۆژی ١٩٩٧/١٢/٢٩ز.

٢- چاوپێکەوتن بە بەڕێز کاك عثمان رشاد مفتی.

٣- کتێبی (علماء ومدارس في اربیل) ل٣٧، زبیر بلال اسماعیل.

# ٢- مزگەوتی ناو دارتاشەکان[1]



ئەم مزگەوتە کەوتۆتە ناوجەرگەی بازاڕی هەولێر، نزیك گوزەری دارتاشەکان، بەرامبەر دەرگای ڕووەو قیبلەی قەڵا.

بۆ یەکەم جار لەساڵی (١٢٠١- ١٧٨٦ز) دروست کراوە، لەسەر ئەرکی حاجی (عبداللطیف)[2] ناوێك.

لەساڵانی حەفتاکاندا لایەکی کەوتە بەر فراوان کردنەوەی شەقامی بەردەمیو رووخا، ماوەیەك بەنیوە ناتەواوی مایەوە تا بۆ جاری دووەم لەسەر ئەرکی جەنابی (سەید محمود سەید حسن سەید محمود الهاشمی) دروست کرایەوە. ئەم زاتە لەساڵی ١٩٨٤ز رەزامەندی شارەوانیو ئەوقافی وەدەست هێناوە هەستا بەدروست کردنەوەی بۆ دووەم جار.

سەرجەم پانتایەکەی (٤٠)م٢.

ئەم مزگەوتە لە سێ نهۆم پێك هاتووە:

ا- نهۆمی خوارەوە:

---

١ – ئەم مزگەوتە لەبەر ئەوەی کەوتۆتە گوزەری دارتاشەکان، بۆیە واناونراوە.

٢ – گۆڤاری کاروان ژمارە (٥) شوبات ١٩٨٣، ل ٩٩ عبدالله محمد حەداد.

ب- نهۆمی دووەم: ئەم نهۆمە کراوەتە حەرەمێکی ڕێك و پێك پێداویستی یەکانی لە هەموو رویەکەوە دابین کراون.

ج- نهۆمی سێیەم: ئەم نهۆمە کراوەتە چەند ژوورێك بۆ ئیمام و خەتیب و کەل و پەلی زیادەی مزگەوت.

چەند مەلایەکی ناودار لەم مزگەوتەدا مەلایەتیان کردووە لەوانە:

١- مامۆستای خوالێخۆشبوو (شێخ حسین شێخ سعدی موفەسر)، لە ١٩٥١ - ١٩٧١.

٢- مامۆستا مەلا سلیمان عزیز سلیمان گەردی.

٣- مامۆستا مەلا محمدامین احمد رحیم.

جەنابی سەید محمود خۆیو کورەکانی سەرپەرشتی ئەم مزگەوتە دەکەن.

سەرچاوەی ئاوو کارەبای لەسەرچاوەکانی میری یەوە وەرگیراوە بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی چاك و نایابە.

١١/١١/١٩٩٧ز

## سەرچاوەکان :


١- سەردانی مزگەوت.

٢- چاوپێکەوتن بە جەنابی:

ا) حاجی سەید محمود.

ب) مامۆستا مەلا محمدامین احمد.

٣- چاپ کراوەی دکتور عبداللە حداد، (دراسة تطور مدينة اربيل) ل ١٢٥ (کاروان الاکادیمی) ١٩٩٧.

٤- گۆڤاری کاروان ژمارە (٥)ی ساڵی ١٩٨٣.

# ٣- مزگەوتی (گەورەی ناوبازاڕ) حاجی داود



ئەم مزگەوتە کەوتۆتە ناوجەرگەی بازار، نزیك قەیسەری بەرگ درووەکان.

لەساڵی (١٢٠٥ك-١٧٩٠ز)ی دەست بەدروست کردنی کرا. ئەم مزگەوتە لەسەر ئەرکی (خوالێخۆشبوو حاجی داود[1] حاجی احمد کوری سلیمان ئاغای شافعی چیمەنی) دروست کرا.

سەرجەم پانتایەکەی (١٧٢٠) مەتری چوار گۆشەیە.

## قۆناغەکانی:

١- لەساڵی (١٢٥٧- ١٧٣٣- ١٧٣٤) ئەم مزگەوتە کەوتە بەر شاڵاو ی سوپای مەغول و هێرشی (نادر شاه) وێران کرا.

شێوەی مزگەوتەکە لەو سەردەمە.

أ) کاتی خۆی لەحەرەمێکی (١٠) گومەتی پێك هاتبوو، شێوەی بیناسازی ئیسلامی هەبووە. دیواری ئەستوور، سەرەکەی گومەت، تاق و تاقوچکەی زۆر.

ب- لایەکی حەوشەکەی بە بەردی کاشی ئەو سەردەمە ڕووکەش کرابوو بۆ نوێژی هاوینە، منارەیەکی لەکەرپوچ (خشتی سور) بۆ دروست کرابوو، تاکە مزگەوتی خاوەن منارە بوو لە پاش مزگەوتی گەورە سەر قەلا.

لەساڵی (١٣٥٩-١٩٤٠ز) خوالێخۆشبوو (حاجی محمد کوری مەلا احمد کوری حاجی مەلا هیدایەت کوری حاجی داود) هەستا بەچاککردنەوەی منارەکەو چارەسەر کردنی کەم و کورتی یەکانی.

---

١- پرۆفیسور دکتور عبدالله حەداد ئەم زانیاری یەی راگەیاند بەلآم هەندێ کەسایەتی تر هەن دەڵێن: کاتی خۆی شێخ مصطفی ناوێکی هندی هەبوو، ئەویش دەستی لە دروست کردنی ئەم مزگەوتە هەبوو، بۆ بەڵگەش گۆڕی ئەو زاتە لەناو مزگەوت دایە. ئەو شێخ مصطفی یە پسپۆر بووە لەبواری دروست کردنی پارەی ئەو سەردەمە، لەحەج لەگەڵ حاجی داود دێتە هەولێرو لێرە ئەمێنێتەوەو سکەی لێ داوە، هاوکاری حاجی داودی کردووە. کاتی خۆی گەورەترین مزگەوت بووە لەناو بازاڕ، بۆیە وا ناونراوە.

گۆڕستانی مزگەوت: لەجێگای ژووری ئێستای ئیمام، لەلای خۆرهەڵاتی بەرهەیوانی مزگەوت گۆڕستانێك هەبووە تاكو ساڵی ١٩٤٠ ئەو كاتە ئەم گۆڕستانە تەخت كرا لەسەر فەرمانی خوالێخۆشبوو حاجی محمد كوری مەلا احمد.

بەڵام ئێستا تەنها شوێن هەواری (٢) گۆڕ دیارە.

ا) گۆڕی خوالێخۆشبوو حاجی داود.

ب) گۆڕی خوالێخۆشبوو شێخ مصطفی‌ی هندی.

جگە لەم بەشانەی ئاماژەمان بۆ كرد، بەشی دەست نوێژگرتن و سەرئاویو چەند ژورێكی تری هەیە.

## چەند دەست كاریەكی مزگەوت:

١- لەكاتی جەنگی یەكەمی جیهان، ئەم شوێنە پیرۆزە دەكرێتە سەربازگاو جێی حەوانەوەی سوپای عوسمانلی، بەمە مزگەوتەكە تارادەیەك پەرپووت دەبیٚو شێوەی كەلاوەی لیٚ دەنیشیٚ، بەڵام پاش شكاندنی عوسمانلی خێرخوازان مزگەوتەكە چاك دەكەنەوە.

٢- لەسەردەمی خوالێخۆشبوو (مەلا احمد كورەزای حاجی داود) لەساڵی ١٩٤٠ مزگەوتەكە فراوان كرایەوە بەهۆی كرینی پارچە زەویەك لە سعید جامباز، بەمە ژمارەی گومەتەكانی سەربانی مزگەوت بوون بە (١٢) گومەت پاش ئەوەی (١٠) بوون.

٣- لەساڵی (١٩٨٣ز) بەهەوڵ و تەقەلای زۆری بنەماڵەی خوالێخۆشبوو حاجی داود توانیان هۆڵێك بۆ پرسە دروست بكەن، ئەوقافیش لەم كارە رۆڵی خۆی تێدا دی.

٤- لەساڵی ١٩٩٥ بەهەوڵ و تەقەلای دكتۆر عبداللە محمد حداد بۆ جاری دووەم دەستكاری منارەكە كراو كەم و كورتی‌یەكانی جێبەجێكران.

٥- لەساڵی ١٩٩٨ برێك پارەی بۆ تەرخان كراو چەند گۆڕانكاری‌یەكی بەخۆیەوە دی.

## هەندیٚ رووداوی مێژووی گرنگ:

١- چەند ساڵێك ئەم مزگەوتە ووتار خوێندنەوەی هەینی لیٚ قەدەغە كرا، بەڵام لەساڵی ١٩٢٥ مەلیك فەیسەلی یەكەم كاتیٚ دێتە هەولێر ئەم بنەماڵەیە خۆیانی پیٚ دەگەینن رەزامەندی ووتار خوێندنەوە بەدەست دەهێنن.

٢- لەساڵی ١٩٥٢ بۆ یەكەم جار لەشاری هەولێر لەمزگەوتی حاجی داود بڵندگۆ بەكار هێنرا.

٣- گەلێ جار وابووە، موسڵمانان بەزۆری ڕوویان کردۆتە ئەم مزگەوتە بۆ نوێژکردنی، هەینی بەتایبەتی لەکاتی نۆژەند کردنەوەی مزگەوتی گەورەی سەر قەلاّ. لەساڵی (١٣٢٥)وە ئەم مزگەوتە لەژێر چاودێری بنەماڵەی خوالێخۆشبوو حاجی داود، بەپێی بەڵگەنامەی شەرعی ژمارە (١٥١ لە ٢١/ ربیع الثانی).

ناوی چەند کەسایەتی‌یەك لەوانەی لەم مزگەوتەدا ژیاون:

ا. حاجی مەلا هیدایەت.

ب. قازی داود فەهمی ئەفەندی.

ج. احمد حمدی ئەفەندی.

د. مەلا احمدی کوری مەلا هیدایەت.

هـ. حاجی محمد کوری حاجی مەلا احمد.

و. حاجی نورالدین حاجی محمد.

ز. دکتور عبدالله حاجی محمد حەداد.

ناوی بەشێك لەو مەلایانەی لەم مزگەوتەدا بونە:

١- مامۆستا مەلا احمد کوری مەلا هیدایەت.

٢- مامۆستا مەلا سلیمان فتح الله زادە.

٣- شێخ محمدامین الکردی الشافعی النقشبندی الاربیللی.

٤- مامۆستا مەلا محمدی حاجی حەوێز.

٥- مامۆستا مەلا جبرائیل عەلیاوەیی.

٦- مامۆستا مەلا محمدی مەلا عبدالکریم - ئاڵتی بەرماغ.

٧- مامۆستا مەلا عبدالرحمن همزەکۆری.

٨- مامۆستا مەلا محمدی هەرتەلی.

٩- مامۆستا مەلا محمدی عەلیاوەیی.

١٠- مامۆستا مەلا شێخ ابراهیم بالیسانی.

١١- مامۆستا مەلا عبدالقادر احمد عبدالله.

١٢- مامۆستا مەلا مصطفی فەقی ابراهیم.

١٣- مامۆستا مەلا طارق سلیمان صابر.

ئەوەی جێی وەبیر هێنانەوەیە، ئەم مزگەوتە تەنها مزگەوتێکە کە لەکۆنەوە بایەخی بەکوێرەکان داوەو هەوڵی فێربوونیانی داوە لەبارەی قورئان کاتی خۆی

ماموّستا مەلا سعیدی حافیز دەرسی پیّ دەووتن، بەلاّم ئیّستا ماموّستا مەلا کمال عبدالواحدو ماموّستا مەلا خلیل عەساف ئەم ئەرکە جیّبەجیّ دەکەن.

## بەشەکانی:

١- حەرەم (جیّگای نویّژکردن): بەپانتایی (١٠×١٢)م حەرەمیّکی بوّ دروست کراوەو سەرەکەی بەگومەت هاتوّتەوە یەك و لە(١٤) گومەت پیّك هاتووە، (٦) دانە کوّلّەگەی ئەستوری (١,٥)م دراوەتە بەر، میحراب و مینبەرو مەحفەلی تایبەتی خوّی هەیەو پیّداویستی‌یەکانی تاڕادەیەك دابین کراوە بە بەرینی (٣.٥)م بەرهەیوانیّکی سەرانسەری هەیە دیوارەکەی هەر دیوارە کوّنەکەیەو ئەستوری (١,٥)م دەبیّ.

٢- لەم سەرو لەو سەری بەر هەیوان دوو ژوور هەن لای خوّرهەلاّت بوّ ئیمام و لای خوّر ئاوا بوّ سەرپەرشتیکار.

٣- هوّلّیّکی مام ناوەندی هەیە بوّ پرسەو بوّنە ئاینی‌یەکان.

٤- هوّدەی تایبەتی هەیە بوّ مەلا حافیزەکان (کوّرەکان).

٥- بەشی دەست نویّژ گرتن لە(٢٤) بوّری پیّك هاتووەو کەوتوّتە ناوەڕاستی حەوشە.

٦- (٢١) دانە ئاودەستی هەیەو کەوتوونەتە لای خوّرهەلاّتی مزگەوت جگە لەچەند شویّنیّکی تایبەت بوّ میزکردن.

٧- بیری ئاوو حەوزی تایبەتی خوّی هەیە لەگەلّ توّڕی (شبکە) ئاو دابەش کردن.

٨- منارەیەکی لولەیی (بازنەیی) بوّ کراوەو کەوتوّتە لای ڕاستی دەرگای بەرامبەر قەیسەری‌و بەرزی (١٥)م دەبیّت.

لەڕاستی‌دا مزگەوتیّکی نایاب و خاوەن ڕابوردوویەکی کوّنە، جیّگایەکی تایبەتی لەلاپەڕەکانی میّژووی ئەم شارە دیّرینە هەیە.

سەرچاوەی ئاوی ئەم مزگەوتە لەبیری ناوخوّیەوەتی‌و کارەباکەشی لەکارەبای گشتی‌یەوەیە.

ئەوەی شایانی باسە، ئەم مزگەوتە لەکوّنەوە تاکو ئیّستا بایەخیّکی تایبەت بەقورئان خویّنە نابیناکان دەدات و خزمەتیان بەچاکی دەکریّو شویّنی تایبەتی خوّیان هەیە.

١٩٩٧/١١/١٥ز

## سەرچاوەکان:

١- ڕاپۆرتەکەی بەڕێز دکتور عبداللە محمد حداد، ئەم زاتە یەکێکە لەنەوەکانی خوالێخۆشبوو حاجی داود.
٢- سەردانی مزگەوت و گەڕان بەبەشەکانی یەکە بەیەکە.
٣- چاوپێکەوتن بە بەشێك لەپیاو ماقوڵانی شاری هەولێر لەوانە.
أ- جەنابی سید محمود الهاشمی/ خاوەنی مزگەوتی نەجارەکان.
ب- جەنابی ماموستا مەلا جرجیس/ ئیمامی مزگەوتی صدیقە خاتوون.
ج- جەنابی کاك عثمان رشاد موفتی.
د- جەنابی ماموستا مەلا عبدالقادر احمد عبداللە/ ئیمامی مزگەوت
هـ- جەنابی ماموستا مەلا خلیل عساف.

## ٤- مزگەوتی خانەقای گەورە[١]

ئەم مزگەوتە کەوتۆتە دامێنی لای قیبلەی قەڵا، تەنها هەر (١٠٠)م لێوەی دوورە. لەناوجەرگەی بازار (دەلاڵ خانە) سەرەتای دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٢٢٠- ١٨٠٥ز)[٢].

سەرجەم پانتایەکەی (١٢١٨)م٢.

ئەم مزگەوتە بەفەرمانی (مەولانا خالید)[٣] و هەوڵ و تەقەلای خوالێخۆشبوو مەلا (هدایەت اللە رحمە اللە)[١] دروست کرا.

---

١- کاتی خۆی تاکە خانەقا بووە. سەر بە نەقشبەندیەکان لەهەولێر، بۆیە ناوی خانەقای گرتۆتە خۆ.

٢- ئەم بەراوردەمان لەدەست نووسەکەی بەڕێز پارێزەر (شێخ صائب) نەقشبەندی وەرگرتووە، ئەم زاتە ئێستا (موتەوەلی)و سەرپەرشتی ئەم مزگەوتە دەکات. بەڵام گۆڤاری شارەوانی (هەولێر) لەساڵی ١٩٨٥ز چاپ کراوە دەڵێ (دروست کردنی ئەم مزگەوتە دەگەڕێتەوە بۆ پێش هاتنی مەولانا خالید) ئەمەش لەسەر زاری خوالێخۆشبو مەلا فەندی دەگێڕێتەوە بڕوانە لاپەڕەی (١٢٩- گۆڤاری شارەوانی هەولێر- بەبۆنەی ١٠٠ ساڵەی دامەزرانیەوە).(زبیر بلال لە کتێبی شێخ چۆلی دەڵێ: لە ساڵی ١٢٣٠ دروست کرا. لاپەڕە١٧).

٣- ناوی تەواوی ئەم زاتە (خالد کوری احمد کوری حسین- ابو بهاء ضیاءالدین) لەساڵی ١٢٦٤ کۆچی، کۆچی دوایی کرد لەشام.

قۆناغەکانی:

١- لەسەرەتادا وەکو زۆربەی بیناسازی ئەو سەردەمە لە قوڕو خشت و کاریتە پێک هاتبوو.


٢- لەساڵی (١٣٥٩-١٩٤٠ز) ئەم مزگەوتە سەر لەنوێ خوالێخۆشبوو (شێخ محمد مظهر نەقشبەندی) دروستی کردەوەو کەم و کورتی‌یەکانی تەواو کرد.

٣- لەساڵی (١٩٦١)ز. لەسەردەمی شێخ محمد صائب نەقشبەندی کوری شێخ محمد مظهر دەستکاریەکی مزگەوت کراو هەندێ ژووری بۆ دروست کرا چەند بەشێکی نوێی لێ کرایەوە.

٤- لەساڵی (١٩٩٥)ز و لەسەردەمی هەمان بەڕێز جارێکی‌تر دەستێک بەمزگەوتەکەدا هێنراو کەم و کورتی‌یەکانی دابین کرا.

ناوی ئەو زاتانەی کە سەرپەرشتی ئەم مزگەوتەیان کردووە.

١- شێخ مەلا هیدایەت الله رحمه اللەی نەقشبەندی.



٢- شێخ محمد سعید مەلا هیدایەت اللە ١٨٧٩ کۆچی کردووە.

٣- عبدالرحمن مەلا محمد سعید ١٩١٢ کۆچی دوایی کردووە.

٤- شێخ یحیی نەقشبەندی ١٩٢٥ کۆچی دوایی کردووە.

٥- شێخ محمد مظهر نەقشبەندی ١٩٥٠ کۆچی دوایی کردووە.

٦- شێخ محمد صائب نەقشبەندی/ ئێستاکە لەژیاندایە.

ناوی بەشێک لەو زانایانەی لەم مزگەوتە مەلایەتی‌یان کردووە:

١- مامۆستا مەلا قادر.

٢- مامۆستا مەلا سعید

---

١ - ئەم زاتە یەکێ بوو لەخەلیفە خۆشەویستەکانی مەولانا لەهەولێر، لەبەغداد کۆچی دوایی کردوەو لە گۆڕستانی شێخ عبدالقادر گەیلانی بەخاک سپێراوە.

٣- ماموّستا مەلا عمر حاجی رسول ئەرجان (مەلا عومەری گەورە)
٤- ماموّستا مەلا شریف.
٥- ماموّستا مەلا مصطفی‌ی بێلنگەیی.
٦- ماموّستا مەلا محمد مەلا عمر حسین.

ماموّستا مەلا (محمد مەلا عمر) لە (١٠-٧-١٩٨٨ز)ەوە لەم مزگەوتە (پێش نوێژو ووتار خوێنە)و لەدایکبووی ساڵی ١٩٢٨ز.

ئەوەی شایانی وەبیر هێنانەوەیە، لەساڵی (١٩٦٨ز)ەوە لەم مزگەوتە نوێژی هەینی لێ دەکرێت.

## بەشەکانی:

١- حەرەم (جێگای نوێژکردن): بەئەندازەی (١٥×٢٠)م حەرەمێکی لاکێشەیی بۆ دروست کراوە، بەرزی (٥)م دەبێ‌و سەرەکەی کۆنکریتە میحراب و مینبەرو مەحفەلی تایبەتی خۆی هەیە پێداویستی‌یەکانی لەدەرگاو پەنجەرەو ڕایەخ و هۆیەکانی ساردی‌و گەرمی‌و ڕوناکی تاڕادەیەکی باش بۆ دابین کراوە لەسەر شێوەی بازنەی گۆمەتێکی بۆ دروستکراوە، ناو قەدی (٨)م دەبێ‌و بەرزی (١٢)م.

٢) منارەکەی: لەلای خۆرئاوای حەرەم، لەلای ڕاستی دەرگای سەرەکی مزگەوت منارەیەك لەسەر شێوەی بازنەیی بۆ دروست کراوە ژێرەکەی چوارگۆشەی دامەزراوە، بەرزی (٢٥)م و هێلانەی (لانەی) حاجی لەق لەقێکی بەسەرەوەیە. لەناوەوە قالدرمەی بەسەرکەوتنی هەیەو لەناو قەد پشتێنەی بۆ کراوەو بەشی زۆری بەکەرپووچە وەستایان (حاجی توفیق و حاجی عبدالله) دروستیان کردووە بەرواری دروستکردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٦١.

٣- ژووری پێش نوێژو ووتار خوێن لەبەرهەیوانی حەرەمەو پێداویستی بەباشی بۆ دابین کراوە.

٤- ژووری موتەوەلی کەوتۆتە ناو حەوشەی مزگەوت ڕووەو دەرگای حەوش، پێداویستی بۆ دابین کراوە.

٥- ژووری مێوان/ جەنابی شێخ محمد صائب نەقشبەندی پێشوازی لە مێوان لێ دەکات و پێداویستی بۆ دابین کراوە.

٦- بەشی دەست نوێژ گرتن و دەست بەئاوگەیاندن کەوتونەتە گۆشەی لای خوارەوەی مزگەوت و لەیەکەوە نزیکن لەچەندین ئاودەست و حەمام و بۆڕی پێك هاتوون.

بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی خۆشە، جێگایەکی گرنگی هەیە، خەڵك لەناو بازار پێنج فەرزە رووی تێ دەکەن، سەرچاوەی ئاوو کارەبای لەسەرچاوە گشتی‌یەکانەوەیە.

١٩٩٧/١١/١٣

**سەرچاوەکان:**

١ - راپۆرتی دەست نووسی جەنابی شێخ محمد صائب/ موتەوەلی مزگەوت.

٢ - سەردانی مزگەوت لەنزیکەوەو چاوپێکەوتن بە بەشەکانی.

٣ - چاوپێکەوتن بەجەنابی ماموستا مەلا محمد مەلا عمر ئیمام و خەتیبی مزگەوت.

## ٥- مزگەوتی ( ئاڵتی بەرماغ )[١]

ئەم مزگەوتە کەوتۆتە ناوجەرگەی بازار، نزیك گوزەری پەنیرو هەنگوین فرۆشەکان.

سەرەتای دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٨٠٠)[٢] زاینی.

پانتایەکەی خۆی لە (٣٠٠) مەتری چوارگۆشە دەدات.

کاتی خۆی (شێخ عبدالکریم شێخ حارث الصدیقی) یەکێ بوو لەدانیشتوانی سەر قەڵا، بەڵام پاش ئەوەی هەندێ لەدانیشتوان قەڵایان جێ هێشت و خزینە خوارەوە، ئەم زاتە یەکێ بوو لەوان.

حکومەتی ئەو سەردەمە (عوسمانلی) چەند پارچە زەوی‌یەکی پێ بەخشی بۆ کشتوکاڵ کردن و حەوانەوە، ئەم زاتەش هەر لەناو ئەو زەوییە لایەکی دابڕیو مزگەوت تەکیەیەکی بۆ خۆیو دەروێشەکانی لێ دروست کرد.

ئەم زاتە (٣) کوری هەبوو:

ا- شێخ محمد شێخ عبدالکریم الصدیقی.

ب- شێخ محی‌الدین شێخ عبدالکریم الصدیقی.

ج- شێخ مەلا عبدالله شێخ عبدالکریم الصدیقی.

---

١ - ئەم وشەیە ووشەیەکی تورکی‌یە مانای بەکوردی (شەش پەنجە) دەگرێتەوە، لەبەر ئەوەی خوالێخۆشبوو ماموستا (شێخ محمد شێخ عبدالکریم)! خاوەن (٦) پەنجە بوو لە دەستێ لە دەستەکانی.

٢ - ماموستا عبدالکریم مەلا عزالدین، لەبنەماڵەی شێخ عبدالکریم ئەم بەروارەی راگەیاند، ماموره لەبەدالەی گشتی هەولێر.

تاقه کچێکی هەبوو بەناوی (زینب خان) ئەویش ئاپرادەیەکی چاك خاوەن زانست و شارەزا بوو لەئاین.

١- پاش کۆچ کردنی شێخ عبدالکریم الصدیقی، مامۆستا مەلا محمدی کوری بوو بەئیمام لەمزگەوت و مرشد لەتەکیە، ئەم زاتە لەیەکێ لەدەستەکانی پەنجەیەکی زیادی هەبوو بۆیە پێیان دەووت مەلا محمدی شەش پەنجە، ئەمەش بوو بەهۆی ئەوەی بە مزگەوتەکە بڵێین مزگەوتی (ئالتی بەرماغ) بەزمانی تورکی.

٢- پاش کۆچ کردنی مەلا محمدی شەش پەنجە، مەلا عبداللەی برای جێی گرتەوەو سەرپەرشتی تەکیەو مزگەوت کەوتە ئەستۆی ئەو، ئەم زاتە مەراقی (مەولوود خوێندنەوە) بوو، بۆیە بەدەیەها کەس لەهەموو لایەکەوە دەهاتن و لەوێ کۆدەبوونەوە بۆ خوێندنەوەی (مەولوودی نەبەوی)، ئەم زاتە دوو کوری هەبوو ئەمە ناوییانە:

أ- خەلیفە نورالدین.

ب- شێخ عزالدین.

خەلیفە نورالدین کوری گەورەی باوکی بوو، خولیای تەکیەو مزگەوت و ئیرشادبوو، بەڵام بەداخەوە، هەر بەلاوی کۆچی دوایی کرد، پێش کۆچ کردنی باوکی.

٣- پاش کۆچ کردنی مەلا عبدالله، ئەوا شێخ عزالدینی کوری خرایە ئەم پلەیەو بوو بە بەرپرس بەرامبەر بەتەکیەو مزگەوت ئەم زاتە برازایەکی هەبوو بەناوی (مەلا شمس الدین) پیاوێکی بلیمەت و شارەزا بوو، بەتایبەت لەئاین، بۆیە مەلا عزالدین هەر لەسەرەتاوە ئەوی دانا بۆ ئیمام و خوتبەبێژی مزگەوت، مەلا شمس الدین، ساڵی ١٩٥٧ کۆچی دوایی کرد.

واتە مەلا عزالدین جارێکیتر بۆوە بەئیمام لەم مزگەوتە، هەر لەساڵی (١٩٥٧ تاکو ١٩٧٣) پاش ئەوە خانەنشین کرا، بەڵام ژوورێکی لەمزگەوت هەبوو هەر بەزۆری لەو ژوورە دادەنیشت تاکو لەساڵی ١٩٧٦ کۆچی کرد، پاش کۆچ کردنی ئەم زاتە، تاکو ئێستا ئەم دوو زاتە هاتوونە:

١- مامۆستا مەلا اسماعیل عمر مولود.

٢- مامۆستا مەلا عبدالکریم مجید عبدالله.

مامۆستا مەلا عبدالکریم لەساڵی ١٩٨٩ز وە لەم مزگەوتەیە پاش مەلا اسماعیل و جەنابیان لەدایك بووی ساڵی (١٩٤١)ز.

## قۆناغەکانی مزگەوت:

١- لەسەرەتادا وەکو زۆربەی خانووبەرەی کوردستان بەخشت و قوڕو کاریتە دروست کرابوو، مزگەوت بریتی بوو لە:

ا- حەرەم، ب- ژوورێك بۆ ئیمام، ج- چەند ئاودەستێك

بەلام ئەوەی جێی وەبیر هێنانەوەیە، کاتی خۆی جۆگەلەیەکی ئاو بەناو مزگەوتەوە تێدەپەڕی، خەلکی لەو ئاوە دەست نوێژیان هەلدەگرت.

٢- لەسالی پەنجاکان لەبن تەمەلەوە روخاندیان و سەر لەنوێ دروست کرایەوە بەخشت و قوڕو کەرپوچ، ئەمجارەیان رەشید ئاغای هەولێری پێی هەستا.

جگە لەبەشەکانی لێی دوایێن بوو بەخاوەن چەند دووکانێك پارەکەی (کرێیەکانیان) لەمزگەوت خەرج دەکرا. حەوزی ئاوو بەلوعەی چاکی بۆ دروست کرا.

٣- لەسالی (١٩٦١-١٩٦٢) سەر لەنوێ بۆ جاری سێیەم دروست کرایەوە لەسەر ئەرکی خوالێخۆشبوو (حاجی مصطفی‌ی حاجی عمری دارتاش)، بەلام بەداخەوە، هەر تەنها یەك نوێژی لێ کردو کۆچی کرد.

ئەوەی جێی وەبیر هێنانەوەیە، لەسالی (١٩٥٥)ەوە ئەم مزگەوتە لەژێر سایەی بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافە، ئەویش پاش ئەو ناکۆکی‌یەی کەوتە نێوان (مامۆستا مەلا عزالدین و برازاکانی) ئەم مزگەوتە تاکە شوێن بوو لەکاتی (خەتەنەکردن)، هەموو سالێك (سەید زکی) لەتورکیاوە دەهات و هەرچی منالی ئەو دەوروبەرە هەبوو دەبرایە لای بۆ سونەت.

## بەشەکانی:

١- حەرەم: بەمەودای (٥×١٥)م حەرەمێکی لاکێشەیی بۆ دروست کراوە، بەرزی (٥)م دەبێ، سەرەکەی کۆنکریتەو ناوەکەی کاشی، تاڕادەیەك هەموو پێداویستییەکانی دابین کراوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە ژوورێکی مام ناوەندی دروست کراوەو تاڕادەیەکی چاك پێداویستی دابین کراوە.

٣- بەشی دەست نوێژ: ئەم بەشە تایبەتی‌یەو لەچەند بۆڕیەك و چەند ئاودەستێك پێك هاتووە.

سەرچاوەی ئاوو کارەبای ئەم مزگەوتە لەسەرچاوە گشتی‌یەکانەوە وەرگیراوە.

١٩٩٧/١١/١٥

## سەرچاوەکان:

١ - سەردانی مزگەوت لەنزیکەوە.
٢ - چاوپێکەوتن بە:
أ- بەڕێز کاك (عبدالكريم مەلا عزالدين مەلا عبدالله- بەرەبابی شێخ عبدالكريم الصديقی).
٣ - مامۆستا مەلا عبدالكريم مجيد عبدالله پێش نوێژی مزگەوت.

# ٦- مزگەوتی شێخ عبدالله قوطب (شێخ الله )[١]

ئەم مزگەوتە کەوتۆتە لای خۆرهەڵاتی قەڵای هەولێر، ناوجەرگەی بازاڕی بازرگانی ئەم سەردەمە. تەنانەت بازاڕەکەش ناوی بازاڕی شێخ اللەی گرتۆتە خۆی.

سەرجەم پانتایەکەی (٤٥٠)م چوارگۆشەیە، جگە لەگۆڕستانەکە.

سەرەتای دروست کردنی هەندێ بۆچوونی لەسەر هەیە، لەوانە:

١- مامۆستا زبير بلال اسماعيل لە کتێبی (شێخ چۆلی) ئاماژەی بۆ ئەم زاتە کردووەو ووتویەتی: (شێخ عبدالله، بەشێخ الله ناوبانگی دەرکردووە، لەساڵی "٩٩٩ کۆچی- ١٥٩٠-١٥٩١زاینی" کۆچی کردووە)،و ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە بەرواری دامەزراندنی ئەم مزگەوتە لەوە کۆنترە، واتە نزیکەی "٤٥٠" ساڵە ئەم مزگەوتە دامەزراوە.

٢- شارەزا دکتۆر عبدالله محمد حەداد لەم بارەیەوە ووتوویەتی: یعقوب ئاغا پارچەیەك هەڵبەستی داناوە بەبۆنەی کۆچ کردنی ئەم زاتەو لەکۆتایی ئەم هەڵبەستە ئاماژە بۆ بەرواری کۆچ کردنی دەکات بە پیتی (ئەبجەدی) وای دەردەخات کە لەساڵی (١٢٥٩-١٨٤٤) کۆچی کردووە[٢].

لێرەدا بۆمان دەرکەوت، کە جیاوازیەکی زۆر لەنێوان ئەم دوو بەروارەدا هەیە، بەڵام من لەهیچ جێگایەکی تر لەم بارەیەوە شتم بەدی نەکردووە.

جیاوازی نێوانیان زۆرە، یەکەم دەڵێ:


(دامەزراندنی ئەم مزگەوتە دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە "٤٠٠" ساڵ پێش ئێستاکە).

دووەم دەڵێ:-

(دامەزراندنی ئەم مزگەوتە دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە "١٦٠" ساڵ پێش ئێستاکە).

---

١ - سەبارەت بە شێخ عبداللەی قوتب، کە دروست کەری ئەم مزگەوتەیە.
٢- بڕوانە لاپەڕە (٧) لەناميلکەی دکتور عبدالله محمد حەداد، (ڕاست کردنەوەی هەندێ هەڵەی مێژوویی لەم شارە).



٢- لەسالی ١٩٦٣ حاجی بکری سەوزە فرۆش هەستا بەکۆکردنەوەی بڕێک پارە لەخێرخوازانی ئەو گوزەرە، بەشێك لەکەم و کورتی مزگەوتەکەی چاك کرد.

مامۆستا مەلا عبدالقادر شێخ محمد سکتانی، دوا مەلای ئەم مزگەوتەیە پێش ئەویش چەندین مەلای لێ بووە، لەوانە

١- مامۆستا مەلا عبدالرحمن هەمزەکۆری/ شەهید کرا.

٢- مامۆستا مەلا عبدالمجید گوێڕی، لەمزگەوتی رشاد موفتییە.

## بەشەکانی:

١. حەرەم: زۆر بەشێوەیەکی چاك حەرەمێکی بۆ دروست کراوە، بەئەندازەی (١٠× ٢٥)م و بەرزی (٥)م سەرەکەی کونکریتەو ناوەکەی چەمەنتۆیە بەشێوەیەکی تێر پێداویستیەکانی لەهەموو ڕوویەکەوە دابین کراوە، میحراب و مینبەرو مەحفەلی خۆی هەیە، دەرگاو پەنجەرەو بەرهەیوانی بۆ کراوە.

٢. ژووری پێش نوێژ: ئەم ژوورە کەوتۆتە لای خۆرهەڵاتی حەرەم، دوو ژوورن بەرامبەر یەك، یەکێ بۆ پێش نوێژو ئەوی تر بۆ بانگدەر، تاڕادەیەك پێداویستی ئەم ژوورانە دابین کراوە.

٣. هۆڵی پرسە: بۆ ئەم مەبەستە هۆڵێکی (١٠×١٠)م دروست کراوە، پێداویستی لەڕووی ڕایەخ و گڵۆپ و شتی لەم جۆرەی بۆ دابین کراوە.

٤. بەشی دەست نوێژگرتن: بۆ ئەم مەبەستە بەشێ تایبەتی هەیە لەئاودەست و بۆڕیو جێگای تایبەت پێك هاتووە.


بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی چاك و پوختەیەو خاوەن ناوبانگی تایبەتییە لەشاری هەولێر.

١٩٩٧/١١/٢٤

## سەرچاوەکان:

١- سەردانی مزگەوت.
٢- چاوپێکەوتن بە مامۆستا مەلا عبدالقادر سکتانی.
٣- کتێبی شێخ چۆلی زبیر بلال اسماعیل
٤- نامیلکەی دکتۆر عبدالله حەداد.

# ٧- مزگەوت و خانەقای شێخ مصطفی ی نەقشبەندی



ئـــەم مزگەوتـــە، کەوتۆتـــە ڕۆژهـــەڵاتی قەڵاو تەنـها هەر (٥٠٠) مەترێك لەقەڵاوە دوورە، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تـردەوە نزیك مزگـەوت و تەکیەی شێخ عبدالکریم دارەخورمایە.

ڕووبەرەکـــەی لـــە (١٠٠٠)م٢ زیـاترەو لەحـــەرەمێکی گـەورە بــە میحـراب و مینبـەرو مەحفـەل و بەرهەیوانەوە، جگە لەمە چەندین ژووری تێدایە، لەگەڵ کەرتی ئاودەست و دەست نوێژو حەوشەیەکی فراوان.

مامۆستای خوالێخۆشبوو (زبیر بلال اسماعیل) لە کتێبی (علماء ومدارس)دا لەم بارەیەوە دەدوێت و نووسیویە:

((لەسەرەتادا مزگەوتێکی بچوك بوو، خوالێخۆشبوو مەلا شێخ عبدالرحیم زیارەتی تدریسی لێ دەکرد.

پاش کۆچی دوایی ئەم زاتە مزگەوتەکە تاڕادەیەك فەرامۆش کراو کەس خەمی لێ نەدەخوارد.

تاکو خوالێخۆشبوو (شێخ ابوبکر شێخ محمد شێخ عبدالله)ی هەرشەمی هات و نیازی بوو لێی جێگیر ببێت.

## قۆناغەکانی:

١- لەسەردەمی هاتنی شێخ ابوبکر ئافرەتێك هەبوو بەناوی (فاطمە خان)، ئەم ئافرەتە پوری (خوشکی باوکی) عبدالرزاق ئاغای کوڕی فتح الله ئاغای عوزێری بوو، هەستا بەچاککردنەوەی مزگەوتەکەو رزگارکردنی لە نەمان، تا وای لێ هات شایانی ئەوەبوو کە جەنابی شێخ ابوبکر ئیرشادی لێ بکات؛ بەڵێ مزگەوت شێوەیەکی نوێی گرتە خۆی‌و تاڕادەیەك رێك کەوتەوە، ئەمەش لەساڵی (١٢٢٩ك-١٨١٤ز)[1]دا بوو.

٢- پاش ماوەیەك جەنابی شێخ ابوبکر بەنیازی فراوان کردنەوەی مزگەوت پارچەیەك زەوی لە خوالێخۆشبوو (سعیدی مەلا جەحور) بەخەڵات وەرگرت و دایە دەم پانتایی مزگەوتەکە تاڕادەیەکی مام ناوەندی فراوان بووە، لەلای باشووریش پارچەیەك زەوی بۆ گۆڕستان تەرخان کرد، لەکاتی جەنگی یەکەمی جیهان، مزگەوتەکە کرایە نەخۆشخانەو برینداری جەنگ بۆ نەشتەرگەری و تیمار کردن دەبرانە ئەوێ. ئەوەندەی پێ نەچوو مزگەوت لەلایەن عوسمانلییەکانەوە چۆڵ کراو بنەماڵەی شێخ هاتنەوە.

٣- لەساڵی (١٣٨٢-١٣٨٣ك-١٩٦٣ز) واتە بەر لە (٣٨) ساڵ بۆ جاری سێیەم خوالێخۆشبوو شێخ مصطفى‌ی کوڕی شێخ ابوبکر، نەقشبەندی هەستا بە چاککردنەوەی مزگەوتەکەو تەواو کردنی هەموو کەم و کورتیەکی تاکو وای لێ هات بوو بەمزگەوتێکی شیاو بۆ ئەو سەردەمە. ئەمەش لەسەر ئەرکی خۆی‌و خوالێخۆشبوو (محمد پیربال ئاغا)ی عوزێری بوو.

ئەم جارەیان دەستکاری کردنەکە گشت بەشەکانی مزگەوتی گرتەوە، هەر لەحەرەمەوە تاکو ژوورەکان و حەوشەو کەرتی دەست نوێژ گرتن و دەرگای حەوشە)).

ئەوەی باسمان کرد، گوڵ بژێرێك بوو لەناوەڕۆکی کتێبەکەی خوالێخۆشبوو ماموستا زبير بلال اسماعيل (علماء ومدارس فی اربيل).

## بەشەکانی:

١- زۆر بەشێوەیەکی جوان حەرەمێکی فراوان و پوختە و تێروپڕی هەیە. میحراب و منبەرو مەحفەل و گومەت و بەرهەیوانی ئایابی هەیە.

---

١- دکتور عبدالله حداد دەڵێ لە ساڵی (١٣٠١)کۆچی دروست کرا. گۆڤاری کاروان، ژمارە (٥) ١٩٨٣، ل٩٩.

زیاد لەبنەوبست گەل و پەل و پێداویستی بۆ دابین کراوە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە و خەڵکێکی زۆر هاتوچۆی دەکەن.

٢- کەرتی خانەقاو پێشوازی لەمێوان، تایبەتە، ئەم کەرتەش لەسەر هەمان شێوە پێداویستیەکانی دابین کراوە، ڕۆژانی هەینی سەدەها کەس نانی نیوەڕۆی لێ دەخۆن.


٣- حەوشەو بەشی سەرئاوو دەست نوێژ، تایبەتمەندێتی خۆی هەیە، دەرگای حەوشەی شێوەیەکی جوانی هەیەو بەبەردی حەلان ڕازوەتەوە.

## سەرچاوەکان

١- سەردانی مزگەوت لەنزیکەوە.

٢- کتێبی/ علماء ومدارس- زبیر بلال اسماعیل لاپەڕە (٧٣-٧٥)، ئەم زاتە لەڕۆژی ١٩٩٨/١٢/١٥ کۆچی دوایی کرد.

# ٨- مزگەوتی (دێرە بڕوشە)[١]



ئــــەم مزگەوتــــە، کەوتۆتــــە گــــەرەکی عارەبان، نزیک تەکیەی شێخ محی‌الدین شێخ صالح بەرزنجی قولەیی.

سەرەتای دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٢٦٢)ی کۆچی واتــه ساڵی (١٨٤٦) زاینی.

سەرجەم پانتایەکەی (٥٠٠) مەتری چوار گۆشەیە.

لەسەرەتادا ئافرەتێك هەبوو بەناوی (ئامینە خان) ئەم ئافرەتە لەبنەماڵە ناودارەکانی هەولێر بوو، هەستا بەدروست کردنی و پاش تەواو بوونی داوای

١- دێرە بڕوشە ناوی گوندێکە دەکەوێتە ناوچەی خەیلانی، نزیك گوندی باباجیجك، مەلا محمد مەلا حسین، لەو گوندەوە هاتۆتە ئەم مزگەوتە.

لەخوالێخۆشبوو (مەلا محمدی مەلا حسنی دێرە بڕوشە) کرد، کە ببێت بە پێش نوێژ. واتە ئەو زاتە یەکەم مەلا بووە لەو مزگەوتە.

## قۆناغەکانی:

١- لەسەرەتادا وەکو زۆربەی مزگەوتی ئەو کاتە بەخشت و قوڕو کاریتە دروست کرابوو.

٢- لەساڵی ١٩٣٣ لەسەر ئەرکی (حاجی محمد دەباغ) لەتەمەڵەوە روخاندیان و سەر لەنوێ بەکەرپوچ و گەچ و شێلمان دروست کرایەوە، لەجاری یەکەم چاکتر.

٣- لەساڵی ١٩٨٥ لەسەر ئەرکی (معتصم حاجی سعید)[1] سەرلەنوێ دروست کرایەوە بەم شێوەی کە لێی دەدوێین.

ناوی هەندێ لەمەلاو زانایانی ئەم مزگەوتە:

١- لەسەرەتادا وەکو ئاماژەمان بۆ کرد مامۆستا مەلا محمدی مەلا حسن لەساڵی (١٢٦٢-١٨٤٦ تاکو ١٩٠١) لەم مزگەوتە پێش نوێژو ووتارخوێن بوو.

٢- پاش کۆچ کردنی ئەو زاتە، ئەوا مەلا عبداللەی کوڕی مەلا محمد کرایە پێش نوێژ لەساڵی ١٩٥٦ وە مامۆستا مەلا سلیمان کراوەتە پێش نوێژو (ووتار خوێن) تاکو ئێستاکەش.

## بەشەکانی:

١- حەرەم: بەئەندازەی (١٠× ١٢)م حەرەمێکی ڕێك و پێکی بۆ دروست کراوە، بەرزی (٦)م دەبێو سەرەکەی کۆنکریتەو ناوەکەی کاشییە، میحراب و مینبەرو مەحفەلی جوانی بۆ دروست کراوەو پێداویستییەکانی لە هەموو جۆرێك دابین کراوە، بەر هەیوانی بۆ کراوە، لەبەردی حەلان لەسەربانی حەرەم دوو منارەی لەشێوەی دینگە بۆ دروست کراوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە بەشێوەیەکی تێرو پڕ ژوورێکی چاك دروست کراوەو پێداویستیەکانی لەهەموو روویەکەوە دابین کراوە.

٣- هۆڵی نوێژکردنی ئافرەت: بۆ ئەم مەبەستە جێگایەکی تایبەتی تەرخان کراوەو زۆر بەباشی پێداویستیەکانی دابین کراوە، ئافرەتان ڕۆژانی هەینی نوێژی لێ دەکەن.

---

١- ئەم زاتە کوری حاجی سەعید بەزاز بووە برازای حاجی یحیی خاوەن مزگەوتی مهاباد لەساڵی ١٩٩٧ز کۆچی کردو کورەکانی جێی باوکییان گرتۆتەوە.

٤- بەشی دەست نوێژ گرتن: ئەم بەشە دەکەوێتە لای چەپی دەرگا لەهاتنە ژوورەوەو لەچەندین ئاودەست و بۆری‌و حەوزی ئاو پێك هاتووە.

٥- حەوشەکەی: حەوشێکی چوارگۆشەی هەیە، خۆی لە (٨×٨)م دەدات و سەرانسەر کاشی ڕێژکراوە.

لەسەر دەرگای حەوشە لەدیو ناوەوە (٦) دێر هەڵبەستی جوان نووسراوە لەهەڵبەستەکانی مامۆستا مەلا سلیمان بەڵام بەزمانی عەرەبین.

سەرچاوەی ناوو کارەبای لەسەرچاوە گشتی‌یەکانەوە وەرگیراوە بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی پوختەیە.

١٩٩٧/١٠/٢٨

## سەرچاوەکان:

١- سەردانی مزگەوت لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن بە مامۆستا مەلا سلیمان مەلا عبداللە پێش نوێژو وتارخوێنی مزگەوت.

# ٩- مزگەوتی پاشا

ئەم مزگەوتە کەوتۆتە ناو گەڕەکی عارەبان نزیك مزگەوتی (دێرەبروشە).

سەرەتای دامەزراندنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٣٠٠-١٨٨٢)[1] لەکاتی خۆی (سەید محمودی[2] سەید محمد سەید احمدی) رەفاعی دروستی کردووە.

سەرجەم ڕووبەرەکەی (٦٠٠)م چوارگۆشەیە.

ئەم مزگەوتە گۆڕانکاری ئەوتۆی بەخۆیەوە نەدیوە، هەر لەسەرەتاوە چۆن دروست کراوە، بگرە هەر وایە، لەگەڵ چەند گۆڕانکاریەکی کەم.

ناوی بەشێك لەو مەلایانەی لەم مزگەوتە بوونە:

١. مامۆستا مەلا صالح دەباغ.

٢. مامۆستا مەلا مولود.

---

١- ئەم بەروارە لەبەڕێز کاك شامل وەرگیراوە، کوڕەزای سەید محمود کارگێر لەبەڕێوەبەرایەتی شارەوانی هەولێر.

٢- ئەم زاتە کەڵەپیاوی سەردەمی خۆی بووە، تەنها یەك کوڕی هەبووە بەناوی (مردان) بەڵام لەبەر خۆشەویستی هەر بە پاشا بانگی کردووە، هەر ئەم هۆکارە بووە کە مزگەوتەکە ناوی پاشای لێ بنرێت.




٣. مامۆستا مەلا غفوری حافظ-نابینا.
٤. مامۆستا مەلا ابوبکر.
٥. مامۆستا مەلا احمدی باداوە.
٦. مامۆستا مەلا شکر.
٧. مامۆستا مەلا عبدالرحمن مەلا محمد.
٨. دوا مەلای ئەم مزگەوتە ناوی مامۆستا مەلا (عثمان کریم محمد)ەو لەساڵی ١٩٨٥وە لەم مزگەوتە پێش نوێژی دەکات. جەنابیان لەدایک بووی ساڵی (١٩٥٠)زایینی یە.

## بەشەکانی:

حەرەم: شێوەی حەرەمەکەی لەشێوەی حەرەمی مزگەوتی شێخ چۆلو حاجی داودو حاجی مەولود دەچێ، سەرەکەی لە(٦) گومەت پێک هاتووەو دیواری زۆر ئەستورەو کۆلەگەی ئەستوری بۆ دانراوە. پانتایەکەی (٨×١٢)م و سەرەکەی لەناو حەرەم (٤) دینگەی گەورە هەیە. تەنها میحرابێکی گەورەی ناو دیواری هەیە. بەبێ مینبەرو مەحفەلە. بەشێوەیەکی مام ناوەندی پێداویستیەکانی دابین کراوە.

ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە ژوورێکی بچوک بۆ دانیشتنی مامۆستا دروست کراوە. هەندێ پێداویستی هاکەزای لێ دانراوە.


بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە کەوتۆتە لای دەستە ڕاستی دەرگای حەوشە لەچوونە ژوورەوە. لەچەند ئاودەستێک و چەند بۆری یەک و حەوزێکی ئاوی گەورە پێک هاتووە. لەناو حەوشەکە دارتوویەکی گەورەی لێیەو تەمەنی بگرە لە(٥٠) ساڵ زیاترە. لایەکی حەوشەکە چەمەنتۆ کراوە بۆ نوێژکردنی هاوینە. سەرچاوەی ئاوو کارەبای لەسەرچاوەی گشتی یەکانەوە وەرگیراوە.

١٩٩٧/١٠/٣٠

## سەرچاوەکان:

١- سەردانی مزگەوت و چاوپێکەوتنی لەنزیکەوە.
٢- چاوپێکەوتن بەبەڕێز:
أ- کاک شامل مردان/ کوڕەزای سەید محمود.
ب- مامۆستا مەلا عثمان/ پێش نوێژی مزگەوت.

# ١٠- مزگەوتی شێخ چۆلی




ئەم مزگەوتە کەوتۆتە کۆتایی گەرەکی تەعجیل، نزیک منارەی موزەفەریە (المظفرية).

سەرەتای دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٣٠١- ١٨٨١ز).

سەرجەم پانتایەکەی (١٠٠٠)م چوارگۆشەیە.

لەسەر بڕیاری (شێخ چۆلی)[١] دەست بە دروست کردنی ئەم مزگەوتە کرا شان بەشان ئەم زاتەش چەندین کەسایەتی تری ناودار[٢] ڕۆڵیان لەدروست کردنی‌دا دیت.

ئەم زاتە لەساڵی (١٣٠٨ک-١٨٩٠ز)ی کۆچی کردوە هەر لەناو مزگەوت لەژوورێکی تایبەت بەخاک سپێردرا.

پاش کۆچی شێخ ئەم زاتانە هاتنە کایەوە.

١- شێخ مصطفیی کوڕی شێخ چۆلی.

٢- مامۆستا مەلا اسماعیل مەلا قۆچە.

٣- مامۆستا مەلا حمدامین مەلا محمدی کونەفلوسە.

٤- مامۆستا مەلا عبدالله کوڕی مەلا حمدامین.

٥- مامۆستا مەلا علی کوری مەلا عبدالله.

جەنابی مامۆستا مەلا علی لەساڵی (١٩٨٠)وە لەم مزگەوتە پێش نوێژو ووتار خوێنە.

## قۆناغەکانی:

---

١- شێخ چۆلی ناوی تەواوی (شێخ محمد-ثناءالدين کوڕی شێخ مصطفی کوڕی حاجی عمری ئەربیللی‌یە، ئەم زاتە یەکێ بوو لە پیاوە ناودارانی ئەم شارەوە خاوەن ڕۆڵێکی گرنگ بوو لە ڕێنمایی کردنی هەزاران لە دانیشتوان لە ڕووی ئیرشادو وەعز.(١٨١٧-١٨٩١)ز.

٢- لەوانە أ) مەلا عزیز حاجی عبدالرحمن. ب) عبدالله اسماعیل.

لەم سالانەی ئەم دوایەدا دەستکاری‌یەکی ئەم مزگەوتە کرا لەسەر ئەرکی خوالێخۆشبوو (حاجی جمال مەلا طه)[1] بەوە مزگەوتەکە تاڕادەیەك زیندو کراوەتەوە.

## بەشەکانی:

١- حەرەم: ئەم مزگەوتە دوو حەرەمی هەیە، وا دەرکەوت کە بەرهەیوانی حەرەمی یەکەم کراوەتە حەرەم و نوێژی لێ دەکرێ حەرەم لەسەر شێوەی کۆنی خۆی ماوە، دیواری ئەستوور، دینگەی گەورە، سەربانی گومەت، تاڕادەیەك بەچاکی پێداویستیەکانی بۆ دابین کراوە، میحراب و مینبەرو مەحفەلی هەیە، خاوەن گومەتێکە بەرزی (١٢)م دەبێ ناوقەدیشی هەروەها.

٢- ژووری گۆڕستانی شێخ: کاتی خۆی جەنابی شێخ ژوورێکی هەبووە بۆ پێشوازی کردن لە مێوان و حەسانەوە، پاش کۆچ کردنی هەر لەناو هەمان ژوور تەسلیم بەخاك کراوە لەم ژوورە چەند گۆڕێك هەن لەوانە:

أ- (٢) گۆڕی خێزانەکانی جەنابی شێخ.

ب- گۆڕی رشید ئاغا.

ج- گۆڕی شێخ مصطفى کوڕی جەنابی شێخ

شان بەشان ئەم ژوورە، ژوورێکی تر هەیە چەند گۆڕێکی تێدایە لەوانە گۆڕێکی (الیاس ئەفەندی)یە.

٣- چەند ژوورێك هەن لەم مزگەتە، لەوانە ژووری پێش نوێژو ژووری کۆنی شێخ و ژووری موتەوەلی ئەم ژوورانەش تاڕادەیەك پێداویستی‌یەکانیان دابین کراوە.

٤- هۆڵی پرسە: بۆ ئەم مەبەستە هۆڵێکی ڕێك و پێك دروست کراوەو پێداویستی هەموو دابین کراوە.

٥- چەند ژوورێکی تر هەن لەوانە:

أ- ژووری مەلا عبدالأمیر موئەزن.

ب- ژووری مەلا عرفان محمد دەباغ.

ج- ژووری حەرەسەکان.

د- ژووری کەل و پەلی زیادەی مزگەوت.

هـ- ژووری موتەوەلی کاك(حمه شريف احمد رسول).

---

١-حاجی جمال لە ١٩٩٦/١٠/١٢ کۆچی دوایی کردو لەناو گۆڕستانی مزگەوتەکە بەخاك سپێردرا.

حەوشێکی پوختەو ڕێك و پێکی هەیە، لایەکی کراوەتە جێ نوێژ بۆ هاوینە، چەندین بنەداری زەیتونی تێدایە خودی شێخ بەدەستی خۆی چاندویەتی.

٦- بەشەکانی تر: بەشی دەست نوێژگرتن، (١٤) ئاودەست و (٢٤) بۆری بۆ دەست نوێژو جێگایەکی تایبەت و سەکۆی دانیشتن هەیە.

لەم مزگەوتە بیری تایبەتی هەیە بۆ ئاو، لەسەردەمی شێخ هەڵکەندراوە دەرگایەکی گەورەی هەیەو لەسەر دەرگاکە بەخەتێکی عەرەبی جوان نووسراوە (جامع الشیخ محمد عثمان- المعروف بـ شێخ چۆلی)، بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی پاك و خاوێن و خاوەن جەماوەرەو ناوبانگی دیارە.

سەرچاوەی ئاوو کارەبای لەمیرییەوەیە، هەرچەندە خاوەن بیری ئاوی خۆیەتی.


١٩٩٧/١١/٩

## سەرچاوەکان:

١. سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.
٢. چاوپێکەوتن بە:
أ- مامۆستا مەلا علی مەلا عبدالله.
ب- مامۆستا مەلا عرفان محمد.
جـ- بەڕێز حمەشریف احمد رسول سەرپەرشتیکار.
٣- کتێبی شێخ چۆلی- مامۆستا زبیر بلال اسماعیل.

# ١١- مزگەوتی حاجی عبدالقادر محمد دەباغ

ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە دامێن قەڵا، لەڕیزی مزگەوتی دارتاشەکان، بەرامبەر دەرگای لای قیبلەی قەڵا سەرەتای دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٨٩٠) زایینی لەو ساڵە دەست بەدروست کردنی کرا لەسەر ئەرکی خوالێخۆشبوو حاجی



عبدالقادر محمد دباغ.

سەرجەم پانتایەکەی (٤٧٠)م چوار گۆشەیە

## قۆناغەکانی:

١- لەسەرەتادا، وەکو هەموو بیناسازی ئەو سەردەمە بە قوڕو خشت و کاریتە دروست کرابوو[١].

٢- لەساڵی ١٩٨٠ بەیارمەتی ئەوقافی شاری هەولێر دەستکاری تەواو کرا. بەسەرپەرشتی حاجی (محمد شهاب).

لەوانەیە لەو ماوەی پێشوو چەندین جار دەست کاری کرابێت.

بەشەکانی ئەم مزگەوتە:

ئەم مزگەوتە لە سێ بەش پێك هاتووە:

أ- بەشێکی کراوەتە مزگەوت.

ب- بەشێکی کراوەتە قوتابخانەی ئاینی.

ج- بەشێکی کراوەتە چەندین کۆگاو دوکان.

ناوی بەشێك لەو زاتانەی لەم مزگەوتە بوونە:

١- مامۆستا مەلا محمدامین[٢] محمد داود کونەفلوسە (١٩٠٤-١٩٤٠).

٢- مامۆستا مەلا عبداللەی مەلامحمدامین (١٩٤١-١٩٦١).

٣- مامۆستا فایز مەلا عبدالله (١٩٦١- ١٩٩٠).

٤- مامۆستا مەلا عماد مەلا فایز (١٩٩٠ - ١٩٩١).

٥- مامۆستا مەلا خالد مەلا فایز (١٩٩١ - تاکو ئێستاکە).

لەساڵی (١٩٩٥)وە لەم مزگەوتە قوتابخانەی ئاینی دروست کراوەو چەندین قوتابی تێدا دەخوێنن.

## بەشەکانی:

---

١- مامۆستا زبیر بلال اسماعیل دەڵێ لەساڵی (١٣٢٠ك-١٩٠١ز) کۆچی بۆ یەکەم جار دەستکاری کرا. (علماء ومدارس ص ٩٦)، لەم مزگەوتە پەیمانگایەکی قوتابیانی ئاینی هەیە، هەول و تەقەلای بۆ پێگەیاندنی پیاوانی ئاینی داهاتوو، بەسەرپەرشتی ئەوقاف.

٢- مەلا محمدامین و مەلا عبداللەی کوڕی بەنۆبە لەم مزگەوتەو مزگەوتی شێخ چۆلی دەبوون، بەردەوام یەکێکیان لێرە بووایە، ئەوی تریان دەچووە شێخ چۆلی.

١. حەرەم: بەئەندازەی (١٠×٢٠)م حەرەمێکی پوختەی بۆ دروست کراوە. بەرزی (٧)م دەبێ زۆر بەتێرو پڕی میحراب و مینبەرو محفەلی بۆ دروست کراوە. پێداویستیەکانی دابین کراوە:

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە ژوورێکی گەورە دروست کراوە. هەر لەم ژوورە مامۆستاکانی قوتابخانەکە کۆدەبنەوەو لێدادەنیشن.

٣- بەشی دست نوێژگرتن: ئەم بەشە لە(٩) بۆڕیو (٦) ناودەست و حەوزێکی گەورەی ئاو پێك هاتووە.

٤- بەمەودای (١٠×١٠)م حەوشەیەکی پاك و پوختەی هەیە لەناوەڕاست حەوشەکە بەتالأیەکی گەورە هەیەو هەر چوار لای کراوەتە ئاسنبەند. بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی پوختەیە، سەرچاوەی ئاوو کارەبای لەسەرچاوەی میرییەوە وەرگیراوە.

١٩٩٧/١١/١٠

## سەرچاوەکان:


١. سەردانی مزگەوت لەنزیکەوە چاوپێکەوتن بەبەشەکانی.

٢. چاوپێکەوتن بەبەڕێزان:

أ- مامۆستا مەلا علی شێخ چۆلی.


ب- مامۆستا مەلا خالد مەلا فایز.

٣- کتێبی (علماء ومدارس في اربيل) مامۆستا زبير بلال اسماعيل.

كۆمەڵەی
دووەم
2

# ئەو مزگەوتانەی کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم دروست کراون

## ١٢- مزگەوتی گەورەی باداوە[١]



ئەم مزگەوتە بەکۆنترین مزگەوت دادەنرێت لەناو جەرگەی گەڕەکی باداوە

سەرەتای دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم، کاتێ کە ئەم گەڕەکە گوندێک بوو لەگوندەکانی دەوروبەری شار

دەتوانین بڵێین سالأنی (١٩٠٥) دروست کراوە

رووبەرەکەی (٦٥٠)م٢

**قۆناغەکانی:**

١- لەسەرەتادا، بەخشت و قوڕو کارێتە دروست کرابوو

٢- لەسالَی ١٩٥٠زدا دەست کاریەک کراوە ئەو دەستکاریەش بریتی بووە لەگۆڕینی سەربانەکەی لەکاریتەوە بۆ چاتی‌و ناوەکەی لەقوڕەوە بۆ چەمەنتۆ ڕێژ


٣- لەم سالأنەی دوایدا، کاتێ باوکی بەڕێز (کامل حەداد) کۆچی کرد پرسەکەی لەم مزگەوتە بووە ئەم بەڕێزە کاتێ مزگەوتەکەی بەو شێوەیە دی، بڕیاری دا دەستکاریەکی باشی بکات، بەڵێ دەستکاری مزگەوتەکە کراو تاڕادەیەک گۆڕانکاری بەخۆیەوە دی

لەداهاتوو بەدرێژی لێی دەدوێین

---

١- کاتی خۆی باداوە، گوندێک بوو لەگوندەکانی دەوروبەری شار، کەوتۆتە خۆر هەلأتی شار، بۆیە بەباداوە ناوی بردووە، هەندێ کەس ئەڵێن مزگەوتی مەلا فەندی، سەبارەت بەخوالێخۆشبوو (مەلا فەندی)

# ١٢- مزگەوتی گەورەی باداوە[١]



ئـــەم مزگەوتـــە بـــەکۆنترین مزگـــەوت دادەنرێت لەناو جەرگەی گەڕەکی باداوە.

ســـەرەتای دروســـت کردنـی دەگەڕێتـەوە بـۆ ســـەرەتای ســـەدەی بیستەم، کاتێ کـە ئـەم گەڕەکـە گوندێـك بـوو لەگوندەکانی دەوروبەری شار.

دەتوانین بڵێن ساڵانی (١٩٠٥) دروست کراوە.

رووبەرەکەی (٦٥٠)م٢.

## قۆناغەکانی:

١- لەسەرەتادا، بەخشت و قوڕو کاریتە دروست کرابوو.

٢- لەساڵی ١٩٥٠زدا دەست کاری یەك کراوە ئەو دەستکاریەش بریتـی بـووە لەگۆڕینی سەربانەکەی لەکاریتەوە بۆ چاتی و ناوەکەی لەقوڕەوە بۆ چەمەنتۆ ڕێژ.

٣- لەم ساڵانەی دوایدا، کاتێ باوکی بەڕێز (کامل حەداد) کۆچی کرد پرسەکەی لـەم مزگەوتـە بـووە. ئـەم بـەڕێزە کـاتێ مزگەوتەکـەی بـەو شـێوەیە دی، بڕیـاری دا دەستکاریەکی باشی بکات، بەڵێ دەستکاری مزگەوتەکە کراو تاڕادەیەك گۆڕانکاری بەخۆیەوە دی.

لەداهاتوو بەدرێژی لێی دەدوێین.

---

١- کاتی خۆی باداوە، گوندێك بوو لەگوندەکانی دەوروبەری شار، کەوتۆتە خۆر هـەڵاتی شار، بۆیە بەباداوە ناوی بردووە، هەندێ کەس ئـەڵێن مزگـەوتی مـەلا فـەندی، سـەبارەت بەخوالێخۆشبوو (مەلا فەندی).

جەنابی خوا لێ خۆشبوو (مەلا ئەفەندی)[1] ماوەیەکی زۆری لەژیانی، لەم مزگەوتە بەسەر برد، لەخزمەتی زانست و وانە وتنەوەو ڕێگە نیشاندانی خەڵك، هەر بەم هۆیەوە تاکو ئێستاش بەمزگەوتی مەلا ئەفەندی ناسراوە.

ئەم مزگەوتە ڕۆڵێکی گرنگی مێژوویی زانستی هەبووە، چەندین کەسایەتی زانست لەم مزگەوتە پێگەیشتوون و بوونەتە خاوەن پلەی زانست لەکوردستان ئێستاش ئەم زاتانەی لێیە.

١- مامۆستا مەلا (ڕێبوار حاجی حمدامین)ی شەقڵاوە ووتارخوێن

٢- مامۆستا مەلا (عبدالله حاجی اسماعیل)ی سەرگەڕان پێش نوێژ.

جگە لەم دوو زاتە، کاتی خۆی مامۆستا مەلا عبدالقادر عبداللەی لێبوو، لە پاش ئەویش مامۆستا (مەلا عبدالله عبدالقادر عبدالله) چووە شوێنێکەی.

## بەشەکانی:

١- حەرەم: بەئەندازەی (٦×٢٠)م حەرەمێکی لاکێشەیی بۆ دروست کراوەو بەرزی (٣)م دەبێ‌و تەنها میحرابی هەیە، مینبەرو مەحفەلی بۆ نەکراوە، زۆر بەشێوەیەکی ساکار پێداویستیەکانی دابین کراوە، کەم و کوڕی زۆرە بەتایبەتی لەڕووی ڕایەخ و کەرەستەی ڕوناکی‌و ساردی‌و گەرمی‌یەوە.

٢- هۆڵی پرسە: بەئەندازەی (٨×١٠)م و بەئازایی خێرخواز (کامل ئاسنگەر) ئەم هۆڵە دروست کراوە سەرەکەی کۆنکریتەو ناوەکەی پڕ فەرش کراوە تاڕادەیەکی چاك پێداویستیەکانی دابین کراوە.

٣- لەحەوشەی چەند بەشێك هەن لەوانە:

ا- ژوورێکی مام ناوەندی بۆ پێش نوێژ.

ب- بەشی دەست بەئاوگەیاندن.

ج- بەشی دەست نوێژ گرتن.

د- چەند بنەدارێکی گەورەی جۆراوجۆر.

سەرچاوەی ئاوو کارەبای لەسەرچاوە گشتی‌یەکانەوە وەرگیراوە بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێ پەرپووت و بێ خزمەتە. پێویستە ئاوڕی لێ بدرێتەوە.

١٩٩٧/٧/١٦

---


١- ناوی تەواوی ئەم زاتە (حاجی مەلا عمری کوڕی مەلا ابوبکر) کە بە (مەلا گچکە)- یان (کوچك مولاّ) ناسراوە.

**سەرچاوەکان:**

١- سەردانی مزگەوت و چاوپێکەوتنی بەبەشەکانی.

٢- چاوپێکەوتن بەچەند ئەختیارێك لەناو مزگەوت.

## ١٣- مزگەوتی مەلا نەبی[١]



ئەم مزگەوتە کەوتۆتە گەڕەکی تەعجیل نزیك پردی سەرەکی ئەم گەڕەکە.

سەرەتای دامەزراندنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٠٦، کاتی خۆی کورەچییەکانی ئەم گەڕەکە قسەیان کردە یەك و بڕێك پارەیان کۆکردەوە بەمەبەستی دروست کردنی مزگەوتێك بۆ خۆیان.

ڕووبەرەکەی (٥٠٠)م٢.

پاش تەواو بوونی هاتنە لای مەلا نەبی، ئەم زاتە ئەو سەردەمە لەگوندی (قیرێژە) مەلا بوو، بەڵام ڕەزامەندی خۆی دەربڕی‌و هاتە شارو بوو بەمەلایان هەر ئەو هۆیە بوو، کە مزگەوتەکە ناوی مزگەوتی مەلا نەبی گرتە خۆی.

**قۆناغەکانی:**

١- لەسەرەتادا وەکو زۆربەی بیناسازی ئەو سەردەمە بەخشت و قوڕو کاریتە دروست کرابوو.

٢- پاش کۆچ کردنی مەلا نەبی، مزگەوتەکە ماوەیەك فەرامۆش کرا تاکو وای لێهات لەکەلاوە دەچوو.

٣- لەساڵی ١٩٥٠ کۆمەڵێك لەکورەچییەکان یەکیان گرت و کۆبوونەوە بۆ

---

١- مەلا نەبی لەبەر ئەوەی یەکەم مەلا بوو لەم مزگەوتە ئەم ناوەی گرتە خۆ.

چاککردنەوەی ئەو مزگەوتە کەوتنە پرس و گفتوگۆ لەپاشان چوونە لای مەلا (ڕۆوف)[1] بەسەرۆکایەتی (حاجی خورشید کورەچی) لەگوندی (دووشیوان) بۆ مۆڵەت وەرگرتن بەنیازی چاککردنەوەی ئەو مزگەوتە. پاش وەدەست هێنانی ڕەزامەندی مەلا ڕۆوف دەست بەچاککردنەوەی مزگەوت کراو تەواو بوو بەڵام ماوەی ئەوەیان نەدا کە مەلا ڕۆوف بێتە شوێن باپیرەی مەلا نەبی[2] بەمە کێشەیەک کەوتە نێوان ئەوقاف و بنەماڵەی مەلا نەبی. بەڵام کێشەکە بەلای ئەوقافدا لار بووەوە بنەماڵەی مەلا نەبی هیچیان بەهیچ نەکرد.

ناوی بەشێک لەو مەلایانەی لەو مزگەوتەدا بوونە.

١) مامۆستای ناودار مەلا عبدالله فەرهادی.

٢) مامۆستا مەلا عبدالکریم مجید عبدالله.

٣) مامۆستای مەلا عبدالله عبدالعزیز هەرتەلی.

مامۆستا مەلا عبدالله هەرتەلی، لەساڵی ١٩٨٥ز وە لەم مزگەوتەیەو لەدایک بووی ساڵی ١٩٥٥ز.

## بەشەکانی:

١- حەرەم: بەئەندازەی (٦×١٨)م حەرەمێکی لاکێشەیی بۆ دروست کراوەو سەرەکەی چاتییەو ناوەکەی کاشی، تاڕادەیەک پێداویستیەکانی لەهەموو بوارێک دابین کراوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە ژوورێک بەئەندازەی (٣×٥)م دروست کراوەو پێداویستی ئەم ژوورە دابین کراوە.

٣- شوێنی دەست نوێژ: ئەم بەشە لە (٤) ئاودەست و (٧) بۆری ئاوو جێگای تایبەت بۆ ئەم مەبەستە پێک هاتبوو.

بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی مام ناوەندی خنجیلانەیەو پاک و خاوێن و پوختەیە. ئاوو کارەبای لەسەرچاوە گشتییەکانەوە وەرگیراوە.

١٩٩٧/١٠/٢٨

---

١- مەلا ڕۆوف کوڕی مەلا یحیی‌و کوڕی مەلا عمری کوڕی مەلا نەبییە.

٢- ئەم زانیاریە بەڕێز کاک (صدرالدین مەلا ڕۆوف) شوفێر لە کۆمپانیای سەفین لەهەولێر ڕایگەیاند.

**سەرچاوەکان:**

١- سەردانی مزگەوت.


٢- چاوپێکەوتن بەبەڕێزان:

أ- مامۆستا مەلا عبداللەی هەرتەلی.

ب- بەڕێز کاك صدرالدین مەلا رؤوف.

ج- چەند ئەختیارێکی گەڕەکی تەعجیل.

# ١٤- مزگەوتی موفتی[1]



ئەم مزگەوتە کەوتۆتە گەڕەکی تەعجیل، نزیك تەکییەی سەید جلال سەید نجم الدین بەرزنجی.

رووبەرەکەی (٣٠٠)م٢.

## قۆناغی دروست کردنی:

١- سەرەتای دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ سالآنی دەیەکان، لەکاتی خۆی خەڵکی ئەم گەڕەکە هەستان بەکۆمەك کردن و پارەیان کۆکردەوەو ئەم مزگەوتەیان پێ دروست کرد، پاش تەواو بوونی داوایان لەخوالێخۆشبوو مەلا (اسحاق) کرد کە ببێت بەمەلایان.

٢- لە سالآنی چلەکاندا شار دووچاری گرانییەك بووە خەڵکی شار بەتایبەت دەوڵەمەندەکان هەستان بەدامەزراندنی چەندین نانەواخانە بۆ خەڵك و پاش ماوەیەك، ئەم نانەواخانانە بڕێك پارەیان زیاد بوو، چوونە لای خوالێخۆشبوو شێخ محی‌الدین شێخ صالح بەرزنجی قولەیی گوایە چی لەو پارەیە بکەن، پاش گفتوگۆ گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە مزگەوتی موفتی پەرپوتەو چونکە لەناو گەرەکی (جولەکەکانە) پێویستە

---

[1]- بۆیە ناونرا (موفتی) لەبەر ئەوەی مەلا عبدالرحمن موفتی ماوەیەك لەم مزگەوتە بوو.

ئەوەی پێ چاك بكرێتەوە[1] دەستیان بەچاكردن و نوژەن كردنەوەی كرد.
ناوی هەندێك لەو مەلایانەی كە لەو مزگەوتە بوونە:
١- پاش كۆچی دوایی مەلا اسحاق، مامۆستا (مەلا عبدالرحمن)[2] موفتی خرایە شوێنەكەی.
٢- دوای مامۆستا مەلا عبدالرحمن موفتی، مامۆستا مەلا عبداللە[3] ئەفەندی موفتی كرایە پێش نوێژ لەو مزگەوتە تاكو ساڵی ١٩٤٨.
٣- پاش كۆچی دوایی مامۆستا عبداللە ئەفەندی موفتی ماوەیەك مزگەوتەكە بەبێ مەلا مایەوە، تاكو پاش چاككردنەوەی لەساڵی ١٩٥٢ز.
٤- لەساڵی (١٩٥٢ز)وە تاكو ساڵی ١٩٧٢ واتە بۆ ماوەی (٢٠) دانە ساڵ مامۆستا علی كونەفلوسەی لێ دانرا دانانی مەلا علی لەسەر خواستی شێخ محی‌الدین شێخ صالح بەرزنجی بوو.
لەلایەن كاك (رقیب عبدالسلام)ەوە هەوڵ و تەقەلایەكی زۆر درا بۆ گەڕانەوەی مزگەوت بۆ ژێر دەستی نەوەكانی مەلا اسحاق، بەڵام بەبێ سوود بوو.
٥- مامۆستا مەلا مصطفی وەرتێ.
٦- مامۆستا مەلا عبدالمجید ابراهیم ئازیانەیی، دوا مەلایە لەم مزگەوتە.

## بەشەكانی:

١- حەرەم: بەئەندازەی (٥×١٥)م حەرەمێكی لاكێشەیی بۆ دروست كراوە، بەكەرپوچ و گەچ و شێلمان بەشێوەیەكی مامناوەندی پێداویستیەكانی لەڕایەخ و گلۆپ و كەرەستەی پێویستی دابین كراوە بەرهەیوانێكی سەرانسەری هەیە.
٢- ژووری پێش نوێژ:- بۆ ئەم مەبەستە لەبان ژووری گۆڕستانی مزگەوت، ژوورێك دروست كراوە، بەچەند پلەیەك پەیژە بۆ سەردەكەون.
٣- ژووری گۆڕستان: بۆ ئەم مەبەستە ژوورێك هەیە (٤) دانە گۆڕی تێدایە لەوانە

---

١- مامۆستا (مەلا علی) شێخ چۆلی ئەم زانیاریەی دەربڕی.
٢- ئەم زاتە لەكاتی خۆی موفتی شاری هەولێر بووە، بۆیە لەقەبی موفتی گرتۆتە خۆی.
٣- ئەم زاتە كەڵە پیاوی سەردەمی خۆی بوو، پایەو پلەیەكی بەرزی هەبووە ماوەیەكی زۆر لەمزگەوتی موفتی وانەی دینی وتۆتەوە، لەسەردەمی ئەو زاتە دەیەها فەقێی پێ گەیاندووە، ماوەیەكی زۆر لەشاری كركوك (قازی) بوو، لەساڵی ١٩٤٨ كۆچی كردو گۆڕی لەناو مزگەوتەكەیە.

(گۆڕی مەلا اسحاق و مەلا عبدالرحمن موفتی) ئەم هۆدەیە دەرگاکەی کەوتۆتە چاڵەوە بەیەك دوو پلە شۆڕ ئەبێتەوە بۆ ناو ژوورەکە. لەناو حەوشەکە (٢) ژووری تر هەن، شێوەیان لەوە دەچێ لەساڵانی پەنجاکان دروست کرابێ.

بەشی دەست نوێژ: ئەم بەشە لە (٤) ئاودەست و (١) خۆشۆر (٧) بۆڕی دەست نوێژگرتن پێك هاتووە.

ئاوو کارەبای لەسەرچاوە گشتیەکانەوە وەرگیراوە بەشێوەیێکی گشتی مزگەوتێکی مام ناوەندییە.

١٩٩٧/١١/٣

## سەرچاوەکان:

١- سەردانی مزگەوت بەشەکانی.

٢- چاوپێکەوتن بە:


ا- بەڕێز مامۆستا مەلا علی مەلا عبدالله کونەفلوسە.

ب- بەڕێز مامۆستا مەلا عبدالمجید ابراهیم ئازیانەیی.

ج- بەڕێز مامۆستا رقیب عبدالسلام، لەبنەماڵەی مەلا اسحاق.

# ١٥- مزگەوتی مەلا عابید

ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە گەڕەکی تەعجیل، نزیك باخچەی گلکەند.



سەرەتای دروست کردنی دەگەڕێتەووە بۆ ساڵی (١٩١٢)[1] پێش جەنگی یەکەمی جیهان.

سەرجەم پانتایی مزگەوتەکە جگە لەو کەلاوەیەی بەدەمیەوەیەتی (٦٠٠)م

---

١- ئەم بەروارە لەلایەن مامۆستا مەلا (طاهر محمد عبدالله)وە دەربڕا، ئەم زاتە کوڕەزای مەلا عابیدە، لەبەرئەوەی یەکەم مەلای ئەم مزگەوتە ناوی مەلا عبدالله بوو، بۆیە بەمزگەوتی مەلا عابید ناوی دەرکرد.

خەڵکی ئەم گەڕەکە بە ڕێنمایکردنی بنەماڵەی مەلا فەندی کۆبوونەوەو کۆمەکیان کۆکردەوەو بەسەرپەرشتی خوالێخۆشبوو (مـەلا عبداللـە محی‌الدیـن) هەستان بەدروست کردنی ئەم مزگەوتە. زەویەکەی لەلایەن ئەم بنەماڵەیەوە بۆ مزگەوت خەڵات کرا.

یەکەم مەلا لەو مزگەوتە، مەلا عبدالله بوو، کە بە مەلا عابید ناوبانگی دەرکردبوو.

لەبەر ئەم هۆیە بوو پێی دەڵێن مزگەوتی مەلا عابید.

پاش کۆچکردنی مەلا عبدالله، محمدی کوڕی بوو بەمەلای مزگەوت، مەلا محمدی کوڕی مەلا عابید، ماوەیەك دوورکەوتەوە لەووڵات بۆ پەرەپێدان بەزانست، لەو ماوەیە ئەو مزگەوتە کەوتە ژێر سایەی بەڕێوەبەرایەتی ئەوقاف پاش گەڕانەوە لەدەرەوەی ووڵات هـەوڵ و تەقەلایـەکی زۆری‌دا بـۆ گەڕانـەوەی مزگـەوت، بـەڵام بـێ سـوود بـوو ماموستا مەلا محمد تاکو ساڵی ١٩٧٨ لەم مزگەوتە بووە، واتە تاکو دوا رۆژی ژیانی بەپێش نوێژی لێکرد.

## قۆناغەکانی:-

١- سەرەتای دروست کردنی بەخشت و قوڕو کاریتە بووە.

٢- لەساڵی (١٩٥٧) لەسەر ئەرکی (مێرەم خان)[1] دەستێك بە مزگەوتەکەدا هێنرا، بەشێك لەکەم و کورتی تەواو کرا.

٣- لەساڵی ١٩٧١ بۆ جارێکی‌تر بەڕێوەبەرایەتی ئەوقاف دەسـتێکی پێداهێناوە تاڕادەیەك کـەم و کورتـی تـەواوکرا، لەوانـە (ئاودەستەکان و، دیـواری چـوار دەورەی‌و گوڵی ئاوی و دەرگای سەرەکی مزگەوت)، چاککردنەوەی کارەباو ئاوو بۆیاخ کردن.

ناوی هەندێ لەو ماموستایانەی لـەپاش مـەلا محمـدی مـەلا عبداللـە هاتنـە ئـەو مزگەوتە بۆ مەلایەتی:

١- ماموستا مەلا یاسین مەلا لطیف نوغەرانی.

٢- ماموستا مـەلا عبدالمجید سعید ئاغـا، ئـەم زاتـە لەسـاڵی (١٩٨٦)ەوە لـەو مزگەوتە مەلایەو لەدایك بووی ساڵی (١٩٣١)ە.

---

١- ئەو مێرەم خانە، خێزانی علی موختار بوو، عەلی مختـاری گـەڕەکی تـەعجیل بـووە خـودی خۆی سەرپەرشتی چاککردنەوەی مزگەوتەکەی کرد.

**بەشەکانی:**

١- حەرەم: حەرەمەکەی خۆی لە (١٠٠)م زیاتر دەدات و سەرەکەی کۆنکریتەو ناوەکەی چەمەنتۆیە، تەنها میحرابی هەیە، مینبەرو مەحفەلی بۆ نەکراوە چەندین پەنجەرەی لێ دامەزراوە لەگەڵ دەرگاو بەرهەیوان و پێداویستی مام ناوەندی هەیە.

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە لەلای خۆرهەلاتی بەرهەیوانی حەرەم ژوورێك دروست کراوە، تارادەیەك پێداویستی بۆ دابین کراوە.

٣- بەشی دەست نوێژ: جگە لە (٥) ئاودەست و گەرماوێك، حەوزێکی گەورەی بازنەیی لەچەمەنتۆ دروست کراوی هەیە لەناوەڕاست حەوشەو (١٢) بۆڕی لێ بەستراوە، لەگەڵ چەندین سەکۆی دانیشتن.

سەرچاوەی ئاوو کارەبای لەسەرچاوەکانی گشتی یەوەیە، بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی مام ناوەندی یەو چاکە.

١٩٩٧/١١/٣

**سەرچاوەکان:**

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی.

٢- چاوپێکەوتن بە:

ا- مامۆستا مەلا عبدالمجید/ پێش نوێژی مزگەوت.

ب/ مامۆستا طاهر عبداللە- کوڕەزای مەلا عابیدە.

## ١٦- مزگەوتی شێخانی-مەلا ابراهیم دۆغرەمەچی

ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە سەر قەڵای ئەم شارە، لەنزیك دەرگای قەلآیە لەلای قیبلە.

سەرەتای دامەزراندنی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی عوسمانلی و ساڵی (١٩١٢).


سەرجەم پانتایەکەی خۆی لە(٤٥٠)م چوارگۆشە دەدات.

ئەم مزگەوتە لەسەر ئەرکی ماڵە شێخانیەکان دروست کرا، پاش تەواوبوونی داوا لەمامۆستا مەلا (ابراهیم طه دۆغرەمەچی) کرا، ببێت بە پێش نوێژ.

ئەم زاتە لە ساڵی (١٩٣٨)[1] کۆچی دوایی کرد، ماوەیەك ئەو مزگەوتە چەندین

---

١- بڕوانە لاپەرە: ٤٠ کتێبی (شێخ چۆلی) ١٩٨٩ مامۆستا زبیر بلال اسماعیل، چەند بنەماڵەکی شێخانی لەقەلآ هەبوون، ئەوان دروستیان کردبوو، بۆیە بەمزگەوتی شێخان ناوی دەرکرد. تێبینی: ٤/٢٤، لە کاتی وێنەگرتن دەرکەوت، نۆژەن کراوەتەوە. ٢٠٠٦



مەلای بەخۆوە دی تاکو لەساڵی ١٩٦٨ز لەو کاتەشەوە مامۆستا مەلا (مصطفى محمد فەقی مصطفى)ی لێ بوو، تاکو لەساڵی (١٩٩٤) نەقل کرا.

ئەم زاتە لەو مزگەوتە مایەوە تاکو ساڵی ١٩٩٤ لەپاشان بۆ مزگەوتی (گوڵستان) لەلایەن ئەوقافەوە گوێزرایەوە ئێستاش بەبێ مەلایە.

کوڕەکانی شێخ محمدی بانگدەر، جار بەجار پێش نوێژی دەکەن و شێخ لە کاتی خۆی لەم مزگەوتە بەبانگدەر دامەزراوە.

لەساڵی ١٩٨٧ لایەکی مزگەوتەکە کەوتە بەر رووخاندن لە ئەنجامی پەرەپێدان بە مۆزەخانەی سەر قەڵا.

## بەشەکانی:

١- حەرەم: شێوەیەکی بێ وێنەی هەیە، دیواری بەرز تارێك، دەرگایکی کۆن، پانتایەکەی (١٠×١٠)م دەبوو، زۆرتر لە(گرتوخانە دەچوو)، چەند پارچە لاکێشێکی لێ ڕاخرابوو.

٢- لەلای خۆرئاوای حەرەم (٢) ژوور هەن، بەڵام لەبەر نەبوونی پێش نوێژ بەداخراوەیەتی ماونەتەوە.

٣- بەشی دەست نوێژ. لە (٣) ناودەستی پەرپوت و حەوزێکی شەش گۆشەی کۆنکریت و چەند بۆرییەك پێك هاتووە.

حەوشەیێکی بەرزو نزمی خراپ و دیوارێکی کەلاوەی بەشێوەیێکی گشتی لەوە دەچوو کە فەرامۆش کرابێت. سەرچاوەی ئاوو کارەبای لەسەرچاوە گشتیەکانی میرییەوە وەرگیراوە.

## سەرچاوەکان:

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.

١٩٩٧/١٢/٢١

٢- كتێبی شێخ چۆلی - زبیر بلال اسماعیل.

٣- چاوپێکەوتن بە:

ا- مامۆستا مەلا مصطفی لەمزگەوتی گوڵستان.

ب- جەنابی شێخ محمدی موئەزن و کوڕەکانی لە مزگەوت.

## ١٧- مزگەوتی بێرکۆت[١]

ئەم مزگەوتە کەوتۆتە گەڕەکی بێرکۆت، نزیک ناوچەی پیشەسازی ژووروو، لەسەر ڕێگای شەقڵاوە.

سەرەتای دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩١٣) سەردەمی حوکمی عوسمانلی.

پانتایەکەی (٤٨٠) مەتری چوارگۆشەیە.

کاتی خۆی خوالێخۆشبوو (کوێخا حمدامین احمد) دروستی کردووە، کاتێ کە ئەم گەڕەکە یەکێ بوو لەگوندەکانی دەوروبەری هەولێر.

**قۆناغەکانی:**

١. لەسەرەتادا، وەکو مزگەوتی گوندەکانیتر، لەقوڕو خشت و کاریتە دروست کرابوو.

٢. لەساڵی ١٩٥٣ بۆ یەکەم جار روخاندراو بەگەچ و کەرپوچ و چاتی سەر لەنوێ دروست کرایەوە.

٣. لە ١٩٨٤/٨/٨ بەهەوڵدانی کوێخا (عمر مولود سعید)و یارمەتی خێرخوازی ئەو دەوروبەرە سەر لەنوێ دەستکاریەکی تری باش کرا، ئەم جارە بلۆك و چەمەنتۆ کەوتە کایەوە.

٤. لەساڵی ١٩٨٦ ئەویش بەرشاڵاوی گوند روخاندن کەوت و تێك درا.

٥. لەساڵی (١٩٩٢) دەست بەدروست کردنی کرایەوە بەهەوڵ و تەقەلای کوێخا عمر مولود سعید بەم شێوەیەی کە لەبارەیەوە دەدوێین.

لەساڵی (١٩٨٠)وە لەو مزگەوتە ووتاری هەینی دەخوێندرێتەوە.

(ناوی بەشێك لەو مامۆستایانی لێ بوونە)

---

١- ناوی ئەم گەڕەکەیە، ئەم ناوە لەو سەردەمە هاتووە کە ئەم گەڕەکە، گوندێك بوو لە گوندەکانی دەوروبەری شاری هەولێر.

١- مامۆستا مەلا شێخ محمد عمر میکائیل.
٢- مامۆستا مەلا سەید محمد سەید مجید.
٣-مامۆستا مەلا محمدی بیرێژەیی.
٤- مامۆستا مەلا شێخ محمدی مەلا ئۆمەری.
٥- مامۆستا مەلا محمد احمد محمد
ئەم زاتە لەساڵی (١٩٩٧)وە لەم مزگەوتەیە، بەدوا پێش نوێژو ووتارخوین لەقەڵەم دەدرێت.

**بەشەکانی:**

١- حەرەم: حەرەمەکەی خۆی لە (٦×١٢)م دەدات و شێوەی لاکێشەیی گرتۆتە خۆی، سەرەکەی کۆنکریتەو تاڕادەیەك پێداویستیەکانی دابین کراوە، دەرگاو پەنجەرەو میحراب و مینبەری هەیە بەر هەیوانێکی مام ناوەندی هەیە.

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە بە ئەندازەی (٤×٤)م ژوورێك دروست کراوە، تارادەیەکی چاك پێداویستیەکانی بۆ دابین کراون.

٣- بەشی دەست نوێژگرتن، لەئاوو بۆڕیو ئاودەست پێك هاتووە.

سەرچاوەی ئاوو کارەبای لەلایەن میرییەوەیە.

بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی ڕێك و پێکەو پوختەیەو پێویستی دانیشتوانی ئەو گەڕەکەی دابین کردووە.

١٩٩٨/١/٣

**سەرچاوەکان:**

١- سەردانی مزگەوت لەنزیکەوە.
٢- چاوپێکەوتن بە بەڕێزان:
أ- مامۆستا مەلا محمد احمد محمد ئیمام.
ب- کوێخا عمر مولود سعید کوێخای گەڕەك.

## ١٨- مزگەوتی سلیمان مولود( خەلیفە سمایل )

ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە ناوجەرگەی گەڕەکی خانەقا، پشت مزگەوتی گەورەی خانەقای ناو بازاڕ.



سەرەتای دروست کردنی، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٢٥)[1] کاتێ لەسەر ئەرکی خوالێخۆشبوو (حاجی اسماعیل دارتاش) دروست کرا.

دەگێڕنەوە دەڵێن:-

لەو سەردەمەدا نەخۆشی (کۆکە ڕەشە) کەوتە ناو خەڵك و بڵاوبۆوە، ماڵ نەما قوربانی نەدات، بەتایبەت منداڵ، (حاجی اسماعیل دارتاش) لەناو منداڵەکانی پەیمانی‌دا ووتی (خوایە، ئەگەر منداڵەکانم لەم دەردە ڕزگاربن، شەرت بێ مزگەوتێك بۆ خەڵکی ئەم گەڕەکە دروست بکەم)، پاش بەسەر چوونی ئەو دەردە کوشندەیە، منالەکانی حاجی ناوبراو سەلامەت دەرچوون. ئەم زاتە لەناو زەوی‌یەکەی خۆی هۆدەیەکی گەورەی دروست کردو ناوی (تەکیە)ی لێ نا نەك مزگەوت.

خەلیفە اسماعیل، هەبوو، لەو ناوە، حاجی اسماعیل داوای لێ کرد کە لەتەکییەکە دانیشێ‌و سەرپەرشتی بکات ئەم خەلیفەیەش، خەلیفەی شێخ حسنی سێوکە بوو، بەڵێ ئەم تەکیەیە باشترین کاتی ساڵانی ١٩٤٥ تاکو ساڵی ١٩٥٠ بوو، ڕۆژێکی روناکی بەخۆیەوە دی دەیەها بۆنەی ئاینی لێ سازکرا، چەندین موریدو دەروێش هات و چۆیان دەکرد ماوەیەك شێخ عبدالکریم دارەخورمای لێبوو.

لەساڵی (١٩٧٠) حاجی اسماعیل نەجار کۆچی دوایی کرد، کوڕەکانی هەستان بەفرۆشتنی ئەو زەوی‌یە (عەرەسەیە) بە تەکیەکەوە بنەماڵەی (سلیمان مولود محمد)[2] کڕیان و دەستکاریەکی تەکیەکەیان کرد، تاشێوەی مزگەوتی لێ نیشت، کەم و کوڕی‌یەکانی تەواو کرا، لەو ڕۆژەوە واتە لەساڵی ١٩٧٠وە بەمزگەوتی حاجی سلیمان مولود بەناوبانگە.

---

١- ئەم مێژووە، لەلایەن حاجی یحیی قەسابەوە دەست نیشان کراوە، ئەم زاتە کورەزای حاجی اسماعیل نەجارە. لەبازاڕی هەولێر قەسابە (گۆشت فرۆشە) ئێستا.

٢- ئەو زانیاریەمان لەبەڕێز (کاك عثمان) قاوەرمەچی وەرگرت ئەو زاتە کوڕی سلیمان مولود، لەبازاڕی گەورە قاوەرمە دەفرۆشێت.

ناوی بەشێك لەو مامۆستایانەی لەم مزگەوتەدا مەلایەتیان کردووە:

١. مامۆستا مەلا عبدالرحمن بەرزنجی.

٢. مامۆستا مەلا مصطفی.

٣. مامۆستا مەلا هاشم عبداللە مولود/ حافیظ (نابینا)یە.

لەساڵی ١٩٨١ بەڕێوەبەرایەتی ئەوقاف بڕێك پارەی بۆ دابین کردو دەستێك بەکەم و کورتی‌یەکانی داهێنرا و نۆژەن کرایەوە.

رووبەرەکەی (١٨٠)م.

## بەشەکانی:

١- حەرەم: حەرەمێکی مام ناوەندی هەیە بەئەندازەی (٨×١٠)م و سەرەکەی کۆنکریتەو ناوەکەی چەمەنتۆو بەباشی پڕ فەرش کراوەو پێداویستیەکانی تری تارادەیەکی چاك دابین کراوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە ژوورێکی پوختە دروست کراوەو تارادەیەکی چاك پێداویستی دابین کراوە.

٣- حەوشێکی بچووکی هەیە، بەشی دەست نوێژ لە (٢) ئاودەست و (٣) بۆڕی پێك هاتووە ئەم مزگەوتە لەکۆڵانێکی تەسکی ئەم گەڕەکە دایە، خەڵك بەزۆری هاتوچۆی دەکەن.

ئاوو کارەبای لەسەرچاوە گشتی‌یەکانەوە وەرگیراوە.

١٩٩٧/١٢/٣

## سەرچاوەکان:

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن بەم بەڕێزانە:


ا- حاجی یحیی گۆشت فرۆش (قەساب).

ب- کاك عثمان مولودی قاورمەچی.

ج- مامۆستا هاشم حافیظ/ پێش نوێژ.

# ١٩-مزگەوتی حاجی مولود فتاح

# ( شێخە ڕەشکە )



ئەم مزگەوتە،کەوتۆتە دامێن قەڵا،تەنیشت خانەقای گەورە،ناوجەرگەی بازاڕی شار،(بازاڕی مەزاتخانەی ئێستاکە-کۆنەفرۆش). جگە لە ناوی حاجی مولود،چەند ناوێکی تری هەیە،لەوانە:

ا-مزگەوتی شێخە ڕەشکە.

ب-مزگەوتی قازی.

سەرەتای دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٣٢٨هـ-١٩١٠)[١] ز لەسەر ئەرکی خوالێخۆشبوو (حاجی مولود)[٢] دروست کراوە.

سەرجەم پانتاییەکەی (٢٥٠٠)م دووجایە.

## قۆناغەکانی:-

١-وەکو هەموو مزگەوتی ئەو سەردەمە،دیوارێکی پان و بەرین کۆڵەگەی ئەستوور،سەربانی بە گومەت کردن ناوەکەی خشتی سوریان لێداوە.

٢- لە ڕۆژی ١٩٨٢/١١/٣٠ حاجی محمد عبدالله ابراهیم [٣] لە جیاتی شێخ مظفر هەستا بە دەستکاری کردنی و نۆژەن کردنەوەی مزگەوتەکە لەسەر ئەرکی خۆی و خێرخوازان وەکو:

ا- لابردنی خۆڵە زیادەکەی سەربانی حەرەم.

ب کەف ماڵ کردنی دیواری ناوەی حەرەم بە گەچ (سپی کاری).

---

(١) بڕوانە دۆسەی تایبەت لەئەوقاف.

(٢) ناوی تەواوی (حاجی مولود کوڕی فتاح و کوڕی قاسم)ە.

(٣) کاک محمد عبدالله ئیبراهیم خاوەن کۆگایە لە تەنیشت مزگەوت زۆر ئاگاداری مزگەوت دەکا لە کاتی نەبوونی شێخ مظفر نەقشبەندی (متولی).

ج- تەواوكردنی نوێی دەرووی كارەبا
د- نوێ كردنی چەند بەشێكی
هـ- كاشی كردنی لایەكی حەوشەی مزگەوت
و- چاككردنەوەی دەرگاو پەنجەرەكانی

پاش تەواو بوونی قوناغی یەكەم، سەرەتای دروست كردنی داوایان لە بنەماڵەی خوالێخۆشبوو (شێخ اسعد شێخ محمد سعید)[1] نەقشبەندی كرد هەستن بە بەڕێوەبردنی مزگەوتەكە لە ڕووی ئیمامەتی و سەرپەشتیكاری یەوە ئەوانیش بەم شێوەیە پێی هەڵسان:

١-لەسەرتاوە تا ساڵی ١٩٥١ خوالێخۆشبوو شێخ محمد شێخ اسعد شێخ سعید نەقشبەندی

٢- لە ١٩٥١ تا ١٩٦٧ شێخ عمری كوڕی شێخ محمد شێخ اسعد نەقشبەندی.

٣- لە ١٩٦٧ تا ١٩٧٥ شێخ حسین كوڕی شێخ محمد شێخ اسعد نەقشبەندی.

٤- لە ١٩٧٥ تا كو ئێستاكە شێخ مظفر شێخ محمد نەقشبەندی بەرپرسە لە بەڕێوەبردنی كاروباری مزگەوت.

ماوەیەكی زۆرە مامۆستا مەلا علی اسماعیل مولود كە بە مەلا علی بیرەعەرەبان بەناوبانگە پێش نوێژی تێدا دەكات پێشتر مامۆستا مەلا عمری لێبوو.

بەشەكانی :

١- حەرەم: -وەكو لەسەرتادا ئاماژەمان بۆ كرد حەرەمێكی گەورەو فراوانی بۆ دروست كرابوو، دیواری ئەستوور كوڵەكەی پان و گەورە دەرگاو پەنجەرەی جۆراو جۆر میحراب مینبەر و میحفەلی بۆ دروست كراوە تا ڕادەیەكی چاك پێداویستیەكانی دابین كراوە بەرهەیوانێكی پاك خاوێنی هەیە زۆر جار بۆ نوێژكردنی بەكۆمەڵ بەكار دەهێندرێت.

٢- منارەكەی :- لەسەر بناغەی حەرەم بە كەرپووچ لە شێوەی بازنەیی منارەیەكی بۆ دروست كراوە بەرزی (١٠) مەتر ئەبێ و لە دوورەوە دیارە.

[1] ئەم زاتە یەكێك بوو لە شێخە ناودارەكانی سەردەمی خۆی هەر ئەو هۆیەش بوو ببوە هۆی هەڵبژاردنی بۆ قازی شاری هەولێر لە هەمان كاتدا كاروباری مزگەوتی فەرامۆش نەكردو بەردەوامی ئامادەدەبوو لە فەرزەكان و بۆ نە پێویستیەكان تا دوا هەناسەی ژیانی ئەم زاتە لە ڕێكەوتی ٨/٧/١٩٥١ كۆچی دوایی كردو لە هۆدەیەك لە ناو مزگەوت بە خاك سپێردرا.

ج- تەواوکردنی تۆڕی تەزووی کارەبا.

د- بۆیاخ کردنی چەند بەشێکی.

ه- کاشی کردنی لایەکی حەوشەی مزگەوت.

و- چاککردنەوەی دەرگاو پەنجەرەکانی.

پاش تەواو بوونی قۆناغی یەکەم، سەرەتای دروست کردنی داوایان لە بنەماڵەی خوالێخۆشبوو (شێخ اسعد شێخ محمد سعید)[1] نەقشبەندی کرد هەستن بە بەڕێوەبردنی مزگەوتەکە لە ڕووی ئیمامەتی و سەرپەشتیکاری‌یەوە ئەوانیش بەم شێوەیە پێی هەڵسان :

١-لەسەرتاوە تا ساڵی ١٩٥١ خوالێخۆشبوو شێخ محمد شێخ اسعد شێخ سعید نەقشبەندی.

٢- لە ١٩٥١ تا ١٩٦٧ شێخ عمری کوڕی شێخ محمد شێخ اسعد نەقشبەندی.

٣- لە ١٩٦٧ تا ١٩٧٥ شێخ حسین کوڕی شێخ محمد شێخ اسعد نەقشبەندی.

٤- لە ١٩٧٥ تا کو ئێستاکە شێخ مظفر شێخ محمد نەقشبەندی بەرپرسە لە بەڕێوەبردنی کاروباری مزگەوت.

ماوەیەکی زۆرە مامۆستا مەلا علی اسماعیل مولود کە بە مەلا علی بیرەعەرەبان بەناوبانگە پێش نوێژی تێدا دەکات پێشتر مامۆستا مەلا عمری لێبوو.

## بەشەکانی :

١- حەرەم: -وەکو لەسەرتادا ئاماژەمان بۆ کرد حەرەمێکی گەروەر فراوانی بۆ
دروست کرابوو، دیواری ئەستوور کۆڵەکەی پان و گەورە دەرگاو پەنجەرەی
جۆراو جۆر میحراب مینبەر و میحفەلی بۆ دروست کراوە تا ڕادەیەکی چاك
پێداویستیەکانی دابین کراوە بەرهەیوانێکی پاك خاوێنی هەیە زۆر جار بۆ
نوێژکردنی بەکۆمەڵ بەکار دەهێندرێت.

٢- منارەکەی :- لەسەر بناغەی حەرەم بە کەرپووچ لە شێوەی بازنەیی منارەیەکی
بۆ دروست کراوە بەرزی (١٠) مەتر ئەبێ و لە دوورەوە دیارە.

---

(١) ئەم زاتە یەکێك بوو لە شێخە ناودارەکانی سەردەمی خۆی هەر ئەو هۆیەش بوو ببوە هۆی
هەڵبژاردنی بۆ قازی شاری هەولێر لە هەمان کاتدا کاروباری مزگەوتی فەرامۆش نەکردو
بەبەردەوامی ئامادەدەبوو لە فەرزەکان و بۆ نە پێویستیەکان تا دوا هەناسەی ژیانی ئەم زاتە لە
ڕۆژی ١٩٥١/٧/٨ کۆچی دوایی کردو لە هۆدەیەك لە ناو مزگەوت بە خاك سپێندردرا.

٣- ژوورەکانی مزگەوت: لەم مزگەوتە (٤) چوار ژوور هەن بەم شێوەیە:

ا- ژوورێك بۆ دانیشتنی مامۆستای پێش نوێژی مزگەوت.

ب- ژوورێك بۆ دانیشتنی بەڕێز کاك شێخ (مظفر) موتەوەلی.

ج- ژوورێك بۆ دانیشتنی خادم و بانگدەر.

د- ژوورێك کراوەتە گۆڕستان و (٦) دانە گۆڕی تێدایە لەوانە گۆڕی شێخ محمد ئەفەندی قازی.

سەرجەم ژوورەکانی بەتێرو پڕی پێداویستیەکانیان دابین کراوە.

٤- حەوشەکەی: حەوشێکی خۆشی هەیەو لەم بەشانە پێك هاتووە:

ا- بەشی ئاودەست (بەشێکی سەربەخۆو تایبەتە).

ب- بەشی دەست نوێژگرتن.

ج- بەشی دارستان.

بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی خۆشەو سوود بەخشە بۆ دەوروبەری، ئاوو کارەبای لەمیری‌یەوە وەرگیراوە.

١٩٩٧/١١/٢٠

## سەرچاوەکان:

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.

٢- تاوتۆ کردنی دۆسیەی مزگەوت لەبەڕێوەبەرایەتی ئەوقاف.

٣- چاوپێکەوتن بەم زاتانە:

ا- جەنابی مامۆستا مەلا علی بیرە عارەبان.

ب- کاك شێخ مظفر شێخ محمد ئەفەندی قازی.

ج- حاجی محمد عبدالله ابراهیم دوکاندار.

د- کاك (صفوان حاجی یحیی) برازای حاجی مولود فتاح.

ه- کاك شێخ محمد زیاد شێخ عمر نەقشبەندی.

# ٢٠- مزگەوتی شێخ نورالدین[١]

ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە گەڕەکی تەعجیل، نزیك مزگەوتی شێخ چۆلی.

سەرەتای دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٣٠.

---

١- ئەم مزگەوتە ناوی (شێخ نورالدینی) گرتە خۆی سەبارەت بەشێخ نورالدین بریفکان. چونکە یەکێ لەخەلیفەکان ئەم زاتە هەستا لەسەر خواستی ئەو دروست کرد.




کاتی خۆی لەسەر ئەرکی یەکێ لەخەلیفەکانی شێخ نورالدینی بریفکانی دروست کراو لەخۆشەویستی ئەو زاتە ناوی مزگەوتی (شێخ نورالدین)ی لێ نا، لەهەمان کاتدا ئەو خەلیفەیە خۆشی ناوی نورالدین بوو.

لەسەرەتادا بەناوی تەکییەوە دروست کرا، ماوەیەکی زۆر بە تەکییەی مایەوەو خاوەن موریدو دەروێش و هامشۆ کەری بەردەوام بوو پاش کۆچ کردنی خەلیفە، تەکیەکە بەبێ خزمەت مایەوەو لەپاشان کرایە مزگەوت و مامۆستای خوالێخۆشبوو (مەلا صالحی کۆزە پانکە)یان لێ دانا بەپێش نوێژ، لەپاش ئەویش مەلا عثمان کوڕی مەلا صالح ماوەیەك لێبوو لەپاشان (مامۆستا مەلا سەید محمدی پیرداود) ماوەیەکی زۆر، پێش نوێژیو تەردیسی لێکرد.

سەردەمێك بەتایبەتی کاتی مەلا صالح رەحمەتی، بوو بەمەڵبەندی زانست، فەقێو موریدی زۆری هەبوو.

پاش بەیاننامەی (١١ ئاداری ساڵی ١٩٧٠) ئەو مزگەوتە کەوتە ژێر سایەی ئەوقاف، ئەوقاف مزگەوتەکەی لەبن تەمەڵەوە ڕوخاندو سەر لەنوێ دروستی کردەوە.

رووبەرەکەی (٥٠٠)م چوار گۆشەیە.

مامۆستا مەلا (عزیز محمدامین) پێش نوێژی لێ دەکات و پێش ئەو زاتە مامۆستا مەلا (خدری هەرتەلی) لێبوو.

مەلا خدر ٣١ ساڵ زیاتر مەلایەتی لێ کرد تاکو کۆچی دوایی کرد مەلا عزیزیش چەند ساڵێکە هاتۆتە ئەم مزگەوتە.

## بەشەکانی:

١- حەرەم: بەئەندازەی (٤×١٥)م حەرەمێکی بۆ دروست کراوە، بەرزی (٤)م دەبێو تەنها میحرابێکی هەیە، تاڕادەیەك پێداویستییەکانی دابین کراون.

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە بەئەندازەی (٤×٤)م ژوورێك دروست کراوە بەپێداویستی یەوە.

٣- ژووری موئەزن و خادم (٢) ژوور دروست کراون یەکێ بۆ موئەزین ئەوی تر بۆ خادم.

٤- بەشی دەست نوێژ گرتن، لە (٥) ئاودەست و (٢) خۆشۆر (٧) بۆری پێك هاتووە.

٥- بەئەندازەی (٨×٨)م حەوشەیەکی هەیەو تاڕادەیەکی باش پاك و خاوێنە، ئاوو کارەبای لەمیری یەوەیە.

١٩٩٧/١٠/٢٨


**سەرچاوەکان:**

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن بە مامۆستا مەلا عزیز محمد.

## ٢١- مزگەوتی سەیداوەی کۆن[1]

ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە ناوەڕاست گەڕەکی سەیداوەو لەکۆنەوە بەمزگەوتی سەیداوەو هەندێ جار بەمزگەوتی سلیمان ناوبراوە.



سەرەتای دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٣٥.

کاك (سلیمان محمد) پارچە زەوی یەکی هەبوو، بەنیازی ئەوەبوو بیکات بەمزگەوت، دەنگ بڵاوبۆوە، خەڵك یارمەتیان دا، هەندێ

---

١- لەبەر ئەوەی یەکەم مزگەوت بوو لەم گەڕەکەو گەڕەکەکە ناوی سەیداوەی گرتە خۆ، ئەوا مزگەوتەکەش بەناوی گەڕەکەکەوە ناوبراوە هەرچەندە هەندێ کەس ئێستاش پێی دەڵێن (مزگەوتی سلیمان محمد).

بەپارەو هەندێ بەکارکردن، مزگەوت کەوتە سەر پێ.

سەرەتا بەخشت و قوڕو کاریتە دروست کرا.

سەرجەم پانتایەکەی (٣٠٠)م چوارگۆشەیە.

لەساڵی (١٩٦٢) حاجی (باپیر سۆفی) هەستا بەروخاندنیو سەر لەنوێ بەکرپینی و چاتیو شێلمان دروستی کردووە.

ناوی هەندێ لەمەلاکانی لەو مامۆستایانەی لەم مزگەوتە بوونە:

أ- مامۆستا مەلا قادر شریف.

ب- مامۆستا مەلا عبداللەی خۆشناو.

ج- مامۆستا مەلا عبدالرحمن محمدامین عبدالله.

ئەم زاتە لەساڵی ١٩٨٥ وە لەم مزگەوتەیە، لەدایك بووی ساڵی (١٩٢٧)ە.

## بەشەکانی:

١- حەرەم: لەسەر شێوەی لاکێشی حەرەمێکی بۆ دروست کراوە بەئەندازەی (٦×١٨)م و سەرەکەی کۆنکریتەو ناوەکەی چەمەنتۆیە، میحراب و مینبەری هەیە تاڕادەیەك پێداویستییەکانی دابین کراون.

بەشێوەیەکی پوختە چەند بەشێکی تری گرتۆتە خۆی لەوانە:

١- ژووری پێش نوێژو وتارخوێن.

٢- هۆڵی پرسەو بۆنە ئاینیەکان.

٣- هۆڵی نوێژ کردنی ئافرەت.

٤- بەشی دەست بەئاوگەیاندن و دەست نوێژگرتن، تاڕادەیەك ئەو بەشانە پێداویستیەکانیان دابین کراون بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی چاکەو نوێژی هەینی لێ دەکرێت سەرچاوەی ئاوو کارەبای لەمیرییەوە وەرگیراوە.

١٩٩٧/١٠/٨

## سەرچاوەکان:

١- سەردانی مزگەوت لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن بەخودی مامۆستا مەلا عبدالرحمن/ پێش نوێژو وتارخوێن.

بەپارەو هەندێ بەکارکردن، مزگەوت کەوتە سەر پێ.
سەرەتا بەخشت و قوڕو کاریتە دروست کرا.
سەرجەم پانتایەکەی (٣٠٠)م چوارگۆشەیە.
لەساڵی (١٩٦٢) حاجی (باپیر سۆفی) هەستا بەروخاندنیو سەر لەنوێ بەکەرپووچ
و چاتیو شێلمان دروستی کردووە.
ناوی هەندێ لەمەلاکانی لەو مامۆستایانەی لەم مزگەوتە بوونە:
ا- مامۆستا مەلا قادر شریف.
ب- مامۆستا مەلا عبداللەی خۆشناو.
ج- مامۆستا مەلا عبدالرحمن محمدامین عبدالله.
ئەم زاتە لەساڵی ١٩٨٥ وە لەم مزگەوتەیە، لەدایك بووی ساڵی (١٩٢٧)ە.

## بەشەکانی:

١- حەرەم: لەسەر شێوەی لاکێشی حەرەمێکی بۆ دروست کراوە بەئەندازەی (٦×١٨)م و سەرەکەی کۆنکریتەو ناوەکەی چەمەنتۆیە، میحراب و مینبەری هەیەو تاڕادەیەك پێداویستییەکانی دابین کراون.
بەشێوەیەکی پوختە چەند بەشێکی تری گرتۆتە خۆی لەوانە:
١- ژووری پێش نوێژو وتارخوێن.
٢- هۆڵی پرسەو بۆنە ئاینیەکان.
٣- هۆڵی نوێژ کردنی ئافرەت.
٤- بەشی دەست بەئاوگەیاندن و دەست نوێژگرتن، تاڕادەیەك ئەو بەشانە پێداویستیەکانیان دابین کراون بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی چاکەو نوێژی هەینی لێ دەکرێت سەرچاوەی ئاوو کارەبای لەمیرییەوە وەرگیراوە.

١٩٩٧/١٠/٨

## سەرچاوەکان:

١- سەردانی مزگەوت لەنزیکەوە.
٢- چاوپێکەوتن بەخودی مامۆستا مەلا عبدالرحمن/ پێش نوێژو وتارخوێن.

# ٢٢- مزگەوتی شێخ مەلا ڕەشیدی کۆن

ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە گەڕەکی (ابن المستوفی) نزیك شەقامی پزیشکان.

سەرەتای دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٣٥)[1] زاینی ئەم مزگەوتە دەست بەدروست کردنی کرا، لەسەر ئەرکی (عبدالفتاح حاجی عبدالقادر دەباغ) ڕووبەرەکەی (٤٥٠)م٢یە.

## قۆناغەکانی:

١- سەرەتای دروست کردنی بەخشت و قوڕو کاریتە بوو، وەکو زۆربەی بیناسازی ئەو سەردەمە.

٢- لەساڵانی شەستەکان سەرەکەی کرایە چاتیو ناوەکەی چەمنتۆ ڕێژ کرا.

٣- لەساڵی ١٩٨٥ لەسەر ئەرکی حاجی (احمد حەمامچی) هۆڵێکی بۆ پرسە بۆ دروست کرا.

٤- لەساڵی ١٩٨٩ ئەوقافی هەولێر بڕێك پارەی بۆ تەرخان کردو بەشێك لەکەم و کوڕتیەکانی چاك کرانەوە.

ناوی هەندێ لە مامۆستاکانی ئەم مزگەوتە:

١- مامۆستا مەلا قادر سلیمان بەحرکەیی.

٢- مامۆستا مەلا اسعد نەقشبەندی.

٣- مامۆستا مەلا مصطفی محمد مصطفی.

مامۆستا مەلا مصطفی لە ١٩٨٩/٧/١وە لەم مزگەوتە ئیمامەتی دەکات و لەو پێش لەمزگەوتی شێخ نورالدین بوو.

## بەشەکانی:

١- حەرەم: بەئەندازەی (١٠)م حەرەمێکی چوارگۆشەی هەیە، سەرەکەی چاتییەو بەرزی (٤٫٥)م دەبێ تەنها میحرابێکی هەیە، پێداویستیەکانی تاڕادەیەك دابین کراون.

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە لەبەرهەیوانی حەرەم ژوورێك دروست کراوە، پێویستی بۆ دابین کراوە.

٣- هۆڵی پرسە: بەئەندازەی (٦×١٠)م هۆڵێك لە بەرامبەر حەرەم بۆ پرسە دانان

---

١- ئەم مێژووە مامۆستا مەلا مصطفی دەری بڕی، بەڵام لەسەر دەرگای حەرەم ساڵی (١٣٥٦) کۆچی نووسراوە، ئەم دوو بەروارە لەیەکەوە نزیکن.

١- وەکو لەسەرەتادا ئاماژەمان بۆ کرد لەساڵی ١٩٣٨ بەقورو خشت و کاریتە دروست کرا.

٢- پاش کۆچ کردنی حاجی مجید لەساڵی ١٩٨٦، ماوەیەك بەبێ خاوەن مایەوەو هەر جاری لایەکی لەبەر کۆنی دەروخا. تاکو شێوەی کەلاوەی لێ نیشت.

٣- لەساڵی ١٩٨٨ بەڕێزان کاك (احمد عبداللەو حاجی محمد جامچی) بەجووتە قۆڵیان لێ هەڵکردو دەستیان بەچاککردنەوەی کرد، لەمانگی تەموزی ساڵی (١٩٩٠)ز تەواو بوو، ئاهەنگی کردنەوەی بۆ ساز کراو بەرپرسانی ئەو سەردەمە ئامادە بوون. بەڕێز کاك عبداللە برازای حاجی مجید، کراوەتە سەرپەرشتیکارو چاودێری مزگەوتەکە بەباشی دەکات ئێستا ئەم دوو زاتەی لێیە بە مەلایەتی.

١- مامۆستا مەلا معروف طاهر اسماعیل لە ساڵی (١٩٩١)ەوە لەم مزگەوتەیە.

٢- مامۆستا مەلا شێخ محمد سعید محمد لەساڵی (١٩٩٢) وە لەم مزگەوتەیە.

پێش ئەم بەڕێزانە، مامۆستا مەلا (سالم علی) لێ بوو.

## بەشەکانی:

١- حەرەم: شێوەی حەرەم جۆرێکی تایبەتە، درێژی (٢٠)م دەبێ و پانی لایەکی (٧،٥)م لایەکی تری (١١)م بەرزی (٥)م دەبێ و سەرەکەی کۆنکریتەو زۆر بەجوانی و تێرو پڕی پێداویستیەکانی دابین کراوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە بەئەندازەی (٣×٥)م ژوورێك دروست کراوە، بەڵام ئێستاکە چەند فەقێیەکی تێدا جێگیربوونە بەڵام ژورێکی (٣×٣)م هەیە ئەو بۆ پێش نوێژ تەرخان کراوە، ئەم دوو ژوورە بەتێرو پڕی پێداویستیەکانیان دابین کراوە.

٣- شوێنی دەست بەئاوگەیاندن و دەست نوێژگرتن، لە (٦) بۆڕی خەلات و (٤) دانە ئاودەست چەند سەکۆیەکی چکۆڵەی دانیشتن پێك هاتووە.

حەوشەکەی سەرانسەر کاشی ڕێژەو پوختەیە ئاوکارەبای لەمیرییەوەیە، بەگشتی مزگەوتێکی پاك و پوختەیە.


١٩٩٧/١٢/٩

## سەرچاوەکان:

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن بەکاك (احمد عبداللە محمد عبداللە) برازای حاجی مجید و موتەوەلی ئێستای مزگەوت.

# ٢٤- مزگەوتی حاجی صالح دەباغ



ئـــەم مزگەوتـــە، کەوتۆتـــە گـــەڕەکی عارەبان، نزیک پارێزگاو تەنیشـــت پۆلیســـی ناوشار (شرطة البلدة) جگە لـەم ناوە، هـەندێ کەس دەڵێن، مزگـەوتی قیبلە خوارو هەندێکیش دەڵێن قیبلەڕاست.

سەرجەم رووبەرەکەی (٢٧٠)م چوار گۆشەیە

**قۆناغەکانی:**

سەرەتای دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٣٩ز)[1]، کاتی خۆی بەخشت و قوڕو کاریتە لەسەر ئەرکی (حاجی صالح)[2] دەباغ لەپاش مردنی بە (٢) ساڵ بەبڕیاری کچەکانی دروست کراوە.

٢- لەساڵی ١٩٨٥ز ئەوقاف بڕێک پارەی بۆ نوژەن کردنەوەی ئەم مزگەوتە دەست نیشان کرد ئەمجارە سەر لەنوێ دروست کرایەوەو قیبلە خوارەی راست کرایەوە.

لەکاتی خۆی مامۆستا مەلا شێخ محمد سعید شێخ محمدی لێبوو، ئێستاش مامۆستا مەلا (عبدالکریم عبدالواحد)ی لێیە لەساڵی ١٩٩١وە ئەم زاتە پێش نوێژی دەکات. ئەم زاتە بەمەلا عبدالکریم دارەخورما ناسراوە.و لەدایک بووی ساڵی (١٩٤٩)یەو مامۆستا مەلا (معروف حەوێزی)یش یارمەتی دەدات.

**بەشەکانی:**

١- حەرەم: لەسەر شێوەیەکی چوارگۆشەو بەئەندازەی (١٠×١٠)م حەرەمێکی جوانی بۆ دروست کراوە، سەرەکەی کۆنکرێتەو ناوەکەی چەمەنتۆو دەرگاو

---

١- بڕوانە کتێبی شێخ چۆلی لاپەڕە (٤٢) مامۆستا زبیر بلال.

٢- ناوی تەواوی (حاجی مەلا صالح عبدالقادر چەلەبی دەباغ)ەو لەساڵی ١٩٣٧ کۆچی کردووە، ئەم مزگەوتە بەناوی ئەوەوە ناو نراوە.

پەنجەرەی جوانی لێ بەستراوە، بەچاکی پێداویستیەکانی دابین کراوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە بۆ حەسانەوەو دانیشتنی پێش نوێژ ژوورێکی (٦×٦)م دروست کراوە، ئەم ژوورەش پێداویستیەکانی بەتێرو پڕی دابین کراوە.

٣- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە سەربەخۆیەو لە (٦) ئاودەست و(١٠) بۆڕیو (٨) دانە تەنکی ئاوی سەربان پێك هاتووە.

٤- حەوشەکەی کراوەتە دوو بەش، لایەکی گوڵزارەو لایەکەی تری کاشی، بەگشتی مزگەوتێکی ڕێك و پێکە، خەڵك هاتوچۆی دەکات، سەرچاوەی ئاوو کارەبای لەمیرییەوەیە.

١٩٩٧/١٠/٢٧

**سەرچاوەکان:**


١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن بەخودی مامۆستا مەلا عبدالکریم دارەخورما.

٣- کتێبی (شێخ چۆلی) مامۆستا زبیر بلال اسماعیل.


## ٢٥- مزگەوتی خلیفە خالد



ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە گەڕەکی سەعداوە، پشت بانکی (رافدین) بەرامبەر بەدائرەی کارەبای ناو شار

سەرەتای دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٤٨ن)[1] لەو کاتە خوالێخۆشبوو خەلیفە خالد بۆ تەکییە دروستی کرد.

---

١- ئەم مێژووە مامۆستا مەلا مسعود بێبەش-ی رەحمەتی بەتەلەفۆن پێی ڕاگەیاندم، لەکاتێ کە نەساغ بوو لەماڵەوە، کەوتبوو.

ئەم زاتە یەکێ بوو لەخەلیفەکانی (شێخ عبدالرحمن تاڵەبانی) باوکی شێخ علی تاڵەبانی.

تاکو خەلیفە لەژیان مابوو، مایەوە بە تەکیەیی، پاش کۆچی خەلیفە ماوەیەك بێ کەس بوو، لەپاشان خەڵکی گەڕەك بڕیاری ئەوەیان دا کە پارە کۆبکەنەوەو چاکی بکەنەوەو نێواران نوێژی جەماعەتی لێ بکەن لەساڵی ١٩٥٧وە کراوتە مزگەوت و بەناوی مزگەوتی (خەلیفە خالد) لەساڵی ١٩٨٣ بەڕێوەبەرایەتی ئەوقاف هەندێ دەستکاری کردوو تاڕادەیەك کەم و کورتیەکانی چاك کرایەوە.

لە ساڵی ١٩٩٧ خەڵکی ئەم گەڕەکەو خێرخوازان جارێکیتر دەستکارییەکیان کردوو کەم و کورتیەکانیان چاك کردەوە.

لەساڵی (١٩٥٢ تاکو ساڵی ١٩٩٧) مامۆستای خوالێخۆشبوو مامۆستا مەلا مسعودی بێبەشی لێبوو.

ئەو زاتە لەمانگی مایسی ١٩٩٨ز کۆچی دوایی کرد، خوالێخۆشبوو لەدایك بووی ساڵی (١٩٣٠)ز بوو.

ئێستاش مامۆستا مەلا (نجیب محسن شاکری) لێیەو بە پێش نوێژ.

سەرجەم پانتایی ئەم مزگەوتە خۆی لە (٨٠)م چوارگۆشە دەدا.

## بەشەکانی:

١- لەوێنەی هۆدەیەکی گەورە حەرەمێکی بۆ دروست کراوە، دیواری کەرپوچ، سەری چاتی، ناوی کاشی بە تێرو پڕی پێداویستی بۆ دابین کراوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە لەسەر هەمان شێوەی حەرەم ژوورێك دروست کراوەو بەهەمان شێوە پێداویستی ئەو ژوورە دابین کراوە.

٣- حەوشێکی (١٠-١٢) مەتری هەیە، (٢) ئاودەست و (٢) بۆڕی ئاوی هەیە، هەرچەندە بچوکە، بەڵام ڕێك و پێکە، خەڵك زۆر بەباشی هاتوچۆی دەکەن.

دەگێڕنەوە دەڵێن: گۆڕی خەلیفە خالد لەبن دیواری بن قالدرمەی سەربانی مزگەوتە دایە.

ئاوو کارەبای لەمیرییەوە وەرگیراوە

## سەرچاوەکان:

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.

١٩٩٧/١١/٣٠

٢- چاوپێکەوتن بە:
ا- مامۆستا مەلا نجیب محسن.
ب- مامۆستا محمود زامدار-برای مەلا مەسعود بێبەش.
ج- مامۆستا مەلا جرجیس.
د- قسە کردن بەتەلەفۆن لەگەڵ مەلا مسعود.
تێبینی:- هەواڵی وەفاتی (مەلا مسعود)مان بیست و تۆمارمان کرد پاش سەردانی مزگەوت بەنزیکەی (٦) مانگ.

# ٢٦- مزگەوتی فاطمة خان[1] (ئەوقاف)

ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە سنوری گەڕەکی ئیبن مستوفی، بەرامبەر بەبانك ئاراس.
سەرەتای دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٤٧[2] کاتی خۆی لەسەر ئەرکی (فاطمة خانی کچی حسین)[3] دروست کرا.
جەنابی حاجی عبدالقادر عبدالكريم شنۆی سەرپەرشتی کرد بە هاوکاری صوفی رەسول مەلا سەید اسماعیل سەعاتچی ڕووبەرەکەی (٣٠٠)م چوارگۆشەیە.

## قۆناغەکانی:

١- لەسەرەتادا وەکو زۆربەی خانووبەرەی ئەو سەردەمە لەخشت و قوڕو کاریتە دروست کرابوو.
٢- لەسەر داواکاری حاجی عبدالقادر عبدالكريم،و لەساڵی ١٩٦٠دا مزگەوتەکە کەوتە ژێر سایەی ئەوقاف.
٣- لەساڵی ١٩٦٤ مزگەوتەکە لەسەر خواستی ئەوقاف لە ژێر تەمەڵەوە ڕوخاندراو سەر لە نوێ دروست کرایەوە.
ناوی هەندێ لە مەلاکانی ئەم مزگەوتە
ا- مامۆستا مەلا مصطفی‌ی خۆشناو.
ب- مامۆستا مەلا سەید (اسماعیل سەید عبداللەی بەرزنجی)[1].

---

١- سەردەمێك بەڕێوەبەرایەتی‌ئەوقاف لەکۆشکی سەرووی ئەم مزگەوتەبوو، بۆیە بەمزگەوتی ئەوقاف ناوبرا.
٢- ئەم بەروارەمان لەسەر زاری حاجی عبدالكريم عبدالقادر شنۆیەوە وەرگرت.
٣- ئەم ئافرەتە دایکی حاجی عبداللەی شنۆیی بووە (خاوەن مزگەوتی سپی).

ج- مامۆستا مەلا مظهر شێخ محمد طاهر.

د- مامۆستا مەلا يحيى عبدالرحمن.

مام سەيد حميدی گردعازەبانیش بۆ ماوەی (١٨) ساڵ لە ١٩٥٢-١٩٧٠ لەم مزگەوتەبانگ دەربووە.

## بەشەكانی:

١- حەرەم: بەئەندازەی (٨×١٢)م حەرەمێكی بۆ كراوە بەرزی (٤)م دەبێ و سەرەكەی كۆنكریتەو ناوەكەی چەمەنتۆ، تەنها محرابێكی هەیە بێ مەحفەل و مینبەرە تاڕادەیەك پێداویستیەكانی دابین كراوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە بەئەندازەی (٣×٣)م ژوورێك دروست كراوە، تاڕادەیەك پێداویستی‌یەكانی دابین كراوە.

٣- بەهەمان شێوە ژوورێكی تر بەرامبەر بەژووری پێش نوێژ دروست كراوەو چەند قوتابی‌یەكی زانكۆی سەلاحەدینی تیا حەوانەتەوە.

٤- بۆ بانگدەر ژوورێك دروست كراوە.

٥- بەشی دەست بەئاوگەیاندن و دەست نوێژگرتن لە (٦) بۆڕیو تانكی‌یەكی تۆتیای گەورە پێك هاتووە.

٦- حەوشێكی بچوكی هەیە، تەنها لەوانەیە (٢٠)م٢ ببێت.

لەسەرەوە نهۆمی‌تری لێ دروست كراوە، چونكە كاتی خۆی ئەوقافی لێبوو، بەڵام ئێستا لقی هەولێری یەكێتی زانایانی‌ئاینی ئیسلامی كوردستان بەرێوەبەرایەتی لێ نیشتەجێبووە سەرچاوەی ئاوو كارەبای لەسەرچاوەی گشتی‌یەوە وەرگیراوە. بەشێوەیەكی گشتی مزگەوتێكی قەرەبالغە، بەهۆی شوێنەكەیەوە.

## سەرچاوەكان:

١٩٩٧/١٢/١٤

١- سەردانی مزگەوت و بەشەكانی لەنزیكەوە.

٢- چاوپێكەوتن بە:

أ- حاجی عبدالكريم حاجی عبدالقادر شنوی.

ب- سەيد حميد گردعازەبانی

ج- مەلا محمود عزيز احمد.

---

١- ئەم زاتە لە ساڵی (١٨٩٧) لە شاری شنۆ لەدایك بوو، ١٩٧٤/١/٢١ لە شاری بەغدا وەفاتی كرد. تەرمەكەی لە گۆڕستانی (ئیمام محمد) بە خاك سپاردرا.

# ٢٧- مزگەوتی حاجی نورالدین موختار



ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە ناو بازاڕی شار، بەرامبەر بەگۆڕەپانی (کۆتری سەلام) گەڕەکی تەعجیل.

لەساڵی (١٩٤٩-١٩٥١) دەست بەدروست کردنی کراو، لەوە پێش خانوو بوو.

حاجی نورالدین شهاب مختار، کڕیو هەندێ دەست کاری کرد بۆ ئەوەی بۆ مزگەوت بشێ.

پانتایەکەی (٧٣٠)م٢.

ناوی هەندێ لەمامۆستایانی ئەم مزگەوتە:

١- مامۆستای ناودار، مەلا صالح کۆزەپانکە.

٢- مامۆستا احمدی (مەمیخەڵ).

٣- مامۆستا مەلا صدیق نوغەرانی.

لەساڵی ١٩٨٥وە مامۆستا مەلا (عمر خطاب سلیمان) بۆتە پێش نوێژ.

پاش کۆچی دوایی حاجی نورالدین، حاجی نجم الدینی کوڕی کرایە موتەوەلیو مزگەوتەکە خرایە بەر دەستی ئەو بەڕێزە.

**بەشەکانی:**

١- حەرەم: بەئەندازەی (٨×١٥)م حەرەمێکی بۆ دروست کراوە، تاڕادەیەکی چاك پێداویستی حەرەمی بۆ دابین کراوە. یەکێ لەپەنجەرەکانی حەرەم کراوەتە میحراب بۆ نوێژ لێکردنی ئیمام.

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە لەلای خۆرئاوای حەرەم و لەبەرهەیوانەکە ژوورێك دروست کراوە تاڕادەیەك پێداویستییەکانی دابین کراوە.

٣- بەشی دەست نوێژ: ئەم بەشە لە (١٨) بۆڕی ئاوو (١٧) سەکۆو (٧) ئاودەست و (١٢) تەنکی ئاوو (٢) ئامێری ئاو گەرم کردن پێکهاتووە.

سەرچاوەی ئاوو کارەبای لەسەرچاوەکانی میرییەوە وەرگیراوە، بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی پاك و خاوێن و گرنگە.

١٩٩٧/١١/٨

## سەرچاوەکان:


١- سەردانی مزگەوت لەنزیکەوە.

٢- راپۆرتە تایبەتیەکەی حاجی (نجم الدین) موتەوەلی.


٣- چاوپێکەوتن بە:

ا- ماموستا مەلا عمر خطاب.

کۆمەڵەی سێیەم
3

# ئەو مزگەوتانەی کە لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەم دروست کراون

## ٢٨- مزگەوتی حاجی محمود علاف[1]



ئــەم مزگەوتــە کەوتوتــە تەنیشــت دیوانــی پاریزگــای هەولیر لەســالی (١٩٥٢- ١٣٧٢)ﻫ لەسەر ئەرکی خوالیخوشبوو (حـاجی محمود عـەلاف) دەست بە دروست کردنی کرا.

پانتاییەکەی (٦٥٠)م چوارگوشەیە.

**قوناغەکانی:**

١- لەسەرەتادا، بەکەرپوچ و گەچ و چاتی دروست کرابوو.

٢- لەسالی (١٩٨٧) ئەوقاف بڕێك پارەی بۆ کردە بوجەو دەست بەچاككردنەوەی کرا.

لەوانە:

ا- چاككردنەوەی سەربانی حەرەم.

ب- کاشی ڕیژەی ناو حەوشەکەی.

ج- ڕیكخستنی بەشی دەست نویژگرتن.

د- چاككردنەوەی ئاودەستەکانی.

٣- بـۆ جـاری دووەم، هـەمان سـەرچاوەی پێشـو لەسـالی ١٩٩٧دا هەسـتان بەچاككردنەوەی بەشەکانی تری مزگەوت.

ناوی بەشێك لەو مامۆستایانەی لەم مزگەوتە پێش نوێژیان کردووە.

١- مامۆستا مەلا سەید عزیز سەید حسن.

٢- مامۆستا مەلا محمدی (مەمیخەلی).

---

١- نـاوی تـەواوی (حـاجی محمـود کـوڕی عبدالله عەلافـە) ئـەو زاتـە لـەڕۆژی ١٩٥٦/٨/٥ بەکارەساتی لیکدانی ئوتومبیل کۆچی کردو لە ناو مزگەوت بە خاك سپیردرا.

٣- مامۆستا مەلا ابوبكری كۆیی.
٤- مامۆستا مەلا عبدالرحمنی هەمزەكۆری.
٥- مامۆستا مەلا عمر حمد حاجی (مەلا عمری تەرجان).
٦- مامۆستا مەلا عبدالقادر رسول بەحركەیی.
دوا مەلا، مامۆستا مەلا (یاسین ابراهیم عبدالله)یە. ئەو زاتە لە ١٩٨٧/٩/١وە لەم مزگەوتە پێش نوێژ و وتار خوێنە.

**بەشەكانی:**

١- حەرەم: بەئەندازەی (٨×١٢)م و بەرزی (٥)م حەرەمێكی بۆ دروست كراوە، سەرەكەی چاتی‌یەو ناوەكەی كاشی‌یە، میحراب و مینبەرو مەحفەلی بۆ كراوە، بەشێوەیەكی چاك پڕ فەرش كراوەو پێداویستی بۆ دابین كراوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە لەسەر بەشی دەست نوێژگرتن چەند ژوورێك دروست كراون، یەكێ لەو ژوورانە ژووری پێش نوێژە، ئەو ژوورەش پێداویستی‌یەكانی دابین كراوە.

٣- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە، لە (٧) ئاودەست و (٧) بۆڕی ئاوی گەرم و سارد چەند سەكۆیەك بۆ دانیشتن پێكهاتووە.

٤- حەوشەكەی: پانتایی حەوشەكەی دەگاتە (١٠٠)م٢ و سەرانسەر كاشی ڕێژ كراوە، بەمەدای (١,٥)م لەشەقامی سەرەكی بەرزترە.

بەشێوەیەكی گشتی مزگەوتێكی پاك و خاوێن و خاوەن جەماوەرە، ئاوو كارەبای لەسەرچاوە گشتی‌یەكانی میریەوە وەرگیراوە.

١٩٩٧/١٢/٦

**سەرچاوەكان:**

١- سەردانی مزگەوت و بەشەكانی لەنزیكەوە.
٢- چاوپێكەوتن بە:
أ- مامۆستا مەلا یاسین/ پێش نوێژو وتارخوێن لەمزگەوت.
ب- بەڕێز پارێزەر اكرم محمود/ كوری خوالێخۆشبوو محمود عەلاف.
ج- بەڕێز كاك مولود محمود/ كوری خوالێخۆشبوو محمود عەلاف.

# ٢٩- مزگەوتی شێخ عمری بالیسانی[١]



ئەم مزگەوتە، کەوتوتە گەڕەکی سێتاقان، تەنیشت مزگەوتی خەلیفە مەلا احمد

سەرەتای دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٥٢ز لەسەر بڕیاری شێخ عمری شێخ طەی بالیسانی دەست بەدروست کردنی کرا، لەسەر ئەرزێك پانتایەکەی خۆی لە (٦٠٠)م چوارگۆشە دەدات.

**قۆناغەکانی:**

١- لەسەرەتادا، وەك بیناسازی ئەو سەردەمە، لەگەچ و کەرپوچ و چەمەنتوو شێلمان دروست کرا.

٢- لەساڵی (١٩٦٩-١٩٧٠)ز بۆ جاری یەکەم مزگەوتەکەیان روخاندو سەر لەنوێ دروست کرایەوە بەسەرپەرشتی کاك یاسینی ئەندازیارو وەستا طەو وەستا مولود.

ناوی مەلاو پێش نوێژەکانی.

١- لەساڵی ١٩٨١وە مامۆستا مەلا ابوبکری شێخ طەی بالیسانی ووتارخوێن و پێش نوێژی دەکات، جەنابیان برای کاك شێخ عمردو لەدایك بووی ساڵی ١٩٢٩یە

٢- جەنابی مەلا عبدالباسط-یش پێش نوێژە، جەنابیان لەدایك بووی ساڵی (١٩٦٠)و کوری شێخ عمری بالیسانە.

٣- پێش ئەم زاتە، مامۆستا مەلا عمری باشتەپەیی لێبوو مەلا عمر لەهەمان کات دا لەمزگەوتی حاجی (مولود) بوو.

---

١- ناوچەیەکە لە خۆشناوەتی، نێوان (سەروچاوەو خەلیفان) ئەو دۆڵە سەرانسەرو دامێن چیای کۆرەك.

**بەشەکانی:**

١- حەرەم: بەنەندازەی (١٢×١٦)م و بەرزی (٥)م حەرەمێکی بۆ دروست کراوە، سەرەکەی کۆنکریتەو ناوەکەی کاشی گۆمەتێکی بازنەی هەیە، ناوقەدی (٦)م دەبێ، میحراب و مینبەری هەیە، مەحفەلەکەی لەمەحفەلی مزگەوتەکانی تر ناچێ لەبەرزی (٢)م بەرینی (١)م مەحفەلێکی سەرانسەری هەیە، بەهەر چوارلادا سوڕاوەتەوە، بەتێرو پڕی پێداویستی لەهەموو ڕوێکەوە دابین کراوە.

٢- ژووری مەرقەد: لەلای دەستی چەپی حەرەم، ژوورێك هەیە کراوەتە مەرقەدو (٢) دانە گۆڕی تێدایە، لەوانە:

ا- گۆڕی خوالێخۆشبوو شێخ عمر شێخ طەی بالیسانی.

ب- گۆڕی خوالێخۆشبوو بابەشێخ شێخ عمر بالیسانی.

دۆستانی ئەم بنەماڵە سەردانی مەرقەدەکە دەکەن، سەبوورییانی پێ دێت.

٣- ژووری پێش نوێژ: لەدەستە ڕاستی چوونە ژوورەوە لەدەرگای مزگەوت چەند ژوورێك هەن یەك لەناو یەك و ژووری ئەوسەریان کراوەتە ژووری شێخ عبدالباسط، بەشێوەیەکی پوختە ئەم ژوورە رازاوەتەوەو پێویستی بۆ دابین کراوە.

٤- لەم مزگەوتە مەڵبەندێکی خوێندنی هەیەو کاتی خۆی دەیەها فەقێ‌ی لێ بووە بۆ دەرس خوێندن.

٥- جێگای نوێژکردنی هاوینە: بۆ ئەم مەبەستە جێگایێکی (٦×٨)م دروست کراوەو دراوەتە دەم بەشی دەست نوێژ، سەرەکەی کۆنکریتە.

٦- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە لە(٥) ئاودەست و (١) خۆشۆرو (٩) بۆڕیو (٥) سەکۆی دانیشتن و (٢) ئامێری ئاو گەرم کردن پێك هاتووە.

٧- حەوشەکەی: سەرانسەری کاشی ڕێژە، تەنها یەك بنەدار خورمای لێیە.

بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی ڕێك و پێکەو جەماوەرێکی زۆر هاتوچۆی دەکەن. سەرچاوەی ئاوو کارەبای لەمیرییەوەیە.


١٩٩٧/١٠/١٥

**سەرچاوەکان:**

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن بە بەڕێز مامۆستا مەلا عبدالباسط.

## ٣٠- مزگەوتی حاجی ابراهیم سعید[1]



ئەم مزگەوتە کەوتۆتە پشت گومرگی کۆن. نزیک مزگەوتی حاجی ڕەمەزان.

سەرەتای دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٥٢)و لەسەر بڕیاری حاجی ابراهیم سعید سعداللە دروست کرا.

سەرجەم پانتایەکەی (٢٠٠)م٢ چوار گۆشەیە.

ناوی مامۆستاکانی ئەم مزگەوتە:

١- مامۆستا مەلا سعید عبدالواحد.

٢- مامۆستا مەلا عمر.

٣- دوا مەلایان مامۆستا مەلا (احمد مەلا محمد مەلا سعیدە) ئەم زاتە ماوەیەکی زۆرە لەم مزگەوتەیەو لەدایک بووی ساڵی (١٩٢٢)ە.

**بەشەکانی:**

١- حەرەمەکەی (٦×١٠)م و بەرزی (٥)م دەبێ‌و تەنها میحرابی هەیە، تاڕادەیەکی چاک پێداویستی ئەم حەرەمە دابین کراوە، بەرهەیوانێکی مام ناوەندی بۆ کراوە.

٢- لەسەربانی ژووری گۆڕستان، لەبەر دەرگای حەوش ژوورێک بۆ پێش نوێژ دروست کراوە، تاڕادەیەك پێداویستی ئەم ژوورە دابین کراوە.

٣- ژووری گۆڕستان: ئەم ژوورە کەوتۆتە دەستە چەپ لەچوونە ژوورەوەی مزگەوت و لەناو حەوشەی مزگەوت نزمترە. (٦) گۆڕی تێدایە لەخانەوادەی حاجی ابراهیم.

---

١- ئەو زاتە لەڕۆژی ١٩٧٦/٢/٢٨ کۆچی کردو لەناو مزگەوت بەخاك سپێردرا.

٤- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە لە (٢) دانە ئاودەست و (٢) بۆڕی پێك هاتووە.

٥- حەوشەكەی: لەناو حەوشەكەی و لەبن دیواری لای خۆرهەڵات سەكۆیەك بۆ دانیشتن دروست كراوە، ئەوەی شایانی باسە، دەیەها مەڵكانەی گوڵ لەناو حەوشەی مزگەوت ڕیز كراوە.

بەشێوەیەكی گشتی مزگەوتێكی مام ناوەندییەو جێگای تایبەتی خۆی هەیە، ئاوو كارەبای لەمیرییەوەیە وەرگیراوە.

١٩٩٧/١٠/١٤

**سەرچاوەكان:**

١- سەردانی مزگەوت و بەشەكانی لەنزیكەوە.

٢- چاوپێكەوتن بەمامۆستا مەلا احمد مەلا محمد/ پێش نوێژی مزگەوت.

# ٣١- مزگەوتی حاجی قادر قەرەنی (باریكە)

ئەم مزگەوتە كەوتۆتە گەڕەكی تەیراوە، پشت بنكەی تەندروستی تەیراوە، بەرامبەر مزگەوتی حاجی عبدالله حەمامچی.

(حاجی قادر)[1] باریكە، لەساڵی ١٩٥٣ز دروستی كرد.

ڕووبەرەكەی (١٨٠)م٢.

**قۆناغەكانی:**

١- لەسەرەتا بەكەرپووچ و گەچ و چەمەنتۆ بوو.

٢- لەساڵی ١٩٨٧ پیاوێكی موسڵاوی هەبوو بەناوی حاجی احمد هەستا بەچاككردنەوەی كەم و كورتیەكانی مزگەوت پاش شەهیدبوونی كوڕێكی لەجەنگی نێوان عێراق و ئێران.

ناوی مامۆستاكانی ئەم مزگەوتە:

١- مامۆستا مەلا محمدی خەلیفە.

٢- مامۆستا مەلا عبدالرحمن گاینجی.

---

١- ئەو زاتە، لەدایك بووی ساڵی (١٩٠٤) بوو، لەڕۆژی ١٩٨٥/٦/١٦ كۆچی كردو هەر لەناو مزگەوت لەتەنیش گۆڕی خێزانی نێژرا لەژوورێكی بچووكدا.

٣- مامۆستا مەلا عمر محی‌الدین صالح.

٤) مامۆستا مەلا محمد عبدالله ابوبكر.

ئەو دوو زاتەی دواوە لەساڵی (١٩٨٤) وە لەم مزگەوتە بە پێش نوێژ دامەزران.

## بەشەكانی:

١- حەرەم: بەئەندازەی (٤×٩)م حەرەمێكی بۆ كراوە سەرەكەی كاریتەیەو ئاوەكەی (خشتی سور)[1] میحراب و مینبەرو بەرهەیوانی هەیە، تارادەیەك پێداویستی ئەم حەرەمە دابین كراوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە بەئەندازەی (٢,٥×٢,٥)م ژوورێك دروست كراوەو دەرگای ئەلەمنیۆمی لێ بەستراوە.

٣- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە لە (٥) بۆڕی‌و (٥) سەكۆی دانیشتن و (٣) ئاو دەست و دەست شۆرێكی فەخفوری پێك هاتووە.

٤- حەوشەكەی سەرانسەر كاشی‌یەو ژوورێكی هەیە بۆ كەل و پەلی زیادە.

سەرچاوەی ئاوو كارەبای لەسەرچاوە گشتی‌یەكانی میری‌یەوەیە.

١٩٩٧/١٢/١٠

## سەرچاوەكان:


١- سەردانی مزگەوت و بەشەكانی لەنزیكەوە.

٢- چاوپێكەوتن بەمامۆستا مەلا (عمر محی‌الدین)و حاجی جمعە عزیز، دراوسێی‌و پیاو ماقوڵی گەڕەك، كوڕێكی خوالێخۆشبوو حاجی قادر باریكە.

---

١- خشتی سور: جۆرە پارچە كەرپوچێكە چوارگۆشە، (٢٥×٢٥) سم و تایبەتە بۆ ناو حەوشەو ماڵ.

# ٣٢- مزگەوتی حاجی عبداللە قوربانی



ئەم مزگەوتە، کەوتوتە گەڕەکی سەیداوە، نزیک مزگەوتی عبداللە همزە.

سەرەتای دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٥٤)ز حاجی عبداللە قوربانی خۆی و هەندێ خێرخواز بوون بەهۆی دروست کردنی.

ڕووبەرەکەی (٢٥٠)م چوارگۆشەیە.

## قۆناغەکانی:

١- سەرەتای دروست کردنی بەقوڕو خشت و کاریتە بوو وەکو هەموو خانووبەرەی ئەو سەردەمە.

٢- لەساڵی ١٩٨٨ لەژێر تەمەڵەوە (بناغەوە) ڕوخاندیان و سەر لەنوێ بەهیمەتی خێرخوازان دروست کرایەوە.

ناوی مامۆستاکانی:

١- مامۆستا مەلا قادری لێ بوو ماوەیەک، بەڵام کۆچی دوایی کرد.

٢- پاش ئەو، مامۆستا مەلا (جمال کاکو سعید) هات و ئەویش بۆ مزگەوتی (فەتحی بێکەس) گوێزرایەوە.

٣- ئێستاکە بەبێ پێش نوێژە.

## بەشەکانی:

١. بەئەندازەی (١٠×١٠)م حەرەمێکی جوانی بۆ دروست کراوە، سەرەکەی کونکریتەو ناوەکەی کاشی، پێداویستیەکانی تاڕادەیەک دابین کراون.

٢. ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە لەسەربانی حەرەم بەئەندازەی (٥×٤)م ژوورێک بۆ حەوانەوەی ئیمام دروست کراوە.

٣. بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە کراوتە دوو بەشەوە، بەشی ئاودەستەکان لەوبەر کۆڵانەکەوەیە، بەڵام بۆری دەست نوێژگرتن لەناو حەوشەی مزگەوتە (٦) ئاودەست و (١) خۆشۆرو (٦) بۆری ئاوی گەرم و ساردی هەیە.

حەوشەکەی سەرانسەر کاشی ڕێژەو شێوەیەکی پوختەی هەیە بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی پاك و خاوێنە، تەنها بەشی ئاودەستەکان نەبێ، تاڕادەیەك فەرامۆش کراوە.

سەرچاوەی ئاوو کارەبای لەمیرییەوە وەرگیراوە.

١٩٩٧/١٠/١١


**سەرچاوەکان:**

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.

٢- گفتوگۆ کردن لەگەڵ چەند ئەختیارێك لەناو مزگەوت.

٣ - چاوپێکەوتن بەمامۆستا مەلا جمال کاکو سعید پێش نوێژی پێشووی مزگەوت.

# ٣٣- مزگەوتی شێخ محمدی بالیسانی(١)



ئـــەم مزگەوتـــە، کەوتۆتـــە گـــەڕەکی تەیراوە، نزیك مزگەوتی حاجی مجید قەردار.

ســەرەتای دروســت کردنـی دەگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵی (١٩٥٥ز) لەسـەر بڕیـاری (شـێخ محمـد شێخ طـە)ی بالیسـانی دەست بەدروست کردنی کراو خێرخوازان دەوریان لەدروست کردنیدا بینی.

رووبەرەکەی (٢٥٠)م چوار گۆشەیە.

لەساڵی ١٩٨٧وە مامۆستا مەلا (انور کریم محمد)ی لێیە بەپێش نوێژ ، ئەم زاتە لەدایك بووی ساڵی (١٩٤٦)ە.

---

١- بڕوانە پەراوێزی مزگەوتی (شێخ عمر بالیسانی).

تێبینی: لە کاتی وێنەگرتن، لە ٢٠٠١/٤/٢٣ دەرکەوت ئەم مزگەوتە زۆر بە جوانی سەرلەنوێ دروست کراوەتەوە.

## بەشەکانی:

١- حەرەم: بەئەندازەی (٨×١٢)م و بەرزی (٤)م حەرەمێکی بۆ دروست کراوە، سەرەکەی چاتی‌یەو ناوەکەی کاشی‌یە، تەنها میحرابی هەیە، بەبێ مینبەرو مەحفەلە بەمەودای (٣×٨)م بەرهەیوانی بۆ کراوەو پێداویستیەکانی تاڕادەیەك دابین کراوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە بەئەندازەی (٣×٤)م ژوورێك لەبەرهەیوانی حەرەم دروست کراوە، تاڕادەیەك پێداویستیەکانی دابین کراوە.

٣- ژووری کەل و پەل: دوو ژوور هەن بەتەنیشت یەکەوە، بۆ کەل و پەلی زیادەی مزگەوت.

٤- بەشی دەست بەئاوگەیاندن و دەست نوێژ: ئەم بەشە بریتی‌یە لە (٣) بۆری ئاوو (٣) سەکۆی دانیشتن و (٣) ئاودەست.

حەوشەیەکی خنجیلانەی هەیە، لەگەڵ دەرگایەکی بچوك لەدەرگای مزگەوت ناکات. ئاوو کارەبای لەسەرچاوەکانی گشتی‌یەوە وەرگیراوە.

١٩٩٧/١٢/٩

## سەرچاوەکان:

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن و گفتوگۆ لەگەڵ مامۆستا مەلا (انور کریم) پێش نوێژی مزگەوت.

# ٣٤- مزگەوتی سەید غریب سەید فرج بەرزنجی[١]

ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە گەڕەکی سێتاقان، سەر شەقامی سەرەکی ئەو گەڕەکە.

لەساڵی (١٩٥٧) سەید غریب سەید فرج بەرزنجی دروستی کرد.

سەرجەم پانتایەکەی (٨٠٠)م چوارگۆشەیە.


## قۆناغەکانی:

١- سەرەتای دروست کردنی بەم شێوەو پانتاییە نەبوو کاتی خۆی بەقوڕو کاریتەو خشت دروست کرابوو.

---

١- خوا لێ خۆشبوو (سەید غریب) لەسەیدەکانی بەرزنجەیەو بەزۆری لەگوندی (گێشکە) دانیشتووە، لەسەرەتای پەنجاکان هاتۆتە شاری هەولێرو لەڕۆژی ١٩٨٥/٧/٢١ وەفاتی کردو لەناو مزگەوت تەسلیم بەخاك کرا.

2- لەساڵی 1976 تاڕادەیەکی چاك دەستکاری کراو هەندێ لەبەشەکانی سەر لەنوێ دروست کرایەوە.
3- لەساڵی 1983 هەمان دەستکاری بەخۆیەوە دیت و بەشێك لەکەم و کورتیەکانی چارەسەر کرا.



لەم مزگەوتە چەند مەلاو زانایەك رۆڵییان لێ بینیوە، لەوانە:
1- مامۆستا مەلا ابوبکری قەڵاسنج.
2- مامۆستا مەلا بهاءالدین احمد عبداللّه، ئەم زاتە لەساڵی 1976وە لەم مزگەوتەیە.

## بەشەکانی:

1- حەرەم: لەسەرەتادا حەرەمێکی بۆ دروست کرا بەپانتایی (10×18)م و لەگەڵ میحراب و مینبەرو مەحفەل، بەشێوەیەکی تێرو پڕ پێداویستیەکانی دابین کرا.
2- حەرەمی دووەم: لەساڵی 1997 پارچە زەوی‌یەك هەبوو، لەبەشی لای خۆرهەڵاتی مزگەوت، ئەم پارچە زەوی‌یە کرایە بیناو درایە دەم پانتایی حەرەمی یەکەم، بەمە حەرەمەکە تاڕادەیەکی چاك فراوان بووە.
3- هەر لەسەر ئەو حەرەمە تازەیە هۆڵێك بۆ نوێژ کردنی ئافرەتان دروست کراو دەرگای کەوتۆتە کۆڵانی ئەو دیوو.
گومەتەکەی: لەسەر حەرەمی یەکەم گۆمەتێکی بەرزی (10)م بۆ دروست کراو، (10) دانە پەنجەرەی لێ بەستراوە بۆ ڕوناکی.
ئەم دوو حەرەمە تاڕادەیەکی چاك پێداویستی بۆ دابین کراوە چەند ژوورێکی تر هەن لەم مزگەوتە، لەوانە:
ا- ژووری پێش نوێژو وتارخوێن، کەوتۆتە بەرهەیوانی حەرەم.
ب- مەکتەبە، کەوتۆتە سەر ژووری گۆڕستان.
ج- گۆڕستان، ئەم ژوورە چەند گۆڕێکی گرتۆتە خۆی لەوانە گۆڕی مام سەید غریب و سەید محمدی کوڕی.
د- ژوورێکی بچووك بۆ مردوو شۆردن.

تاڕادەیەکی باش هەموو ژووری لەو ژوورانەی لێی دوایـن پێداویستی خۆی بۆ دابین کراوە.

بەشی خۆ پاك کردنەوەو دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە لە (٩) بۆری بۆ دەست نوێژو (٨) سەکۆی دانیشتن و (٥) ئاودەست پێك هاتووە.

حەوشەکەی: تاڕادەیەك بچوکە، هەمووی کاشـی ڕێـژە، دەرگـای ئاسـنی دوو لای گەورەی هەیە، کەوتۆتە سەر شەقامەکە، تاڕادەیەك مزگەوتێکی پوختەیەو خەڵکی ئەو دەورو پشتە هاتوچۆی دەکەن.

جەنابی کاك سەید عمر سەید غریب بۆتە موتەوەلیو سەرپەرشتی مزگەوت.

ئاوو کارەبای لەمیرییەوە وەرگیراوە.

ئەوەی جێی وەبیر هێنانەوەیە بەڕێز کاك (احمد صادق حمدامین ئاغای کۆڕێ) دەستێکی باڵای هەبوو لەو دەستکاری کردن و فراوان کردنەوەیانە.

١٩٩٧/١٠/١٥

**سەرچاوەکان:**

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن و گفتوگۆ لەگەڵ بەڕێزان:

أ- مامۆستا مەلا بهاءالدین خەتی/ پێش نوێژو وتارخوێن.

ب- مامۆستا سەید عمر سەید غریب/ سەرپەرشتیارو بانگدەر.


# ٣٥- مزگەوتی مەلا عبداللە همزە[1]

ئـەم مزگەوتـە، کەوتۆتـە سـەیداوە، پشـت بـیرە ئاوەکـە، نزیـك مزگـەوتی عبداللّـە قوربانی.

سەرەتای دروست کردنی، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٥٧)ی زایینی کاتی خۆی خزم و کەسـی مامۆسـتا مـەلا عبداللّـە هـەمزە کۆبوونـەوەو بڕیـاری دروسـت کردنـی مزگەوتێکیان دا، بەمەرجێك مەلا عبداللّە پێش نوێژیان بۆ بکات، پێش تـەواو بوونی مـزگەوت، لەسەردەمی (عبدالکریم قاسم سەرۆکی کۆماری پێشووی عێراق، خولێکی

---

١- لە کاتی وێنەگرتن، لە ٢٠٠١/٤/٢٣، دەرکەوت (رابتەی اغاسەی ئیسلامی لە کوردستان) دەسـتکاریێکی مزگەوتەکـەی کـردووەو سـەر لـەنوێ لەسـەر شـێوەیێکی جـوان دروسـتی کردۆتەوە.



تایبـەت بـۆ مـەلاو فەقێیـەکان کرایـەوە هـەندێکییان بوونـە مامۆسـتای قوتابخانـە سـەرەتاییەکان، مامۆسـتا یـەکێ بـوو لـەو کۆمەڵـەو کرایـە مامۆستای قوتابخانـە، مـەلا عبداللـە توانـی قەناعـەت بەمامۆسـتا مـەلا (عمری مەلا عبداللّە)ی باشتەپە بکات کە بێتە ئەم مزگەوتە، بەڵێ مامۆستای خوالێخۆشبوو مامۆسـتا مـەلا (عمـر عبداللـە) کرایـە پێـش نوێژو بۆ ماوەیەکی زۆر هەر لەساڵی ١٩٥٩ز وە تـاکو سـاڵی ١٩٩٣ز، ئـەو زاتـە لـەرۆژی ١٩٩٣/١٢/٢٧ز کۆچی دوایی کـرد، هـەر بـەم هۆیەوە بوو گەلێ کەس دەیووت مزگەوتی مەلا عمری سەیداوە، ئێستا ئـەم دوو زاتـە لـەوێ پێش نوێژی دەکەن:

أ- مامۆستا مەلا محمدی مەلا سلیمانی ئاومالەی لەساڵی ١٩٨٢وە لێرەیە.

ب- مامۆستا مەلا جعفری مەنتك، بۆ (٣) ساڵ دەچێ لێرەیە.

## قۆناغەکانی:

١- لەسـەرەتادا وەکو هـەموو خانووبـەرەی ئـەو سـەردەمە بەخشت و قـوڕو کاریتـە دروست کرا.

٢- لەکۆتایی شەستەکان دەست کاریەکی چاك کراوە بەشێکی کرایـە کـەرپوچ و گەچ و چەمەنتۆو چاتی.

سەرجەم پانتایەکەی (٢٣٤)م چوار گۆشەیە.

## بەشەکانی:

١- حـەرەم: وەکو زۆربـەی مزگـەوتـەکان حـەرەمێکی لاکێشـەیی بـۆ دروسـت کـراوە بەمـەودای (٥×١٢)م سـەرەکەی کونکریتـە، تەنـها میحرابـی هەیـە، تاڕادەیـەك پێداویستییەکانی دابین کراون، بەرهەیوان و دینگەی سەربانی هەیە.

٢- ژووری پێش نوێژ: تەنها یەك ژووری هەیە، ئەویش بۆ حەسانەوەی پێش نوێژ تەرخان کراوە، تاڕادەیەك هەندێ ڕایەخ و پێویستی بۆ دابین کراوە.

٣- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە پێك هاتووە لە:

ا- (٦) بۆری بۆ دەست نوێژ.

ب- (٤) ئاودەست بۆ سەرئاو.

ج- (١) خۆشۆر- سەرشۆرگە.

لەوە دەچێ لەکاتی خۆی هۆڵی پرسەی هەبووبێ، بەڵام لەبەر ئەوەی شەقامی بەر دەرگای مزگەوت فراوان کراوتەوە ئەوا لایەکی ئەو مزگەوتەی بەرکەوتووەو روخێندراوە.

تاڕادەیەك مزگەوتێکی پوختەیە، دانیشتوانی دەوروبەری هاتوچۆی دەکەن، سەرچاوەی ئاوو کارەباری لەسەرچاوەی میری‌یەوە وەرگیراوە.


١٩٩٧/١٠/١١

**سەرچاوەکان:**

ا- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.

ب- چاوپێکەوتن بەجەنابی مامۆستا مەلا محمدی مەلا سلیمان باشتەپە.

## ٣٦- مزگەوتی خورشید عالیم



ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە گەڕەکی زانیاری نێوان خانەقای شێخ رەشید لولان و تەکییەی شێخ فوئاد قادری.

سەرەتای دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٥٨ز، کاتی خۆی جەنابی (حاکم حیدر ئاغا) دروستی کرد.

سەرجەم رووبەرەکەی (١٠٠٠)م چوارگۆشەیە.

ناوی هەندێ لەمامۆستاکانی:

١- مامۆستا مەلا مسعودی مەلا احمدی ئاشوکەیی، ئەم بەڕێزە لەساڵی ١٩٩٢

كۆچی دوایی کرد.

٢- مامۆستا مەلا علی غفور، ئەم زاتە لەساڵی ١٩٩٤وە لەم مزگەوتەیە، پاش کۆچ کردنی مەلا مسعود.

٣- مامۆستا مەلا نجم الدین مەلا حمدامین مەلا سلیمان بەحرکەییش لەم مزگەوتە بانگدەرە، جەنابیان لەدایک بووی ساڵی ١٩٤٩یە.

## بەشەکانی:

١- حەرەم: حەرەمەکەی (٢٠٠)م و بەئەندازەی (١٠×٢٠)م دروست کراوە، دیواری کەرپوچ و سەرەکەی کۆنکریتەو ناوەکەی چەمەنتۆیە، زۆر بەباشی پێداویستییەکانی دابین کراوە، میحراب و مینبەرو محفەلی ڕێك و پێکی هەیە، لەسەربانی حەرەم منارەیەکی لەئاسن دروست کراوی بۆ بەرز (قیت) کراوەتەوە. ناوقەدی (٢)م دەبێو بەرزی (١٠)م بڵندگۆیەکانی لێ بەستراوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە بەمەودای (٤×٥)م ژوورێك دروست کراوەو بەشێوەیەکی چاك پێداویستی ئەم ژوورە دابین کراوە.

٣- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە پێك هاتووە لە:

ا- (٥) دانە ئاودەست.

ب- (٥) جووت بۆری (خلاط).

ج- (١) حەمام- سەرشۆرگە.

٤- ناو حەوشەکەی کراوەتە کاشیو لایەکی چەمەنتۆیە، دەرگایەکی گەورەی لەئاسن دروست کراوی هەیەو لەسەر دەرگاکە بەعەرەبی نووسراوە (مسجد خورشید العالم- شید سنة "١٣٧٩هـ- ١٩٥٨م).

بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی پوختەو تێرو پڕ دروست کراوە، خانویەکی بچوکی هەیە، خێزانی مەلا نجم الدینی تێدایە، ئاوو کارەبای لەمیرییەوە وەرگیراوە.


١٩٩٧/٧/٧

## سەرچاوەکان:

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن بە مەلا نجم الدین بەحرکەیی موئذن (بانگدەر).

# ٣٧- مزگەوتی حاجی سلیمان قەساب



ئـــەم مزگەوتـــە، کەوتۆتە ســەر شـەقامی گــەڕەکی (رونـــاکی- موفتی) سەر بەگـەڕەکی کۆمـــاریو بەرامبـــەر بـــەخانووە کۆنـــەکانی ئیسکان.

ســەرەتای دروســت کردنی دەگەڕێتــەوە بــۆ ساڵی ١٩٥٩ز، دانیشتوانی ئەو گەڕەکە هەموو پێکەوە هەستان بەدروست کردنی، پاش کۆمەك کردن، خوالێخۆشبوو حاجی (سلیمان عمر سعید) کرا بەسەر پشك بۆ دروست کردنی، ئەم زاتە سەرپەرشتی دروست کردنی کردو خۆشی بەشداری لەکۆمەك کردن کرد.

پانتایەکەی (٤٠٠)م چوارگۆشەیە.

**قۆناغەکانی:**

١- لەسـەرەتادا، پانتاییەکـەی (٢٢٠)م بـوو، شێوەی بیناسـازی وەکـو هـەموو خانووبەرەی ئەو سەردەمە بوو.

٢- پاش ماوەیەك پارچەیەك زەوییان کڕیو مزگەوتەکەیان فراوان کردەوە.

٣- لەساڵی (١٩٧٥) بەیارمەتی ئەوقاف، مزگەوتەکە لەبناغـەوە روخێنـدراو سـەر لەنوێ دروست کرایەوە.

٤- کاتی سەردانی مزگەوتمان کرد، کاری لێ دەکرا لەوانە کـەف مـال و لـەیخ و کاشیو شتی لەم بابەتە.

پاش کۆچ کردنی خوالێخۆشبوو، حاجی سلیمان لەساڵی (١٩٨١) ئەوا حاجی عاکفی کوڕی سەرپەرشتی مزگەوتەکەی گرتە ئەستۆ.

ناوی هەندێ لە مامۆستاکانی:

١- مامۆستا مەلا سەید اسماعیل.

٢- مامۆستا مەلا احمد.

٣- مامۆستا مەلا عزیز قازی خانەی سۆربەش.

مامۆستا مەلا عزیز لەبەر ئەختیاریو کەم توانای، زۆر کەم هاتوچۆی بۆ مزگەوت دەکات.

## بەشەکانی:

١- حەرەم: بەئەندازەی (١٠×١٠)م حەرەمێکی چوارگۆشەی بۆ دروست کراوە، تەنها میحرابی هەیە لەیەکێ لەگۆشەکانی، تارادەیەك پێداویستی حەرەمی بۆ دابین کراوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە بەمەودای (٥×٢,٥)م ژوورێك بۆ دانیشتنی ئیمام دروست کراوە.

٣- هۆڵی وانەوتنەوە: لەساڵی ١٩٩٦ لەلایەن یەکێ لەرێکخراوە ئیسلامیەکان هۆڵێك لەم مزگەوتە دروست کرا بۆ وانە خوێندن کەرەستەو پێداویستی بۆ دابین کراوە.

٤- لەم مزگەوتە شوێن هەواری (٢) گۆڕ هەن یەکەمیان گۆڕی خوالێخۆشبوو حاجی سلیمان قەسابەو ئەوی تر گۆڕی یەکێ لەکورەکانیەتی.

٥- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە پێك هاتووە لە:

أ- (٤) ئاودەست ب- (٥) بۆری ج- (٥) سەکۆی دانیشتن د- حەوزی ئاوی تایبەت.

بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی خنجیلانەی رێك و پێکە دانیشتوانی گەڕەك هاتوچۆی دەکەن.

سەرچاوەی ئاوو کارەبای لەسەرچاوە گشتی‌یەکانی میری‌یەوە وەرگیراوە.


١٩٩٧/٧/١٣

## سەرچاوەکان:

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.

٢ - چاوپێکەوتن و گفتوگۆ کردن لەگەڵ بەڕێز کاك (حاجی عاکف حاجی سلیمان) کارمەندی پێشوی ئەوقاف.

# ٣٨- مزگەوتی الصدیق[1]



ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە سەر ڕێگای عەنکاوە، لەسنووری گەڕەکی (کورانی عەنکاوە).

سەرەتای دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٦٠) خەڵکی ئەم گەڕەکە، هەرچەندە کاتی خۆی لەگوند دەچوو هەموو ڕێککەوتن لەسەر دروست کردنی مزگەوتێك. ئەوەبوو ڕۆیشتنە لای (بەڕێوەبەری ناحیەی عەنکاوە) لەو سەردەمە پیاوێکی چاك بەڕێوەبەری ناحیە بوو بەناوی (سەید هاشم) بەڕەگەز خەڵکی شاری موسڵ بوو، ئەو زاتە بێ سێ و دوو ڕەزامەندی خۆی دەربڕی و بڕیاری دەست نیشان کردنی زەوی مزگەوتی‌دا.

سەرجەم پانتایی‌یەکەی (١٢٥٨)م چوارگۆشەیە.

## قۆناغەکانی:

١- لەسەرەتادا لەساڵی ١٩٦٠ ئەم مزگەوتە بەکەرپوچ و قورو کاریتە دروست کرا.

٢- لەڕۆژی ١٩٨٤/٦/١١ خێرخواز حاجی جمال سعدالله هەستا بەچاککردنەوەی کەم و کوری‌یەکانی.

٣- لە ١٩٩٠/٥/١ هەمان بەڕێز بۆ جاری دووەم سەردانی مزگەوتەکەی کردەوەو جارێکی تر بەباشی دەستێکی پێدا هێناو کەم و کوری‌یەکانی چارەسەر کرد.

٤- لەساڵی (١٩٩٤) بەیارمەتی (سەبتی)[2] پارەیەکی زۆر لەم مزگەوتە خەرج کراوە منارەیەکی چاکی لەکەرپوچ بۆ دروست کرا لەگەڵ:

أ- کاشی کردنی حەوشەی مزگەوت سەرانسەر.

---

١- سەبارەت بەخەلیفەی ئیسلام (ابوبکر الصدیق) ناو نراوە.

٢- ئەو بەڕێزە بەڕەگەز خەڵکی وولاتی (الجزائیر) بوو، بەڵام هەڵگری ناسنامەی (ئەمریکا) بوو، سەرۆکی یەکێ لەڕێکخراوەکانی بیانی بوو لەکوردستان- هەولێر، یەکێ بوو لەوانەی بەزۆری لەم مزگەوتە نوێژی دەکرد، بەتایبەت نوێژی هەینی.

ب- دەست کاری کردن و چاککردنەوەی ئاودەستەکانی.

جـ- چارەسەر کردنی کەم و کوڕی‌یەکانی حەرەم.

ناوی چەند مامۆستایەکی ئەم مزگەوتە:

١- مامۆستا مەلا عبداللەی مزگەوتی سپی.

٢_ مامۆستا مەلا عبدالقادر رسول بەحرکەیی.

٣- مامۆستا مەلا صدیق- ئێستاکە لەناوچەی بادینانە.

دوا مەلای مامۆستا مەلا (اسماعیل عمر مولود)ە لەساڵی (١٩٩١)وە پێش نوێژو ووتارخوێنە لەم مزگەوتە.

## بەشەکانی:

١- حەرەم: پاش فراوان کردنی، پانتایەکەی خۆی لە (١٢×٢٥)م دەدات، بەشێك لەدیوارەکەی بلۆك و ئەوی تر کەرپوچ، میحراب و مینبەرو مەحفەلی پوختەی هەیە بەمەودای (٣) مەتر بەرهەیوانی بۆ کراوە بەشێوەیەکی چاك پێداویستییەکانی دابین کراوە.

٢- منارەکەی:

ا- لەسەرەتادا بەڕێوەبەرایەتی ئەوقاف منارەیەکی هاکەزایی لەئاسن بۆ دروست کردبوو.

ب- لەساڵی (١٩٩٤) لەسەر ئەرکی ڕێکخراوی (سەبتی) منارەیەکی بەرزی (٣٠)م لەکەرپوچ بۆ دروست کرا، شێوەی بازنەیی‌یەو سەرەکەی گۆمەتی‌یەو لەناوەوەپەیژەی بەسەرکەوتنی هەیە، لەناوقەدا پشتینەی بۆ کراوە.

٣- ژوورەکانی تری مزگەوت: (٣) ژووری هەیە لەڕیز یەك دروست کراون:

ا- ژووری پێش نوێژو ووتارخوێن.

ب- ژووری بانگدەر.

جـ- ژووری مامۆستا لەم مزگەوتە چەند فەقێیەك هەن و چەند مەلایەك وانەیان پێ دەڵێن، ژووری سێیەم بۆ ئەو مامۆستایانەیە.

٤- هۆڵی پرسە: بۆ ئەم مەبەستە هۆڵێکی چاك بەرامبەر بەحەرەم دروست کراوە تاڕادەیەکی چاك پێداویستییەکانی دابین کراوە.

٥- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە کەوتۆتە دەستە چەپی دەرگای حەوشە لەچوونە ژوورەوە، لەم بەشانە پێك هاتووە:

ا- (١٤) جووت بۆری (خلاط) بۆ دەست نوێژ.

ب- (١٤) سەکۆی دانیشتن.

ج- (١٠) دانە ئاودەست.

د- (١) گەرماو/ خۆشۆر- سەرشۆرگە.

جگە لەژوورێك بۆ مردوو شۆردن، بەئەندازەی (٢×٣)م، حەوشێکی پوختەی ... چەندین داری جوانی لێ نێژراوە، ئەوی تر کراوتە کاشی ڕێژ. بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی چاکە، سەرچاوەی ئاوو کارەبای ئەم مزگەوتە لەسەرچاوەکانی ... وەرگیراوە

٢٥ ٩ ١٩٩٧

## سەرچاوەکان:


١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن بەجەنابی مامۆستا مەلا اسماعیل/ پێش نوێژو وتارخوێن.

٣- چەند کەسایەتیکی ئەختیاری گەڕەك.


# ٣٩- مزگەوتی حاجی طه قەساب

ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە پشت ئوتێلی زیتونە، کۆلانی بەرامبەر کۆلانی باخچەی گلکەند.

لەسالی (١٣٨١-١٩٦٠) لەسەر ئەرکی حاجی (طه)[1]ی قەساب دەست بەدروست کردنی کرا.

سەرجەم پانتایییەکەی (٤٠٠)م چوارگۆشەیە.

لەسەرەتادا چۆن دروست کراوە، هەروەکو خۆی ماوەتەوە بەبێ دەست کاری کردن، دیواری کەرپوچەو ئاوی کاشیو سەرەکەی کۆنکریتە.

ناوی هەندێ لەو مامۆستایانەی لەم مزگەوتە بوونە:

١- خوالێخۆشبوو مامۆستا مەلا صدیق نوغمرانی.


٢- مامۆستا مەلا سەید محمد پیرداود.

٣- مامۆستا مەلا خلیل دووسەرەیی

ئێستاش لەسالی (١٩٧٢)وە مامۆستا مەلا (عمر یوسف حمد)ی لێیە، ئەم زاتە ...

---

١- ناوی تەواوی ئەم زاتە (حاجی طه سعید ابراهیم قەساب)ە، لە ١٩٦٦/١/١ کۆچی دوایی کردو لەژوورێکی تایبەت لەناو مزگەوت تەسلیم بەخاك کراوە.



بەمەلا عمری چەمە زەردەڵــە بەناوبانگــە، لەدایک بووی ساڵی ١٩٢٩یە.

## بەشەکانی:

١- حــەرەم: بەئــەندازەی (٨×١٦)م و بــەرزی (٦)م حەرەمێکی بۆ دروستکراوە، سەرەکەی کۆنکریت ناوەکەی کاشی میحراب و مینبەرو مەحفەلی بۆ دروست کراوە، بەرهەیوانی رێك و پێکی هەیە، بەشێوەی باش پێداویستیەکانی دابین کراوە

٢- منارەکەی: لەگۆشەی لای خۆرئاوای حەرەم مناریەکی بەرزی لەکەرپوچ بۆ دروست کراوە ناوقەدی (٢)م دەبێ‌و بەرزی (١٠)م لەناوەوە قاڵدرمەی بەسەر کەوتنی هەیە.

٣- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە لەسەربانی بەشی دەست نوێژگرتن، ژوورێك دروست کراوە پێداویستی بۆ دابین کراوە،

٤- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە لەمانە پێك هاتووە:

ا- (٥) بۆڕی خەڵات- جووت بۆڕی.

ب- (٥) ئاودەست.

ج- (٥) سەکۆی دانیشتن.

د- جێگای تایبەت بۆ میزکردن.

بەشێوەیکی گشتی مزگەوتێکی پوختەیە، بەڵام بەداخەوە بەبێ خزمەتە، ئاوو کارەبای لەسەرچاوەکانی میریەوە وەرگیراوە.

١٩٩٧/١١/٦

## سەرچاوەکان

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن و گفتوگۆ کردن لەگەڵ:

ا- مامۆستا مەلا عمر چەمە زەردەڵەیی.

ب- کاك حاجی محمد حاجی طە قەساب.

# ٤٠- مزگەوتی (صديقة خاتوون)

ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە گەڕەکی عارەبان، نزیك مزگەوتی حاجی حسن بەزاز.



بەڵام لەسەر دەرگای نوسراوە (مسجد امينه بنت وهاب)و ئەمە ناویەتی لەدائرەکان بەتایبەتی ئەوقاف.

لەساڵی (١٩٦٠) دەست بەدروست کردنی کرا، لەسەر ئەرکی (خاتو صديقة مەلا صالح دەباغ).

ڕووبەرەکەی (٥٤٠)م چوارگۆشەیە.

ماوەیێکی زۆر مامۆستا (احمدی باداوای)[1] لێ بوو تاکو ساڵی ١٩٨٠، لەو کاتەشەوە مامۆستا مەلا (جرجیس ابراهیم خدر)ی[2] لێیە.

**بەشەکانی:**

١- حەرەم: بەئەندازەی (١٠×١٥)م و بەرزی (٥)م حەرەمێکی پوختەی بۆ دروست کراوە، لەم حەرەمەدا میحراب و مینبەرو مەحفەلی پوختە هەیە، تاڕادەیەکی چاك پیداویستیەکانی دابین کراوە.

٢- منارەکەی: لەبەردەرگای حەوشەکەی، لەکەرپوچ منارەیێکی بازنەیی بۆ دروست کراوە، بەرزی (١٢)م ناوقەدی (٢)م.

٣- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە ژوورێکی پوختە دروست کراوەو تاڕادەیەکی چاك پێداویستیەکانی دابین کراوەو وێنەی مامۆستا مەلا عبدالكريم مودەریس و خوالێخۆشبوو رشاد موفتی لێ هەڵواسراوە.

٤- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە لە (٨) بۆڕیو (٣) ئاودەست و (١) ئامێری ئاو گەرم کردن پێك هاتووە، لەسەربانی مزگەوت -ورێکی گەورە لەچەمەنتۆ بۆ ئاو

---

١- ئەم زاتە لەساڵی ١٩٨٠ خانەنشین کراو لەساڵی ١٩٨٢ کۆچی دوایی کرد.

٢- ئەم زاتە لەساڵی ١٩٨٠وە لەم مزگەوتەیەو لەدایك بووی ساڵی (١٩٤٨)تە خاوەن ناوبانگی دیارییە.

دروست کراوە.

ناو حەوشەکەی، هەرچەندە بچوکە، بەڵام پاك و پوختەو كاشی ڕێژە.

بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی پاك و پوختەو خۆشە. پاش نیوەڕۆ خەڵك لەمەلا جرجیس کۆدەبنەوە بۆ گفتوگۆو پرسیار کردن.

سەرچاوەی ئاوو کارەبای لەمیرییەوە وەرگیراوە.

١٩٩٧/١٠/٢٠

## سەرچاوەکان:

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن بەخودی مامۆستا مەلا جرجیس/ پێش نوێژی مزگەوتەکەیە.

# ٤١- مزگەوتی حاجی عبداللە حەمامچی

ئەم مزگەوتە کەوتۆتە گەڕەکی تەیراوە. لەسەر شەقامی سەرەکی ئەم گەڕەکەو (٣٠ مەتری) نزیك گۆڕەپانی (عەنتەر).

لەساڵی ١٩٦٠ لەسەر ئەرکی حاجی (عبداللە)[1] دەست بەدروست کردنی کرا.

پاش ماوەیەك و لەساڵی ١٩٨٤ هەندێ دەست کاری و نۆژەن کراو چەند بەشێکی بۆ زیاد کرا. لەسەر ئەرکی هەمان زات.

سەرجەم پانتایەکەی (١٠٠٠) هەزار مەتری چوارگۆشەیە.

ماوەیەکی زۆر مامۆستا مەلا عمر علی[2] سعداللە (مەلا قەرەیی) لێ بوو و لەساڵی ١٩٩٢ وە مامۆستا مەلا (زرار محمد ڕۆستی)ی لێیە بە پێش نوێژو وتارخوێن.

## بەشەکانی:


١- حەرەم: بەئەندازەی (١٠×١٨)م حەرەمێکی پوختەی بۆ دروست کراوە. میحراب ومینبەر ومەحفەل وبەرهەیوانی چاکی بۆ کراوە. تاڕادەیەکی چاك هەموو جۆرە پێداویستی بەتێرو پڕی بۆ دابین کراوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە بەئەندازەی (٤×٦)م ژوورێکی ڕێك وپێك و

---

١- ئەم زاتە ناوی تەواوی حاجی (عبداللە حاجی عثمان علی حەمامچی)یەو لە ڕۆژی ١٩٧٥/٤/١٦ کۆچی دوایی کرد. وە لەناو مزگەوت لە گەڕەکی تەیراوە بە خاك سپێردرا.

١- ئەم زاتە ناوی مامۆستا (مەلا عمر علی سعداللە) لە ساڵی ١٩١٩ لە گوندی مەلا قرە لەدایك بووە. لە پاییزی ١٩٩١ کۆچی کردو لە گۆڕستانی پیرداود بە خاك سپێردرا.



پوختە بۆ پێش نوێژو وتارخوێن دروست کراوە بەتێرو پڕی پێداویستیەکانی دابین کراوە.

٣- منارەکەی : لەنزیك دەرگای حەوشە، لەلای خۆرهەلاتی حەرەم منارەیەك لەکەرپوچ دروست کراوە، ناوقەدەکەی (٢)م وبەرزی (٢٠)م لەناوەوەی پەیژەی بەسەرکەتنی هەیە.

٤- هۆڵی پرسە : بۆ ئەم مەبەستە، لەتەنیشت ژووری پێش نوێژ، بەئەندازەی (٦×١٨)م هۆڵێك دروست کراوە ئەم هۆڵە زۆر بەتێرو پڕی پێداویستیەکانی لە هەموو ڕوێکەوە دابین کراوە.

٥- نهومی دووەم : لەسەر بانی هۆڵی پرسەو ژووری پێش نوێژ چەند بەشێك هەن لەوانە:

ا- هۆڵی نوێژ کردنی ئافرەتان.

ب- ژوورێکی گەورە بۆ حەوانەوەی فەقێیەکان.

٦- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە بریتیە لە:

ا- ١٢بۆری دەست نوێژ.

ب- ١٣ سەکۆی دانیشتن.

ج- ٨ ئاودەست و گەرماوێك

بەشێوەیەکی گشتی مزگەوێکی چاکە، ئاوو کارەبای لەمیرییەوەیە.

## سەرچاوەکان:



١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن بەماموستا مەلا زرار پێش نوێژی مزگەوت.

٣- چەوپێکەوتن بەچەند ئەختیارێك لەژووری پێش نوێژ.


١٩٩٧/١٠/٢١

# ٤٢- مزگەوتی خەلیفە مەلا احمد[١]



ئـــەم مزگەوتـــــە، کەوتۆتـــە گـــەڕەکی ســـێتاقان، نزیـــک مزگـەوتی شـێخ عمـری شێخ طەی بالیسانی.
لەســـــاڵی ١٩٦٠، نـــاوبراو ئـــەم پارچـــە زەویـــەی بـــۆ مزگـــەوت تـەرخان کـردو خـەڵکی کۆمەکیان کردو حاجی حسین قرنی سەرپەرشتی کارەکەی کرد تاکو تەواو بوو.

سەرجەم پانتایەکەی (١٦٠)م٢یە.

ماوەیەکی زۆرە مامۆستا عزیز احمد حمد پێش نوێژی لێ دەکات.

## بەشەکانی:

١- حـەرەم: بەشێوەیەکی سـاکار، حـەرەمێکی لەخشـت و قـوڕو کاریتـە بـۆ دروسـت کراوەو هەروەکو خۆی ماوەتەوە. بەشێوەیەکی مام ناوەندی پێداویستی یەکانی دابین کراوە. بەرهەیوانەکەی کاریتەیە.

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە بەئەندازەی (٣×٣)م لەبەرهـەیوانی حـەرەم ژوورێك دروست کراوە بەساکاری.

٣- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە لەتەنیشت دەرگای حەوشـەیەو سـەرەکەی بەتۆتیا گیراوەو (٤) بۆری ئاو (٤) ئاودەستی هەیە.

دەرگای حەوشـەکەی ئاسنی دوولای بچوکە، زیـاتر لـەدەرگای مـاڵان دەچـێ نـەک مزگەوت.

---

١- ئەم زاتە ناوی تەواوی (خەلیفە مـەلا احمـد خـدر رسـول) بەئەسڵ خـەلکی گونـدی عارەب کەند بووە، لەساڵی ١٩٦٦ کۆچی دوایی کردو حاجی عەبدوڵلای کوری لەپاش بـەجێ مـاوە. خوالێخۆشبوو خەلیفەی شێخ عبدالکریم دارەخورمابووە.

تێبینی: لە کاتی وێنەکرتن لە ڕۆژی ٢٠٠١/٤/٢٣ دەرکەوت حاجی عبداللە کوڕی خەلیفە مەلا احمد مزگەوتەکەی ڕووخاندووەو سەر لەنوێ بە بلۆك چیمەنتۆ دروستی دەکاتەوە.

بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی بچوکە، بەڵام خەڵکی ئەو دەوروپشتە هاتوچۆی دەکەن.

حاجی عبداللە خەلیفە مەلا احمد بۆتە سەرپەرشتی‌کاری‌و بەبێ بەرامبەرو پاسار خزمەتی دەکات.

سەرچاوەی ئاوو کارەبای لەمیری‌یەوە وەرگیراوە.

٢٠٠٠/٢/٨

## سەرچاوەکان

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن و گفتوگۆ کردن لەگەڵ حاجی عبداللە خەلیفە احمدو چەند پیاو ماقوڵێکی گەڕەك.

# ٤٣- مزگەوتی کووەیتی

ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە سەر شەقامی (٣٠) مەتری، بەرامبەر بە نەخۆشخانەی هەولێری تایبەتی، تەنیشت قوتابخانەی ئیسلامی ئەوقاف.

لەساڵی ١٩٦٠ لەسەر ئەرکی حاجی (عثمان)[1] دەست بەدروست کردنی کرا.

ڕووبەرەکەی (٥٠٠)م چوار گۆشەیە.

ماوەیەکی زۆر مامۆستا مەلا (کمال محمد قادر)[2] پێش نوێـژو وتارخوێندنی لێ دەکات و پێش ئەم زاتەش مامۆستا مەلا (عبداللەی سێ بەردانی)[3] لێبوو.

## بەشەکانی :


١- حەرەم: بەئەندازەی (١٠×٢٠)م حەرەمێکی لاکێشەیی ڕێك و پێکی بۆ دروست کراوە بەرزی (٦)م سەرەکەی کۆنکریتەو ناوەکەی چەمەنتۆ، میحراب و مینبەر

---

١- ئەم زاتە ناوی تەواوی (حاجی عثمان جرجیس ئەیوبی)یە، بەرەگەز خەڵکی شاری هەولێرەو ماوەیەکی زۆرە چۆتە کووەیت ولەوێ ژیان بەسەر دەبات، بڕێك پارەی ناردو درایە دەست (وەستا خدری بەنا) بۆ دروست کردنی ئەم مزگەوتە، هەر ئەم هۆیەش بوو کە ناوی نرا مزگەوتی کووەیتی.

٢- ئەم زاتە لەساڵی ١٩٨٣ وە لەم مزگەوتەیەو لەدیك بووی ١٩٥٠یە.

٣- ئەم زاتە ماوەیەکی زۆری لەم مزگەوتە بەسەر برد، تاکو لەساڵی ١٩٨٣ دا کۆچی دوایی کرد.



مەحفەلی پوختەی بۆ کراوە، تارادەیەك پێداویستی یەکانی لەهەموو ڕوویەکەوە دابین کراوە.

٢- منارەکەی: لەم مزگەوتە منارەیەکی جوان لەکەرپوچ دروست کراوە هەیە، بەرزی (٣٠)م دەبێ و ناوقەدی (١,٥)م.

٣- هۆڵی پرسە: بۆ ئەم مەبەستە هۆڵێکی (١٨×٤)م دروست کراوە، تارادەیەکی چاك پێداویستی یەکانی دابین کراوە.

٤- حەرەمی نوێژ کردنی ئافرەتان: لەسەر حەرەمی گەورە، حەرەمێکی تر بۆ نوێژ کردنی ئافرەتان دروست کراوە، ئەم هۆڵە دەرگای تایبەتی خۆی هەیە، پێداویستی بۆ دابین کراوە.

٥- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە ژوورێکی مام ناوەندی دروست کراوە بەپێداویستیەکانەوە.

٦- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە لە(٧) بۆری و (٧) سەکۆو (٦) ئاودەست پێك هاتووە، بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی مام ناوەندیەو، ئاوو کارەبای لەمیری یەوەیە.

١٩٩٧/١٠/٢٠

## سەرچاوەکان:

١- سەردانی مزگەوت وبەشەکانی لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن و گفتوگۆ کردن لەگەڵ بەڕێز مامۆستا مەلا کمال محمد قادر- ووتار خوێنی مزگەوت.

# ٤٤- مزگەوتی مەلا بکری قەڵاسنج

ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە گەڕەکی سێتاقانی سەروو، دەرەوەی شەقامی (٦٠) مەتری، کۆڵانی بیرۆکەیەکان.

لەساڵی ١٩٦١دا خەلکی ئەم گەڕەکە هەستان بەکۆمەك کردن و بڕێك پارەیان کۆکردەوەو ئەو زەویەی (سەید عبدالله)[١]یان کڕی و مزگەوتیان لەسەر دروست کرد. رووبەرەکەی (٢٠٠)م چوارگۆشەیە.

پارەی زەویەکەی لەکیسەی (حاجی محمد پشت ئاشان) دراوە کە بریتی بوو لە (٩٠٠) دیناری ئەو سەردەمە، بەلام خەڵك پارەی دیوارو کەرەستەی پێویستان کۆکردەوەو بەسەرپەرشتی (حاجی اسماعیل باپیر احمد) مزگەوت دروست کرا.

## قۆناغەکانی:

لەسەرەتاوە بەخشت و قوڕو کاریتە دروست کرا، بەڵام دەستکاری‌یەك کراوە بەو جۆرەی کە لەبارەیەوە دەدوێین.

مامۆستاکانی ئەم مزگەوتە:

١- مامۆستا مەلا بکری[٢] قەڵاسنج، هەر ئەم زاتە بوو بەهۆی ناوی لێ نرێ مزگەوتی مەلا بکری قەڵاسنج.

٢- مامۆستا مەلا عبداللەی[٣] سارتك.

٣- مامۆستا مەلا محمدی[٤] غفوری.

## بەشەکانی:

١- حەرەم: زۆر بەشێوەیەکی ساکار حەرەمێکی بۆ دروست کراوە، تاڕادەیەك پێداویستی ئەم حەرەمە دابین کراوەو میحراب و بەرهەیوانێکی مام ناوەندی هەیە،

٢- لەحەوشەکەی تەنها ژوورێکی بچووك هەیە، ئەویش هەندێ کەل و پەلی زیادەی مزگەوتی گرتۆتە خۆی.

٣- بەشی ئاودەست و دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە لە (٣) بۆڕی‌و (٤) ئاودەست و

---

١- سەید عبدالله خەڵکی گوندی زورنا بوو.

٢- مامۆستا مەلا بکر لەساڵی ١٩٨٢ کۆچی دوایی کرد.

٣- مامۆستا مەلا عبداللەی سارتك لەساڵی ١٩٩٥ کۆچی دوایی کرد.

٤- مامۆستا مەلا محەممەدی غەفوری لەپاش کۆچی مەلا عبدالله پێش نوێژی مزگەوتە.

(٣) تەنكی ئاو پێك هاتوە

بەشێوەیەكی گشتی مزگەوتێكی زۆر ساكارە، دەرگای حەوشەی زیاتر لەدەرگای ماڵان دەچێ، ئاوو كارەبای لەمیرییەوە وەرگیراوە

١٩٩٧/٧/٨

**سەرچاوەكان:**

١- سەردانی مزگەوت و بەشەكانی لەنزیكەوە

٢- چاوپێكەوتن و گفتوگۆ لەگەڵ مامۆستا مەلا محمدی غفوری پێش نوێژی ئێستای مزگەوت

# ٤٥- مزگەوتی حاجی مراد



ئەم مزگەوتە، كەوتۆتە گەڕەكی سێتاقان سەر شەقامی(٦٠)م لەساڵی ١٩٦١ دەست بەدروست كردنی كرا، لەسەر ئەركی (حاجی مراد پیرۆ)[1].

سەرجەم پانتایییەكەی (٨٥٠)م چوارگۆشەیە

**قۆناغەكانی:-**

١- لەسەرەتادا ئەم مزگەوتە بەساكاری لەحەرەمێك و تەنها (٢) ژوور دروست كرابوو.

٢- لەم ساڵانەی دواییدا، بەهەوڵ و كۆششی مامۆستا مەلا (شێخ عبداللە شێخ محمدامین) هەندێ دەستكاری كرا، لەوانە:

أ- گواستنەوەی ئاودەستەكانیو دروستكردنەوەی بەشێوەیەكی چاكتر.

---

١- سەبارەت بەناوی ئەوەی دروستی كرد وا ناونرا

ب- دامەزراندنی نهۆمی دووەم هۆڵێك بۆ بۆنە ئاینیەكان و پرسە.

ج- دروست كردنی ژوورو بەرهەیوانێك بۆ فەقێیەكان.

بەشی زۆری دیواری ئەم مزگەوتە كاتی خۆی بەدەستی وەستا كریم چاوشین كرا

پاش دروست كردنی شەقامی (٦٠)م. شەقامە كە لەڕاستی مزگەوتە بەرز كرایەوە.

بەوە مزگەوت كەوتە چاڵی یەوە (نزمی یەوە) بەمەودای (١)م لەشەقامەكە نزم تر بوو

بۆیە هەستان بەپڕكردنەوەی حەرەمەكە. بەڵام بگرە هێشتا هەر لەشەقامی (٦٠) مەتری نزمترە

ناوی مامۆستاكانی:

١- لەسەرەتاوە مامۆستا (مەلاشیخ عبداللە) كراوەتە پێش نوێژو وتارخوێن. جەنابیان لەدایك بووی ساڵی (١٩٣٣)ن

٢- لەساڵی ١٩٨٦یش مامۆستا مەلا (جمیل بدیع عمر)یش بە پێش نوێژ دامەزراوە. ئەم زاتە لەدایك بووی (١٩٣٢)ە.

## بەشەكانی:

١- حەرەمی ئەم مزگەوتە، بەدوو قۆناغدا تێپەڕیووە

ا- قۆناغی پڕكردنەوە

ب- قۆناغی فراوان كردنەوە

پاش ئەم دەست كاریە. سەرجەم پانتایی یەكەی خۆی لە (١٠×١٨)م دەدات وە بەرزی (٣)م دەبێ. میحراب و مینبەرو مەحفەڵ ئاپایی هەیە. بەشێوەیەكی تێرو پڕ پێداویستیەكانی بۆ دابین كراوە. بەمەودای (٣) مەتر بەرهەیوانێكی سەرانسەری هەیە

٢- گومەتەكەی لەناو حەرەم گومەتێكی بازنەیی بۆ دروست كراوە بە بەرزی (١٠)م و ناوقەدی (٥)م دەبێ بۆ ڕوناكی زیرە بەنجەرەیەكی لێبەستراوە

٣- ژووری پێش نوێژ بۆ ئەم مەبەستە بەئەندازەی (٣×٧)م ژوورێك بۆ حەسانەوە دروست كراوەو پێداویستیەكانی تاڕادەیەكی چاك دابین كراوە

٤- نهۆمی دووەم ئەم نهۆمە بریتی یە لە (٢) ژوورو هۆڵێك، ژوورێك بۆ فەقێیەكان و ئەوەی تر بۆ كەل وپەلی زیادە هۆڵەكەش بۆ پرسە

٥- هۆڵی نوێژكردنی ئافرەتان: بۆ ئەم مەبەستە هۆڵێك دروست كراوە، دەرگای تایبەتی لەدەرەوە هەیە. پێداویستی بۆ دابین كراوە

٦- بەشی ئاودەست و دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە لە(١٥) بوریكو (١٥) سەكۆ

(٤) ئامێری ئاوگەرم کردن و (١٢) دانە ئاودەست و حەوزێکی گەورەی ئاو پێک هاتووە

٧- حەوشەکەی لایەکی چەندین درەختی بەرداری لێ چاندراوەو لایەکەی تری چیمەنتۆ ڕێژە

بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی پاک و خاوێن و خاوەن جەماوەرە. ئاوو کارەبای لەسەرچاوەکانی میرییەوە وەرگیراوە


١٩٩٧/١٠/١٣

**سەرچاوەکان:**

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە

٢- چاوپێکەوتن وگفتوگۆ لەگەڵ یەکێ لەکوڕەکانی مامۆستا مەلا شێخ عبداللە

# ٤٦- مزگەوتی حاجی حسن بەزاز
# (مەلا بشیر)



ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە گەڕەکی عارەبان، پشت بانگی خانووبەرە نزیک گۆڕەپانی (چایخانەی باین).

سەرەتای دروست کردنی لەساڵی ١٩٦١ بوو. لەسەر ئەرکی خوا لێ خۆشبوو حاجی (حسن هیدایت بەزاز) کە ناسراوە بە حاجی حسن.

زۆر جاریش خەڵکی بەمزگەوتی مەلا بشیر ئاماژەی بۆ دەکەن.

ڕووبەرەکەی (٨٠٠)م٢.

لەساڵی١٩٩٢وە مامۆستا مەلا بشیر خلیل خوتبەیان بۆ دەخوێنێتەوە.

پێش ئەم زاتە مامۆستا مەلا خلیلی لێ بوو. ئەو بۆ شاری کەرکووک خۆی نەقل کرد.

مەلا (وشیار حیدر عثمان)یش پێش نوێژی لێ دەکات.

## بەشەکانی:

١- حـەرەم: حـەرەمی ئـەم مزگەوتـە بـەدوو جـار دروسـت کـراوە لەسـەرەتادا بەئـەندازەی (١٠×١٢)م بـوو، بـەڵام پـاش فـراوان کردنـەوە بـوو بـە(١٠×٢٠)م. ئەمە لەلایەکەوە، لەلایـەکی تـرەوە هـۆڵی پرسـەو بەدەم حەرەمـەوە دروسـت کـراوە، دیواری نێوانیان هەڵگیراوە بەنیازی فراوان کردنەوەی حەرەم بۆ کاتی نوێژی هەینی. میحراب و مینبـەرو مەحفەلی بۆ کراوە، گومەتێکی بازنەیی بۆ کـراوە، ناوقـەدی (٥)م بـەرزی (١٢)م تاڕادەیـەك بـەتێرو پـڕی پێداویسـتیەکانی دابـین کـراوە، مینبەرەکـەی بەشـێوەیەکی جـوان لـەدار دروسـت کـراوە. بەرهـەیوانێکی پوختـەی هەیـەو پێداویستی‌یەکانی دابین کراوە.

٢- منارەکـەی: لـەلای خۆرهـەڵاتی حـەرەم، لـەناو حـەوشـەکە بەکـەرپوچ منارەیـەکی بازنەی بەرز دروست کراوە، ناوقەدی(٢)م ئەبێ‌و بەرزی (٢٥)م و لـەناوەوە قاڵدرمەی بەسەرکەوتنی هەیە، لەناوقەد پشتینەی هەیەو بڵندگۆیەکانی لێبەستراوە.

٣- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە بەشێوەیەکی جوان ژوورێك بۆ پێش نوێژو وتارخوێن دروست کراوەو تاڕادەیەك پێداویستی ئەم ژوورە بەپوختەی دابین کراوە.

٤- هۆڵی پرسە: بۆ ئەم مەبەستە، بەئەندازەی (٨×١٢)م هۆڵێـك دروسـت کـراوە، لایەکی بەدەم حەرەمەوەیە، ڕۆژانی هەینی خەڵك نوێژی لێدەکەن، پێداویستی هۆڵی بۆ تەرخان کراوە.

٥- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە لە:

ا- (٩) بـوری ئـاو ب- (٧) سـەکۆی دانیشـتن ج- (٥)ئاودەسـت، د- (١) خۆشۆر، حەوزێکی گەورەی ئاو کە (١١٠٠٠) یانزە هەزار لتر ئاو دەگرێ پێکهاتووە.

بەشێوەکی گشتی مزگەوتێکە خاوەن ناونیشان و خەلکێکی زۆر ڕووی تێدەکەن.

سەرچاوەی ئاوو کارەبای لەسەرچاوەکانی میرییەوە وەرگیراوە. لەسەر دەرگای حەوشەکەی نوسراوە (جامع الحاج حسن البزان).


١٩٩٧/١٠/٢٦

## سەرچاوەکان:

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن و گفتوگۆ کردن لەگەڵ جەنابی مامۆستا مەلا (وشیار) پێش نوێژی مزگەوت.

# ٤٧- مزگەوتی شێخ مەلا رشیدی نوێ



ئەم مزگەوتە کەوتۆتە گەڕەکی تەیراوە، نێوان شەقامی (٣٠-٦٠) مەتری بەرامبەر بەگۆڕستانەکە.

سەرەتای دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆسالی ١٩٦١، کاتی خۆی بەخواستی خوالێخۆشبوو (شێخ مەلا رشید) دروست کرا.

ڕووبەرەکەی (٦٠٠)م٢.

ا- لەسەرەتادا، وەکو زۆربەی مزگەوتی ئەو سەردەمە لەخشت و قوڕو کەرپوچ و کاریتە دروست کرا بوو.

ب- لەسالی ١٩٧٧ بەیارمەتی ئەوقاف هەموویان ڕوخاندو سەر لەنوێ بەکەرەستەی نوێی ئەو سەردەمە دروستیان کردەوە.

ماوەیەکی زۆر مامۆستای خوالێخۆشبوو (مەلا خدر ابراهیم)[1]ی لێبوو، لەسالی ١٩٨٨وە مامۆستا مجید قادر لێیەو ئەم زاتە بەمەلا مجیدی (مامەڕۆك)[2] بەناوبانگە.

**بەشەکانی:**

١- حەرەم: بەئەندازەی (١٠×٢٠)م و بەرزی (٦)م حەرەمێکی بۆ دروست کراوە. سەرەکەی کۆنکریتەو ناوەکەی چەمەنتۆیە. میحراب و مینبەرو مەحفەلی بۆ کراوە بەئەندازەی (٤)م بەرهەیوانی بۆ کراوە، پێداویستی بەباشی دابین کراوە.

٢- هۆلی پرسە: بۆ ئەم مەبەستە بەئەندازەی (٨×١٠)م هۆلێکی بۆ دروست کراوە، سەرەکەی کۆنکریتەو ناوی پڕ فەرش کراوە، دەرگاو پەنجەرەو پێداویستی هۆلی بۆ

---

١- مەلا خدر ابراهیم لەسالی ١٩٩٥ کۆچی دوایی کردوو لەگۆڕستانی بەرامبەر مزگەوتەکە نێژرا.

٢- مامەڕۆك: گوندێکە لەگوندەکانی ناحیەی کەلەکی یاسین ئاغا.

دابین کراوە.

٣- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە بەرامبەر بەحەردم دوو ژوور لەسەر یەک ئەندازەو بە تەنیشت یەکەوە دروست کراون، یەکێ بۆ پێش نوێژ ئەوەی تر بۆ کاروباری پەلی زیادەی مزگەوت.


٤- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە لە (٦) بۆری‌و (٥) سەکۆو (٦) ئاودەست و (١) ئامێری ئاو گەرم کردن و حەوزێکی ئاو پێك هاتووە.

بەشێوەکی گشتی مزگەوتێکی مام ناوەندی‌یەو مزگەوتەکە تاڕادەیەکی باش لەشەقامی بەردەمی بەرزترە. ئاوو کارەبای لەسەرچاوەکانی میری‌یەوە وەرگیراوە ١٩٩٧/١٠/١٨

## سەرچاوەکان:


١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.
٢- چاوپێکەوتن و گفتوگۆ لەگەڵ جەنابی مامۆستا مەلا مجید پێش نوێژ ی مزگەوت

# ٤٨- مزگەوتی ئیسکان



ئـــەم مزگەوتـــــە، کەوتۆتـــە گـــەڕەکی ئیســـکان، نزیـــک شوقەکانی ئەم گەڕەکە. جگـە لـەم نـاوە چـەند نـاوێکی تـری هەیـە لەوانە:

أ- مزگـەوتی حـاجی قـەرۆ. ب- مزگـــەوتی المحمدية.

سەرەتای دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ سالی ١٩٦٢.

سەرجەم پانتاییەکەی (٢٢٥٦)م چوارگۆشەیە.

خوالێخۆشبوو (حاجی محمد قاسم) توتنچی هەستا بەدروست کردنی.

## قۆناغەکان:

١- هـەر لەسـەرەتاوە بـەتێروپڕی دروسـت کـرا، زۆربـەی دیـواری کەرپوچـە، کەرەستەی بیناسازی چەمەنتۆو گەچ و کاشیو شتی لەم جۆرەشی گرتۆتە خۆ.

مامۆستا مەلا (سـەید احمـد سـەید عبدالوهـاب بـەرزنجی)[1] خوتبـەی لێ دەدات و مامۆستا مـەلا (محمـد اسمـاعیل محمـود)[2] پێـش نوێـژی لێ دەکـات کـاتی خۆشـی ماوەیەکی زۆر مامۆستای خوالێخۆشبوو مەلا (خالد مەلا طاهر بگ)[3]ی لێبوو.

## بەشەکانی:

١- حـەرەم: زۆر بەشـێوەیەکی جـوان و بەپێوانـەی (١٥×٢٢)م و بـەرزی (٦)م حەرەمێکی پوختەی بـۆ دروسـت کـراوە. میحـراب و مینبـەرو مەحفـەل و گومـەت و

---

١- ئەم زاتە یەکێکە لەمامۆستا ناودارەکانی ئەم سەردەمەی شاری هەولێر.

٢- مامۆستا مەلا محەممەد بە مـەلا محەممـەدی (ئینـە) بەناوبانگـەو لـەدایك بـووی سـالّی (١٩٥٢)وە.

٣- ئەم زاتە لە ١٩٨٠/١٢/٥ کۆچی دوایی کرد.

منارەو بەرهەیوانی بۆ کراوە، بەتێرو پڕی پێداویستیەکانی دابین کراوە ناوی
بەئایەتی قورئان ڕازاوەتەوە.

٢- هۆڵی پرسە: بەمەبەستی پرسە لێ کردن، هۆڵێکی پوختە لەم مزگەوتە دروس
کراوە، بەتێرو پڕی پێداویستی بەزیادەوە لێدابین کراوە.

٣- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە ژوورێك دروست کراوە کەوتۆتە دەس
راستی چوونە ژوورەوە لەدەرگای سەرەکی‌یەوە (لای قیبلە) ئەم ژوورە بەپوختی
پێداویستی بۆ دابین کراوە.

٤- ژووری وتارخوێن: بەهەمان دەستوورو جۆر ژوورێك بۆ حەوانەوەی وتارخوێ
دروست کراوە.

٥- هۆڵی نوێژ کردنی ئافرەتان: بۆ ئەم مەبەستە هۆڵێك دروست کراوە، دەرگا
تایبەتی خۆی هەیە بۆ هاتوچۆو پێداویستی بۆ دابین کراوە.

٦- ژووری مردوو شۆردن: بۆ ئەم مەبەستە ژوورێکی پوختە دروست کراو
مردووشۆرو دارە مەیت و ئاوگەرمی بۆ دابین کراوە.

٧- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە بریتیە لە ١٦ بۆری‌و ١٦سەکۆو
ئاودەست و حەوزی ئاوی تایبەت و ئامێری ئاو گەرم کردن.

٨- منارەکانی: بۆ ئەم مزگەوتە دوو منارەی ڕێك و پێك لەکەرپوچ دروست
کراون، شێوەیان بازنەیی‌یەو یەکێکیان بەرزی (٣٠)م و ئەویتر تەنها چەند مەترێ
لەسەربانی حەرەم بەرزترە.

حەوشەکەی:

ا-لایەکی ئەم حەوشەیە کراوەتە گوڵ و گوڵزارێکی خۆش.

ب- بەشێکی تری سەرانسەر کاشی ڕێژە.

ج- چەند ژوورێکی لێ درووست کراوە بۆ خادەم و پاسەوان.

ئەم مزگەوتە خاوەن (٣) دەرگای گەورەیە، یەکی ڕووەو قیبلە، یەکێ ڕووەو
باکوور، یەکێ ڕووەو خۆرهەلات لەسەر دەرگاکانی بەخەتێکی عەرەبی نوسراوە.

(جامع المحمدی- تاسس سنة ١٩٦٢م الموفق ١٣٨٢هـ علی نفقة الحاج محمد
الحاج قاسم التوتنجی).

بەشێوەیەکی گشتی لەپیزی مزگەوتە ناودارەکانی شار دەژمێرێت.

لەم مزگەوتە قوتابخانەیەکی گەورە هەیە بۆ خوێندنی وانەی ئاینی. هەروەها
خاوەن (ماشینێکی گەورەی کارەبا بۆ کاری پێویستی).

جەنابی حاجی جاسم حاجی محمد تونبجی سەرپەرشتی ئەکات، سەرچاوەی ئاوو کارەبای لەسەرچاوە گشتییەکانەوە وەرگیراوە

## سەرچاوەکان:

٢٨/٥/١٩٩٧

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە زیاد لەجارێک

٢- چاوپێکەوتن و گفتوگۆ لەگەڵ بەڕێزان:


ا- مامۆستا مەلا سەید احمد سەید عبدالوهاب بەرزنجی

ب- مامۆستا مەلا محمد (ئینە)

ج- حاجی جاسم حاجی محمد/ سەرپەرشتیکار

د- مام قادری خادم

# ٤٩- مزگەوتی گەورەی ئازادی (جووت منارە)[١]



ئــــەم مزگەوتـــــە، کەوتۆتـــە گـــــەڕەکی ئـــازادی، نزیـــک بنکـــەی کارەبـــای شـــار، ســـەر شـەقامی سـەرەکی ئـەو گەڕەکە.

سـەرەتای دروســـت کردنـی دەگەڕێتـەوە بـۆ ساڵی ١٩٦٢.

ڕووبەرەکەی (١٠٠٠)م چوارگۆشەیە.

ئەم مزگەوتە لەسەر ئەرکی ئەم دوو زاتە بەڕێزانە دروست کرا:

١- مامۆستا مەلا توفیق مەلا مولود.

٢- حاجی خلیل لوتفی دانساز.

لەسەرەتادا مامۆستای خوالێخۆشبوو (شێخ عبدالکریم)[١] کرایە پێش و نوێژو وتارخوێن و لەپاشان شێخ عبدالرحمن بەرزنجی کوڕی شێخ عبدالکریم و پاش

---

١- سەبارەت بەوەی (٢) منارەی هەیە، زۆر جار بەمزگەوتی جووت منارە ناودەبرێ.

ئەویش مامۆستا مەلا شێخ محمد شێخ عبدالکریم بەرزنجی، ئەم زاتە لەساڵی ١٩٨٢وە لەم مزگەوتەیە تاکو ئێستاکە.

## بەشەکانی:

١- حەرەم: بەئەندازەی (١٢×٢٠)م حەرەمێکی بۆ دروست کراوە، دیواری کەرپووچ و سەرەکەی کۆنکرێت و ناوەکەی کاشی، میحراب و مینبەرو محفەل و گومەتی بۆ کراوە زۆر بەشێوەیەکی تێرو پڕ پێداویستیەکانی دابین کراوە، بەرهەیوانێکی رێك و پێکی هەیە.

٢- گومەتەکەی: لەناو حەرەم گۆمەتێکی بازنەیی بۆ دروست کراوە ناوقەدی (٦)م دەبێ‌و بەرزی (١٥)م، ریزە پەنجەرەیەکی بۆ ڕووناکی لێ بەستراوە.

٣- منارەکانی: لەکەرپوچ دوو منارەی بازنەیی بۆ ئەم مزگەوتە دروست کراوە، بەرزیان خۆی لە (١٥)م دەداو ناوقەدیان (٢)م. لەناوەڕاست پشتێنەیان بۆ کراوە، بڵندگۆیەکانیان لێ بەستراوە.

٤- هۆڵی پرسە: بۆ ئەم مەبەستە هۆڵێکی رێك و پێکی هەیە، لەم سەر بۆ ئەو سەر کورسی لێ دانراوە، پێداویستی هۆڵی بە زیادەوە بۆ دابین کراوە.

٥- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە زۆر بەجوانیو تێرو پڕی ژوورێك دروست کراوە، ئاودەست و دەست شۆری تایبەتی خۆی هەیە، بەچاکی پێویستی بۆ دابین کراوە، لەگەڵ پەرتووکخانەیەکی گەورە.

٦- هۆڵی نوێژ کردنی ئافرەتان: لەسەربانی ژووری پێش نوێژ، هۆڵێك بۆ نوێژ کردنی ئافرەتان دروست کراوە، دەرگای تایبەتی خۆی هەیە لەگەڵ بەشی دەست نوێژو سەرئاو.

٧- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە بریتیە لە (٧) بوری بۆ دەست نوێژ، (٦) سەکۆی دانیشتن، (٥) دانە ئاودەست و(١) سەرشۆرگە لەگەڵ ئامێری ئاو گەرم کردن.

٨- حەوشەکەی: أ- حەوشەکەی دوو بەشە، لایەکی کراوەتە دارو دارستان و

---

٢- ناوی تەواوی (شێخ عبدالکریم سید احمد سید اسماعیل برزنجی)یەو لە نەوەی شێخ عبداللەی سوێرلەیی لە ساڵی ١٨٩٤ لە گوندی (گردە شینە) لە دایك بووەو لە ١٩٨٦/٣/٦ کۆچی دوایی کردووە. لەلای مامۆستا ناودارەکانی ناوچەی هەولێر خوێندنی تەواو کردوەو لە ١٩٦٣ تاکو ١٩٨٦ لەم مزگەوتە ئیمام و خەتیب بووە.

گۆڕی خوالێخۆشبوو (مەلا توفیق ئەفەندی) لێیە، ئەم زاتە لەساڵی ١٩٦٨ کۆچی دوایی کرد لەگەڵ چەندین گۆڕی تری ئەو خانەوادەیە.

ب- لایەکەی تری کاشی ڕێژ کراوەو پاك و خاوێنە.

بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی پاك و خاوین و خاوەن جەماوەری زۆرە.

سەرچاوەی ئاوو کارەبای لەسەرچاوە گشتییەکانی میرییەوە وەرگیراوە.


١٩٩٧/٧/١

## سەرچاوەکان:

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.

٢- گفتوگۆ کردن لەگەڵ جەنابی (مامۆستا مەلا شێخ محمد شێخ عبدالکریم) بەرزنجی پێش نوێژ و وتارخوێنی مزگەوت.

# ٥٠- مزگەوتی مەلا نوری کوران



ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە سەرەتای گەڕەکی کوران، نزیك شەقامی (٦٠) مەتری، نزیك (ئەلبان).

سەرەتای دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٦٢.

کاتی خۆی ئەم مزگەوتە خانووی ئافرەتێك بوو بەناوی (فیروز کاکە اللە مام اللە).

لەسەرەتادا ڕووبەرەکەی (٢٠٠)م٢ بوو.

ئەم ئافرەتە چووە لای جەنابی شێخ کاکەی شێخ عبدالکریم دارەخورماو پێی ووت: (من ئەو خانووەی خۆم دەکەم بەمزگەوت بۆ گەڕەکەکە).

دەنگ بڵاو بۆوە، بەبڕیاری شێخ کاکەو هەوڵ و تەقەلای مامۆستا مەلا حسن مولودە کۆن و تێکۆشانی جەماوەر، هەندێ دەستکاری کرا خانووەکە، تاکو شێوەی مزگەوتی لێ نیشت.

مامۆستا مەلا حسن بوو بەپێش نوێژ لەمزگەوتەکە مایەوە تاکو ساڵی ١٩٧٤

کۆچی دوایی کرد.

پاش مەلا حسن، (مامۆستا مەلا نوری اسماعیل باقرەتە)یان خستە شوێنی ئەویش هەوڵ و تەقەلایەکی زۆریدا پارچەیەکی تری زەوی کڕیو دایە دەم پانتایی مزگەوتەکە، بەمە بوو بە (٣٠٠)م چوارگۆشە.

بۆ جارێکی تر، لەساڵی ١٩٩٠ خانوویەك لەتەنیشت مزگەوت دەفرۆشرا، بەپرس و ڕای مامۆستا مەلا نوری پارە کۆکرایەوە ئەو خانووش کڕاو درایە دەم پانتایی مزگەوت.

سەرجەم پانتایی‌یەکەی بوو بە (٥٠٠)م چوارگۆشە.

ئەمجارەیان ئیشەکە کەوتە ئەستۆی ئەم بەڕێزانە:

ا- خاڵە شێخ کاکە شێخ عبدالکریم بەرزنجی دارەخورما.

ب- کاك شێخ ڕۆوف- بەڕێوەبەری ئەوقافی ئەو سەردەم.

ج- مامۆستا مەلا نوری- پێش نوێژ (ئیمام).

شان بەشانی مەلا نوری مامۆستا (مەلا ابراهیم مەلا اسماعیل مەنتك) ڕۆژانی هەینی ووتاریان بۆ ئەخوێنێتەوە.

## بەشەکانی:

١- حەرەم وەکو زۆربەی مزگەوتەکان بەمەودای (٧×١٨)م حەرەمێکی لاکێشەیی بۆ دروست کراوەو سەرەکەی کۆنکریتەو ناوەکەی چەمەنتۆیە و میحراب و مینبەر ومەحفەل وبەرهەیوانی هەیە پێداویستیەکانی تاڕادەیەکی چاك دابین کراوە.

٢- هۆڵی پرسە: لەساڵی ١٩٩٠دا بۆ یەکەم جار لەم مزگەوتە هۆڵی تایبەت بەپرسە دروست کرا، ئەم هۆڵەش بەچاکی پێداویستی بۆ دابین کراوە.

٣- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستەو بۆ حەوانەوەو دانیشتنی ئیمام ژوورێك دروست کراوە تاڕادەیەکی چاك پێداویستی‌یەکانی دابین کراوە.

٤- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە بریتی‌یە لە:

ا- بۆری ئاوی خەڵات (٥) دانە.

ب- سەکۆی دانیشتن لەکاتی دەست نوێژ (٤) دانە.

ج- ئاودەست بۆ کاتی پێوست (٤) دانە.

بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی مام ناوەندیەو جەماوەرێکی زۆری خۆی هەیە.

سەرچاوەی ئاوو کارەبای لەسەرچاوە گشتی‌یەکانی میری‌یەوە وەرگیراوە.


١٩٩٧/٥/١

### سەرچاوەکان

أ- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.

ب- چاوپێکەوتن بەجەنابی مامۆستا مەلا نوری اسماعیل/ پێش نوێژ ی مزگەوت.

# ٥١- مزگەوتی مام حسن علی قەساب



ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە گەڕەکی سێتاقان، لەکۆلانێك لەپشت مزگەوتی حاجی مراد.

ڕووبەرەکەی (٢٠٠)م٢

سەرەتای دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ سالی ١٩٦٢ کاتی خۆی (حاجی حسن)[١] بەدروست کردنی هەستا، بەلام پێش تەواو بوونی دووچاری نەخۆشی بوو، بۆیە داوای لەشێخ جواد شێخ جمیل ماستاوە کرد تەواوی بکات، بەلێ بەهەولێ و تەقەلای ئەم زاتە، بەکۆکردنەوەی کۆمەك لەخێرخوازان و پارەداران مزگەوت تەواو کرا.

لەسەرەتاوە مامۆستا (مەلا عمری خۆرانی) کرایە پێش نوێژو ماوەیەکی زۆر لە مزگەوت مایەوە، لەپاش ئەو زاتەش مامۆستا مەلا عبدالرحمن محمد کرایە پێش نوێژ.

### بەشەکانی:

١- حەرەم: بەئەندازەی (٦×١٢)م حەرەمێکی بۆ دروست کراوە بەرزی (٣)م دەبێ تەنها لەناوەڕاست میحرابێکی لەناو دیوار بۆ کراوە تاڕادەیەکی مام ناوەندی

---

١- ئەم زاتە ناوی علی حسن بوو، هەندێ کەس پێیان دەوت (علی بامیە) چونکە زۆری حەز لەشیوی بامیە هەبوو، هەندێکیش پێیان دەووت (علی قەساب) لەبەر ئەوەی مەڕو مالاتی دەکڕیو دەیفرۆشت، خەلکی گوندی (هەلەجە)ی گەورە بوو کوڕێکی لەپاش بەجێ ماوە بەناوی (شوان) ئەم زاتە مامۆستای قوتابخانەیە.

پێداویستییەکانی دابین کراوە، بەمەودای (٤)م بەرهەیوانێکی سەرانسەری بۆ کراوە

٢- ژووری (ئیمام) پێش نوێژ: بەرامبەر دەرگای حەوشە، لەوسەر ژوورێکی بچووك بۆ دانیشتنی پێش نوێژ دروست کراوە چەند پارچە پێداویستییەکی تێدایە

٣- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە پێکهاتووە لە (٣) ئاودەست و (١) خۆشۆر (٥) بۆری ئاو کەوتۆتە پشت دەرگای حەوشەی مزگەوت. هەرچەندە مزگەوتێکی بچووکە، بەڵام دانیشتوانی دەوروبەری بەزۆری هاتوچۆی دەکەن. ئاوو کارەبای لەمیرییەوە وەرگیراوە.

مامۆستا شوان حاجی حسن. کوری گەورەی مام حاجی سەرپەرشتی ئەم مزگەوتە دەکات وەکو سەرپەرشتیکار.

٢٠٠٠/٢/٨

## سەرچاوەکان

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن و گفتوگۆ لەگەڵ (مامۆستا شوان حاجی حسن).

# ٥٢- مزگەوتی سەید نوری بەستە پیازە

ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە گەڕەکی بەستەپیازە (خانزاد) نزیك شەقامی (٦٠) مەتری، سەر ڕێگای سەرەکی ئەو گەڕەکە.

سەرەتای دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٦٢، لەسەر ئەرکی (مامۆستا مەلا سەید نوری سەید عبدالرحمن سەید حسین نعیمی) دەست بەدروست کردنی کرا.

سەرجەم پانتایەکەی خۆی لە (٢٠٠)م چوارگۆشە دەدات.

## قۆناغەکانی:

ا- لەسەرەتادا، بەخشت و قوڕو کاریتە دروست کرابوو.

ب- لەساڵی ١٩٨٦ خەڵکی ئەو گەڕەکەو هەندێ خێرخواز پارەیان کۆکردەوەو کردییانە کەرپوچ و چەمەنتۆو لەم جۆرە کەرستەیە.

ئەم مزگەوتە (٢) مامۆستای لێیە:

ا- مامۆستا مەلا محمد عبدالله.

ب- مامۆستا مەلا عبدالرحمن عبدالعزیز.

## بەشەکانی:

١- حەرەم: حەرەمەکەی ئاڕاستەیەك (قیرو قاجە)[1] ئەویش بەهۆی هەلکەوتنی شێوەی زەوی یەکەیەتی بەشێوەیەکی باش پێداویستی بۆ دابین کراوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە بەئەندازەی (٣×٥)م لەناو حەوشەکەی ژوورێك دروست کراوەو پێداویستی ئەم ژوورەش بەتێرو پڕی دابین کراوە.

٣- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە لە (٣) بۆڕیو (٣) سەکۆو (٣) ئاودەست و تانکی یەکی ئاو پێك هاتووە.

لەسەر دیواری دەرەوەی مزگەوت بەخەتێکی جوان نووسراوە (باب المسجد)، بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی پاك و خاوێن و خنجیلانەیە ئاوو کارەبای لەمیری یەوە وەرگیراوە.

١٩٩٧/٨/٣٠

## سەرچاوەکان:

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن بەمامۆستا مەلا صابیر صالح لەمزگەوت.

# ٥٣- مزگەوتی مەلا زاهیری کوران

ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە گەڕەکی کوران، لەنێوان مزگەوتی مەلا نوری و مەلا رشیدە. لەساڵی ١٩٦٣ خەڵکی ئەو کۆلانانە پارەیەیان کۆکردەوەو مامۆستا مەلا (معروف حمدامین)[2] هەستا بەدروست کردنی.

سەرجەم پانتاییەکەی (٤٠٠)م چوارگۆشەیە.

## قۆناغەکانی:


أ- لەسەرەتادا، ئەم مزگەوتە لەسەر پارچە زەوی یەك دروست کرا پانتایی (٢٠٠)م چوارگۆشە بوو.

ب- لەساڵی ١٩٩٢ خەڵکی گەڕەك بە هەلییان زانی کاتی (٢٠٠) مەتری تریان

---

١- قیرو قاج- غیر هندسی- گێرو ناهەموار.

٢- ئەم زاتە لەساڵی ١٩٦٦ کۆچی کردو هەر لەناو حەوشەی مزگەوت نزیك بەرهەیوانەکەی بەخاك سپێردرا.



زەوی دەست کـەوت لەتەنیشت مزگـەوت و کڕییـان و دایانـە دەم پانتایی مزگەوتەکە، تـا بوو بە (٤٠٠)م٢.

نـاوی هـەندێ مامۆسـتایانی ئـەم مزگەوتە"

أ- مامۆستا مەلا صالح مەلا باپیر حمدامین کەنداری.

ب- مامۆستا مەلا عبدالقادر باپیر کەردزی.

جـ- مام کانبی حمد حاجی بانگدەر لەم مزگەوتە.

## بەشەکانی:

١- حەرەم: لەسەر شێوەی لاکێشەیی حەرەمێکی بۆ دروست کراوە، لەسەر شێوەی کۆن دەیەها دەلاقەی بۆ کراوە، تەنها میحرابی هەیە، پێداویستی ئەم مزگەوتە دابین کراوە، بەرهەیوانێکی پوختەی هەیە.

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە لەنزیك دەرگای حەوشە، ژوورێکی (٣×٥)م دروست کراوە، ڕایەخ و گڵۆپ و پانکەو شتی لەم بابەتەی بۆ دابین کراوە.

٣- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە لە (٦) بۆڕیو (٥) ئاو دەست پێکهاتووە. حەوشەکەی سەرانسەر کاشی ڕێژەو ئاوو کارەباری لەمیرییەوە وەرگیراوە.

١٩٩٧/٥/١

## سەرچاوەکان:


١- سەردانی مزگەوت ڕۆژی پێنج شەممە.

٢- چاوپێکەوتن بەمامۆستا مەلا صالح و مام کانبی بانگدەر.



# ٥٤- مزگەوتی مەلا ڕەشیدی کوران

ئەم مزگەوتـە، کەوتۆتـە گـەڕەکی کـوران، لـەنێوان مزگـەوتی مـەلا نـوری و حاجی حمدەگەورە.

کـاتی خۆیو لەساڵی ١٩٦٢ دانیشتوانی ئەو گەڕەکە هەستان بەپارە کۆکردنە

بەنیازی مزگەوت دروست کردن، مامۆستا مەلا (رشیدی کوزەپانکە)ش کرایە سەرپەرشتیکار بۆ چۆنیەتی دروست کردنی.

## قۆناغەکانی:



١- لەسەرەتادا، بەخشت و قوڕو کاریتە دروست کرا، لەشێوەی هەموو خانوو بەرەی ئەو سەردەمە.

٢- لەساڵی ١٩٩٦ پاش هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر لەلایەن مامۆستا (عبدالمجید) دەست کاریەکی فراوانی کرا نۆژەند کرایەوە.

سەرجەم پانتاییەکەی (٢٠٠)م چوارگۆشەیە.

مامۆستاکانی:-

١- لەسەرەتادا مامۆستا مەلا رشید ماوەیەکی چاك پێش نوێژی لێ کرد، هەر ئەو هۆیە بوو خەڵك دەیانووت (مزگەوتی مەلا رشید).

٢- لەساڵی ١٩٩٢وە مامۆستا مەلا (عبدالمجید عزیز پیرداود) بندیان لەم مزگەوتە پێش نوێژی دەکات، جەنابیان لەدایك بووی ساڵی (١٩٤١)و مامۆستای کۆنی مەکتەبەو خانەنشین کراوە.

## بەشەکانی:

١- حەرەم: لەکەرپوچ حەرەمێکی لاکێشەیی بۆ دروست کراوە سەرەکەی کۆنکریتەو ناوەکەی پڕ فەرش کراوە، میحراب و مینبەری هەیە، بەشێوەیەکی ساکار پێداویستیەکانی دابین کراوە، بەرهەیوانێکی چاکی هەیە.

٢- ژووری (ئیمام) پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە لەسەریان ژوورێك دروست کراوە، بەپێپیلکە بۆی سەرئەکەون، هەندێ شتی ساکاری لێ دانراوە.

٣- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە لە (٤) بۆری خەلات و (٣) ئاودەست پێك هاتووە.

بەشێوەیەکی گشتی هەرچەندە بچووکە، بەلام رێك و پێك و پوختەیە. حەوشەکەی

هەر (٢٠)م٢ دەبیٚ، سەرچاوەی ئاوو کارەبای لەمیری‌یەوە وەرگیراوە.


١٩٩٧/٥/١

**سەرچاوەکان:**

١- سەردانی مزگەوتەکەو بەشەکانی لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن بەبەڕێز ماموٚستا مەلا (عبدالمجید) پێش نوێژی مزگەوت.

# ٥٥- مزگەوتی خوٚشناو[١]



ئـــەم مزگەوتـــــە، کەوتوٚتە ئـەو گەڕەکـەی کـە لەپشـت باخچـەی گشـتی خـانزادە نزیـک گـــەراجی هـــاتوچوٚی موسڵ.

ســەرەتای درووســت کردنـی دەگەڕێتـەوە بـوٚ سالّی ١٩٦٣.

دانیشـتوانی گـەڕەك هـەموو دەنگیـان کـردە یـەك و بڕیـاری دروســت کردنــی مزگەوتێکیان دا، ئەوەبوو بڕێك پارە کوٚکرایەوە (حاجی رشید حسن عمر)[٢] هەستا بەدروست کردن و سەرپەرشتی کردن.

رووبەرەکەی (٢٥٠)م چوارگوٚشەیە.

لەسـەرەتادا ماموٚسـتا مـەلا (عبدالمجیـد قـادر حمدامیـن)ی[٣] لیٚـبوو تـاکوو سـالّی ١٩٨٥. لەوکاتەوە ماموٚستا مەلا (ابوبکر رحمان نەبی)[٤] لیٚیە.

---

١- سەبارەت بەناوەی خوٚشناوەتی، ناونراوە.

٢- ئەم زاتە دەلیٚ: ماوەیەك بوو، هەر پرسـەیەك ببوایە، دەبوایە لەمالاْن دانیشـتینایە، بوٚیە دانیشتوانی گەڕەك دروست کردنی مزگەوتیان بەپێویست زانی‌و پێکرا پیٚی هەستان.

٣- ئەم زاتە ئێستا لەمزگەوتی (شێخ مەلا رەشیدی نویٚ)یە.

٤- ئەم زاتە لەسالّی ١٩٨٥وە هاتوٚتە ئەم مزگەوتە بوٚ پێش نوێژی.

## بەشەکانی:

١- حەرەم: حەرەمەکەی لەشێوەی خانوو بەرەی کوردەواری خۆمان دروست کراوە، پانتایی یەکەی (٦٠)م٢ دەبێ و تەنها میحرابێکی لەناو دیوار بۆ کراوە. پێویستی نوێژکردنی بۆ دابین کراوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە بەرامبەر بەحەرەم دوو ژوور دروست کراون لەسەر یەك، سەرەوەیان کراوەتە ژووری پێش نوێژو خوارەوە (ژێرەوە) کراوەتە جێی کەل و پەلی پێویستی مزگەوت، ژووری پێش نوێژ تاڕادەیێك پێویستی یەکانی دابین کراوە.


٣- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە، لە (٤) بۆڕیو (٣) سەکۆی دانیشتن و (٤) ئاودەست پێك هاتووە، کەوتۆتە ژێر پێپیلکەی بەسەرکەوتن بۆ ژووری پێش نوێژ. حەوشەکەی سەرانسەر چەمەنتۆ ڕێژە. ئاوو کارەباری لەسەرچاوەکانی میری یەوە وەرگیراوە.

١٩٩٧/١٠/١٦

## سەرچاوەکان:

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.
٢- سەردانی حاجی رەشید حسن، لەماڵی خۆی نزیك مزگەوت.
٣- چاوپێکەوتن بەجەنابی مامۆستا مەلا ابوبکر پێش نوێژی مزگەوت.

# ٥٦- مزگەوتی حاجی بکر زێڕنگەر



ئەم مزگەوتە کەوتۆتە گەڕەکی سەیداوە، نێوان هۆڵی گەل و شەقامی (٦٠) مەتری.

سەرەتای دەست پێ کردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٦٤و لەمانگی نیسانی ساڵی ١٩٦٥ تەواو بوو.

خوالێخۆشبوو (حاجی بکر سلیم حەماوی)[1] هەستا بەدروست کردنی لەسەر ئەرکی خۆی.

ڕووبەرەکەی (٢٠٠٠)م چوارگۆشەیە.

ناوی بەشێك لەو مامۆستایانەی لەم مزگەوتە بوونە:

١- لەسەرەتادا مامۆستای خوالێخۆشبوو (سەید عبداللّه) کرا بەپێش نوێژ.

٢- پاش کۆچ کردنی سەید عبداللّه مامۆستا مەلا سەید محمدی کوڕی جێیەکەی گرتەوەو بوو بە پێش نوێژ.

٣- لەبەرواری ١٠/٤/١٩٧٠وە مامۆستا مەلا (جوهر مولود سعید)[2] پێش نوێژو وتارخوێنە.

٤- ئێستاکەش مامۆستا مەلا (یعقوب مەلا عبدالرحمن)[3] ماستاوەیی بۆتە وتارخوێن بەهۆی نەساغی مامۆستا مەلا جوهر.

## بەشەکانی:

١- حەرەم: زۆر بەشێوەیەکی جوان حەرەمێکی لاکێشەیی بەئەندازەی (١٥×٢٠)م و بەرزی (٨)م بۆ دروست کراوە سەرەکەی کۆنکریتەو ناوەکەی کاشی. زۆر

١- حاجی بکر لەساڵی (١٩٧٠) کۆچی کردو (٣) کوڕی لەپاش بەجێ ماون.
أ- حاجی صلاح حاجی بکر. ب- حاجی حسام حاجی بکر. ج- صدیق حاجی بکر. ئەم بنەماڵەیە پیشەیان زێڕینگەری بوو.

٢ - ئەم زاتە لەبەر ئەختیاری توانای خوتبە خوێندنەوەی نەماوە.

٣- ئەم زاتە لە ٢٢/١١/١٩٩١ وە کراوەتە وتارخوێن لەم مزگەوتە.

بەشێوەیەکی جوان میحراب و مینبەرو مەحفەلی بۆ کراوە لەناوەڕاست حەرەم گومەتێکی هەیە، ناوقەدی (٤)م دەبیّو بەرزی (١٥)م چەندین پەنجەرەی لیّ بەستراوە بەشێوەیەکی تێروپڕ پێداویستییەکانی بەزیادەوە بۆ دابین کراون . بەرهەیوانێکی لەحەوشە بەرزتری هەیە، سەرانسەر کاشی ڕێژە.

٢- منارەکەی: بەشێوەیەکی جوان و بازنەیی، لەکەرپوچ منارەیەکی بۆ دروست کراوە، ناوقەدی (٢)م ئەبیّو بەرزی (٣٥)م و لەناوەوە پێبیلکانی بۆ سەرکەوتن هەیە، لەگەڵ پشتێنەی ناوقەد، بڵند گۆیەکانی لیّ بەستراوە لەژێرەوە (٦) گۆشەیەو بە (١١٢) پەلەی پێبیلکان سەرئەکەون، دەست کردی وەستا (فەتحی شێخۆو مارف سۆفی)یە.

٣- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە لەلای خۆرئاوای حەرەم ژوورێکی فراوانی بۆ دروست کراوە، زۆر بەتێرو پڕی پێداویستییەکانی دابین کراوە.

٤- هۆڵی پرسە: بۆ ئەم مەبەستە، لەدەستە راستی چوونە ژوورەوە هۆڵێك دروست کراوە، زۆر بەشێوەیەکی تێروپڕ پێداویستی بەزیادەوە دابین کراوە.

٥- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە لە (١٧) بۆڕیو (١٧) سەکۆی دانیشتن و (٦) ناودەست و (١) خۆشۆر- سەرشۆرگە پێك هاتووە.

٧- لەناو ئەم مزگەوتە (٦) دانە گۆڕ هەیە، لەوانە گۆڕی خوالێخۆشبوو حاجی بکرو مامۆستا مەلا سەید عبداللە، جگە لەم بەشانەی لێیدواین و باسمان کرد، هەندیّ بەش ماون لەوانە:

أ- ریزە دووکانێك.

ب- خانووبەرە بۆ پێش نوێژ.

ج- چەند شوقەییێك بەکریّ چوونە.


کوڕانی حاجی رەحمەتی، زۆر بەچاکی سەرپەرشتی کاروباری مزگەوتەکە دەکەن، ئاوو کارەبای لەمیری‌یەوە وەرگیراوە.

١٩٩٧/١٠/٧

**سەرچاوەکان:**

١- سەردانی مزگەوت لەنزیکەوە.
٢- چاوپێکەوتن بەجەنابی مامۆستا مەلا جوهر.

# ٥٧- مزگەوتی حاجی رەضان حسین بەزاز



ئەم مزگەوتە کەوتۆتە سێتاقان، پشت گومرگی کۆن، نزیک مزگەوتی حاجی ابراهیم سعید سعدالله.

سەرەتای دروست کردنی دەگەرێتەوە بۆ سالی ١٩٦٥ خوالێخۆشبوو حاجی (رمضان حسین بەزاز)(١) لەسەر ئەرکی خۆی دروستی کرد.

رووبەرەکەی (٦٠٠)م٢.

ناوی مامۆستاکانی:

١- لەسەرەتای دروست کردنی یەوە تاکو سالی ١٩٩٢ مامۆستای خوالێخۆشبوو مەلا (احمد حسین)ی لێ بوو.

٢- لەسالی ١٩٩٣وە مامۆستا مەلا (عثمان علی عثمان) لێیە.

٣- شان بەشانی ئەم زاتە مامۆستا مەلا عمر صالح لەسالی ١٩٩٦وە لەو مزگەوتە پێش نوێژی دەکات.

**بەشەکانی:**

١- حەرەم: بەئەندازەی (٦×٢٠)م حەرەمێکی بۆ دروست کراوە، تەنها میحرابی هەیە، پێداویستییەکانی بەچاکی دابین کراوە لەگەڵ بەرهەیوان.

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە بەمەودای (٣×٤)م ژوورێک دروست کراوە، سەرەکەی چاتی یەو ناوەکەی کاشی، تارادەیەکی چاک پێداویستییەکانی دابین کراوە.

٤- ژووری فەقێیەکانی: ژوورێک هەیە لەتەنیشت ژووری پێش نوێژ، کراوەتە ژووری تەڵەبە، هەندی پێداویستی تێدا دانراوە.

---

١- ئەم زاتە لەرۆژی ٤/٢/١٩٧٢ کۆچی کردو هەر لەناو مزگەوت بەخاک سپێردرا.

٥- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە کەوتۆتە پشت دەرگای حەوشەو لە (٣) ئاودەست و (٣) بۆری بۆ دەست نوێژ پێك هاتووە.

٦- حەوشێکی پاك و خاوێنەو پوختەی هەیە، چەند بنەدارێکی لێ رواوە.

بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی رێك و پێك و پاك و پوختەیە ئاوو کارەبای لەمیرییەوە وەرگیراوە.


١٩٩٧/١٠/١٤

## سەرچاوەکان:

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن بەمامۆستا مەلا عثمان/ پێش نوێژی مزگەوت.

# ٥٨- مزگەوتی شێخ مصطفی باقلان



ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە گەڕەکی سەیداوە، نزیك شەقامی (٦٠) مەتری لەلایەك و تانکی ئاوی شارەوانی لەلایەکی تر.

سەرەتای دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٦٥.

جەنابی شێخ (مصطفی باقلان)[1] هەڵسا بەدروست کردنی بەڵام ماوەیەك کۆمەکیان لەبەربڕاو کارکردن لەو مزگەوتە وەستا.

پاشان بەتەقەلای خوالێخۆشبوو مامۆستا (مەلا اسماعیل میکائیل)[2] بڕێك پارە کۆکرایەوەو مزگەوتەکەی پێ تەواو کرا.

مامۆستا مەلا اسماعیل یەکەم مەلا بوو، لەم مزگەوتەو پاش ئەوەی کۆچی دوایی

١- ئەم زاتە بەرەگەز لەسەیدەکانی بەرزنجەیە، دانیشتووی گوندی باقلانە لەودیو کێوی هەیبەت سوڵتان.

٢- ئەم زاتە لەساڵی (١٩٨٨) کۆچی دوایی کرد.

کرد مەلا خالدی[1] کوڕی پێش نوێژی لێدەکات.

سەرجەم پانتاییەکەی (٦٥٠)م چوارگۆشەیە.

**بەشەکانی:**

١- حەرەم: بەئەندازەی (٨×١٥)م و بەرزی (٥)م دروست کراوە سەرەکەی کۆنکریتەو ناوەکەی چەمەنتۆیە، میحراب و مینبەرو مەحفەل و بەرهەیوانی هەیە. تاڕادەیەکی چاک پێداویستیەکانی دابین کراوە

٢- ژووری پێش نوێژ: لەلای دەستە ڕاستی چوونە ژوورەوە بۆ ناو مزگەوت (٢) ژووری هەن سەرەکانیان چاتییە، یەکێ لەو ژوورانە کراوەتە ژووری پێش نوێژو ئەوی تر ژووری پاسەوان.

٣- بەشی دەست نوێژ گرتن: ئەم بەشە بریتییە لە (٧) بۆڕیو (٧) سەکۆو (٤) ئاودەست و (١) سەرشۆر، بەڵام تاڕادەیەک پەڕپوتە.

حەوشەکەی سەرانسەر چیمەنتۆ ڕێژەو تەنها یەک داری تێدایە. ئاوو کارەبای لەسەرچاوەکانی میرییەوە وەرگیراوە.

١٩٩٧/١٠/٨

**سەرچاوەکان:**

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن بەهەندێ ئەختیار لەناو مزگەوت.

## ٥٩- (مزگەوتی حاجی حسین اسماعیل)

ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە سەرشەقامی (٣٠) مەتری، نزیک منارەی موزەفەریە، بەرامبەر بەگۆڕستانی سەید محمد.


سەرەتای دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٦٥)، خوالێخۆشبوو حاجی (حسین اسماعیل)[2] ئەرکی دروست کردنی گرتە ئەستۆ.

رووبەرەکەی (٦٠٠) م٢یە

---

١- ئەم زاتە پاش خانەنشین کردن، لەسەربازی هاتووەو بوو بەمەلای مزگەوتەکە لەشوێن باوکی.

٢- ئەم زاتە لەساڵی ١٩٦٦ کۆچی دوایی کردووە.



ناوی هەندێ لەماموستاکانی:

١- ماموستای خوالێخوشبوو (مەلا صادق فەرهادی).

٢- ماموستا مەلا عبدالفتاح عبدالقادر- ئێستا لەمزگەوتی حاجی صدیق شەربەت فروشە.

٣- ماموستا مەلا شێخ ابراهیم بالیسانی لە ١٩٨٧/١/١وە لەم مزگەوتە پێش نوێژو ووتار خوێنە.

جەنابی حاجی توفیق حاجی حسین سەرپەرشتی دەکات.

## بەشەکانی:

١- حەرەم: شێوەکەی چوار گوشەیە، بەئەندازەی (١٥×١٥)و بەرزی (٨)م دروست کراوە، میحراب و مینبەرو مەحفەلی هەیەو چەند ئایەتی قورئان بەدەست خەتی (خوشنووس ئومێد جرجیس) لێ هەلواسراوە، بەرهەیوانی نایابی بو کراوە، بەباشی پێداویستیەکانی دابین کراوە.

٢- گومەتەکەی: لەسەر شێوەیەکی بازنەیی گومەتێکی بو دروست کراوە ناوقەدی (٥)م و بەرزی (١٥)م چەند سورەیایەکی پێوە هەلواسراوە.

٣- منارەکەی: لەکەرپوچ منارەیەکی بازنەیی گەورەی بو دروست کراوە، بەرزی (٣٠)م دەبێو لەناو قەدی پشتێنەی بو کراوە، لەناوەڕاست بەردێکی لێ چەسپ کراوە ناوی (ئەندازیار عدنان مصطفی)و وەستا (فەتحی و مارف سوفی) لێنووسراوە.

٤- ژووری پێش نوێژ: بو ئەم مەبەستە ژوورێکی (٤×٧)م دروست کراوە پێداویستی بو دابین کراوە.

٥- ژێر زەمین: ژێر زەمینێکی فراوانی هەیە، حەرەم، سەرانسەر کراوەتە ژێر زەمین بو کەل وپەلی زیادە.

٦- بەشی دەست نوێژ: ئەم بەشە پێك هاتووە لە (١٣)بوری‌و (١٢) سەکوو (٧) ئاودەست و حەوزێکی گەورەی ئاو.

ئەم مزگەوتە چەند دوکان و شوقەو خانوێکی هەیە، بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی پوختەیەو جەماوەرێکی زور هاتوچوی دەکەن. سەرچاوەی ئاوو کارەبای


لەمیری‌یەوە وەرگیراوە.

**سەرچاوەکان :** ١٩٩٧/١٠/٦

١- سەردانی بەشەکانی لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن بەخودی مامۆستا مەلا شێخ ابراهیم بالیسانی پێش نوێژو ووتارخوێنی مزگەوت.

## ٦٠- مزگەوتی سەید قادر



ئـەم مزگەوتـە کەوتۆتـە گـەڕەکی (بەستەپیازە)، خانزاد، لەسەر ڕێگای سەرەکی ئەم گەڕەکە.

لەسـەر ئەسـتۆی مامۆستا (سـەید قادر سـەید مجیـد)[1] و خـێرخوازانی ئـەو گەڕەکە لەساڵی ١٩٦٦ دەست بەدروست کردنی کرا.

ڕووبەرەکەی (٥٥٠)م چوار گۆشەیە.

هەر لەسەرەتاوە بەڕێز مامۆستا مەلا (سەید قادر سەید مجید) کرایە پیش نوێژو وتار خوێن، مامۆستا مەلا (شێخ فرخ محمد علی)یش لەساڵی ١٩٨٥ وە پێش نوێژی دووەمە.

**بەشەکانی:**

أ- حـــەرەم: ئەندازەی حەرەمەکەی (١٢×٨)م٢، و دیواری کەرپوچ و سەرەکەی

---

١ - ناوی تەواوی ئەم زاتە (مامۆستا مەلا سەید عبدالقادر سەید عبدالمجید سەید عبدالرحان سەید حسین) نعیمی‌یە، دروست کردنی مزگەوتەکەش بەشی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵ و چالاکی ئەو زاتە.

کۆنکریت و ناوەکەی چەمەنتۆیە. میحراب و مینبەرو مەحفەلو بەرهەیوانی هەیە. تاڕادەیەکی چاك پێداویستیەکانی دابین کراوە.

ب- هۆڵێك دروست کراوە بۆ ئەوەی ڕۆژانی هەینی ئافرەتان نوێژی لێبکەن.

ج- هۆڵی پرسە: بۆ ئەم مەبەستە هۆڵێك دروست کراوە لایەکی لەلایەکەی پان ترەو تاڕادەیەك پێداویستی بەباشی بۆ دابین کراوە.

د- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە تاڕادەیەك سەربەخۆیە وەکو لەزۆربەی مزگەوتەکان بەدیمان کرد. (٦) ئاودەست و (٦) بۆری ئاوی ساردو گەرم جێگای تایبەت بۆ مردوو شۆردن.

حەوشەکەی چەمەنتۆ ڕێژەو کۆڵانێکی باریکی هەیە تاکو دەگاتە دەرگای حەوشەی سەرشەقام، بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی مام ناوەندییە، بەلام جەماوەری زۆرە. ئاوو کارەبای لەسەرچاوەکانی گشتییەوە وەرگیراوە.

١٩٩٧/٨/٣٠

**سەرچاوەکان :**

١- سەردانی بەشەکان لەنزیکەوە.

٢ - چاوپێکەوتن بەبەڕێز مامۆستا مەلا سەید قادر ئیمام و خەتیبی مزگەوت.

# ٦١- مزگەوتی عبدالقادر شنۆیی ( سپی )[(١)]

ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە سەرشەقامی (٦٠) مەتری، نزیك گەڕەکی سورچیان، نزیك هۆڵی بۆنە گشتییەکان (قاعة المناسبات العامة).

لەساڵی (١٩٦٧) لەسەر ئەرکی (عبدالقادر عبدالکریم شنۆی) دەست بەدروست کردنی کرا.

سەرجەم پانتایەکەی (١٠٠٠) مەتری چوارگۆشەیە.

ماوەیەکی زۆرە مامۆستا مەلا (عبداللە) پێش نوێژو وتارخوێنە پێش ئەم زاتەش مامۆستا مەلا قادر رسول بەحرکەیی لێبوو.

**بەشەکانی :**

١- حــــــەرەم: بەدوو قۆناغ دا تێپەڕیوە، یەکەم لەساڵی ١٩٦٧و دووەم لەساڵی

---

١ - سەبارەت بەڕەنگی گومەتەکەی، ناونرا مزگەوتی سپی.



١٩٨٦. پـاش ئـەوەی هەست بەبچوکی حەرەم کرا، هـەوڵ و تەقـەلا درا بـۆ فـراوان کردنـەوەی، ئەوەبوو لەسـاڵی ١٩٨٦ فراوان کرایـەوەو بوو بـە (١٥×٢٥)م لەلایـــەك و دوو نهۆم لەلایـەکی تـر.

میحراب و مینبەرو مەحفەلی پوختەی بۆ کراوە، گومـەتێکی گـەورەی بازنـەیی هەیە، ناوقەدی (٦)م دەبیّ‌و بەرزی (١٥)م، (٨) دانە پەنجەرەی لیّ‌بەستراوە، مەحفەلێکی زۆر گەورەو فراوانی هەیە جیّ‌ی سەدەها نوێژکەری لیّ‌دەبێتـەوە بەرهـەیوانی چاکی هەیە، بەتێرو پری پێداویستیەکانی هەموو دابین کراوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: لەتەنیشت دەرگای حەوشە، ژوورو هەیوانێك بۆ پێش نوێژ دروست کراوە، بەتێرو پـری پێداویستی بۆ دابین کراوە دەرگای تایبەتی هەیـە بۆ چوونە ناو حەرەم لەکاتی نوێژی هەینی.

٣- هۆڵی پرسە: بەئەندازەی (٨×٢٠)م دروست کراوە، زۆر بـەتێرو پـڕی هـەموو جۆرە پێداویستیەکی بۆ تەرخان کراوە.

٤- هۆڵی نوێژ کردنی ئافرەت: بۆ ئەم مەبەستە بەئەندازەی (٥×٨) م هۆڵێـك بـۆ نوێژکردنی ئافرەتان دروست کراوە، ئەویش تاڕادەیەك پێویستی دابین کراوە.

٥- ژووری فەقیّ: لەبەر ئەوەی چەند فەقێیەکی لیّ‌حەواوەتـەوە، ئـەوا ژوورێکیـان هەیە، تاڕادەیەك ڕێك و پێك و پوختەیە.

٦- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە بریتی‌یە لە [(١٢) جووت بۆری (خلاط)، (١٧) کورسی بچوکی دانیشتن و ١١ ئاودەست و یـەك سەرشۆرگەو حەوزێکی گەورە بۆ ئاو].

حەوشێکی پڕ لەدارودرەختی هەیە، چـەند دارخورمایـەکی لیّ‌رواوە (٣) دەرگـای هەیە.

سەرچاوەی ئاوو کارەبای لەسەرچاوە گشتی‌یەکانەوە وەرگیراوە. بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی ئاودارەو لەڕیزی مزگەوتە بەناوبانگەکانە.

١٩٩٧/٩/٢٣

**سەرچاوەکان:**


١- سەردانی بەشەکان.

٢- چاوپێکەوتن بەبەڕێز عبدالکریم شنوی لەماڵی خۆی.

٣- بینینی کارمەندێکی مزگەوت.

٤- سەردانی مامۆستا مەلا عبداللە، بەڵام بەداخەوە بەدەنگمانەوە نەهات و تەنانەت قایل نەبوو ناوی بەتەواوی بنووسین و هیچ یارمەتی نەداین.

## ٦٢- (مزگەوتی شێخ معروف)[1]



ئەم مزگەوتە کەوتۆتە تەنیشت گۆڕستانی شێخ معروف لەگەڕەکی بادادوە، هەر بەم بۆنەیەوە پێی دەڵێین مزگەوتی شێخ معروف خۆی لەڕاستیدا لە رەسمیات ناوی (سعد بن ابی وقاص)ە.

رووبەرەکەی ١٧٢٠ م٢ چوارگۆشەیە.

سەرەتای دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٦٨.

کاتی خۆی زەوییەکەی موڵکی بنەماڵەی مەلا فەندی بوو، حاجی سعیدی تورشیات فرۆش هەستا بەدروست کردنی، دەڵێن ئافرەتێکی کوردی موسڵاوی پارەیەکی زۆری رەوانە کرد بۆ تەواوکردنی[2].

ماوەیەکی زۆر خوالێخۆشبوو مەلا (صادق اسماعیل حسن) ی لێبوو ئێستاش مامۆستا مەلا (محمد عبداللە) پێش نوێژی لێ دەکات بەبێ پاساو.

---

١ - شێخ معروف خەڵکی گوندی (پەڵکەرەشی وولاتی کۆییە)و لە ئەنجامی خواناسین و عیبادەت بوو بەخاوەن نفوسێکی گەورە گۆڤاری شارەوانی هەولێر لاپەڕە ١٦٥ ساڵی ١٩٨٥.

٢ - بەڕێز ئەندازیار کاک شێخ فاخر نەقشبەندی/ ئەندازیاری ئەوقاف.

## بەشەکانی:

١- حەرەم: مەودای (٨×٨) مەترەو سەرەکەی کۆنکریتەو دیواری بلۆك و ئاوەکەی چەمەنتۆیە، تەنها میحرابێکی ساکاری هەیە. تاڕادەیەك پێداویستی مزگەوتی بۆ دابین نەکراوە هەندێ کەم و کوڕیمان بەدی کرد. لەوانە بێ خزمەتی و کەم بوونی کەرەستەی پێویست، بە تایبەت ڕایەخ.

٢- ژووری پێش نوێژ: ژوورێکی هەژارانە بۆ پێش نوێژ دروست کراوە، چەند پارچە ڕایەخێکی پەڕپووتی لێیەو بەس.

٣- بەشی دەست نوێژگرتن: لەناوەڕاست حەوشەی مزگەوت حەوزیەك لەکۆنکرێت دروست کراوەو چەند بۆڕیەکی لێ بەستراوە، خەڵکی دەست نوێژی لێ دەگرن لەلایەکی مزگەوتەکە (٢) ئاودەستی پەڕپووتی هەیە.

مزگەوتێکی بێ خزمەتە لەگەڵ ئەوەی (٣) خادیمی بۆ دانراوە کە ئەمانەن.

ا- کاك قادر سلام ابراهیم.

ب- کاك عمر کاکە حەمە.

ج- کاك مسعود مەلا صادق اسماعیل.

سەرچاوەی ئاوو کارەبای لەسەرچاوەکانی میرییەوە وەرگیراوە

١٩٩٧/٧/٢٧

## سەرچاوەکان:

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن بەبەڕێز:

ا- کاك شێخ فاخر نەقشبەندی ئەندازیاری ئەوقاف.

ب- کاك مسعود مەلا صادق کارمەندی مزگەوت.

چەند بەشێکی تر هەن وەکوو بەشی تەکیە لەوانە:

ا- ژوورێکی گەورە بۆ دانیشتنی خاڵە شێخ کاکە.

ب- ژوورێکی گەورە بۆ حەوانەوەی مێوان.

ج- ژوورێك بۆ دانیشتنی تایبەت.

بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی پاك و خاوێن و پوختەیە جەماوەرێکی زۆری خۆی هەیە. ئاوو کارەبای لەسەرچاوەکانی میری‌یەوە وەرگیراوە.

١٩٩٧/٧/٨

## سەرچاوەکان:

١- سەردانی بەشەکانی لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن بە جەنابی:

ا- خاڵە شێخ کاکە.

ب- مامۆستا مەلا عبدالعزیز.

# ٦٥- مزگەوتی عثمان کوڕی عفان[١]-( مەلا طلعت )[٢]

ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە گەڕەکی مەنتکاوە، پشت مزگەوتی رشاد موفتی.

سەرەتای دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٠.

زەوی‌یەکەی خەڵاتی بەڕێز (حاکم صابر موفتی)یەو خێر خوازان بە دروست کردنی هەستان.

رووبەرەکەی (٣٥٠)م چوارگۆشەیە.

## قۆناغەکانی:

ا- لەسەرەتادا بەخشت و قوڕو کاریتە دروست کرا.

ب- لە ساڵی ١٩٧٥ بەیارمەتی ئەوقاف، دەست کاری کراوو بەشێك لەکەم و کورتیەکانی چارەسەر کرا.


ج- لەساڵی ١٩٩٥ لەلایەن هەمان سەرچاوەی پێشوو بڕێك پارەی تری بۆ تەرخان کراو جارێکی‌تر نۆژەن کرایەوە.

---

١- ناوی یەکێ لەخەلیفەکانی پێغەمبەرە(د.خ).

٢- ئەم زاتە ماوەیەکی زۆر لەم مزگەوتە ئیمام بوو.

# ٦٣- مزگەوتی حاجی مەلا محمود[1]



ئـــەم مزگەوتـــە، کەوتۆتە سـەر شـەقامی (٣٠) مـەتری، بەرامبـەر بـەئامادەیی کۆمـاری کـــوڕان، نزیـــک قائمقامیەت.

سـەرەتای دروسـت کردنی دەگەڕێتـەوە بـۆ ساڵی ١٩٦٨.

مامۆستا مەلا (محمود مەلا طاهر)[2] دێرە بروشە، ئەرکی دروست کردنی گرتە ئەستۆ.

## قۆناغەکانی:

أ- لەسەرەتادا، بەخشت و قوڕو کاریتـە، لەسـەر پارچە زەویـەکی (٢٠٠) مـەتری دروست کرا.

ب- پاش ماوەیەك پارچەیـەکی تـری زەوی هـەبوو لەتەنیشت مزگـەوت کڕیـان و دایانە دەم پانتایی مزگەوت بەوە بوو بە (٥٠٠)م٢.

کاتی خۆی مامۆستا مەلا محمود پێش نوێژی دەکرد، بەڵام ئێستا مامۆستا مـەلا (سەید صفا سەید غانم) پێش نوێژی لێ دەکات.

## بەشەکانی:

١- حـەرەم: بەئـەندازەی (٨×١٢)م و بـەرزی (٤)م حـەرەمێکی بـۆ دروسـت کـراو، سەرەکەی کۆنکریتەو ناوەکەی کاشی تەنها هـەر میحرابی هەیە بەمەودای (٢×١٢)م بەرهەیوانی بۆ کراوەو تاڕادەیەك پێداویستیەکانی دابین کراوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: لە سـەربـانی حەرەم بۆ پێش نوێژ ژوورێکی مام ناوەندی

---

١- ئەم زاتە ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لەدروست کردن، ماوەیەکە لەبەر ئەختیاری توانای پێش نوێژی نەماوە، تەنها لە هۆدەی خۆی لەمزگەوت دادەنیشێ.

٢- ئەم زاتە لەڕۆژی ١٩٩٦/١٢/١٣ وە بەرەسمی کراوەتە پێش نوێژ لەو مزگەوتە.

دروست کراوەو پێداویستی بۆ دابین کراوە.

٣- ژووری مەلا محمود: ئەم زاتە ژووری خۆی جیاوازەو تاڕادەیەك پێداویستی دابین کراوە.

٤- هۆڵی پرسە: خۆی دەدا لە (٤×١٢)م و بەتێرو پڕی پێداویستی هۆڵی پرسەی بۆ دابین کراوە.

٥- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە لە (٥) بۆڕیو (٦) سەکۆو (٤) ئاودەست و (١) خۆشۆرو ئامێرێکی ئاو گەرم کردن پێك هاتووە.

حەوشەکەی پانتاییەکەی خۆی لە (١٠٠)م دەداو سەرانسەر کاشی ڕێژە، لەبەر دەرگای مزگەوت بەخەتێکی جوان ناوی مزگەوت نووسراوە، ئاوو کارەبای سەرەکییە، بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی پاك و خاوێنە.

١٩٩٧/١١/٧

## سەرچاوەکان:

١- سەردانی مزگەوت لەنزیکەوە.

٢- چاپێکەوتن بە:

ا- مامۆستا مەلا محمود.

ب- مامۆستا مەلا صفا.

# ٦٤- مزگەوتی شێخ کاکە[1]

ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە گەڕەکی ئازادی، نێوان کۆڵانەکانی تەنیشت وەزارەتی ناوخۆ.

سەرەتای دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٦٨، لەسەر بڕیاری (شێخ کاکە) دەست بەدروست کردنی کرا.

ڕووبەرەکەی (٨٠٠)م و کراوەتە دوو بەشەوە.

ا- بەشی مزگەوت.

ب- بەشی تەکیە.

ئێمە لێرەدا باسی بەشی یەکەم دەکەین، خوا یاربێ لەداهاتوودا، لەبواری

---

١- ناوی تەواوی (شێخ مصطفی شێخ عبدالکریم شێخ مصطفی)یە، لەنەوەی شێخ ئیسماعیل ولیانییە، بە ڕەگەز لە سەیدەکانی (بەرزنجە)یە.



تەکیـــەکان ڕونــاکی دەخەینـە سـەر بەشـی دووەم.

## قۆناغەکانی:

ا- لەســـــەرەتادا، بەچەمـــەنتۆو گـــەچ و کەرپوچ دروست کرابوو.

ب- لەسـاڵی ١٩٧٩ ئـەوقافی هـەولێر بڕێـك پـارەی بـۆ تـازە کردنـەوەی تـەرخان کـردو گۆڕانکاری‌یـەکی تەواوی بەخۆیەوە بینی.

مامۆستا مەلا (عبدالعزیز حسین عەلی)[1] پێش نوێژو وتارخوێنە، مەلا (علی حمد خدری)[2]شی لێ بوو کاتی خۆی.

## بەشەکانی:

١- حـەرەم: بەئـەندازەی (١٠×١٥)م حـەرەمێکی بـۆ دروسـت کـراوە، سـەرەکەی کۆنکریتەو ناوەکەی کاشی ڕێژ میحراب و مینبەرو مەحفەل و گومەت و بەرهـەیوانی پوختەی هەیە، ژێر حـەرەم سەرتاسـەر کراوەتـە ژێـر زەمـین بـۆ کـەل و پـەلی زیـادە، بەشێوەیەکی تێرو پڕ پێداویستی‌یەکانی دابین کراوە.

٢- ژووری مەکتەبە (کتێبخانە): بۆ ئەم مەبەستە ژوورێکی ڕێـك و پێـك دروست کراوە بەکەرەستەی پێویستی‌یەوە وەکو:

ا- کتێبخانە.

ب- نزیك (١٠٠٠) کتێبی ئاینی‌و گشتی تێدایە.

ج- تەختەو (مێز) کورسی بۆ خوێندنەوەو چاو پێ خشاندنی کتێب.


٣- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە لە (٦) بۆڕی‌و (٦) ئاودەست و (٤) سەکۆی دانیشتنی بچوك و (١) سەرشۆرو چەند تانکێکی ئاو پێك هاتووە.

حـەوشـەکـەی، حـەوشێکی خـۆشی هـەیە، سەرتاسەر کاشی ڕێژە، لەم حەوشەیە

---

١- مامۆستا عبدالعزیز بۆ (١٢) ساڵ دەچێ لەم مزگەوتەیە.

٢- مامۆستا مەلا علی لەساڵی ١٩٩٤ کۆچی دوایی کرد پاش بەسەر بردنی ماوەیەکی زۆری ژیانی لەم مزگەوتە.



هـــەر لەســـەرەتاوە مامۆســتا مـەلا (طلعـت سـعيد قـەرەنی) بـوو بەپێش نوێژ، ئەمە وای لەخـەڵك كـرد زۆر جـار دەیانووت مزگەوتی مەلا تەڵعەت.

لەســـــاڵی ١٩٩٥وە مامۆســـتا (مـەلا انـور عبدالله عبدالرحمن)ی لێ دانراوە بۆ پێش نوێژی.

## بەشەكانی:

١- حەرەم: بەئەندازەی (١٠×١٠)م و شێوەیەكی ساكار دروست كراوە، میحراب و مینبەری هەیە، بەڵام بەبێ مەحفەلـە، بەشێوەیەكی مـام نـاوەندی پێداویستیەكانی دابین كراوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: بەپانتایی (١٠)م٢ ژوورێك بۆ دانیشتنی پێش نوێژ كراوە، چەند پێویستێكی لێ دانراوە.

٣- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە لە (٥) بۆڕیو (٤) ئاودەست و(١) سەرشۆر پێك هاتووە.

حەوشەكەی سەرانسەر چەمەنتۆیە، ئاوو كارەبای لەمیرییەوە وەرگیراوە.

١٩٩٧/٧/١٣

## سەرچاوەكان

١- سەردانی مزگەوت و بەشەكانی لەنزیكەوە.
٢- چاوپێكەتن بە بەڕێز مامۆستا مەلا انور پێش نوێژی مزگەوت.

# ٦٦- مزگەوتی حاجی بهجت (شۆڕشی نوێ)

ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە گەڕەکی شۆڕش، پشت مزگەوتی شەهید صباح.
سەرەتای دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٧٠).
کاتی خۆی زەوی‌یەکەی خەڵاتی حاجی عبداللەی حەمامچی بوو، خێرخوازان و دانیشتوانی گەڕەك، پارەیان کۆکردەوە بەسەرپەرشتی حاجی بهجت مزگەوتەکیان دروست کرد.

سەرجەم پانتتایەکەی (٢٨٠)م٢

لەساڵی ١٩٨٥وە مامۆستا مەلا (عثمان محمدامین) پێش نوێژ ووتارخوێنە بەڵام ماوەیەکە مەلا عبداللەی کوڕی مەلا عثمان دەستی بەووتار خوێندنەوە کردووە.

## بەشەکانی:

١- حەرەم: زۆر بەشێوەیەکی ساکار دروست کراوە تەنها میحراب و کۆمەڵە دەلاقەیەکی بۆ کراوە، بەشێوەیەکی مام ناوەندی بەشێك لەپێداویستی بۆ دابین کراوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: لەسەر هەمان شێوە ژوورێك بۆ پێش نوێژ دروست کراوە، چەند پارچە پێویستیەکی لێ دابین کراوە.

٣- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە بریتی‌یە لە: (٦) بۆڕی خلاط، (٤) ئاودەست، ئامێرێکی ئاو گەرم کردن.

حەوشەی بچوکی هەیە، تەنها بنەدارێکی تێدایە لەگەڵ ئامێرێکی ئاو سارد کردنەوە، بەهەر حاڵ هەرچەندە وەکو ئاماژەمان بۆ کرد، بچوکە، بەڵام دانیشتوانی ئەو دەوروبەری پی‌ی حەساونەتەوە.

سەرچاوەی ئاوو کارەبای لەسەرچاوە گشتی‌یەکانی میری‌یەوە وەرگیراوە.

١٩٩٧/٩/١٣

## سەرچاوەکان:

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی، لەنزیکەوە.
٢- چاوپێکەوتن بەخودی مامۆستا مەلا عثمان پێش نوێژی مزگەوت.

# ٦٧- مزگەوتی رشاد نەجار



ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە نزیك پردی گەڕەکی سەیداوە، نزیك گومرگی کۆن، پەیمانگای مامۆستایانی هەولێر.

ڕووبەرەکەی (١٦٠٠)م٢.

لە ١٩٧١/١٢/١ دەست بەدروست کردنی کرا، لەسەر ئەرکی ئەم دوو بەڕێزە:

ا- بەڕێز رشاد خورشید نەجار.

ب- بەڕێز یاسین خورشید نەجار.

مامۆستا مەلا عبداللـه عثمان معروف عەوێنەیی ماوەیەکیٚ زۆرە ووتارخوێنە لەم مزگەوتەو مامۆستا مەلا (حسام الدین مەلا عبداللّه محمود) نەقشبەندی پێش نوێژیان بۆ دەکات.

ئەم زاتە لە ١٩٩٦/١١/٢١ وە گواستراوەتە ئەم مزگەوتە، پێش ئەم دوو بەڕێزەش، ئەم مامۆستایانەی لێبوون:

ا- مامۆستای خوالێخۆشبوو (صدیق نوغەرانی).

ب- مامۆستا مەلا عبدالکریم ناسری.

ج- مامۆستا مەلا سعید حمدامین خۆشناو.

**بەشەکانی:**

١- حەرەم: ئەندازەکەی (١٢×١٨)م دەبێ‌و بەرزی (٥)م سەرەکەی کۆنکریتەو ناوەکەی کاشی، زۆر بەتێرو پڕی میحراب و مینبەرو مەحفەلی بۆ کراوە. بەئەندازەی (٧)م ناوقەدو (١٥)م بەرزی گومەتێکی پوختەی هەیە، بەئەندازەی (٤)م بەرهەیوانێکی سەرانسەری هەیە و تاڕادەیەکی چاك پێداویستیەکانی لە هەموو ڕوویەکەوە دابین کراوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: لەسەر هۆڵی پرسە، (٢) ژوور هەیە، یەکیٚ ژووری پێش نوێژو ئەوی تر فەقیٚ، بەتێرو پڕی ئەم دوو ژوورە پێداویستی بۆ دابین کراوە لەبەر دەرگای حەوشە، لەلای ڕاست پێپلکەی بۆ سەرکەوتن بۆ کراوە.

٣- هۆڵی پرسه: ئەم هۆڵە خۆی لە (٨×١٨)م دەداو سەرەکەی کۆنکریتەو ناوەکەی کاشی ڕێژ، بەشێوەیەکی تێرو پڕ پێداویستی هۆڵی پرسەی بۆ دابین کراوە.

٤- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە کەوتۆتە خۆرهەڵاتی حەرەم و شێوەیەکی تایبەتی خۆی هەیە، لە (١٣) بۆڕیو (١٢) سەکۆ (٨) ئاو دەست و (١) خۆشۆر ئامێری ئاو گەرم کردن پێك هاتووە.

٥- بیری ئاو: بیرێکی تایبەتی بۆ ئاو لەم مزگەوتە هەیە، لەکاتی پێویستی بەبۆنەی تورمپاوە ئاوەکەی ئەکرێتە ناو تانکی‌یەکان.

٦- حەوشەکەی: زۆر بەرێك و پێکی دروست کراوە، لەبەر دەرگای حەوش ڕێزە دوکانێکی هەیە، هەموو بکرێ چوونە بۆ جێبەجێکردنی کەم و کوڕی مزگەوت، خانووی تایبەتی هەیە بۆ خێزانی پێش نوێژ.

سەرچاوەی تەزووی کارەبای لەمیری‌یەوە وەرگیراوە.

١٩٩٧/١١/٦

**سەرچاوەکان:**

١- سەردانی مزگەوت لەنزیکەوە.

٢ - چاوپێکەوتن بەخودی مامۆستا (مەلا حسام الدین مەلا عبداللّە) نەقشبەندی پێش نوێژی مزگەوت.

# ٦٨- مزگەوتی سەید طه گەردی

ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە سەر شەقامی (٦٠) مەتری، بەرامبەر بەگەڕەکی سەلاحەدین، نزیك خانووەکەی حاجی محمود سێبیرانی.


سەرەتای دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆساڵی (١٩٧٢)

کاتی خۆی بەهەوڵ و کۆششی (سەید طه سەید عباس)[1] ئەو زەوی‌یە بۆ مزگەوت دەست نیشان کراوە خێرخوازان دەستی یارمەتیان بۆ دروست کردنی درێژ کرد، بەتایبەت جەنابی (سەید سلیمان).

لەسەرەتادا مامۆستا مەلا (کمال محمد قادر) کرایە پێش نوێژو ماوەیەکی باش پێش نوێژی لێ کردو ڕۆڵێکی چاکی هەبوو لەدروست کردنی.

---

١ -- ئەم زاتە خەڵکی گوندی (دەربەندی سەیدان)ی سەر بەبەرانەتی‌یە.



ئێستاش ئەم دوو مەلا بەرپرسی لێیە:

ا- مامۆستا مەلا یاسین قادر کریم لەساڵی ١٩٨٥.

ب- مامۆستا مەلا عبدالرحمن اسماعیل علی لەساڵی ١٩٩٥.

ڕووبەرەکەی بەگشتی (١٢٠٠)م٢

## بەشەکانی:

١- حەرەم: تاڕادەیەك لەسەر شێوەی چوار گۆشە،و بەئەندازەی (١٠×١٢)م حەرەمێکی بۆ کراوە، سەرەکەی کۆنکریتەو ناوەکەی چەمەنتۆ، تەنها میحرابێکی لەناوەڕاست هەیە تاڕادەیەکی مام ناوەندی پێداویستی بۆ دابین کراوە، بەئەندازەی (٤)م بەرهەیوانی سەرانسەری بۆ کراوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە لەبەرهەیوانی حەرەم، ژوورێك بۆ دانیشتنی پێش نوێژ کراوە، بەشێوەیەکی مام ناوەندی پێداویستی‌یەکانی دابین کراوە.

٣- بەشی دەست نوێژ: ئەم بەشە لە (٤) بۆڕیو (٤) سەکۆو (٤) ئاودەست پێك هاتووە، بەشێکی پاك و پوختەو ڕێك و پێکە.

٤- حەوشەکەی: سەرانسەر حەوشەکەی چەمەنتۆ ڕێژە، چەند بنەدارێکی لێ ڕوواوە، بەشێوەیەکی گشتی حەوشێکی پاك و خاوێن و پوختەیە.

ئاوو کارەبای لەسەرچاوەکانی میری‌یەوە وەرگیراوە.

١٩٩٧/١٠/١٩

## سەرچاوەکان


١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن بەبەرپرسان، هەردوو پێش نوێژکاری مزگەوت.

ا- مامۆستا مەلا یاسین قادر کریم.

ب- مامۆستا مەلا عبدالرحمن اسماعیل علی.

# ٦٩- ( مزگەوتی زکیەخان )



ئــــەم مزگەوتـــــە، کەوتۆتــە سەرشــەقامی (٦٠) مـــەتری، نزیـــك چوار ڕێیانی (فەرانسۆ میتران) عەنکاوە.

ســـەرەتای دەســـت بەدروســـت کردنـــی دەگەڕێتـــەوە بۆ ســـاڵی ١٩٧٢ کـــاتی خـــۆی (زەکیە شێخ محمد)[1] و حیدر ئاغای کوڕی ئەرکی دروست کردنیان گرتە ئەستۆ.

سەرجەم پانتایەکەی (٨٠٠)م٢.

لەسەرەتاوە مامۆستای خوالێخۆشبوو (مەلا محمد قادر) کرایە ئیمام و خەتیب، پاش ئەوەی ئەو وەفاتی کرد مامۆستا (مەلا جمال)ی کوڕی کرایە پێش نوێژ ووتارخوێن.

**بەشەکانی:**

١- حەرەم:

ا- قۆناغی یەکەم: سەرەتای دامەزراندنی لەساڵی ١٩٧٢ بووە.

ب- قۆناغی دووەم تاڕادەیەك دەست کاری کرا، بەنیازی فراوان کردنەوە، ئەویش لەساڵی (١٩٨٥) لەسەر ئەرکی خوالێخشبوو (حیدر سلیم رشید) ئاغای ئەسعدی بوو.

پانتایی حەرەم پاش فراوان کردنەوە بۆتە (١٢×١٥)م سەرەکەی کۆنکریتەو ناوەکەی کاشی، میحراب و مینبەرو مەحفەڵ هەیە، بەشێوەیەکی چاك پێداویستی بۆ

---

١ - دەگێڕنەوە دەڵێن: پاش تەواوبوونی ژێر تەمەڵی مزگەوتەکە، زکیەخان بەسەریدا نەخۆش کەوت و لەکاتی نەخۆشیو پێش سەرەمەرگ، داوای لەخزم و کەسانی خۆی کرد، پاش مردنی یارمەتی حیدر ئاغای کوڕی بدەن بۆ تەواو کردنی مزگەوتەکە، ئەم زاتەش بەباشی بەو وەسیەتە هەستاو مزگەوتەکەی تەواو کرد، (حیدر ئاغا) لە دایکبووی ساڵی ١٩١٩بوو ماوەیەك ئەفسەر بوو لە سوپای عیراق، لە ساڵی ١٩٦٩ خانەنشین کرا بە پلەی (عقید).

دابین کراوە، بەرهەیوانێکی چاکی هەیە.

٢- ژووری پێش نوێژ: دوو ژوور هەن لەتەنیشت یەك، یەکێ ژووری پێش نوێژو ئەوی تر ژووری خادمەکانە، پێداویستی ئەم دوو ژوورە بەباشی دابین کراوە.

٣- بەشی نوێژ کردنی ئافرەتان: لەسەربانی بەشی دەست نوێژ، هۆڵێك بۆ ئەم مەبەستە دروست کراوە، ئەم هۆڵەش بەچاکی پێداویستی بۆ دابین کراوە، دەرگای تایبەتی خۆی هەیە بۆ هاتوچۆ لەڕۆژانی هەینی.

٤- بەشی دەست نوێژ: ئەم بەشە بریتی‌یە لە (١٤) بۆڕی‌و (١١) ئاودەست و (١) سەر شۆڕو جێگایەکی پاك و خاوێن و تایبەت.

٥- جێگـای مردوشـۆردن: بـۆ ئـەم مەبەسـتە جێگایـەکی تایبـەت و تاتەشـۆرو دارەمەیت و پێداویستی بۆ دابین کراوە.

ئەم مزگەوتە خاوەن (٢) خانووە:

ا- خانوویەك بۆ حەوانەوەی خێزانی مامۆستا.

ب- خانوویەکی تر بۆ کرێ.

لەگەڵ دوکانێك، کرێی خانوو و دوکانەکە بۆ هەڵسوڕاندنی کاروباری مزگەوتەکە تەرخان کراوە.

دەرگای سەرەکی کەوتۆتە سەر شەقامی (٦٠) مەتری.

بەشێوەیەکی گشـتی مزگـەوتێکی چـاك و خـاوەن جـەماوەرە، سـەرچاوەی ئـاوو کارەبای لەسەرچاوەکانی میری‌یەوە وەرگیراوە.

١٩٩٧/٩/٢٤

## سەرچاوەکان

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.


٢- چاوپێکەوتن و گفتوگۆ لەگەڵ مامۆستا مەلا جمال.

٣- کاك عزیز عمر حسین، هاوڕێی حیدر ئاغا.

٤- مامۆستا برهان نورالدین احمد، خزمی نزیکی حیدر ئاغا.

٥- مامۆستا ماجد حیدر سلیم.

# ٧٠- مزگەوتی سەید قاسم خەیات



ئـــــەم مزگەوتـــــە، کەوتۆتـە سـەر شـەقامی (٦٠)م نزیـک بارەگـای لقـی دووی پـارتی دیموکراتـی کوردسـتان، بەرامبـــەر بـــە نەخۆشـــــــخانەی (Emergency) ڕێکخراوەکان.

سەرەتای دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٧٢-١٣٩٢).

ئـەرکی دروسـت کردنـی کەوتـە سـەر شـانی خوالێخۆشـبوو (سـەید قاسم سب عبداللە)[1]ی خەیات.

سەرجەم رووبەرەکەی (١٥٦٠)م چوارگۆشەیە.

ماوەیەکی زۆر مامۆستای خوالێخۆشبوو (مەلا علی عمر احمد)[2] پێش نوێژی دەکرد.

ئێستا ئەم دوو زاتەی لێیە:

ا- مامۆستا مەلا عبداللەی وەرتێ.

ب- مامۆستا مەلا عبداللطیف بامۆکی[3]-سلێمانی.

**بەشەکانی:**

١- حـەرەم: پانتایی خۆی لـە (١٠×١٠)م دەداو بەرزی (٥)م سەرەکەی کۆنکرێتە ناوەکەی کاشی گوڵداری رەش و سپی‌یە میحراب و مینبـەرو مەحفـەڵ بـۆ دروست کراوە، بەپانی (٣,٥)م بەرهەیوانی هەیە، بەشێوەیەکی مام ناوەندی پێداویستیەکانی دابین کراوە.

---

١- سەید قاسم خەیات لەڕۆژی ١٩٨٧/٢/١٤ کۆچی دوایی کرد.

٢- مەلا علی لە ١٩٨٩/٩/٩وە لەم مزگەوتە بوو، تاکو ڕۆژی ١٩٩٦/٢/٧ کاتی کۆچی دوایی کرد

٣- مامۆستا عبداللطیف بامۆکی، بەڕۆژی دەوامی لەوەزارەتی ئەوقافە نەك ئەم مزگەوتە.

٢- هۆڵی پرسە: لەساڵی ١٩٨٢و کەس و کاری شەهید (گەیلان احمد حسن)[١] بەدروست کردنی ئەم هۆڵە هەستان، ئەندازەکەی (٥×١٢)م و لەسەر شێوەیەکی جوان دروست کراوە پێداویستی‌یەکانی بەتێرو پڕی دابین کراوە.

٣- ژووری پێش نوێژ: بەرامبەر دەرگای حەوشە، لەوسەر (٣) ژوور دروست کراون بەئەندازەی (٣×٣)م یەکێ لەو ژوورانە بۆ دانیشتنی پێش نوێژ دانراوە، دووانەکەی تر کراونەتە جێی کەل و پەلی زیادەی مزگەوت.

٤- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە کەوتۆتە لای دەستە چەپی چوونە ژوورەوەی لە دەرگای مزگەوت لە (٦) بۆڕی‌و (٦) سەکۆو (٤) ئاو دەست و (١) خۆشۆر پێك هاتووە.حەوشەیەکی فراوانی هەیە، دەیەها داری گەورەی تێدایە، لایەکی (٣) دانە گۆڕی تێدایە، لایەکی خانووی پێش نوێژی لێ دروست کراوە، کاك سەید جەمال سەید قاسم سەرپەرشتی دەکات ئاوو کارەبای لەمیری‌یەوە وەرگیراوە.


١٩٩٧/١٠/٥

## سەرچاوەکان:


١- سەردانی مزگەوت.

٢- چاوپێکەوتن بەسەید جمال برای سید قاسم.


# ٧١- مزگەوتی حاجی حسین قەساب



ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە گەڕەکی عارەبانی نوێ، نزیك باڵەخانەی (حسین خدر سورچی). (حسین ئاغا)

سەرەتای دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٣.

کاتی خۆی (حاجی

---

١- گەیلان احمد: سەربازی احتیاتی عیراقی بوو، لەشەڕی نێوان عێراق و ئێران، لەرۆژی ١٩٨١/١٢/١٢ لەناوچەی (گیلان غرب) شەهید کرا.

حسێن زراری) بەدروست کردنی هەستا.

ڕووبەرەکەی (٤٠٠)م چوارگۆشەیە.

ماوەیەکی زۆرە مامۆستا مەلا (یاسین فرخ محی‌الدین هێلەوەیی) پێش نوێژی لێ دەکات.

## بەشەکان:

١- حەرەم: بەساکاری حەرەمێکی مام ناوەندی بۆ دروست کراوە، سەرەکەی کۆنکریت و ناوەکەی چەمەنتۆ تەنها میحرابێکی هەیەو بەس. بەسادەیی هەندێ لەپێداویستیەکانی دابین کراوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە ژوورێکی بچوك دروست کراوەو چەند پارچە پێداویستیەکی بۆ دابین کراوە.

٣- بەشی دەست نوێژگرتن، لەیەك دوو ئاودەست و بۆڕی پێك هاتووە.

بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتەکە، هەرچەندە بچوکە، بەڵام جەماوەری زۆرە. ئاوو کارەبای لەمیریەوە وەرگیراوە.

١٩٩٧/٤/٣٠

## سەرچاوەکان:

١- سەردانی مزگەوت.

٢- بینینی مامۆستا مەلا یاسین هێلەوەیی.

# ٧٢- مزگەوتی حاجی عزیز ابراهیم[١] (الهدی)

ئەم مزگەوتە کەوتۆتە ناوەڕاستی گەڕەکی گڵکەند، سەرشەقامی سەرەکی ئەم گەڕەکە.

سەرەتای دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆساڵی (١٩٧٣).


پانتاییەکەی ئێستای (٣١٥)م چوارگۆشەیە.

لەسەرەتادا، خوالێخۆشبوو حاجی عزیز ابراهیم بەدروست کردنی هەستا.

---

١- ناوی تەوای (حاجی عزیز ابراهیم قادر)ە خەڵکی دەربەندی گۆمەسپانە، لەساڵانی شەستەکانەوە هاتۆتە هەولێر، لە ١٩٧٥/٤/٢٠ کۆچی دوایی کرد.

## قۆناغەكانی:



١- لەسەرەتادا مزگەوتێكی لەقوڕو خشت و كاریتە دروست كراو بوو، پانتایەكەی (١٠٥)م بوو
٢- پاش چەند ساڵێك خانووی كاك (عزیز اسماعیل) هاتە فرۆشتن و چەند ئەختیارێك بڕیاری كڕینی ئەو خانووەیان دا بۆ ئەوەی بیدەنە دەم پانتایی مزگەوتەكە، لەوانە:
ا- حاجی قادر خدر.
ب- حاجی كاكەئەمین.
ج- مامۆستا مەلا عبدالرحمن.
د- مام سەید عزیز سەید رسول.
پارەیەكی چاك كۆكرایەوەو جێ خانووەكە كڕاو درایە دەم پانتایی مزگەوتەكە بەوە پانتایی‌یەكەی بوو بە (٢١٠)م٢.
٣- لەهاوینی ساڵی ١٩٩٩ پارچە زەوی‌یەكی تریان كڕی‌و دایانە دەم حەرەم، سەرجەم پانتایی‌یەكەی بوو بە (٣١٥)م٢.
ئەم مزگەوتە دوو مامۆستایەی لێیە:
ا- مامۆستا مەلا عبدالخالق حاجی قادر طه وتار خوێن.
ب- مامۆستا مەلا حمدامین عبداللە پێش نوێژ.

## بەشەكانی:

١- حەرەم: زۆر بەساكاری حەرەمێكی بۆ دروست كراوە دیواری بلۆك، سەری كۆنكریت، ناوی كاشی، تاڕادەیەك پێداویستی دابین كراوە، میحراب و مینبەرو مەحفەلی خۆی هەیە.
٢- ژووری پێش نوێژ: ژووری پێش نوێژ كراوەتە جێی كەل و پەلی زیادەی مزگەوت.
٣- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە لە (٧) بۆڕی‌و (٤) ئاودەست پێك هاتووە

لەبەر دەرگای دەرەوەی مزگەوت بە خەتێکی گەورە نووسراوە (جامع الهدی).

ناوو کارەبای لەسەرچاوە گشتی‌یەکانەوە وەرگیراوە.

١٩٩٧/٨/٦

**سەرچاوەکان:**

١- سەردانی مزگەوت.

٢- چاوپێکەوتن بە:

ا- حاجی سەید عزیز سەید رسول پیاوماقولی گەڕەك.

ب- کاك فرهاد حاجی عزیز-موتەوەلی.

**تێبینی:**

لەڕۆژی ١٩٩٩/١٢/٣٠ بۆ جاری دووەم سەردانی کاك فرهادو حاجی سەید عزیزم کردو هەندێ زانیاریان ئاراستە کردم.

## ٧٣- مزگەوتی حاجی عزیز پیرداود



ئـــەم مزگەوتـــە، کەوتۆتە سەر شەقامی سەرەکی کوران- ڕێگای مـــەخمور، بەشـــی لای خۆرهـــەڵات، لـــەڕیز مزگـــەوتی اسمـــاعیل یەعقوبی‌یە.

ســـەرەتای دروســـت کردنـی دەگەڕێتـەوە بـۆ سالی ١٩٧٣.

ئەرکی دروست کردنی کەوتە سەر شانی (حاجی عزیز خدر پیرداود).

ڕووبەرەکەی (٦٠٠)م چوارگۆشەیە.

مـــامۆستا مەلا (جاسم عالـلآیی)[١] وتاری لێ دەخوێنی‌و مامۆستا مەلا عمریش[١]

---

١- ناوی تەوای (مەلا جاسم نادر ئیسماعیل)ەو لە دایك بووی سالی (١٩٦٢)وە.

پێش نوێژی لێ دەکات.

ماوەیەکی زۆریش مامۆستا مەلا عبدالکریم جانەیی و مەلا (عبداللە)ی[2] برای لەم مزگەوتە بوون.

## بەشەکانی:

١- حەرەم: لەسەر شێوەیەکی لاکێشەیی و بەئەندازەی (٧×١٥)م و دروست کراوە. میحراب و مەحفەل و مینبەری پوختەی هەیە، زۆر بەتێرو پڕی پێداویستیەکانی لەهەموو ڕوویەکەوە دابین کراوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە لەخۆرئاوای حەرەم، ژوورێکی پوختە دروست کراوەو پێداویستی دابین کراوە.

٣- حەوشەکەی: هەرچەندە حەوشێکی بچوکە، بەڵام پوختەیە، سەرانسەر کاشی ڕێژە.

٤- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە پێك هاتووە لە (٦ بۆڕی، ٤ سەکۆ، ٥ ئاودەست، ئامێری ئاو گەرم کردن).

٥- بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی پاك و خاوێنە، جەماوەرێکی زۆر هاتوچۆی دەکات ئاوو کارەبای لەمیرییەوە وەرگیراوە.

١٩٩٧/٥/٣٠

## سەرچاوەکان:

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن بە بەڕێزان:

أ- مامۆستا مەلا جاسم عاللایی.

ب- مامۆستا مەلا عمر بکر بریندار.

---

١- ناوی تەواوی (مەلا عمر بکر بریندار)ە لەدایك بووی ساڵی ١٩٥١.

٢- ئەم زاتە لەرۆژی ١٩٩٦/٦/١٧ کۆچی دوایی کرد.

پێش نوێژی لێ دەکات.

ماوەیەکی زۆریش مامۆستا مەلا عبدالکریم جانەیی‌و مەلا (عبداللە)ی[2] برای لەم مزگەوتە بوون.

## بەشەکانی:

١- حەرەم: لەسەر شێوەیەکی لاکێشەیی‌و بەئەندازەی (٧×١٥)م و دروست کراوە. میحراب و مەحفەل و مینبەری پوختەی هەیە، زۆر بەتێرو پڕی پێداویستیەکانی لەهەموو ڕوویەکەوە دابین کراوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە لەخۆرئاوای حەرەم، ژوورێکی پوختە دروست کراوەو پێداویستی دابین کراوە.

٣- حەوشەکەی: هەرچەندە حەوشێکی بچوکە، بەڵام پوختەیە، سەرانسەر کاشی ڕێژە.

٤- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە پێك هاتووە لە (٦ بۆڕی، ٤ سەکۆ، ٥ ئاودەست، ئامێری ئاو گەرم کردن).

٥- بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی پاك و خاوێنە، جەماوەرێکی زۆر هاتوچۆی دەکات ئاوو کارەبای لەمیری‌یەوە وەرگیراوە.

١٩٩٧/٥/٣٠


### سەرچاوەکان:

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.
٢- چاوپێکەوتن بە بەڕێزان:
أ- مامۆستا مەلا جاسم عاللایی.
ب- مامۆستا مەلا عمر بکر بریندار.

---

١- ناوی تەواو (مەلا عمر بکر بریندار)ە لەدایك بووی ساڵی ١٩٥١.
٢- ئەم زاتە لەڕۆژی ١٩٩٦/٦/١٧ کۆچی دوایی کرد.

# ٧٤- مزگەوتی زانیاری[١]



ئـــەم مزگەوتـــە، کەوتۆتـــە گـــەڕەکی زانیـــاری، بەرامبـــەر بـــــەخانووەکانی (موحەتە)[٢].

ســـەرەتای دروســـت کردنـی دەگەڕێتـەوە بـۆ ساڵی ١٩٧٤.

بـەڕێز مامۆستا مـەلا عبداللـەی فـەرهادی[٣] هەسـتا بەکۆمـەك کۆکردنـەوەو یارمـەتی لەخـەڵك وەرگرتـن و دروست کردنی[٤].

ڕووبەرەکەی (٥٤٦)م چوارگۆشەیە.

پاش تەواوبوونی خودی مامۆستا مەلا عبداللە مولود فەرهادی خۆی پێش نوێژ ووتار خوێنی لێ کرد، تاکو ئێستاکەش بەردەوامە.

## بەشەکانی:

١- حەرەم: بەئەندازەی (٨,٥×١١,٥)م و بەرزی (٤,٥)م حـەرەمێکی لاکێشـەیی بۆ دروست کراوە. سـەرەکەی کۆنکۆیتـەو ناوەکـەی کاشی، بەشـی زۆری دیواری بلۆکە میحراب و مینبەرو مەحفەلی بۆ کراوە، بەرهـەیوانی خـۆی هـەیە دراوەتە دەم حـەرەم بەهۆی جامخانەی شوشە. پێداویستی‌یەکانی بەتێرو پڕی دابین کراوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئـەم مەبەسـتە ژوورێکـی فـراوان بەئـەندازەی (٣×١٥)م دروســـت کراوەو بەشێوەیەکی کوردەواری پڕ فەرش کراوە، هەر چۆنی بڕوانیت هەر

---

١- سەبارەت بەگەڕەکی زانیاری.

٢- محطة: کاتی خۆی هێڵی (شەمەندەفەر) هەبوو لەنێوان هەولێر- کەرکوک زۆر جار خەڵکی بەوە هاتوچۆیان دەکرد، لەهەشتاکان هەڵگیرا.

٣- مامۆستا مەلا عبداللەی فەرهادی لەڕیزی زانا ناودارەکان دەژمێردرێت.

٤- بەشی زۆری ئەم مزگەوتە بەدەستی (وەستا خلیل و وەستا صالح مەلا عبدالوهاب) دروست کرا.

پەرتوك و كتێبخانەیە.

٣- هۆڵی پرسە: بۆ ئەم مەبەستە، بەئەندازەی (٦×١٢)م هۆڵێكی فراوان دروست كراوە، سەرەكەی كۆنكریتەو ناوەكەی كاشی. بەشێوەیەكی تێروپڕ پێداویستیەكانی دابین كراوە.

٤- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە لە (٣) ئاودەست و (٦) بۆڕیو ئاوی ساردو گەرم و جێگایەكی پاك و خاوێن تایبەت پێك هاتووە.

٥- حەوشەكەی: حەوشێكی ساكاری چەمەنتۆ ڕێژی هەیە، دیوارەكانی بەئایەتی قورئان ڕازاوەتەوە، چەندین بنەداری بەرزی لێ چاندراوە.

بەشێوەیەكی گشتی مزگەوتێكی ڕێك و پێكە، خودی مامۆستا خۆی سەرپەرشتی دەكات لەهەموو لایەكەوە، ئاوو كارەبای لەمیریەوە وەرگیراوە.

١٩٩٧/١٠/٧

## سەرچاوەكان

١- سەردانی مزگەوت و بەشەكانی لەنزیكەوە.

٢- چاوپێكەوتن و گفتوگۆ كردن لەگەڵ جەنابی مامۆستا مەلا عبداللّەی فەرهادی.

# ٧٥- مزگەوتی علاءالدین سوجادی[١] (زەرد)[٢]

ئەم مزگەوتە، كەوتۆتە گەڕەكی شۆڕش، سەر ڕێگای سەرەكی، نزیك كۆمپانیای گشتی سەفین بۆ گواستنەوە. سەر ڕێگای شەقڵاوە.

سەرەتای دروست كردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٤.

ئەركی دروست كردنی كەوتە سەر خوالێخۆشبوو (حاجی عبداللّەی حەمامچی)[٣].

ڕووبەرەكەی (١٠٠٠) هەزار مەتری چوارگۆشەیە.

ناوی مامۆستاكانی مزگەوت:

١- مامۆستا مەلا جمیل علی پیرداود ووتارخوێن.

---

١- علاءالدین سوجادی- یەكێك بوو لەزانا ناودارەكانی نەتەوەی كورد.


٢- سەبارەت بەوەی گومەتەكەی بەڕەنگی زەرد ڕەنگ كرابوو.

٣- خوالێخۆشبوو، مزگەوتێكی تری دروست كردووە لەگەڕەكی تەیراوە، لەساڵەكانی شەستەكان بەناوی خۆیەوە، لە ١٩٧٥/٤/١٦ كۆچی دوایی كردو هەر لەمزگەوتی تەیراوە بەخاك سپاردرا.

٢- مامۆستا مەلا محمد طه پێش نوێژ.

٣- مامۆستا مەلا احمد مام ابوبكر پێش نوێژ.

٤- مامۆستا عثمان قادر احمد.



## بەشەكانی:

١- حەرەم: لەسەر شێوەیەكی لاكێشەیی دروست كراوە، بەئەندازەی (٨×١٦)م دەبیٚو بەرزی (٦)م دیواری كەرپوچەو سەرەكەی كۆنكریت و ناوەكەی چەمەنتۆیە. میحراب و مینبەرو مەحفەل و گۆمەتێكی هەیە لەگەڵ بەرهەیوان. پێداویستیەكانی بەشێوەیەكی چاك دابین كراوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە بەئەندازەی (٥×٨)م ژوورێكی گەورە دروست كراوە، تاڕادەیەكی چاك پێداویستیەكانی دابین كراوە. شان بەشانی ئەم ژوورە دوو ژووری تر هەن یەكیٚ بۆ خادم و بانگدەر ئەویتر بۆ كەل و پەلی زیادەی مزگەوت.

٣- شوێنی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە لە (٨) بۆڕیو (٨) سەكۆی دانیشتن و (٦) ئاودەست و ئامێری ئاو گەرم كردن پێك هاتووە جێگایەكی پاك و خاوێن و هەمووی كاشی فەخفوری سپیيە.

٤- حەوشەكەی: سەرتاسەر كاشی ڕێژە، پاك و خاوێن ڕاگیراوە.

خانوویەك بۆ مامۆستاو چەند دوكانێكی هەیە، بەشێوەیەكی گشتی مزگەوتێكی پاك و خاوێن و تێرو پڕە ئاووكارەبای لەمیری‌یەوە وەرگیراوە.


١٩٩٧/٩/٣

## سەرچاوەكان:

١- سەردانی مزگەوت و بەشەكانی لەنزیكەوە.

٢- چاوپێكەوتن بە مامۆستا مەلا عثمان قادر احمد.

# ٧٦- مزگەوتی حاجی سلیم باداوە



ئەم مزگەوتە کەوتۆتە گەرەکی باداوە، سەر ڕێگای بنەسڵاوە.
سەرەتای دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٦.
لەسەرەتای مانگی مایس دەست بەدروست کردنی کراو لەمانگی ئەیلول لەهەمان ساڵ کۆتایی هات.
ڕووبەرەکەی (٤٢٠)م چوارگۆشەیە.
لەسەرەتادا (حاجی سلیم)[1] بەدروست کردنی هەستا.

**قۆناغەکانی:**

١- جاری یەکەم بەخشت و قوڕو کاریتە دروست کرابوو.

٢- جاری دووەم: بەیارمەتی دانی خێرخوازێکی (کوێتی) بەناوی (صبحی مرزوق داود)و سەرپەرشتی (رابطة الاغاثة الاسلامیة) لەهەولێر لەبناغەوە روخاندیان و جارێکیدی دروست کرایەوە.

مزگەوتەکە، لەژێر تەمەڵەوە (بناغەوە) ڕوخاندراو سەر لەنوێ بەبلۆك و چەمەنتۆ کەرەستەی نوێ دروست کرایەوە ئەمجارەیان لەساڵی ١٩٩٤ بوو دەست پێکردنیو لەساڵی ١٩٩٧ بگرە کۆتایی پێ هات.

ناوی هەندێ لەمامۆستاکانی:

١- مامۆستا مەلا صابر.

٢- مامۆستا مەلا جلال.

٣- مامۆستا مەلا مصطفی محمد مصطفی.

---

١- ئەم زاتە ناوی تەواوی حاجی سلیم مولود سلیمان)ەو خەڵکی گوندی باداوەیە، واتە ئەم گەرەکەو لە ١٩٨٣/١/١٤ کۆچی دوایی کردووە.

٤- مەلا عبدالمجید حمەطیب مصطفی.

## بەشەکانی:

١- حەرەم: بەئەندازەی (٨×١٠)م و بەرزی (٤)م حەرەمێکی ڕێك و پێکر
دروست کراوە، تەنها میحرابێکی هەیە، بەشێوەیەکی چاك هەموو جۆرە پێویستی
دابین کراوە، بەرهەیوانێکی (٣) مەتری سەرانسەری بۆ کراوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە ژوورێکی بچوك بەدەم حەرەمەوە دروس
کراوە، خۆی دەدات لە (٣×٣)م بەشێوەیەکی جوان پڕ فەرش کراوە.

٣- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە بەشێوەیەکی جوان و ساکار دروست کرا
بریتی‌یە لە (٤) ئاودەست و (٤) بۆڕی، حەوشێکی پاك و خاوێن و ڕێك و پێکی هە
سەرچاوەی ئاوو کارەبای لەسەرچاوە گشتی‌یەکانی میری‌یەوە وەرگیراوە

١٩٩٧/٧/٢٨

## سەرچاوەکان:

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.
٢- چاوپێکەوتن بە بەڕێزان:
ا- کاك عبدالقادر حاجی سلیم باداوە.
ب- مامۆستا مەلا مصطفی محمد مصطفی.
ج- مامۆستا مەلا عبدالمجید حمەطیب.
د- کاك عمر بایز.
هـ- مامۆستا مەلا سعید کمال احمد.

# ٧٧- مزگەوتی سەید حسین[١] بەرزنجی

ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە گەڕەکی ئازادی‌و، بەرامبەر بە چاپخانەی پەروەردەی هەولێر.

ڕووبەرەکەی (٣٢٠م چوار گۆشەیە.

سەرەتای دامەزراندنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٦، سەید حسین سەید اسماعیل

---

[١] (سەید حسین سید اسماعیل شیخ احمد بەرزنجی)یە لە ساڵی (١٩٢٠) لە گوندی تەتەراوا
لە دایك بووەو بەشی زۆری ژیانی بە عەلاق بردۆتە سەر، لە ١٩٩١/٦/١٢ کۆچی دوایی کردو
لە گۆڕستانی گوندی (کردە شینە) بە خاك سپێردرا.

بەرزنجی بەدروست کردنی هەستا.

وەکو زۆربەی بیناسازی، کوردەواری شێوەیەکی زۆر ساکاری هەیە.

کاتی خۆی مامۆستا مەلا (عارەب)ی لێ بوو، بەلاّم خانەنشین کراو ئێستاش ئەم دوو زاتەی لێیە.

ا- مامۆستا مەلا عمر حاجی قادر گردلانکەیی.

ب- مامۆستا مەلا شریف باپیر حسن.

## بەشەکانی:

١- حەرەم: لەسەر شێوەی لاکێشەیی حەرەمێکی بەئەندازەی (٨×٢٠)م بۆ دروست کراوە، دیواری کەرپوچەو سەرەکەی کۆنکریتەو ناوەکەی چەمەنتۆیە، میحرابێکی لەناو دیوار بۆ کراوە، بەئەندازەی (٣)م بەرهەیوانێکی کوردەواری نسبەتی هەیە بەشێوەیەکی ساکار پێداویستی‌یەکانی دابین کراوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە لەبەر هەیوانی حەرەم ژوورێک دروست کراوە، تارادەیەك هەندێ پێداویستی بۆ دابین کراوە.

٣- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە لە (٣) دانە ئاودەست (١) خۆشۆر (٣) جووت بۆری پێك هاتووە.

٤- جێگایەکی تایبەتی بۆ مردووشۆرین لەحەوشەکەیدا بەدی دەکرێت، چەند بنەدارێکی هەنارو هەنجیری لێیە ئاوو کارەبای لەمیری‌یەوە وەرگیراوە.


١٩٩٧/٦/٣٠

## سەرچاوەکان:

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن بەجەنابی مامۆستا مەلا (شریف).

# ٧٨- مزگەوتی گەڕەکی ماجداوە[1]



ئـــەم مزگەوتـــە، کەوتۆتـــە گـــەڕەکی مـاجداوە، سـەر ڕێگـای مەخمور، نزیك ناوچەی پیشەسازی باشوور.

لـەرۆژی ١٩٧٧/١٠/١ دەست بەدروست کردنی کـرا، پـــاش پـــارە کۆکردنـــەوە لەخـــەڵکی ئەو گەڕەکەو خێرخوازان و خواناسان (حـاجی محمـد زرار یوسـف) سەرپەرشتی دروست کردنی کرد.

سەرجەم پانتایی ئەم مزگەوتە (١٦٠)م٢.

مامۆستا مە لا (حامد عبداللە اسعد) ئورمزیار پێش نوێژو وتارخوێنە.

ئەم مزگەوتە، لەحەرەمێکی بچوك و یەك دوو بۆڕی بۆ دەست نوێژگرتن و جێگای تایبەتی بۆ سەرئاو پێك هاتووە تاڕادەیەکی زۆر شێوەی لەمزگەوتی گوندەکان دەچێ، تەنانەت شێوەی رایەخەکانیش لەم جۆرەیە بۆ نموونە پڕە لەبەرماڵ و جاجم. ئاووکارەبای لەمیرییەوە وەرگیراوە، دەرگایەکی بچوکی هەیە زۆرتر لـەدەرگای ماڵان دەچێ.

١٩٩٧/٤/٣٠

**سەرچاوەکان:**


١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن بەچەند ئەختیاریەکی ئەو گەڕەکە، لەناو مزگەوت.

---

١- کاتی خۆی مـەجید عەیشێ یەکەم کەس بوو ئەو گەڕەکەی ئاوەدان کردەوە هـەر ئەو هۆیەش بوو مزگەوتەکە ناونرا ماجداوە. لە کاتی وێنەگرتنی مزگەوت لە ڕۆژی ٢٠٠١/٤/٢٢ دەرکەوت ڕێکخراوەی (الندوە) مزگەوتەکەی نۆژەن کردۆتەوە.

# ٧٩- مزگەوتی حاجی علی سۆرانی



ئـــەم مزگەوتـــە، کەوتۆتـــە گـــەڕەکی کوران- ڕزگـاری، سـەر ڕێگای مەخمور.

ســــــەرەتای دامەزراندنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٧.

ئـــەرکی دروســـت کردنـــی کەوتۆتـــە ئەستۆی حاجی (علی سۆرانی)[1].

رووبەرەکەی (٣٥٠)م٢.

زۆر بەشێوەیەکی ساکارو ئاسایی دروست کراوە.

مامۆستا مەلا شێخ رضای شێخ کاکە حمەی باقلان پێش نوێژیو ووتارخوێنی ئەم مزگەوتەیە لەساڵی (١٩٩٢)وە.

پێش ئەم زاتەش مامۆستای خوالێخۆشبوو (مەلا سلیم شاکر صالح)ی[2] لێ بوو.

**بەشەکانی:**

١- حەرەم: وەکو شێوەی زۆربەی حەرەمەکانی مزگەوتەکان شێوەیەکی لاکێشەیی گرتۆتە خۆی پانتایەکەی خـۆی لـە (٨×٢٠)م دەداو میحـراب و مینبـەرو مەحفـەل و بەرهەیوانی بۆ کراوە زۆر بەشێوەیەکی پوختە پێداویستی حەرەمی بۆ دابین کراوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە لەسەربانی حەرەم ژوورێك دروست کراوە، زۆر بەساکاری چەند پارچە حەسیرێکی نایلۆنی تێدا ڕاخراوە، هەندێ پێداویستی دابین کراوە.

٣- شوێنی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە لە (٥) بۆڕیو (٣) ئاودەست پێك هاتووە.

---

١- ئەم زاتە لەدانیشتوانی شاری موسڵ بوو، هەر کە تەواو بوو مزگەوتەکە درایە ئەوقاف بۆ سەرپەرشتی کردنی.

٢- مامۆستا بە مـەلا سلیمی هێلـەوە ناسـرابوو، یەکـەم مـەلا بـوو لـەم مزگەوتـە لـەڕۆژی ١٩٩٢/١٠/٧ کۆچی دوایی کرد، خوالێخۆشبوو لەدایك بووی ساڵی (١٩١٠) بوو.

٤- حەوشەکەی: سەرتاسەر چەمەنتۆ کراوە، بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی مام ناوەندی‌یەو ئاوو کارەبای لەسەرچاوە گشتی‌یەکانەوە وەرگیراوە.


١٩٩٧/٥/٢٠

## سەرچاوەکان:

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی.

٢- چاوپێکەوتن بەچەند پیاو ماقوڵێکی گەڕەك لەناو مزگەوت کاتی نوێژی عەسر.

# ٨٠- مزگەوتی حاجی ظاهر بندیان



ئەم مزگەوتە کەوتۆتە گـەڕەکی ئـازادی، نزیـك رێگای مەخمور.

سـەرەتای دروسـت کردنـی لەسـەر دەسـتی حـاجی (زاهـیر حـاجی بـاول بندیـان) بـووە لەساڵی ١٩٧٧.

رووبەرەکـــەی (٤١٨)م٢.

شێوەی دروست کردنەکەی شێوەیەکی نوێیەو زیاتر لە(١٢) ساڵە مامۆستا مەلا (سعید کریم دارەخورما) لەم مزگەوتە پێش نوێژو ووتارخوێنە.

پێش ئەم زانەش چەند مەلایەکی تری لێ بوون، لەوانە:

أ- مامۆستا مەلا احمد هێلەوە.

ب- مامۆستا مەلا معروف لەك.

## بەشەکانی:

١- حـەرەم: شـێوەکەی لاکێشـی‌یە، بـەڵام لای پـانی لایـەکی لەلاکـەی تـر پانـترە. میحراب و مینبەرو مەحفەلی هەیە، تاڕادەیەکی چاك هەموو جۆرە پێداویستی بۆ دابین کراوە. بەرهەیوانێکی باریکی هەیە، لەساڵی (١٩٩٦-١٩٩٧) بڕێك دەستکاری کرا. لەوانە چاککردنەوەی تۆڕی کارەباو پەنجەرە شکاوەکان و بۆیاخ کردن و لەم بابەتە.

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە ژوورێك دروست کراوە، تاڕادەیەکی چاك هەموو جۆرە پێداویستی دابین کراوە.

٣- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە تایبەتە، لە (٤) بۆڕیو (٥) سەکۆو (٤) ئاودەست پێك هاتوە.

بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی پاك و خاوێن و ڕێك و پێکە جەماوەری ئەو دەروبەرە بەزۆری هاتوچۆی دەکەن، ئاوو کارەبای لەمیری‌یەوە وەرگیراوە.

١٩٩٧/٥/٣

## سەرچاوەکان

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن بە:

أ- جەنابی حاجی ظاهر بندیان.

ب- چەند پیاو ماقولێکی گەڕەك.

# ٨١- مزگەوتی اسماعیل منتکاوە[١]

ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە گەڕەکی منتکاوە، پشت بنکەی پۆلیسی فریاکەوتن (شرطة النجدة).

سەرەتای دامەزراندنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٨.

زەویەکەی لەلایەن ئافرەتێکەوە پێشکەش بەمزگەوت کرا، ئەم ئافرەتە ناوی (حلیمە عبداللە)[٢] بوو.

دانیشتوانی گەڕەك بەدروست کردنی هەستان، بەسەرپەرشتی مامۆستا مەلا (سەید محمد سەید اسماعیل) پیر خدری.

پاش تەواو بوونی ماوەیەکی چاك پێش نوێژی لێ کردو ئێستاش مامۆستا مەلا سەید (عبداللە سەید سلیمان)ی[٣] لێیە.

---

١- سەبارەت بەبوونی زۆربەی دانیشتوانی ئەم گەڕەکە لەعەشیرەتی (مەنتك).

٢- ئەم حلیمەیە، بەڕەگەز خەڵکی وڵاتی تورکیا بوو، هەر بەمناڵی هاتبووە هەولێر، لە ١٩٨٧/١٢/٢٣ کۆچی کردووەو گۆڕەکەی هەر لەناو مزگەوتەکەیە.

٣- مامۆستا مەلا سەید عبداللە ماوەیەکی زۆرە لەم مزگەوتەیو،و جەنابیان لەمامۆستا ئاوارەکانی هەولێرن، لەدایك بووی ساڵی (١٩١٦)یە.

رووبەرەکەی (٤٠٠)م چوارگۆشەیە.

## بەشەکانی:

١- حەرەم: شێوەیەکی لاکێشەیی گرتۆتە خۆی‌و سەرەکەی کۆنکریتەو ناوەکەی چەمەنتۆو دیواری کەرپوچ تاڕادەیەك پێداویتسیەکانی بەشێوەیەکی ساکار دابین کراوە، میحراب و بەرهەیوانی هەیە.

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە ژوورێك هەیە، بەڵام لەوە دەچێ کەل و پەلی زیادەی مزگەوتی لێ دانرابێت، زۆر کات مامۆستا لەناو حەرەم یان لەبەر هەیوانەکەی پێشوازی لەمێوانەکانی دەکات.

٣- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە لە (١٠) جێ بۆڕیو (٤) ئاودەست پێك هاتووە، بەڵام زۆربەی بۆریەکان بەبێ شێرەن بەشی زۆری حەوشەی مزگەوتەکە چەمەنتۆ ڕێژە، تەنها بنەدار هەنجیرێکی تێدایە، بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی مامناوەندی‌یە، سەرچاوەی ئاوکارەبای لەمیری‌یەوە وەرگیراوە.


١٩٩٧/٧/١٦

## سەرچاوەکان:

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.

٢ - گفتوگۆ کردن لەگەڵ مامۆستا مەلا سەید عبداللّەی پێش نوێژی مزگەوت.

# ٨٢- مزگەوتی خالد کوری ولید[1]
# خانووەکانی دەواجن



ئـــەم مزگەوتـــە، کەوتۆتـــە گـــەرەکی کریکـــارانی دەواجـــن، پشـــت وەزارەتـــی کاروبـاری پێشـمەرگەی کوردستان.

ســــــەرەتای دامەزراندنی دەگەڕێتەوە بـۆ ســالّی١٩٧٨، بەڕێوەبەرایـەتی گشـتی پەلـەوەری ناوچـەی (بـاکوور) (مدیریـة دواجـن المنطقـة الشمالیة) بە دروست کردنی هەستا.

پانتایەکەی (١٠٠٠)م٢.

**قۆناغەکانی:**

ا- لەسەرەتادا، زۆربەی دیواری کەرپوچ بوو، زۆر شێوەیەکی ساکاری هەبوو.

ب- لەسالّی١٩٩٥ لەسـەر ئـەرکی (بـەڕێز احمـد مـەلا سمـایل نانەکـەلی) خـاوەنی ئێستای دەواجن، دەست کاریـەکی چاك کراوە هـەندی لـە بەشـەکانی گۆڕانکـاری بەخۆیەوە دی بەتایبەتی حەرەم.

ناوی بەشێك لە مامۆستایانی پێشووی ئەم مزگەوتە:

١- مامۆستا مەلا عبداللطیف نەقل کرا بۆ مزگەوتی اسماعیل یەعقوبی.

٢- مامۆستا مەلا حمد کریم نەقل کرا بۆ مزگەوتی شەهید سداد.

٣- مامۆستا مەلا شێخ عبداللّە شێخ حمید نەقل کرا بۆ مزگـەوتی ناحیـەی (بەردە رەش)[2].

٤- مامۆستا مەلا یاسین نەقل کرا بۆ مزگەوتی سەید طە لەشەقامی (٦٠) مەتری.

---

١- ناوی یەکێکە لەسەحابییەکانی پێغەمبەر (د.خ).

٢- بەردەرەش، ناحیەیەکە لەناوچەی بادینان، سەر بەشارۆچکەی ئاکرێ.

٥- مامۆستا مەلا شێخ حمدامین - خانە نشینە.

ئێستاش ئەم دوو زاتە پێش نوێژی لێ دەکەن و ووتار دەخوێنەوە:

١- مامۆستا مەلا محمد مصطفی قادر لەساڵی ١٩٨٤وە پێش نوێژە.

٢- مامۆستا مەلا لقمان عارف ووتارخوێنەو دەرچووی کۆلێژی شەریعەیە.

## بەشەکانی:

١- حەرەم: لەوە دەچێ دوو حەرەم بووبێ کاتی خۆیو کرابێتە یەک. پانتایەکەی (١٦×٧)م دیواری کەرپوچ و سەرەکەی چاتیو ناوەکەی چەمەنتۆیە. میحرابو مینبەری هەیە، پێداویستی تاڕادەیەک دابین کراوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: لەم سەرو لەوسەری بەرهەیوانی حەرەم دوو ژوور دروستکراوە، یەکێ بۆ مامۆستا ئەویتر بۆ کەل و پەلی زیادە.

٣- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە لە (٣) بۆڕیو (٢) ئاودەست پێک هاتووە، بەشێوەیەکی گشتی ئەم مزگەوتە پێویستە ئاوڕی لێ بدرێتەوەو هەندێ لەکەمو کورتیەکانی چارەسەر بکرێت، ئاوو کارەبای لە میری‌یەوە وەرگیراوە.

١٩٨٨/٦/٤

## سەرچاوەکان:

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن بەخودی مامۆستا مەلا (محمد مصطفی قادر).

# ٨٣- مزگەوتی حاجی بدریة[١]

ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە چوارڕێیانی کوردستان، کوران- نەوروز نزیک مزگەوتی حاجی احمد یەعقوبی.

لەسەرەتا، لەساڵی ١٩٧٨ لەسەر ئەرکی (بەدریە) دەست بەدروست کردنی کرا.

ڕووبەرەکەی (٣٠٠)م٢.


شێوەی دروست کردنی زۆر بەشێوەیەکی ساکارو هاکەزایی‌یە هەر لەسەرەتاوە مامۆستا (علی عمر علی)[٢] بە پێش نوێژو ووتار خوێن لێی دانراوە

---

١- ناوی تەواوی (بدریة عبدالرحمن شیشاو الجماس)ە وانە گامێشەوان

٢- بە مامۆستا مەلا علی عارب کەند ناسراوە لەدایک بووی ساڵی ١٩٣٩

## بەشەكانی:



١- حەرەم: شێوەكەی چوارگۆشـــەیی‌یەو بەسـاكاری میحـراب و مینبـەری هەیـە، لەگـەڵ بەرهـەیوانێكی بچـوك، تاڕادەیـــــەك پێداویستیەكانی دابـین كراوە.

٢- ژووری پێـش نوێـژ: ئـەم ژوورە كەوتۆتــە لای خۆرهــەڵاتی حــەرەم و زۆر بەساكاری دروست كراوە، تاڕادەیەكی مام ناوەندی پێداویستیەكانی دابین كراوە.

٣- بەشـی دەسـت نوێژگرتـن: ئـەم بەشـە كەوتۆتـە لای دەسـتە چـەپی دەرگـای حەوشە، لەچوونە ژوورەوە ژمارەی ئاودەست و بۆڕییەكانی لەژمارەی پەنجە دەست زیاتر نی‌یە حەوشێكی بچووكی هەیە بەیەك دوو بنەدارەوە، سەرچاوەی ئاوو كارەبای لەمیری‌یەوە وەرگیراوە.

لەسـەر دەرگـای حەوشـەكەی، بـەزمانی عـەرەبی ئـەم ڕسـتەیە نووسـراوە (جـامع الحاجـة بدريـة عبدالرحمـن شيشـاو الجمـاس- تأسـس سـنة ١٣٩٨هـ- الموافـق ١٩٧٨م).

١٩٩٧/٤/٣٠

## سەرچاوەكان:

١- سەردانی مزگەوت و بەشەكانی لەنزیكەوە.


٢- چاوپێكەوتن بەجەنابی مامۆستا مەلا علی عمر علی عارەب كەند.

# ٨٤- مزگەوتی پیربال ئاغا

ئەم مزگەوتـە، كەوتۆتـە گـەڕەكی سـەلاحەدین، سـەر ڕێگـای كۆنـی بەحركـە نزیـك مزگەوتی (سەنیەخان).

سەرەتای دروست كردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٧٨).

كاتی خۆی زەوی‌یەكەی موڵكی (خوالێخۆشبوو پیربال ئاغا) بوو.



پاش کۆچی دوایی شێخ مصطفی‌ی نەقشبەندی، شێخ عبداللّەی کوڕی بە کوڕەکانی خۆی ووت (وای بەباش دەزانم مزگەوتێك لەسەر ئەو زەوی‌یەی باپیرتان) دروست بکەن و ناوی بنێن مزگەوتی (پیربالْ ئاغا).

هەر لەسەرەتای تەواو بوونی جەنابی شێخ عبداللّە، تەکلیفی لەمامۆستا مەلا (عمر مصطفی عبدالرحمن) کرد ببێت بە پێش نوێژو ووتار خوێن، ئەم زاتە لەو کاتەوە لەم مزگەوتەیە، شان بەشانی مەلا عمر مەلا (رسول کریم)یش لەوێیە، بەڵام لەبەر نەخۆشی کەم دەرئەکەوێت.

سەرجەم ڕووبەرەکەی (٦٠٠)م٢.

## بەشەکانی:

١- حەرەم: بەئەندازەی (٨×٢٠)م و بەرزی (٣,٥)م حەرەمێکی بەبەرهەیوانەوە بۆ دروست کراوە میحراب و مینبەرو مەحفەلی هەیە، تاڕادەیەك پێداویستی دابین کراوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: لەتەنیشت هۆلی پرسە، ژوورێك بەناو ژووری پێش نوێژ دروست کراوە، بەڵام کەل و پەلی زیادەی مزگەوتی گرتۆتە خۆ.

٣- هۆڵی پرسە: لەساڵی ١٩٨٥ هۆڵێکی (٤×٩)م و بەرزی (٣)م لەم مزگەوتە دروست کرا، سەرەکەی کۆنکریتەو ناوەکەی کاشی‌و زۆر بەشێوەیەکی تێرو پڕ هەموو جۆرە پێویستی‌یەکانی بۆ دابین کراوە.

٤- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە کەوتۆتە لای خۆرهەڵاتی حەرەم و لە (٦) بۆری‌و (٦) سەکۆی دانیشتن و (٦) دانە ئاودەست (١) سەرشۆر پێك هاتووە.

حەوشێکی سەرانسەر چەمەنتۆ کراوی هەیە، دەرگای ئاسنی گەورەی دوولایی لێ بەستراوە، بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی مام ناوەندی‌یەو جەماوەری خۆی هەیە.


ئاوو کارەبای لەسەرچاوەکانی میری‌یەوە وەرگیراوە.

١٩٩٧/٩/١٧

**سەرچاوەکان:**

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.
٢- چاوپێکەوتن بەجەنابی مامۆستا مەلا عمر مصطفی.

## ٨٥- مزگەوتی حاجی علی مولود



ئـــەم مزگەوتـــە، کەوتۆتـــە گـــەڕەکی سێتاقانی سەروو، پشت نەخۆشخانەی ڕەسـولی ئـەهلی، سـەر ڕێگـای کۆیە.

ڕووبەرەکـــــەی (٣٠٠)م٢.

سەرەتای دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٨.

کاتی خۆی زەوییەکەی موڵکی ئەو (حاجی علی)[1] یە بوو، خەڵکی خێرخواز دەستی یارمەتیان بۆ دروست کردنیدرێژکرد وەستا (ڕەشید) ناوێك هەبوو، هەموو دیوارەکەی بەبێ کرێو ڕۆژانە دروست کرد. بەم شێوەیە دانیشتوانی گـەڕەك جـێ پەنجەیان لەم مزگەوتە دیارە ماوەیەکی زۆرە، مامۆستا مەلا (عزیـز مـەلا عمر مـەلا کریم)[2] کراوتە پیش نوێژ، پیش ئەم زاتەش مەلا عبدالجبار ناوێکی لێ بوو.

**بەشەکانی:**

١- حـەرەم: سـەرجەم پانتـای حەرەمەکـە (٥٠)م٢ زیـاتر نـابێ، بـەرزی(٣)م و سەرەکەی کونکریتەو ناوەکەی جەمەنتۆ، بەرهەیوانەکەی(١,٥)م پانەو بەشێوەیەکی ساکار پێداویستی دابین کراوە. تەنها میحرابیکی لەناو دیوار هەیە.

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە ژوورێك بەمەودای (٣×٥)م دروست کراوە،

---

١- حاجی عەلی خەڵکی گوندی (کامێشتەپە)یە، ماوەیەکی زۆرە لەهەولێرەو لەنزیك مزگەوت دووکانی (پینە دۆزی) هەیە حاجی عەلی لەدایك بووی ساڵی (١٩٢٩)یە.
٢- مامۆستا مەلا عزیز، بە مەلا (عەزیزی خورانی) بەناوبانگە.

زۆر بەساکاری هەندی کەل و پەلی لێ دانراوە.

٣- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە لە (٣)بۆڕیو (٣) سەکۆو (٢) ئاودەست و (٢) تانکی ئاو پێك هاتووە.

ئەم مزگەوتە، خاوەن حەوشێکی بچوکی مام ناوەندییە، ئاوو کارەبای لەمیرییەوە وەرگیراوە.


١٩٩٧/٨/١٨

**سەرچاوەکان:**

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن و گفتوگۆ کردن لەگەڵ حاجی علی مولود.

# ٨٦- مزگەوتی حاجی عادل حەماوی



ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە گەڕەکی مەنتکاوە، نزیك مزگەوتی اسماعیل مەنتکاوە.

سەرەتا دەست بەکار بوون لەم مزگەوتە، دەگەڕێتەوە بۆ (١٩٧٩/٨/١).

بەشێوەیەکی سەرەکی حاجی (عادل محمد سلیم حەماوی) بەدروست کردنی هەستا.

رووبەرەکەی (٤٠٠)م٢.

دیواری کەرپوچ سەرەکەی کۆنکریتەوناوەکەی کاشییە.

مامۆستا مەلا (سەید محمد سەید اسماعیل پیرخدر)ی، لەیەکەم ڕۆژەوە کراوتە پێش نوێژو وتارخوێنی ئەم مزگەوتە.

**بەشەکانی:**

١- حەرەم: زۆر بەشێوەیەکی پوختە حەرەمیکی لاکێشەیی بۆ دروست کراوە. میحراب و مینبەرو مەحفەلی ڕێك و پێکی هەیە هەر لەدوورەوە هەست بەپاك و خاوێنی دەکرێت. بەپانی (٢,٥)م بەرهەیوانی سەرتاسەری بۆ کراوە، پێداویستی بەزیادەوە بۆ دابین کراوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە زۆر بەشێوەیەکی جوان ژوورێکی (٣×٧)م دروست کراوە، بەتێروپڕی پێداویستی بۆ دابین کراوە.

٣- ژووری فەقێ: لەسەربانی ئاودەستەکان ژوورێك دروست کراوە، هەندێ کات فەقێو هەندێ کات کەل و پەلی زیادەی مزگەوتی لێ دادەنرێت.

٤- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە، زۆر بەپوختەی دروست کراوە، لە (٧) بۆڕیو (٦) جێی دانیشتن و (٣) ئاودەست و ئاوی ساردو گەرم پێك هاتووە.

حەوشەکەی هەرچەندە بچوکە، بەلام ڕێك و پێکە. بنەدار خورمایەکی گەورەی لێیە.

بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی پوختەیە خانووی مەلاو (٤) دانە دووکانی هەیە.

ئاوو کارەبای لەمیری‌یەوەیە وەرگیراوە.

١٩٩٧/٥/١٥

**سەرچاوەکان**

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن و گفتوگۆ کردن لەگەڵ مامۆستا مەلا سەید محمد سەید اسماعیل پیرخدری.

# ٨٧- مزگەوتی خانووەکانی کارگەی جگەرە

ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە ناو گەڕەکی کرێکارانی کارگەی جگەرەی هەولێر، سەر ڕێگای شەقلاوە.


سەرەتای دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٧٩)و لە سەر ئەرکی ئەم کارگەیە دامەزرا.

سەرجەم پانتایەکەی (٥٠٠)م٢.

هەر لەسەرەتاوە مامۆستا مەلا (محمدامین قادر احمد) کراوە بەووتارخوێن و مامۆستا مەلا (علی جلال) پێش نوێژکارەو کاك نوزاد نامق بانگدەریانە.

**بەشەکانی:**

١- حەرەم: لەچەشنی زۆربەی مزگەوتی ئەم شارە حەرەمێکی لاکێشەیی بۆ دروست کراوە بەئەندازەی (٧×٢٠)م و بەرزی (٥)م و میحراب و مینبەرو مەحفەلی هەیە، لەگەڵ بەر هەیوان، سەرەکەی کۆنکریتەو ناوەکەی کاشیو دیواری کەڕپووچە تاڕادەیەك بەشێوەیەکی مام ناوەندی پێداویستی‌یەکانی دابین کراوە.



٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە بەئەندازەی (٣×٣)م لە بەشی خۆرهەلاتی بەرهەیوانی حەرەم ژوورێك دروست کراوەو تاڕادەیەك هەندێ پێویستی بۆ دابین کراوە.

٣- جێگای مردوو شۆردن: بۆ ئەم مەبەستە ژوورێکی بچوك دروست کراوە بەکەرەستەی پێویستی‌یەوە.

٤- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە لە (٨) بۆڕی ئاوی ساردو گەرم و (٨) کورسی بچوکی دانیشتن و (٥) ئاودەست پێك هاتووە.

حەوشێکی پڕ لەداری هەیەو ناونیشانی مزگەوت لەسەر دەرگای حەوشەکەی لەدیو دەرەوەی بەخەتێکی جوان نووسراوە.

بەشێوەیەکی گشتی، ئەم مزگەوتە پێویستی بەئاوڕلێدانەوە هەیە. ئاوو کارەبای لەمیری‌یەوەیە.

١٠-٩-١٩٩٧

**سەرچاوەکان:**

١- سەردانی مزگەوت لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن بەچەند کەسێك لەناو مزگەوت.

# ٨٨- مزگەوتی مەلا حسن (ابوعلي)

ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە گەڕەکی سورچییان، نزیك مزگەوتی سەنیەخان.


سەرەتای دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٩.

رووبەرەکەی (١٨٠)م٢.

زەوی‌یەکەی موڵکی (ابوعلی)[1] بوو خەلاتی کرد بەدانیشتوانی ئەو گەڕەکە بۆ ئەوەی ببێت بەمزگەوت.

---

١- ئەم زاتە ناوی (حسین) بوو، موختاری گەڕەکی تەیراوە بوو، لەم جۆرە کارانە دەستێکی باڵای هەبوو.



مامۆستا مەلا (حسن)یش هەوڵ و تەقەلایەکی زۆریدا بۆ کۆمەك کردن و دروست کردنی.
پاش تەواو بوونی مامۆستای خوالێخۆشبوو مەلا حسن کرایە پێش نوێژو ماوەیەکی زۆر پێش نوێژی لێ کرد.
پاش کۆچی دوای ئەم زاتە، مامۆستا مەلا (ابراهیم حمد) کرا بەپێش نوێژ، ئێستاکەش زیاتر لە (٤) ساڵە مامۆستا مەلا (عبدالله محمدی) لێیە.

## بەشەکانی:

١- حەرەم: بەئەندازەی (٤×٨)م حەرەمێکی بۆ دروست کراوە، سەرەکەی چاتییەو ناوەکەی چەمەنتۆو دیواری کەرپووچ. پێویستییەکانی بەشێوەیەکی مام ناوەندی دابین کراوە. لە چەشنی بەرهەیوانی خانووبەرەی کوردەواری بەرهەیوانێکی بۆ دروست کراوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە ژوورێك دروست کراوە، بەڵام کەل وپەلی زیادەی مزگەوتی لێدانراوە.

٣- بەشی دەست نوێژ: ئەم بەشە لەتانکییەکی درێژکە (٣) بۆڕی لێ بەستراوەو لەگەڵ (٢) دانە ئاودەست پێك هاتووە.


مزگەوتێکی بچوکە، بەڵام پێنج فەرزەی لێ دەکرێت. ئاوو کارەبای لەمیرییەوە وەرگیراوە.

١٩٩٧/٩/١٧

## سەرچاوەکان:


١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.
٢- چاوپێکەوتن و گفتوگۆ کردن لەگەڵ چەند ئەختیارێکی گەڕەك لەناو مزگەوتەکە.

# ٨٩- مزگەوتە حاجی (سەنیەخان)



ئـــەم مزگەوتـــە، کەوتۆتـــە گـــەڕەکی سورچییان، سەر ڕێگای کۆنی بەحرکە.

لەساڵی ١٩٧٩ دەست بەدروست کردنی کـرا، لەســـەر ئــــەرکی خوالێخۆشـبوو خـاتوو (سەنیە)[١].

رووبەرەکەی (٥٠٠)م٢.

بەشی زۆری دیوارەکەی بەکەرپوچ و قوڕە.

چوار ساڵ زیاترە، مامۆستا مەلا (محمد عثمان ابراهیم)[٢] پێش نوێژو ووتارخوێنە لەوەپێش مامۆستا مەلا صابری لێبوو.

## بەشەکانی:

١- حەرەم: بەئەندازەی (١٠×٢٠)م حەرەمێکی ڕێك و پێکی بۆ دروست کراوە، سەرەکەی کۆنکرێتە و نارەکەی کاشی. میحراب و مینبەرو مەحفەلی لێ دروست کراوە، بەشێوەیەکی تێرو پڕ پێداویستیەکانی لەهەموو ڕوویەکەوە دابین کراوە، بەپانێتی (٣)م بەرهەیوانێکی سەرانسەری بۆ دروست کراوە.

٢- ژووری پێش نوێژ (ئیمام): لەسەرەتادا، دوو ژوور هەبوون بەتەنیشت یەکەوە مامۆستا مەلا (محمد عثمان ابراهیم) دیواری نێوانیانی لابردو بوونە ژوورێکی فراوان. بەباشی پێداویستی ئەم ژوورە دابین کراوە.

٣- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە لە (٥) بۆڕی ئاوو (٦) ئاودەست و (١) سەر شورگەو ئاوی ساردو گەرم پێك هاتووە، کەوتۆتە تەنیشت حەرەم، لای خۆرهەڵات.

حـــەوشەکەی سەرانسەر کاشی ڕێژو دەرگایەکی ڕووەو خۆرئاوای ئاسنی هەیە،

---

١- ئەم ئافرەتە خێزانی حاجی عبداللەی حەمامچی بوو.

٢- ئەم زاتە لەگەڵ مەلا صابری مزگەوتی حاجی هاشم شوێنەکانی خۆیانیان گۆڕییەوە.

ناونیشانی مزگەوتی لێ نووسراوە.

بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی پوختەیە، دانیشتوانی ئەو گەڕەکە بەگەرمی هاتوچۆی دەکەن. ئاوو کارەبای لەمیرییەوە وەرگیراوە.

١٩٩٧/٩/١٥

**سەرچاوەکان:**

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن و گفتوگۆ کردن لەگەڵ مامۆستا مەلا محمد عثمان.

## ٩٠- مزگەوتی حاجی فەهیمە [١]



ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە گەڕەکی کوران، نێوان مزگەوتی حاجی احمد یەعقوبیو شێخ قادری بەرزنجی.

سەرەتای دامەزراندنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٩.

ئەرکی دروست کردنی حاجی فەهیمە گرتیە ئەستۆی خۆی.

سەرجەم ڕووبەرەکەی (٣٠٩)م٢.

هەر لەسەرەتاوە مامۆستا مەلا (معروف رسول مصطفی) کراوەتە پێش نوێژو ووتارخوێن، ئەم زاتە لەکاتی دروست کردندا ڕۆڵی هەبوو.

مامۆستا مەلا (یاسین محمد عبداللطیف)یش لەساڵی ١٩٨٩وە بەپێش نوێژ دەست نیشان کراوە.

**بەشەکانی:**

١- حەرەم: بەشێوەیەکی لاکێشەییو بەئەندازەی (٦×١٢)م حەرەمێکی بۆ دروست

---

١- ناوی تەواوی (فەهیمە شێخ علی شێخ حسن)ە لەنەوەی شێخ (جامی) عەلیاوەیی- پێش ڕاپەڕین (١٩٩١) کۆچی کردو لەناو مزگەوت لەژوورێک بەخاک سپاردرا.

کـراوە، میحـراب و مینبـەری هەیـە، سـەرەکەی کۆنکریتـەو ناوەکـەی چەمەنتۆ
بەشێوەیەکی مام ناوەندی پێداویستی هەموو بابەتی بۆ دابین کراوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: بـۆ ئـەم مەبەسـتە هـەر لـەناو بەرهـەیوانی حـەرەم، لەلای خۆرئـاوا، ژوورێـك دروسـت کـراوە دەرگاکـەی کەوتۆتـە بەرهەیوانەکـە، هەندێ پێداویستی لێ دانراوە.

٣- شوێنی دەست نوێژ: ئـەم بەشـە لـە (٤) ئاودەسـت و (٦) بـۆڕی و جێگایەکی تایبەتی پێك هاتووە.

سەرانسـەر حەوشـەکەی چەمەنتۆیـە، دەرگایـەکی ئاسنی دوولایی بچووکی ڕووەو خۆرهەڵات هەیە.

ئاووکارەبای لەسەرچاوە گشتیـیەکانی میرییەوە وەرگیراوە.

٢٠٠٠/٢/٧

## سەرچاوەکان:

١- سەردانی مزگەوت لەنزیکەوە.
٢ - چاوپێکەوتن بەخودی مامۆستا مەلا (معروف رسول) پێش نوێژ ووتارخوێنی مزگەوت.

# ٩١- مزگەوتی حاجی محمد کریم خەندە[1]

ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە یـەکێ لەکۆڵانـەکانی تـەیراوە، نزیك شـەقامی (٦٠) مەتری، بەرامبەر بەمزگەوتی حەیدر ئاغا (زەکیە شێخ محمد).
ڕووبەرەکەی (١٨٠)م٢.

لەسـەر ئـەرکی حاجی محمد لەساڵی ١٩٨٠ دەست بەدروست کردنـی کـرا، بەڵام دانیشتوانی ئەم گەڕەکەش هەوڵ و تەقەلای زۆریان داو بەشداریان لەدروست کردنی کرد.

## بەشەکانی:

حـەرەم: بەئـەندازەی (٥×١١)م حـەرەمێك دروسـت کـراوە، سـەرەکەی کۆنکریـت و ناوەکەی چەمەنتۆیە. پێداویستی حەرەمی تاڕادەیەك بۆ دابین کراوە.
بەشەکانی تری مزگەوت: لەم مزگەوتە ئەم بەشانە بەدی دەکرێت:

---

١- حاجی محمد خۆی خەڵکی گوندی (بەردحوشترە) لەبەڕانەتی.


ا- ژوورێك بۆ كەل و پەلی زیادە.
ب- (٣) ئاودەست بۆ سەرئاو.
ج- (٤) بۆڕی دەست نوێژ.
زۆر بەشێوەیەكی ساكار دروست كراوە، ئاوو كارەبای لەمیریەوە وەرگیراوە كاتێ سەردانم كرد مەلای لێ نەبوو.
پێنج فەرزە نوێژی بەكۆمەڵی لێ دەكرێت.

١٩٩٧/١٠/١٩

**سەرچاوەكان:**

١- سەردانی مزگەوت.
٢- چاوپێكەوتن بەحاجی محمد كریم خەندە.

# ٩٢- مزگەوتی شێخ ثانی



ئەم مزگەوتـە، كەوتۆتـە نزیـك كۆلیـژی پزیشـكی، لەلایـەك و بەڕێوەبەرایـەتی چاودێری (مديرية الرقابة) لەلایەكی ترەوە.
لەساڵی (١٩٨٠-١٩٨٣) دروست كرا.
رووبەرەكەی (١٢٠٠)م٢.
ئەركی دروسـت كردنـی كەوتـە ئەسـتۆی بـەڕێز كـاك شـێخ (ثـانی شـێخ اسـعد) نەقشبەندی.
نەخشەكەی ئەندازیار (شـێخ عدنـان شـێخ مصطفی)ی نەقشبەندی ئامادەی كرد.
هـەر لەسـەرەتاوە مامۆسـتا مـەلا (رسـول یونـس مصطفـی)[1] كـرا بـەپێش نوێـژو ووتارخوێن.

**بەشەكانی:**

١- حـەرەم: زۆر بـەجوانیو بەئـەندازەی

---

١- ئەم زاتە بە مەلا رسول-ی شاوەیس بەناوبانگە، جەنابیان لەدایك بووی ساڵی (١٩٢٦)ە.

(۱۲×۲۰)م و بەرزی (٦)م دروست کراوە، سەرەکەی کۆنکریتەو ناوەکەی چەمەنتۆیە میحراب و مینبەرو مەحفەل و بەرهەیوانی نایابی بۆ دروست کراوە. زۆر بەتێرو پڕی هەموو جۆرە پێداویستی دابین کراوە بەرهەیوانەکەی پڕ فەرش کراوەو ڕۆژانی هەینی نوێژی لێ دەکرێت.

۲- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە بەئەندازەی (٥×٧)م ژوورێکی گەورە دروست کراوە، شێوەی لەژووری دیوەخانەی کوردەواری دەچێ، بەڕەی ڕەنگاو ڕەنگ و، سەرینی خری کوردەواری. تاڕادەیەکی چاك کەل و پەلی بۆ دابین کراوە.

۳- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە بریتی‌یە لە (٤) بۆڕی، (٥) ئاو دەست. حەوزێکی گەروەی ئاو، ئامێری ئاو گەرم کردن.

حەوشێکی پوختەی هەیە، سەرانسەری کاشی‌یە، چەند بنەدارێکی لێ چاندراوە، لەمانگی ئابی ساڵی ۱۹۹۷ وەزارەتی ئەوقاف بڕێك پارەی بۆ دیاری کرد بۆ چارەسەر کردنی کەم و کورتی‌یەکانی بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی پاك و خاوێن و ڕێك و پێکە ئاوو کارەبای لەمیری‌یەوە وەرگیراوە.

۱۹۹۷/۱۰/۱۸

## سەرچاوەکان:

۱- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.
۲- چاوپێکەوتن بەماموستا مەلا رسول شاویسی.

# ۹۳- مزگەوتی شێخ سەدرە[1]

ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە گەڕەکی (شەهیدانی سێتاقان) نزیك ئامادەیی کوردستانی کوڕان.

سەرەتای دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (۱۹۸۰-۱۹۸۳)


سەرجەم ڕووبەرەکەی (٤٠٠)م۲.

زۆر جار خەڵکی‌دەڵێن تەکییەی شێخ سەدرە.

ماوەیەکی زۆرە ماموستا مەلا ابوبکر پێش نوێژی لێدەکات و لەوەپێش ماموستا

۱- ناوی تەواوی ئەم زاتە (شێخ صدرالدین شیخ محمد شێخ جلال) بەرزنجی‌یە، بەزۆری لەگوندی (عەوێنە) دانیشتون و لە ۱۹۹۹/۳/۱۱ کۆچی دوایی کردو هەر لەناو ژووری تەکیە بەخاك سپێردرا.

مەلا احمد کەرکوکی لێ بوو.



## بەشەکانی:

١- حەرەم: بەپانتایی (١٨×١٠)م و بەشێوەیەکی جوان حەرەمێکی بۆ دروست کراوە، سەرەکەی کۆنگریت و ناوەکەی چەمەنتۆ، میحراب و مینبەرو مەحفەلی پۆختەی بۆ کراوە، زۆر بەشێوەیەکی تێروپڕ پێداویستیەکانی دابین کراوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەمە مەبەستە لەسەربانی بەشی دەست نوێژ گرتن، ژوورێکی پوختە دروست کراوە، بەڵام ئێستاکە (پاسەوان- حەرەس)ی لێ دەخەوێت.

٣- ژووری یاشێخ: ژوورێکی پوختە بۆ دانیشتنی یاشێخ کراوە، لەم ژوورە پێشوازی لەمێوانەکانی دەکات. ئەم ژوورەش بەچاکیو تێروپڕی پێداویستیەکانی دابین کراوە.

٤- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە لە (٦) بۆڕی (٤) ئاودەست و(١) خۆشۆر جێو شوێنی تایبەت پێك هاتووە.

ئەوەی جێی وەبیر هێنانەوەیە، لە ١٩٩٧/٩/١ بڕێك پارە لەلایەن ئەوقافەوە بۆ کەم و کورتی ئەم مزگەوتە تەرخان کرا. بەمە دەستێکیان پێداهێناو هەندێ کەم و کورتیەکانی چارەسەر کرا، ئاوو کارەبای لەمیرییەوە وەرگیراوە، بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی ڕێك و پێك و پوختەی.

١٩٩٧/١٠/١٤

## سەرچاوەکان:


١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن بە:

ا- کاك شێخ صدرالدین بەرزنجی.

ب- (بابەشێخ) کوڕی کاك شێخ صدرالدین بەرزنجی.

# ٩٤- مزگەوتی گۆڕستانی شارەوانی باشوور



ئەم مزگەوتە کەوتۆتە ناو گۆڕستانی شارەوانی باشوور (کارگەی قیر) سەر ڕێگای قەتەوی.

سەرەتای دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٨٠ هاوکات لەگەڵ دامەزراندنی ئەم گۆڕستانە.

پانتاییەکەی (٢٠٠)م دەبێ.

لەساڵی ١٩٨٧وە مامۆستا مەلا (خالد ابوبکر احمد) لەم مزگەوتە بەپێش نوێژ دانراوە، جەنابیان لەدایك بووی ساڵی (١٩٣٣)یە پێش ئەمیش مامۆستا مەلا قادری دیبەگەیی لێ بوو.

## بەشەکانی:

حەرەم: بەمەودای (٦×١٠)م حەرەمێکی بۆ دروست کراوەو سەرەکەی کۆنکریتەو ناوەکەی کاشی، لەناوەڕاست لەناودیوار میحرابێکی بۆ کراوە، بەمەودای (٣)م بەرهەیوانی بۆ کراوە، دەرگاو پەنجەرەی لێ بەستراوە بەڵام بەبێ پێویستی‌یە، هیچ شتێکی نی‌یە تەنها یەك دوو پارچە بەڕەی شڕ نەبێ.

لەوە دەچێ کاتی خۆی پوختە بوو بێت، خۆشۆرو ئاودەست و بۆڕی هەموو بەر شاڵاوی تاڵان و دزین کەوتوونە.

تەنها شوێن هەوارەکەی دیارە، پێویستە شارەوانی یان ئەوقاف ئاوڕی لێ بدەنەوە.

١٩٩٧/٧/١٠

## سەرچاوەکان:

١- سەردانی مزگەوت.

٢- چاوپێکەوتن بە مەلا خالد همزە کوڕی ئیمامی مزگەوت.

# ٩٥- مزگەوتی گۆڕستانی شارەوانی باکوور



ئەم مزگەتە، کەوتۆتە سەرشـــەقامی (١٠٠) مـــەتری، بەرامبـــەر گرتوخانـــەی (مـــێرد منالآن) ناو گۆڕستانەکە.

سـەرەتای دروسـت کردنـی دەگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵی ١٩٨٠ هاوکـات لەگەڵ دامەزراندنی گۆڕستان.

سەرجەم پانتاییەکەی (٢٠٠)م٢.

مەلا (طارق عبدالرحمن علی) لەساڵی ١٩٩٧وە کراوەتە خادم لەم مزگەوتە.

## بەشەکانی:

١- حەرەم: بەئەندازەی (٦×١٠)م حەرەمێکی پوختەی بۆ درست کراوە، سەرەکەی کۆنکریتەو ناوەکەی کاشی، دەرگاو پەنجەرەو بەرهـەیوانیو میحرابی هەیـە، بـەڵام بەبێ ڕایەخە.

لەوە دەچێ کاتی خۆی مزگەوتێکی خۆش بوو بێت، ئاوو کارەبای هەبووبێت.

جێگای ئاودەست و دەست نوێژگرتنی هەیەو بەنیوە ناتەواوی ماوەتەوە.

شێوەکەی لەشێوەی مزگەوتی گۆڕستانی باشوور دەچێ لەسـەر هـەمان نەخشـە دامەزراوە.

١٩٩٧/٩/٢٠


## سەرچاوەکان

١- سەردانی مزگەوت لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن بە کاك محی‌الدین، بەرپرسی شارەوانی لەگۆڕستان.

٣- مەلا طارق عبدالرحمن- خادم لەمزگەوت.

# ٩٦- مزگەوتی شێخ حسن خەیلانی بەرزنجی[1]



ئـــەم مزگەوتـــە، کەوتۆتە گەڕەکی باداوە، نزیک شـەقامی (١٠٠)م، لـەم مزگەوتـە هۆدەیـەك هەیە لەوێنەی تەکیـە، دۆستانی ئەم بنەماڵەیە لێی کۆدەبنەوە.

ڕووبەرەکـــــەی (١٠٠٠)م٢.

سەرەتای دروست کردنـی دەگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵی (١٩٨٠) لەسـەر بڕیـاری (شێخ حسن شێخ محمدامین) خەیلانی دروست کرا.

لەسەرەتاوە، تاکو جەنابی شێخ لەژیاندا مابوو، خۆی پێش نوێژو ووتارخوێنی دەکرد.

بەڵام پاش کۆچ کردنی، مەلا هادی کوڕی ئەم کارەی گرتە ئەستۆو ئەو پێش نوێژو ووتارخوێنە.

## بەشەکانی:

١- حەرەم: پانی (٨×١٥)م دەبیّو بەرزی (٣)م دیواری بلـۆك، سـەری کۆنکریتـە، ناوەکەی کاشیە، میحراب و مینبەرو بەرهەیوانی هەیە بەشێوەیەکی مام ناوەندی کەل و پەل و پێداویستی بۆ دابین کراوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: وەکو لەسەرەتادا ئاماژەمان بۆ کرد، ژوورێکی گـەورەیان هەیە، لەو ژوورە پێشوازی لە هەموو میوانێکی مزگەوت و تەکییە دەکەن.

٣- هۆڵـی پرسـە: بەئـەندازەی (٥×١٥) م هۆڵێـك دروسـت کـراوە دیـواری بلـۆك، ناوەکەی چەمەنتۆیە، سەرەکەی کۆنکریتە بەتێروپری پێداویستی تایبەتی بۆ دابین کراوە.

---

١ - بەڕەگەز، لەبنەماڵەکانی سەیدەکانی بەرزنجەن، بەڵام ماوەیەکی زۆرە هاتوونەتە ناوچەی هەریرو لەناو خێڵی خەیلانییەکان جێگیر بوون.

٤- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە لەسەکۆیەکی بەرزو چەترێکی کۆنکریت و (٧) بۆڕی ئاوو (٤) ئاودەست و (١) سەرشۆرگە پێك هاتووە زەوی‌یەکەی کاشی ڕێژە حەوشەکەی سەرانسەر چەمەنتۆیەو، چەند بنەدارێکی لێ رواوە، بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی مام ناوەندی‌یە، ئاوو کارەبای لەسەرچاوە گشتی‌یەکانەوە وەرگیراوە.


**سەرچاوەکان:**

١٩٩٧/٧/٢٧

١- سەردانی مزگەوت لەڕۆژی دیاری کراو.

٢- چاوپێکەوتن بەماموستا مەلا هادی شێخ حسن خەیلانی.

## ٩٧- مزگەوتی حاجی باقی (دار السلام)



ئــــەم مزگەوتــــە، کەوتۆتە گەڕەکی باداوە، ڕۆژهــەڵاتی شــەقامی (١٠٠) مــەتری نزیــك مزگەوتی مام اسعد.

ســەرەتای دروســت کردنــی دەگەڕێتــەوە بــۆ ڕۆژی (١/١/١٩٨٠).

دروست کردنی لەسەر ئەرکی (حاجی باقی قاسم ابراهیم) بوو.

سەرجەم پانتایی‌یەکەی (٨٠٠)م٢.

زیاتر لە (١٦) ساڵە ماموستا مەلا (نورالدین کریم بابەشێخ)بە پێش نوێژو ماموستا مەلا (عبدالخالق) بە ووتارخوێن دانراوەو پێش ئەوانیش ماموستا مەلا حسنی لێبوو.

**بەشەکانی:**

١- حەرەم: بەپانتایی (٨×٢٠)م و بەرزی (٣)م حەرەمێکی لاکێشەیی بۆ دروست کراوە، سەرەکەی کۆنکریتەو ناوەکەی چەمەنتۆیەو دیواری بلۆك بەشێوەیەکی هاکەزایی هەندێ پێداویستی بۆ دابین کراوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئــەم مەبەستە ژوورێکی (٣×٣)م دروست کراوە، چەند

پێداویستییەکی بۆ دابین کراوە.

٣- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە لە (٧) بۆڕی و (٥) ئاوەدەست و ١
خۆشۆرو چەند بلۆکێك بۆ دانیشتن پێك هاتووە.

٤- حەوشەکەی: کراوەتە (٢) بەش، لایەکی چەمەنتۆیەو بەحەسیر سێبەری بۆ
کراوە بۆ جێی نوێژکردن. لایەکەی تر کراوەتە دارو درەخت و گوڵ و گوڵزار
بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتەکە، پێویستە ناوی لێ بدرێتەوە مام حاجی باڵی
خۆی و احمدی کوڕی موچەخۆری ئەوقافن و لەسەر میلاکی ئەم مزگەوتە دامەزراون
سەرچاوەی ئاوو کارەبای لەمیرییەوە وەرگیراوە.

١٩٩٧ ٧ ٢٧

**سەرچاوەکان:**

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.
٢- چاوپێکەوتن بە:
أ- کاک حاجی باڵی.
ب- کاک احمدی حاجی باڵی.

# ٩٨- مزگەوتی پیرێژن (هدایة)

ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە گەڕەکی موفتی، نزیك گەڕەکی باداوە.
سەرەتای دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٨٠.
رووبەرەکەی (٦٠٠)م٢.
ئەم مزگەوتە، لەسەر ئەرکی (فاطمة خان)[١] ناوێك دروست کرا.
ماوەیەك ماموستا مەلا (عبدالرحمن قادر علی)[٢] پێش نوێژی لێ دەکات و
لەوەپێش ماموستا مەلا (عبدالرحمن مەلا سۆرکەیی) لێبوو.

**بەشەکانی:**

١- حەرەم: بەئەندازەی (٨×١٦)م و بەرزی (٤)م حەرەمێکی لاکێشەیی بۆ دروست

---

١- بەداخەوە زانیاری تەواومان لەبارەی ئەم فاطمة خانەوە بەدەست نەکەوت، تەنها ئەوە نەبێ ئافرەتێکی بە ساڵاچوو بوو لەکاتی مزگەوت دروست کردن، بۆیە پێی وتراوە (مزگەوتی پیرێژن)

٢- ئەم زاتە لەساڵی ١٩٨٩وە لەم مزگەوتەیەو لەدایك بووی ساڵی ١٩٥٣.



کراوە. دیواری کەرپوچ، سەرەکەی کۆنکریتە، ناوەکەی چەمەنتۆیە، تەنها میحرابێکی هەیەو بەس، زۆر بەشێوەیەکی جوان ئەم حەرەمە ڕازاوەتەوەو پێداویستیەکانی دابین کراوە، بەئەندازەی (٢,٥)م بەرهەیوانی هەیە.

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە ژوورێك بەئەندازەی (٦×٤)م و بەرزی (٣)م دروست کراوە، سەرەکەی کۆنکریتەو ناوەکەی کاشیە، پێداویستی بۆ دابین کراوە.

٣- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە بریتی‌یە لەجێگایەکی پاك و خاوێن، دیواری کاشی فەخفەری سپی، (٢) بۆڕیو (٥) ئاودەست (١) سەرشۆرگە هەیە.

حەوشەکەی: لایەکی کراوەتەوە چەمەنتۆو لایەکی کراوەتە درەخت، منارەیەکی بەرزی لەئاسن دروست کراوی هەیە، بەرزی (٨)م دەبێ‌و بەکۆنکریت لەزەوی چەسپاوە بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی پوختەیە، ئاوو کارەبای لەمیری‌یەوە وەرگیراوە.

١٩٩٧/٧/١٦

**سەرچاوەکان:**

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لە نزیکەوە

٢- چاوپێکەوتن بەجەنابی مامۆستا مەلا عبدالرحمن.


## ٩٩- مزگەوتی شەهید (رحمن جوامێر)[1]

ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە، ناوەڕاست گەڕەکی کوردستان.

لەڕۆژی ١٩٨١/٤/١ دەست بەدروست کردنی کرا، لەسەر ئەرکی حاجی (جوامێر گەڕە شێخانی).

---

١- کاك جوامێر کوڕێکی هەبوو بەناوی (رەحمان) سەرباز بوو، لەجەنگی نێوان عێراق و ئێران شەهید کرا ئەم مزگەوتەی بە شەهیدانەی ئەو دروست کرد.





رووبەرەکـــــەی (١٠٠٠)م٢.

مامۆستا مەلا (غفور سليم عمر غـەزالى) ووتـــارخوێنی ئــەم مزگەوتەیـەو مامۆسـتا مـەلا (عبدالكريـم قـادر مولـود) پێـش نوێـژی دەکات، کاتی خۆی مەلا (عثمان)ی[1] رەحمەتی لێبوو.

## بەشەکانی:

١- حەرەم: لەسەر شێوەی لاکێشەیی دروسـتکراوە، میحراب و مینبەری هەیە، سەرەکەی کۆنکریتەو ناوەکەی چەمەنتۆ، پێداویستیەکانی دابین کراوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە بەئەندازەی (٣×٧)م ژوورێك دروست کراوە، پێداویستیەکانی دابین کراوە.

٣- هۆڵی پرسە: بەئەندازەی (٦× ١٥)م هۆڵێك بۆ ئەم مەبەستە دروست کراوە، بەڵام لەبەر نەبوونی پێداویست، ئەوا پرسە هەر لەناو حەرەم ساز دەدرێت.

٤- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە بريتیيە لە (٧) بۆڕیو (٦) ئاودەست و (١) سەرشۆر.

بەشـێوەیەکی گشتی مزگـەوتێکی مـام ناوەندیـە ئـاوو کارەبـای لەمیرییـەوە وەرگیراوە.

١٩٩٧/٦/٣

## سەرچاوەکان:


١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزيکەوە.

٢- چاوپێکەوتن بەجەنابی مەلا (غفور غەزالى).

---

١- خوالێخۆشبوو مەلا عثمان ماوەی (١٢) ساڵ لەم مزگەوتە مایەوەو لەساڵی ١٩٩٥ کۆچی دوایی کرد.

# ١٠٠- مزگەوتی شەهید (فتاح علی)



ئـەم مزگەوتـــە، کەوتۆتـــە گـــەڕەکی کوردستان. سـەرەتای دەست پێکردنی دەگەڕێتەوە بۆ ١٩٨١/٢/٢٣. جەنابی حاجی (علی طـاهر یـەعقوبی)[1] بەدروست کردنی هەستاو ئەرکی گرتە ئەستۆ.

سەرجەم پانتاییەکەی دەگاتە (١٠٤٢)م چوارگۆشە.

مامۆستا مەلا (عثمان مولود) پێش نوێژو وتارخوێنە لەم مزگەوتەو کاتی خۆی مامۆستا مەلا (حمدامین ابراهیم)[2] لێبوو.

**بەشەکانی:**

١- حەرەم: بەپانتایی (٣٠٠)م٢ حەرەمێکی لاکێشەیی بۆ دروست کراوە، میحراب و مینبەرو بەرهەیوانی بۆ کراوە، پێداویستی حەرەمی بۆ دابین کراوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: بەرامبەر بە حەرەم (٢) ژوور هەن، یەکێ لەو ژوورانە کراوەتە ژووری پێش نوێژو ئەوی‌تر جێی کەل و پەلی زیادەی مزگەوت، ژووری پێش نوێژ هەندێ پێداویستی بۆ دابین کراوە.

٣- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە بریتی‌یە لە (٨) بۆڕی‌و (٥)ئاودەست و جێگای تایبەت بۆ مردوشۆردن.

٤- ناو حەوشەکەی: حەوشەکەی، لایەکی کراوەتە دارستان و لایەکەی تری سەرانسەری چەمەنتۆ کراوە.

بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی چاکەو دانیشتوانی گەڕەك سوودیان لێ

---

١- حاجی علی کوڕێکی بەناو (فتاح) لەجەنگی نێوان عێراق و ئێران شەهید کراوە بەو بۆنەیەوە ئەم مزگەوتەی دروست کرد.

٢- ئەم زاتە دووەم مەلایە، لەدایك بووی سالّی (١٩٢٠)ھ.

وەرگرتووە بۆ نوێژ کردن، ئاوو کارەبای لەمیریەوە وەرگیراوە.

١٩٩٧/٦/٨

**سەرچاوەکان:**

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.


٢- چاوپێکەوتن بە:

أ- جەنابی حاجی علی یەعقوبی، باوکی شەهید فتاح.

ب- مامۆستا مەلا عثمان-پێش نوێژو ووتارخوێنی مزگەوت.

# ١٠١- مزگەوتی (عبدالرحمن کوڕی عوف)[1]

## الله اکبر



ئـــەم مزگەوتـــە، کەوتۆتـــە گـــەڕەکی کوردســـتان، نزیـــک ســـنوری گـــەڕەکی (کرێکـــاران- حـــی العمال).

لەســـەر ئـــەرکی ئـــەوقافی هـــەولێر، لەساڵی (١٩٨١) دەست بەدروست کردنی کرا.

پانتاییەکەی (١٢٠٠)م٢.

لەسەرەتاوە مامۆستای خوالێخۆشبوو (مەلا اسماعیل علی شێخە)[2] کرایە پێش نوێژو ووتارخوێن لەم مزگەوتە.

ئێستاش ئەم دوو زاتەی لێیە:

---

١- (عبدالرحمن بن عوف) یەکێ بوو لەسەرکردەکانی سوپای ئیسلام لەسەردەمی پێغەمبەر(د.خ).

٢- ئەم زاتە لەساڵی (١٩٩٠) کۆچی دوایی کرد پاش بەسەر بردنی ماوەیەکی زۆری ژیانی لەم مزگەوتە.

أ- ماموٚستا مەلا احمد پوٚریجەیی[1].

ب- ماموٚستا مەلا قادر[2].

## بەشەکانی:

١- حەرەم: زوٚر بەشێوەیەکی ساکار حەرەمێکی بوٚ دروست کراوە، تەنها میحرابێکی هەیە، بەبێ مینبەرو مەحفەلە، هەندێ پێدوایستی دابین کراوە بەرهەیوانێکی سەرانسەری باریکی هەیە.

٢- ژووی پێش نوێژ: بوٚ ئەم مەبەستە لەبەشی لای خوٚرهەلاٚتی حەرەم ژوورێك دروست کراوە، هەندێ پێداویستی بوٚ دابین کراوە.

٣- هوٚلی پرسە: بوٚ ئەم مەبەستە هوٚلێکی (٧×١٥)م دروست کراوەو بەنیوە ناتەواوی هەندێ کەل و پەل و پێداویستی بوٚ دابین کراوە.

٤- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە لە (٣) بوٚڕیو (٣) ئاودەست پێك هاتووە.

حەوشەیەکی گەورەی هەیە، لایەکی کراوەتە دارستان و لەناوەڕاست لەبەر دەرگای هوٚلی پرسە دار توویەکی گەورەی هەیە، زوٚر جار وا دەبێ ئەختیارەکان لەسێبەرەکەی کات بەسەر دەبەن.

ئاوو کارەبای لەسەرچاوەکانی گشتییەوە وەرگیراوە، بەشێوەیەکی گشتی پێویستی بەخزمەت گوزاریو دەست کاری کردن هەیە.

١٩٩٧/٤/٣٠

### سەرچاوەکان:

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن بەخودی ماموٚستایان:

أ- ماموٚستا مەلا احمد.


ب- ماموٚستا مەلا قادر.

---

١- ئەم زاتە پاش کوٚچ کردنی مەلا سمایل هات و لەدایك بووی (١٩٣٠)یە.

٢- ناوی تەواوی (پاشا رمضان عبداللّه)یە، (٧) دانە سالّە لەم مزگەوتە پێش نوێژی دەکات. بە مەلا قادر بەناوبانگە.

# ١٠٢- مزگەوتی حاجی جواد



ئـــەم مزگەوتـــــە، کەوتۆتـــە گـــەڕەکی کرێکاران (حی العمال) نزیـــك گـــەڕەکی کوردســـتان، بەرامبـــەر خانووەکانی کرێکارانی کارگەی رستن و چنین لە باکورەوە.

(حاجی جواد پیرداود معروف) لەساڵی ١٩٨١ لەسەر ئەرکی خۆی دروستی کرد.

ئەم زاتە (جیهانگیر)ی کوڕی لەجەنگی نێوان عێراق و ئێران شەهید کرا، بەو بۆنەیەوە ئەم مزگەوتەی دروست کرد کە تاکە کوڕی باوکی بوو.

سەرجەم ڕووبەرەکەی (١٠٠٠)م٢ چوار گۆشەیە.

هەر لە سەرەتاوە مامۆستا مەلا (صابر مولود حەمەڕەش)[1] کراوەتە پێش نوێژو وتارخوێن.

جاری وابووە ئەم مامۆستایە چەند فەقێیەکی هەبووەو دەرسی پێ ووتوون.

## بەشەکانی:

١- حەرەم: لەسەر شێوەی لاکێشەیی حەرەمێکی (١٠×١٨)م بۆ دروست کراوە، سەرەکەی کۆنکریتەو ناوەکەی چەمەنتۆیە. میحراب و مینبەرو مەحفەل و بەرهەیوانی بۆ کراوە بەشێوەیەکی مام ناوەندی کەل و پەل و پێداویستی بۆ دابین کراوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: ئەم ژوورە کەوتۆتە بەشی خۆرهەڵاتی حەوشەی مزگەوت ژوورێکی فراوان و پڕ لەکەل وپەل و پێداویستییە.

٣- بەشی دەســت نوێژگرتن: ئەم بەشە بریتییە لە (٥) بۆڕیو (٥) ئاودەست و

---

١ – ئەم زاتە لەناو مەلایەکان بە (مەلا صابری بیرە عارەبان) بەناوبانگەو لەدایك بووی ساڵی (١٩١٤)یە.

ناوی ساردو گەرم.

ئەم مزگەوتە خاوەن خانووبەرەی تایبەتی‌یە بۆ مەلا، بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی چاکەو خەڵکی بەگەرمی هاتوچۆی دەکەن.


١٩٩٧/٦/٤

**سەرچاوەکان:**

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن بەجەنابی مامۆستا مەلا صابر بیرە عارەبان.

# ١٠٣- مزگەوتی البخاری[١]



ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە گەڕەکی (بەهار- گێ مەدیێ)، نزیك گەڕەکی کرێکاران.

لەساڵی (١٩٨١) دانیشتوانی ئەم گەڕەکە، هەستان بەپارە کۆکردنەوە بەنیازی دروست کردنی و حاجی محمدی کوران کرایە سەرکار بۆ دروست کردنی.

رووبەرەکەی (١٥٠)م٢.

لەسەرەتادا دوو مامۆستای لێ بوو بەم ناوانە:

أ- مامۆستای خوالێخۆشبوو مەلا (احمد دالداغانی)[٢].

ب- مامۆستا مەلا سەید محمد سەید عبدالرحمن باقلان.

ئێستاکە مامۆستا مەلا (ابراهیم احمد)[٣] پێش نوێژو ووتارخوێنە بەڵام مەلا (عبدالقادر کریم اسماعیل)[١] پێش نوێژی دەکات.

---

١- ئەم مزگەوتە بەناو یەکێ لە یارە هەرە خۆشەویستەکانی پێغەمبەر(د.خ) ناونراوە.

٢- مامۆستا مەلا احمد لە ١٩٩٧/٧/٢٥ شەهید کرا.

٣- ئەم زاتە دوچاری نەخۆشی (شەلەل) بووەو لەماڵەوە کەوتووە.

**بەشەکانی:**

١- حەرەم: بەئەندازەی (٨×١٦)م دروست کراوەو میحراب و مینبەرو کەل و پەلی پێداویستی بۆ دابین کراوە لەلایەکی ترەوە هۆڵی پرسەیان داوەتە دەم حەرەم بەنیازی فراوان کردنەوەی بەتایبەتی بۆ کاتی نوێژی هەینی و جەژنەکان.

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە لەسەربانی بەشی دەست نوێژگرتن، ژوورێکی بچوك دروست کراوە، بەڵام لەبەر نەبوونی مەلا ئەوا فەرامۆش کراوە.

٣- بەشەکانی تری مزگەوت: لەم مزگەوتە تەنها (٢) بۆڕیو (٢) ئاودەست و حەوشێکی بچوك هەیە.

بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ ئەوەی کە مزگەوتەکە زۆر بچوکە بەڵام خەڵکی گەڕەك نوێژی بەبەردەوامی لێ دەکەن.

ئاوو کارەبای لەمیرییەوە وەرگیراوە

١٩٩٧/٦/٩

**سەرچاوەکان:**

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن و گفتوگۆ لەگەڵ:

ا- مامۆستا مەلا ابراهیم احمد لەماڵی خۆی لەنزیك مزگەوت لەهەمان ڕۆژ.

ب- مامۆستا مەلا عبدالقادر کریم اسماعیل خادم و بانگدەر.

# ١٠٤- مزگەوتی رشاد موفتی (البکر)

ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە سەر ڕێگای کەرکوك، نزیك سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدین.

سەرەتای دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٨١.


ئەم مزگەوتە، لەسەر ئەرکی میری دروست کرا.

سەرجەم ڕووبەرەکەی (٥٠٠٠)م٢.

لەیەکێ لەهەرە مزگەوتە گەورەکانی ئەم سەردەمە لەقەڵەم دەدرێت.

---

١ - ئەم زاتە هەر چەندە عنوانی پیشەی (خادمە) بەڵام ئێستاکە لەبەر نەساغی مەلا ابراهیم ئەو پێش نوێژی دەکات.



پاش تەواوبوونی ناویان لێنا مزگەوتی (البکر)[1] لە ١٩٩٣/٩/١٥ ناوەکەی گۆڕاو کرایە مزگەوتی (ڕەشاد موفتی) پاش کۆچ کردنی ئەم زاتە لە ١٩٩٣/٩/١٣.

لەسەرەتای دروست کردنی مامۆستا مەلا (عبدالمجید عبدالحمید) کرایە پێش نوێژو ووتارخوێن، ئەو زاتە بەمەلا مجیدی گوێڕی بەناوبانگە، لەمانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٩٦ مامۆستا مەلا (حسن حمد مرۆ)یان کردە پێش نوێژو ووتارخوێن.

ئەم زاتە بە مەلا حسنی خۆشناو ناسراوە.

لەکاتی خۆی حاجی ابراهیم حمد گەردی، وەکو بەڵێندەر بە دروست کردنی مزگەوتەکە هەستا.

## بەشەکانی:

١- حەرەم: زۆر بەشێوەیەکی جوان و فراوان حەرەمێکی بۆ دروست کراوە، پانتایەکەی خۆی لە (٣٠×٤٠)م دەداو بەرزی (٥)م ئەبێ. سەرەکەی کۆنکریتەو بن میچەکەی بەنەخش و نیگار ڕازاوەتەوە. ناوەکەی کاشییەو بە یەك جۆرە ڕایەخ سەرانسەر پڕ فەرش کراوە. میحرابێکی جوانی هەیە، لەگەڵ مینبەرێکی لەدار دروست کراو. گومەتێکی بازنەی خڕی هەیە، ناوقەدی (١٠)م ئەبێو بەرزی (١٢)م. لەناوەڕاست ئەم گومەتە، زریزەیەك شۆڕکراوەتەوەو (سورەیایێکی) (کۆمەڵە گلۆپێکی) گەورەی جوانی پێوە هەڵواسراوە چەندین پەنجەرەی بۆ ڕوناکی تێخراوە. بەرهەیوانێکی بەرینی هەیە، دوولای حەرەمی گرتۆتەوە. زۆر بەتێرو پڕی پێداویستیەکانی لەهەموو ڕویەکەوە دابین کراوە. ڕووی بەرهەیوانەکە، بۆ جوانی بە

---

١- لەساڵی ١٩٦٨، سەرەك کۆمارێك دەسەڵاتی کەوتە بەردەست ناوی (احمد حسن البکر) بووە، هەر ئەو هۆیە بوو کە لە سەرەتادا ناوی ئەم مزگەوتە نرا بە (البکر). ئەم زاتە لەساڵی ١٩٧٩ کۆچی دوایی کرد، لە ١٩٩٣/٩/١٣ ناوی مزگەوتی (ڕەشاد موفتی) لێ نرا.

بەردی (حەلان) ڕوو کەش کراوە.

٢- ژووری پێش نوێژو ووتارخوێن: بۆ ئەم مەبەستە، ژوورێکی فراوان (٧×٤)م دروست کراوە، زۆر بە تێرو پڕی هەموو جۆرە پێداویستی دابین کراوە.

٣- هۆڵی پرسە: لەسەر شێوەیەکی ڕێك و پێك، هۆڵێك بۆ ئەم مەبەستە، لەبەرامبەر حەرەم دروست کراوە، لەتاکە هۆڵەکان دادەنرێت. زۆربەی پرسەی پیاوە ناودارەکانی شار دێتە ئەم هۆڵە. بەشێوەیەکی تێروپڕ، هەموو جۆرە پێدوایستی بەزیادەوە بۆ دابین کراوە.

٤- هۆڵی نوێژ کردنی ئافرەت: لەتەنیشت هۆڵی حەرەم، لەلای خۆرهەڵات، هۆڵێکی فراوان دروست کراوە بۆ ئەوەی ئافرەتان نوێژی ڕۆژی هەینی لێ بکەن، بەڵام گەورەیی ناکاتە حەرەم. ئەویش لەسەر هەمان شێوە پێداویستیەکانی بەتێرو پڕی دابین کراوە.

٥- منارەکەی: لەناو حەوشەو لەلای خۆرئاوای حەرەم، تاڕادەیەك لەناوەڕاستی حەوشە منارەیەکی جوان و قەشەنگی لەکەرپوچ بۆ دروست کراوە، ناوقەدی (٢)م دەبێو بەرزی (٢٥)م. لەناوەڕاستی پشتێنەی بۆ کراوەو سەرەکەی گۆمەت نسبەت هاتۆتەوە. لەناوەوە پاپیلکەی بەسەرکەوتنی هەیە. چەندین بڵندگۆی بانگ دانی لێ بەستراوە (ناوی الله و محمد) بە خەتێکی جوان لەچوار دەوەری نووسراوە.

٦- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە تایبەتە بەتەنها دروست کراوە، لە (٨) ئاودەست و (٩) جووت بۆری (خلاط) پێك هاتووە هەموو دیوارەکانی بەکاشی فەخفوری سپی ڕووکەش کراوە، شوێنێکی پاك و خاوێنە، هۆی روناکی لەناو ئاودەستەکانی دابین کراوەو لە جێی دەست نوێژ سنگی جل هەڵواسین لەدیوارەکە داکوتراوە.

٧- حەوشەکەی: لایەك لەحەوشەکەی کراوەتە دارستان و ناوەڕاستەکەی کراوەتە (شتایگەر)ی رەنگاو رەنگ حەوزێکی ئاوی جوان لەچەشنی ئافورە لەناوەڕاستی حەوشە بۆ دروست کراوە. دیواری دەرەوەی هەموو لەئاسنەو لەچەشنی چەپەر دروست کراوە. بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی پوختەو گەورەو ڕێك و پێکە، جەماوەرێکی زۆر هاتوچۆی دەکەن، بەتایبەت ا - نوێژی هەینی هەندێکیان بە ئۆتۆمۆبێلەوە دەچنە ناو حەوشەی مزگەوت.


ناوو کارەبای لەسەرچاوە گشتیەکانی میریەوە وەرگیراوە

١٩٩٧/٧/٩

سەرچاوەکان:

١- سەردانی یەك بەیەكی بەشەكانی مزگەوت.
٢- چاوپێكەوتن بە:
أ- مامۆستا مەلا عبدالمجید گوێڕی.
ب- مەلا حسن خۆشناو.
ج- حاجی ابراهیم گەردی بەڵێندەر.

# ١٠٥- مزگەوتی صلاح الدین[1]



ئـــەم مزگەوتـــە، كەوتۆتـــە گـــەڕەكی مامۆستـایان، بەرامبـەر گۆڕســـتانی شـێخ معروف.

ســەرەتای دروســت كردنی دەگەڕێتـەوە بـۆ ســـاڵی ١٩٨١، بەڕێوەبەرایەتی ئەوقاف، ئەركی دروست كردنی گرتە ئەستۆ.

ڕووبەرەكەی (١٠٠٠)م چوارگۆشەیە.

لەسەر شێوەیەكی هاوچەرخ، بە بەردو چەمەنتۆ دروست كراوە هەر لەسەرەتاوە، مامۆستا مەلا (صدیق عثمان محمود)[2] كراوەتە پێش نوێژو وتارخوێن لەم مزگەوتە.

جگە لەم بەڕێزە چەندین مامۆستای دی هەیە، لەوانە:

١- مامۆستا مەلا عبداللە عثمان عەوێنەیی، هاوكات لـە مزگـەوتی رشاد نـەجار ووتاری هەینی دەخوێنێتەوە.
٢- مامۆستا مەلا عزیز حاجی مهدی.
٣- مامۆستا عثمان صالح حمدامین.
٤- مەلا مصطفی محمد مصطفی.

١- سەبارەت بە صلاح الدینی ئەیوبی ناوبراوە، (٣) مزگەوت بەم ناوە لەناو شار هەیە.
٢- ئەم زاتە لەناو مەلایەكان بە مەلا صدیقی ئیلینجاغی ناسراوە.

٥- مەلا محمود حمد اومر.

٦- مامۆستا مەلا علی قادر اسماعیل- بانگدەرو خادم.

٧- مامۆستا مەلا عثمان کریم علی- بانگدەرو خادم

## بەشەکانی:

١- حەرەم: بەئەندازەی (١٠×٢٢)م و شێوەیەکی لاکێشەیی حەرەمێکی ڕێك و پێکی بۆ دروست کراوە. دیوارەکانی بەردە، سەرەکەی کۆنکریتە، ناوەکەی چەمەنتۆ، میحراب و مینبەری هەیە، بەشێوەیەکی تێروپڕ هەموو جۆرە پێداویستی دابین کراوە. بەمەودای (٤)م بەرهەیوانی بۆ کراوە. لەم سەرو لەوسەر بەرهەیوانەکەی (٢) ژوور هەن.

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە بەئەندازەی (٣×٣)م، لەبەرهەیوانی حەرەم لەلای خۆرهەڵات ژوورێك دروست کراوە، تاڕادەیەك پێداویستیەکانی دابین کراوە.

٣- ژووری فەقێ: بەرامبەر بەژووری پێش نوێژ لەهەمان بەرهەیوان ژوورێك لەسەر هەمان شێوە بۆ حەوانەوەی فەقێ دروست کراوە، ئەم ژوورەش تاڕادەیەك پێداویستی بۆ دابین کراوە.

٤- هۆڵی پرسە: بەئەندازەی (٧×١٥)م و بەرزی (٤)م هۆڵێك لەبەرامبەر حەرەم دروست کراوە، سەرەکەی کۆنکریتەو ناوەکەی چەمەنتۆ، لەچوار دەورەی دیواری ناوەوە بەبلۆك و چەمنتۆ سەکۆ لەچەشنی کورسی دروست کراوە بۆ دانیشتن. تاڕادەیەك پێداویستی هۆڵی پرسەی بۆ دابین کراوە.

٥- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم کەرتە لە (٦) بۆڕیو (٦) سەکۆو (٨) ئاودەست و (٨) تانکی ئاوی لە تۆتیا دروستکراو پێکهاتووە، جێگای تایبەتی هەیە بۆ مردوو شۆردن.

حەوشەکەی لایەکی چەمەنتۆ ڕێژەو لایەکەی تری کراوەتە دارو دەرخت. بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی چاکەو جەماوەرێکی زۆر بۆ نوێژ کردن ڕووی تێدەکەن. ئاوو کارەبای لەمیری‌یەوە وەرگیراوە.

١٩٩٧/٨/١

## سەرچاوەکان


١- سەردانی بەشەکانی مزگەوت، لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن بە:

ا- مامۆستا مەلا عثمان صالح.

ب- مامۆستا مەلا مصطفی محمد مصطفی.
ج- مامۆستا مەلا عزیز حاجی مهدی.

## ١٠٦- مزگەوتی حاجی توفیق



ئەم مزگەوتە کەوتۆتە گەڕەکی سێتاقانی سەروو، پشت نەخۆشخانەی رەسولی ئەهلی. نزیک ڕێگای کۆیە.

ڕووبەرەکەی (١٥٠)م٢.

ئەم مزگەوتە لە ١٩٨١/٦/١٦ دەستی پێ کراو، لەخانووە کرایە مزگەوت.

(حاجی توفیق احمد مصطفی)[1] ئەرکی ئەم گۆڕانکاریەی گرتە ئەستۆ.

مامۆستا مەلا (زبیر مەلا حسن) پێش نوێژی لێ دەکات و لەوە پێش (مەلا عزیز)ی لێ بوو.

**بەشەکانی:**

١- حەرەم: زۆر بەشێوەیەکی ساکار حەرەمێکی بۆ دروست کراوە، پانتایەکەی (٧٠)م٢ دەبێ و لەناو دیوارەکە میحرابێکی بۆ مامۆستا بۆ کراوە مینبەرو مەحفەلی نیە. بەشێوەیەکی ساکار هەندێ پێویستی بۆ دابین کراوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە ژوورێکی (٣×٣)م دروست کراوەو هەندێ پێداویستی لێ دانراوە.

٣- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە لە (٤) بۆڕیو (٤) سەکۆو (٢) دانە ئاودەست و (٢) تانکی ئاوو ئاوی ساردو گەرم پێک هاتووە.

٤- حەوشێکی بچوکی هەیە، سەرانسەر چەتری بۆ کراوە بۆ سێبەری هاوین و بارانی زستان.

---

١- ماڵی حاجی تۆفیق بەتەنیشت مزگەوتەوەیەو ئیش و کاری بریکاری کەل و پەلی خۆراکە (وکیل المواد الغذائیة) لەناو شار.

هەرچەندە مزگەوتێکی بچوکە، بەڵام فەرزەکان خەڵك هاتوچۆی دەکەن. ئاو کارەبای لەمیری‌یەوە وەرگیراوە.

١٩٩٧/٨/٧

## سەرچاوەکان:

١- سەردانی مزگەوت لەنزیکەوە.
٢- چاوپێکەوتن بە (خێزانی حاجی توفیق).

# ١٠٧- مزگەوتی شەهید صباح[1]

ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە گەڕەکی شۆڕش، بەشی خۆرئاوای (ڕێگای شەقلاوە).

لەساڵی (١٩٨١) لەسەر ئەرکی کەس و کاری شەهید (صباح صوفی خدر)[2] دەست بەدروست کردنی کرا.

ڕووبەرەکەی (١٢٠٠)م٢.

ماوەیەکە مامۆستا مەلا (رشید گەردی) کراوەتە ووتارخوێن لەم مزگەوتەو مامۆستا مەلا انور گەردی‌یش پێش نوێژی مزگەوتەکەیە. پێش ئەم زاتەش مامۆستا مەلا عبدالرحمن ماستاوەیی لێبوو. ئێستا لە مزگەوتی (لصدیق)ە لە گەڕەکی کوێستان.

---

١- شەهید صباح لەدایك بووی ساڵی (١٩٥٧) بوو، لە ١٩٨١/٣/١٧ لەجەنگی نێوان عێراق و ئێران، لەناوچەی (الخفاجية) شەهید کرا. بەو بۆنەیەوە ئەم مزگەوتە هاتە دروست کردن.
٢- باوکی شەهید ناوی (حاجی سۆفی خدر قازی)یەو لەدایك بووی ساڵی ١٩١٧یە بەڕەگەز (ڕەوەندە)بەڵام ماوەیەکی زۆر لەگوندی (دووشیوان و کانی‌بزرە) دانیشتووە، بۆ (٣٠) ساڵ زیاتر دەچێ ماڵی لەئیسکانی هەولێرە.

## بەشەکانی:

١- حەرەم: بەئەندازەی (١٠×٢٢)م و شێوەیەکی لاکێشەیی حەرەمێکی پوختەی بۆ دروست کراوە، میحراب و مینبەرو مەحفەلی پوختەی بۆ کراوە، سەرەکەی کۆنکریتەو ناوەکەی کاشیو دیواری بلۆك بەتێرو پڕی پێداویستی بۆ دابین کراوە. بەئەندازەی (٣)م بەرهەیوانێکی سەرانسەری بۆ کراوە.

٢- ژووری پێش نوێـژ: بـۆ ئـەم مەبەسـتە ژوورێکـی (٣×٥)م دروسـت کـراوەو بەشێوەیەکی تێروپڕ پێداویستی بۆ دابین کراوە.

٣- ژووری فـەقێ: بـۆ حەوانـەوەو دانیشـتنی فـەقێ، ژوورێـك دروسـت کـراوەو ئێستاکە (٥) فەقێ تێدا دەژین.

٤- هۆڵی پرسـە: هۆڵێکـی (٦×١٥)م هەیـەو بەشـێوەیەکی جـوان دروسـت کـراوە، تاڕادەیەکی چاك هەموو جۆرە پێداویستی بۆ دابین کراوە.

٥- کەرتی مردووشتن: لەلای دەرگای سەرەکی مزگەوت، جێگایەك بۆ ئەم مەبەستە سازدراوە، پێداویستی مردووشتنی بۆ دابین کراوە.

٦- بەشـی دەسـت نوێـژ: ئـەم بەشـە لـە (١٣) بـۆڕیو (١٣) سـەکۆو (١) ئـامێری ئاوگەرم کردن و (٨) ئاودەست و (١) خۆشۆرو تانکی‌یەکی گـەورەی ئـاو لەسـەربان پێك هاتووە.

٧- حەوشـەکەی: حەوشـەکەی لایـەکی کراوەتـە دارو درەخـت و لایـەکی چەمـەنتۆ ڕێژە، (٣) دانە گۆڕی تێدایە، لەکەس و کاری شەهیدی ناوبراو.

بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی پاك و خاوێن و ڕێك و پێکە جێگایەکی تایبەتی لەناو ئەو گەڕەکە هەیە، ئاوو کارەبای لەمیری‌یەوە وەرگیراوە.

١٩٩٧/٩/٢٠

## سەرچاوەکان:


١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن و گفتوگۆ کردن لەگەڵ:

أ- خودی مامۆستا مەلا رشید گەردی.

ب- سەردانی حاجی صوفی خدر لەماڵەوەی لەگەڕەکی ئیسکان.

# ١٠٨- مزگەوتی شەهید حسین محمود جۆلا[1]



ئـــەم مزگەوتــــە، کەوتۆتـــــە گــــەڕەکی شــەهیدانی بەلاشــاوای سـەر ڕێگــای مـەخموور، بەرامبەر کارگـەی ڕستن و چنین.

ســـەرەتای دروســـت کردنـی دەگەڕێتـەوە بـۆ ساڵی ١٩٨٢.

ئەم مزگەوتە، لەسەر ئەرکی حاجی محمود جۆلا دروست کرا، بەبۆنـەی شـەهید بوونی (حسین)ی کوڕی.

ڕووبەرەکەی (٩٠٠)م٢.

زۆر بەشێوەیەکی ساکار بەبلۆك و چەمەنتۆو کەرەستەی تازە دروست کراوە.

هـەر لەیەکـەم ڕۆژەوە مامۆستا مـەلا (محمـد ابراهیـم محمـد) کرایـە پێـش نوێـژ ووتارخوێن لەساڵی (١٩٩٧)یش مامۆستا مەلا عبداللّەی لێ دانرا.

## بەشەکانی:

١- حـەرەم: بەپانتایی (٧×٢٠) بـەرزی (٣,٥)م حـەرەمێکی سـاکاری بـۆ دروسـت کراوە. میحراب و مینبەر مەحفەلی هەیە، سەرەکەی کۆنکریتەو ناوەکەی چەمەنتۆو دیـــواری کـــەرپووچ، زۆر بەشـــێوەیەکی هاکـــەزایی پێداویســـتی بـــۆ دابـــین کـــراوە بەرهـەیوانێکی کاشـی ڕێـژی هەیـە، لەسـەر دەرگـای حـەرەم ناونیشـانی مزگـەوت بەخەتێکی خۆش نووسراوە.

٢- ژووری پێش نوێـژ: بۆ ئـەم مەبەستە بەئەندازەی (٥×٤)م ژوورێـك دروسـت کراوە، بەشێوەیەکی مام ناوەندی هەندێ پێداویستی بۆ دابین کراوە.

---

١- ئەم زاتە لـەدایك بـووی سـاڵی (١٩٥٥) بـوو، لەجـەنگی نێوان عێراق و ئێران لـەڕۆژی ١٩٨٢/٣/٢٦ شەهید کرا. ئەم مزگەوتە بەخەڵاتی شەهیدانەی ئەو دروست کراو ناوی ئەوەی لێ نرا حاجی محمود خەڵکی گوندی (سێبیرانە) لەپەنجاکانەوە هاتۆتە هەولێر.

٣- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە بەتەنها دروست کراوە، پێك هاتووە لە (٧) بۆری ئاو بۆ دەست نوێژ، (٦) ئاودەست و ئاوی ساردو گەرم.

بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی پوختەیە، دانیشتوانی ئەو دەوروبەرە بەزۆری هاتوچۆی دەکەن. ئاوو کارەبای لەمیرییەوە وەرگیراوە.

١٩٩٧/٥/٥

**سەرچاوەکان:**

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن بەکاك حسن برای شەهید، کارمەندی مزگەوت.

## ١٠٩- مزگەوتی شەهید عبدالواحد محمد شێخە (١)



ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە گەڕەکی (٩٢) نزیك شوقەکان، تەنیشت کۆلێژی پۆلیسی هەرێمی کوردستان.

لەساڵی ١٩٨٢ دەست بەدروست کردنی کرا، لەسەر ئەرکی کەس و کاری شەهیدی ناوبراو.

ڕووبەرەکەی (٧٥٠)م چوارگۆشەیە.

**قۆناغەکانی:**

١- لەسەرەتادا، کە دروست کرا، تاڕادەیەك باش بوو، بەڵام پاش پەرەسەندنی گەڕەکەکەو زیادبوونی دانیشتوانی وای لێ هات جێی خەڵکی لێ نەدەبۆوە.

٢- لەساڵی ١٩٩٦ دانیشتوانی گەڕەك تێکرا بڕیاری دەست کاری کردنی مزگەوتەکەیان دا. بۆ ئەم مەبەستە یارمەتی کۆکرایەوەو دەست بەئیش کردن کراو

---

١- شەهید کوڕی محمد شێخەیە، لەجەنگی نێوان عێراق و ئێران شەهید کرا، بەخەڵاتی شەهیدانەی ئەو زاتە، ئەم مزگەوتە دروست کراو ناوی ئەوی لەسەر نووسرا.

هەندێ دەست کاری مزگەوت کرا، لەوانە:-
أ- فراوان کردنەوەی حەرەم و گۆڕینی شێوازەکەی.
ب- دروست کردنی بەرهەیوانی جوان و بەکەرپوچ نەخشێنراو.
ج- ڕازانەوەی میحراب و مینبەر.
د- دروست کردنی هۆڵێك بۆ پرسە.
مامۆستا مەلا (ابوبکر عزیز)[1] لەسەرەتای دروست کردنییەوە کراوەتە پێش نوێژو وتارخوێن.
مامۆستا مەلا (علی حسین عبدالکریم)[2]یش لە ساڵی ١٩٨٦ وە لەم مزگەوتە ئیمامە.

## بەشەکانی:

١- حەرەم: شێوەی ئەم حەرەمە، لەشێوەی حەرەمەکانیتر ناچێ، لەناوەوە هەندێ خوارو خێچی هەیە، بەهۆی هەڵکەوتنی زەوییەکەوە. میحراب و مینبەرو مەحفەلی پوختەی بۆ کراوە، پانتایەکەی (١٤×٩)م و نزیکەی (٢٥٠) کەس ئەگرێت بۆ نوێژ لێکردن جگە لەمەحفەل و بەرهەیوان، بەشێوییەکی تێروپڕ پێداویستیەکانی دابین کراوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: بەرامبەر بەحەرەم چەند ژوورێك بەریز یەکەوە دروست کراون، یەکێ لەو ژوورانە کراوەتە ژووری پێش نوێژ زۆر بە ساکاری هەندێ کەل و پەل و پێداویستی بۆ دابین کراوە.

٣- هۆڵی پرسە: بۆ ئەم مەبەستە هۆڵێکی (٦×١٥)م دروست کراوە، سەرەکەی کۆنکریتەو دیواری بلۆك و ناوەکەی کاشی. هەندێ ڕایەخی لێ ڕاخراوە کاتی پرسە، خەڵك لێی دادەنیشن. لەوە دواش منداڵانی گەڕەك دەرسی ئایینی لێ دەخوێنن.

٤- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە کەوتۆتە لای خۆرئاوای حەرەم، چەند بۆڕییەکی بێ شێرەی هەیە، لەگەڵ (٤) ئاودەست، جێگایەکی تایبەتی هەیە بۆ مردوو شۆردن بەدەم ئەم بەشەوە، حەوشەکەی سەرانسەر چەمەنتۆ ڕێژ کراوە، دەرگایەکی گەورەی ڕووەو قیبلەی هەیە، ناونیشانی مزگەوتی بەخەتێکی خۆش لەسەر نووسراوە.

---

١ - ئەم زاتە بە مەلا ابوبکر دارەخورما ناسراوە، لەدایك بووی ساڵی (١٩٤٤).
٢ - ئەم زاتە بە مەلا علی گردگراوی ناسراوە، لەدایك بووی ساڵی (١٩٣٧).

بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی ناودارە، دانیشتوانی ئەو دەوروبەرە بەگەرمی هاتوچۆی دەکەن. ناو کارەبای لەمیری‌یەوە وەرگیراوە.


١٩٩٧/٧/١٢.

**سەرچاوەکان**

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن و گفتوگۆ کردن لەگەڵ خودی مامۆستا مەلا ابوبکری دارەخورما.

## ١١٠- مزگەوتی مام اسعد (ابو عبیدە الجراح)[1]



ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە گەڕەکی باداوە، نزیک شەقامی (١٠٠) مەتری لەلایەک و مزگەوتی مەلا ئەفەندی باداوە لەلایەکی ترەوە.

لەساڵی ١٩٨٢ بەکاری هەرەوەزی لەلایەن دانیشتوانی گەڕەک دەست بەدروست کردنی کرا.

زەوی‌یەکەی موڵکی کابرایەک بوو بەناوی (اسعدە کوردە) ماوەیەک بوو لەناو خەڵکدا بڵاوبوو بووە کە مام ئەسعەد مزگەوت دروست دەکات.

سەرجەم پانتایەکەی (٢٥٠)م٢.

لەساڵی ١٩٨٩ وە مامۆستا مەلا (جلال حەمە علی)[2] لێیە بە مامۆستا، لەوەو پێش مەلا (ئەمیری) لێبوو.

**بەشەکانی:**

١- حەرەم: شێوەی لاکێشی هەیە، ئەندازەی (٦×١٠)م بەرزی (٦)م. سەرەکەی کۆنکریتەو ناوەکەی چەمەنتۆ، تەنها لەناو دیوارەکە میحرابێکی بۆ کراوەو بەس.

---

١- لە ڕەسمیات بەمزگەوتی ابو عبیدە الجراح-ناسراوە.

٢- مامۆستا مەلا جلال لەدایک بووی ساڵی (١٩٣٤)ە.

بەمەوادی (٢)م بەرهەیوانێکی بۆ کراوە. بەساکاری هەندێ پێداویستی بۆ دابین کراوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە ژوورێکی (٣×٤)م لەبەرهەیوانی حەرەم دروست کراوە، بەڵام لەوە دەچێ کەل و پەلی زیادەی مزگەوتی لێ دانرابێت.

٣- بەشی دەست نوێژگرتن: بەوێنەی بەشی زۆری مزگەوتەکان، ئەم بەشە سەربەخۆیە، لە (٦) جووت بۆری (خلاط)و (٥) سەکۆی دانیشتن و (٣) ئاودەست پێک هاتووە.

حەوشێکی بچووکی بێ سەروبەری هەیە، ئاوو کارەبای لەمیرییەوە وەرگیراوە.


١٩٩٧/٧/٦

## سەرچاوەکان:

١- سەردانی مزگەوت لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن بەیەکێ لەکارمەندانی مزگەوت.

# ١١١- مزگەوتی شەهید حسن[1] (ملازم حسن)



ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە گەڕەکی سێتاقانی سەروو، نزیک نەخۆشخانەی رزگاری.

لەساڵی١٩٨٢ کەس و کاری شەهیدی ناوبراو (حسن اسماعیل عثمان) بەدروست کردنی هەستان سەبارەت بەشەهید بوونی ناوبراو لەجەنگی عێراق و ئێران.

ڕووبەرەکەی (٢٥٦)م چوارگۆشەیە.

مامۆستا مەلا (انور حاجی محمد) لەم مزگەوتە دانراوە بۆ ووتار خوێندنەوە.

مامۆستا مەلا (کریم صالح کریم)یش بۆ پێش نوێژی.

پێش ئەم بەڕێزانەش مامۆستای خوالێخۆشبوو مەلا محمدی[1] لێ بوو.

---

١- شەهید پلەی ئەفسەری هەبوو، لەجەنگی نێوان عێراق و ئێران شەهید کرا بەڕەگەز خەڵکی گوندی (زەنگەنان)ی سەر بەناحیەی بەردەڕەش بوو (دەفەری بادینان).

بەشەکانی:

١- حەرەم: بەئەندازەی (٨×١٦)م بەرزی (٦)م دروست کراوە، سەرەکەی کۆنکریتەو ناوەکەی چەمەنتۆیەو میحراب و مینبەرو مەحفەلی بەتێرو پڕی بۆ دروست کراوە بەشێوەیەکی چاك کەل و پەل و پێداویستی لەهەموو ڕوویەکەوە دابین کراوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە بەئەندازەی (٣×٤)م لەبەرامبەر حەرەم ژووری پێش نوێژی دروست کراوە، پێداویستی بۆ دابین کراوە.

٣- ژووری فەقێ: لەسەربانی ژوری پێش نوێژ ژوورێکی گەورە لەچەشنی هۆڵ دروست کراوە بۆ فەقێیەکان.

٤- کەرتی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە لە (٤) بەلوعەو (٣) ئاودەست و (٢) تانکی ئاوی گەورە پێك هاتووە.

بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی ڕێك پێکە، دانیشتوانی ئەو دەوروبەرە سوودییان لێ وەرگرتووە. ئاوو کارەبای لەمیری‌یەوە وەرگیراوە.

١٩٩٧/٨/٧

سەرچاوەکان:

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن و بەگفتوگۆ کردن لەگەڵ:

أ- مامۆستا مەلا کریم صالح مەلای مزگەوت.

ب- حاجی سمایل- خزمی نزیکی شەهید ملازم حسن.

## ١١٢- مزگەوتی شەهید اسماعیل[٢]

ئەم مزگەوتە، کەتۆتە گەڕەکی سێتاقانی سەروو، بەرامبەر بەدیواری لای خۆرئاوای نەخۆشخانەی ڕزگاری.


لەساڵی ١٩٨٢ کەس و کاری شەهیدی ناوبراو بەدروست کردنی هەستان.

ڕووبەرەکەی (١٨٦)م[١] چوارگۆشەیە.

---

١- مەلا محمد لەساڵی ١٩٩٦ کۆچی دوایی کرد.

٢- ناوی تەواوی شەهید (اسماعیل صابر حمد)ە لەجەنگی نێوان عێراق و ئێران لەڕۆژی ١٩٨١/١١/٤ شەهید کرا، کەس و کاری بەشەهیدانەکەی ئەم مزگەوتەیان دروست کردو ناوی ئەوییان لێنا.



ماموٚستا مەلا (سلام عزیز حمید) نزیکەی (٢) ساڵە هاتوٚتە ئەم مزگەوتە، لەوەو پێش مەلا (ابراهیم)ی[2] لێ بوو.

**بەشەکانی:**

١- حەرەم: بەپانتایی (٧٠)م٢ حەرەمێکی بەکەرپوچ بوٚ دروست کراوە، سەرەکەی کوٚنکریتەو ناوەکەی چەمەنتوٚ. میحرابی هەیە، مینبەرێکی لەئاسن دروست کراوی هەیە، بەپانتایی (٢)م بەرهەیوانی بوٚ کراوە، تاڕادەیەکی مام ناوەندی پێداویستی بوٚ دابین کراوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: بوٚ ئەم مەبەستە ژوورێك بەئەندازەی (٣×٥)م دروست کراوە و سەرەکەی کوٚنکریتەو ناوەکەی چەمەنتوٚیە، تاڕادەیەك پێداویستی بوٚ دابین کراوە.

٣- ژووری فەقێ: لەچەشنی ژووری پێش نوێژ ژوورێکی تر دروست کراوە، هەندێ فەقێی تێدا حەواونەتەوە. ئەویش تاڕادەیەك هەندێ پێداویستی بوٚ دابین کراوە.

٤- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە لە (٥) بەلوعەی ئاوو (٦) سەکوٚی دانیشتن و (٣) ئاودەست پێك هاتووە.

بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکە لەمزگەوتە مام ناوەندیەکان، ئاوو کارەبای لەمیری‌یەوە وەرگیراوە.

١٩٩٧/٨/٥

**سەرچاوەکان**

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.


٢- چاوپێکەوتن و گفتوگوٚ کردن لەگەڵ خودی ماموٚستا مەلا سلام.

---

١- لەبەر دەرگای مزگەوت، پارچە زەویەکی (متروکە) هەبوو، بەئەندازەی (١٠٠)م٢ ئەوانیش هەستا ن چوار دەوریان کرد بە شورەو دایانە دەم پانتایی مزگەوت لەلای خوٚرهەڵاتی حەرەم، بەمە بوو بە ٢٨٦م٢.

٢- ماموٚستا مەلا ابراهیم خوٚی گواستەوە بوٚ مزگەوتی حاجی خالد.

# ١١٣- مزگەوتی شێخ محی‌الدین شێخ صالح بەرزنجی



ئـەم مزگەوتـــە، کەوتۆتـە سەرشـەقامی سـەرەکی گـەڕەکی برایەتی شەقامی نێوان کارگـەی مـافورو سەمونخانەی ساوا. لەساڵی ١٩٨٢ لەسەر بڕیاری شێخ محی‌الدین دەسـت بەدروسـت کردنی کرا.

رووبەرەکەی ئێستاکە (٨٠٠)م٢. پاش دوو جار زیاد کردنی هەر جاری (٢٠٠)م٢.

واتە لەسەرەتادا (٤٠٠) م٢ بوو.

**قۆناغەکانی:**

ئەم مزگەوتە بە(٣) قۆناغ دا تێپەڕیوە.

ا- قۆناغی یەکەم لەساڵی ١٩٨٢ کاتێ بۆ یەکەم جار دروست کرا.

ب- قۆناغی دووەم لەساڵی ١٩٨٣ پارچە زەوییێکیان کڕیو دایانە دەم پانتایی مزگەوت.

ج- قۆناغی سێیەم لەساڵی ١٩٩٥ بۆ جاری دووەم پارچە زەوییەکی تریان کڕی پانتایی (٢٠٠)م٢ بوو، دایانە دەم پانتایی گشتی مزگەوتەکە.

بەڕێزان مامۆستا مەلا (صادق ابراهیم عبداللە)و (مەلا بهاءالدین مەلا احمد) لەم مزگەوتە بەرپرسن.

مامۆستا مەلا صادق خەتێ لەساڵی ١٩٩٠ وە لەم مزگەوتەیە.

**بەشەکانی:**

١- حەرەم: بەئەندازەی (٢٠×٢٠) حەرەمێکی چوارگۆشەی بۆ دروست کراوە، سەرەکەی کۆنکریتەو ناوەکەی چەمەنتۆیە. بەشێوەیەکی جوان میحراب و مینبەرو مەحفەلی بۆ کراوە، بەڵام خاوەن (٢) میحراب و (٢) مینبەرە، ئەمەش هۆیەکەی

دەگەڕێنەوە بۆ بچوکی حەرەم کاتی خۆی‌و فراوان کردنەوەی ئێستاکەی، بەتێروپڕی کەل و پەل و پێداویستی بۆ دابین کراوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە بەئەندازەی (٤×٥)م ژوورێـك دروست کراوەو تاڕادەیەکی چاك پێداویستی لەهەموو ڕوویەکەوە دابین کراوە.

٣- هۆڵی پرسە: بۆ ئەم مەبەستە هۆڵێکی گەورەی بۆ دروست کراوە، زۆر بەچاکی کەل و پەل و پێداویستی بۆ دابین کراوە.

٤- لەسەربان (٢) ژوور هەن، بۆ فەقێ، ئەو دوو ژوورەش لەسەر هەمان شێوە، پێداویستیان چارەسەر کراوە.

٥- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە بریتی‌یە لە (٥) بەلوعەو (٥) سەکۆی قەنجی دانیشتن و (٦) ئاودەست و (١) سەرشۆرگەو، هەروەها بۆ مردوو شتن بەشێکی تایبەتی خۆی هەیە، کەل و پەلی پێداویستی لێ دابین کراوە، حەوشەکەی سەرتاسەر چەمەنتۆ ڕێژەو، چەند بنەدارێکی لێیە، سەرچاوەی ئاوو کارەبای لەسەرچاوەکانی میری‌یەوە وەرگیراوە.

بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی پاك و خاوێن و ئاودارە لەسەر دەرگای حەوشە بەخەتێکی عەرەبی نووسراوە:

(جامع الشيخ محي الدين الشيخ صالح البرزنجي ١٤٠١-١٩٨٢).

١٩٩٧/٨/٣٠

**سەرچاوەکان:**

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن و گفتوگۆ کردن لەگەڵ خودی مامۆستا مەلا صادق پێش نوێژی مزگەوت.

## ١١٤- مزگەوتی (عمر بن الخطاب)

ئەم مزگەوتە کەوتۆتە گەڕەکی ڕاپەڕین، کۆڵانەکان بەرامبەر نەخۆشخانەی منداڵان، سەر ڕێگای شەقڵاوە.

بەڕێوەبەرایەتی ئەوقاف بڕیاری دروست کردنی لە ساڵی ١٩٨٢ دا دەرکردو پێی هەستا.

ڕووبەرەکەی (٣٠٠٠)م٢.

بەشی نۆری دیوای بلۆك و چەمەنتۆیە.

ئەگەڕێنەوە بۆ بچوکی حەرەم کاتی خۆی و فراوان کردنەوەی ئێستاکەی، بەتێروپڕی کەل و پەل و پێداویستی بۆ دابین کراوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە بەئەندازەی (٤×٥)م ژوورێک دروست کراوەو تاڕادەیەکی چاك پێداویستی لەهەموو ڕوویەکەوە دابین کراوە.

٣- هۆڵی پرسە: بۆ ئەم مەبەستە هۆڵێکی گەورەی بۆ دروست کراوە، زۆر بەچاکی کەل و پەل و پێداویستی بۆ دابین کراوە.

٤- لەسەربان (٢) ژوور هەن، بۆ فەقێ، ئەو دوو ژوورەش لەسەر هەمان شێوە، پێداویستیان چارەسەر کراوە.

٥- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە بریتی‌یە لە (٥) بەلوعەو (٥) سەکۆی قەنجی دانیشتن و (٦) ئاودەست و (١) سەرشۆرگەو، هەروەها بۆ مردوو شتن بەشێکی تایبەتی خۆی هەیە، کەل و پەلی پێداویستی لێ دابین کراوە، حەوشەکەی سەرتاسەر چەمەنتۆ ڕێژەو، چەند بنەدارێکی لێیە، سەرچاوەی ئاوو کارەبای لەسەرچاوەکانی میری‌یەوە وەرگیراوە.

بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی پاك و خاوێن و ئاوەدارە لەسەر دەرگای حەوشە بەخەتێکی عەرەبی نووسراوە:

(جامع الشيخ محي الدين الشيخ صالح البرزنجي ١٤٠١-١٩٨٢).

١٩٩٧/٨/٣٠


**سەرچاوەکان:**

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن و گفتوگۆ کردن لەگەڵ خودی مامۆستا مەلا صادق پێش نوێژی مزگەوت.


## ١١٤- مزگەوتی (عمر بن الخطاب)

ئەم مزگەوتە کەوتۆتە گەڕەکی ڕاپەڕین، کۆڵانەکان بەرامبەر نەخۆشخانەی منداڵان، سەر ڕێگای شەقڵاوە.

بەڕێوەبەرایەتی ئەوقاف بڕیاری دروست کردنی لە ساڵی ١٩٨٢ دا دەرکردو پێی هەستا.

ڕووبەرەکەی (٣٠٠٠)م٢.

بەشی زۆری دیوای بلۆك و چەمەنتۆیە.



ماموّستا مـەلا (عبداللـە محمـد عبداللـە) نەقشبەندی پێش نوێژەو ماموّستا مەلا شێخ فتـاح نەقشـبەندی ووتارخوێنـە، ئـەم زاتـە لەساڵی ١٩٩٢و هاتۆتە ئەم مزگەوتە.

پێـش ئـەم زاتـەش ماموّسـتا مـەلا (عبدالرحمن گەناوی)ی[1] لێبوو.

لەهەمان کات دا قوتابخانەی (الشافعی) لەم مزگەوتەیەو کۆمەڵێك قوتـابی ئـاینی گرتۆتـە خۆی بۆ فێرکردنی زانستە ئاینییەکان.

## بەشەکانی:

١- حـــەرەم: بەئـــەندازەی (١٢×٢٠)م و بەرزی (٥)م دامەزراوە. سـەرەکەی کۆنکریتەو ناوەکـــەی چەمـــەنتۆ میحرابـــی چـــاك و مینبەرێکی لەدار دروست کراوی هەیە، مەحفەلێکی مام ناوەندی بۆ دروست کراوە، تاڕادەیـەك پێداویسـتیـیەکانی دابـین کـراوە، بەئـەندازەی (٢,٥)م بەرهـەیوانێکی سەرانسەری هەیە.

٢- ژووری پێش نوێژ: لەکاتی سەرەتادا، ژوورێکی پوختە بۆ پێش نوێژ لـەلای خۆرئـاوای حـەرەم دروسـت کـراوە بـەڵام پـاش کردنـەوەی قوتابخانـەی ئـاینی لـەم مزگەوتـە ئـەو ژوورە کراوەتـە ژووری بەڕێوەبـەری قوتابخانەکـەو بـۆ پێـش نوێـژی مزگەوت ژوورێکی تری بچوك لەبەرهەیوانی حەرەم دروست کراو تاکو ئێستاکە هەر بە بەتالی ماوەتەوە.

٣- هۆڵی پرسە: بۆ ئەم جۆرە بۆنانە هۆڵێکی (١٢×١٥)م دروست کراوە سـەرەکەی کۆنکریتـەو ناوەکـەی چەمەنتۆیـە، تاڕادەیـەکی چـاك پێداویسـتیەکانی لەهـەموو ڕوویەکەوە دابین کراوە.

٤- منارەکەی: لەسـەربانی حـەرەم بەکـەڕپوچ منارەیـەکی جوانـی بازنـەیی هەیـە، بەرزی (١٠)م دەبێ‌و ناوقەدی (١,٥)م بڵندگۆیەکانی لێ بەستراوە.

---

١- ئەم زاتە لەڕۆژی ١٩٩٤/١٢/٦ شەهید کرا بەدەست چەند کەسێکی نەناسراوو هەر لەناو حەوشەی مزگەوت بەخاك سپاردرا.

٥- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە لە (٦) بەلوعەو (٦) ئاودەست و (٦) سەکۆو (١) خۆشۆر پێك هاتووە تاڕادەیەك بەشێکی سەربەخۆیە.

٦- حەوشەکەی: حەوشێکی زۆر خۆشی هەیە، چەندین بنەداری لێیە لایەکی کراوەتە باخچەی گوڵ و گوڵزار، لایەکی تری بۆ نوێژ کردنی هاوینە ساز دراوە.

بەشێوەیکی گشتی مزگەوتێکی زۆر پاك و خاوێنە، دانیشتوانی دەوروبەری بەزۆری هاتوچۆی دەکەن.

سەرچاوەی ئاوو کارەبای لەسەرچاوە گشتی یەکانی میری یەوە وەرگیراوە.

لەسەردەرگای حەوشەکەی بە خەتێکی جوان نووسراوە.

(جامع عمر بن الخطاب- تأسس سنة ١٩٨٢).

١٩٩٧/٩/٩

**سەرچاوەکان:**

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەتن بە:

ا- مامۆستا مەلا لطیف لە مزگەوت.

ب- مامۆستا مەلا شێخ فتاح لەماڵی خۆی.

## ١١٥- مزگەوتی شەهید ابراهیم اسماعیل[١]

ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە گەڕەکی ڕاپەڕین - حي الشرطة، نزیك شەقامی (١٠٠) مەتری بەشی لای خۆرهەڵاتی شار.

کەس و کاری شەهیدی ناوبراو لەساڵی ١٩٨٢ دەستیان بەدروست کردنی کرد.

ڕووبەرەکەی (٩٨٠) مەتری چوارگۆشەیە.

زۆر بەشێوەیەکی ساکار لەبلۆك و چەمەنتۆ دروست کراوە، ماوەیەکە مامۆستا مەلا محمد مەلا قادری وەرتیی لێیە بەپێش نوێژو وتارخوێن، لەوەپێش مامۆستا مەلا عبدالجباری لێبوو.

---

١- شەهید (ابراهیم اسماعیل حسن)ە لەجەنگی نێوان عێراق و ئێران دا لەڕۆژی ١٩٨١/٣/١٦ شەهید کرا، کەس و کاری بەشەهیدانەی ئەم زاتە مزگەوتەکەیان دروست کردو ناوی ئەوییان لێنا.



## بەشەکانی

١- حەرەم: لەوە دەچێ کە حەرەمەکەی، گەورە کرابێتەوە لەسەردەمی مامۆستا مەلا عبدالجبباردا دەستکاریەکی کراو فراوان کراوەتەوە. ئێستاکە بۆتە (١٢×٢٠)م پاش ئەوەی (٧×٢٠)م بوو سەرەکەی کۆنکریتەو ناوەکەی چەمەنتۆ. میحراب و مینبەری بۆ کراوە، بەڵام بەبێ مەحفەلە. بەرهەیوانێکی (٣)م بۆ کراوە تاڕادەیەکی مام ناوەندی پێداویستی‌یەکانی دابین کراوە. لەم مزگەوتە چەند قوتابییەك هەن لەشێوەی (فەقێ) لەلای مەلا محمدی مەلا قادر وەرتی دەخوێنن.

٢- منارەکەی: مناریەکی بازنەی لەئاسن بۆ دروست کراوە ناوقەدی (٢)م دەبێ و بەرزی (٨)م لەگۆشەی لای خۆرئاوای حەرەم بەچەمەنتۆ لە زەوی قایم کراوە.

٣- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە ژوورێك بەپوختەی دروست کراوە، بەڵام ماوەیەکە کراوەتە ژووری فەقێ. تاڕادەیەك پێداویستی ئەم ژوورە دابین کراوە.

٤- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە بریتی‌یە لە (٤) بەلوعەی دەست نوێژ گرتن و (٣) ئاودەست و جێگایێکی سەر بەخۆ. حەوشەکەی سەرتاسەر چەمەنتۆو ڕێژ، دەرگایەکی بچوکی هەیە ئاوو کارەبای لەمیریوە وەرگیراوە.

١٩٩٧/٩/١٢

## سەرچاوەکان:

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی.
٢- چاوپێکەوتن بە فەقێیەکان لەوانەو فەقێ فائق.

# ١١٦- مزگەوتی حاجی طه سلیمان ناوخۆش



ئەم مزگەوتە کەوتۆتە گەڕەکی سورچییان، نزیکە مزگەوتی حاجی هاشم عەتار.

حاجی طە پێش مردنی، داوای لەمنداڵەکانی کرد، کە ئەو زەوییە بکەنە مزگەوت.

ڕووبەرەکەی (٣٠٠)م٢.

پاش کۆچ کردنی حاجی طه، ئەوا حاجی قادری برای و برازاکانی، (کوڕەکانی حاجی طه) له ساڵی ١٩٨٢ هەستان بەدروست کردنی.

خەڵکی خێرخوازو دانیشتوانی گەڕەکەکەش دەستی خۆیان گەیاندیو یارمەتیان دا.

مامۆستا مەلا (خالد رسول نەبی) ماوەیەکە لەم مزگەوتەیەو لەوە پێش مامۆستا مەلا (اسماعیل حاجی محمود عبداللە)ی[1] لێبوو.

**بەشەکانی:**

١- حەرەم: بەئەندازەی (٨×١٥)م حەرەمێکی لەکەرپوچ بۆ دروست کراوە سەرەکەی کۆنکریتەو ناوەکەی کاشی تەنها میحرابێکی لەناو دیوار هەیە، بەبێ مەحفەل و مینبەرە. بەرهەیوانەکەی (٢)م بەرین دەبێ بەشێوەیەکی مام ناوەندی هەندێ پێداویستی بۆ دابین کراوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: ئەم ژوورە زیاتر لەدیوەخانی کوردەواری خۆمان دەکات نەک ژووری مزگەوت. بەڕەو لاکێش و سەرینی کوردەواری خڕو دەلاقەو شتی لەم جۆرەی تێدا بەدی دەکرێت. هەندێ پێویستی تری جۆراوجۆری بۆ دابین کراوە.

---

١- ئەم زاتە لەسەر داواکاری خۆی نەقلی گوندی (سەرکەول) کراو لە پاش ماوەیەک لەوێ کۆچی دوایی کرد.

٣- بەشی دەست نوێژ: ئەم بەشە بریتی‌یە لە (٧) بۆڕیو (٥) ناو دەست و (١) ئامێری ئاو گەرم کردن.

حەوشەکەی بنەدار گوێزێکی گەورەی تێدایەو سەرتاسەر چەمەنتۆ کراوە.

ئاوو کارەبای لەمیری‌یەوە وەرگیراوە، هەر چەندە مزگەوتێکی بچوکە بەڵام دانیشتوانی دەورو پشتی پێ‌ی حەساونەتەوە.

١٩٩٧/٩/١


**سەرچاوەکان:**

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن و گفتوگۆ کردن لەگەڵ هەندێ پیاو ماقوڵی گەڕەک لەوانەی هاتوچۆی مزگەوتەکە دەکەن و شارەزاییان لەبەرایی‌یەکانی‌یەوە هەیە.

# ١١٧- مزگەوتی (شهیدین)

## گەڕەکی نەورۆز



ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە گەڕەکی نەورۆز، سەرشەقامی سەرەکی ئەم گەڕەکە.

سەرەتای دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٨٣.

کەس و کاری ئەم دوو شەهیدە یەکیان گرت و دەستیان بەدروست کردنی کرد.

أ- شەهید سلام حامد احمد[1].

ب- شەهید جوهر خدر تەمرخان[1].

١- ئەم زاتە لەدایک بووی ساڵی ١٩٥٧ بوو، لەجەنگی نێوان عێراق و ئێران لەڕۆژی ١٩٨٢/٤/٣٠ شەهید کرا.

لەوە دەچێ ئەم دوو شەهیدە بەیەکەوە لەیەک شوێن سەرباز بووبن و، بەیەک هۆکار شەهید کرابن.

ڕووبەرەکەی (١٢٠٠)م٢.

لەسەرەتاوە مامۆستا مەلا (عبداللّه گردعازەبانی) بە پێش نوێـژو ووتـارخوێن لێ دانرا، ماوەیەکە ئەو زاتە لێرە نەماوەو مامۆستا مەلا (ناصح قولی بەگی)یان هێناوە.

## بەشەکانی:

١- حەرەم: شێوەکەی لەشێوەی حەرەمی زۆربەی مزگەوتەکانی‌دی دەچێ لەسەر شێوەی لاکێشـەیی دروسـت کـراوە، پانتـایی خـۆی لـە (١٠×٢٠)م دەدا، میحـراب و مینبەرو مەحفەلی بۆ کراوە، بەجوانی بەرهەیوانەکـەی کراوتـە جامخانـە بـۆ نوێـژ لێ کردن. تاڕادەیەك پێداویستی‌یەکانی بەچاکی دابین کراوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە لەلای خۆرئاوای حەرەم ژوورێك دروست کراوە، چەند پارچە ڕایەخ و گلۆپ و سۆبەو شتی لەم جۆرەی لێ دانراوە.

٣- هۆڵی پرسە: بۆ پرسە گرتن، هۆڵێکی مام ناوەندی دروست کراوەو تاڕادەیەك پێداویستی ئەم هۆڵە دابین کراوە، ڕۆژانی هەینی نوێژی لێ دەکرێت.

بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی پاك و خاوێن و ڕێك و پێکـە، دانیشـتوانی ئەم گەڕەکە زۆر بەگەرمی هاتوچۆی دەکەن بەتایبەتی کاتی نوێژی هەینی‌و جەژنەکان.

بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە لە (٥) ئاودەست و (١) خۆشۆرو (٤) بۆڕی پێك هاتووە کەوتۆتە لای خۆرهەڵاتی حەرەم.

ئاوو کارەبای لە سەرچاوەکانی میرییەوە وەرگیراوە.

١٩٩٧/٥/١


## سەرچاوەکان

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.
٢- چاوپێکەوتن بە بەڕێز مامۆستا مەلا ناصح قولی بەگی.
٣- کەس و کاری هەردو شەهید لە گەڕەکی (٩٢).

---

١- ئەم زاتەش بەهەمان شێوە شەهید کرا،و لەهەمان ڕێکەوت و لەدایك بووی ساڵی ١٩٥٧ بوو.

# ١١٨- مزگەوتی شەهید محمد عزیز[١]



ئـەم مزگەوتـــە، کەوتۆتـــە گـــەڕەکی کوردســـتان، نزیـــک گەڕەکی نەورۆز. لەســـاڵی ١٩٨٢ دەســـت بەدروســـت کردنی کـراو لـە سـاڵی ١٩٨٣[٢] تـــەواو بـــوو ئەرکی دروسـت کردنـی کەوتە سەرشانی کەس و کاری شەهیدی ناوبراو.

ڕووبەرەکەی (٦٠٣)م٢.

مامۆستا مەلا (عبداللە رحمان عبدالقادر گردعازەبانی)، لەیەکەم ڕۆژەوە کراوتە پێش نوێژو ووتار خوێن. شان بەشان مەلا عبداللە، مەلایەکی تری هەیە، بەناوی مامۆستا مەلا (نوری صالح مولود)[٣].

**بەشەکانی:**

١- حەرەم: لەسەر هەمان شێوەی حەرەمەکانی تری مزگەوتەکان دروست کراوە، دیواری بلۆک، سەرەکەی کۆنکریت، ناوەکەی کاشی، میحراب و مینبەرو مەحفەڵ هەیە، زۆر بەتێرو پڕی هەموو جۆرە پێداویستییەکی بۆ دابین کراوە. بەرهەیوانێکی قەشەنگی بۆ کراوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە لەسەربانی بەرهەیوانی حەرەم ژوورێک دروست کراوە بەپێپلکە بۆی بەسەر ئەکەون بەشێوەیەکی چاک پێداویستییەکانی دابین کراوە.

٣- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە بریتییە لەجێگایەکی تایبەت و سەر بەخۆ

---

١- ناوی تەواوی شەهید (محمد عزیز مولود احمد)ە لەجەنگی نێوان عێراق و ئێران شەهید کرا.

٢- لەڕۆژی ١٩٨٣/٥/٢٥ ئاهەنگی کردنەوەی مزگەوت گێڕدرا.

٣- مامۆستا دەرچووی کۆلێژی شەریعەیەو خزمی نزیکی شەهیدە.

لە (١٠) بەلوعەی ئاوو (٥) ئاودەست و ئاوی ساردو گەرم پێك هاتووە.

حەوشەکەی چەمەنتۆیەو، جێگای تایبەتی هەیە بۆ مردوو شتن بەشێوەیەکی گشتی.

مزگەوتێکی پاك و خاوێن و ڕێك و پێکە، دانیشتوانی گەڕەك زۆر بەگەرمی هاتوچۆی دەکەن. کاتی پرسە، هەر لەناو حەرەم دادەنیشن. ئاوو کارەبای لەمیرییەوە وەرگیراوە.


١٩٩٧/٤/٣

**سەرچاوەکان:**

١- سەردانی مزگەوت وبەشەکانی (٢) جار.

٢ - چاوپێکەوتن بەخودی مامۆستا مەلا عبداللە پێش نوێژو وتارخوێنی مزگەوت.

## ١١٩- مزگەوتی (النعیمی)



ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە گەڕەکی شەهیدانی کوران، بەرامبەر کارگەی ڕستن و چنین، نزیك مزگەوتی شەهید حسێن محمود جزلا.

سەرەتای دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ ١٩٨٣/١١/٨.

کاتی خۆی سەید حسێن نعیمی بەدروست کردنی هەستا، ماوەیەکە ئەم زاتە لەشاری موسڵ دادەنیشێت.

ڕووبەرەکەی (٨٠٠) م٢.

لەم مزگەوتەدا ئەم دوو زاتە پێش نوێژی دەکەن:

ا- مامۆستا مەلا عمر علی.

ب- مامۆستا مەلا حسن حسێن حەوێز، کە ناسراوە بەمەلا حسنی چەغەمیرە.

**بەشەکانی:**

١- حەرەم: زۆر بەشێوەیەکی جوان و ڕێک و پێک حەرەمەکەی بەئەندازەی (٨×١٦)م دورست کراوە، میحرابی هەیە، بەڵام بەبێ مینبەرو مەحفەلە، کەل و پەل و پێداویستی بۆ دابین کراوە بەئەندازەی (٢)م بەرهەیوانێکی باریك و درێژی هەیە.

٢- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە، بەشێکی سەربەخۆیە، لە (٤) بۆری‌و (٥) ئاودەست و جێگایەکی پوختە پێك هاتووە.

حەوشەکەی سەرانسەر چەمەنتۆ کراوە، بەشێکی هەر لەکۆنەوە بۆ دروست کردنی بەشە پێویستیەکانی تری مزگەوت تەرخان کراوە، وەکو هۆڵی پرسەو ژووری پێش نوێژ. دەرگایەکی گەورەی لەئاسن دروست کراوی هەیە. سەرچاوەی ئاوو کارەبای لەسەرچاوەکانی میری‌یەوە وەرگیراوە.

بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی پوختەیە، بەزۆری فەرزەکانی بەکۆمەڵ لێ دەکرێت.


١٩٩٧/٦/٧

**سەرچاوەکانی:**

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە

٢- چاوپێکەوتن بەخودی مامۆستا مەلا حسن چەغەمیرەیی پێش نوێژی مزگەوت.

# ١٢٠- مزگەوتی گەڕەکی نەسیج



ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە ناوەڕاستی گەڕەکی کۆمپانیای گشتی ڕستن و چنین، نزیك ڕێگای مەخمور.

سەرەتای دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٨٣.

ئەم مزگەوتە لەسەر ئەرکی ئەوقاف دەست بەدروست کردنی کرا.

پانتاییەکەی (١٠٠٠)م٢.
زۆر بەشێوەیەکی ساکار لەبەردو چەمەنتۆ دروست کراوە.
مامۆستایانی ئەم مزگەوتە:
١- مامۆستا مەلا شمال کمال ووتارخوێن.
٢- مامۆستا مەلا قادر مصطفی خدر پێش نوێژو ووتارخوێن.
لەپێش ئەم دوو مامۆستایەی لێ بوون.
١- مامۆستا مەلا رسول عەلیاوەیی[1].
٢- مامۆستا مەلا طارق حاجی سلیمان[2].
هەروەها مامۆستا عبداللە حسین قادریش، قورئان خوێنەو بانگدەرە لەم مزگەوتە.

## بەشەکانی:

١- حەرەم: بەئەندازەی (١٠×٢٠)م بەرزی (٣,٥)م حەرەمێکی لاکێشەیی بۆ دروست کراوە. بەشی زۆری دیوارەکەی بەردی سپی‌یەو سەرەکەی کۆنکریتەو شتایگەر کراوە. میحراب و مینبەرێکی لەدار دروست کراوی هەیە بەبێ مەحفەلە. بەمەودای (٢,٥)م بەرهەیوانی بۆ کراوە. تاڕادەیەکی مام ناوەندی کەل و پەل و پێداویستی بۆ دابین کراوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: دوو ژوور دروست کراون بەئەندازەی (٣,٥×٥)م یەکێ بۆ مامۆستاو ئەویتر بۆ بانگدەر. تاڕادەیەك پێداویستی ئەم دوو ژوورە لەهەموو بارێکەو دابین کراوە.

٣- شوێنی دەست نوێژگرتن: بەئەندازەی (٣×١٠)م جێگایەکی تایبەتی دروست کراوە لە (٦) بۆڕیو (٥) ئاودەست و سەرشۆرێکی گەورە پێك هاتووە. ئەم مزگەوتە خاوەن بیری ئاوی تایبەتی خۆیەتی، کارەبای لەمیری‌یەوە وەرگرتووە.

بەشێوەیکی گشتی مزگەوتێکی پوختەیە، دانیشتوانی ئەو گەڕەکە سوودیان لێ وەرگرتووە، ئەم مزگەوتە خاوەن ڕیزە دوکانێکە لە (١٢) دوکان پێك هاتووە.

١٩٩٧/٨/١٧

---


١- ئەم زاتە لەم ساڵانەی دوایدا کۆچی دوایی کرد.
٢- ئەم زاتە خۆی گواستەوە بۆ مزگەوتی حاجی مەلا داود لەناو بازاڕ. (مزگەوتی گەورەی ناوبازاڕ)

**سەرچاوەكان:**

١- سەردانی مزگەوت و بەشەكانی لەنزیكەوە

٢- چاوپێكەوتن بەمامۆستا مەلا عبداللەی بانگدەر

## ١٢١- مزگەوتی حاجی یحیی



ئـــەم مزگەوتـــە، كەوتۆتـــە گـــەڕەكی مـــهاباد، نێـــوان چاپخانـــەی زانكـــۆو شەقامی (١٠٠) مەتری.

ســـەرەتای دروســـت كردنـــی ئـــەم مزگەوتـــە دەگەڕێتـــەوە بـــۆ ڕۆژی (١٩٨٣/٤/١٢).

سەرجەم پانتاییەكەی (١٢٠٠)م٢.

كـاتی خـۆی خوالێخۆشبوو حـاجی (یحیـی حـاجی قاسم) لەسـەر ئـەركی خـۆی دروستی كرد، بەڵام زۆر بەداخەوە، پاش ماوەیەكی كەم لەدەست پێ كردنی ئەم زاتە لـەڕۆژی ١٩٨٣/٥/١٧ كۆچـی دوای كـرد بـەكۆچ كردنـی حـاجی كـاركردن نەوەستا، شـەوو ڕۆژ درایـە دەم یـەك هـەوڵ و تەقـەلا زیـاد كـرا لـەپێناوی تـەواو كردنـی ئـەم پرۆژەیە.

هەر لەسەرەتاوە، مامۆستا مەلا (حمدامین ڕەواندزی) كرایە پێش نوێژ وتارخوێن شان بەشانی ئەم زاتە چەند مامۆستایەكی تری لێیە، لەوانە:

ا- خوالێخۆشبوو (مامۆستا مەلا محمدی ئومر گومت) لە ١٩٩٥ كۆچی دوایی كرد

ب- مامۆستا مەلا سەید حسن سەید طە پێش نوێژی دووەم

ج- مامۆستا مەلا احمد مەلا صابر- قورئان خوێن

د- مامۆستا مەلا سلیمان حمد - بانگدەر

**بەشەكانی:**

١- حـــەرەم: زۆر لەسەر شێوەیەكی جوان و تاكە جۆر دروست كراوە لەوێنەی ئەم

حەرەمە ژمارەیان لەژمارەی پەنجە دەست زیاتر نییە. پانتایەکەی (١٢×٢٠) م بەرزی (٧)م دیوارەکەی کەرپوچەو سەرەکەی کۆنکریت و ناوەکەی کاشی. زۆر بەشێوەیەکی کەم وێنە میحراب و مینبەری جوانی بۆ دروست کراوە. بەتێرو پڕی هەموو جۆرە پێداویستێکی بۆ دابین کراوە:

## بەشەکانی تر

ا- مەحفەل: زۆر بەشێوەیەکی جوان مەحفەلێکی گەورەی بۆ دروست کراوە، کراوەتە (٢) بەش، لایەکی بۆ نوێژکردنی ئافرەتان تەرخان کراوە، لایەکەی دی بۆ پیاو.

ب- گومەتەکەی: لەناوەڕاست حەرەم گومەتێکی بازنەی بۆ کراوە ناو قەدی (٥)م دەبێو بەرزی (١٥)م، (١٩) دانە پەنجەرەی لێ بەستراوە، بەسیرامێکی جوان ڕازاوەتەوە، لەناوەڕاستی سوورەیایەکی گەورەی لێ بەستراوە.

ج- بەرهەیوان: بەرهەیوانێکی زۆر پوختەی بۆ کراوە، نزیکەی مەترێك لەناو حەوشەکە بەرزترە، کاشی ڕێژە، سەرانسەر ڕایەخی نایابی لێ ڕاخراوە بۆ نوێژ کردن. لەڕاستیدا، لێدوان لەم جۆرە حەرەمە، ماوەیەکی زۆری پێویستە بەڵام ئێمە لەبەر نەبوونی توانا، هەرئەوەندە لەسەری ئەنووسین.

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم بەشە ژوورێك دروست کراوە، زیاتر لەهۆڵ دەچێ، هەموو جۆرە پێویستی بەزیادەوە دابین کراوە.

٣- هۆڵی پرسە: بەئەندازەی (٦×٢٠)م هۆڵێکی پوختە بۆ ئەم جۆرە بۆنانە دروست کراوە، بەشێوەیەکی زۆر جوان و تێرو پڕ، هەموو پێداویستی بۆ دابین کراوە.

٤- هۆڵی گۆڕستان: بۆ ناشتنی تەرمی ئەم بنەماڵە، هۆڵێکی گەورە لەلای خۆرهەڵاتی حەرەم دروست کراوەو تەنها گۆڕی خوالێخۆشبوو (حاجی یحیی)ی گرتۆتە خۆی لەم هۆڵە هەموو پێداویستی بەزیادەوە دابین کراوە.

٥- منارەکەی: ئەم مزگەوتە خاوەن دوو منارەی بازنەییە، ناوقەدی هەر یەکێ لەو منارانە (٢)م و بەرزی (٢٥)م. لەناوقەد پشتێنەیان بۆ کراوە، لەناوەوە پێپلکەی پێچاو پێچییان بۆ بەسەرکەوتن بۆ کراوە. بڵندگۆیەکانیان لەناوقەد لێ بەستراوە، زۆر وێنەیەکی جوانیان هەیە، بەتەنیشت یەکەوە کاتێ لەدوورەوە سەیری بکەین.

٦- بەشی مردووشتن: لەتەنیشت هۆڵی گۆڕستان، ژوورێك بۆ شتنی مردوو دروست کراوە، زۆر بەتێرو پڕی پێداویستی مردووشتنی بۆ دابین کراوە.

٧- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە تایبەتە، شێوەیەکی تایبەتی گرتۆتە خۆی، لە (١٢) بۆی (خلاط) و(١٠) سەکۆی بچوک بۆ دانیشتن لەکاتی دەست نوێژ، (٥) دانە ناودەستی پوختەو ئامێری ئاو گەرم کردن و حەوزی ئاوی گەورە پێك هاتووە.

٨- ناو حەوشەکەی: لایەکی کراوەتە چیمەن و دارستان، لایەکەی تری، سەرانسەر کاشی ڕێژە، حەوزێکی جوان لەچەشنی ئافورە لەناوەڕاست حەوشەکە دروست کراوە.

٩- دەرگاکانی: ئەم مزگەوتە دەرگایەکی دوولایی گەورەی ئاسنی هەیە، لەگەڵ (٢) دەرگای بچوک لەم دیوو ئەودیوی دەرگا گەورەکە. شێوەیان زۆر جوانە، لەئاسنی مشەبەك دروست کراون.

بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکە کە لەڕیزی مزگەوتە ناودارەکانی شار سەرژمێر دەکرێت.

هەندێ زانیاری گشتی لەبارەی مزگەوتەکە:

لەم مزگەوتە ئەم بەشانە هەیە:

١- قوتابخانە بۆ خوێندنی فەقێ، چەندین قوتابی هەیەو بەشەوو بەڕۆژ ئەرکیان لەسەر مزگەوتە بە درێژایی کات.

٢- چەندین دووکان و شوقە.

٣- ماشێنی تەزووی کارەبا (مولدە).

٤- ئاوو تەزووی کارەبای میری.


١٩٩٧/٧/٢٦

## سەرچاوەکان:

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن و گفتوگۆ کردن لەگەڵ خودی مامۆستا (مەلا حمدامین ڕەواندوزی) پێش نوێژو وتارخوێنی مزگەوت.

# ١٢٢- مزگەوتی حاجی صدیق شەربەت فرۆش
## ( ڕاستی )



ئـــەم مزگەوتـــە، کەوتۆتە نێوان گـەڕەکی باداوەو گلکـەند، پشت خانووی وەزیرەکان.
سـەرەتای دروسـت کردنـی دەگەڕێتـەوە بـۆ ساڵی ١٩٨٣.
ئـــەرکی دروســـت کردنی کەوتـە ئەسـتۆی حاجی (صدیق علی سعید).
پانتاییەکەی (١٢٠٠)م٢.
کـاتی خـۆی وەسـتا حسـنی بـەنا لەسـەر شـێوەی مزگـەوتی شـێخ مصطفـی نەقشبەندی دایمەزراند، زۆر بەجوانی نەخشـەی بـۆ کێشراو تـەواو کـرا. بەشی زۆری دیواری بلۆك و چەمەنتۆیە.
لەساڵی ١٩٨٦وە مامۆستا مـەلا (عبدالفتـاح عبدالقـادر) کراوەتـە پێـش نوێـژو وتـارخوێن و مـدرس لـەم مزگەوتـە لەبـەر بوونـی دەیـەها (فـەقێ) لـەم مزگەوتـە بەمەبەستی خوێندن.

**بەشەکانی:**

١- حـەرەم: بەئـەندازەی (٢٠×٢٥)م و بـەرزی (٧)م دروسـت کـراوە، کۆنگریتـەو ناوەکـەی کاشـیو دیـواری کـەرپوچ و دینگـەی چەمـەنتۆو میحـراب و مینبەرو مەحفەلی زۆر پوختەی بۆ کراوە، بەشێوەیەکی تێروپڕ هەموو جۆرە پێویستی بۆ دابین کراوە. بەپانی (٥)م و درێژی (٢٠)م بەرهـەیوانی پوختـەی بـۆ دروست کراوە لەسەر دەرگای حەرەم، لەدیوی دەرەوە ئەم دوو دێڕە هەڵبەستە نووسراوە:

مـــاڵی ئاوا ئەو کەسەی ماڵی خوا ئاوا دەکا
عەبدی تۆیە خۆت دەزانی لوتفی تۆ داوا دەکا

٢- ژووری پێش نوێژ: لەسەربانی هۆڵی پرسە، چەند ژوورێك دروست کراون بۆ پێش نوێژو فەقێو کتێبخانە. ژووری پێش نوێژ (٦×٦)م دەبێو بەجۆرێکی جوان و تێروپڕ پێداویستی‌یەکانی دابین کراوە.

٣- هۆڵی پرسە: بۆ ئەم مەبەستە هۆڵێکی (٧×٢٠)م و بەرزی (٣,٥)م دروست کراوە، سەرەکەی کۆنکریتەو ناوەکەی کاشی‌یە، پێداویستیەکانی هۆڵی بۆ دابین کراوە.

٤- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە لە (١١) جووت بۆڕیو (١٠) ئاودەست و (١) سەرشۆر پێك هاتووە. جێگایەکی تایبەتی هەیە بۆ مردو شۆردن.

حەوشێکی گەورەی هەیە، لەگەڵ (٣) دەرگاو پێپیلکە بۆ نهۆمی دووەم.

بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی پوختەو ڕێك و پێکە، ئاوو کارەبای لەمیری‌یەوە وەرگیراوە.

١٩٩٧/٨/٢٠

**سەرچاوەکان:**

١- سەردانی مزگەوت لەنزیکەوە.

٢- سەردان ودیداری کاك عبدالصمد حاجی صدیق، لەدوکانی خۆیان لەبازاڕی گەورە نزیك بانقی (رافدین).

# ١٢٣- مزگەوتی شێخ نصرالدین[1]

ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە گەڕەکی گڵکەند نزیك مزگەوتی حاجی عزیز ابراهیم (الهدی).

تاڕادەیەك ناوبانگی بەتەکیەو مزگەوتی شێخ نصرالدین دەرچووە.

سەرەتای دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٨٣.

شێخ نصرالدین شێخ بابە علی شێخ مصطفی ئەرکی دروست کردنی گرتە ئەستۆ، هەرچەندە دەیەها کەسی خێرخواز یارمەتیان دا.

ڕووبەرەکەی (٥٢٥)م٢.

دروست کـــردنی بـــە دوو قۆناغ دا تێپەڕی، جاری یەکەم بەشی لای خۆرهەڵات و

---

١- ئەم زاتە بەرەگەز لەسەیدەکانی بەرزنجەیە، نەوەی ئەولادی شێخ ئیسماعیل ولیانی‌یە.

جاری دووەم بەشی لای خۆرئاوا. بەشی زۆری دیواری ئەم مزگەوتە بەدەستی وەستا (طه عمرو حمد کریم) کرا.

له ۱۹۸۷ەوە مامۆستا مەلا (نبی مصطفی) کراوەتە پێش نوێژو وتار خوێن شان بەشانی ئەم زاتەش (۳) کارمەندی تر هەن وەکو قورئان خوێن و بانگدەرو خادم.

## بەشەکانی:

۱- حەرەم: شێوەیەکی لاکێشەیی گرتۆتە خۆی، پانتایەکەی (۲۰۰)م۲ دەبێ، وەکو لەسەرەتادا ئاماژەمان بۆ کرد، ئەم حەرەمە بەدوو جار دروست کراوە بۆیە (۲) میحراب و (۲) گومەت و مەحفەلێکی بۆ کراوە زۆر بەشێوەیەکی تێرو پڕ پێداویستی بۆ دابین کراوە.

ا- گومەتەکانی: ئەم مزگەوتە (۲) گومەتی هەیە، لەچەشنی کەلەقەند (هرم) ژێرەکەی چوارگۆشەیەو سەرەکەی باریک دەبێتەوە.

۲- ژوری پێش نوێژ: وەکو لەسەرەتادا ئاماژەمان بۆ کرد، زۆر کەس دەڵێن تەکیەی شێخ نصرالدین بۆیە ژوورێکی فراوان دروست کراوەو لەچەشنی ژووری کوردەواری خۆمان ڕایەخ و سەرین و شتی لەم جۆری لێ دانراوە، لەلایەکەوە تەکیەیەو لەلایەکەوە ژووری پێش نوێژ.

۳- حەوشەکەی: حەوشەکەی کراوەتە (۲) بەش، حەرەم کەوتۆتە ناوەڕاست یەکێك لەحەوشەکانی لەلای خۆرهەڵاتی حەرەم ئەویتر لەلای خۆرئاوا. هەردوو دەرگای تایبەتی خۆیان هەیە بۆ هاتوچۆ کردن. لەهەردوو بەش ئاودەست و بۆڕی هەیە بۆ دەست نوێژ گرتن. سەرجەم (٦) بۆڕی و (٦) ئاودەست و حەوزێکی گەورەی ئاوی هەیە.

بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی مام ناوەندی‌یەو خەڵکی ئەو گەڕەکە هاتوچۆی دەکەن. ئاوو کارەبای لەمیری‌یەوە وەرگیراوە.


۱۹۹۷/۸/۳

## سەرچاوەکان:

۱- سەردانی مزگەوت لەنزیکەوە.

۲- چاوپێکەوتن بەوەستا محمد و یەکێ لە کارمەندانی مزگەوت.

# ١٢٤- مزگەوتی شەهید یاسین[1]



ئەم مزگەوتە کەوتۆتە گـەڕەکی سـێتاقانی سـەروو، نزیـك نەخۆشخانەی رزگاری.

سـەرەتای دروسـت کردنی دەگەڕێتـەوە بـۆ سالی ١٩٨٣، کـەس و کاری شەهیدی ناوبراو بەدروست کردنی هەستان.

سەرجەم ڕووبەرەکەی (٢٢٥)م٢.

مامۆستایان مەلا (احمد عثمان کریم) وروتار خوێنیانـە، و مامۆستا مـەلا (محمد عثمان کریم) پێش نوێژی تێدا دەکات.

ماوەیەك لەوەپێش ئەم دوو زاتەی لێبوو:

١- مامۆستا مەلا (قادر صالح قادر).

٢- مامۆستا مەلا (حیدر کریم)[2].

٣- مەلا (رحمان عزیز احمد)یش بانگدەری ئەم مزگەوتەیە.

## بەشەکانی:

١- حـەرەم: بەئـەندازەی (٦×١٦)م بـەبلۆك و چەمـەنتۆ دروسـت کـراوە سـەرەکەی کۆنکریتەو ناوەکەی چەمەنتۆیە. میحرابێکی پوختەی هەیە، بەرهەیوانەکەی (٢,٥)م دەبێ، تارادەیەك پێداویستیەکانی دابین کراوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە بەئەندازەی (٣,٥×٥)م ژوورێکی نایـاب دروسـت کـراوە، زۆر بە تـێروپـڕی پێداویستیەکانی دابین کراوە، سەدەها کتێبی

---

١- ناوی تەواوی (یاسین اسماعیل)ە، خەڵکی گوندی (هەنارە) بوو لەجەنگی نێوان عێراق و ئێران شەهید کرا، کەس و کاری بەشـەهیدانەکەی ئەم مزگەوتـەیان دروست کرد و ناوی ئەویان لەسەر نووسی.

٢- مامۆستا حیدر حسین کریم، پاش بەسەر بردنی ماوەیەکی زۆر لەژیانی لەم مزگەوتە کۆچی دووایی کرد.

خوالێخۆشبوو مامۆستا مەلا (حیدر)ی وەکو (وقف) لێبەجێماوە.

٣- بەشی دەست نوێژگرتن: چەشنی زۆربەی مزگەوتەکان، ئەم بەشە بەجیایەو تاڕادەیەک سەربەخۆیە، لە (٥) بەلوعەو (٣) ئاودەست و (١) خۆشۆر پێك هاتووە.

حەوشەیەکی ڕێکوپێك و بچوکی هەیە، بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی پوختەیە، تاڕادەیەکی چاك مەلا (رحمان) چاودێری دەکات ئاوو کارەبای لەمیری وەرگیراوە.

١٩٩٧/٨/٨


**سەرچاوەکان:**

١- سەردانی مزگەوت لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن و گفتوگۆ لەگەڵ مەلا رحمان عزیز، قورئان خوێن و بانگدەری مزگەوت.

# ١٢٥- مزگەوتی گوڵستان

ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە، گەڕەکی برایەتی، سەرشەقامی تەنیشت کۆلیژی (ایشق)



(حي الضباط).

سەرەتای دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٨٣.

ڕووبەرەکەی (٢١٠)م٢[1].

**قۆناغەکانی:**

١- لەسەرەتادا کەس و کاری (شەهید علی کریم عەولا)[2] بەدروست کردنی هەستان، بەڵام پێش تەواو بوونی پارەییان لێ بڕاو بەنیوە ناتەواوی مایەوە.

٢- ئافرەتێك هەبوو بەناوی (گوڵستان محمد رمضان) بڕێك پارەی لێ سەرف کردو مزگەوتەکە تەواوکرا. بەڕێزان کاك (رشید

---

١- پارچە زەوییەك لەبەردەم مزگەوت هەیە، بەنیازی کڕینی و دانە دەم مزگەوتەوەن.

٢- ئەم زاتە کاتی جەنگی نێوان عێراق و ئێران لەناوچەی (دیزفول) لەساڵی ١٩٨٣ شەهید کرا.

بەناو) كاك (محمد داود[1])یش ڕۆڵێکی باڵایان هەبوو لەتەواو کردنی.
مامۆستا مەلا (شێخ حسین شێخ محمد بالیسان) وتار خوێنەو مامۆستا مەلا (مصطفی مەلا محمد فەقێ مصطفی)ش پێش نوێژی لێدەکات و مامۆستا مەلا عزیزیش بە کارمەند لەسەر میلاکی ئەو مزگەوتەیە.

## بەشەکانی:

١- حەرەم: بەئەندازەی (٨×١٢)م و شێوەیەکی جوان حەرەمێکی بۆ دروست کراوە، سەرەکەی کۆنکریتەو ناوەکەی کاشی میحراب و مینبەرو مەحفەلی پوختەی هەیە، کەل و پەلی چاکی بۆدابین کراوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: لەگۆشەی لای خۆرئاوای حەرەم ژوورێك بۆ مەلا دروست کراوە، بەشێوەیەکی تێرو پڕ هەموو جۆرە پێداویستی بۆ دابین کراوە، لەسەربانی ئەم ژوورە ژوورێکی تر لەسەر هەمان ئەندازە بۆ کەل و پەلی زیادەی مزگەوت دروست کراوە.

٣- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە زۆر بەساکاری دروست کراوە، بریتی‌یە لە (٣) بۆری‌و (٣) سەکۆو (٣) ئاودەست لەگەڵ ئاوی ساردو گەرم.

بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی ڕێك و پێکە،و دانیشتوانی ئەو دەوروبەرە بەگەرمی هاتوچۆی دەکەن. ئاوو کارەبای لەمیری‌یەوە وەرگیراوە.

١٩٩٧/٨/٢٢


## سەرچاوەکان:

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.
٢- چاوپێکەوتن بەم زاتانە:
ا- مامۆستا مەلا مصطفی - پێش نوێژی مزگەوت.
ب- مامۆستا مەلا حاجی عزیز- قورئان خوێن و کارمەند.
ج- کاك محمد داود- کوڕی خاتوو گوڵستان محمد.

---

١- ئەم زاتە کوڕی خاتوو (گوڵستان محمد)ە.

# ١٢٦- مزگەوتی شەهید ( نجم الدین نادر)[1]



ئـــەم مزگەوتـــــە، کەوتۆتە گەڕەکی زانایان (حـــي العلمـــاء) نزیـــك گەڕەکی شۆڕش لەساڵی ١٩٨٢ دەست بەدروست کردنی کرا.

رووبەرەکـەی (١٠٠٠) م٢.

ئەرکی دروست کردنی کەوتۆتە سەر کەس و کاری[2] شەهیدی ناوبراو.

لەم مزگەوتە ئەم زاتانە پێش و نوێژو ووتار خوێنین:

ا- ماموستا مەلا عبدالقادر سلێمان محمد ووتارخوێن.

ب- ماموستا مەلا محمد سمایل بیرێژەیی پێش نوێژی مزگەوت.

ج- ماموستا مەلا محمد علی (محمدی حافین) موئەزن /بانگدەر.

**بەشەکانی:**

١- حـەرەم: بەئـەندازەی (١٠×٢٠)م حـەرەمێکی پوختـەی بـۆ کـراوە، میحـراب و مینبەرو مەحفەلی رێك و پێکی هەیە دیواری بلۆك و سەرەکەی کۆنکریت و ناوەکەی چەمەنتۆیە. تاڕادەیەك پێداویستییەکانی بەتێرو پڕی دابین کراوە، بەرهەیوانێکی چاکی بۆ دروست کراوە. بەئەندازە (٣,٥)م

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئـەم مەبەستە بەشێوەیەکی جوان لـەلای خۆرهـەڵاتی حـەرەم لـەنزیك بەرهـەیوانی مزگـەوت ژوورێـك دروسـت کـراوە، بەشـێوەیەکی مـام ناوەندی پێداوویستییەکانی دابین کراوە.

٣- هۆڵی پرسە: بەئەندازەی (٥×١٠)م هۆڵێکی کەم وێنە بۆ ئەم مەبەستە دروست کراوەو پێداویستیەکانی بۆ دابین کراوە.

---

١- ناوی تەواوی شەهید (نجم الدین نادر قادر)ە، لەجەنگی نێوان عێراق و ئێران لەساڵی ١٩٨٢ لەناوچەی (سەید سادق) لەسلێمانی شەهید کرا.

٢- مەلا عبدالقادر سلیمان، بەمەلا عبدالقادری بەحرکە ناسراوە.

٤- ژووری خادم: بۆ ئەم مەبەستە ژوورێکی (٣×٥)م دروست کراوە.

٥- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە بریتی‌یە لە (١٤) بۆری ئاوو (٧) دانە ئاودەست و (١) خۆشۆرو ئاوی ساردو گەرم.

٧- حەوشەکەی: سەرانسەر حەوشەکەی چەمەنتۆ ڕێژەو دیواری بەدرکە سیم تەل بەند کراوە، لەترسی دزیەتی.

بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی پوختەیە، جەماوەرێکی زۆر هاتوچۆی دەکەن، بەتایبەت چونکە مزگەوتی تر لەو نزیکە نی‌یە. ئاوو کارەبای لەسەرچاوەکانی میری‌یەوە وەرگیراوە

١٩٩٧/٩/٢٣

## سەرچاوەکان:

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن و گفتوگۆ کردن لەگەڵ مامۆستا مەلا عبدالقادر بەحرکەیی.

# ١٢٧- مزگەوتی (الاطراف)[1] بەلاشاوە

ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە گەڕەکی بەلاشاوە کورانی عەنکاوە.

سەرەتای دروست کردنی ئەم مزگەوتە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٨٣.

لەو کاتە دانیشتوانی ئەو دەوروبەرە بڕیاری دروست کردنی مزگەوتیان دا.

یارمەتی کۆکرایەو حاجی (عبداللە محمد اسماعیل)یش کرایە سەر کارو ئەم خانووەیان کری‌و هەندێ دەستکاریان کرد، بەمەرجێ بۆ مزگەوت بشێ.


پانتایی‌یەکەی (٢٠٠)م چوارگۆشەیە.

کاتی خۆی مەلایەکی لێ بوو، بەڵام ماوەیەکە خانەنشین کراوەو مامۆستا مەلا صالح ووتاریان بۆ دەدات بەبێ بەرامبەر جار بەجار حاجی عبداللەش پێش نوێژیەتی لێدەکات.

---

١- لەبەر ئەوەی کەوتۆتە دامێنی شار، ناوی ئەترافی (لێنراوە).

تێبینی: لە کاتی وێنەگرتنی مزگەوت لە ڕۆژی ٢٠٠١/٤/٢٣ دەرکەوت خێرخوازانی گەڕەك سەر لەنوێ لەسەر شێوەیەکی جوان دروستیان کردەوە.



**بەشەکانی:**

١- حـــەرەم: بەئـــــەندازەی (٦×١٠)م حەرەمێکی هاکـەزایی ساکاری بۆ دروسـت کـراوە. سـەرەکەی کۆنکریتـەو ناوەکـەی چەمنتۆیە، لەناو دیوار میحرابێکی بچوکی بۆ کـراوە بـەڵام مینبـەرو مەحفـەڵی نی‌یـە، تاڕادەیەکی هاکەزایی هەندێ کەل و پەلی بۆ دابین کراوە.

٢- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە زۆر بەساکاری دروست کراوە، لە (٤) بۆری‌و (٤) سەکۆو (٤) ئاو دەست پێك هاتووە، لایەك لەحەوشەکەی بەچینکۆ (تۆتیا) سێبەری بۆ کـــراوە، زەوی‌یەکەی چەمنتۆ ڕێژەو دەرگای حەوشەی زۆرتر لەدەرگای ماڵان دەچێ.

بەشێوەیەکی گشتی هەرچەند مزگەوتێکی بچوکە، بەڵام دانیشتوانی دەوروبەری لێی ڕازین. ئاوو کارەبای لەمیری‌یەوە وەرگیراوە.


١٩٩٧/٩/٢٩

**سەرچاوەکان:**

١- سەردانی مزگەوت لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن بەحاجی عبداللّه محمد اسماعیل سەرپەرشتیکار.

# ١٢٨- مزگەوتی (السلام)[١]



ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە گەڕەکی بەلاشاوە، نزیک گەڕەکی مامۆستایان.

سەرەتای دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٨٤.

(حاجی طالب حاجی سلام) پاش ئەوەی باوکی کۆچی دوایی کرد بڕیاری دا مزگەوتێک بەناو ئەوەوە دروست بکات.

سەرجەم پانتاییەکەی (١٢٠٠)م٢.

لەسەرەتاوە مامۆستا مەلا (محمد اسماعیل کەوری) بەووتارخوێن دەست نیشان کراوە، لەمانگی نیسانی ساڵی ١٩٩٧ مامۆستا مەلا اسماعیل حمدامین خۆشناو بوو بەووتار خوێن.

مامۆستایان (مەلا حسین شەعل و مەلا محمدی کەور) هەردوو بەپێش نوێژ ماونەتەوە لەمزگەوت.

**بەشەکانی:**

١- حەرەم: بەئەندازەی (١٢×١٥)م و بەرزی (٦)م بەبلۆک و چەمنتۆ دروست کراوە. سەرەکەی کۆنکریتەو ناوەکەی چەمەنتۆیە، میحراب و مینبەرو مەحفەڵی هەیە، گومەتێکی مام ناوەندی چوارگۆشەی هەیە بەپانتای (٢,٥)م بەرهەیوانی بۆ کراوە، تاڕادەیەک چاک کەل و پەل و پێداویستی بۆ دابین کراوە.

٢- هۆڵی پرسە: بۆ ئەم مەبەستە هۆڵێکی (٥×١٠)م دروست کراوە، بەشێوەیەکی تێرو پڕ پێداویستیەکانی بۆ دابین کراوە.

٣- ژووری پێش نوێژ: ئەم ژوورە لە هۆڵی پرسە دابڕاوە، بە شێوەیەکی مام

---

١- حاجی سەلام لەساڵی ١٩٨٣ لەڕێگای موسڵ بەهۆی لێکدانی ئۆتۆمبێل کۆچی دوایی کرد، حاجی طلعت-ی کوڕی ئەم مزگەوتەی بۆ خێری ئەو دروست کرد.


ئاوەندی پێداویستی بۆ دابین کراوە.
٤- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە لە (١٠) دانە ئاودەست و (١١) بۆری ئاو لەگەڵ سەکۆی جوانی لەکاشی دروست کراو پێك هاتووە. سەرچاوەی ئاوو کارەبای لەمیری‌یەوە وەرگیراوە.
حەوشەکەی سەرانسەر چەمنتۆیەو (٣) بنەداری لێیە، دەرگای رووەو باکوورە، سەرشەقامی سەرەکی ئەم گەڕەکە.
بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی پوختەیە.

١٩٩٩/٧/٢

**سەرچاوەکان:**

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.
٢- چاوپێکەوتن بەخودی مامۆستا مەلا اسماعیل حمدامین خۆشناو.

## ١٢٩- مزگەوتی حاجی سعید مەلا سمایل



ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە گەڕەکی کوردستان نزیك مزگەوتی حاجی (لانقە ذنون)، تەنیشت بازارگای شارەوانی.
لەساڵی ١٩٨٤ حاجی سعیدی مەلا سمایل لەسەر ئەرکی خۆی بەدروست کردنی هەستا.
رووبەرەکەی (١٤١٧)م چوارگۆشەیە.
شێوەی بیناسازی ئەم سەردەمەی گرتۆتە خۆ.
هەر لەسەرەتای کردنەوەیەوە مامۆستا مەلا (قادر محمدامین) کورتان دوور بەپێش نوێژو وتارخوێن دانراوە.

**بەشەکانی:**

١- حەرەم: بەئەندازەی (١٠×٢٠)م بەبلۆك و چەمنتۆ دروست کراوە، میحرابێك و (٢) مینبەری هەیە، بەرهەیوانی پوختەی هەیە، زۆر بەشێوەیەکی ڕێك و پێك پێداویستییەکانی دابین کراوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە بەئەندازەی (٤×٤)م ژوورێك دروست کراوەو تاڕادەیەکی مام ناوەندی پێداویستییەکانی دابین کراوە.

٣- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە تاڕادەیەك سەربەخۆیە، لە(٨) بۆری و (٧) ئاودەست و کورسی دانیشتن و ئاوی ساردو گەرم پێك هاتووە.

ناو حەوشەکەی چەند لایەکی کراوەتە دارو درەخت، ئەویتر کراوەتە چەمەنتۆ ڕێژ، دەرگایەکی ئاسنی گەورەی بۆ دانراوە، زیاتر لەدەرگای گەراج دەچێ، نەك مزگەوت. خانووی تایبەتی هەیە بۆ حەوانەوەی خێزانی مەلا، ئاوو کارەبای لەسەرچاوە گشتییەکانی میرییەوە وەرگیراوە.

١٩٩٧/٦/٧

**سەرچاوەکان:**

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.
٢- چاوپێکەوتن و گفتوگۆ کردن لەگەڵ مامۆستا (مەلا عبدالقادر کورتان دوور) پێش نوێژو وتارخوێنی مزگەوت.

## ١٣٠- مزگەوتی (الفرقان)[1] (حی عدل)


ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە گەڕەکی عەدالە، بەرامبەر کۆمپانیای گشتی (شیش و دار) سەر ڕێگای کۆنی قوشتەپە.

لەساڵی ١٩٨٤ دەست بەدروست کردنی کرا، لەسەر ئەرکی حاجی (جیهاد بکر اسماعیل)[2].

ڕووبەرەکەی (١٢٠٠)م چوارگۆشەیە.

---

١- فرقان: ناوێکە لەناوەکانی قورئان (الفارق بين الحق والباطل).
٢- ئەم زاتە بە (جیهادی بکر ئەفەندی) ناسرا بوو، لە ١٩٨٨/٦/٧ کۆچی دوایی کردو خۆی و خێزانی لەناو مزگەوت تەسلیم بەخاک کراون.



لەسەرەتاوە مامۆستا مەلا (سەید محمد)[1] بەرزنجی کرایە پێش نوێژو وتارخوێنی، بەلام بەزۆری مامۆستا مەلا (عبدالغنی طە)[2] وتاری هەینیو جەژنەکان دەخوێنێتەوە.

مەلا سەید برهان ناوێکی لێ بوو، ئەو کۆچی دوایی کرد.

## بەشەکانی:

١- حەرەم: بەئەندازەی (١٠×٢٠)م حەرەمێکی لاکێشەیی جوان و قەشەنگی بۆ دروست کراوە. سەرەکەی کۆنکرێتەو ناوەکەی کاشی، میحراب و مینبەرو مەحفەلی کەم وێنەی هەیە، بەلام مەحفەلەکەی بۆ نوێژ کردنی ئافرەتان تەرخان کراوە. بەرهەیوانێکی پوختەی هەیە، زۆر بەتێرو پڕی هەموو پێداویستی بۆ دابین کراوە.

٢-ژووری پێش نوێژ: لەم مزگەوتە چەند ژوورێك هەیە، لەوانە ژووری پێش نوێژو ژووری وتارخوێن و ژووری فەقێیان. هەر یەکێ لەم ژوورانە زۆر بەتێرو پڕی پێداویستی بۆ دابین کراوە.

٣- هۆلی پرسە: بۆ ئەم مەبەستە هۆلێکی گەورە لەم مزگەوتە دروست کراوەو سەرەکەی کۆنکرێتەو ناوەکەی کاشی، سەرانسەر بەیەك جۆرە کومباری مۆر پڕ فەرش کراوە، کاتی پرسە خەلك لێی دادەنیشن. پێداویستی جۆراوجۆری تریشی بۆ دابین کراوە.

٤- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە کەوتۆتە دەستە چەپی دەرگای حەوشە، لەچوونە ژوورەوە، لە (٧) جووت بۆری (خەلات)و (٥) ئاودەست و سەکۆو ئاوی ساردو گەرم پێك هاتووە.

---

١- ناوی تەواوی (سەید محمد سەید اسماعیل سەید عمر) بەرزنجییەو زۆر کەس بەمەلا سەید محمدی پیرداود ناوی دەهێنن.

٢- ئەم زاتە ماوەیەك لەکاتی کابینەی (٣)ی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزیر عدل بوو.

حەوشێکی خۆشی هەیەو لایەکی کراوەتە باخچەیەکی قەشەنگ، نێوانی هاوینە نوێژی بەکۆمەڵ لێ دەکریت. لای پێشەوەی حەرەم کراوەتە گۆڕستان، ئەوی تر سەرانسەر کاشی جوانی لێ دراوە.

لەم مزگەوتە خانووبەری مەلاو کۆمەڵێک دوکانی هەن. دەرگایەکی ئاسنی دوو لایی گەورەی هەیە، جگە لەدەرگایەکی بچوک لەلای خۆرهەڵات.

لەم مزگەوتە:

بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی پاک و خاوێنە، لەمزگەوتە ناودارەکانی ئەم سەردەمەی شار دادەنرێت.

١٩٩٧/٥/٤

## سەرچاوەکان:

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن بەمامۆستا مەلا سەید محمد پیرداود.

# ١٣١- مزگەوتی حاجی طه

ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە گەڕەکی باداوە، نزیك دووڕییانی (٣٠ مەتری بنەسڵاوە). کاتی خۆی لەسەر ئەرکی خوالێخۆشبوو (حاجی طه عزیز خۆشناو)[1] لەساڵی ١٩٨٤ دەست بەدروست کردنی کرا.

رووبەرەکەی (٤٠٠)م٢.

مامۆستا مەلا (محمد مصطفى صالح) بەناو پێش نوێژی ئەم مزگەوتەیە. بەڵام لەبەر بەساڵا چوون توانای ئیمامەتی نەماوە، بەزۆری مامۆستا مەلا (احمد حمدامین اسماعیل) پێش نوێژی لێ دەکات، مامۆستا مەلا (نجم الدین عبداللە محمود)یش بانگدەریانە.

## بەشەکانی:

١- حەرەم: بە ئەندازەی (٨×١٥)و بەرزی (٤)م دروست کراوە، سەرەکەی

---

١- ئەم زاتە لەڕۆژی ٢٠-١-١٩٨٩ کۆچی دوایی کرد، کوڕێکی هەیە بەناوی کاك عبدالخالق ئەو زاتە سەرپەرشتی مزگەوتەکە دەکات لەکەم و کوڕییەکانی دەکۆڵێتەوە، رەحمەتی لەدایك بووی ساڵی (١٩١٥) بوو.

کۆنکریتەو ناوەکەی چەمنتۆیە، میحرابی هەیە لەگەڵ بەرهەیوان، زۆر بەشێوەیەکی هاکەزای هەندێ پێویستی بۆ دابین کراوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە زۆر بەساکاری ژوورێك دروست کراوەو هەندێ پێداویستی بۆ دابین کراوە.

٣- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە لە (٤) بۆریو (٤) ئاودەست پێك هاتووە. بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی بچوکە، پێویستی بەئاوڕ لێ دانەوە هەیە. ئاوو کارەبای لەمیرییەوە وەرگیروە.

١٩٩٧/٧/٢٩

## سەرچاوەکان:

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن و گفتوگۆ کردن لەگەڵ مامۆستایانی ئەم مزگەوتە، بەتایبەت مامۆستا مەلا محمد مصطفی صالح.

# ١٣٢- مزگەوتی شەهید خطاب[١]

ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە گەڕەکی باداوە، کەرتی خۆرهەڵاتی شەقامی (١٠٠) مەتری. لەساڵی ١٩٨٤ دەست بەدروست کردنی کرا، لەسەر ئەرکی کەس و کاری شەهیدی ناوبراو.

رووبەروکەی (٣٠٠)م٢.

شێوەیەکی بیناسازی ساکاری گرتۆتە خۆی.

مامۆستا مەلا (عبدالرحمن حمدامین) پێش نوێژی پێ سپێراوە، بەڵام لەبەر نەخۆشی، ئەوا زۆر کات مامۆستا مەلا (علی احمد عبداللّه) پێش نوێژی لێ دەکات.

## بەشەکانی:

١- حەرەم: بەئەندازەی (١٠×٢٠)م حەرەمێکی بۆ دروست کراوە بەرزی (٢,٥)م دەبێ. سەرەکەی کۆنکریتەو ناوەکەی چەمنتۆیە، میحرابی لەناو دیوار هەیە،

---

١- ناوی شەهید (خطاب حاجی حەسەن)ە، لەجەنگی نێوان عێراق و ئێران لەناوچەی (مەهران) رۆژی ١٩٨١/٥/٢٠ شەهید کرا. کەس و کاری بەپارەی شەهیدانە ئەم مزگەوتەیان بەناوی ئەوەوە دروست کرد.

بەمەودای (٣)م بەرهەیوانی بۆ کراوە، تاڕادەیەکی مام ناوەندی پێداویستی بۆ دابین کراوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە لەسەربانی بەشی دەست نوێژ، ژوورێک دروست کراوەو بەشێوەیەکی هەژارانە هەندێ پێداویستی بۆ دابین کراوە.

٣- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە بەشێوەیەکی جوان دامەزراوە، بریتی‌یە لە (٧) بۆری ئاوو (٤) ئاودەست و (١) سەرشۆر، ناو ئاودەستەکان بەکاشی فەخفوری سپی ڕووکەش کراوە.

حەوشێکی پوختەی هەیە، لایەکی بۆ نوێژ لێ کردن تەرخان کراوە. ئاوو کارەبای لەمیری‌یەوە وەرگیراوە.

کاک (عبداللّه حمد عبداللّه)ش کاتی خۆی دەستی یارمەتی لەدروست کردنی‌دا درێژ کردووە.

١٩٩٧/٩/٢٨

**سەرچاوەکان:**

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن بە:

أ- حاجی حسن باوکی شەهید.

ب- مامی شەهید.

ج- برای شەهید.

# ١٣٣- مزگەوتی (البدر)

ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە گەڕەکی باداوە، نزیک شەقامی (١٠٠) مەتری بەهەرەوەزی دانیشتوانی ئەو گەڕەکە لەساڵی ١٩٨٤ دروست کرا.

ڕووبەرەکەی (٢٥٠)م٢.

زەوی‌یەکەی لەلایەن ئافرەتێکەوە بەناوی (بدریە خان) بۆ مزگەوت خەڵات کرا. دانیشتوان تێکڕا بەدروست کردنی هەستان.

مامۆستا مەلا (کمال احمد) خوتبەیان بۆ دەداو مەلا قادریش هەرچەندە بە (قورئان خوێنە- قارئ) دامەزراوە پێش نوێژی بۆ دەکات.

کاتی خۆی ئەم دوو زاتەی لێ بوو:

١- مامۆستا مەلا سعید کمال احمد.

٢- مامۆستا مەلا ابراهیم سکتانی خۆشناو.

**بەشەکانی:**

١- حەرەم: حەرەمەکەی چوارگۆشەیە (١٠×١٠)م و سەرەکەی کۆنکریتەو ناوەکەی چەمەنتۆیە، میحراب و مینبەری بۆ کراوە لەگەڵ بەرهەیوان، تاڕادەیەك هەندێ لەپێداویستی یەکانی دابین کراوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە بەئەندازەی (٢,٥×٤)م و بەرزی (٣)م و زۆر بەساکاری ژوورێك دروست کراوە، بەشێوەیەکی هاکەزای هەندێ پێداویستی بۆ دابین کراوە.

٣- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە بریتی یە لە (٥) بۆری و (٩) ئاودەست و سەرشۆرێك.

٤- حەوشەکەی: بەمانای حەوشە، حەوشەی نی یە، هەر لەبەر دەرگاو خەڵك بۆ نوێژ کردن دادەنیشن تاکو بەردەرگای حەرەم. ئاوو کارەبای لەمیری یەوە وەرگیراوە.

**سەرچاوەکان:**

١٩٩٧/٧/٣٠

١- سەردانی مزگەوت لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن بە بەرێز مەلا قادر.

## ١٣٤- مزگەوتی حاجی قرنی



ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە گەڕەکی گڵکەند، سەر شەقامی (٣٠)مەتری نزیك نەخۆشخانەی رزگاری.

لەساڵی (١٩٨٤-١٩٨٥) لەسەر ئەرکی حاجی قرنی حاجی طاهر علی) بەزاز دەست بەدروستکردنی کرا.

ڕووبەرەکە (١٢٠٠)م٢.

ئەم مزگەوتە دوو مامۆستای لێیە:

١- مامۆستا مەلا (محمود خالد حسين)بە مەلا محمودی چێوەیی ناسراوە.

٢- مامۆستا جميل قادر ابراهيم.

مامۆستا مەلا جميل لەڕۆژی ١٩٩٤/٤/٢١وە هاتۆتە ئەم مزگەوتە.

## بەشەکانی:

١- حەرەم: بەئەندازەی (١٢×١٨)م و بەرزی (٥)م حەرەمێکی کەم وێنەی لاکێشەیی بۆ دروست کراوە دیواری کەرپوچ، سەرەکەی کۆنکریتە، ناوەکەی کاشی ڕێژە. لەسەر شێوەیەکی جوان میحراب و مینبەرو مەحفەلی بۆ دروست کراوە بەشێوەیەکی تێروپڕ پێداویستییەکانی لەهەموو ڕوویەکەوە دابین کراوە. ئەم حەرەمە (٣) دەرگاو دەیەها پەنجەرەی لێ بەستراوە، لەسەر دەرگای ناوەڕاست بەزمانی عەرەبی ئەم زانیاریانە وپاڕانەوەیە نوسراوە:

بسم الله الرحمن الرحيم

إدخلوها بسلام امنين

جامع الحاج قرني.. قام ببنائه وانشائه على نفقته الخاص الحاج قرني نجل الحاج طاهر آل الحاج علي.

تقبل الله منه وجعله خالصاً لوجهه الكريم وغفر له ولوالده وإخوانه بجاه سيد المرسلين.. آمين. اسس بـ(١٩٨٥/٥/١٦ الموافق ١٤٠٥هـ).

٢- هۆڵی پرسە: لەتەنیشت حەرەم، هۆڵێك بەئەندازەی (٧×١٢)م درەوست کراوە، بەتێروپڕی پێداویستییەکانی بۆ دابین کراوە.

٣- ژووری پێش نوێژ: چەند ژوورێك بەتەنیشت یەکەوە دروست کراون یەکێ لەو ژوورانـە کراوەتـە ژووری پێـش نوێـژ زۆر بەشـێوەیەکی پوختـەو تـێروپڕی پێداویستییەکانی دابین کراوە.

٤- هۆڵـی نوێـژ کردنـی ئـافرەت: ئەندازەکـەی (٥×٧)م دەبـێ، زۆر بەشـێوەیەکی تێروپڕ کەرەستەو پێویستی بۆ دابین کراوە.

٥- ژووری فەقێ: بۆ حەسانەوەو نوستنی فەقێیەکان (٢) ژوور دروست کراون، ئەم دوو ژوورەش تاڕادەیەکی چاك پێداویستییان بۆ دابین کراوە.

٦- بەشـی دەسـت نوێژگرتـن: ئـەم بەشـە لـە (٨)جـووت بـۆری (خـلاط) و (٨) ئاودەست و بەشێکی تایبـەت و پـاك و خـاوێن پێـك هـاتووە. دیوارەکـانی کاشـی

ئەخفوری سپی لێ دراوە. لەسەربان حەوزێکی گەورەی لەچەمەنتۆ دروست کراویان هەیە (٥٠) بەرمیل ئاو دەگرێ، جێگای تایبەت هەیە بۆ مردووشۆردن، بەکەرەستەی پێویستیەوە.

حەوشەیەکی پوختەی هەیە، سەرانسەر کاشی ڕێژە، دەرگایەکی ئاسنی گەورەی دوولای ڕووەو خۆرئاوای هەیە. بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی کەم وێنەیە. ئاو کارەبای لەمیری‌یەوە وەرگیراوە.

١٩٩٧/٨/٥

**سەرچاوەکان:**

١- سەردانی مزگەوت لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن بە:

ا- ماموستا مەلا جمیل.

ب- یەکێ لەکوڕەکانی حاجی قرنی لەناو بازاڕی شار.

## ١٣٥- مزگەوتی مەلا عمری نوری زادە



ئـــەم مزگەوتـــە، کەوتۆتـــە گـــەڕەکی سـێتاقانی ســەروو، کۆڵانـــی بەرامبـــەر مزگەوتی حاجی مـراد (٦٠) مەتری.

لەســـاڵی ١٩٨٤ دانیشتوانی ئەم گەڕەکە دەنگیان کردە یەك و بڕێك پارەیان کۆکردەوە بەنیازی مزگەوت دروست کردن. ماموستا مەلا عمری نوری زادەیان بۆ ئەم کارە دەست نیشان کرد پاش تەواو بوونی ئەوەندەی نەخایاند ئەم زاتە کۆچی دوایی کرد.

ڕووبەرەکەی (٣٥٠)م٢.

مـاموستا مەلا (محمد ابراهیم احمد)[1] لەم مزگەوتە ووتارخوێنەو ماموستا (شێخ

---

١- ئەم زاتە لەسەرەتاوە بەگواستنەوە لەچوارقوڕنە هاتە ئەم مزگەوتە.

کمال[1] شێخ عبدالکریم حسام الدین عەودالانی)یش پێش نوێژی دەکات.

**بەشەکانی:**

١- حەرەم: لەسەرەتادا حەرەمێکی لاکێشەیی یان بۆ دروست کرد، بەلام کاتی بینیان و سەیریان کرد جێی خەڵك نابێتەوە ئەوا حەوشەکەشیان سەرگرت و لەشێوەی حەرەم بەمە حەرەمەکە گەورە بۆوە. دیواری کەرپوچە، سەرەکەی کۆنکریت، ناوەکەی کاشی تەنها میحرابی هەیە بەبێ مینبەرو مەحفەلە تاڕادەیەك سەرانسەر پڕ فەرش کراوەو هەندێ پێداویستی بۆ دابین کراوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە، ژوورێکی بچووك دروست کراوەو بەچاکی پێداویستییەکانی دابین کراوە.

٣- بەشی دەست نوێژ: ئەم بەشە بەشێکی سەربەخۆیە، شێوەیەکی تایبەتمەندی هەیە، لە (٥) بۆرىو (٣) ئاودەست و ئامێری ئاو گەرم کردن پێك هاتووە.

بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی پوختەیە، دانیشتوانی ئەو گەڕەکە بەزۆری هاتوچۆی دەکەن ئاوو کارەبای لەمیرییەوە وەرگیراوە.

١٩٩٧/٨/٣

**سەرچاوەکان:**

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن و گفتوگۆ کردن لەگەڵ خودی مامۆستا مەلا موحەمەد پێش نوێژو وتارخوێنی مزگەوت.

## ١٣٦- مزگەوتی حاجی احمد نەقشبەندی[2]

ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە گەڕەکی برایەتی، ئاوەڕاست خانووە بەرەکانی میری.

لەساڵی ١٩٨٤ لەسەر ئەرکی حاجی احمد دەست بەبنیات نانی کرا.

ڕووبەرەکەی (١٢٠٠)م٢.

بەشی زۆری دیواری بلۆك و چەمەنتۆیە.

---

١- ئەم زاتە لەشێخەکانی عەودالانە، بە شێخ کمالی عەودالانی ناسراوە.

٢- ناوی تەواوی ئەم زاتە (حاجی احمد مەلا عبداللـە)ی نەقشبەندییە، بەڕەگەز لە عەشیرەتی (هەرشەمی)یە، لەبنەماڵەی (مەلا خەلیفە)یە لەدایك بووی چلەکانەو بەحاجی احمدی کەپو ناسراوە.



لەسەرەتاوە مامۆستا مەلا (عبدالسلام)ی لێ دانرا بەپێش نوێژو وتارخوێن بەڵام ماوەیەکە ئەم دوو زاتەی لێیە:

١- مامۆستا مەلا مقدید عبدالکریم (٢) ساڵ زیاترە لێرەیە وتارخوێنە.

٢- مامۆستا مەلا محمد محمدامین (٦) ساڵ زیاترە لێرەیە پێش نوێژی ئەکات

## بەشەکانی:

١- حەرەم: بەبەرزی (٦)م و بەرینی (١٤×٢٠)م حەرەمێکی لاکێشەیی هەیە سەرەکەی کۆنکرێتەو ناوەکەی چەمەنتۆیە، لەسەر شێوەیەکی ڕێك و پێك میحراب و مینبەرو مەحفەلی بۆ دروست کراوە زۆر بەتێرو پڕی کەل و پەل و پێداویستی بۆ دابین کراوە. بەبەرینی (٦)م بەرهەیوانێکی سەرتاسەری هەیە.

٢-ژووری پێش نوێژ: (٣) دانە ژوور بەتەنیشت یەکەوە بەئەندازەی (٣×٤)م دروست کراون، یەکێ بۆ پێش نوێژو ئەو دووانەکەی دی بۆ کەل و پەلی زیادی مزگەوت، ژووری پێش نوێژ بەنیوە ناتەواوی هەندێ پێداویستی بۆ دابین کراوە.

٣- هۆڵی پرسە: بەئەندازەی (٦×٢٠)م هۆڵێکی فراوان بۆ پرسە دروست کراوە سەرەکەی کۆنکرێتەو ناوەکەی کاشی سەرانسەر بەکومباری سور پڕ فەرش کراوە پێداویستی‌یەکانی تری بۆ دابین کراوە.

٤- هۆڵی نوێژ کردنی ئافرەتان: سەربانی ژوورەکان کراوەتە هۆڵێکە ئافرەتان ڕۆژانی هەینی نوێژی لێدەکەن. ئەم هۆڵە بەچاکی کەرەستەو پێداویستی بۆ دابین کراوە.

٥- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە لە (٢٠) بۆری، ئاوو (٢٠) سەکۆی دانیشتن و (١٠) ئاودەست و (١) خۆشۆر پێك هاتووە.
جگە لەجێگایەکی تایبەت بەمردووشۆردن بەپێداویستی‌یەکانەوە.
حەوشەکەی کراوەتە (٢) بەش:
ا-لایەکی کراوەتە باخچەو گوڵ و گوڵزار.

لایەکی دی سەرتاسەر کاشی ڕێژە.

ب- بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی پاك و خاوێن و ڕێك پێکە، هەرچەندە پێویستی بەمەندێ کەل و پەل هەیە. ئاوو کارەبای لەمیری یەوە وەرگیراوە.

١٩٩٧/٨/٢٢

**سەرچاوەکان:**


١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن و گفتوگۆ کردن لەگەڵ:

ا- مامۆستا مەلا محمد محمدامین پێش نوێژی مزگەوت.

ب- مەلا جلال محمد بانگدەر. ج- کوڕێکی حاجی احمد.

# ١٣٧- مزگەوتی کاوانی



ئەم مزگەوتە کەوتۆتە گەڕەکی بەستەپیازە (خانزاد) نزیك گۆڕستانی ئەم گەڕەکە.

لەساڵی ١٩٨٤ دەست بەدروست کردنی کرا، لەسەر ئەرکی حاجی (جمیل مصطفی کاوانی)[1].

ڕووبەرەکەی (٢٤٠٠)م٢.

مامۆستا مەلا (سعدالدین مسعود گەردی)[2] لەسەرەتاوە بە پێش نوێژو ووتارخوێن دانراوە.

**بەشەکانی:**

١- حەرەم: لەسەر شێوەیەکی چوارگۆشە، بەئەندازەی (٢٠×٢٠)م حەرەمێکی

١- ئەم زاتە لەبەر ئەوەی خەلکی گوندی کاوانی سەر بەقەزای شەقلاوەیە بۆیە مزگەوتەکەی بەناوی ئەو گوندەوە ناو نراوە.

٢- ئەم زاتە دەرچووی کۆلیژی شەریعەیە لەساڵی ١٩٧٧و لەدایك بووی ساڵی ١٩٤٩و لەسەروی خوالێخۆشبوو مەلا ئەحمەد (ئاشوکەیانە) گەردی یە.

پوختەی بۆ دروست کراوە، دیواری بلۆکەو سەرەکەی کۆنکریتەو ناوەکەی کاشی لەسەر شێوەیەکی جوان میحراب و مینبەرو مەحفەل و بەرهەیوانی بۆ کراوە بەرهەیوانەکەی تاڕادەیەک نزمە، زۆر بەرز نی یە بەشێوەیەکی تێروپڕ پێداویست و کەل وپەلی بۆ دابین کراوە. لەساڵی ١٩٩١ میحراب و مینبەرەکەی بەبەردی حەلان بۆ جوانی ڕووکەش کرا.

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە بەرامبەر بەدەرگای حەرەم ژوورێک دروست کراوە (٢) دەرگای هەیە، یەکێ بۆ ناو مزگەوت ئەویتر بۆ ماڵی مامۆستا مەلا سعدالدین بەشێوەیەکی تێروپڕ پێداویستی بۆ دابین کراوە.

٣- هۆڵی پرسە: هۆڵێکی (٥×٢٠)م هەیە، ڕۆژنی هەینی ئافرەتان نوێژی هەینی لێ دەکەن.

مامۆستا سعدالدین ووتی:-

(ماوەیەک لەمەوبەر هاوڵاتیەکی کەرکوکی پرسەیەکی هەبوو، بەڕێکەوت لێرە دانرا، کاتێ بینی قەنەفەی نی یە، هەستا لەسەر ئەرکی خۆی هۆڵەکەی پڕ قەنەفە کرد) زۆر بەجوانی و تێروپڕی پێداویستی هۆڵی بۆ دابین کراوە.

٤- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە شێوەیەکی تایبەتی خۆی هەیەو کەوتۆتە تەنیشت دەرگای حەوشە، لە (٩) بۆری و ڕێزە بلۆکێک بۆ دانیشتن و (١٢) ئاودەست و (١) سەرشۆر پێک هاتووە.

٥- شوێنی شوشتنی مردوو: بۆ ئەم مەبەستە ژوورێکی (٣,٥×٣)م دروست کراوەو کەرەستەی مردوو شۆری بۆ دابین کراوە.

حەوشەکەی: چەندین بنەداری جوانی بەری لێ چاندراوە، لایەکی تری سەرتاسەر کراوەتە کاشی مۆزایک.


ئەم مزگەوتە خاوەن خانوو بەرەو چەند دوکانێکە. بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی پاک و خاوێن و پوختەیە ئاوو کارەبای لەسەرچاوە گشتی یەکانی میری یەوە وەرگیراوە.

١٩٩٧/٩/٣

## سەرچاوەکان:

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.
٢ - گفتوگۆ کردن لەگەڵ خودی مامۆستا مەلا سعدالدین پێش نوێژو ووتارخوێنی مزگەوت.

# ١٣٨- مزگەوتی حاجی عبدالواحد



ئـەم مزگەوتـــە، کەوتۆتـــە ناوچـــەی پیشەسازی باکوور، ناو فیتەران سـەر ڕێگـای شەقلاوە.

لەساڵی ١٩٨٤ لەسەر ئـەرکی (حـاجی عبدالواحـد حـاجی حسن)[1] دەست بەدروست کردنی کرا.

نەخشەکەی لەلایەن ئەندازیار (فاروق عبدالرحمن چەلەبی)وە دانرا، وەستا (نورالدین حسین) بەنناش دیوارەکەی کرد.

ڕووبەرەکەی (١٢٠٠)م٢.

مامۆستا مەلا (مصطفی عبداللە امین)[2] لەسەرەتاوە لەم مزگەوتە بە پێش نوێژ دەست نیشان کرا. بەڵام ئێستاکە مامۆستا مەلا (سلیمان عزیز مەلا سلیمان)[3] گەردی لێیە.

**بەشەکانی:**

١- حەرەم: بەئەندازەی (٨×١٦)م شێوەیەکی جوان دامەزراوە، میحراب و مینبەرو مەحفەلی پۆختەی بۆ کراوەو پێداویستی بەزیادەو بۆ دابین کراوە، بەئەندازەی (٢) م بەرهەیوانێکی جوانی بۆ کراوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە ژوورێکی (٤×٦)م دروست کراوە، سەرەکەی کۆنکریتەو ناوەکەی کاشیو بەتێرو پڕی پێداویستیەکانی دابین کراوە.

---

١- حاجی عەبدالواحد، خاوەن دەزگایەکی ئۆتۆمبیل چاککردنەوەیە لەناو فیتەران و بەڕەگەز خەڵکی هەولێرەو لەدیك بووی ساڵی (١٩٤١).

٢- ئەم زاتە لەسەرتاوە (١٩٨٤)وە کرا بەمامۆستای ئەم مزگەوتە تاکو لە ڕۆژی ١٩٩٧/٩/١ کۆچی دوایی کرد.

٣- ئەم زاتە پاش کۆچی دوایی مەلا مصطفی لەمزگەوتی نەجارەکانەوە خۆی گواستەوە بۆ ئەم مزگەوتە.

٣- هۆڵی پرسه: بۆ ئەم مەبەستە، بەرامبەر حەرەم جێگایەکی (٥×١٢)م ساز دراوە سەرەکەی کۆنکریتەو ناوەکەی کاشی (٣) لای دیوارە، لەچەشنی سابات.

٤- ژووری بانگدەر: بۆ بانگدەر ژوورێکی (٣×٣)م دروست کراوە، زۆر بەجوانی کەرەستەو پێداویستی بۆ دابین کراوە، مامۆستا مەلا (عبداللّه شهاب عبداللّه) زۆر کات لەوێ دادەنیشێ.

٥- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە بەشێوەیەکی رێك و پێك دروست کراوە، لە ١١ بۆری‌و ١٢ سەکۆو ٦ ئاودەست و ئاوی ساردو گەرم پێك هاتووە.

حەوشەکەی سەرانسەر کاشی رێژەو چەندین بنەداری بەری لێ چاندراوە بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی پاك و خاوێن و پوختەیە، ئاوو کارەبای لەمیری‌یەوە وەرگیراوە.

1997/9/13

## سەرچاوەکان:

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن بە:

ا- حاجی عبدالواحد حاجی حسن لەدەزگاکەی خۆی.

ب- مەلا عبداللّه شهاب عبداللّه- بانگدەر.

# ١٣٩- مزگەوتی حاجی هاشم عەتار[١]



ئـەم مزگەوتـــە، کەوتۆتە سەر شەقامی سـەرەکی گـەڕەکی سـورچییان،کـە لـە تەنیشـت مزگـەوتی سـپی‌وە دەسـت پی‌دەکات.

لەساڵی ١٩٨٤ حاجی (هاشم سۆفی حمەشین) بەدروست کردنی هەستا.

رووبەرەکەی (٥٠٠)م٢.

بەشی زۆری دیواری بلۆك و چەمەنتۆیـە، کـاتی خـۆی وەسـتا عبداللـه خـەیلانی دروستی کرد.

مامۆستا مـەلا (صـابر مـەلا نبـی احمـد برایـم) لەسـاڵی ١٩٩٤وە پێـش نوێـژو وتـارخوێنی ئـەم مزگەوتەیـە، لـەوەو پێـش مامۆسـتا مـەلا محمـدی مزگـەوتی سەنیەخانی لێ بوو.

**بەشەکانی:**

١- حـەرەم: بەئـەندازەی (١٠×٢٠)م و بـەرزی (٧)م حـەرەمێکی ڕێـك و پێکـی بـۆ دروست کـراوە، میحـراب و مینبـەرو مەحفـەلی کـەم وێنـەی بـۆ دامـەزراوە. زۆر بەشێوەیەکی پوختە کەرستەو پێداویستیەکانی بۆ دابین کـراوە. بەمـەودای (٢,٥)م بەرهەیوانی سەرانسەری بۆ کراوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە لەگۆشەی لای خۆرهـەڵاتی بـەر هـەیوانی حەرەم ژوورێکی (٣×٥)م دروست کراوە بەشێوەیەکی تێرو پڕ پێداویستیەکانی دابین کراوە.

٣- هـۆڵی پـرسـە: لـەم مـزگـەوتـە هـۆڵێکی پـرسە بـە دوو قـۆناغ دروست کراوە

---

١- ئەم زاتە دوکانی عەتاری هەبووە لەکاتی خۆی بۆیە وا ناونراوە.

ئەندازەکەی (٦×١٥)م وسەرەکەی کۆنکریتەو ناوەکەی چەمەنتۆیە کەل و پەل و پێداویستی هۆڵی بۆ دابین کراوە.

٤- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە لە ١٠ بەلوعەو چەند سەکۆیەك و (٥) ئاودەست و (١) سەرشۆر پێك هاتووە.

٥- سەرانسەر حەوشەکەی چەمەنتۆ ڕێژەو دەرگایەکی گەورەی دوو لای هەیە. بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی مام ناوەندی‌یەو بەبەردەوام فەرزەکان و نوێژی هەینی لێ دەکرێت. سەرچاوەی ئاوو کارەبای لەمیری‌یەوە وەرگیراوە.

١٩٩٧/٩/١٥

## سەرچاوەکان:

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەتن بە:

أ- مەلا صابر پێش نوێژو ووتارخوێن.

ب- وەستا عبداللە خەیلانی- وەستای دروست کردنی مزگەوتەکە.

# ١٤٠- مزگەوتی زکیە فتاح

ئەم مزگەوتە کەوتۆتە، گەڕەکی کورانی عەنکاوە.

زەویەکەی خەڵاتی خوالێخۆشبوو (زکیە فتاح)[١] بوو، بۆ مزگەوت لێ دروستکردن.

سەرەتای دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٨٤).


ڕووبەرەکەی (١٠٠٠)م٢.

لەسەرەتاوە مامۆستا مەلا (زبیر خدر عمر) بە پێش نوێژو ووتارخوێن لەم مزگەوتە دانرا.

لەساڵی ١٩٩٦دا مەلایەکی تر بۆ ئەم مزگەوتە دەست نیشان کرا بەناوی (مەلا صدیق محمود احمد).

---

١- ئەم ئافرەتە خیزانی حاجی (ڕشاد خورشید) بوو پێش مردنی وەسیەتی بۆ حاجی ڕەشادی مێردی کرد ووتی: داواکاریم ئەوەیە پاش مردنم هەرچی زێڕم هەیە بیفرۆشەو بەپارەکەی مزگەوتێك دروست کە، پاش کۆچی دوایی زەکیە خان ئەوا دەست بەدروست کردنی مزگەوت کرا، بەڵام پارەیان لێ بڕا، حاجی ڕشاد خۆی‌و یاسینی برای لەسەر ئەرکی خۆیان مزگەوتەکەیان تەواوکرد.



**بەشەکانی:**

١- حــــــــەرەم:
بەئەندازەی (٨×١٥)م و بەرزی (٥)م حەرەمێکی بۆ دروست کراوە. دیواری بلۆك، سەرەکەی کۆنکریتەو ناوەکەی کاشی. میحراب و مینبەرو مەحفەڵی نایابی هەیە، بەمەودای (٤)م بەرهەیوانی بۆ دروست کراوە، بەشێوەیەکی تێروپڕ پێداویستیەکانی دابین کراوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: چەند ژوورێك لەم مزگەوتە دروست کراون هەموو بەتەنیشت یەکەوە، یەکەم ژووریان بۆ پێش نوێژ دانراوە، بەزیادەوە پێداویستیەکانی دابین کراوە، ژوورەکانی تر کراونەتە جێی کەل و پەلی زیادەی مزگەوت.

٣- هۆڵی پرسە: بەئەندازەی (٥×١٢)م دەبێو دیواری بلۆکەو سەرەکەی کۆنکریتەو ناوەکەی کاشی. بەشێوەیەکی تێروپڕ ڕایەخ و گڵۆپ و پانکەو شتی لەم بابەتەی بۆ دابین کراوە.

٤- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە تارادەیەك بەجیایەو لە (٧) بۆریو (٨) سەکۆو (٥) ئاودەست پێك هاتووە.

٥- حەوشەکەی: سەرانسەر چەمەنتۆ کراوەو (٣) دەرگای هەیەو دەیەها بنەداری بەری لێ چاندراوە. لەسەربانی کەرتی دەست نوێژ بۆ ئاوی پێویست حەوزێکی گەورە لەچەمەنتۆ بەئەندازەی (٣×٥×١)م[1] دروست کراوە.

بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی ڕێك و پێکە، ئاوو کارەبای لەمیرییەوە وەرگیراوە.

١٩٩٧/٩/٢٨


**سەرچاوەکان:**

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.
٢- چاوپێکەوتن بەجەنابی مەلا زبیر پێش نوێژو ووتارخوێنی مزگەوت.

---

١- ئەم حەوزە (١٥) هەزار لیتر ئاو دەگرێت.

# ١٤١- مزگەوتی شەهید عبدالقادر[١]
# ( پیرێژن )[٢]



ئـــەم مزگەوتــە، کەوتۆتــە ســنوری خۆرئـاوای گـەڕەکی نەورۆز (حي العسكري).
لەساڵی ١٩٨٥ کـەس و کـاری شـەهیدی نـاوبراو دەسـتیان بەدروست کردنی کرد.
ڕووبەرکـــەی (١٠٠٠)م٢.

کاتی خۆی لەسەر بڕیاری (سارەخان)[٣] دەست بەدروست کردنی کرا.
مامۆستا مەلا (امجد کریم غازی)[٤] ماوەی دوو ساڵە لەم مزگەوتە پێش نوێژو ووتارخوێنە.

لەو پێش ئەم دو زاتەی لێبوو:
١- مامۆستا مەلا حسن مەلا سعید عەوێنەیی ، گوازراوە بۆ مزگەوتی ڕەفاعی.
٢- مامۆستا مەلا ابوبکر دوزتەپە.

## بەشەکانی:

١- حـەرەم: بە ئەنـدازەی (١٠×٢٠)م حـەرەمەکەی دروست کراوە، سەرەکەی

---

١- ناوی تەواوی (عبدالقادر مدحت احمد)ە لەجەنگی نێوان عێراق وئێران لە ١٩٨١/٥/١٩ شەهید کرا.
٢ - لەبەر ئەوەی (سارە خانی) دایك شەهید خۆی سەرپەرشتی دروست کردنی مزگەوتەکەی دەکردو ئافرەتێکی بەساڵاچوو بووە بۆیە بەمزگەوتی پیرێژن ناوی دەرکرد.
٣- سارە خان دایکی عبدالقادر بوو، لە ١٩٩٧/٤/٢١ کۆچی دوایی کـردو لـەناو مزگەوت لەتەنیشت گۆری شەهید بەخاك سپاردرا.
٤ - ئەم زاتە بە مەلا (امجەد) شەمامك بەناوبانگە جەنابیان لەدایك بووی ساڵی ١٩٧٠یە.

کۆنکریتەو ناوەکەی چەمەنتۆیە لەسەر شێوەیەکی جوان میحراب و مینبەرو مەحفەلی بۆ دروست کراوە. بەمەودای (٣)م بەرهەیوانێکی پوختەی بۆ کراوە هەموو جۆرە پێویستی بەزیادەوە دابین کراوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە زۆر بەساکاری ژوورێکی بچوك دروست کراوە بەشێوەیەکی هاکەزایی هەندێ پێداویستی بۆ دابین کراوە.

٣- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە کەوتۆتە خۆرئاوایی حەرەم لە (٧) بۆری و (٥) ئاودەست و حەوزێکی ئاوی لەچەمەنتۆ دروست کراو پێك هاتووە. لەحەوشەکەدا (٣) گۆڕ هەیە، لەوانە گۆڕی شەهیدو دایکی و یەکی تر، بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی مام ناوەندی‌یە، ئاوو کارەبای لەمیری‌یەوە وەرگیراوە .


١٩٩٧/٥/٣

**سەرچاوەکان:**

١- سەردانی مزگەوت لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن بەجەنابی مامۆستا مەلا امجد.

# ١٤٢- مزگەوتی حاجی لائقة ذالنون



لەم مزگەوتە، کەوتۆتە سنوری خۆرئاوای گەڕەکی کوردستان نزیك کۆتایی شار.

لەسەر ئەرکی حاجی لائقە ذالنون عزیز لەساڵی ١٩٨٥ دەست بەدروست کردنی کرا.

ڕووبەرەکەی (١٠٠٠)م٢.

کاتی خۆی مامۆستا مەلا محمد غەزالی لێبوو، بەڵام ئێستاکە ئەم دوو زاتەی لێیە:

١- مامۆستا مەلا شەفیع بلباس پێش نوێژ.

٢- مامۆستا مەلا مصطفی هەمزە خدر (مەلا مصطفی‌ی لەك) ووتارخوێن.

**به‌شه‌كانی:**

١-حه‌ره‌م: حه‌ره‌مه‌كه‌ی (١٠×٢٠)م سه‌ره‌كه‌ی كۆنكریته‌و ناوه‌كه‌ی كاشی‌و دیواری بلۆك. ته‌نها میحراب و مینبه‌ری هه‌یه، له‌گه‌ڵ مه‌حفه‌لێكی باریك. به‌مه‌ودای (٢,٥)م به‌رهه‌یوانێكی به‌رزتر له‌حه‌وشه‌ی بۆ دروست كراوه. هه‌ندێ له‌پێداویستیه‌كانی بۆ دابین كراوه وپێویستی به‌زیاتر هه‌یه.

٥- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئه‌م مه‌به‌سته زۆر به‌ساكاری ژوورێك دروست كراوه پێداویستی‌یه‌كانی به‌نیوه ناته‌واوی دابین كراوه.

٣- به‌شی ده‌ست نوێژگرتن: ئه‌م به‌شه له‌(١٢) بۆری و (٤) ئاوده‌ست و (١) خۆشۆرو (٥) تانكی چینكۆی ئاو پێك هاتووه.

به‌ڕاستی مزگه‌وتێكه پێویستی به‌ئاوڕ لێ دانه‌وه هه‌یه، ئاوو كاره‌بای له‌میری یه‌وه وه‌رگیراوه، ئه‌م مزگه‌وته خانوو به‌ره‌ی خۆی هه‌یه بۆ خێزانی مامۆستا.

١٩٩٧/٦/٣

**سه‌رچاوه‌كان:**

١- سه‌ردانی مزگه‌وت و به‌شه‌كانی له‌نزیكه‌وه.

٢- گفتوگۆ كردن له‌گه‌ڵ مامۆستا مه‌لا شفیع بلباس ئیمامی مزگه‌وت.

# ١٤٣- مزگه‌وتی مامۆستا مه‌لا محمدی جدیده له‌ك

ئه‌م مزگه‌وته، كه‌وتۆته كۆتایی شاری هه‌ولێر، له‌ئاستی گه‌ڕه‌كی كرێكاران، نزیك كۆتایی هێڵی هاتووچۆی پاسه‌كانی ئه‌و گه‌ڕه‌كه.


سه‌ره‌تای دامه‌زراندنی ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ ساڵی ١٩٨٥.

كاتی خۆی، دانیشتوانی ئه‌م گه‌ڕه‌كه هه‌ستان به‌یارمه‌تی كۆكردنه‌وه به‌نیازی دروست كردنی مزگه‌وتێك. ئه‌وه بوو پاش كۆكردنه‌وه‌ی یارمه‌تی مامۆستا مه‌لا (محمد عزیز صالح جدیده له‌ك) كرایه سه‌ر كارو ئه‌ركه‌كه‌ی پێ سپێرا.

ڕووبه‌ره‌كه‌ی (١٦٠)م٢.

پاش ته‌واوبوونی، مامۆستا مه‌لا محمد كرایه پێش نوێژو بڕیاردرا سه‌رپه‌رشتی مزگه‌وته‌كه بكات.

**بەشەکانی:**



١- حـــــەرەم: بەئـەندازەی (٨×١٠)م بەشـەیـێکی بـۆ دروست حەرەمێکی بـۆ دروست کراوە دیواری بـەرزی هەیـە، تاڕادەیـەك پێداویستی بـۆ دابـین کراوە، سـەرەکەی کۆنکریتەو ناوەکەی چەمەنتۆیە.

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە لەسەربانی حەرەم ژوورێك بۆ دانیشتنی ئیمام دروست کـراوە پێپیلکـەی تایبـەتی خـۆی هەیـە تاڕادەیـەك ئـەم ژوورە پێداویستیەکانی دابین کراوە.

٣- بەشی دەست نوێژگرتـن: ئـەم بەشـە، زۆر بەسـاکاری دروسـت کـراوە، لـە (٣) ئاودەست و (٤) بۆری پێك هاتوە.

پانتایی حەوشەکەی ناگاتـە (١٠)م٢ ودەرگایـەکی ئاسنی گـەورەی دوو لای هەیـە، ئاوو کارەبای لەمیری‌یەوە وەرگیراوە.

١٩٩٧/٦/٧

**سەرچاوەکان:**


١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.
٢- چاوپێکەوتن بە مامۆستا مەلا محمد جدیدە لەك ئیمامی مزگەوت.

# ١٤٤- مزگەوتی (الشهیدین)ی کوران

ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە کۆتایی گەڕەکی کوران، نزیك خانووەکانی کارگەی رستن و چنین.

لەساڵی ١٩٨٥ لەسەر ئەرکی کەس و کاری ئەم دوو شـەهیدە دەست بەدروست کردنی کرا:

أ- شەهید (عثمان حاجی عزیز شێروانی).
ب- شەهید (اسعد رسول غازی).



ئەم دوو شەهیدە، لەشەهیدانی جەنگی (عێراق و ئێران) بوون.

پانتایی مزگەوتەکە دەگاتە (٨٠٠)م چوارگۆشە.

لەسەرەتاوە مامۆستای خوالێخۆشبوو (مەلا جبار عزیز) کرا بە پێش نوێژو وتارخوێن، بەڵام لەساڵی ١٩٩٦ کۆچی دوایی کرد، پاش ئەو مامۆستا مەلا (نوری مەلا عزیز مەلا ئەمین)[1] کرایە پێش نوێژو وتارخوێن لەم مزگەوتە.

شان بەشان مەلا نوری مامۆستا مەلا (عبداللە اسماعیل فەقێ عبداللە)ی[2] لێیە.

**بەشەکانی:**

١- حەرەم: ئەندازەی حەرەمەکەی (١٠×٢٠)م و بەرزی (٦)م دیواری بلۆك، سەرەکەی کۆنکریتەو زەوییەکەی چەمەنتۆیە. میحراب و مینبەرو مەحفەل و بەرهەیوانی رێك و پێکی بۆ دروست کراوە، تاڕادەیەکی چاك پێداویستیەکانی دابین کراوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە لەسەر هەمان شێوەی مزگەوتەکان ژوورێکی مناسب بۆ دانیشتنی مەلای مزگەوت دروست کراوە بەپێداویستییەوە. ژوورێکیشی هەیە بۆ کەل و پەلی زیادەی مزگەوت.

٣- هۆڵی پرسە: ئەم هۆڵە بەئەندازەی (٥×٢٠)م و لەسەر شێوەیەکی تێروپڕ کەل و پەل و پێداویستی بۆ دابین کراوە.

٤- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە لە (١٤) بۆری و (٧) ئاودەست پێك هاتووەو جێگایەکی تایبەتی هەیە بۆ مردوو شۆردن.

---

١- مامۆستا مەلا نوری بە مەلا (نوری دووکەڵە) ناوبانگی دەرکردووە.

٢- مەلا عبداللە لەسەر میلاکی وەزارەتی پەروەردە بوو، خۆی گواستەوە سەر میلاکی ئەوقاف و لەم مزگەوتە دانرا.

حەوشەکەی سەرانسـەر چەمەنتۆیـە، تەنـها بنـەدارێکی لێـیـە، خانووبـەرەی پێش نوێژی هەیە، بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی چاك ونایابە.

سەرچاوەی ئاوو کارەبای لە میرییەوە وەرگیراوە.

١٩٩٧/٥/٢

**سەرچاوەکان:**

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن بە مەلا جبار، ناوێك لەمزگەوت.

## ١٤٥- مزگەوتی اسماعیل یعقوبی [1]



ئـــەم مزگەوتـــە، کەوتۆتە کەرتی گەڕەکی زانیـاری، سەرشـــەقامی سەرەکی کوران (ڕێگـای مەخمور).

ســـەرەتای دروســـت کردنـی دەگەڕێتـەوە بـۆ ساڵی ١٩٨٥.

لەســـەر ئـــەرکی (اسماعیل احمد علی یەعقوبی) دەست بەدروست کردنی کرا.

ڕووبەرەکەی (٩٠٠)م٢.

سەرەتای کردنەوەی ئەم مزگەوتە لەمانگی ئەیلولی ساڵی ١٩٨٥ بوو، هەر لەهـەمان ساڵ دەست بەدروست کردنی کرا بوو، مامۆستا مەلا (عبداللطیف اسماعیل کریم) کە ناسراوە بە مەلا لەتیفی میران، لەیەکەم ڕۆژەوە کراوەتە پێش نوێژو ووتارخوێن.

**بەشەکانی:**

١- حەرەم: حەرەمەکەی (١٠×١٥)م و بەرزی (٦)م دەبێ لەسەر شێوەیەکی تێروپڕ

---

١- بنەماڵـەی (یـەعقوبی) لـە زۆر کـاری خێر جێ پەنجـەیان دیـارەو بنەماڵـەیـەکی خـاوەن ڕابردوویەکی دیارن.

دروست كراوه. ميحـراب و مينبـەرو مەحفـەل و بەرهـەيوان و گومـەتى پوختـەى بـۆ دروسـت كـراوه. زۆر بەشـێوەيەكى تـێروپڕ كـەل و پـەل و پێداويسـتى لەهـەموو ڕوويەكەوه دابين كراوه.

٢- ژوورى پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە ژوورێكى (٣×٣,٥)م دروسـت كراوەو زۆر بەچاكى پێداويستيەكانى بەزيادەوه بۆ دابين كراوه.

٣-هۆڵى پرسە: بەئەندازەى (٧×٢٠)م هۆڵێكى فراوان و ڕێك و پێك بـۆ دروسـت كراوه . بەجۆرێكى چاك پێداويستى بۆ دابين كراوه.

٤- بەشى دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە لە (٦) بۆرىو (٦) سەكۆو (٥) ئاودەست و بەشێكى سەربەخۆ پێك هاتووه.

بەشـێوەيەكى گشـتى مزگـەوتێكى ڕێـك و پێـك و پوختەيـە جـەماوەرێكى زۆر هاتوچۆى دەكەن.

سەرانسـەر حەوشـەكەى كاشـى كـراوەو دەرگـاى سـەرەكى كەوتۆتـە سەرشـەقامى سەرەكى ئەم گەڕەكە (ڕێگاى مەخموور). ئاوو كارەباى لەميرىيەوه وەرگيراوه.

١٩٩٧/٨/٢٠

**سەرچاوەكان:**

١- سەردانى مزگەوت و بەشەكانى لەنزيكەوه.

٢- چاوپێكەوتن و گفتوگۆ كردن لەگەڵ مامۆستا مەلا عبداللطيف ميران.

## ١٤٦- مزگەوتى (الاخوان)[١] حاجى سلام


ئەم مزگەوتـە، كەوتۆتـە گـەڕەكى كۆمـارى نزيـك ياريگـاى گشـتى شـارو بەرامبـەر بەوەزارەتى گواستنەوەو گەياندن.

لەساڵى ١٩٨٥ كوڕەكانى مامۆستاى خوالێخۆشبوو مەلا حسنى تيمارى بەدروست كردنى هەستان.

ناوى كوڕەكانى مەلا حسن:

١- سلام مەلا حسن

١- لەبەر ئەوەى كوڕانى مامۆستا مەلا حسنى تيمارى شەش برا بوون بۆيە ناوى ئەخوانى لێنرا.



مەلا حسن

٢- بکر مەلا حسن

٣- عبدالله مەلا حسن

٤- حمید مەلا حسن

٥- سعید مەلا حسن

٦- کاکەمین مەلا حسن

ڕووبەرەکـــــــەی (١٠٠٠)م٢ چوارگۆشەیە.

لەســەرەتای مــانگی شوباتی ساڵی ١٩٨٥ ئاهەنگی کردنەوەی بۆ ساز کرا، یەکەم نوێژی بەکۆمەڵ نوێژی ئێوارە بوو.

لەیەکـەم ڕۆژەوە مامۆسـتا مـەلا (عبدالرحمـن شەمشـولە کرایـە پێـش نوێـژو وتارخوێن، هەرچـەندە مامۆسـتا مـەلا (صابر محمدامین حمدی)ش پێـش نوێـژی لێدەکات.

## بەشەکانی:

١- حەرەم: زۆر بەشێوەیەکی پوختەو جوان حەرەمێکی (١٢×٢٠)م-ی بۆ دروست کراوە بەرزی (٦)م دەبیٚو سەرەکەی کۆنکریتەو ناوەکەی کاشی. میحراب و مینبەرو مەحفەلی پوختەی بۆ کراوە، بەئەندازەی (٣)م بەرهەیوانێکی قەشەنگی بۆ کراوە. زیاد لەپێویست هـەموو جـۆرە کـەل و پـەل و پێداویستی بـۆ دابین کـراوە، نـاو حـەرەم بەدەیەها گلوپی جوان ڕازاوەتەوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە، لەسەر هەمان شێوەی تێرو پڕی حەرەم ژوورێك بۆ ئیمام دروسـت کـراوە، لـەدابین کردنـی هـەموو پێویستی کـەم تەرخـەمی نەکراوە.

٣- هۆڵـی پرسـە: بـۆ ئـەم مەبەسـتە هۆڵێکـی قەشـەنگ دروسـت کـراوە، زۆر بەشێوەیەکی جوان و پوختە پێداویستیەکانی لەهەموو بارەیەکەوە دابین کراوە.

٤- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە سەربەستێك بەخۆیەوە دەبینێ، جێگایەکی تایبەتی هەیە، لە (١٤) بۆڕی خلاط و (٦) ئاودەست و ئاوی ساردو گەرم پێك هاتووە. حەوشەیەکی پاك و خـاوێن و سەرانسـەر کاشـی ڕێـزی هەیـە، چـەندین بنـەداری جوانی لێ چاندراوە.

بە شێوەیەکی گشتی مزگەوتێکە خاوەن ناوبانگ و خەڵکێکی زۆر هاتوچۆی دەکەن. ئاوو کارەبای لەمیری‌یەوە وەرگیراوە.

ئەم مزگەوتە خاوەن ئەم بەشانەیە:

ا- خانوو بەرە بۆ پێش نوێژی مزگەوت.

ب- (١٢) دوکانی بکرێ چووە.

(مامۆستا مەلا عبدالرحمن) ووتی، بەنیازی دروست کردنی مۆڵی نوێژکردنی ئافرەتانین لەم زووانە.

١٩٩٢/٥/١٦

## سەرچاوەکان

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن بە:

ا- جەنابی مامۆستا مەلا عبدالرحمن، پێش نوێژ و ووتارخوێن.

ب- مەلا احمدی بانگدەر.

## ١٤٧- مزگەوتی گەڕەکی ڕوناکی (خڕ)[1]

ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە، ناوەڕاست گەڕەکی ڕوناکی.

سەرەتای دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٨٥.

کاتی خۆی ئەو زەوی‌یە بۆ تەکیەی بنەماڵەی (شێخ ڕەشیدی لۆلان) دەست نیشان کرا.

بەڵام ئەم بنەماڵەیە، ماوەیەک گەڕانەوە لۆلان بۆ سەر خانووبەرەی خۆیان، لەوا بەڕێوەبەرایەتی ئەوقاف زەوی‌یەکەی کرد بەمزگەوت.

شێوەی بیناسازی ئەم مزگەوتە جیاوازە لەگەڵ مزگەوتەکانی تری ناو شار، بەتایبەتی حەرەمەکەی، شێوەیەکی بازنەیی گرتۆتە خۆی بۆیە بەمزگەوتی خڕ ناوی دەرکردووە.

ڕووبەرەکەی (١٠٠٠)م٢ چوارگۆشەیە.

ئێستاکە ئەم دوو مامۆستایەی لێیە:

١- مامۆستا مەلا قادر قەتەوی.

---

١- لەبەر ئەوەی نەخشەی حەرەمەکەی بازنەیی‌یە، بۆیە بەخڕ ناوبرا.

٢- مامۆستا مەلا علی شێخ وتمان.

بەڵام خوتبە ویێژیان مامۆستا مەلا (کمالی حاجی صادق)ە ماوەیەکی ئێستا مامۆستای خوالێخۆشبوو مەلا (محمدی ئومر مشاری) بوو.

**بەشەکانی:**

١- حەرەم: وەکو ئاماژەمان بۆ کرد، حەرەمەکەی لەسەر شێوەیەکی بازنەیی دروست کراوە، ناوقەدی خۆی لە (٢٠)م دەداو میحراب و مینبەرو مەحفەل هەیە، زۆر بەتێروپڕی پێداویستیەکانی لەهەموو روویەکەوە دابین کراوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە لەلای خۆرئاوی حەرەم ژوورێك بەئەندازەی (٣×٥)م دروست کراوەو تاڕادەیەکی چاك پێداویستیەکانی بۆ دابین کراوە.

٣- هۆڵی پرسە: بۆ ئەم مەبەستە هۆڵێکی لاکێشەیی گەورە لەلای خۆرهەڵاتی حەرەم دروست کراوە، لەبەر بچوکی حەرەم دەرگایەکی لەناو حەرەمەوە بۆ کراوەتەوەو ڕۆژانی هەینی نوێژی لێ دەکرێت. لەکاتی پرسەش خەڵك لێ دادەنیشت.

٤- منارەکەی: بۆ ئەم مزگەوتە، منارەیەکی لەئاسن دروست کراوە، قیت بۆتەوە، ناوقەدی (١,٥)م دەبێ‌و بەرزی (٨)م چەند بڵند گۆیەکی لەقەد بەستراوە.

٥- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە کەوتۆتە پشت ژووری پێش نوێژ، لە (٧) بۆری‌و (٥) ئاودەست و بەشێکی تایبەت پێك هاتووە.

٦- حەوشەکەی، حەوشێکی پان و بەرینی هەیە، بنەدارێکی تووی گەورەی لەناوەڕاست لێ ڕوواوە. دەرگایەکی گەورەی ئاسنی دوو لایی هەیە، زۆرتر لەدەرگای گەراج دەچێ نەك مزگەوت. خانووبەرەی مەلای هەیەو تاکو ئێستاش خانەوادەی مامۆستای خوالێخۆشبوو (مەلا محمد اومر مشاری) لێ دانیشتووە.

ئاوو کارەبای لەمیرییەوە وەرگیراوە، بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی چاك و خەڵکی ئەو دەوروپشتە پێی حەساونەتەوە.


١٩٩٧/٥/١٦

**سەرچاوەکان**

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.

٢- گفتوگۆ کردن لەگەڵ مەلا نجم الدین شێخ رؤوف،و چەند فەقێیەك لەفەقێیەکانی ناو مزگەوت.

# ١٤٨- مزگەوتی (الماجدی)[1]



ئـەم مزگەوتــە، کەوتۆتــە ناوەڕاسـت گـەڕەکی ئـەندازیاران، بەیــەکێ لەمزگەوتــە ناودارەکانی ئەم شـارە لەقەڵەم دەدرێت.

سـەرەتای دروسـت کردنـی دەگەڕێتـەوە بـۆ ساڵی ١٩٨٥.

ڕووبەرەکەی (١٨٠٠)م٢.

مامۆستای خواڵێخۆشبوو (عبدالقادر اسماعیل ماجدی) بەدروست کردنی هەستا، بەڵام بەداخەوە پێش ئەوەی تەواو بکرێـت بەسـەریا کۆچـی دوای کـرد. کـارکردن ماوەیەك وەستا، لەپاشان حاجی (احمد مەلا قادر) بڕیاری تـەواوکردنی مزگەوتەکەی داو گرتیە ئەستۆی خۆی. لەساڵی ١٩٨٧ تەواو بوو.

مامۆستا مـەلا عبدالقـادر رسـول بەحرکـەیی، لەسـەرەتاوە کراوەتـە پێش نوێـژ وتارخوێن لـەم مزگەوتـەو یـەکێ بوو لەبەشدار بووانـی ئاهــەنگ گـێڕانی کردنەوەی مزگەوت.

ئـەم مزگەوتـە زۆر بەشـێوەیەکی تـێروپڕو هاوچـەرخی (عصـری) دروست کراوە لەهیچ لایەك کەم تەرخەمی لێ نەکراوە.

**بەشەکانی:**

١- حەرەم: زۆر بەشێوو نەخشەیێکی جوان حەرەمەکەی دروست کراوە، لەباشترین کەرەستەی بیناسازی پێك هاتووە. میحراب و مینبەرو مەحفەل و گۆمەت و منارەی بەرهەیوانی کەم وێنەو تێروپڕی بۆ دروست کراوە. (١٠) دانە فەرشی (٣×٤)م ئایاتی لێ ڕاخراوە. ڕووی میحراب و مینبەر، زۆر بەجوانی ڕوکەش کراوە، چەندین ئایەتی لێ نووسراوە، گومەتێکی بازنـەی جوانی بۆ کـراوە، (٢٠) دانـە پەنجـەرەی بـۆ ڕووناکردن

---

١- لەبەر ئەوەی خوا لێ خۆشبوو خەڵکی گوندی ماجدی بووە، بۆیە ئەم ناوەی لێ ناوە

جوانی لێ بەستراوە، لەناوەڕاست زریزەیەك شۆڕ بۆتەوەو (سورەیایەکی)[1] جوان و قەشەنگ و گەورەی لێ بەستراوە. زۆر بەشێوەیەکی تێروپڕ هەموو جۆرە پێداویستیەکی بەزیادەوە بۆ دابین کراوە. بەرهەیوانەکەی لەناو حەوشەی مزگەوت بەرزترە، بەیەك دوو پلە بۆی سەرئەکەوێت. دەرگاو پەنجەرەی ئەلەمنیۆمی سپی لێ بەستراوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە لەتەنیشت هۆڵی پرسە، بەرامبەر بە حەرەم، ژوورێکی گەورە بۆ دانیشتنی پێش نوێژو وتارخوێن دروست کراوە. ئەم ژوورەش لەسەر هەمان شێوە، بە تێروپڕی هەموو جۆرە پێویستیەکی بۆ دابین کراوە. سەدەها پەرتوکی زانستیو ئاینیو جۆراوجۆری لێ دانراوە. مێزو سەلاجەو تەلەفۆن و قەنەفەو شتی لەم بابەتەی بەزیادەوە بۆ دابین کراوە.

٣- منارەکەی: منارەکەی لەریزی منارەکانی مزگەوتە ناودارەکانی ئەم شارە زیاتر نەبێ، کەمتر نی‌یە. بەرزی (٢٥)م و ناوقەدی (٢,٥)م و ژێرەکەی شێوە جیاوازی خۆی هەیە. لەناوەوە پێپیلکەی (حلزونی) بۆ بەسەرکەوتن بۆ کراوە، لەناوقەد پشتینەی بۆ کراوە، بڵند گۆیەکانی لێ بەستراوە لەبەرزی (١٠)م پارچە بەردێك خراوەتە ناو دیواری منارەکەو لێی نووسراوە (مزگەوتی ماجدی- لە ساڵی ١٩٨٧ لەسەر ئەستۆی مامۆستا مەلا عبدالقادر ماجدی دروست کرا).

٤- هۆڵی پرسە: لەسەر هەمان شێوە، هۆڵێکی پوختە بۆ پرسەو هۆیەکانی دروست کراوە، زۆر بەشێوەیەکی تێروپڕ دەرگاو پەنجەرەی پوختەو کەرەستەی پێویستی بۆ دابین کراوە دەیەها (ئارکوندیشن)ی لێ بەستراوە.

٥- بەشی مردووشتن: زۆر بەشێوەیەکی پوختە بەشێك بۆ مردوو شتن دروست کراوە، لە ژوورێکی گەرەو (٢) سەکۆی لەکاشی فەخفوری دروست کراوو کەرستەی پێویستی پێك هاتووە.

٦- حەوشەکەی: حەوشەکەی کراوەتە دووبەش، لایەکی کراوەتە باخچەو دارو چیمەن، ئەویتر سەرانسەر کاشی ڕێژە.

٧- بەشی دەست نوێژگرتن: لەگۆشەی لای خۆرئاوای حەرەم، لەناو حەوشەکە بەشی دەست نوێژ دروست کراوە، ئەم بەشە شێوەیەکی تایبەتیو سەربەخۆی هەیە، (١٤) جووت بۆڕی (خلاط) (١٢) سەکۆی بچوك بۆ دانیشتن، (١٠) ئاودەست و (١)

---

١- لەوێنەی ئەم سورەیایەم، لەهیچ مزگەوتێکی تر بەچاوم نەکەتووە.

سەرشۆر پێك هاتووە، هەموو دیوارەكانی بەكاشی فەخفوری سپی رووكەش كراوە.
دەرگای حەوشەی بەگەورەی لەئاسن دروست كراوە.
بەشێوەیەكی گشتی مزگەوتێكی پاك و خاوێن و پوختەیە، لەمزگەوتە ناودارەكان لەقەڵەم دەدرێت. ئاوو كارەبای لەمیری‌یەوە وەرگیراوە.

١٩٩٢/٥/٢٠

**سەرچاوەكان**
١- سەردانی مزگەوت و بەشەكانی لەنزیكەوە.
٢- چاوپێكەوتن و گفتوگۆ كردن لەگەڵ خودی مامۆستا مەلا عبدالقادر رسول بەحركیی، لەماڵی خۆی لەبارەی مزگەوتەكەوە.

# ١٤٩- ( مزگەوتی حاجی خدر یابە )



ئـــەم مزگەوتـــە، كەوتۆتـــە گـــەڕەكی راپـــەڕین (شـــورتاوە)ی، نزیـــك گرتوخانـــەی مـــێردمندالآن (سـجن الاحداث).
لەســـاڵی ١٩٨٥ دروســـت كـــرا، لەســـەر ئـــەركی كوڕەكـــانی خوالێخۆشبوو حاجی خدر لەوانە:
١- بەڕێز كاك حاجی عونی حاجی خدر.
٢- بەڕێز كاك غنی حاجی خدر.
٣- مامۆستای زانكۆ كاك سردار حاجی خدر.
رووبەركەی (١٠٠٠)م٢.
لەكاتی خۆی‌دا وەستا (فەتحی بەنا) دروستی كردو سەرپەرشتی كرد.
ناوی هەندێ لەمامۆستاكانی:
١- مامۆستا مەلا (سەید محمد سەید عبدالله) بەرزنجی ووتارخوێن.

٢- مامۆستا مەلا عبدالجبار حسن گەڕاوی پێش نوێژ
٣- مامۆ..تا مەلا قادر تەقاعد کرا.
٤- قوتابیەکی زانکۆی لێیە بەناوی (فرهاد علی فرج) ئاوبەماو پێش نوێژ دەکات.

مامۆستا مەلا عبدالجبار حسن گەڕاوی، لەسەرەتای مزگەوتەکەوە پێش نوێژ دەکات.

## بەشەکانی:

١- حەرەم: بەئەندازەی (١٠×٢٠)م و بەرزی (٥)م حەرەمێکی پوختەی بۆ دروست کراوە. میحراب و مینبەرو مەحفەل و بەمەودای (٢,٥)م بەرهەیوانی ڕێک و پێک و پوختەی بۆ دروست کراوە کەل و پەل و پێداویستی بەزیادەوە بۆ دابین کراوە

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە ژوورێکی (٤×٨)م دروست کراوە. بەزیادەوە کەل و پەل و پێداویستی لەهەموو ڕوویەکەوە بۆ دابین کراوە بە تەنیشتیەوە ژوورێکی بچوك هەیە بۆ کەل و پەلی زیادەی مزگەوت.

٣- بەشی دەست نوێژ: ئەم بەشە لە (٧) بۆڕیو (٧) سەکۆو (٥) ئاودەست پێك هاتووە.


حەوشەکەی لایەکی دارو دارستانێکی پوختەی لێ چاندراوەو لایەکەی کەی کراوەتە چەمەنتۆ.

بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی پوختەیە، ئاوو کارەبای لەمیریەوە وەرگیراوە ١٩٩٧/٩/١٠

## سەرچاوەکان:

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.
٢- چاوپێکەوتن بە:
أ-مامۆستا سردار حاجی خدر- کۆلێژی پەروەردە.
ب- قوتابی کۆلێژ (فرهاد علی فرج).

# ١٥٠- مزگەوت و تەكیەی شێخ قادر بەرزنجی



ئـــەم مزگەوتـــــە، كەوتۆتە گەڕەكی كوران رزگاری، نزیـك بنكـەی تەندروسـتی شـەهید دكتۆر (محمد باجەلان).

سـەرەتای دروسـت كردنـی ئـەم مزگەوتـە دەگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵی ١٩٨٦.

زەوی‌یەكەی لەلایەن (شێخ قادر شێخ محمد)[1] بەرزنجەیی‌وە وەرگیراوە. خێرخوازو دانیشتوانی گەرەكەكەش یارمەتیان دا بۆ دروست كردنی.

ڕووبەرەكەی (١٠٠٠)م٢.

لەسەرەتاوە مامۆستا مەلا (عبدالله عثمان احمدی) لێیە پێش نوێژو ووتارخوێنە.

**بەشەكانی:**

١- حەرەم: بەئەندازەی (١٠×١٥)م حەرەمێكی پوختەی بۆ دروست كراوە، میحراب و مینبەرو مەحفەلی ڕێك و پێكی بۆ دروست كراوە، دیواری بلوك و سەرەكەی كۆنكریتە، ناوەكەی چەمەنتۆیە تاڕادەیەكی چاك پێداویستیەكانی بۆ دابین كراوە بەرهەیوانێكی سەرتاسەری باریكی هەیە.

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە لەسەربانی بەشی دەست نوێژگرتن دروست كراوە، زۆر بەتێرو پڕی پێداویستی‌یەكانی دابین كراوە، لەناو حەوشەوە پێپیلكەی بۆ بەسەركەوتنی بۆ دامەزراوە.

٣- ژووری تەكییە: لەم مزگەوتە ژوورێكی گەورەو فراوان دروست كراوە بۆ تەكییە، دەرگایەكی ڕووەو ناو حەوشەی مزگەوتەوە یەكەكەی تر بەرەو ماڵی یاشێخ.

٤- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە تاڕادەیەك سەربەخۆیە، لە (١٢) بۆڕی(٥) ئاودەست پێك هاتووە، تانكی‌یەكی گەورەی ئاوی لەسەربان هەیە، لەبەر دەرگاكەی بە

---

١- ئەم زاتە ناوی شێخ قادر شێخ محمد شێخ جلال عەوێنەیی، بەرزنجی‌یە.

عەرەبی ئەم ڕستەیە نووسراوە.

(جامع و تكية البرزنجي، قام بتاسيسها الشيخ عبدالقادر والشيخ صديق ولدی الشيخ محمد البرزنجی).

بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی ڕێک و پێکە، ئاوو کارەبای لەمیرییەوە وەرگیراوە.

**سەرچاوەکان:** ١٩٩٧/٥/٢


١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.

٢- چارپێکەوتن بە بەڕێزان:

أ- کاك شێخ عبدالقادر خاوەن مزگەوت.

ب- مامۆستا مەلا عبدالله پێش نوێژو ووتارخوێن.

## ١٥١- مزگەوتی حاجی حیدر[١]



ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە گەڕەکی ئازادی، بەرامبەر بە پێشانگاکانی ئوتۆمێبل فرۆشتن.

لەساڵی ١٩٨٦ دانیشتوانی ئەو گەڕەکە هەموو پێکەوە دەستیان بەیارمەتی کۆکردنەوە کردو حاجی (حیدر عثمان)نیان کردە سەر کار بۆ دروست کردنی مزگەوتەکە. ڕووبەرەکەی (٤٠٠)م٢.

شێوەی بیناسازی ئەم سەردەمەی گرتۆتەخۆ، دیواری بلۆك سەری کۆنکریتە، ناوەکەی چەمەنتۆیە.

١- حاجی حیدر عثمان، یەکێ بوو لەدانیشتوانی ئەو گەڕەکەو بەڕەگەز خەڵکی گوندی (سەیدانی) ناوچەی بەڕانەتی‌یە هەر ئەو هۆیەش بوو ناوی حاجی حیدری گرتە خۆ.

لەسەرەتادا مامۆستا مەلا (سعدالدین مەلا مسعود) گەردی کرایە پێش نوێژ وتار خوێن، بەڵام پاش ماوەیەك دڵی عاجز بوو مزگەوتەکەی بەجێ هێشت و مامۆستا مەلا (حمدامین خدر) هاتە جێگاکەی ئەو ئێستا لەمزگەوتی کاوانی‌یە لە بەستەپیازە (گەڕەکی خانزاد).

## بەشەکانی:

١- حەرەم: وەکو زۆربەی مزگەوتی ئەم شارە، حەرەمێکی پوختەی بۆ کراوە، میحراب و مینبەرو مەحفەلی ڕێك و پێکی بۆ کراوە. بەشێوەیەکی چاك پێداویستی حەرەمی بۆ دابین کراوە سەرانسەر بەرهەیوانێکی هەیەو کراوەتە جامخانە بۆ نوێژ لێ کردن.

٢- ژووری پێش نوێژ: بەئەندازەی (٦×٣)م ئەم ژوورە دروست کراوە، بەشێوەیەکی پوختە کەل و پەل و پێویستەیەکانی دابین کراوە.

٣- هۆڵی پرسە: لەلای خۆرئاوای حەرەم هۆڵێك بۆ ئەم مەبەستە دروست کراوە، سەرانسەر رایەخی لێ راخراوە، بەڵام چەندین لاوم دی دەرسییان تێدا دەخوێند تاڕادەیەك کەل و پەل و پێداویستیشی بۆ دابین کرابوو.

٤- بەشی دەست نوێژ: ئەم بەشە لە (٦) بۆڕیو (٤) ئاودەست و ئاوی ساردو گەرم پێك هاتووە.

حەوشەکەی سەرتاسەر چەمەنتۆ کراوەو، ناو بەناو خەڵکی نوێژی لێ دەکەن لەبەر کەم جێگایی.

بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی پوختەیە، ئاوو کارەبای لەمیری‌یەوە وەرگیراوە.

١٩٩٧/٦/١٦


## سەرچاوەکان:

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکە وە.
٢- چاوپێکەوتن بەجەنابی مامۆستا مەلا حمدامین خدر لە مزگەوتی حاجی عەبدە.

# ١٥٢- مزگەوتی حاجی مصطفی عثمان

ئەم مزگەوتە کەوتۆتە گەڕەکی سێتاقانی سەروو، سەر ڕێگای کۆیە، نزیك نەخۆشخانەی ڕزگاری.

سەرەتای دەست پێ کردنی لە ڕۆژی ١٩٨٦/١/٣ بوو. حاجی مصطفی حاجی



عثمان خۆی‌و كوڕەكانی ئەركی دروست كردنیان گرتە ئەستۆ.
ڕووبەرەكـــــــەی (١٠٠٠)م٢.
شێوەیەكی هەندەسی جوانی هەیە، هـەندێ كەس دەڵێن كاتی خۆی حاجی مصطفـی ئـەم نەخشەیەی لەتوركیاوە هێناوە.
هەر لەسەرەتاوە مامۆستا مەلا (احمد عزیز باوە) كرایە پێش نوێژو ووتار خوێن.

## بەشەكانی:

١- حەرەم: زۆر بەشێوەیەكی جوان و بەدوو نهۆمی دروست كراوە، پانتایی نهۆمی سەرەرز (١٢×٢٤)م و (٨)م بەرزیـەتی. سـەرەكەی كۆنكریتـەو ناوەكـەی سەرانسـەر كاشی‌یە، گومەتێكی بازنەی قەشـەنگی بۆ كراوە، ڕووی میحراب و مینبەر بەكاشی سیرامیك بەجوانی ڕازاوەتـەوە. مەحفەلەكـەی كراوەتـە (٢) بـەش، بەشێك بۆ نوێـژ كردنی ئافرەت و ئەوی تر بۆ مەحفەل گومەتەكەی ناوقەدی (٦)م ئەبێ‌و بەرزی (١٥)م (١٦) پەنجـەرەی لێ بەسـتراوە. لەكـەڕپوچ منارەیـەكی بـەرزی بۆ كـراوە، بەرزیەكـەی (٢٠)م و ناوقەدی منارەكی (٣)م لەلای سەرەوە پشتێنەی بۆ كراوەو چەند بلنگۆیەكی لێ بەستراوە. بەشێوەیەكی زیاد لەپێویست هەموو جۆرە كەل و پەل و پێداویستی بۆ دابین كراوە.

٢- ژووری پێـش نوێـژ: بـۆ ئـەم مەبەسـتە بەئـەندازەی (٤×٦)م ژوورێكی پوختە دروست كـراوە، سـەرەكەی كۆنكریتـەو ناوەكـەی كاشی بـەتێروپڕی هـەموو جۆرە پێداویستی بۆ دابین كراوە.

٣- ژوورەكـانی‌تر: (٣) ژوور بــەدەم یەكـەوە دروسـت كـراوان، یـەكێ بـۆ سەرپەرشتیكارو یـەكێ بـۆ فـەقێ‌و یـەكێ بـۆ مـەخزەن ئـەم ژوورانـەش تاڕادەیـەك پێداویستیەكانیان دابین كراوە.

٤- هۆڵی پرسە: بۆ ئەم مەبەستە هۆڵێکی (٧×١٢)م بەرزی (٣,٥)م دروست کراوە، سەرەکەی کۆنکریتەو ناوەکەی کاشی، زۆر بەتێروپڕی پێداویستی هۆڵی بۆ دابین کراوە دەیەها دۆشەکی ئیسفەنجی (ضغط العالي) لێ دانراوە.

حەوشێکی زۆر پوختەی هەیە، سەرتاسەر کاشی کراوە (٥) دەرگای هەیە، دەرگای سەرەکی کەوتۆتە لای خۆرهەڵاتی حەرەم و ئەم رستەیەی بە عەرەبی لێ نووسراوە (جامع الحاج مصطفى الحاج عثمان واولاده، تأسس في ١٩٨٦/١/٣).

ئەم مزگەوتە لەڕیزی مزگەوتە ناودارەکانی ئەم شارەیە، ئاووکارەبای لەمیرییەوە وەرگیراوە. بە شێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی زۆر پوختەیە، تاکو لێی بدوێت رێک و پێکە. خوای گەورە پاداشتی خاوەنی بداتەوە.

١٩٩٧/٨/١٦

**سەرچاوەکان:**

١- سەردانی مزگەوت وبەشەکانی لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن بەکورێك لەکورەکانی خادمی مزگەوت.

# ١٥٣- مزگەوتی (أبوبكر الصديق)[1]

ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە گەڕەکی کوێستان سنوری لای باکووری شار نزیك رێگای شەقلاوە.

لەساڵی ١٩٨٦ دەست بەدروست کردنی کرا.

ئەرکی دروست کردنی (حاجی رسول عبدالرحمن) گرتیە ئەستۆی خۆی.

ڕووبەرەکەی (١٣٠٠)م٢.

نەخشەکەی لەلایەن ئەندازیار (گوهدار فتحی معصوم) دانراوەو وەستا عبدالرحمن بەشی زۆری کردووە.


مامۆستا مەلا (عبدالرحمن حمد احمد) کە بە مەلا عبدالرحمنی ماستاوە ناسراوە، لەیەکەم ڕۆژەوە کراوەتە پێش نوێژو ووتارخوێن لەم مزگەوتە، جەنابیان لەدایك بووی ساڵی (١٩٣٨)ە.

**بەشەکانی:**

---

١- سەبارەت بەناوی خەلیفەی ئیسلام (ابوبکری صدیق)ەوە ناونراوە.

١- حەرەم: لەسەر شێوەیەکی لاکێشەییو بەئەندازەی (١٢×٢٠)م و بەرزی (٧)م دروست کراوە سەرەکەی کۆنکریتەو ناوەکەی چەمەنتۆیە میحراب و مینبەرو مەحفەل و گومەتی کەم وێنەی بۆ دروست کراوە. بەزیادەوە کەل و پەل و پێداویستیەکانی لەهەموو ڕوویەکەوە دابین کراوە. بەشێوەیەکی جوان بەرهەیوانی بۆ کراوە لەسەر دەرگای حەرەم، دوعایەکی دوورو درێژ بە زمانی عەرەبی نووسراوە[1].



١- ژووری پێش نوێژ: لەیەکێ لەگۆشەکانی حەوشەکە، ژوورێکی بەدگونیەو (قیرو قاچ) نارێکە بۆ پێش نوێژ دروست کراوە، هەرچەندە نارێکە بەڵام بەپوختەیی کەل و پەل و پێداویستی بۆ دابین کراوە.

٣- هۆڵی پرسە: بۆ ئەم مەبستە هۆڵێك دروست کراوە، لەشێوەی هۆڵی مزگەوتەکانی تر ناکات. شێوەی تایبەتی زیاتر لەمەخزەنی حکومەت دەکات بەڵام سوود بەخشە، کەل و پەل و پێداویستی لەهەموو ڕوێکەوە دابین کراوە.

٤- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە لە (١٤) بۆڕی خلاط و (١٤) سەکوو (٩) ئاودەست و (١) سەرشۆر پێك هاتووە.

٥- حەوشەکەی: تاڕادەیەك حەوشێکی سادەی هەیە، چەند بنەداری لێ چاندراوە. خانووبەرەی هەیە بۆ پێش نوێژ، ئاوو کارەبای لەمیرییەوە وەرگیراوە.

لەسەر دەرگای حەوشەی مزگەوت ئەم ڕستەیە نووسراوە. (مزگەوتی ابو بکر الصدیق لە ١٩٨٦/٦/١ دەست بەدروست کردنی کراو لە ١٩٨٨/٨/١ کۆتایی هات).

١٩٩٧/٩/١٣

---


١- ﴿اللهم ارزقنا ایماناً کاملاً ویقیناً صادقاً وقلباً خاشعاً ولساناً ذاکراً وعملاً مقبولاً وتوبة نصوحاً وارزقنا رزقاً حلالاً واسعاً وعلماً نافعاً. برحمتیك یا ارحم الراحمین﴾.

**سەرچاوەکان:**

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن بەجەنابی مامۆستا مەلا عبدالرحمن ماستاوەو یەکێ لەکوڕەکانی.

## ١٥٤- مزگەوتی قادر بلە[1]



ئـەم مزگەوتـە، کەوتۆتـە سەرشـەقامی (٦٠)م تەنیشـت میوانخانـەی هـێرش، چوار ڕێیانی ئیسکان- سەیداوە.

لەسـاڵی ١٩٨٧ دەست بەدروست کردنی کـرا، لەسـەر ئـەرکی حاجی قادر حمد.

ڕووبەرەکەی (٧٢٠)م٢.

ئەم زاتە لەسەر ئەرکی خۆیو بەسەرپەرشتی کردنی ئەندازیار (هەژار)ی کوڕی ئەم مزگەوتە تەواو کرا.

نۆر بەشێوەیەکی جوان دروست کراوە، نەخشەکەی نەخشـەیەکی هاوچەرخی ئەم سەردەمەیە. ناوی لەڕیزی مزگەوتە ناودارەکانە، هەر لەسەرەتاوە مامۆستا مەلا (عزیز مەلا حمدامین دوکەلەیی) کرابە پێش نوێژو ووتار خوێن.

**بەشەکانی:**

١- حەرەم: شێوەی ئەم حەرەمە لەگەڵ شێوەی حەرەمەکانی تر جیاوازی هەیە. نە چوارگۆشەیە، نە لاکێشەیە، نە بازنەیە بەڵکو لەچەشنی دیناری ئاسن (٨) گۆشی هەیە نێوان گۆشەیەک تا گۆشەیەکی تر (٦)م دەبێ ناوقەدی حەرەم(٢٠)م، میحراب و

---

١- بلە- ناوی گوندێکە لەگوندەکانی ناحیەی خەلیفان، حاجی قادر خەڵکی ئەو گوندەیەو بۆیە مزگەوتەکەی بەناو گوندەکەیەوە ناوناوە.

مینبەرو مەحفەل و گومەتی نایابی بۆ کراوە، بە بەردی حەلان بۆ جوانی ڕووکەش کراوە. گومەتەکەی بازنەیی‌و ناوقەدی (٨)م و (٢٠)م بەرزە بەشێوەیەکی جوان و نەرمونیان، هەموو جۆرە پێداویستی بۆ دابین کراوە. دەیەها مافوری (٣×٤)م ی لەیەک جۆری لێ ڕاخراوە.

٢- هۆڵی پرسە: بۆ پرسە هۆڵێکی فراوان دروست کراو، زۆر بەتێروپڕی قەنەفەو کەرەستەی پێداویستی بۆ دابین کراوە.

٣- هۆڵی نوێژ کردنی ئافرەتان: لەسەربانی هۆڵی پرسە، هۆڵێک بەهەمان ئەندازە دروست کراوەو دەرگای تایبەتی خۆی هەیە بۆ هاتوچۆ، پێداویستی بۆ دابین کراوە.

٤- ژووری پێش نوێژ: لەلای حەرەم دوو ژوور دروست کراون لەتەنیشت یەک، ژوورێکیان کراوەتە ژووری پێش نوێژو بەجوانی پێداویستی‌یەکانی بە زیادەوە دابین کراوە.

٥- منارەکەی: بەبەرزی (٢٥)م بەرینی (٢,٥)م و شێوەیەکی بازنەیی دروست کراوە، ژێرەکەی (٦) گۆشەیی‌یەو کراوەتە (٣)بەش، لەناوەوە پێپلکەی بەسەرکەوتنی هەیە، (٤) دانە بڵندگۆی لێ بەستراوە.

٦- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە کەوتۆتە گۆشەی لای خۆرئاوای حەرەم لە (١٠) بۆری‌و (١٠) سەکۆو (٧) ئاودەست پێک هاتووە.

٧- شوێنی مردوو شۆردن: بۆ ئەم مەبەستە، جێگایەکی تایبەتی دروست کراوە مردووشۆر دارەمیت و کەرەستەی پێویستی بۆ دابین کراوە.

٧- حەوشەکەی: کراوەتە دوو بەشی بچوک، بەشی لای پێشەوە کاشی‌یەو لەژێریا حەوزێکی گەورە بۆ ئاوی پێویست دروست کراوە بەئەندازەی (٣×٤×٦)م.

بەشێوەیەکی گشتی مزگەتێکە لەمزگەوتە ناودارەکان، دەرگای سەرەکی مزگەوت، کەوتۆتە سەرشەقامی (٦٠) مەتری‌و لەسەری نووسراوە (جامع بلە- تأسس سنە ١٤٠٨-١٩٨٧).

ئاوو کارەبای لەمیری‌یەوە وەرگیراوە.

١٩٩٧/٧/٢٦



سەرچاوەکان:

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن بەماموستا مەلا عزیز پێش نوێژو ووتارخوێن.

٣- چاوپێکەوتن بە حاجی محمد معروف- خادم لەمزگەوت.

# ١٥٥- مزگەوتی شێخ (احمد خەیلانی)



ئـــەم مزگـەوتـــە، کەوتۆتـــە، گـــەڕەکی شۆڕش، پشت گـەراجی کۆمپانیـای سـەفین بـۆ گواســـتنەوە، نزیـــك مزگـــەوتی علاءالدیـــن سجادی.

ســـەرەتای دەســـت پێکردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٨٧. بەڵام لەساڵی ١٩٩٠ تەواو بوو.

سەرجەم پانتاییەکەی (٢٠٠٠)م٢.

ئەرکی دروست کردنی کەوتە، سەر ئەستۆی (شێخ احمد شێخ محمدامین) خەیلانی بەرزنجی،

جەنابی یا شێخ خۆی پێش نوێژی دەکردو مامۆستا مەلا (شێرزاد عبدالوهاب) ووتارخوێنە[١].

ئەم مزگەوتە لەسەر نەخشەی ئەندازیار (فارس سعدی) دروست کراوە بەدەستی وەستا عبداللەی بەنا تەواوی کرا.

## بەشەکانی:

١- حـەرەم: بەئـەندازەی (١٥×١٨)م بـەرزی (٦)م حـەرەمێکی جوانـی لـەبلۆك بۆ دروست کراوە سەرەکەی کۆنکریتەو ناوەکەی چەمەنتۆیـە چوار دەوری میحراب و مینبەر، بەدەستی چەند وەستایەکی (میسری) رازاوەتەوە چەندین نەخش و نیگاری جوانی بۆ کراوە، بەبـەرزی (٤)م و بـەپانی (٥)م درێـژی (١٨)م مەحفـەلێکی جوان و پوختەی بۆ کراوە، گومـەتێکی بازنـەی هـەیە، ناوەقـەدی (٦)م دەبـێ و بـەرزی (١٥)م (١٩) دانە پەنجەرەی جوانی لێ بەستراوە. بەمەودای (٤×١٨)م بەرهـەیوانی هـەیە.

---

١- لە کاتی وێنەگرتن، لە ٢٠٠١/٤/٢٣ دەرکەوت مامۆستا (سراج الدین شێخ احمد) بۆتە ووتار خوێنی مزگەوت.

حەرەم زۆر بە تێروپڕی هەموو پێداویستیەکانی بەچاکی دابین کراوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە بەئەندازەی (٥×٨)م ژوورێك دروست کراوە، سەرەکەی کۆنکریتەو ناوەکەی کاشی کەل و پەل و پێداویستی بۆ دابین کراوە.

٣- ژووری فەقێ: لەبەر بوونی فەقێ لەم مزگەوتە، ئەوە ژوورێکی تایبەتیان هەیە، مامۆستا مەلا (محمد سمایل برایم) دەرسیان پێ دەدات.

٤- هۆڵی پرسە: بۆ ئەم مەبەستە هۆڵێکی (٨×١٥)م دروست کراوە، زۆر بەتێرو پڕی پڕ فەرش کراوە، سەرجەم پێداویستیەکانی بەزیادەوە دابین کراوە.

٥- هۆڵی نوێژکردنی ئافرەتان: لەهەمان شێوەی هۆڵی پرسە، هۆڵێك بۆ نوێژ کردنی ئافرەتان دروست کراوەو پێداویستیەکانی دابین کراوە دەرگای تایبەتی خۆی هەیە.

٦- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە لە (١٢) بۆڕی خلاط و (١٢) سەکۆو (٩) ئاودەست و (١) سەرشۆر پێك هاتووە.

٧- ژووری مردوشتن: بۆ ئەم مەبەستە ژوورێکی (٣×٥)م دروست کراوە بەهەموو پێداویستی یەکەوە.

٨- کەرتی نوێژ کردنی هاوینە: بۆ نوێژ کردنی هاوین، جێگایەکی تایبەت دروست کراوە، سەرەکەی بەچینکۆ (تۆتیا) سێبەری بۆ کراوە.

بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی زۆر ڕێك و پێکە تەنها دەرگای حەوشەی پێویستی بەتەواو کردن هەیە، ئاوو کارەبای لەمیریەوە وەرگیراوە.

١٩٩٧/٥/٨

## سەرچاوەکان:

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی.

٢- چاوپێکەوتن و گفتوگۆ لەگەڵ:


أ- خودی مامۆستا شێخ احمد و مامۆستا سراج الدین-ی کوڕی.

ب- خودی مامۆستا محمد سمایل برایم-(مودەریس).

ج- کاك شێخ جهاد شێخ احمد .

# ١٥٦- مزگەوتی الشهداء
# ( شەهید سداد حاجی خلیل )

ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە گەڕەکی موفتی. نزیک شەقامی نێوان گەڕەکی موفتی و روناکی.



سەرەتای دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ سالی ١٩٨٧.

ئەرکی دروست کردنی کەوتە ئەستۆی حاجی (خلیل شاکر)[١] دار فرۆش.

رووبەرەکەی (١٠٠٠)م٢.

زۆر لەسەر شێوەیەکی جوان و تێرو پڕ دروست کراوە، هەر لەسەرەتاوە مامۆستا مەلا (حمدامین کریم حمدامین) کرایە پێش نوێژو وتارخوێن و یەکێ بوو لە بەشداربووانی ئاهەنگی کردنەوەی مزگەوت لە کاتی خۆی.

**بەشەکانی:**

١- حەرەم: زۆر بەشێوەیەکی جوان حەرەمێکی (١٥×٢٠)م بۆ دروست کراوە، سەرەکەی کۆنکریتەو ناوەکەی کاشی. زۆر بەتێرو پڕی میحراب و مینبەرو مەحفەل و بەرهەیوانی بۆ کراوە، زۆر بەچاکی هەموو پێداویستی‌یەکانی دابین کراوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: لەگۆشەیەك بەرامبەر بەرهەیوانی حەرەم، ژوورێك بەپوختەیی دروست کراوە، زۆر بەشێوەیەکی جوان پێداویستیەکانی دابین کراوە. سەلاجەو تەلەفۆن و کتێبخانەو شتی لەم بابەتە بۆ دابین کراوە.

---

١- حاجی خلیل کوڕێکی هەبوو بەناوی (سوداد) خاوەنی ماڵ و خێزان بوو ماڵەکەی بەر هێرشێکی بۆردومانی فڕۆکەی ئێران کەوت، لەکاتی شەڕی نێوان عێراق و ئێران هەموو بریندار بوون، لەنەخۆشخانە داوای لەباوکی کرد، ووتی: ئەگەر هات و مردم، هەموو ماڵەکەم بفرۆشن و بەپارەکەی مزگەوتێك دروست بکەن، پاش مردنی شەهید سوداد دەست بەدروست کردنی مزگەوت کراو ناوی نرا مزگەوتی شهداء.

٣- هۆڵی پرسە: بۆ ئەم مەبەستە، هۆڵێکی پوختەی بۆ دروست کراوە، زۆر بەچاکی پێداویستیەکانی دابین کراوە.

٤- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە لە(١٠) بۆڕیو (٦) دانە ئاودەست پێک هاتووە ناونیشانی مزگەوت بە خەتێکی جوان لەسەر دەرگای مزگەوت نووسراوە. حەوشێکی پوختەی کاشی ڕێژی هەیە، زۆر بەپوختەی ڕاگیراوە ئاوو کارەبای لەمیری‌یەوە وەرگیراوە

١٩٩٧/٥/١٦


**سەرچاوکان:**

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن بە مامۆستا مەلا حمدامین کریم برایم باولی.

# ١٥٧-مزگەوتی حاجی عەبدەی بەقال[١]

ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە گەڕەکی ئازادی، نزیک پێشانگاکانی ئۆتۆمبێل فرۆشتن.



سەرەتای دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٨٧.

ئەرکی دروست کردنی کەوتە ئەستۆی خوالێخۆشبوو حاجی عەبدەو کاک هاشمی برای.

سەرجەم پانتایی‌یەکەی (١٥٠٠)م٢.

لەسەرتاوە، لەڕۆژی ١٩٨٧/٧/١١ وە مامۆستا (مەلا محمد شەفیع رسول)[١] کراوەتە پێش نوێژو وتارخوێن.

---

١- ناوی تەوای (حاجی عبدالرزاق احمد حسن)ە خەڵکی گوندی (ئومربلە) لەناو خەڵکدا بەحاجی عەبدەی بەقاڵ ناسراوە.

**بەشەکانی:**

١- حەرەم: زۆر بەشێوەیەکی جوان و ئەندازەیەکی پوختە (١٠×٢٠)م حەرەمێکی بۆ دروست کراوە، میحراب و مینبەرو مەحفەل و بەرهەیوانی نایابی بۆ کراوە. دیواری کەرپوچ و سەربانی کۆنکریتەو ناوەوەی چەمەنتۆیە، بەتێروپڕی پێداویستیەکانی دابین کراوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە زۆر بە پوختەی ژوورێك بەفراوانی دروست کراوە. کەل و پەل و پێداویستی بەتێروپڕی دابین کراوە.

٣- هۆڵی پرسە: ئەم هۆڵە کەوتۆتە لای خۆرئاوای حەرەم، دەرگاکەی کەوتۆتە سەر بەرهەیوانی حەرەم. بەچاکی پێداویستیەکانی دابین کراوە.

٤- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە لە (٧) بۆڕی خلاط و (٤) بۆڕی تاك و (٩) سەکۆو (٦) ئاودەست پێك هاتووە.

حەوشێکی چوارگۆشەی هەیە، لەناوەڕاست پارچە چیمەنێکی هەیە، خانووبەری مەلای هەیە، (١٢) دوکانی گەورەی هەیە بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی ڕێك و پێك و پوختەیە ئاوو کارەبای لەمیریەوە وەرگیراوە.

١٩٩٧/٥/٣٠

**سەرچاوەکان:**

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن بەمامۆستا مەلا محمد شەفیع.

٣- چاوپێکەوتن بەکاك هاشم برای حاجی عەبدە.

٤- کاك خالدی کوڕی حاجی عەبدە.

## ١٥٨- مزگەوتی بلال الحبشی(٢)

ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە گەڕەکی بەلاشاوەی باداوە، نزیك گەڕەکی مامۆستایان. سەرەتای دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٨.

دانیشتوانی ئەم گەڕەکە هەموو پێکەوە یارمەتیان کۆکردەوەو حاجی عومەر کرایە

---

١- ئەم زاتە لەگوندی (باتاس) بوو، لەسەر داواکاری حاجی عەبدەو کاك هاشمی برای هاتە ئەم مزگەوتە.

٢- سەبارەت بەناوی پیرۆزی بانگ دەری پێغەمبەر(د.خ) ناوی بیلالی لێ نرا.

سەرکارو ئیشەکەیان پێ سپارد.

سەرجەم پانتایەکەی (٢٨٠)م، (٢٠٠) ئەرزە دیاری کراوەکەیەو (٨٠)م یش مەتروکە (زیادە) هەبوو خۆیان دایانە دەم پانتایی مزگەوتەکە.

لەسەرەتادا ماموستای خوالێخۆشبوو (مەلا سلیم)ی لێ دانرا ئەم زاتە لەڕۆژی ١٩٧٩/١/٤ کۆچی دوایی کرد.

پاش ئەو، ماموستا مەلا (سەید کاکەمین قادر سەید ابراهیم) جەباری کرایە پێش نوێژ.

## بەشەکانی:

١- حەرەم: بەئەندازەی (٥×١٨)م حەرەمێکی لاکێشەیی ساکاری بۆ دروست کراوە. بەرزی (٤)م و ناوەکەی چەمەنتۆ کراوەو سەرەکەی کۆنکریتە، زۆر بەهەژارانە چەند پارچە کومبارو دووگرد (بەرماڵ) و جاجمی لێ ڕاخراوە، لەناو دیوار میحرابی بۆ کراوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە لەبەرهەیوانی حەرەم، لەلای خۆرهەڵات ژورێکی بچوک دروست کراوە.

٣- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە لە (٣) ئاودەست و (١) خۆشۆرو (٤) بۆڕی بۆ دەست نوێژ گرتن پێك هاتووە.

دەرگایەکی بچوکی ئاسنی دوولایی هەیە، کەوتۆتە سەر شەقامی گەڕەك، حەوشەکەی زۆر بچوکە. ئاوو کارەبای لەمیری یەوە وەرگیراوە.


١٩٩٩/٢/٢

## سەرچاوەکان:

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن بەجەنابی ماموستا مەلا سەید کاکەمین جەباری و یەکێ لەخادمەکانی مزگەوت.

# ١٥٩- مزگەوتی (شیفاء)[1]



ئـــەم مزگەوتـــە، کەوتۆتـــە نـــاو نەخۆشخانەی کۆماری.

ســـەرەتای دروســـت کردنی دەگەڕێتـەوە بـۆ ساڵی ١٩٧٨.

ئـــەرکی دروســـت کردنـــی کەوتـــە ســـەر ئەوقافی شاری هەولێر.

پانتای‌یەکەی (٢٠٠)م٢.

لەسەرەتاوە مامۆستا مەلا (احمد علی اسعد) بە پێش نوێژ لێ‌دانراوە.

**بەشەکانی:**

١- حەرەم: بەشێوەیەکی ساکار حەرەمێکی بۆ دروست کراوە، هەندێ کەل وپەل وپێداویستی بۆ دابین کراوە، مامۆستاش هەر لەلایەکی حەرەم دادەنیشت. نوێژەکانی بەکۆمەل لێ دەکرێت.

٢- بەشی دەست نوێژ گرتن لە چەند بۆری‌یەك و(٣) ئاودەست پێك هاتووە.

بەشێوەیەکی گشتی مزگـەوتێکی خنجیلانەیـەو زۆر کـات وادەبـێ خـەلکێکی زۆر بەکۆمەل نوێژی لێ دەکەن. بە تایبەتی کارمەندانی نەخۆشخانەکە.

٢٠٠٠/٢/٧


**سەرچاوە:**

١- گفتوگۆ کردن لەگەل مامۆستا مەلا احمد، لەبەڕێوەبەرایەتی ئەوقاف.

---

١- وادیارە، لەبەر ئەوەی لەنەخۆشخانەیە، بۆ ئـەوەی هـەموو نـەخۆشێك شیفای بێت بۆیە بەناوی (شیفاء) ناونراوە.

# ١٦٠- مزگەوتی ڕەفاعی[1]



ئـــەم مزگەوتـــــە، کەوتۆتە گەڕەکی نەورۆز (ڕەنگـــین)، نزیـــــک (مجزرەی مریشك).

ســـەرەتای دروســـت کردنـی دەگەڕێتـەوە بـۆ ساڵی ١٩٨٧.

(٣) هـــــــاووڵاتی کـــەرکووک بەدروســـــت کردنی هەستان، ئەم (٣) زاتە خەڵکی گەڕەکی (رحیم ئاوە)ن ناوییان.

١- بەڕێز کاك شێخ جمال شێخ نورالدین ڕەفاعی.

٢- بەڕێز کاك احمدی سەمونچی.

٣- بەڕێز کاك عیدان.

پانتایەکەی (١٢٠٠)م٢.

ماوەیەك لەسەرەتای دروست کردنی، بەزۆری کاك شێخ حسین شێخ سەید گوڵ بەرزنجی سەرپەرشتی کرد.

ماوەیـەك مـەلا محسـن نـاوێکی لێ بـوو، خـۆی کارمـەندی وەزارەتـی دارایـی بـوو، لەپاشان چەندین مامۆستا هاتن و ڕۆیشتن، دووا مامۆستایان:

مامۆستا مەلا (حسن مەلا سعید) عەوێنەیە.

**بەشەکانی:**

١- حەرەم: حەرەمێکی مام ناوەندی بۆ دروست کراوە، پانتایی (٨×١٢)م ئەبیّو بەرزی (٥,٤)م. سەرەکەی کۆنکریتەو ناوەکەی چەمەنتۆیە، تەنها میحرابێکی لەناو دیوار بۆ کراوە لەگەڵ مینبەرێکی لەدار دروست کراو. مەحفەلی نییە، بەرهەیوانی بۆ کراوەو زۆر بەنیوە ناتەواوی هەندێ رایەخی لێ ڕاخراوە، لەگەڵ هەندێك کەل و پەل و پێداویستی.

---

١- ئەم بنەماڵەیە سەر بە ڕێبازی تەریقەی رفاعین.

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە ژووری تایبەتی، تاکو ئێستاکە دروست نەکراوە.

٣- بەشی دەست نوێژگرتن: ئـەم بەشـە کەوتۆتـە لای خۆرئـاوای حـەرەم دەستە چەپی چوونە ژوورەوە. زۆر بەشێوەیەکی ساکار چەند بۆڕیـەك و(٤) ئاودەستی بۆ کراوە.

ئەوەی جێی وەبیر هێنانەوە بێ، لەساڵی ١٩٩٨ بەهیمەتی خێرخوازان، ئەوقاف برێك پارەی بۆ تەرخان کردو دەستێکیان پێ داهێنا لەوانە:

١- دروست کردنی ژوورێکی گەورە بەناو تەکیەوە.

٢- فراوان کردنـی حـەرەم، بـەهۆی لابردنـی دیـواری نێـوان حـەرەم بەرهـەیوان و دروست کردنی بەر هەیوانی دی.

٣- فراوان کردنەوەی دیواری دەوروبەری حەرەم.


١٩٩٨/٨/٣٠

## سەرچاوەکان

١- تێبینی: لەبەر ئەوەی ئەم مزگەوتە نزیك ماڵی من بوو، ئەوا زوو زوو سـەردانیم دەکردو ئاگاداری گۆڕانکاییەکان بووم.

٢- چاوپێکەوتن بە (مەلا حسن مەلا سعید و شێخ جمال شێخ نورالدین).

# ١٦١- مزگەوتی شەهید (ملازم ئازاد)



ئـــەم مزگەوتـــە، کەوتۆتـــە گـــەڕەکی شورتاوە (حي الشرطة) نزیـك گـەڕەکی بـاداوە، تەنیشـت قوتابخانـەی (فـاو) نزیـك شـەقامی (١٠٠) مـەتری بەرامبـەر بەگەڕەکی مامۆستایان.

سەرەتای دەست پێ کردنی دەگەڕێتەوە بۆ پێش کارەساتی (کوێت)و بۆ ساڵی (١٩٨٨- ١٩٨٩).

(حاجی حمه اغا)[1] لەسەرەتاوە بەدروست کردنی هەستا، بەڵام بەداخەوە لەبەر ناڵەباری بارودۆخی عیراق توانای تەواو کردنی نەما.
ئەوەبوو کارکردن تێیدا وەستا، پاش ماوەیەك کەس و کاری شەهید ئەفسەر (ئازاد)[2] بڕیاری تەواو کردنیان داو دەستیان بەکار کردن کرد. دەرکەوت ئەم جارەش مزگەوت دووچاری هەمان گیروگرفت بوو، تەواو نەبوو. ئەمجارەیان دانیشتوان و خێرخوازان شانیان دایە بەر، پارەیەکی باش کۆکرایەوە، دەست بەکارکردن کرایەوە بۆ جاری سێیەم ئیمڕۆ ۱۹۹۷/۸/۱ لەکاتی سەردانمان بۆ ئەم مزگەوتە راوانیمان خەڵکێکی زۆری لێ ئالأبوو، چەشنی مێش هەنگ خەریکی کارکردن بوون، ناوەکەیان بەچەمەنتۆ دادەڕشت.
پانتایەکەی (۱۲۰۰)م چوارگۆشەیە.

## بەشەکانی:

۱- حەرەم: زۆر بەشێوەیەکی جوان و پان و بەرین و ڕێك و پێك حەرەمێکی بۆ دروست کرابوو، بەڵام لەقوناغی کار لێ کردن دابوو جێگای میحراب و مینبەرو مەحفەل و بەرهەیوان و شتی لەم بابەتەی دیاری کرابوو.
۲- لەوە دەچوو هۆڵی پرسە زووتر تەواو کرابێت، خەڵك لە هۆڵەکە نوێژی جەماعەتیان دەکرد.
۳- (۲) ژووری بچوکی بەتاڵی هەبوو.
٤- بەشی دەست نوێژگرتن: کەوتۆتە گۆشەی لای خۆرئاوای حەرەم و هەر بەنیوە ناتەواوی مابوو.
بەشێوەیەکی گشتی ئەگەر بێتو تەواو بکرێت، مزگەوتێکی پوختەو ڕێك و پێکی لێ دەردەچێت.

۱۹۹۷/۸/۱


## سەرچاوەکان

۱- سەردانی مزگەوت لەنزیکەوە.
۲- چاوپێکەوتن بەهەندێ لەو کەسانەی سەرپەرشتی کارکردنەکەیان دەکردو کەس و کاری شەهید ئازاد رحمان قادر.

---

۱- لەبەر باردۆخی عێراق و جەنگی کەنداوی عەرەبی بۆی تەواو نەکرا.
۲- ئەم زاتە ناوی تەواوی (ئازاد رحمن قادر)ە، ئەفسەر بوو لە سوپای عێراق و لەجەنگی نێوان عێراق وئێران لە ڕۆژی ۱۹۸۷/۸/۸ لەناوچەی (قەڵادزێ هێرۆ) شەهید کرا.

# ١٦٢- مزگەوتی (علی بن ابي طالب)[1]
# شێخ محی‌الدین بەرزنجی



ئــەم مزگەوتـــە، کەوتۆتـــە گـــەڕەکی شـــورتاوە لای بـــاداوە زەوی مـەلایان لـەکۆتایی سـنوری شـار بەشـی لەلای خۆرهەڵات.

زۆر کــەس دەڵێــن مزگـــەوتی شـــێخ محی‌الدین بەرزنجی.

رووبەرەکەی (١٠٠٠)م٢.

تاڕادەیەك لەمزگەوتەکە بەولاوە چەند مـاڵێك نـەبێ ئیـتر نـەبوو، چۆڵـەوانی بـوو، کرابوو دانەوێڵە (دەغل) کشتوکاڵ.

سەرەتای دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ ١٩٨٨/٤/١.

بەهەول و تەقەلای زۆری (شێخ محی‌الدین شێخ شاکر) بەرزنجیو دانیشتوانی ئەو گەڕەکەو خێرخوازان ئەم مزگەوتە هاتە دی.

شێوەی جوان و ئـەندازیاریو بیناسـازی نـوێ لێ بـەدی دەکرێـت زۆر بـەجوانی دروست کراوە.

هەر لەیەکەم ڕۆژەوە مامۆستا مەلا (سەید محمود سەید احمد سەید خدر) کراوەتە پێش نوێژو ووتار خوێن.

**بەشەکانی:**

١- حەرەم: وەکو ئاماژەم بۆ کرد، هەر کە سەرنج لـەم حەرەمە بدێت، مـاندوبوونی چەند کەسانێکت بۆ دەردەکەوێت، لەوانە ئەندازیارو وەستاو سـەرکارو ئەم چەشنە کەسـانە. بەئـەندازەی (١٠× ٢٠)م و بـەرزی (٦)م حـەرەمێکی زۆر جوانـی بـۆ کـراوە. سـەرەکەی گۆنکریتـەو ناوەکـەی کاشـیو دیـواری بلـۆك، زۆر بەشـێوەیەکی پوختـە

---

١- ناوی یەکێکە لەخەلیفەکانی راشدین، (خەلیفەی ئیسلام).

میحراب و مینبەرو مەحفەل و بەرهەیوانی بۆ کراوە، تاڕادەیەك کەل و پەلی پێویستی ماکەزایی بۆ دابین کراوە.

٢- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە لە (٦) بۆڕیو (٥) ئاودەست پێك هاتووە، بەڵام لەوە دەچوو کە فەرامۆش کرابیٚو بەبیٚ خزمەت بوو، هەر بە نیوە ناتەواوی مابۆوە.

٣- حەوشەکەی: حەوشەکەی (٢) بەش بوو، بەشێکی هەروەکو خۆی بەخۆڵی مابوو، بەشەکەی تری سەرانسەر کاشی ڕێژبوو.

هۆڵی پرسەو ژووری پێش نوێژو ئەم جۆرە کەرتانەی بۆ نەکرا بوو.


بەشێوەیەکی گشتی پاش تەواو بوون مزگەوتێکی پوختەی لیٚ دەردەچێت. ئاوو کارەبای لەمیری‌یەوە بوو، بەڵام زۆر بیٚ ئاو بوو.

١٩٩٧/٧/٢٨

**سەرچاوەکان:**

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.
٢ - چاوپێکەوتن بەخانەوادەی مامۆستا مەلا سەید محمود پێش نوێژی مزگەوت.

# ١٦٣- مزگەوتی حاجی احمد یعقوبی



ئەم مزگەوتە کەوتۆتە گەڕەکی کوڕان، کۆڵانی گەنم فرۆشەکان زۆر جار خەڵکی پیٚی دەڵێن (مزگەوتی سپی) سەبارەت بەرنگی سپی گومەتەکەی.

سەرەتای دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٨٨.

سەرجەم ڕووبەرەکەی (١٦٠١)م٢.

ئەرکی دروست کردنی حاجی (احمد محمد علی یەعقوبی) گرتیە ئەستۆ.

زۆر لەسەر شێوەیەکی جوان دروست کراوە، مامۆستا مەلا (عبدالکریم عبدالله عثمان) کە بە مەلا کریم گابەڵەکە ناسراوە لەیەکەم رۆژەوە کراوەتە پێش نوێژو ووتارخوێن.

**بەشەکانی:**

١- حەرەم: چەشنی زۆربەی مزگەوتەکانی ئەم شارە بەئەندازەی (١٣×٢٢)م حەرەمێکی پوختەی بۆ دروست کراوە، سەرەکەی کۆنکریتەو ناوەکەی کاشی. زۆر بەتێرو پڕی، میحراب و مینبەرو گومەت و مەحفەل و بەرهەیوانی بۆ کراوە. کەل و پەل و پێداویستی بەزیادەوە بۆ دابین کراوە گومەتێکی خڕی بازنەی گەورەی بۆ کراوە، ناو قەدی (٦)م دەبێ‌و بەرزی (١٢)م دەبێ‌و ڕیزە پەنجەرەیەکی تێخراوە.

٢- هۆڵی پرسە: زۆر بەئەندازەیەکی ڕێك (٦×٢٠)م هۆڵێکی پوختەی بۆ پرسە بۆ دروست کراوە، بەشێوەیەکی تێروپڕ هەموو جۆرە پێدوایستی بۆ دابین کراوە.

٣- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە لەسەربانی هۆڵی پرسە هۆدەو هەیوانێك دروست کراوە، پێپیلکەی بەسەرکەوتنی بۆ کراوە. بەزیادەوە پێویستی‌یەکانی دابین کراوە.

٤- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە لە (١١) بۆری (خلاط)و (٩) دانە ئاودەست و بەشێکی سەربەخۆ پێك هاتووە، لایەکی بۆ مردووشتن جیا کراوەتەوە.


٥- حەوشەکەی: سەرانسەر کاشی‌یەو تەنها بەرامبەر حەرەم پارچەیەکی بە بەتاڵی ماوەتەوە، چەندین بنەداری لێیە لەگەڵ گۆڕی خێزانی حاجی احمد بەناوی (کاظمیة مەلا طه) لەساڵی ١٩٩٦ کۆچی دوایی کردووە. ئەم مزگەوتە، لەمزگەوتە تاکەکانی ئەم دەوروبەرە لە قەڵەم دەدرێت کاتی خۆی (بشیر حکمت چیچۆ) سەرپەرشتی دروست کردنی کرد، ئاوو کارەبای لەمیری‌یەوەیە.

١٩٩٧/٥/٣٠

**سەرچاوەکان:**

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.
٢- چاوپێکەوتن بەجەنابی حاجی احمد یەعقوبی‌و مامۆستا مەلا عبدالکریم گابەڵەکی.

# ١٦٤- مزگەوتی (الشافعی)(١)



ئـەم مزگەوتـــە، کەوتۆتـــە گـــەڕەکی زانیـــاری، نزیـــک (وەزارەتـــی اشـــغالَ) بەرامبـەر بەسـەرەتای ڕێگـای کـوران نزیـک شەقامی (٦٠) مەتری. لەسـاڵی ١٩٨٨ (٣) هـاوڵاتی بەدروســـت کردنی هەستان ئەمە ناوەکانیانە:

١- بەڕێز کاکە حەمە یونس عبدالله.

٢- بەڕێز حاجی جبار عبدالله علی.

٣- بەڕێز حاجی بکر صالح عزیز.

ڕوویەرەکەی (١٤٠٠)م٢.

هەر لەسەرەتاوە ئەم دوو زاتە کرانە پێش نوێژو ووتار خوێن لەم مزگەوتە:

١- مامۆستا مەلا حمدامین ابراهیم علی- ووتار خوێن.

٢- مامۆستا مەلا احمد محمود محمد - پێش نوێژ.

## بەشەکانی:

١- حـەرەم: بەئـەندازەی (١٠×١٨)م و سـەرەکەی کۆنکریتـەو ناوەکـەی کاشـی، دیواری بلۆك. زۆر بەشێوەیەکی جوان میحراب و مینبەرو مەحفەل و بەرهەیوانێکی بۆ دروست کراوە. بـەتێروپڕی فـەرش و ڕایـەخ و پێداویستیەکانی لەهـەموو بارێکـەوە دابین کراوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: لەتەنیشت حەرەم، لـەلای خۆرئـاوا، (٢) ژوور هـەن یـەکێ مامۆستاکان لێی دادەنیشن و ئـەویتر موتەوەلیـەکان بەتایبـەت (کاکـە حەمـە). ئـەم ژوورانەش بەشێوەیەکی تێروپڕ پێداویستیەکانی دابین کراوە.

---

١- سەبارەت بەناوی پێشەوا (ئیمام شافعی) ناونراوە.

٣- هۆڵی پرسە: بۆ ئەم مەبەستە، بەئەندازەی (٦×١٤)م هۆڵێك لەلای خۆرهەلاتی حەرەم دروست کراوەو کەل و پەل و پێداویستی‌یەکانی بەزیادەوە دابین کراو. سەرانسەر ناوەکەی کاشی‌یەو سەری کۆنکریتە.

٤- بەشی دەست نوێژگرتن: تاڕادەیەك ئەم بەشە تایبەتە، لە (١٢) بۆڕی خلاط و (١٢) سەکۆی دانیشتن و (٧) ئاودەست و (١) سەرشۆر پێك هاتووە، سەربانی ئەم بەشە سەرتاسەر کراوەتە حەوزێك بۆ ئاو بەئەندازەی (٣×٥×١,٥)م و سەرەکەی گیراوە.

حەوشێکی جوان و پاك و خاوێن و کاشی ڕێژی هەیە، لەناوەڕاست حوزێکی لەچەشنی ئافورەی بۆ کراوە، دەیەها گوڵی جوانی لێ چاندراوە ئاوو کارەبای لەمیری‌یەوە وەرگیراوە.

١٩٩٧/١٠/٦

**سەرچاوەکان:**

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.


٢- گفتوگۆ کردن لەگەڵ:

أ- مامۆستا مەلا حمدامین.

ب- مامۆستا مەلا احمد محمود.

ج- کوڕێکی کاکە حەمە، دوکاندارە لەتەنیشت مزگەوتی ناوبازاڕ.

## ١٦٥- مزگەوتی سەید یوسف نعێمی



ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە گەڕەکی (٩٩) سنوری خۆرهەلاتی شار، نزیك گەڕەکی زانکۆ.

سەرەتای دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٨٩.

کاتی خۆی (سەید یوسف سەید عبداللە نعێمی) بەدروست کردنی هەستا.

سەرجەم پانتایی‌یەکەی (١٦٠٠)م٢.
بەلام بەداخەوە هەندێ لەبەشەکانی بەنیوە ناتەواوی ماونەتەوەو بەهۆی کەم دەرامەتی‌و بارودۆخی ئەو سەردەمە.

مامۆستا مەلا (عبدالعزیز کەردزی) کراوەتە ووتارخوێن.

مامۆستا عبدالرحمن هەمزە کوڕی - کراوەتە پێش نوێژ.

## بەشەکانی:

١- حەرەم: زۆر بەساکاری حەرەمێکی بەپانتایی (٨×١٦)م و بەرزی (٣.٥)م بۆ دروست کراوە. دیواری بلۆك و سەرەکەی کۆنکریتە، ناوەکەی کاشی‌یە میحراب و مەحفەلی هەیە، بەلام بەبێ مینبەرە بەمەودای (٢)م بەرهەیوانێکی هاکەزایی بۆ کراوە هەندێ کەل و پەل و پێداویستی بەنیوە ناتەواوی بۆ دابین کراوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە ژورێك دروست کراوە، بەلام لەبەر نەبوونی جێگای تر، ئەوا کەل و پەلی زیادەی مزگەوتی لەناو دانراوە.

٣- هۆلی پرسە: بۆ پرسە هۆلێك دروست کراوە، بەلام تەنها دیوارەکەی تاڕادەیەك بەرز کراوەتەوە کارکردنی لێ وەستاوە.

٣- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە تاڕادەیەك تایبەتی‌یە، لە (٤) دانە ئاودەست و چەند بۆڕی‌یەك پێك هاتووە لەگەڵ (١) سەرشۆر.


بەشێوەیەکی گشتی گەر بێتو تەواو بکرێت، مزگەوتێکی پوختەی لێ دەردەچێت، هەرچەندە ئێستاکەش پێویستی ئەو گەڕەکەی چارەسەر کردووە، (٢) دەرگای هەیە لەگەڵ دیوارێکی نزم ئاوو کارەبای لەمیری‌یەوە وەرگیراوە.

١٩٩٧/٧/١٢

## سەرچاوەکان:

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.
٢- گفتوگۆ کردن لەگەڵ هەندێ لەفەقێیەکان و قوتابی‌یەکانی ناو مزگەوت.

# ١٦٦- مزگەوتی شەهید عبدالخالق سەید حسین



ئـــەم مزگەوتـــــە، کەوتۆتە گەڕەکی نەورۆز (حی العسکری) نزیـک ڕێگای موسڵ.

ســـەرەتای دروســـت کردنـی دەگەڕێتـەوە بـۆ ١٩٨٩/١٠/٥.

ئـــەرکی دروســـت کردنـی کـەس و کـاری شەهید (عبدالخالق)[1] گرتیانە ئەستۆو پێیەهەستان، بەشەهیدانی ئەم زاتە.

ڕووبەرەکەی (١٠٠٠)م٢.

هەر لەسەرەتاوە مامۆستا مەلا سەید حسین[2] (باوکی شەهید) خۆی کرایە پێش نوێژو ووتارخوێنی مزگەوت.

ئێستاکەش مامۆستا مەلا (محمدامین سلیم)[3] پێش نوێژو ووتارخوێنە.

## بەشەکانی:

١- حەرەم: چەشنی زۆربەی مزگەوتەکانی شار، حەرەمێکی لاکێشەیی بۆ دروست کراوە، پانتایەکەی خۆی لە (١٠×٢٠)م دەدات و بەرزی (٣,٥)م. بەشێوەیەکی جوان میحراب و مینبەرو مەحفەلی بۆ کراوە، بەمـەدوای (٣)م بەرهـەیوانێکی سەرانسەری هەیە تاڕادەیەك بەشێوەیەکی هەژارانە پێداویستییەکانی دابین کراوە.

٢- ژووری پێش نوێـژ: بـۆ ئـەم مەبەستە لەتەنیشت حـەرەم، لـەلای خۆرئاوای ژوورێك دروست کـــراوە، دەرگای تایبەتی هەی بۆ ناو حەرەم. بەشێوەیەکی ساکار

---

١- ئەم زاتە کوڕی (سەید حسین)ەو لەجەنگی نێوان عێراق و ئێران شەهید کرا.

٢- مامۆستا مەلا سەید حسین، بە مەلا سەید حسینی دیبەگلەیی ناسراوەو لەساڵی ١٩٩٦ کۆچی دوایی کرد.

٣- ئەم زاتە بە مەلا حمدامین مەلا زادە ناسراوەو لەپاش کۆچی دوایی مەلا سەید حسین، بەپێش نوێژو ووتارخوێن لەم مزگەوتە دانراوە، ئەم زاتە لەدایك بووی ساڵی ١٩٣٠ کاتی خۆی مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی بووە.

هەندێ کەل و پەل و پێداویستی بۆ دابین کراوە.

٣- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە، بەشێکی سەربەخۆیە، لە (٥) ئاودەست و (٦) بۆری ئاو پێك هاتووە.

حەوشەیەکی پوختەی هەیە، چەند بنەدارێکی لێ چاندراوە لەبەر دەرگای حەوشە، لەسەر شەقامەکە لەئاسن پارچە لافیتەیەك چەقاندراوە ناوی ئەم زاتانەی لێ نووسراوە:

١- ئەندازیاری بیناسازی (جەنگی جلال قادر).

٢- ئەندازیاری ئینشائی (حاجی ادریس حاجی دەروێش).

٣- بەڵێندەر (عمر عثمان عبدالله).

واتە ئەم زاتانە لەکاتی خۆی سەرپەرشتی دروست کردنی ئەم مزگەوتەیان کردووە پێی هەستاون.

ئاوو کارەبای لەمیری‌یەوە وەرگیراوە، بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی پوختەیە.

١٩٩٧/٦/٦

**سەرچاوەکان:**

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن و گفتوگۆ لەگەڵ:

أ- جەنابی مامۆستا مەلا حمدامین.

ب- کاك سەید صمد سەید حسین/ برای شەهید عبدالخالق.

# ١٦٧- مزگەوتی (عثمان بن عفان)[1]

# مەلا محمود فەقێ

ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە گەڕەکی عارەبانی نوێ، نزیك سایلۆ سەر ڕێگای کۆنی موسڵ.

سەرەتای دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٨٩.

سەرجەم پانتایی (٨٠٠)م٢.

---

١- ناوی خەلیفەیەکە لەخەلیفەکانی ئیسلام.



ماوەی (شەش یا حەوت)[1] ساڵێك کارکردنی لێ وەستا، بەهۆی بارودۆخی نالەباری وڵات.

لەساڵی ١٩٩٦ کۆتایی بەدروست کردنی هێنرا.

ئەرکی دروست کردنی، کەوتە ئەستۆی جەنابی حاجی (علی بکر سعدالله)ی بەرگدروو.

هەر لەسەرەتای کردنەوەی مامۆستا مەلا (محمود فەقێ)یان دەست نیشان کرد بۆ پێش نوێژو ووتارخوێن. ئاو بەناو مەلا علی پێش نوێژی دەکات.

**بەشەکانی:**

١- حەرەم: لەسەر نەخشەیێکی جوان، حەرەمێکی (١٢×٢٤)م بۆ دروست کراوەو میحراب و مینبەری پوختەی بۆ کراوە مەحفەلی تایبەتیو ڕێك و پێکی بۆ دامەزراوە زۆر بەشێوەیەکی تێروپڕ، هەموو جۆرە پێداویستیەکانی دابین کراوە. بەرهەیوانی پوختەی بۆ دامەزراوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە ژوورێکی (٣,٥×٦)م دروست کراوە زۆر بەتێروپڕی پێداویستی‌یەکانی دابین کراوە، وەکوو تەلەفۆن و تاخمێ قەنەفەو کتێبخانەو مێز و ڕایەخ.

٣- هۆڵی نوێژ کردنی ئافرەت: بۆ پرسە، لەم مزگەوتە هۆڵێك دروست کرا، بەڵام لەبەر نەبوونی شوێنی نوێژ کردنی ئافرەت، ئەوا ئەم هۆڵە بۆ ئەو مەبەستە تەرخان کراوە. هەموو هەفتەیەك ڕۆژانی چوارشەممە، دەرسی لێ دەخوێنن، ڕۆژانی هەینی نوێژی لێ دەکەن.

٤- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە، تاڕادەیەك سەربەخۆیە، لە (١٧) بۆڕیو

---

١- لەپاش دەست نیشان کردنی جێو ڕێی مزگەوت، بارودۆخی عێراق ئاڵۆزو تێکچوو، بەهۆی جەنگی کەنداوی عەرەبی (کوێت و عێراق) ئەو بارودۆخەی کە ڕوی کردە عێراق و حەساری ئابووریو کەم دەرامەتی خەڵکی کوردستان ماوەیەك کارکردن لەم مزگەوتە وەستا.

(١٣) سەکۆو (٧) ئاودەست و (١) سەرشۆرو ئاوی ساردو گەرم پێك هاتووە.
حەوشێکی ڕێك و پێك و سەرانسەر کاشی کراوی هەیە، بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی پوختەیە.

دەرگایەکی ئاسنی گەورەی دوولایی هەیە، لەسەر دەرگاکە پاش بسم اللە ئایەتی (انما یعمر)و ئەم ڕستەیە بەزمانی عەرەبی نووسراوە.

(قام ببناء هذا الجامع علي بكر سعداللە واشرف على البناء اسطه صلاح كريم البنا).

ئەم مزگەوتە خاوەن ڕیزە دووکانێك و خانووبەرەی پێش نوێژە ئاوو کارەبای لەسەرچاوەکانی میری‌یەوە وەرگیراوە.

١٩٩٧/٦/٢

**سەرچاوەکان:**

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.
٢- چاوپێکەوتن بە:
ا- مامۆستا مەلا محمود فەقێ.
ب- مەلا علی قورئان خوێن و بانگدەر.
ج- مەلا بهرام علی قورئان خوێن و بانگدەر لەم مزگەوتە.

# ١٦٨- مزگەوتی ابراهیم گەردی

ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە گەڕەکی برایەتی، سەر ڕێگای کۆیە، نزیك نەخۆشخانەی ڕزگاری.


سەرەتای دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٩و لەڕۆژی ١٩٩٠/٤/١١ ئاهەنگی کردنەوەی بۆ سازکرا.

ئەرکی دروست کردنی کەوتە ئەستۆی حاجی (ابراهیم حمد مولود گەردی)[1].

ڕووبەرەکەی (٢٠٠٠)م٢.

---

١- حاجی ابراهیم ووتی: داوام لەئەندازیار عدنان بەرزنجی کرد، کە نەخشەیەکی جوانم بۆ ئامادە بکات، پاش ئەوەی (٣) نەخشەی هێنا. هیچیانم پەسەند نەکرد، من و وەستا توفیق بەیەکەوە بەم شێوەیە دروستمان کرد، حاجی خۆی ماوەیەك بەڵێندەر بوو، بۆیە شارەزایەکی تایبەتی لەم بارەیەوە هەبوو.



شێوەیەکی ئەندازیاری جوانی هەیە.

لەسەرەتاوە مامۆستا مەلا (عبدالله عزیز مام احمد)[1] کرایە پێش نوێژو ووتار خوێن.

**بەشەکانی:**

١- حەرەم: بەئەندازەی (١٤×٢٠)م و بەرزی (٧)م حەرەمێکی لاکێشەیی بۆ دروست کراوە، سەرەکەی کۆنگریتەو ناوەکەی کاشی‌یە. بەشێوەیەکی جوان میحراب و مینبەرو مەحفەلی بۆ دروست کراوە، بەتێروپڕی پێداویستی هەر بەشێ لەمانە بەزیادەوە دابین کراوە.

لەسەر شێوەی بازنەیی گومەتێکی بۆ دروست کراوە، ناوقەدی (٨)م دەبێو بەرزی (١٥)م بەئەندازەی (٤)م بەرهەیوانێکی پوختەی بۆ دروست کراوە. (١٤) دانە فەرشی کەم وێنە لەناو حەرەم ڕاخراوە، بەزیادەوە پێداویستیەکانی دابین کراوە، حەرەم و بەرهەیوانەکەی نزیکەی مەترێك لەناو حەوشە بەرزترە.

٢- ژووری پێش نوێژ: بەرامبەر دەرگای حەوشە، چەند ژوورێك لەتەنیشت یەك دروست کراون، یەکێکیان کراوەتە ژووری پێش نوێژ. بەشێوەیەکی گشتی پوختەو پێداویستی‌یەکانی لەهەموو لایەکەوە دابین کراوە، ژوورەکانی تر بۆ کەل و پەلی زیادەی مزگەوت دانراوە.

٣- هۆڵی پرسە: بۆ پرسە هۆڵێك بەئەندازەی (٨×٢٠)م دروست کراوە، بەشێوەیکی تێروپڕ پێداویستی بۆ دابین کراوە، بە مەودای (٢,٥)م بەر هەیوانێکی بۆ کراوە.

٤- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە کراوەتە (٢) بەشی جیاجیا:

ا- بەشی ئاودەستەکان لە (٧) ئاودەست و (١) خۆشۆر پێك هاتووە.

ب- کەرتی دەست نوێژ تایبەتەو سەرەکەی لەچەمەنتۆ چەتری بۆ کراوە، لە (١٤) بۆڕی‌و (١٠) سەکۆو ئاوی ساردو گەرم پێك هاتووە.

---

١- ئەم زاتە بە مەلا عبداللەی ڕەواندوزی ناسراوە، لەدایك بووی ساڵی (١٩٤٢)وە.

لایەك لەحەوشەكەی كراوەتە دارستان، ئەویتر سەرانسەر كاشی یە دوو دەرگای ئاسنی دوولایی هەیە، لەسەر دەرگایەكیان بە عەرەبی لێ نووسراوە.

(جامع الحاج ابراهیم الگردی تأسس فی ١٦/ رمضان/ ١٤١٠ المصادف یوم ١١/٤/١٩٩٠م).

بەشێوەیەكی گشتی مزگەوتێكی ڕێك و پێك و پوختەیە، لەریزی مزگەوتە ناودارەكان دەژمێردرێت.

١٩٩٧/٨/٢١

**سەرچاوەكان:**


١- سەردانی مزگەوت و بەشەكانی لەنزیكەوە.

٢- چاوپێكەوتن بە بەڕێزان:

ا- حاجی ابراهیم گەردی

ب- مامۆستا مەلا عبدالله رواندوزی.

## ١٦٩- مزگەوتی محمد صالح احمد زراری



ئەم مزگەوتە كەوتۆتە گەڕەكی سورچییان، نزیك مزگەوتی حاجی هاشم عەتار.

پاش هەندێ دەستكاری كردن، لەخانووە كرایە مزگەوت لە ڕۆژی ١٠/٥/١٩٩٠.

حاجی محمد صالح احمد زراری ئەركی گرتە ئەستۆی خۆی.

ڕووبەرەكەی (٢٠٠)م٢.

لەسەرەتاوە مامۆستا مەلا (مجید رسول) كراوەتە پێش نوێژ لەم مزگەوتە.

**بەشەكانی:**

١- حەرەم: حەرمێكی چوارگۆشەی (١٠×١٠)م بۆ كراوە، بەرزی (٥)م ئەبێ و

سەرەکەی کۆنکریتەو ناوەکەی چەمەنتۆیە لەناوەڕاست میحرابێکی لەناو دیوار بۆ کراوە. زۆر بەشێوەیەکی ساکار هەندێ کەل و پەل و پێداویستی بۆ دابین کراوە. لەچەشنی بەرهەیوانی کوردەواری خۆمان بەرهەیوانێکی بۆ دروست کراوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە لەبەرهەیوانەکەی حەرەم ژوورێکی (٣×٤)م دروست کراوە بەشێوەیەکی ساکار پێداویستیەکانی دابین کراوە.

٣- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە لە (٥) بۆڕیو (٤) بنەداری بڕاوە لەچەشنی سەکۆو (٣) ئاودەست و (١) سەرشۆر پێك هاتووە.

حەوشەیەکی بچوکی هەیە، حەوزێکی ئاوی گەورەی لەچەمەنتۆ لێ دروست کراوە. بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی پاك و خاوێن و پوختەیە بەڵام بەداخەوە بچوکە ئاوو کارەبای لەمیرییەوە وەرگیراوە.

١٩٩٧/٩/١٤


**سەرچاوەکان:**

١- سەردانی مزگەوت لەنزیکەوە

٢- چاوپێکەوتن بەجەنابی حاجی محمد صالح احمد زراری.

## ١٧٠- مزگەوتی سەید عزیز بەرزنجی[1]

ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە گەڕەکی خانەقا (بیریژیان) نزیك مزگەوتی شێخ (مصطفـــــی)ی نەقشبەندی.



لەساڵی ١٩٨٩ دەست بەدروستکردنی کراو لەساڵی ١٩٩١ تەواو بوو.

کاتی خۆی زەوییەکە لەلایەن (سەید عبدالقادر سەید عزیز)ەوە[2] پێشکەش بەمزگەوت کرا.

---

١- ناوی تەواوی (سەید عزیز سەید حسن سەید محمدامین)ەو لەسەیدەکانی بەرزنجەیە.

٢- سەید عبدالقادر یەکێکە لەکوڕەکانی مامۆستا مەلا سەید عزیز.

دانیشتوانی گەڕەك و خێرخوازان بەتایبەت (حاجی یوسف طه سەرداری) دەستی بالاًیان هەبوو لەدروست کردنی. مامۆستا مەلا سەید عزیزیش سەرپەرشتی دروست کردنی کرد.

ڕووبەرەکەی (١٢٠٠)م٢.

بەشی زۆری مزگەوت بلۆك و چەمەنتۆیە.

لەسەرەتاوە مامۆستا مەلا سەید عزیز بەپێش نوێژو وتارخوێن دەست نیشان کراو، مامۆستا (مؤید)ی کوڕیشی بەپێش نوێژی دووەم دامەزراوە.

## بەشەکانی:

١- حەرەم: بەشێوەیەکی جوان نەخشەی حەرەمی ئەم مزگەوتە کێشراوە، پانتایی خۆی (١٥×٢٠)م دەداو بەرزی (٧,٥)م سەرەکەی کۆنکریتەو ناوەکەی چەمەنتۆیە. بەشێوەیەکی جوان میحراب و مینبەری بۆ دروست کراوە، ڕووەکانیان بەبەردی حەلان ڕووکەش کراوە. لەبەرزی (٢.٥)م محفەلێکی (٥,٥×٢٠) بۆ دروست کراوە، لەسەر شێوەی بازنەی گومەتێکی ناوقەد (٧) مەتریو بەرزی (١٥)م بۆ دروست کراوە. زۆر بەشێوەیەکی تێروپریش کەل و پەل و پێداویستییەکانی بۆ دابین کراوە. بەمەدوای (٣,٥)م بەرهەیوانێکی پوختەی بۆ دروست کراوە بە شێوەیەکی باش پێداویستیەکانی لە هەموو ڕوویەکەوە دابین کراوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە لەلای خۆرئاوای حەرەم (٣) ژوور بەتەنیشت یەکەوە دروست کراون. ژوورێکی (٤,٥×٨)م و بەرزی (٤)م دروست کراوە، بەزیادەوە پێداویستی بۆ دابین کراوە بەئەندازەی (٢,٥)م بەرهەیوانی بۆ کراوە.

٣- هۆڵی پرسە (مناسبات): بۆ ئەم مەبەستە هۆڵێکی تێرو پڕ بەکەل و پەلەوە دروست کراوە، بەبەردەوام پرسەی دانیشتوانی ئەو دەوروبەرە لەوێ دادەنرێت.

٤- هۆڵی نوێژ کردنی ئافرەتان: بەهەمان ئەندازەی هۆڵی پرسە، لە نهۆمی دووەم، بۆ نوێژ کردنی ئافرەتان هۆڵێك دروست کراوە ئەم هۆڵەش لەسەر هەمان شێوە پێداویستی بۆ دابین کراوە.

٥- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە لە (١٣) بۆڕیو (١٣) سەکۆی خنجیلانەو (٧) دانە ئاودەست و ئامێری ئاو گەرم کردن پێك هاتووە.

حەوشەکەی سەرتاسەر کاشییەو، دەیەها بنەدارو درەختی لێ چاندراوە، دەیەها مەڵکانەی گوڵی جوانی لێ دانراوە ئاوو کارەبای لەمیرییەوە وەرگیراوە، بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی پوختەو ڕێك و پێکە.

١٩٩٧/١٢/٧.


**سەرچاوەكان:**

١- سەردانی مزگەوت و بەشەكانی لەنزیكەوە.

٢- چاوپێكەوتن و گفتوگۆ كردن لەگەڵ مامۆستا مەلا سەید عزیز سەید حسن پێش نوێژ ووتارخوێن لەمزگەوت.

# ١٧١- مزگەوتی (صلاح الدين الايوبی)[١]

ئەم مزگەوتە كەوتۆتە گەڕەكی (سەڵاحەدین) نزیك شەقامی (٦٠)م بەرامبەر مزگەوتی سەید طه.



سەرەتای دروست كردنی دەگەڕێتەوە بۆ ١٩٨٩/١٢/١٦و پاش بەسەر چوونی (٢) ساڵ لە ساڵی ١٩٩١ تەواو بوو.

لەسەرەتادا كەس و كاری شەهید (كمال)[٢] ئەم زەوی‌یەیان وەرگرت بۆ مزگەوت لێ دروست كردن.

پاش چەند ساڵێك بەهەوڵ و تەقەلای مامۆستا مەلا (عثمان همزه)و یارمەتی دانی (محمد صوفی عبدالله)[٣] دەست بەدروست كردنی كرا.

رووبەرەكەی (١٠٥٠)م چوارگۆشەیە.

لەسەرەتاوە مامۆستا مەلا (عثمان همزه حەمەخان) كراوەتە پێش نوێژ ووتارخوێن.

---

١- سەبارەت بەناوی پێشەوای ئیسلام صلاح الدين ايوبی ناونراوە.

٢- ئەم شەهیدە، كاتی خۆی پۆلیسی هاتوچوو بووە، بۆ بەشداری كردن لەجەنگی نێوان عێراق و ئێران رەوانەی (زاخۆ) كرا لەرۆژی ١٩٨٥/٢/١٠ شەهید كرا. ناوی تەواوی شەهید كمال عزیز محمد سلیمان بە رەگەز رەوند بوونە.

٣- ئەم زاتە خەڵكی گوندی (گەزنەیە)و دانیشتووی گەڕەكی شۆڕشە.

## بەشەکانی:

١- حەرەم: لەسەر شێوەیەکی جوان و بەئەندازەی (١٢×١٥)م وبەرزی (٥)م ئەم حەرەمە دروست کراوە، سەرەکەی کۆنکریتەو ناوەکەی کاشی، میحراب و مینبەرو مەحفەلی بۆ کراوە، لەبەرهەیوانی حەرەم پێپلیکەی بەسەرکەوتن بۆ حەرەم بۆ دامەزراوە، بەرینی خۆی لە (٥,٥)م دەدات و بەرهەیوانەکەی (٣,٥)م دەبێت بەشێوەیەکی تێروپڕ پێداویستی لەهەموو روویەکەوە دابین کراوە.

٢- ژوری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە بەئەندازە (٤×٥)م ژوورێك دروست کراوە، لەبەرامبەر دەرگای حەرەم. سەرەکەی کۆنگریتەو ناوەکەی کاشی، تارادەیەك بە باشی پێداویستی یەکانی دابین کراوە.

٣- هۆڵی پرسە: بۆ ئەم مەبەستە هۆڵێکی (٥×١٢)م دروست کراوە سەرەکەی کۆنکریتەو ناوەکەی کاشی، لەچواردەوری دیواری ناوەوە لەبلوك سەکۆی قەددیواری بۆ دانیشتن بۆ دروست کراوە، بەچاکی سەرجەم پێداویستی یەکانی دابین کراوە.

٤- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە تارادەیەك بەشێکی سەربەخۆیە، کەوتۆتە نزیك دەرگای سەرەکی حەوشە لە (١٨) بۆری خلاط و (١٤) سەکۆو (٩) ئاودەست پێکهاتووە.

٥- حەوشەکەی: سەرانسەر کاشی ڕێژە، چەند بنەدارێکی لێ چاندراوە لەحەوشەکەی تەنکێکی ئاوی گەورە هەیە، (٨٠٠٠) لتر ئاو دەگرێت بۆ کاتی پێویست. بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی پوختەیە، پاك و خاوێن و ڕێك و پێکە. ئاوو کارەبای لەمیری یەوە وەرگیراوە.

لەم مزگەوتە خانووی تایبەتی بۆ خێزانی مامۆستا هەیە.

١٩٩٧/٩/٢٨


## سەرچاوەکان:

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن بەجەنابی مامۆستا مەلا عثمان- پێش نوێژو ووتارخوێنی مزگەوت.

٣- دایکی شەهید کەمال عەزیز.

# ١٧٢- مزگەوتی حاجی جمال بەزاز



ئـەم مزگەوتــە، کەوتۆتــە سەرشــەقامی ســـەرەکی گـــەڕەکی موفتـــی تاڕادەیـــەك لەناوەڕاست گەڕەکەکەیە.

سەرەتای دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩٢.

ئـەرکی دروسـت کردنـی (حـاجی جمـال عبدالله عزیز) گرتیە ئەستۆ.

سەرجەم پانتایەکەی (١٢٠٠)م٢.

زۆر لەســەر نەخشــەیەکی جـوان و ڕێــك دروســت کــراوە، بــەهیچ جۆرێــك درێخــی لەدروست کردنی نەکراوە. بەتاکە مزگـەوت، یـان مزگەوتـە ناودارەکـان لەقەڵـەم دەدرێـت بـەڕێز ئـەندازیار (جـودت حـاجی جمـال) سەرپەرشتی دروست کردنی کرد.

لەسـەرەتاوە مامۆسـتا مـەلا (ممـدوح سـلیم نجـم الدیـن) مـزوری بـەپێش نوێـژو وتـارخوێن لـەم مزگەوتـە دانـراوە، جەنابیان چـەند فەقێیـەکیان هـەیەو دەرسـیان پـێ دەڵێ، ئەرکیان لەسەر شانی خاوەن مزگەوتە، لەگەڵ جێو ڕێو خەوتن و خواردن.

## بەشەکانی:

١- حـەرەم: زۆر لەسـەر نەخشـەیەکی جـوان و ڕێـك حەرەمەکـەی دروسـت کـراوە. پانتـایی (١٢×٣٠)م و شـێوەیەکی لاکێشـەیی گرتۆتـە خـۆی. میحـراب و مینبـەری پوختـەی بـۆ کـراوە، بەکاشـی فـەخفوری (کربلاء)ی، چـوار دەوری میحـراب ئایـەتی قورئانی لێ نووسراوە. بەبەردی مەڕمـەڕی ئیتاڵی جوان ڕووکـەش کـراوە گومـەتێکی بازنـەیی جوانی بۆ کراوە، ناوقـەدی (٨)م دەبێو بەرزی (١٥)م، (٢٤)دانە پەنجـەرەی هەوائی لێ بەستراوە زۆر بەتێرو پڕی هـەموو جۆرە پێداویستیەکانی بەزیادەوە دابین کراوە، بۆ نموونە (٢٨) دانە فەرشی (٣×٤) کەم وێنەی لەفەرشە ناودارەکانی ئێران. لێ ڕاخراوە (٣) دەرگـای لـە دار سـاج دروست کراوی گـەورەی هەیە، لەسـەر دەرگـای ناوەڕاست ئەم پارچە هەڵبەستە بە خەتێکی خۆش نووسراوە:

**مـالی ئاوابیّ ئەو کـەسەی مالی تۆ ئاوا ئەکا**
**عەبدی تۆیە خۆت دەزانی لوتفی تۆ داوا ئەکا.**

بەئەندازەی (١) مەتر بەرهەیوانەکەی لەناو حەوشە بەرزترە هەمووی پڕ فەرش کراوە. لەچەندین جێگا ئایەتی جوانی بەکاشی (کربلاء)ی لیّ نوسراوە. چەندیّ لەبارەیەوە بدوێین بگرە کەمە، خوای گەورە پاداشتی خاوەنی بداتەوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە ژوورێکی پوختە دروست کراوە، زۆر بەتێروپڕی پێداویستییەکانی دابین کراوە.

٣- هۆڵی پرسە: بەرامبەر دەرگای حەرەم، هۆڵێکی فراوان بۆ پرسە دروست کراوە، بگرە بەزیادەوە هەموو جۆرە پێویستی بۆ دابین کراوە. لەسەربانی ئەم هۆڵە چەند ژوورێك بۆ کەل و پەلی زیادەی مزگەوت دروست کراون.

٤- منارەکەی: بەبەردی حەلان منارەیەکی بازنەیی بەرز دروست کراوە، ناوقەدی لەناوەڕاست (٢)م دەبیّ و بەرزی (٣٥)م. لەناوەوە پێپلکەی بۆ بەسەرکەوتنی بۆ کراوە، لەناوقەدی (پشتینە)ی بۆ کراوە، سەرەکەی بەشێوەیەکی جوان کۆتایی پیّ هێنراوە، لەناوقەد منارەکە ناوی ئەندازیار جودت و سالی دروست کردنی لەبەردێك نووسراوە لەناو دیواری منارەکە چەسپاوە. ئەم منارەیە، بگرە تاکە منارەیە لەم سەردەمە لەشاری هەولێر.

٥- بەشی دەست نوێژگرتن: بۆ ئەم مەبەستە، بەشێکی تایبەت و سەربەخۆ دروست کراوە، لە (١٩) بۆڕی (خلاط)و (١٤) سەکۆی دانیشتن و (١٢) ئاودەست، ئامێری ئاو گەرم کردن پێك هاتووە. جێگایەکی زۆر پوختەیە، دیوارەکانی بەکاشی فەخفوری سپی ڕووکەش کراوە.

٦- جێگای مردووشتن: بۆ ئەم مەبەستە بەشێکی تایبەت دروست کراوە، زۆر بەپاك و خاوێنی ڕاگیراوە هەموو دیوارەکەی کاشی فەخفوری سپییەو پێداویستی بەزیادەوە، بۆ دابین کراوە.

حەوشەکەی: سەرانسەر حەوشەکە بەکاشی موزائیکی جوان کاشی ڕێژ کراوە، حەوزێکی جوانی لەناوەڕاست بۆ دروست کراوەو ناوەکەی لەچەشنی ئافورە دروست کراوە دەیەها بنە گولی جوانی لیّ ڕوواوە. دەرگایێکی گەورەو (٢) دەرگای بچوکی هەیە، بەشێوەیەکی گشتی، ئەم مزگەوت لەڕیزی پێشەوەی مزگەوتە ناودارەکانی ئەم شارەیە. ئەم دوو دێرە هەلبەستە لەسەر دەرگای حەرەم لەدیو دەرەوە نووسراوە

هەرچەندە درێغیمان نەکردووە لەبارەی ئەم مزگەوتە بەپیّی پێویست، بەلام بەلای

ممەرە مافی ئەواوی خۆیمان نەداوە، هیوادارم لەداهاتوودا زۆر لەمە بەدرێژتر لەبارەیەوە بدوێین
ئارو کارەبای لە میرییەوە وەرگیراوە.

١٦/٥/١٩٩٧

**سەرچاوەکان:**

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.

٢- گفتوگۆ کردن لەگەڵ:

ا- مامۆستا مەلا ممدوح مزوری.

ب- مام حاجی خادمی مزگەوت.

## ١٧٣- مزگەوتی صلاح الدین الأیوبي
## (قریة زانکۆ)[1]

ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە ناو شورەی (سیاج) خانووەکانی مامۆستایانی زانکۆ تاڕادەیەك لەسەرەتادا، تایبەت بوو بەدانیشتوانی ئەم گەڕەکە.

سەرەتای دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ سالّی ١٩٩٣.

ڕووبەرەکی (١٠٠٠)م٢.

کاتی خۆی خوا لێ خۆشبوو (دکتور مەلا عثمان)[2] هەوڵ و کۆششێکی زۆری دا لەپێناوی دروست کردنی‌دا.


نەخشەکەی بەڕێز ئەندازیار (جەنگی جلال قادر) دایناوەو ئەندازیار حاجی ادریس حاجی دەروێش سەرپەرشتی تەواو کردنی کرد لەم مزگەوتە (٢) مامۆستا هەن:

ا- مامۆستا مەلا (سلیمان مەلا عزیز سلیمان)[1] گەردی، لەمزگەوتی حاجی عبدالواحدەوە هاتە ئێرە- بۆ پێش نوێژی کردن.

---

١- سەبارەت بەپێشەوای ئیسلام و کورد/ صلاح الدین ایوبی ناونراوە.

٢- دکتور عثمان محمد مصطفی، مامۆستای زانکۆ بوو، بەشی فیزیا هاوڕێیەکی هەبوو بەناوی دکتور عبدالله، ئەم زاتە عەرەب بوو، بڕێك پارەی لەعەرەبستانی سعودیەوە هێنا بۆ مزگەوت دروست کردن، بەهۆی خوا لێ خۆشبوو دکتور عوسمان ئەم مزگەوتەی پێ کرا ئەم زاتە لە ٣/٥/١٩٩٩ کۆچی دوایی کردو لە گۆڕستان گردە ڕەشە لەسەر ڕێی کەرکووك بە خاك سپاردرا.



ب- مامۆستا مەلا (مظهر شێخ محمد طاهر)[2] کاتی خۆی لەمزگەوتی ئەوقاف بوو، (فاطمە خان).

**بەشەکانی:**

١- حەرەم: بەئەندازەی (٨×٦)م و بەرزی (٦)م حەرەمێکی ڕێك و پوختەی بۆ دروست کراوە، سەرەکەی کۆنکریتەو ناوەکەی کاشی‌یە، میحراب و میبنبەرو مەحفەڵ هەیە، زۆر بەتێروپڕی پێداویستی ئەم حەرەمە دابین کراوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: (٢) ژوور هەن بەرامبەر یەك، لەدەرەوەی بەرهەیوانی حەرەم، یەکێکیان کراوەتە ژووری پێش نوێژو ئەوی‌تر ژووری خادم.

٣- ژێر حەرەم سەرانسەر کراوەتە ژێر زەمین بۆ کەل و پەلی زیادەی مزگەوت.

٤- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە سەربەخۆیەو لە (٣) بۆڕی خلاط و (٣) ئاودەست پێك هاتووە دیوارەکەی بە کاشی فەخفوری سپی روکەش کراوە.

٥- شوێنی تایبەتی مردووشتنی هەیە بەکەرەستەوە.

شورەو باخچەو باخ و دیواری جوانی هەیە، دانیشتوانی ئەم دەوروبەر بەگەرمی هاتوچۆی دەکەن. سەرچاوەی ئاوو کارەبای لەسەرچاوەکانی میرییەوە وەرگیراوە. بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی پاك و پوختەو ڕێك، بەڵام ڕایەخەکانی بەلای منەوە بەگوێرەی پێویست نییە.

١٩٩٩/١١/٢٠

**سەرچاوەکان:**

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.

٢- گفتوگۆ کردن لەگەڵ ئەم بەڕێزانە:

ا- مامۆستا مەلا مظهر شێخ محمد.


---

١- مەلا سلیمان کاتی خۆی لەمزگەوتی ناو فیتەرەکان بوو.

٢- ئەم زاتە قوتابی زانکۆیەو بە وتارخوێن لەم مزگەوتە دانراوە.

ب- ماموٚستا مەلا سلێمان عزیز سلیمان.
ج- ئەندازیار حاجی ادریس حاجی دەروێش.
د- مام حاجی خدری بانگدەر.

## ١٧٤- مزگەوتی حاجی عبدالله سەعاتچی



ئەم مزگەوتە کەوتۆتە گەڕەکی تەیراوە، کۆڵانەکانی بەرامبەر مزگەوتی حیدر ئاغا، نێوان شەقامی (٣٠ - ٦٠) مەتری.

سەرەتای دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ ١٩٩٤/٣/٢٢.

بەڕێز کاک (عبدالله صالح احمد)[1] سەعاتچی لەسەر ئەرکی خۆی هەستا بەدروست کردنی.

ڕووبەرەکەی (٢٥٠)م٢.

نوێژی نیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٩٤/٣/٢٢ یەکەم نوێژ بوو بەکۆمەڵ لێی کرا ئەم بەروارە کرایە سەرەتای بەمزگەوت کردنی، بەڵام قوناغی دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ پێش ئەم بەروارە.

هەر لەسەرەتاوە ماموٚستا مەلا (عمر سلیمان کریم)[2] کرایە پێش نوێژی مزگەوت.

**بەشەکانی:**

١- حەرەم: بەئەندازەی (٧×١٢)م و بەرزی (٤)م حەرەمێکی لاکێشەیی بۆ دروست کراوە، میحراب و مینبەری قەشەنگی بۆ کراوە، بەئەندازەی (٥×٧)م بەرهەیوانی هەیە پێداویستیەکانی تاڕادەیەك دابین کراوە.

---

١ - حاجی عبدالله سەعاتچی ماڵی لەنزیکی مزگەوتەکەیەو خەڵکی گوندی (گاینجە) لە دایك بووی ١٩٣٩یە. کارو پیشەی چاککردنەوەی سەعاتە.

٢ - ماموٚستا مەلا عمر بە مەلا عمری گردە شێرە ناسراوە لەدایك بووی ١٩٤٥.

٢- ژوری پێش نوێژ: لەتەنیشت حەرەم، لەلای خۆرهەڵات دوو ژوور هەن، یەکێ بۆ پێش نوێژو ئەویتر بۆ میوان ئەم دوو ژورەش تاڕادەیەك پێداویستیەکانیان دابین کراوە.

٣- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە تاڕادەیەك سەربەخۆیە، لە (٦) بۆڕیو (٥) سەکۆ، (٣) ئاودەست و ئاوی ساردو گەرم بۆ زستان پێك هاتووە.

حەوشەکەی: حەوشێکی بچوکی هەیە سەرتاسەر چەمەنتۆ ڕێژە ئاوو کارەبای لەمیرییەوە وەرگیراوە.

بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی پاك و پوختەو خنجیلانەیە

١٩٩٧/١٠/١٨

**سەرچاوەکان:**

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.


٢- گفتوگۆ کردن لەگەڵ:

أ- مامۆستا مەلا عمر گردە شێرە- پێش نوێژی مزگەوت.

ب- کاك حاجی عبداللەی سەعاتچی- خاوەن مزگەوت.

## ١٧٥- مزگەوتی الاعجاز[١]

ئەم مزگەوتە، کەتۆتە گەڕەکی ١١٤، سەرووی گەڕەکی برایەتی نزیك گرتوخانەی مێردمندالآن (سجن الاحداث). سەرەتای بیرۆکەی دروست کردنی، دەگەڕێتەوە بۆ هەشتایەکان کاتی خۆی مامۆستا مەلا سەید بکر سەید غریب ئەم زەوییەی لەمیری



وەرگرت، ڕووبەرەکەی (٢٥٠٠)م٢ بەڵام لەبەر بارودۆخی وولآت لەکاتی جەنگی نێوان

١- سەربارەت بەاعجازی قورئانی ناونراوە.

عێراق و ئێران و جەنگی کەنداوی عەرەبی، ئەوا کارکردنی لێ ی وەستا، لەساڵی ١٩٩٦ دەست بەدروست کردنی کرا، هەوڵ و کۆشش بۆ تەواو کردنی درا. خێرخوازان ڕۆڵی گرنگیان لەدروستکردنی دی، بەتایبەت بەڕێز (کاکەی جامچی)، پێش ئەوەی هەموو بەشەکانی تەواو بکرێ لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٩٦ یەکەم نوێژی بە کۆمەڵ لێکرا، مامۆستا مەلا بکر سەید غریب خۆی پێش نوێژو ووتارخوێنی لێ دەکات.

## بەشەکانی:

١- حەرەم: بەشێوەیەکی ڕێك و پێك حەرەمێکی (١٢×٢٠)م و بەرزی (٧)م بۆ دروست کراوە، سەرەکەی کۆنگریتەو ناوەکەی چەمەنتۆیەو دیواری بلۆك. میحراب و مینبەرو مەحفەلی پوختەو تێروپڕی بۆ نەخشە کێشراوە بەئەندازەی (٤×١٢)م بەرهەیوانی بۆ کراوە. بەڵام لەڕووی پێداویستی تەواو دابین نەکراوە، هەرچەندە تەواو نەبووە تاکو ئێستاکە.

٢- ژووری پێش نوێژ: لەکەرتی لای خۆرئاوای بەرهەیوانی حەرەم ژوورێك بە ئەندازەی (٤×٥)م بۆ مامۆستا دروست کراوە، تەنها کتێبخانەیەکی لێ دانرابوو، بەڵام پەرتووکێکی زۆری گرتبووە خۆی.

٣- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە خەریکی تەواوکردنی بوون، شوێن و ڕێی (٤) دانە ئاودەست دیاربوو، دیواری حەوشەکەی تەنها مەترێك بەرز کرابۆوە، وەستا (محمود محمد شێخ) خەریکی بیر هەڵکەندن بوو، ئەم زاتە بە قوڵایی (٤٠)م بیرێکی ئاوی بۆ مزگەوتە لەسەر ئەرکی خۆی لێ دابوو، لەتەواو بوون دابوو.


بەشێوەیەکی گشتی، ئەگەر بێتو تەواو بکرێو پێداویستی بۆ دابین بکرێ (انشاء الله) ئەوا مزگەوتێکی خۆشی لێ دەردەچێت.

١٩٩٧/٨/٣٠

## سەرچاوەکان:

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.
٢- چاوپێکەوتن بە:
ا- کاك یاسر مەلا بکر
ب- وەستا محمود محمد شێخ.

# ١٧٦- مزگەوتی حاجی خالد



ئـــەم مزگەوتـــە، کەوتۆتە گـەڕەکی (حی الشرطة) بەشـی لای خۆرهـەڵاتی شـار، دەرەوەی شـەقامی (١٠٠) مەتری.
ڕووبەرەکـــەی (٢٤٠)م٢.
لێدوان لـەبارەی ئـەم مزگەوتە بەم شێوەیەیە:
کاتی خۆی خانووی حاجی (خالد سلیمان) ناوێك بوو، پێش ئەوەی کۆچ بکات داوای لەمنداڵەکانی کرد، پاش مردنی بۆی بکەنە مزگەوت. ئەم زاتە لەساڵی ١٩٩٥دا کۆچی دوایی کرد. بەهەوڵ و کۆششی منداڵەکانی‌و دانیشتوانی گەڕەك و هەندێ خێرخوازو ماندو بوونی مامۆستا مەلا (ابراهیم عزیز احمد) دەست بەکار لێ کردنی کرا. هەندێ دیواریان روخاندو، هەندێکیان سەر لەنوێ بۆ دروست کرد هەوڵ و کۆششێکی زۆریان لەگەڵ دا تاکو لەساڵی ١٩٩٦ وای لێ هات شێوەی مزگەوتی لێ نیشت، شیاوی نوێژ لێ کردن بوو.
هەر لەسەرەتاوە مامۆستا مەلا ابراهیم پێش نوێژی لێ دەکات.

## بەشەکانی:

١- حەرەم: حەرەمەکەی لەبەر ئەوەی خانوو بووە، شێوەکەی تاڕادەیەك نارێکە، لەهەندێ جێگا شێوەی گۆڕاوە بەشێوەیەکی هاکەزایی هەندێ پێداویستی بۆ دابین کراوە.
٢- ژووری پێش نوێژ: لەکاتی سەردانمان بۆ ئەم مزگەوتە، خەریکی دەستکاری کردنی ژووری پێش نوێژ بوون. ژووری چێشتخانەکەی حەوشەکەیان دەست کاری دەکرد بۆ ئەوەی ببێت بەژوورێك بۆ پێش نوێژ، هەرچەندە بچوکیش بوو.
٣- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە بەشێوەی ساکار لەیەك دوو ناردەست و یەك دوو بۆڕی پێك هاتبوو.

دەرگای حەوشەکەی ئاسنی گەورەی دولایی بوو، زیاتر لەدەرگای مالآن دەچوو.
ئاو کارەبای لەسەرچاوەکانی میرییەوە وەرگیراوە.


١٩٩٧/٨/١

**سەرچاوەکان:**

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.
٢- چاوپێکەوتن و گفتوگۆ لەگەڵ مامۆستا مەلا ابراهیم- پێش نوێژی مزگەوت.

# ١٧٧- مزگەوتی (الرحمة)

ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە گەڕەکی (٩٤) ئەوپەڕی سنوری شار، لەڕاست خانووەکانی گەڕەکی زانکۆ لای خۆرهەڵات.



سەرجەم پانتایی زەوییەکەی دیاری کراوە، (٢٠٠٠)م٢ و بەڵام تەنها (٣٠٠)م٢ کراوەتە مزگەوت و بەشەکانی.

دروست کردنی ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە سەر شانی (رابطة الاغاثة الاسلامیة).

سەرەتای دەست بەکارکردنیان لەرۆژی ١٩٩٦/٩/١٥ بوو و لە ١٩٩٦/١١/٢٢ کۆتایی بەدروست کردنی هات.

ئەوەی جێی وەبیر هێنانەوەیە، دروست کردنی ئەم مزگەوتە لێرە ئەگەڕێتەوە بۆ هەوڵ و کۆشش و چالاکی مامۆستا (عبداللطیف عبدالرحمن) ئەم زاتە زۆر ماندو بوو تاکو رەزامەندی وەدەست هێنا هەر خۆشی زۆر کات پێش نوێژی لێ دەکات.

مامۆستا مەلا (دارا زیاد شریف)یش رۆژانی هەینی دێت و ووتاری هەینییان بۆ دەخوێنێتەوە.

**بەشەکانی:**

١- حەرەم: بە مەودای (٥×١٠)و بەرزی (٣,٥)م و لەسەر شێوەیەکی جوان

حەرەمێکی پوختەی بۆ دروست کراوە، زۆر بەزیادەوە دەرگاو پەنجەرەو کەل و پەلی بۆ دابین کراوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە زۆر بەشێوەیەکی رێك و پێك ژوورێك دروست کراوە، تارادەیەك بەشێوەیەکی مام ناوەندی پێداویستی بۆ دابین کراوە.

٣- ژووری مەخزەن: لەتەنیشت ژووری پێش نوێژ، ژوورێك بۆ کەل و پەلی زیادەی مزگەوت دروست کراوە.

٤- بەشی دەست نوێژ: ئەم بەشە کەوتۆتە یەکێ لەگۆشەکانی مزگەوت ژمارەی ئاودەست و بۆڕیەکانی لەژمارەی پەنجەکانی دەست تێناپەڕێ.

حەوشەکەی دیوارێکی نزمی هەیەو بە بۆیاغ سەرانسەر ڕەنگ کراوە ئاوو کارەبای لەمیرییەوەیە.

ئەوەی شایانی باسە، تاکو ئەمڕۆ، پێش نوێژو وتارخوێنی دەست نیشان نەکراوە، پێویستە بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی هەولێر ئەم کێشەیە چارەسەر بکات.

١٩٩٧/٧/٢٥

## سەرچاوەکان:

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.
٢- گفتوگۆ کردن لەگەڵ مامۆستا مەلا عبداللطيف عبدالرحمن.

# ١٧٨- مزگەوتی (الأخوين)[1] دووبرا


ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە گەڕەکی روناکی، نزیك ئامادەیی بازرگانیەتی کچان. لەرۆژی ١٩٩٦/٦/١ دەست بەدروست کردنی کراو، لە ١٩٩٧/١٢/٢٩ تەواو بوو، شەوی ١٢/٣٠ نوێژی (تەراویحی) لێ کرا.

ڕووبەرەکەی (٦٠٠)م٢.

شێوەیەکی هاوچەرخی گرتۆتە خۆیو دیواری بەبلۆکەو سەرەکەی کۆنکریتە. ئەرکی دروست کردنی کەوتە ئەستۆی (مامۆستا مەلا عمر اسماعيل محمود).

١- مامۆستا مەلا عمر کاتی خۆی کرایە مامۆستای قوتابخانەکانی سەرەتایی، ئەم زاتە لەدایك بووی ساڵی (١٩٤٠)و بەرەگەز خەڵکی گوندی (کاریتان)ی سەر بەناحیەی کەندیناوەیە. ئەم زاتە دوو کوڕی لەکۆچ ڕەوەکە شەهید کران، لەبەر ئەم هۆیە ئەم مزگەوتەی دروست کردو ناوی (دوو برا)ی لێ نا. جەنابیان ئێستاکە خاوەن دوکانێکی خنجیلانەیە.

لەسەرەتاوە مامۆستا مەلا (علی محمد علی)[1] ئەرکی پێش نوێژو ووتارخوێنی کەوتە ئەستۆ، مامۆستا (عمر) هەندێ کات خۆی پێش نوێژی دەکات.



## بەشەکانی:

١- حەرەم: حەرەم بەئەندازەی (١٥,٥×٨,٥)م دروست کراوەو بەشێوەیەکی جوان میحراب و مینبەرو مەحفەل و بەرهەیوانی بۆ کراوە، کەرەستەو پێداویستی‌یەکانی دابین کراوە.

٢- لەم مزگەوتە (٣) ژووری ڕێک و پوختە دروست کراون، بەهەموو پێداویستیەکەوە:

ا- ژووری پێش نوێژ.

ب- ژووری موتەوەلی/ سەرپەرشتیکار.

ج- ژووری فەقێ.

٣- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە وەکو بەشی زۆربەی مزگەوتەکان شێوەیەکی سەربەخۆی هەیە، چەندین ئاودەست و بۆڕی بۆ دابین کراوە.

لەسەر مزگەوت خانووبەرەی خێزانی مەلا دروست کراوە، سەرچاوەی ئاوو کارەبای لەمیری‌یەوەیە.

نەخشەکەی لەلایەن ئەندازیار کاك (فارس سعدی)وە کێشراوەو وەستا ئەمین کەرکوکیش دیوارەکەی کردووە. بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی پوختەیە.

١٩٩٩/٢/١٥

## سەرچاوەکان:

١- سەردانی مزگەوت.


---

١- ئەم زاتە کاتی خۆی مامۆستای قوتابخانە بوو، پاش خانەنشین خرایە سەر میلاکی وەزارەتی ئەوقاف، مامۆستا بە مەلا علی شێخ وەتمان ناسراوەو، لەدایك بووی ساڵی ١٩٣٣، کاتی خۆی لەمزگەوتی خڕبوو لەگەڕەکی رووناکی.

٢- چاوپێکەوتن بەم بەڕێزانە:
أ- مامۆستا مەلا عمر اسماعیل محمود.
ب- مامۆستا مەلا علی محمد علی.

# ١٧٩- مزگەوتی فتحی بێکەس

ئەم مزگەوتە، کەتۆتە گەڕەکی سەیداوە، نزیک شەقامی (٦٠) مەتری تەنیشت پردی ئەم شەقامە.



لەڕۆژی ١٩٩٧/٢/٢، بە بڕیاری کاک (فەتحی مارف احمد بێکەس)[١] دەست بەدەستکاری کردنی کراو شێوەی مزگەوتی گرتەخۆ.

کاتی خۆی خانوو بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی کاک (فەتحی) بێکەس بوو، پێش مردنی بڕیاری ئەوەیدا کە بیکاتە مزگەوت.

ڕووبەرەکەی (١٦٨)م٢.

لەسەرەتای تەواو بوونییەوە مامۆستا مەلا (جمال کاکو سعید) کرایە پێش نوێژ لەم مزگەوتە.

## بەشەکانی:

١- حەرەم: لەسەر شێوەی هۆدەیەکی کوردەواری خۆمان حەرەمێکی (٦×٩)م بۆ دروست کراوە، میحراب و بەرهەیوانی بۆ کراوە، تاڕادەیەکی مام ناوەندی پێداویستیەکانی دابین کراوە.

٢- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە نزیک دەرگای حەوشەیەو لە (٥) بۆڕیو (٣) ئاودەست پێك هاتووە.

٣- لەم مزگەوتە تەنها ژوورێك هەیە، ئەویش مام فەتحی تێدا ژیان بەسەر ئەبات واتە ماڵ و حاڵی مام فەتحی‌یە.

---

١- ئەم زاتە بێکەسە، ماوەیەکی زۆرە هەوڵی وەدەست هێنانی ڕەزامەندی ئەوقاف دەدات، تاکو بەدەستی هێناو مزگەتەکەی دروست کرد.

حەوشەیەکی بچوک، دەرگایەکی ئاسنی یەک لای بچوک بنەدار هەرمێیەکی بەبەری لێ بوو، مام فەتحی یەک دوو دانەی هێناو پاش شۆرینەوە بەیەکەوە خواردمان. ئاوو کارەبای لەمیریەوە وەرگیراوە.

١٩٩٧/١٠/١٣

**سەرچاوەکان:**

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی.


٢- چاوپێکەوتن و گفتوگۆ کردن لەگەڵ:

ا- مام فتحی بێکەس-سەرپەرشتیکار.

ب- مامۆستا مەلا جمال کاکو سعید- پیش نوێژ.

## ١٨٠- مزگەوتی مەلا سمایل نانەکەلی(١)

ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە گەرەکی (حی‌الزراعیین) بەرامبەر بەمزگەوتی (الماجدی) نزیک شەقامی (١٠٠) مەتری.



سەرەتای دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژی ١٩٩٧/٨/١ بڕیاری دروست کردنی لەلایەن (مەلا عمر مەلا سمایل نانەکەلی)وە دەرکرا.

ئەم بنەماڵەیە نزیکەی (٤٠٠,٠٠٠) چوار سەد هەزار دیناری عێراقی سویسریان لەم مزگەوتە خەرج کرد. لەمانگی ئاداری ١٩٩٨ تەواو بوو.

ڕووبەرەکەی (٥٤٠)م٢.

بەڵام بەنیازی کڕینی پارچە زەویەکی تەنیشت مزگەوتن بەپانتایی (٢٠٠)م٢ بۆ دروست کردنی هۆڵی پرسە بۆ مزگەوتەکە.

١- ئەم مزگەوتە کورەکانی مەلا سمایل ڕەحمەتی دروستیان کردو ناوی باوکیان لێ نا بەتایبەت مەلا عمر کە برای کاک احمد اسماعیل نانەکەلیە.

مزگەوتەکە نەخشەکەی ئەندازیار (موفق عبدالواحد)[1] دایناو ماموستا مەلا عمر مەلا سمایل سەرپەرشتی دروست کردنی کرد.

ماموستا مەلا کاوان مەلا سمایل کراوتە پێش نوێژو حاجی (صلاح الدین محمد رشید)یش بانگدەر.

## بەشەکانی:

١- حەرەم: لەسەر شێوەیەکی جوان و بەمەودای (٩×٧)م و بەرزی (٣.٥)م حەرەمێکی قەشەنگی بۆ دروست کراوە سەرەکەی کۆنکریتەو ناوەکەی کاشی لەناوەڕاست میحرابێکی جوانی هەیە، بەئەندازەی (٣)م بەرهەیوانێکی پوختەی هەیە، زۆر بەتێرو پڕی پێداویستی حەرەمی لەهەموو ڕوویەکەوە بۆ دابین کراوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: بەرامبەر حەرەم (٢) ژوور بەتەنیشت یەکەوە دروست کراون بەئەندازەی (٤×٦)م بەرزی (٣)م، هەردووکیان بەچاکی پڕ فەرش و رایەخ کراون، پێداویستی جۆراو جۆریان بۆ دابین کراوە. یەکێ لەم ژوورانە بۆ پێش نوێژو ئەویتر بۆ خادم و بانگدەر.

٣- هۆڵی نوێژ کردنی ئافرەت: سەربانی هەیوانی حەرەم زۆربەی مزگەوت مەحفەلە، بەلام لەم مزگەوتە بۆ نوێژ کردنی ئافرەت تەرخان کراوە، بەتێروپڕی پێداویستیەکانی دابین کراوە، تەنانەت بەشی دەست نوێژ گرتنی تایبەتی خۆی هەیە لەگەل دەرگاو پێپیلکە.

٤- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە تاڕادەیەك سەربەخۆیە، کەوتۆتە گۆشەی لای خۆرهەلاتی حەوشەی مزگەوت، لە (٥) بۆڕیو (٥) سەکۆو (٣) ئاودەست و (١) سەرشۆر پێك هاتووە. تاڕادەیەکی چاك جێگایەکی پاك و خاوێن و پوختەیە.

٥- حەوشەکەی دوو بەشە:

أ- لای دەستەچەپ لەچوونە ژوورەوە کراوەتە گوڵ و گوڵزارو تەل بەندکراوە.

ب- لای دەستەڕاست زۆر پوختەیە سەرانسەر کاشی ڕێژ کراوە.

بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی خنجیلانەو ڕێك و پێکە، ئاوو کارەبای لەمیرییەوە.

ناونیشانی مزگەوت لەسەر دەرگای حەوشەکەی بەخەتێکی خۆش و جوان نووسراوە.

---

١- ئەم زاتە ئەندازیارە لەکۆمپانیای دانەوێڵەی مریشکی هەولێر (خاوەنی احمد اسماعیل).

٢٦ ٤ ١٩٩٨

**سەرچاوەکان:**


١- سەردانی مزگەوت.

٢- چاوپێکەوتن و گفتوگۆ لەگەڵ بەرپرسان:

أ- ئەندازیار کاک موفق عبدالواحد.

ب- حاجی صلاح الدین- بانگدەر.

# ١٨١- مزگەوتی شێخ عبیداللەی باقلان



ئــــەم مزگەوتـــــە، کەوتۆتــــە گـــــەڕەکی برایـــەتی، ســـەرووی مزگـــــەوتی شـــێخ محی‌الدین شێخ صالح، نزیـــک (ســـەمونخانەی ساوا).

لەســـــاڵی ١٩٨٩وە زەوی‌یەکەی وەرگیراوە. بەڵام ئەم چەند ساڵە لەبەر بارودۆخی کوردستان و عێراق دەستی پێ نەکرا.

لەسەرەتای ساڵی ١٩٩٧ دەستی پێ کراو لەڕۆژی ١٨/٣/١٩٩٨ کۆتایی پێهات. هەرچەندە تاکو ئێستاکە بگرە وردەکاری تێدا ماوە. بۆ یەکەم جار نوێژی ڕۆژی ١٨/٣/١٩٩٨ی بەکۆمەڵ تێدا کرا.

ئەرکی دروست کردنی کەوتە سەر خێرخوازانی ئەم شارەو هەوڵ و تەقەلای زۆری شێخ (عبیداللە)ی[١] باقلان.

پانتاییەکەی (١٤٠٠)م٢.

لایەکی مـــزگەوتەکەی لێ دروست کـــراوەو لایەکەی تــــر خانووبەرە بۆ پێش نوێژو

---

١- ناوی تەواوی ئەم زاتە (شێخ عبیداللە شێخ حسن شێخ احمد شێخ عبدالقادر شێخ ابراهیم باقلانی بەرزنجی)یە. ئەم زاتە لەدایک بووی ساڵی ١٩٣٣یەو لەساڵی ١٩٥٨وە هاتۆتە شاری هەولێر. لەوەپێش لەگوندی باقلان بوو.

سەرپەرشتیکار:

لەسەرەتاوە مامۆستا مەلا (هاشم جمال نوری)[1] باقلانی کرایە پێش نوێژو

وتارخوێن:

**بەشەکانی:**

١- حەرەم: لەسەر شێوەیەکی لاکێشەیی حەرەمێکی (١٢×١٩)م و بەرزی (٦)م بۆ دروست کراوە، سەرەکەی کۆنکریتەو ناوەکەی چەمەنتۆیە، میحراب و مەحفەلی بۆ دروست کراوە، بەپانتایی (٣)م بەرهەیوانێکی پوختەی بۆ کراوە، تارادەیەک کەل و پەل و پێداویستی یەکانی دابین کراوە گومەتێکی بازنەی بچوکی بۆ کراوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: لەدەرەوە (٢) ژوور دروست کراون، بەڵام هێشتاکە تەواو نەبوونە، یەکێ بۆ پێش نوێژو ئەویتر بۆ فەقێ.

٣- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە تارادەیەک سەربەخۆیە، لە (١٠) ئاودەست و (١) سەرشۆرو (١٠) بۆری ئاوو جێگای تایبەت بۆ مردوو شتن پێك هاتووە.

٤- خانوبەرە بۆ پێش نوێژ، دروست کراوە، بەشێوەیەکی گشتی هێشتاکە ئەم مزگەوتە پێویستی بەهەندێ بەشی تر هەیە، لەوانە هۆلی پرسە.

بەکورتی مزگەوتێکی چاکەو، جێو رێیەکی چاکی هەیە ئاوو کارەبای لەمیری یەوە وەرگیراوە.

١٩٩٩/١٢/١

**سەرچاوکان:**

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن بە:


أ- بەڕێز شێخ عبیداللەی باقلان- سەرپەرشتیکار.

ب- بەڕێز مامۆستا مەلا هاشم باقلانی- پێش نوێژی مزگەوت.

---

١- مامۆستا مەلا هاشم لەدایك بووی ساڵی ١٩٧٩یەو هەڵگری بڕوانامەی مەلایەتی یە.

# ١٨٢- مزگەوتی حاجی عزیز خەرابەدراو[١]



ئـــەم مزگەوتـــــە، کەوتۆتـە سـەر شـەقامی (٦٠)م نزیــک چـوار ڕێیانی (فرانسو میتران) ڕێگای عەنکاوە تەنیشت نەخۆشــــــخانەی فریاکــــــەوتن (Emergency).

لـەڕۆژی ١٩٩٨/٧/٢١ دەستی پێ کراو لە ١٩٩٩/٤/١٠ ئاهەنگی کردنەوەی سازکرا.

روبەرەکەی (٢٠٠٠)م٢.

ئەرکی دروست کردنی حاجی أبوبکر عزیز گرتیە ئەستۆی خۆی.

لەسەرەتاوە مامۆستا مـەلا (عبدالرحمن حـاجی نـادر) کـە بـە مـەلا عبدالرحمنی گردجۆتیار بەناوبانگە کرایە پێش نوێژو ووتارخوێن.

**بەشەکانی:**


١- حـەرەم: بەئەندازەی (١٢×١٦)م حـەرەمێکی پوختـەی بـۆ دروسـت کـراوە، زۆر بەشێوەیەکی جوان میحراب و مەحفەلی بۆ کـراوە، لەگـەڵ مینبـەرێکی کـاتی لـە دار دروست کراوە. بەرهـەیوانێکی تێروپرو پڕ فەرشی هەیە، زۆر بەشێوەیەکی تـێروپڕ (١٢) فەرشی کەم وێنەی (٣×٤) لێ ڕاخراوە لەگەڵ پێداویستیەکانی بەزیادەوە دابین کراوە.

٢- ژووری پێش نوێـژ: بـۆ ئـەم مەبەسـتە بەرامبـەر حـەرەم ژوورێکـی پوختـە بـۆ دانیشتنی مامۆستا دروست کراوەو تاڕادەیەك پێداویستیەکانی بەتێروپڕی بۆ دابین کراوە.

---

١- ئەم زاتە ناوی تـەواوی (حـاجی ابوبکـر حـاجی عزیـز احمـد)ەو خـەڵکی گونـدی (خەرابـە دراو)ەو لەدایك بووی ساڵی ١٩٢٧و لەساڵی ١٩٣٧وە هاتۆتە هەولێر، واتە هەر لەمنداڵیەوە لەهەولێر گەورە بووە.

# ١٨٢- مزگەوتی حاجی عزیز خەرابەدراو[1]



ئـــەم مزگەوتـــــە، کەوتۆتـە سـەر شـەقامی (٦٠)م نزیـــك چــوار ڕێیانی (فرانسو میتران) ڕێگای عەنکاوە تەنیشت نەخۆشـــــــخانەی فریاکـــــــەوتن (Emergency).

لـەڕۆژی ١٩٩٨/٧/٢١ دەستی پێ کراو لە ١٩٩٩/٤/١٠ ئاهەنگی کردنەوەی سازکرا.

روبەرەکەی (٢٠٠٠)م٢.

ئەرکی دروست کردنی حاجی ابوبکر عزیز گرتیە ئەستۆی خۆی.

لەسەرەتاوە مامۆستا مـەلا (عبدالرحمن حـاجی نـادر) کـە بـە مـەلا عبدالرحمنی گردجۆتیار بەناوبانگە کرایە پێش نوێژو ووتارخوێن.

**بەشەکانی:**

١- حـەرەم: بەئەندازەی (١٢×١٦)م حـەرەمێکی پوختـەی بـۆ دروسـت کـراوە، زۆر بەشێوەیەکی جوان میحراب و مەحفەلی بۆ کـراوە، لەگـەڵ مینبـەرێکی کـاتی لـە دار دروست کراوە. بەرهـەیوانێکی تێروپرو پڕ فەرشی هەیە، زۆر بەشێوەیەکی تـێروپڕ (١٢) فەرشی کەم وێنەی (٣×٤) لێ ڕاخراوە لەگەڵ پێداویستیەکانی بەزیادەوە دابین کراوە.

٢- ژووری پێش نوێـژ: بـۆ ئـەم مەبەسـتە بەرامبـەر حـەرەم ژوورێکـی پوختـە بـۆ دانیشتنی مامۆستا دروست کراوەو تاڕادەیەك پێداویستیەکانی بەتێروپڕی بۆ دابین کراوە.

---

١- ئەم زاتە ناوی تـەواوی (حـاجی ابوبکـر حـاجی عزیـز احمـد)ەو خـەڵکی گونـدی (خەرابـە دراو)ەو لەدایك بووی ساڵی ١٩٢٧و لەساڵی ١٩٣٧وە هاتۆتە هەولێر، واتە هەر لەمنداڵیەوە لەهەولێر گەورە بووە.

٣- هۆڵی پرسە: بۆ ئەم مەبەستە هۆڵێکی پوختە لەتەنیشت ژووری پێش نوێژ دروست کراوە، ئەویش بەشێوەیەکی تێروپڕ هەموو جۆرە پێداویستیەکانی دابین کراوە.

٤- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە لە (١٥) جووت بۆڕیو (٧) ئاودەست و(١) سەرشۆر پێك هاتووە.

ئاوو کارەبای مزگەوت لەسەرچاوەوی گشتی‌یەوە وەرگیراوە، بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی پوختەیە.

دەرگای سەرەکی کەوتۆتە سەر شەقامی (٦٠) مەتریو ناونیشانی مزگەوتی بەخەتێکی خۆش لێ نووسراوە.

١٩٩٩/١٢/١٦

**سەرچاوەکان:**

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی.

٢- چاوپێکەوتن بە:

ا- کاك حاجی أبوبکر.

ب- مامۆستا مەلا عبدالرحمن.

## ١٨٣- مزگەوتی مەلا علی سعید[١]

ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە گەڕەکی شورتاوە، نزیك باداوەو ڕێگای بەنەسلاوە.

سەرەتای دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ (٥/ ڕەمەزانی ١٤١٩) بەرامبەر بە ١٩٩٨/١٢/٢٢.


سەرجەم پانتایەکەی (٢٠٠)م٢.

لەکاتی خۆی خانووی هاولاتی (کاك سعدی علی برنو) بوو مامۆستا مەلا علی لێی کڕیو هەندێ دەستکاری کرد تاکو وای لێ هات شێوەی مزگەوتی گرتەخۆ.

مامۆستا مەلا (خیراللە فتح اللە) کراوەتە پێش نوێژو وتارخوێن، ئەم زاتە ئێستاکە قوتابی کۆلیژی شەریعەیە.

---

١- مەلا علی لەدایك بووی ساڵی ١٩٣١و خەڵکی گوندی (باخەمر)یە، نزیك کۆمەڵگای دارەتوو.



## بەشەکانی:

١- سەرجەم پانتایی زەوی‌یەکەی کراوەتە حەرەم، تەنها چەند مەترێکی نەبێ. سەرەکەی کۆنکریتەو ناوەکەی چەمەنتۆیە، لەناوەوەی حەرەم پێپیلکەیەکی هەیە بۆ سەربان، ژووری پێش نوێژ لەسەر حەرەم دروست کراوە. بەشێوەیەکی هاکەزایی میحرابێکی لەناو دیوار بۆ دروست کراوە، بەنیوە ناتەواوی هەندێ پێداویستی بۆ دابین کراوە.

٢- تەنها (٣) ئاودەست و (٦) بۆڕی بۆ دەست نوێژ هەیە.

حەوشەکەی زۆر بچوکە، هەر لە (١٠)م٢ زیاتر نابێ، پارچە زەوی‌یەکی (٢٠٠)م٢ هەیە لەتەنیشت مزگەوتەکە، مامۆستا مەلا عەلی بەنیازی کرینی‌یەتی، بەئومێدی ئەوەی بیداتە دەم پانتایی مزگەوتەکە.

جەنابی مەلا علی هەر بەتەنها ئەم مزگەوتەی دروست کردووە هەرچەندە بچوکە، بەڵام ووتارو نوێژی چاکی لێ دەکرێت. (کاکەڕەش کاکۆ قادر)یش هەر لەسەرەتاوە وەکو خادم و بانگدەر سەرپەرشتیکار سەرپەرشتی مزگەوتەکە دەکات.

سەرچاوەی ئاوو کارەبای لەسەرچاوە گشتی‌یەکانی میری‌یەوە وەرگیراوە.

٢٠٠٠/٢/١٤

## سەرچاوەکان:

١- سەردانی مزگەوت لەنزیکەوە.


٢- چاوپێکەوتن بە:

ا- خودی مامۆستا مەلا علی سعید علی.

ب- بەرێز کاکەڕەش کاکو قادر.

# ١٨٤- مزگەوتی حاجی حمد عبدالله
## ( حمدە گەورە )[1]

ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە کۆڵانەکانی گەڕەکی کوران، نزیک مزگەوتی حاجی احمد



یەعقوبی.

لەسەرەتای مانگی نابی ١٩٩٨ دەست بەدروست کردنی کراو لە ١٩٩٩/٣/٢٤ کۆتایی پێ هات و تەواو بوو.

یەکەم نوێژ، نوێژی یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربان بوو ڕێکەوتی ١٩٩٩/٣/٢٤، زەوی‌یەکەی موڵکی حاجی حمدە گەورە بوو، دانیشتوانی گەڕەکەکەو هەندێ خێرخواز یارمەتیان داو بڕێک پارە کۆکرایەوەو مزگەتەکەی پێ تەواو کرا.

لەوانەی کە یارمەتی چاکیان بە مزگەوت گەیاند ئەمانە بوون:

١- حاجی زاهیر بندیان- خاوەنی مزگەوت.

٢- ئافرەتێك بەناوی (گوڵەنام شریف حسین) خەڵکی گوندی بەرزەوارو خێزانی حاجی صدیق صالح تەلەخێمەی گچکە.

ڕووبەرەکەی (٤٠٠)م٢.

هەر لەسەرەتاوە مامۆستا مەلا (عبدالله رمضان) کرایە پێش نوێژو وتارخوێن. دوا بەدوای ئەم زاتە مامۆستا مەلا (ادریس محمد عبداللە) لە ٢/٥/٢٠٠٠وە کراوەتە پێش نوێژو وتارخوێن، جەنابیان لەدایك بووی ساڵی (١٩٧٠)یە.

**بەشەکانی:**

١- حەرەم: بەئەندازەی (١٥,٥×٧,٣٠)م و بەرزی (٥)م حەرەمێکی پوختەی بۆ کراوە، سەرەکەی کۆنکریتەو ناوەکەی چەمەنتۆیە میحراب و مینبەرو مەحفەل بۆ

---

١- ناوی تەواوی (حاجی عبدالله خدر)ە خەڵکی گوندی (حسن بگ)ە لەکەندیناوەو لەدایك بووی ساڵی ١٩٣١ و کارو پیشەی ئاژەل (ماڵات) کڕین و فرۆشتن ە.

دروست کراوە، هەر لەناو حەرەمەوە قالدرمەی بەسەرکەوتنی بۆ کراوە، تاڕادەیەکی پوختە هەرچی پێداویستی هەیە دابین کراوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: بەئەندازەی (٣×٧)م دروست کراوەو بەشێوەیەکی چاک پێداویستیەکانی لەهەموو ڕوویەکەوە دابین کراوە.

٣- ژووری مەخزەن: لەسەر شێوەی ژووری پێش نوێژ دروست کراوەو هەرچی کەل و پەلی زیادەی مزگەوت هەیە تیایدا هەڵگیراوە.

٤- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە کەوتۆتە نزیك دەرگای حەوشە، لای دەستە چەپ، لە (٦) بۆڕیو (٤) ئاودەست پێك هاتووە.

ناو حەوشەکەی چەمەنتۆ کراوە، دەرگایەکی گەورەی لەئاسن دروست کراوی ڕووەو باکور بۆ دانراوە.

تانکی‌یەکی ئاوی گەورە لەسەربانی بەشی دەست نوێژ بۆ ئاوی پێویست دانراوە، ئاوو کارەبای لەمیری‌یەوە وەرگیراوە.

٢٠٠٠/٢/٧

**سەرچاوەکان:**


١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن و گفتوگۆ کردن لەگەڵ:

ا- بەڕێز حاجی حمە گەورە خاوەنی مزگەوت.

ب- کاك خطیب محمد عبدالله.

# ١٨٥- مزگەوتی عمر-ی خدر پاشا



ئـــــەم مزگەوتـــــە، کەوتۆتـە گـەڕەکی حـی العـدلی تـازە، نێـوان گەڕەکی عەدالەی کۆن و ڕێگـــای کـــەرکوك، بەرامبـــەر کۆلێـــژی زانست.

بیروکـــەی دروســـت

کردنی دەگەڕێتەوە بۆساڵی ١٩٩٥، بەڵام لەساڵی ١٩٩٧ دەستی پێکرا
ئەرکی دروست کردنی کەوتە سەر شانی ئەم دوو بەڕێزە
١- کاك عبدالقادر خدری پاشا.
٢- صافیە خان خدری پاشا.
بەچووتە بەدروست کردنی هەستان وکاك (عباس حاجی اسماعیل دوکاندار) بە سەرپەرشتی تەواوکردنی کرد.
سەرجەم پانتایەکەی (١٨٠٠)م٢.
لەرۆژی ١٩٩٩/٥/١٩ ئاهەنگی کردنەوەی بەئامادەبوونی کۆمەڵێك پیاو ماقوڵ و بەرپرسانی وەزارەتی ئەوقاف، بەتایبەتی مامۆستا مەلا احمد خانەقا سازکرا
لەسەرەتاوە مامۆستا مەلا (عمر حاجی قادر) کرایە پێش نوێژو وتارخوێن. ئەم زاتە لەوەپێش لەگەڕەکی ئازادی لەمزگەوتی سەید حوسێن بوو.

## بەشەکانی:

١- حەرەم: لەسەر شێوەیەکی لاکیشەیی حەرەمێکی (١٢×١٦)م و بەرزی (٨)م بۆ دروست کراوە. میحراب و مینبەرو مەحفەل و گومەت و بەرهەیوانی پوختەی بۆ کراوە، ناوقەد گومەتەکەی (٦)م و بەرزی (١٥)م و (١٧) دانە پەنجەرەی هەوانی بۆ روانـاکی لێ بەسـتراوە، زۆر بەشـێوەیەکی تـێروپڕ، هـەموو جـۆرە پێداویسـتیەکی حەرەمی بە زیادەوە بۆ دابین کراوە.
٢- ژووری پێش نوێژ: بەرامبەر حەرەم ژوورێکی تێروپڕ بەئەندازەی (٤×٦)م دروست کراوەو زۆر بەزیادەوە هەموو پێداویستیەکانی دابین کراوە. لەسەر هەمان ئەندازە ژوورێك بۆ کەل و پەلی زیادەی مزگەوت لەتەنیشت ژووری پێش نوێژ دروست کراوە.
٣- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە لە (١٢) ئاودەست و (١) سەرشۆرو (١٢) بۆڕی پێك هاتووە جگە لەوەی بەشێکی سەربەخۆیە.
بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی پوختەیە، لەسەر شێوەیەکی نوێ دروست کراوە. ئاوو کارەبای لەمیری‌یەوە وەرگیراوە. خانوبەرەی بۆ خێزانی مامۆستا هەیە ١٩٩٩/١٠/٣

## سەرچاوکان:

١- سەردانی مزگەوت (٢)جار.

٢- چاوپێکەوتن بەم زاتانە:


أ- کاک عباسی سەرکار، لەکاتی دروست کردندا..

ب- مامۆستا مەلا عمر پێش نوێژو ووتارخوێن.

ج- مەلا سمایل ئازادی.

## ١٨٦- مزگەوتی جعفر عبدالقادر حامد بگ[1]

ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە گەڕەکی برایەتی، بەرامبەر گۆڕستانی (شێخ احمد).



لە ١٩٩٧/٤/١٥ دەستی پێ کراو لەمانگی ئەیلولی ١٩٩٩ کۆتایی پێ هات.

سەرجەم پانتاییەکەی (١٨٠٠)م٢.

ئەرکی دروست کردنی کەوتە ئەستۆی کاک (جعفر عبدالقادر حامد) نەخشەکەی وەستا توفیق دایناو بەشی زۆری دیوارەکەی وەستا (انور حمدامین) پیَی هەستا.

لەسەرەتاوە مامۆستا مەلا (انور چیۆیی) بەپێش نوێژو ووتارخوێن دانراوە.

**بەشەکانی:**

١- حەرەم: بەپانتایی (١٦×١٨)م و بەرزی (٦)م حەرەمێکی لاکێشەیی بۆ دروست کراوە، سەرەکەی کۆنکریتەو ناوەکەی کاشی‌یە، میحراب و مینبەرو مەحفەلی جوانی بۆ کراوە، لەگەڵ گومەت و بەرهەیوانی زۆر بە تێروپڕی هەموو جۆرە پێداویستی‌یەکانی دابین کراوە، دەوروبەری میحراب و مینبەر ڕازاوەتەوەو شێوەیەکی جوانی گرتۆتە خۆی.

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە لە تەنیشت هۆڵی پرسە، ژوورێك دروست

---

١- ناوی تەواوی (جعفر عبدالقادر حامد حسین)نە، لەدایك بوی ساڵی ١٩٤٥و ماوەیەکی زۆرە لەهەولێرە.

ە بەنەندازەی (٣×٥)م، چەند فەرشێکی پوختەی لێ ڕاخراوەو بەس.

٢- هۆڵی پرسە: هۆڵێکی نایاب بۆ پرسە دروست کراوە پانتایەکەی (١٠×٢٠)و ەکەی کۆنکریتەو دیواری بلۆکە کەرستەو پێداویستی بەزیادەوە بۆ دابین کراوە.

٤- بەشی دەست نوێژگرتن: ئـەم بەشـە تاڕادەیـەك سـەربەخۆو جیـاوازە، لـە (٨) دەست (١) سەرشۆرو (١٠) بۆڕی پێك هاتووە.

بەشێوەیەکی گشـتی مزگـەوتێکی پوختەیـە، جـێو ڕێیـەکی پوختـەی هەیـە ئـەم ەوتـە (١٤) دووکـان و حەوشـێکیهەیە بـۆ مـەلای مزگـەوت. ئـاوو کارەبـای ێریەوە وەرگیراوە.

١٩٩٩/٥/٢٠

**رچاوەکان:**

سەردانی مزگەوت لەنزیکەوە.

چاوپێکەوتن بە:

کاك جعفر عبدالقادر.

- وەستا انور حمدامین.

# ١٨٧- مزگەوتی أبوعمر- الفاروق

ئەم مزگەوتە کەوتۆتە گەڕەکی (١٥٩) گوڵان نزیك ڕێگای کۆیە.

لە ١٩٩٨/٦/١٠ دەست بەدروست کردنی کراو لە ١٩٩٨/١٢/٢٥ کۆتایی پێهات.

پانتایییەکەی (١٥٢٥)م٢یە.

ئەندازیار (نوری صادق علی) سەرپەرشتی دروست کردنی کرد.


ڕێکخراوی (الندوە)[1] بەم کارە هەستا بەیارمەتی هاووڵاتیەکی (سعودی)[2].

تاکو ئێستاکە مەلای بـۆ دەسـت نیشـان نـەکراوە، مـەلا (اسمـاعیل) نـاوێك هەیـە مزگەوت قوتابی پەیمانگەی ئیسلامییە، ئەو ناو بەناو پێش نوێـژی لێ دەکـات و وتاری هەینییان بۆ دەخوێنێتەوە.

---

١- ناوی تەواوی ئەم ڕێکخراوە (الندوة العالمیة لشباب الاسلامیة مکتب کوردستان) تاکو ستاکە (٢٦ ) دانە پرۆژەی لەم چەشنەی لەسنوری پارێزگای هەولێر دروست کردووە.

٢- ئەم زاتە ناوی (محمد سالم الغامدی)یەو بەرەگەز خەڵکی وڵاتی عەرەبی سعودییە.



## بەشەکانی:

١- حەرەم بەئەندازەی (١٠×١٥)م و بەرزی (٥)م حەرەمەکەی دروست کراوە، زۆر بەشێوەیەکی جوان میحراب و مینبەرو مەحفەل و بەرهەیوانی بۆ کراوە. بەشێوەیەکی هاکەزایی هەندێ لەپێداویستیەکانی دابین کراوەو بەڵام پێویستی بەزیاتر هەیە.

٢- ژووری پێش نوێژ: لەخۆرهەڵاتی حەرەم (٢) ژوور دروست کراون بەشێوەیەکی پوختە، یەکێ بۆ پێش نوێژو ئەویتر بۆ کەل و پەلی زیادەی مزگەوت بەڵام لەبەر نەبوونی پێش نوێژ، ئەوا ژوورەکە چەند قوتابیەکی پەیمانگەی ئیسلامی لێ حەواوەتەوە.

٣- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە تاڵاریەک سەربەخۆیە، بەپانتایی (٤٠)م دامەزراوە، (٦) بۆڕیو (٦) ئاودەستی هەیە، ئەمە لە لایەک، لە لایەکی‌تر ئاودەستێک و سەرشۆرێکی تایبەت لەنزیک ژووری پێش نوێژ دروست کراون لەوە ئەچێ تەنها بۆ پێش نوێژ بێ.

لەسەر دەرگای حەرەم، لەدیو هەیوان، پارچە بەردێکی حەلان لەناو دیوارەکە چەسپاوەو ناونیشانی مزگەوت مێژووی دروست کردنی لێ نووسراوە.

چواردەوری حەرەم شوورەیەکی نزمی بەبلۆک بۆ دروست کراوە. سەرچاوەی ئاوو کارەبای لەمیریەوە وەرگیراوە.

٦ /١٢ /١٩٩٩

## سەرچاوەکان:


١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن بە:

ا- ئەندازیار (محمد) ڕێکخراوەی الندوة.

ب- مامۆستا مەلا سمایل- پێش نوێژی کاتی مزگەوت.

# ١٨٨- مزگەوتی (الصواف)



ئـــەم مزگەوتـــە، كەوتۆتـــە كۆتـــايی گەڕەكی تەعجیل، نزیك مزگەوتی شێخ چۆلی، تەنیشت گرتوخانەی محطة(١). سەرجەم پانتایەكەی (٣٠,٠٠٠) سی هەزار مەتری چوارگۆشەیە.

سەرەتای بیرۆكەی دروست كردنی، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩١ بەڵام سەرەتای دەست پێ كردنی لەساڵی ١٩٩٤ بوو.

لەكاتی خۆی خواڵێ خۆشبوو (حاجی محمد محمود الصواف)[٢] بڕێك پارەی بۆ ئەم پرۆژەیە تەرخان كردو رابطەی ئیسلامی كوردستانی كردە سەرپشك بۆ ئەنجام دانی.

لەمانگی ئابی ١٩٩٤ دەستی پێ كرا، خودی بەڕێز دكتور (علی محی‌الدین قەرەداغی)[٣] سەرپەرشتی كرد.

نەخشەكەی لەلایەن كۆمەڵێك لەئەندازیارانی شارەزاوە كێشراوە ئەندازیار (حاجی ادریس حاجی دەروێش) سەرپەرشتی دروست كردنی كرد.

بە شێوەیەكی زۆر ڕێك و پێك دروست كراوە، دەتوانین بڵێین لە مزگەوتە

---

١- ئەم (محطة)یە كاتی خۆی ویستگەی وەستانی هێلی شەمەنەفەر بوو، لەوا دوا پاش لابردنی هێلی شەمەنەفەر لەساڵی ١٩٨٩ كرایە گرتوخانەی گشتی.

٢- ئەم زاتە لەتیرەی الصواف بوو، ئەم تیرەیە لەتیرە ناودارەكان شاری موسڵە، چەند ساڵێك لەمەوبەر چۆتە مەككەو لەشاری مەككە نیشتە جێ بووە، لەوە دەچێ كاتی خۆی ئەم بنەماڵەیە بازگانیەتی خوریيان كردبێ لە ١٩٩٢/١٠/٩ لەفرۆكەخانەی ئەستەمبول لەتوركیا كۆچی دوایی كرد لەو كاتەی بەنیازەی سەردانی موسڵمانەكانی بۆسنە بوو.

٣- ناوی تەواوی دكتور علی محی‌الدین قەرەداغی‌یەو، مامۆستایە لەیەكێ لەزانكۆیەكانی وڵاتانی كەنداوی عەرەبی (خلیج العربی)و سەروكی ڕابطەی ئیسلامی كوردە لەكوردستانی عێراق.

ناودارەکانی هەولێر لە قەڵەم دەدرێت.

لەرۆژی ١٩٩٩/٧/١٤ ئاهەنگی کردنەوەی ساز کرا، بەئامادەبوونی کۆمەڵێک لەزانایانی شارو بەرپرسانی وەزارەتی ئەوقاف و پیاوە ناودارەکانی هەولێر.

مامۆستا مەلا (عمر مەلا حمدامین سوێری) کراوەتە پێش نوێژو وتارخوێن لەم مزگەوتە. ئەم زاتە کاتی خۆی لەمزگەوتی ابراهیم گەردی بوو.

## بەشەکانی:

١- حەرەم: لەسەر شێوەیەکی جوان و فراوان، (٢) حەرەمی بۆ دروست کراوە، یەکێ بۆ نوێژ کردنی پێنج فەرزەو ئەویتر بۆ نوێژی هەینیو جەژنەکان سەرجەم پانتاییەکەی (١٤٠٠)م٢ و بەئەندازەی (٣٥×٤٠)م دروست کراوە. سەرەکەی کۆنکریتەو ناوەکەی سەرانسەر کاشییە زۆربەی دیواری بەکەرپوچە.

## بەشەکانی تر:

ا- میحراب، لەناوەڕاست میحرابێکی گەورەی بۆ دروست کراوە.

ب- مینبەر، لەتەنیشت میحراب مینبەرێکی بۆ دروست کراوە، بە پێپیلکەی بۆی بەسەر ئەکەون.

ج- مەحفەل: ئەم مەحفەلە لەچەشنی نهۆمێك دروست کراو، سەرجەم پانتاییەکەی (١١٠٠)م٢. لە هەردوولا، ڕاست و چەپ و بەرەو لای پێشەوە دێت وەکو نهۆمێك وایە، لایەکی بۆ نوێژکردنی ئافرەت تەرخان کراوە، ئەویتر بۆ پیاوان.

د- گومەتەکانی: (٢) گومەتی بۆ دروست کراوە، ناوقەدی هەریەکێکیان (٤,٥)م دەبێو بەرزیان (٧,٥)م. جگە لەم دوو گومەتە لەناوەڕاست حەرەم گومەتێك دروست کراوە، ناوقەدی (٢٠)م و بەرزی (٢٣)م و (٦٣)[1] دانە پەنجەرەی لێ بەستراوە لەناو حەرەم چوار گۆلەگەی گەروە دراوتە بەر گۆشەکانیو بەبەردی حەلان ڕوکەش کراوت.

بەئەندازەی (٥)م بەرهەیوانێکی لەناو حەوشە بەرزتری بۆ کراوە، درێژی (٣٠)م. (٤) دەرگای هەیەو لە (٤) جێگاو پێپیلکەی بەسەرکەوتنی هەیە لەبەرامبەر هەو پێپیلکەیەك دەرگایەکی گەورە بۆ ناو حەرەم هەیە.

هـ- حەرەمی ناوەڕاست: پێش ئەوەی بگەیتە حەرەمی گەورە، حەرەمێکی تری هەیە بە ئەندازەی (١٠×٣٠)م، زۆر جار نوێژی فەرزەکانی بەکۆمەڵ لێ دەکرێت لەدوو

---

١- (٦٣) دانە پەنجەرەی هەیە، بۆیە ئەم ژمارەیە دانراوە چونکە تەمەنی پێغەمبەر(د.خ) (٦٣) ساڵ بوو، (٢٣)م بەرزە چونکە (٢٣) ساڵ پێغەمبەر بوو.

لاوە پێپلکەی بۆ کراوە بۆ چوونە مەحفەل لەناو حەرەمی دووەم، لەلای خۆرئاوا دەرگایەکی گەورەی هەیە بۆ هاتوچۆ بۆ بەشی ئاودەست و دەست نوێژگرتن لەدیو دەرەوەی بەرهەیوانی حەرەم، لافیتەیەک هەیەو ناونیشانی مزگەوت مێژووی دروست کردنی و لایەنی پێ هەڵساوی لێ نووسراوە. ئەم بەشە زۆر بەتینرو پڕی هەموو جۆرە پێویستی بۆ دابین کراوە.

و- منارەکەی: زۆر بەشێوەیەکی جوان و پوختە، لەکەرپوچ منارەیەکی بۆ دروست کراوە. ژێرەکەی (٨) گۆشەیە، لە (٢) شوێن پشتینەی بۆ کراوە، شێوەی بازنەیی هەیە. لەناوەوە پێپیلکەی پێچاوپێچی (حلزونی) بۆ بەسەر کەوتن بۆ کراوە، بەرزی (٥٢,٣٠)م، لەناوقەد منارەکە (ناونیشانی منارەکەو مێژووی دروست کردن و ناوی ئەندازیارەکە) بەخەتێکی خۆش نوسراوە چەند بلندگۆیەکی لەسەر سەرەوە لێ بەستراوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە لەلای خۆرهەڵاتی حەرەم، لەبەرهەیوانەکە، ژوورێک بەئەندازەی (٤×١٠)م دروست کراوە،، تاڕادەیەک کەل و پەل و پێداویستی بۆ دابین کراوە.

٣- بەشی دەست نوێژ گرتن: ئەم بەشە کەوتۆتە گۆشەی لای خۆرئاوای حەرەم تاڕادەیەک بەشێکی سەربەخۆیە. بەشێوەی جوان و پاک دامەزراوە، لەم بەشەوە ڕچەڕێیەک هەیە بۆ حەرەمی دووم، بەپێپیلکە بۆی بەسەر ئەکەون چونکە حەرەم بەرزترە.

لەم مزگەوتە بڕیاروایە ئەم بەشانەی لەداهاتودا دروست بکرێت (انشاء الله).

١- هۆڵێک بۆ هەموو جۆرە ئاهەنگ و بۆنەیەک.

٢- بەشی دەست نوێژی پیاوان.

٣-پەراوگەی گشتی.

٤- پەیمانگای ئیسلامی.

٥- بەشی ناوەخۆ (القسم الداخلی)، بۆ حەوانەوەی قوتابیانی ئامادەیی‌کە.

٦- باخچەو ڕچەڕێو حەوزی ئاو.

٧-جێگای وەستانی تایبەت بۆ ئۆتۆمبێل.

٨- خانووبەرە بۆ پێش نوێژ ووتارخوێن و کارمەندانی مزگەوت تێکرا.

٥- چەند ژوورێک لەناو مزگەوت هەن ژمارەیان (٦) دانەیە ئەم ژوورانە بەمەبەستی ئەم کارانە دروست گراوە جێگای چاودێرو خادم و کەل و پەلی زیادەی مزگەوت.

لاوە پێپلیکەی بۆ کراوە بۆ چوونە مەحفەل لەناو حەرەمی دووەم. لەلای خۆرئاوا دەرگایەکی گەورەی هەیە بۆ هاتوچۆ بۆ بەشی ئاودەست و دەست نوێژ گرتن. لەدیو دەرەوەی بەرهەیوانی حەرەم، لافیتەیەك هەیەو ناونیشانی مزگەوت مێژووی دروست کردنی و لایەنی پێ هەڵساوی لێ نووسراوە. ئەم بەشە زۆر بەتێرو پڕی هەموو جۆرە پێویستی بۆ دابین کراوە.

و- منارەکەی: زۆر بەشێوەیەکی جوان و پوختە. لەکەرپوچ منارەیەکی بۆ دروست کراوە. ژێرەکەی (٨) گۆشەیە. لە (٢) شوێن پشتێنەی بۆ کراوە. شێوەی بازنەیی هەیە. لەناودوە پێپلیکەی پێچاوپێچی (حلزونی) بۆ بەسەر کەوتن بۆ کراوە. بەرزی (٥٢،٣٠)م. لەناوقەد منارەکە (ناونیشانی منارەکەو مێژووی دروست کردن و ناوی ئەندازیارەکە) بەخەتێکی خۆش نوسراوە چەند بلندگۆیەکی لەسەر سەرەوە لێ بەستراوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە لەلای خۆرهەڵاتی حەرەم، لەبەرهەیوانەکە، ژوورێك بەئەندازەی (٤×١٠)م دروست کراوە،، تاڕادەیەك کەل و پەل و پێداویستی بۆ دابین کراوە.

٣- بەشی دەست نوێژ گرتن: ئەم بەشە کەوتۆتە گۆشەی لای خۆرئاوای حەرەم تاڕدەیەك بەشێکی سەربەخۆیە. بەشێوەی جوان و پاك دامەزراوە. لەم بەشەوە ڕچەڕێیەك هەیە بۆ حەرەمی دووم، بەپێپلیکە بۆی بەسەر ئەکەون چونکە حەرەم بەرزترە.

لەم مزگەوتە بڕیاروایە ئەم بەشانەی لەداهاتودا دروست بکرێت (انشاء الله) ئاهەنگ و بۆنەیەك.

١- هۆڵێك بۆ هەموو جۆرە ئاهەنگ و بۆنەیەك.
٢- بەشی دەست نوێژی پیاوان.
٣-پەراوگەی گشتی.
٤- پەیمانگای ئیسلامی.
٥- بەشی ناوەخۆ (القسم الداخلی)، بۆ حەوانەوەی قوتابیانی ئامادەییەکە
٦- باخچەو ڕچەڕێو حەوزی ئاو.
٧-جێگای وەستانی تایبەت بۆ ئۆتۆمبێل.
٨- خانووبەرە بۆ پێش نوێژ ووتارخوێن و کارمەندانی مزگەوت ئێکرا
٥- چەند ژوورێك لەناو مزگەوت هەن ژمارەیان (٦) دانەیە ئەم ژوورانە بەمەبەستی ئەم کارانە دروست کراوە جێگای چاودێرو خادم و کەل و پەلی زیادەی مزگەوت

٦- دەرگای مزگەوت: ئەم دەرگایە زۆر بەجوانیو بەکەوانە دروست کراوە کەوتۆتە سەر ئەو شەقامە (٢) سایتەی کە لەکۆتایی شێخ چولیوە دەست پیّ دەکات بەرەو محەتە، یان فولکەی ناقورەی کۆن (گەلەری میدیا) دەڕوات.

٧- لەنزیك ئەو دەرگایە، لەلای خۆرهەلاّت دەرگایەکی تر هەیە بۆ هاتوچۆی قوتابیان بۆ پەیمانگەکە لەداهاتوودا.

هەندێ پرۆژەی داهاتووی مزگەوت:

١- بڕیار وایە بیرێکی تایبەت بۆ ئاو لەم مزگەوتە لیّ بدریّ.

٢- کتێبخانەیەکی گشتی (مكتبة عامة) سەر بەمزگەوت.

٣- بەشێکی تایبەت بۆ نوێژکردنی ئافرەتان.

لەڕاستیدا، بەتاکە مزگەوت لەقەلّەم دەدرێت پاش تەواوبوونی.

١٩٩٩/٦/٢

١٩٩٩/٨/٢٠

**سەرچاوەکان:**

١- سەردانی مزگەوت (٢) جار.

٢- گفتوگۆ کردن لەگەلّ:

ا- بەڕێز ئەندازیار (حاجی ادریس حاجی دەروێش)، (بەڕێوەبەری پرۆژەکە).

ب- مامۆستا مەلا عمر مەلا حمدامین سوێری پێش نوێژو ووتارخوێنی مزگەوت.

## ١٨٩- مزگەوتی (الصفا والمروة)[(١)]

ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە نێوان گەڕەکی کوردستان-نەورۆز، نزیك مزگەوتی حاجی بدریە عبدالرحمن جماس.

لەڕۆژی ١٩٩٩/٦/١ دەست بەدروست کردنی کراو لە ٢٠٠٠/٢/٢٤ کۆتایی پیّهات.

سەرجەم پانتایی مزگەوت (١٦٠٠)م٢.


ئەرکی دروست کردنی بەڕێز (حاجی عزیز مولود جرجیس) گرتیە ئەستۆ، نەخشەکەی ئەندزیار (فؤاد علی) کێشایو وەستا عثمان صادق پیّی هەستا، کاك أمین مولود جرجیس سەرپەرشتی کرد.

مامۆستا مەلا (محمد عبدالله مەلا قادر گردەشێری شێخانی) ووتار خوێنەو

---

١- ئەرکێکە لەئەرکە پێویستەکانی حەج کردن.

مامۆستا مەلا (عبدالله رمضان اسماعیل) دۆسکی پێش نوێژی مزگەوتە. مامۆستا مەلا محمد لەدایك بووی ساڵی ١٩٣٩و لەوپێش لەمزگەوتی سەید نوری بوو لە گەڕەکی بەستەپیازە، مەلا ئاوات مشیر جمیل بانگدەرو قورئان خوێنە، لەدایك بووی ١٩٧٥.



**بەشەکانی:**

١- حەرەم: لەسەر شێوەیەکی جوان حەرەمێکی (١٢×١٦)م زۆر بۆ دروست کراوە، بەجوانیو تێروپڕی میحراب و مینبەرو مەحفەل و بەرهەیوان و گومەتی بۆ کراوە بەرهەیوانەکەی لەناوحەوشە بەرزترە، گومەتێکی قەشەنگی بازنەی بۆ کروە، ناوقەدی (٥)م زیاترەو بەرزی لەزەوی‌یەوە (١٢)م ئەبێ، ئەم حەرەمە زۆر بەشێوەیەکی تێروپڕو پوختە پێویستیەکانی لەهەموو ڕوویێکەوە دابین کراوە.

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە ژوورێك لە خۆرئاوای حەرەم دروست کراوە، ئەویش بە تێروپڕی هەموو کەرەستەی پێویستی بۆ دابین کراوە.

٣- هۆڵی پرسە: بۆ ئەم مەبەستە هۆڵێکی ڕێك و پێك و قەشەنگ دروست کراوە، لە هەر چوار دەورەی دیوارو ناوەڕاستی هۆڵەکە سەکۆی دانیشتن دروست کراوە، بە یەك جۆرە ڕەنگ ڕایەخی لێ ڕاخراوە، پێداویستیەکانی تریش تاڕادەیەك دابین کراوە.

٤- ژووری (متولی) سەرپەرشتیکار: بەرامبەر حەرەم، لە تەنیشت دەرگای حەوشە، هۆدەیەك بۆ دانیشتنی سەرپەرشتیکار دوورست کراوە، ئەم هۆدەیەش برێك پێویستی بۆ دابین کراوە.

٥- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە ئەکەوێتە، لای خۆرهەڵاتی حەرەم و لەبەشێکی سەربەخۆ پێکهاتووە (٥) ئاودەست (٧) بۆڕی هەیە.

جگە لەم بەشانەی لێی دووایین، ئەم مزگەوتە خاوەن ئەمانەیە.

١- ڕیزێك دوکان بۆ کرێ.

٢- خانووبەرە بۆ حەوانەوەی خێزانی پێش نوێژ.

٣- خانوێکی بچوك بۆ خادم.

سەرچاوەی ناوو کارەبای مزگەوت لەسەرچاوە گشتییەکانەوە وەرگیراوە.
بەشێوەیەکی گشتی مزگەوتێکی پاك و خاوێن و ڕێك و لە ١/٤/٢٠٠٠ ئاهەنگی کردنەوەی لەلایەن وەزارەتی ئەوقافەوە بۆ ساز کرا.


١٩٩٩/٩/١٤

## سەرچاوەکان:

١- سەردانی مزگەوت وبەشەکانی لەبەرواری ١٩٩٩/٩/١٤ و ٢٠٠٠/٣/٧ و ٢٠٠٠/١٠/٥.
٢- گفتوگۆ کردن لەگەڵ:
ا- کاك امین مولود برای کاك عزیزو سەرکاری مزگەوت مامۆستا مەلا عبدالله دۆسکی-پێش نوێژ.
ب- کاك حاجی عزیز مولود[١].
ج- مامۆستا مەلا محمد عبدالله قادر ووتارخوێنی مزگەوت.

# ١٩٠- مزگەوتی شەهید خدر سوارە[٢]

ئەم مزگەوتە کەوتۆتە سەر ڕێگای مەخمور، نزیك خانووەکانی کارگەی ڕستن و چنین.



سەرەتای دەست بەدروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژی (١٩٩٩/٢/١٥).
سەرجەم ڕووبەرەکەی (١١٧٠)م٢.
لەسەر ئەرکی (خانەوادەی) شەهیدی

---

١- حاجی عزیز مولود، خەڵکی گوندی شورجیەی کەندێناوەیە، لەشەستەکانەوە هاتۆتە هەولێر، لەدایك بووی ساڵی ١٩٤٦ز.
٢ – ئەم زاتە ناوی تەواوی (خدر سوارە خدر) بوو لەعەشیەرەتی (بندیان) بوو لەدایك بووی ساڵی ١٩٥٣ بوو خەڵکی گوندی (ئازی کوندا) بوو یەکێ بوو لە (پ.م)کانی پارتی دیموکراتی کوردستان شەوی ١٩٩٤/١٢/٢٥\٢٤ لەگوندی بەحرکە شەهید کرا.

ناوبراو بەبڕیاری خاتوو (ئەسمەر)[1] دروست کرا.
نەخشەکەی لەلایەن (وەستا اسماعیل رسول ابراهیم)وە دانراوە وەستا (بهاءالدین محمد حسن) زۆربەی دیوارەکەی کرد بەڕێز کاک (کوردۆ)[2] سەرپەرشتی کردو بڕیار وایە هەر ئەو ببێت بە سەرپەرشتیکار (متولی).
لەرۆژی ٢٠٠٠/١/٢٧ یەکەم ووتاری هەینی لێ درا هەرچەندە تەواو نەبوو بوو. لەسەرەتاوە مامۆستا مەلا عثمان بندیان کراوەتە پێش نوێژو مامۆستا مەلا (وشیار اسماعیل مصطفی) کراوەتە ووتارخوێن، هەرچەندە بەتەواوی (تەعین) نەبووە.
لە (٢٠٠٠/٤/١) ئاهەنگی کردنەوەی بەرەسمی بۆ ساز کرا.

## بەشەکانی:

١- حەرەم: بەئەندازەی (١٢×٢٠)م حەرەمێکی پوختەی بۆ دروست کراوە، سەرەکەی کۆنکریتەو ناوەکەی چەمەنتۆیەو بەرزی (٥) مەترە. میحراب و مینبەرو مەحفەلی پوختەی بۆ کراوە، سەرانسەر بەرهەیوانی هەیە، تاڕادەیەکی چاک پێداویستیەکانی دابین کراوە.
٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە لە تەنیشت دەرگای حەوشە، ژوورێک دروست کراوە.
٣- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە کەوتۆتە لای خۆرئاوای حەرەم و لە (٨) ناودەست و (١) سەرشۆر پێك هاتووە، جگە لە دەیەها بۆری بۆ دەست نوێژگرتن.
لەوەدەچێ بەنیازی دروست کردنی هۆڵی پرسە بن، بناغەکەی دەست نیشان کراوە، دەرگای سەرەکی کەوتۆتە سەر شەقامی کوران، ئاوو کارەبای لەسەرچاوە گشتی یەکانەوە وەرگیراوە ناونیشانی مزگەوت لەسەر دەرگای حەوشە بەخەتێکی خۆش نووسراوە.

٢٠٠٠/٤/١٣

## سەرچاوەکان:

١- سەردانی مزگەوت چەندین جار.
٢- چاوپێکەوتن و گفتوگۆ کردن لەگەڵ:
أ- کاك کوردۆ.

---


١- خوشکە ئەسمەر- خێزانی شەهیدی ناوبراوە.
٢- کاك کوردۆ/ برای شەهیدی ناوبراوە.

ب- ماموستا مەلا وشیار

ج- وەستایان (وەستا اسماعیل و وەستا بهاءالدین) بەدیان

# ١٩١- مزگەوتی هدیة سلیم

ئەم مزگەوتە کەوتۆتە گەرەکی ئازادی نزیک وێستگەی کارەباو بەشی پێنج و شەشی شارەوانی هەولێر.



سەرەتای دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ مانگی شوباتی ١٩٩٩ لەسەر ئەستۆی خوشکە (هدیة سلیم قادر)[١].

ڕووبەرەکەی (١٢٠٠)م چوارگۆشەیە.

بەشی زۆری دیواری مزگەوت، لەبلۆك و چەمەنتۆیە.

## بەشەکانی:

١- حەرەم: بەئەندازەی (١٠×٢٠)م حەرەمێکی پوختەی بۆ دروست کراوەو بەرزی خۆی لە (٦)م دەدات میحراب و مینبەرو مەحفەلی پوختەی بۆ کراوە، دەرگاو پەنجەرەو پێداویستی بۆ دابین کراوە. بەرهەیوانی سەرانسەری بۆ کراوە

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە ژوورێك دروست کراوە، بەڵام (خێزانی) مەلا قادری تێدا نیشتەجێ بووە.

٣- بەشی ئاودەست و بۆڕی وسەرشۆری پوختەی بۆ کراوە، حەوشەو دیواری چاکی بۆ کراوە، دەرگای لەسێ لاوە هەیە.

لەمانگی ئەیلولی ساڵی (٢٠٠٠) بەسەرپەرشتی بەڕێز خورشید شێرە بریکاری وەزارەتی ئەوقاف و کۆمەڵێك کەسایەتییە ناودارو بەرپەرس لەئەوقاف کرایەوە.

---

١- هدیة سلیم، خەڵکی ناحییەی دیبەگەیەو لەدایك بووی ساڵی (١٩٤٨)ە خێزانی خوا لێ خۆشبوو (امام محمود مام سۆفی) بوو، ئەویش خەڵکی گوندی سێبیران بوو، لە ١٩٩٧/٣/٧ کۆچی کرد. هدیە خان ئەم مزگەوتەی بەناوی ئەوەوە دروست کرد.

لەسەرەتاوە، مامۆستا مەلا (قادر صالح قادر)[1] کە بەمەلا قادری سەردەشت بەناوبانگە بۆ پێش نوێژو ووتارخوێن هەڵبژێراو.

٢٠٠٠/١٠/١٠

**سەرچاوەکان:**

١- سەردانی مزگەوت لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن بەخودی

أ- خوشکە (هدیة).

ب- جەنابی مامۆستا مەلا قادر سەردەشتی.

## ١٩٢- مزگەوتی (جلیل خیاط)



ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە سەر شەقامی (٦٠) مەتری، بەرامبەر نەخۆشخانەی کۆماری، سەر چوار ڕێیانی شەقلاوە.

سەرەتای دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩٧ ئەرکی دروست کردنی (جلیل خەیات) گرتویەتیە ئەستۆ شێوەی دروست کردنی.

ئەم مزگەوتە لەسەر تازەترین شێوەی بیناسازی دروست کراوە. بیناسازی تورکی و ئەندلسی و مغربی گرتۆتە خۆ.

چەندین وەستاو شارەزا لەشاری بەغداوە موسڵەوە بەشداریان لەنەخش و نیگارو ئەندازیاریەتی کردووە.

چەندین ئەندازیار سەرپەرشتی دروست کردنی دەکەن لەوانە ئەندازیار کاک (فاروق چەلەبی).

---

١- مامۆستا مەلا قادر لەوە پێش لەگوندی مۆرتکە بوو.

## بەشەكانی:

ئەم بەشانەی لای خوارەوە، بەرزبوونەتەوەو خۆیان سەپاندووە.

١- حەرەم: بەپانتایی (٩٠٠)م٢ حەرەمێكی زۆر ڕێك و پێكی بۆ دروست كراوە. تازەترین شێوەی بیناسازی لێ بەكار هێنراوە، میحراب و مینبەرو مەحفەل و بەرهەیوان و گومەتی پوختەی بۆ دیاری كراوە زۆر بەشێوەیەكی تێرو پڕ دەرگاو پەنجەرەی جۆراو جۆری لێ بەستراوە.

٢- دوو دانە منارەی بەرزی جوانی بەرامبەر یەك بۆ دروست كراوە. ئەم دوو منارەیە تاكن لە شێوەو جۆر لەم سەردەمەی مزگەوتەكانی ئەم شارە نەخش و نیگاری جوانی لێ كێشراوە.

٣- چەند بەشێكی تری هەیە، وەكو دیەها ژووری پوختەو هۆڵ و كەرتی دەست نوێژ گرتن و بابەتی لەم جۆرە.

بەداخەوە لەڕۆژی ٢٣/٤/٢٠٠٠ سەردانی نزیكی مزگەوتەكەمان كردو ڕوومان لە كاك جلیل نا، كە ماوەمان بدات بەنووسینەوەی زانیاریەكان، بەڵام ماوەی پێ نەداین.

ئەم چەند دێرە، هەر لەخۆمانەوە، نووسیومانە، پاش چاوپێكەوتن بەبەشەكانی مزگەوت و پرسیار كردن لەچەند كارمەندێك لەگۆڕەپانی ئیشەكە دابوون.


لەوەدەچێ پاش تەواو بوونی مزگەوتێكی زۆر پوختەی لێ دەربچێت، خوای گەورە پاداشتی خاوەنی بەچاكە بداتەوە.

٢٣/٤/٢٠٠٠

## سەرچاوەكان:

١- سەردانی مزگەوت لە نزیكەوە.
٢- چاوپێكەوتن بە چەند كارمەندێك لە گۆڕەپانی كاركردن.

# ١٩٣- مزگەوتی (٩) شەهید[1]



ئـەم مزگـەوتـە، كەوتوتە گەرەكی ئازادی سەر شەقامە دولایەكەی نێوان پاریگاو ئەقلیات، پشت بنكەی پۆلیسی ئازادی
سەرەتای دەست پێ كردنی دەگەڕێتەوە بۆ ٩/٩/١٩٩٩، ڕێكـەوتی ٢٩/جماد اول ١٤٢٠. لەم ڕۆژە بەردی بناغەی دانرا.
كەس و كاری شەهیدان (شێروان طلعت و مژدە رفعت توتنچی) بەدروست كردنی هەستاون.
ڕووبەرەكەی (٢٠٠٠)م٢.
نەخشەكەی لەلایەن (ئەندازیار فاروق عبدالرحمن چەلەبی)وە دانراوە جەنای كاك طلعت عبدالصمد النجار خۆی سەرپەرشتی دروست كردنی دەكات.
هەروەها كاك شێروانی خزمی یارمەتی دەدات لەم قۆناغە، بەشی زۆری دیواری بەبلۆكەو چەمەنتۆیە، زۆر لەسەر شێوەیەكی جوان و تێروپڕ دروست دەكرێت، لەوە دەچێ كەم و كوڕی نەبێ‌و درێغی لەدروست كردنی نەكرێ.

## بەشەكانی:

١- حـەرەم: ئەندازەكـەی (١٨×٢٠)م و بـەرزی (٦,٣٠)م زۆر بەشـێوەیەكی جـوان نەخشەی بۆ كێشراوە، میحراب و مینبەرو مەحفەل و گومەت و بەرهەیوانی چاكی بۆ دەست نیشان كراوە. دەرگاو پەنجەرەی زۆری بۆ دانراوە.
٢- هۆڵـی پرسـە: ئـەم هۆڵـە ئەندازەكـەی (١٨×٧)م و بـەرزی (٤)م سـەرەكەی كۆنكریتەو ناوەكەی كاشی ئەكرێت (انشاءالله) بەجوانی جێگای دەرگاو پەنجەرەی بۆ دیاری كراوە.

---

١- ڕەحمەتی (شەهید شێروان طلعت عبدالصمد النجار) لەكاتی كۆچڕەوەكە خۆی‌و هەموو ئەندامانی خێزانەكەی شەهید كران، ژمارەیان (٩) كەس بوو، ئەم هۆیە وای لەكەس و كاریان كرد ئەم مزگەوتە بەناو ئەوانەوە دروست بكەن.

٣- ژوورەکان:

أ- ژووری پێش نوێژ (٤×٥)م.

ب- ژووری خادم.

ج- ژووری کەل وپەلی زیادەی مزگەوت (٤×٦)م.

٤- بەشی دەست نوێژ: ئەم بەشە وەکو بڕیارە ئەبێ (٩) دانە ئاودەستی بۆ بکرێ لەگەڵ (١٢) بۆڕیو بەشێکی سەربەخۆ بێت بەنیازی دروست کردنی خانووی بۆ پێش نوێژ هەن. لەگەڵ منارەیەکی قەشەنگ لە کەرتی لای خۆرهەڵاتی حەرەم.

لەوانەیە بەکۆتایی ساڵی (٢٠٠٠) ئەم مزگەوتەش کۆتایی بێت و بکرێتەوە انشاءالله امین.

٢٠٠٠/٢/٢٨

**سەرچاوکان:**

١- سەردانی بەشەکانی مزگەوت.

٢- گفتوگۆ کردن لەگەڵ بەڕێزان:

أ- حاجی طلعت نەجار - باوکی شەهید شێروان.

ب- جەنابی کاك شێروان نەجار - خزمی حاجی طلعت.

# ١٩٤- مزگەوتی خوالێخۆشبوو (جلال خلیل مەلا کریم)[١]

ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە گەڕەکی برایەتی (حي الضباط) نزیك مزگەوتی گوڵستان.


سەرەتای بیرۆکەی دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی ١٩٨٦.

کاتی خۆی خوالێخۆشبوو جلال خلیل بەکێشەی زەوی وەرگرتنەکەی هەستا، بەڵام بەداخەوە پاش کۆچی دوای خۆی لەساڵانی (١٩٨٩-١٩٩٠)ز (١٤٠٩-١٤١٠کۆچی) ڕەزامەندیو مۆڵەتی دروست کردنی تەواو بوو. لەبەر بارودۆخی ئەو سەردەمەی ووڵات، ئەم شاکارە پێ شێل و فەرامۆش کرا، تاکو ساڵی ١٩٩٩، دەستی پێکرا

---

١- خوالێخۆشبوو، مەلا زادەبوو، بەرەگەز لەهۆزی خۆشناو بوو، گوندی خۆران، ئەم زاتە لەبواری کاسبی‌دا کاری دەکردو لەڕۆژی ١٩٨٨/٨/١٤ کۆچی دوایی کردو لەگۆڕستانی ناوبازاڕ بەخاك سپاردرا. خوالێخۆشبوو لەدایك بووی ساڵی (١٩٢٦) بوو.

هەرچەندە بناغەکەی لەمانگی مایسی ساڵی ١٩٨٨ لەلایەن خودی خوالێخۆشبووەوە



دەست نیشان کرابوو. لەسەرتای مانگی شوباتی ساڵی (٢٠٠٠) جەنابی کاك کریم و براکانی قوڵیان لێ هەڵکردو دەستیان بەکار کردن کرد لەرۆژی ٢٨/١٠/٢٠٠٠ تەواو کراو بەئامادەبوونی خودی جەنابی وەزیری ئەوقاف و بریکاری وەزارەت و کۆمەڵێك زۆر لەبەرپرس و کەسایەتیە ناودارەکانی شاری هەولێر ئاهەنگی کردنەوەی ساز کرا.

سەرجەم پانتاییەکەی (١٧٠٠)م٢.

هەر لەسەرەتاوە، مامۆستا مەلا شێخ ابراهیم باڵیسانی[1]یان بۆ پێش نوێژو ووتار خوێن دەست نیشان کرد.

## بەشەکانی:

١- حەرەم: بەئەندازەی (١٦×١٥)م بەرزی (٦)م حەرەمێکی چوارگۆشەی بۆ دروست کراوە، سەرەکەی کۆنکریتەو ناوەکەی چەمەنتۆیە. میحراب و مینبەرو مەحفەل هەیە، گومەتێکی بازنەیی بۆ کراوە، ئارقەدی خۆی لە (٥,٥)م دەداو نزیکەی (١٢)م بەرزە لە ناو حەرەم (٢) دوو دانە کوڵەگەی کۆنکریتی بازنەیی دراوتە بەر گومەتەکە. ناو حەرەم (٢٢) پەنجەرەی (٣) پەردەیی‌و دەرگایەکی گەورە هەیە. بەپانی (٥)م مەحفەلێکی بۆ دروست کراوە، لەدەرەوە پێپلیکەی بەسەرکەوتنی بۆ کراوە. بەرهەیوانەکەی (٣,٥×١٦) سەرتاسەر کاشی‌یەو چوار کوڵەگەی لەلای پێشەوە بۆ کراوە لەسەربانی حەرەم لەشێوەی منارەی بچوك لەهەر گۆشەیەك دینگەیەکی بۆ کراوە بڵند گۆیەکانی لێ بەستراوە.

٢- خانووبەرەی ووتار خوێن: بۆ خانەوادەی ووتار خوێن، حەوشێکی مام

---

١- ئەم زاتە ناوی تەواوی (مامۆستا مەلا شێخ ابراهیم مەلا شێخ علی مەلا شێخ طەی مەلا شێخ علی گەورەیە) لەساڵی ١٩٣٦ لەگوندی باڵیسان لەناوچەی خۆشناوەتی هاتۆتە دنیاوەو لەوەپێش لەمزگەوتی حاجی حسین بوو.

ناوەندی دروست کراوە لەزەوی مزگەوت و ماڵ و منداڵی مامۆستای تێدایە.

٣- بەشی ئاودەست ودەست نوێژگرتن: ئەم بەشە کەوتۆتە خۆرئاوای حەرەم و لەبەشێکی سەربەخۆ پێکهاتووە، لەم بەشە (٥) ئاودەست و (١) سەرشۆرو (١١) بۆری (بەلوعەی) هەیە.

لەوە دەچێ بەپێی ووتەی جەنابی (کاک کریم) بەنیازی دروست کردنی هۆڵی پرسەو ژوری فەقێو پێش نوێژ بن لەئاییندەی نزیک دا.

دیواری حەوشەکەی بەرزی (١,٥)م دەبێو (٣) دەرگای بچوك و دەرگایەکی پووەو باکوری گەورەی هەیە.

ئاوو کارەبای لەسەرچاوە گشتییەکانەوە وەرگیراوە. ناو حەوشەکەی لایەکی چەمەنتۆیەو لایەکی هەر زەوییە. ناونیشانی مزگەوت بەخەتێکی خۆش لەسەر دەرگای سەرەکی نووسراوە.

٢٠٠٠/١٢/٣١

**سەرچاوەکان:**

١- سەردانی مزگەوت چەندین جار.
٢- چاوپێکەوتن بە:
أ- جەنابی مامۆستا مەلا شێخ ابراهیم -
ب- بەرێز کاك کریم خلیل.
ج- دایکی کاك کریم خێزانی خوالێخۆشبوو.

# ١٩٥- مزگەوتی محمد فوزی[1]

ئەم مزگەوتە کەوتۆتە گەڕەکی کوێستان، بەشی لای خۆرئاوا، نزیك گەڕەکی (حی العلماء) ژمارە (٤٦/٢٩/١٢٣٣).

سەرەتای دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٨٢.

ڕووبەرەکەی (٢٠٠٠)م٢.

---

١ -ئەم زاتە بە (ابواحمد) بەناوبانگەو خاوەنی نووسینگەی خۆشناوە بۆ کڕین و فرۆشتنی خانوو زەویو زار لەگەڕەکی سێتاقان و بەڕەگەز خەڵکی گوندی (گۆمەسپانە).

تێبینی: لە کاتی وێنەگرتنی مزگەوت لە ڕۆژی ٢٠٠١/٤/٢٣، دەرکەوت ئەم مزگەوتە لە ڕۆژی ٢٠٠١/٤/١٩ ئاهەنگی کردنەوەی بۆ سازکراوە.

أ- مەلا اسماعیل نجم الدین ووتارخوێن.

ب- مەلا طیب حسن نورالدین پێش نوێژ.

هەر لە سەرەتاوە ئەم دوو مامۆستایە بۆ ئەم مزگەوتە دەست نیشان کران.

لەسەرەتادا بەڕێز کاک (رشید محمد رشید) بەرزنجی پێی هەستا ناوی لێنا (مزگەوتی سەید بهیة) بەناوی دایکییەوە لەبەر بارودۆخی عێراق لەو سەردەمەو جەنگی ئێران، ئەوا کار کردن لەو مزگەوتە وەستا تاکو ساڵی ١٩٩٩. پاش بەرزکردنەوەی دیواری حەرەم.



لە ١٩٩٩/٨/١ ئەم زاتە بەڕەزامەندی خۆی بەئاگاداری ئەوقاف و بەبێ پاساو (تەنازل) بۆ بەڕێز کاک (محمد فوزی عبدالله شێخ محمد) کرد.

کاک محمد لە ١٩٩٩/٩/٢ ڕەزامەندی ئەوقافی بەدەست هێناو لەسەرەتای مانگی تشرینی یەکەم دەستی بەکار کردن کردو لەو ڕۆژەوە بەردەوامن لەکار کردن.

## بەشەکانی:

ئەم مزگەوتە بریتییە لەم بەشانە:

١- حەرەم بە بەرهەیوانەوە.

٢- ژوورێك بۆ پێش نوێژ.

٣- بەشی ئاودەست و دەست نوێژ گرتن.

جگە لە حەوشەو حەسار.

وەکو کاک احمد کوڕی کاک محمد فوزی دەڵێت نەخشەی ئەم مزگەوتە لەم بەشانە پێك دێت:

١- حەرەم: شوێنی نوێژ کردن.

٢- هۆڵێك بۆ مناسەبات وەکو پرسەو مەولود.

٣- ژوورێك بۆ دانیشتنی پێش نوێژ.

٤- خانووبەرەیەك بۆ خێزانی پێش نوێژو وتارخوێن.

٥- کەرتی دەست بەئاوگەیاندن و دەست نوێژگرتن.

ئەوەی شایانی باسە، سەردانی دووەم جارمان بۆ ئەم مزگەوتە لەڕۆژی ٢٠٠٠/٤/٥ بوو کاتی روانینمان سەری حەرەمەکە داڕێژراو کاك احمەد خەریکی ئاوەدانیەتی.

بەڵام شوێن هەواری بەشەکانیتر زۆر دیار نەبوون.

٢٠٠٠/٤/٥

## سەرچاوەکان:

١- سەردانی مزگەوت.

٢- چاوپێکەوتن و گفتوگۆ لەگەڵ:


ا- بەڕێز کاک رشید محمد رشید بەرزنجی.

ب- بەڕێز کاک محمد فەوزی (أبواحمد).

ج- کاک احمد محمد فوزی.

# ١٩٦- مزگەوتی حاجی یونس (١)

ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە گەڕەکی شۆڕش، نزیک مزگەوتی شەهید صباح صوفی.



سەرەتای دەست پێکردنی دەگەڕێتەوە بۆ سالآنی (١٩٨٩-١٩٩٠).

لەسەرەتادا، ئافرەتێك بەناوی (ملیحە ویسی عزیز) نیازی دروست کردنی هەبوو.

ئەم یەکەم کەس بوو، کە (١٠٠٠) مەتری چوارگۆشەی وەرگرت و دەستی بەدروست کردنی کرد. دەرکەوت نەیتوانی تەواوی بکات و پاش بناغە دانان کارکردن تیایدا وەستا.

ماوەیەك حاجی قادر خلیفە مصطفیو شێخ فتاح شێخ عبدالله خۆیان پێوە خەریك کردو پاش ئەوانیش حاجی (سوهاد جلال دارتاش) لەساڵی ١٩٩٣ تاڕادەیەك کۆششی کرد، بەڵام بێ سوود بوو بەهەر حاڵ پاش ماندوبوونێکی زۆری بەڕێز کاك (احمد توفیق) لەئەنجومەنی وەزیران، دۆسەکەی درایە بەڕێز مامۆستا (نظام الدین حاجی یونس) بەنیازی کار لێ کردن بەهەوڵ و تەقەلای هەردوو ئەو زاتانە، (٨١٠)م٢ تریشیان وەدەست هێناو درایە دەم پانتایی گشتی مزگەوتەکە. سەرجەم

---

١- حاجی یونس: بەرەگەز خەڵکی شاری هەولێرەو لەدایك بووی ساڵی ١٩٣٢وە ئێستاکە لەناو گوزەری ماست و پەنیر فرۆشەکان چایخانەیەکی خنجیلانەی هەیەو بژێوی پێ پەیدا دەکات.

پانتاییەکەی بوو بە(١٨١٠)م چوارگۆشە لەکاتژمێری شەشی بەیانی پێنجی سێی شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/٧/١١ بەسەرپەرشتی مامۆستا نظام الدین و ئەرکی حاجی یونس دەست بەکارکردن کرا.

واتە ئەرکی دروست کردنی حاجی یونس گرتیە ئەستۆو دەست بەکاربوو بۆ تەواو کردنی.

هەر لەسەرەتاوە مامۆستا مەلا (محسن شێخ خالد نەقشبەندی)[1] کرایە ووتارخوێن و مامۆستا (مەلا نظام الدین حاجی یونس)[2] بەپێش نوێژ دەست نیشان کرا، بڕیار وایە مامۆستا مەلا (شێخ اسماعیل شێخ عزالدین) (سەران) بە پێش نوێژی دووەم دانرێت.

کاک عیرفان طاهر پیرداودیش زۆر بەدڵسۆزانە بانگدان و خزمەتی مزگەوتی گرتۆتە ئەستۆ.

نەخشەکەی لەلایەن ئەندازیار (جەنگی جلال قادر)وە دانراوە ماوەیەک ئەندازیار (حاجی ادریس دەرویش) سەرپەرشتی بیناسازیەکەی کرد،و لەوە دوا خودی مامۆستا جەنگی پێی هەستا.

بەشی زۆری دیواری بەکۆنکریت و بلۆک و کەرپوچ و چەمەنتۆیە.

## بەشەکانی:

١- حەرەم: بەئەندازەی (١٤×١٧)و بەرزی (٥,٥)م حەرەمێکی پوختەی بۆ دروست کراوە. سەرەکەی کۆنکریتەو ناوەکەی چەمەنتۆیە. میحراب و مینبەرو مەحفەل و گومەتی بۆ کراوە، زۆر بەشێوەیەکی تێروپڕ پێداویستییەکانی لەرایەخ و ئامێرو هۆیەکانی روناککردنەوەی بۆ دابین کراوە. دەرگای چاکی بۆ کراوە. بە پانی (٣,٥)م بەرهەیوانی بۆ کراوە، زەوی‌یەکەی کاشی ڕێژەو لەناو حەرەم دوو کۆڵەگەی بارنەیی بۆ وەستانی گومەتەکە دروست کراوە.

٢- دوو ژوور هەن، یەکێ بۆ پێش نوێژو یەکێ بۆ سەرپەرشتیکار تارادەیەک پێداویستی‌یەکانی دابین کراوە.

---

١- مامۆستا مەلا شێخ محسن: ئەم زاتە ئەندامی پەلەمانی کوردستانەو ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئاینی کوردستانە.

٢- مامۆستا مەلا نظام الدین: ئەم زاتە کوڕی حاجی یونس و دەرچووی کۆلێژی پەروەردەیە بەشی عەرەبی، ساڵی (١٩٩١-١٩٩٢) لەهەمان کات سەرپەرشتیکارە لەپاش باوکی (حاجی یونس).

٣- هۆڵی پرسە، کەوتۆتە لای خۆرئاوای حەرەم و ئامادەیەك پێداویستی بۆ دابین کراوە.

٤- بەشی دەست نوێژ گرتن: ئەم بەشە لە (١١) دانە ئاودەست و (١) سەرشۆرو (١١) بۆری ئاو جێگایەکی تایبەت پێك هاتووە.

چواردەوری مزگەوت دیواری بۆ کراوەو (٣) دەرگای گەورەی تێ خراوە.

٥- خانووبەرەی حەوانەوەی خانەوادەی پێش نوێژی هەیەو خودی مامۆستا مەلا (نظام الدین) تێدا حەواوەتەوە.

ئەوەی جێی وەبیر هێنانەوەیە، وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی بڕێك پارەی بۆ تەرخان کرد بۆ چارەسەر کردنی کەم و کورتیەکانی.

لەرۆژی سێ شەممە رێکەوتی ٢٠٠٠/١١/٢١ بەئامادەبوونی کاك شێخ عدنان نەقشبەندی وەزیری ئەوقاف و کاك خورشید شێرە بریکاری وەزارەت و کۆمەڵێك لەکەسایەتیە ئاودارو ئاینیەکان ئاهەنگی کردنەوەی سازدرا.

سەرچاوەی ئاوو کارەبای، وەکو زۆربەی مزگەوتەکان لەسەرچاوە گشتییەکانەوەیە.

٢٠٠٠/١٢/٣١

**سەرچاوەکان:**

١- سەردانی مزگەوتەکەو بینین لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن بە بەڕێزان:

أ- خودی حاجی یونس عزیز مامە، لەشوێنی کار کردنەکەی.

ب- مامۆستا مەلا (نظام الدین حاج یونس) پێش نوێژی یەکەمی مزگەوت.

ج- ئەندازیار حاجی ادریس حاجی دەروێش.

## ١٩٧- مزگەوتی (خدیجة الکبری)[١]


ئەم مزگەوتە کەوتۆتە سەر شەقامی (١٠٠) مەتری بەرامبەر گەڕەکی مامۆستایان لەباداوە.

سەرجەم پانتاییەکەی (١٠,٠٠٠) دە هەزار مەتری چوار گۆشەیە.

سەرەتای دەست پێ کردنی دەگەڕێتەوە بۆ رۆژی ١٩٩٨/٨/١٦ هاوولاتیەکی

١- لە کاتی وێنە گرتن لە ٢٠٠١/٤/٢٣ بۆمان دەرکەوت ئەم مزگەوتە تەواو بووە.

عەرەب خەڵکی ووڵاتی (قطر)ە بەناوی (عبدالله عبدالغني) ئەرکی دروست کردنی گرتۆتە ئەستۆی خۆیو (یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانی) پێی هەڵدەستێ



**بەشەکانی:**

١- حەرەم: لەسەر شێوەیەکی زۆر جوان حەرەمێکی بۆ دروست کراوە ئەندازەکەی (١٦×٣٧)م. سەرەکەی کۆنکرێتەو ناوەکەی کاشی، بەشی زۆری دیواری بلۆکە، میحراب و مینبەرێکی نەخشینی بۆ کراوە. گومەتێکی بانەی گەورە لەسەر حەرەمەکەیەو ناوقەدی (٦)م و بەرزی (١٢)م. بەئەندازەی (٤×١٧)م بەرهەیوانی بۆ کراوە، دەیەها ئایەتی قورئانی بەکاشی فەخفوری (کربلاء)ی لێنوسراوە.

٢- منارەکەی: منارەیەکی بۆ دروست کراوە، ژێرەکەی (٨) گۆشەیە لەوێنەی (دیناری ئاسن) ناوقەدی بازنەیی، ناوقەدی ژێرەکەی (٣,٥)م و بەرزی منارەکە بڕیار وایە (٢٥)م بێت، لەناوەڕاست پشتێنەی بۆ دەکرێو لەناوەوە پێپلکەی سەرکەوتنی بۆ دەکرێ.

٣- ژووری پێش نوێژ: ئەم بەشە، بەشێکی سەربەخۆو جیاوازە، لە (٣) ژوور پێک دەیت، ئەم بەشە پێوەندی بەپێش نوێژو وتارخوێن و کارمەندانی مزگەوت هەیە، (١) ئاودەست و (١) سەرشۆرو جێگای دەست شتنی تایبەتی هەیە.

٤- بەشی پەیمانگا (معهد): ئەم بەشەش تاڕادەیەك بەشێکی سەربەخۆیە، لە (٦)ژوورو هۆڵێك پێك دێت. سەرجەم پانتایەکەی (٥٠٠)م چوارگۆشەیە.

٥- جێگای نوێژکردنی هاوینە: بۆ ئەم مەبەستە پارچە زەوییەك پانتایەکەی (٤٥٠)م٢ ڕێك کراوە، بۆ ئەوەی ئێواران و نوێژی شێوان (شەوان) نوێژی بەکۆمەڵی لێ بکرێت، ئەم بەشەشە کەوتۆتە نزیك دەرگای حەوشە، لای دەستە چەپ لەچوونە ژوورەوە.

٦- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە بەشێکی سەربەخۆو جیاوازە ئەبێ لە (٢٤) بۆری دەست نوێژگرتن و (١٦) ئاودەست و (١) مەخزەن پێك دێت.

٧- بە شێوەیەکی گشتی، (انشاءالله تعالی) پاش تەواوبوونی ئەبێتە مزگەوتێك

لەرێزی پیشەوی مزگەوتەکان.
ئـەم پرۆژەیـە کۆمـەڵێك ئـەندازیار سەرپەرشـتی دەکـەن و تـەواوی دەکـەن بەسەرۆکایەتی ئەندازیار (کمال رؤوف معروف).

۲۰۰۰/۲/۱۵

## سەرچاوەکان:


١- سەردانی پرۆژەکە لەبەرواری دیاری کراو لەسەرەوە.

٢- چاوپێکەوتن و گفتوگۆ کردن لەگەڵ چەند ئەندازیارێك لەسەر نیشەکە.

تێبینی: ناوی خوای گەورە (الاسماء الله الحسنی) لەچواردەورەی مزگەوتەکە بەگەورەیی نووسراوە.

# ١٩٨- مزگەوتی (رستم رسول)[١]

ئم مزگەوتە کەوتۆتە نێوان گەڕەکی (کوێستان- زەوی مەلایان) لەنزیك ئامادەیی پیشەسازی (وەستا رجب).



سەرەتای دەست پێ کردنی دەگەڕێتەوە بۆ مانگی ئەیلولی ساڵی ١٩٩٩.

سەرجەم پانتاییەکەی (٢٢٠٠)م٢.

کەس و کاری خوالێخۆشبوو (رستم رسول) ئەرکی دروست کردنیان گرتە ئەستۆ.

هەر لەسەرەتاوە، بڕیار وایە مامۆستا مەلا (عبداللە حاجی محمد مەلا عثمان) بەحرکەیی بکرێتە پێش نوێژو ووتارخوێن لەم مزگەوتە.

## بەشەکانی:

١- حەرەم: بە ئەندازەی (٢٠×٢١)م و بەرزی (٧)م دروست کراوە، سەرەکەی

---

١- ئەم زاتە لەرۆژی ١٩٨٦/٥/٢٥) کۆچی دوایی کرد، براکانی کاك (احمدو محمد) هەستان بەدروست کردنی ئەم مزگەوتەو ناوی براکەیان لێ نا.

کۆنکریتەو زەوی‌یەکەی کاشی‌و (٢) دانە کوڵەکەی مارسەبی بۆ دروست کراوە، دەرگایەکی گەورەو چەندین پەنجەرەی بۆ دانراوە میحراب و مینبەرو مەحفەلی پوختەی بۆ کراوە، بەرهەیوانی بەمەدوای (٤.٥)م بۆ کراوە، بەشێوەیەکی مام ناوەندی پێداویستی‌یەکانی بۆ دابین کراوە.

٢- خانووبەرەیەک بۆ حەوانەوەی خانەوادەی مامۆستا مەلا عبداللە دروست کراوە.

٣- بەشی دەست نوێژگرتن: ئەم بەشە تاڕادەیەک تایبەتەو لە (١٠) ناودەست و (٢٠) جێ دەست نوێژ گرتن (بۆڕی) پێک هاتووە. دوور لەم حەرەمە (١) سەرشۆرو دامەزراوە.

لەوە دەچێ بەنیازی دروست کردنی ئەم بەشانەش بن لەئایندە:

١- هۆڵێك بۆ پرسەو بۆنە ئاینی‌یەکان.

٢- ژوورێکی چاك بۆ دانیشتنی پێش نوێژو ووتارخوێن.

٣- ژوورێك بۆ حەوانەوەی فەقێی مزگەوت.

دەرگای سەرەکی کەوتۆتە سەر شەقامی گەڕەك، ڕووەو باکوورە سەرچاوەی ئاوو کارەبای لەچەشنی زۆربەی مزگەوتەکانە، لەوە دەچێ لەساڵی داهاتوو (٢٠٠١) هەنگاو بۆ کردنەوەی بنرێت.

بەهەر حاڵ مزگەوتێکی پاك و پوختەو ڕێك و پێکە، بەمەش ژمارەی مزگەوتەکان ژمارەیەك بەرز دەبێتەوە.

٢٠٠٠/٤/٢

## سەرچاوەکان:

١- سەردانی مزگەوت.


٢- چاو پێکەوتن بە:

أ- کاك احمد- برای خوالێخۆشبوو روستم رسول.

ب- مامۆستا مەلا عبداللە حاجی محمد، ووتارخوێن.

تێبینی: دەرکەوت بەئامادەبوونی کەسایەتێکی زۆر لەڕۆژی دووشەمە ٢٠٠١/١/٨ ئاهەنگی کردنەوەی بۆ کرابێ.

# ١٩٩- مزگەوتی عطیةخان[١]



ئەم مزگەوتە کەوتۆتە گەڕەکی (١٥٩) گولان، نزیک قوتابخانەی دووا ناوەندی کوردایەتی کوڕان.

سەرەتای دەست پێکردنی دەگەڕێتەوە بۆ ١٩٩٩/٧/١٧.

سەرجەم پانتاییەکەی (١٢٠٠)م٢.

حاجی (احمد صادق حمدامین)[٢] بەدروست کردنی هەستا پاش کۆچ کردنی خێزانەکەی بڕیاری دروست کردنی مزگەوتێکی بەناوی ئەوەوەدا.

نەخشەکەی ئەندازیار (فارووق چەلەبی) کێشای‌و کاک فؤاد کوڕی حاجی احمد یارمەتی‌دا.

وەستا (سعید توفیق محمد) زۆربەی دیوارەکانی کردووە.

هەر لەسەرەتاوە مامۆستا مەلا سەید (یوسف سەید احمد سەید عبدالرحمن) نعێمی[٣] بەپێش نوێژو وتارخوێن دەست نیشان کرا.

## بەشەکانی:

١- حەرەم: بەئەندازەی (١٧× ١٥)م و بەرزی (٦)م حەرەمێکی بۆ دروست کراوە، سەرەکەی کۆنکریتەو ناوەکەی چەمەنتۆیە (٢) دانە دنگەی کۆنکرێتی هەیە. دەرگاو پەنجەرەو میحراب و مەحفەلی نایابی بۆ کراوە. زۆر بەشێوەیەکی تێرو پڕ

---

١- عطیة خان: کچی مجید ئاغای کۆڕێ بوو، لەدایک بووی ساڵی ١٩٣٧ بوو، لە ١٩٩٩/٧/١٦ کۆچی دوایی کرد لەگوندی (ماوەلۆیی) بەخاک سپێردرا.

٢- ئەم زاتە لەئاغاکانی کۆڕێیەو لەدایک بووی ساڵی (١٩٣٤)ەو لەساڵی (١٩٦٥)وە لەهەولێرە، لەکاتی خۆی دەستی یارمەتی بۆ مزگەوتی سەید غریب درێژ کردووە.

٣- ئەم زاتە لەدایک بوی ١٩٦٤/٧/١٥، هەڵگری بڕوانامەی (پێش نوێژو وتارخوێنە) کاتی خۆی لەخزمەت خوالێخۆشبوو (شێخ عبدالجبار عبدالرحمن) نعێمی دەرسی ئاینی خوێندووە.


پێداویستیەکانی دابین کراوە. بەبەرینی (٣)م بەرهەیوانی هەیەو سەرانسەر کاشی ڕێژە.
٢- ژوورێك بۆ دانیشتنی پێش نوێژو ووتار خوێن دروست کراوە.
٣- ژوورێك بۆ فەقێ.
٤- خانووبەرە بۆ حەوانەوەی خانەوادەی پێش نوێژ.
٥- بەشی دەست نوێژگرتن لە (٨) ئاودەست و (١) سەرشۆر (١) مردوو شتن پێك هاتووە.
بەبەرزی (٢)م دیواری حەوشەی بۆ کراوە، دەرگایەکی گەورەی ڕووەو باکوور هەیە ناوونیشانی مزگەوتی بەخەتێکی خۆش لەسەر نووسراوە ئاوو کارەبای لەسەرچاوەی میرییەوەیە.
حاجی احمد ئاغا خۆی کراوەتە سەرپەرشتیکاری سەر مزگەوتەکە.
بەئامادەبوونی بەڕێز کاك خورشید شیرەو کۆمەڵێك لەبەرپرس و ناودارانی شاری هەولێر، لە ٢٠٠٠/١١/٤ ئاهەنگی کردنەوەی بۆ ساز کرا.

٢٠٠٠/٤/٢١

## سەرچاوەکان:

١- سەردانی مزگەوت و بەشەکانی لەنزیکەوە.
٢- چاوپێکەوتن بە:
أ- کاك حاجی احمد ئاغا.
ب- کاك دەروێش کوڕی.
ج- مامۆستا مەلا سەید هاشم پێش نوێژو ووتارخوێن.

# ٢٠٠- مزگەوتی (الصحابة)



ئەم مزگەوتە کەوتۆتە گەڕەکی (زەوی مەلایان) نزیک مزگەوتی حاجی هاشم عەتار.

سەرەتای دەست بە دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ ١٩٩٩/٨/١.

سەرجەم ڕووبەرەکەی.

(٩٠٠)م٢.

ئەرکی دروست کردنی کەوتۆتە سەر ئاستۆی مامۆستا مەلا (عبدالکریم عبدالواحد)[1] دارەخورماو چەند خێرخوازێك، بڕیاروایە پاش تەواو بوونی خودی مامۆستا خۆی ببێت بەپێش نوێژو وتارخوێن لەم مزگەوتە.

## بەشەکانی:

ئەم مزگەوتە چەند بەشێکی گرنگی گرتۆتە خۆ لەوانە:

١- حەرەم: بەشێوەیەکی جوان و پوختە دیواری حەرەم بەرزکراوەتەوە، لەوەدەچێ پاش تەواوبونی ببێت بەحەرەمێکی پوختە. شوێن و جێگای میحراب و مینبەرو مەحفەل و بەرهەیوانی ئەم حەرەمە دیاری کراوە. جێگای دەرگاو پەنجەرەی بۆ دیاری کراوە.

٢- جگە لە حەرەم هەندێ بەشی تری هەیە، لەوانە:

ا- ژوورێك بۆ پێش نوێژ.

ب- ژوورێك بۆ کەل و پەلی زیادەی مزگەوت.

ج- هۆڵێك بۆ نوێژ کردنی ئافرەت.

د- جێگای دەست نوێژ گرتن.

هـ- جێگای تایبەت بۆ دەست بەئاوگەیاندن.

---

١- ئەم زاتە ئێستاکە مامۆستایەو لەمزگەوتی حاجی صالح دەباغ (قیبلە ڕاست).

تێبینی: لە کاتی وێنەگرتن لە ٢٠٠١/٤/٢٣ بۆمان دەرکەوت ئەم مزگەوتە تەواو بووە.


لەوەدەچێ بەکۆتایی سالّی (٢٠٠٠)، ئەم مزگەوتەش کۆتایی بە دروست کردنی

بێ

١ ٤ ٢٠٠٠

سەرچاوەکان:
١- سەردانی مزگەوتەکە لەکاتی دروست کردنی دا.
٢- چاوپێکەوتن و گفتوگۆو راپۆرتی تایبەتی مامۆستا مەلا عبدالکریم دارەخورما

## ٢٠١- مزگەوتی شەهیدین (قادری)[١]



ئەم مزگەوتە کەوتۆتە سەر گەرەکی ڕاپەڕین سەر (شەقامی ١٠٠ مەتری) بەرامبەر بەناوچەی فیتەرەکانی باکوور. سەرەتای دەست پێ کردنی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سالّی کۆچی (١ محرم/ ١٤٢١، ڕێکەوتی ٦/٤/٢٠٠٠).

سەرجەم پانتاییەکەی ١٥٥٠م٢.

(حاجی قادر حمد خضر)[٢] لەسەر ئەرکی خۆی دەستی بەدروست کردنی کرد.

نەخشەکەی لەلایەن ئەندازیاری ئەوقاف، بەڕێز کاک (حیدر حاجی انور)ی سەیدانەوە کێشراوەو ئەندازیار امین صدیق سەرپەشتی دەکات و وەستا (قاسم محمد)یش زۆربەی دیوارەکانی دەکات.

لەوەدەچێ بەپێی بۆچوونی حاجی قادر، بۆ کۆتایی ئەم سالْ (٢٠٠٠) کۆتایی بەم

---

١- دوو کوڕی حاجی قادر شەهید بونە، یەکێکیان بەناوی مامۆستا کریم، لە ١٩/٨/١٩٨٢ شەهید بوو، لەدایک بووی سالّی ١٩٥٣ بوو. ئەوەی تر لەکاتی پێکدادانی ئوتومبیل بەناوی نەجات لە ١٢\١٣/٦/١٩٩٣ شەهید بوو، نەجات لەدایک بووی سالّی ١٩٥٩ بوو.

٢- حاجی قادر حمد خضر، خەڵکی گوندی (بەربیان)و لەسالّی ١٩٥١وە دانیشتووی شاری هەولێرە، گوندی بەربیان، ئەم گوندە سەر بەناحیەی سەلاحەدینە.

مزگەوتەش بێت.

حاجی قادر (٢) کوڕی شەهید بوونە، سەبارەت بەوان ئەم مزگەوتەی دروست کردو ناوی شەهیدینی لێنا.

**بەشەکانی:**

١- حەرەم: بەئەندازەی (٢٠×١٥)م دیواری حەرەمی بۆ بەرزکراوەتەوە، سەرەکەی کۆنکریت دەبێ‌و ناوەکەی چەمەنتۆیە، بڕیار وایە میحراب و مینبەرو مەحفەل و گومەت و بەرهەیوانی بۆ بکرێت. لەوەدەچێ دەرگاو پەنجەرەی چاکی بۆ دانرێ.

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە ژورێك بەئەندازەی (٦×٤)م لەڕۆژهەلاتی حەرەم دروست کراوە.

٣- بەشی ئاودەست و مردوو شۆری بۆ دیاری کراوە.

لەهەر چوار لاوە دیواری بە بلۆك بۆ دەکرێ‌و دەرگای سەرەکی دەکەوێتە سەر شەقامی (١٠٠) مەتریو دەرگایەکی تری لەناو کۆلان دەبێ.

لەوە دەچێ پاش تەواوبوونی مزگەوتێکی پوختەی لێ دەربچێت.


٢٠٠٠/٤/٢٢

**سەرچاوەکان:**

١- سەردانی مزگەوتەکە لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن و گفتوگۆ کردن لەگەڵ (حاجی قادر حمد خضر).

# ٢٠٢- مزگەوتی (حاجی محمدامین محمد و حاجی محمد ایوب)



ئەم مزگەوتە، جێگاو ڕێگای کەوتۆتە سەر شەقامی (٦٠) مەتری تەنیشت خانووی وەزیرەکان، نزیك پردە ئاسنەکەی گڵکەند.

سەرەتای دەست پێ کردنی دەگەڕێتەوە بۆ

۱۹۹۹/۱۰/... ڕووبەرەکەی (۲۰۰۰) مەتری چوار گۆشەیە
...حەم ڕووبەرەکەی
...ەرجی دروست کردنی ئەم دوو ئافرەتە گرتویانەتە ئەستۆ
...ەرکی دروست (سنیە عمر رستم) - خێزانی خوالێخۆشبوو (حاجی محمدامین محمد)
١- خانوو (ناهدە سلیم صدیق) - خێزانی خوالێخۆشبوو (حاجی محمد ایوب)
٢- خانوو ئـەم دوو ئافرەتــە، ئــەم مزگەوتــە دروسـت ئەکرێـت (انشـاءالله)
...ەهاوکاری لـەئامادەکردنی ئـەندازیار (فـاروق چەلـەبی)یـەو کـاک نـوزاد محمدامین
...خشەکەی دەکات بڕیار وایە ئەم مزگەوتە چەند کەرتێك بگرێتە خۆی لەوانە
...ەرپەرشتی بەئەندازەی (٢١×١٤)م.
١- حەرەم: پێش نوێژی مزگەوت.
٢- ژووری پرسە و بۆنەکان.
٣- هۆڵی دەست نوێژگرتن.
٤- بەشی پێویستیەکانی مزگەوت دەگرێتە خۆی.
واتە هەموو بەشە ٢٠٠٠/٢/١٣

**سەرچاوەکان:**

١- سەردانی پرۆژەکە لەنزیکەوە.
٢- گفتوگۆ کردن لەگەڵ بەڕێز کاك نوزاد محمدامین سەرکارو ئـەندازیاری سەرپەرشتی-
المهندس المشرف والمنفذ.

## ٢٠٣- مزگەوتی (جادر)[1]

ئەم مزگەوت کەوتۆتە گەڕەکی خانەقا، نێوان قەڵاو تەکیەی شێخ عبدالکریم شێخ مصطفی‌ی دارەخورما.
سـەرتای دەسـت پێکردنـی دەگەڕێتـەوە بـۆ ناوەڕاسـت سـاڵی (٢٠٠٠)و لـە ٢٠٠٠/٩/٩ کۆتایی هات

---

١- ناوی تەواوی (حاجی جادر نادر قادر حمد مولان) بوو، لەدایك بووی گەڕەکی خانەقای هەولێرە لەساڵی ١٩٢٤، لەساڵی(١٩٤٨) (هەمینە سید احمد سید عبدالله)ی بەرزنجی بوو بەهاوسەری ١٩٨٧ سەردانی ماڵی خوای کردو بوو بە حاجی لە ١٩٨٩/٥/٢٦ کۆچی دوایی کردو لە گۆرستانی (چراخ) بە خاك سپێردرا. کاروپیشەی بەزۆری کرێکاری بوو.

ڕووبەرەکەی خۆی لە (٢٠٠)م٢ دەدات.

کاک شێرزاد حاجی جادر پاش کۆچ کردنی باوکی هەستا بە دەستکاری کردنی خانووەکەی باوکی تاکو شێوەی مزگەوتی لێ نیشت وشیاو بوو بۆ نوێژ لێ کردن.

هەرلە سەرەتاوە، مامۆستا مەلا (نوزاد فتاح احمد شەمیرانی)[1] بۆ ئیمامەتی دەست نیشان کرا. جار بەجاریش مامۆستا مەلا (جمال حسین محمد)یش[2] ئیمامەتی لێدەکات.



## بەشەکانی:

١- حەرەم: لەسەر شێوەیەکی جوان، حەرەمێکی مام ناوەندی بۆ دروست کراوە، ئەندازەکەی (٦×٧)م و بەرزی (٣)م. سەرەکەی کۆنکریتەو ناوەکەی ڕاخەرش کراوە، دەرگایەك و دوو پەنجەرەی لێ بەستراوە، میحراب و مینبەرو مەحفەلی نییە بەمەودای (٣×٧)م بەرهەیوانی بۆکراوە

٢- ژووری پێش نوێژ: بۆ ئەم مەبەستە ژوورێکی (٣×٥)م بەتەنیشت حەرەمەوە دروست کراوە، تارادەیەك هەندێ پێداویستی تێدا دابین کراوە

٣- بەشی دەست نوێژ گرتن: ئەم بەشە تارادەیەك سەربەخۆیە، لە (٨) بۆری ئاوو (٨) سەکۆی دانیشتن پێك هاتووە، دوو تەنکی ئاوی هەیە بۆ ئاوی دەست نوێژگرتن.

٤-بەشی ئاودەست: ئەم بەشە لە (٤) ئاودەست و جێگایەکی سەربەخۆ پێك هاتووە

حەوشێکی پوختەی هەیە، سەرانسەر چەمەنتۆ ڕێژە دەرگایەکی ئاسنی دوولای بچوکی هەیەو ناونیشانی مزگەوتی بەخەتێکی خۆش لێ نووسراوە (مسجد الجادر- تأسس سنة ٢٠٠٠-١٤٢١ من قبل اولاد المرحوم جادر) خانوو بەردی لەسەربانی

---

١- ئەم زاتە دەرچووی پەیمانگای (خەتابە)یە ووتار خوێندن لەدایك بووی ١٩٧٦.

٢- ئەم زاتە قوتابی کۆلێژی ئادابە، بەشی ئاینی، لە دایك بووی سالی ١٩٧١

...گەوت هەیە بۆ حەوانەوەی خێزانی مەلای مزگەوت ئاو و کارەبای لە میری یەوە
...گیراوە.

٢٠٠٠/١٢/٣١

## ...ەرچاوەکان:

١- سەردانی مزگەوت لەنزیکەوە.
٢- ڕاپۆرتی تایبەتی کاک شێرزاد حاجی جادر.
٣- چاوپێکەوتن بەمامۆستا مەلا نوزاد فتاح احمد شەمێرانی ئیمامی مزگەوت.

بەشی
دووەم
2

# جێ نوێژەکان

## ١- مزکەوتی سەربازکە



ئەم مزگەوتە، تەنها شوێن هەوارەکەی ماوە، کەوتۆتە ناو سەربازگەی کۆنی هەولێر

سەرەتای دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی هەشتاکان ١٩٨٢ مەڵبەندی مەشق کردن (مرکز تدریب) بەدروست کردنی هەستا (من خۆم کاتێ لەو مەڵبەندە بووم، ئەم مزگەوتە هەبوو، ساڵی ١٩٨٣)

بەڵام بەداخەوە لەوەدەچێ ئەویش بەر شالاوی تالان کردن کەوتبێ‌و هیچی تیا نەماوە، تەنانەت دەرگاو پەنجەرەکانیش هەڵکەندراوە دیواری حەرەمێکی (٦) گۆشەی خنجیلانەی سەر بەکومەتی لەپاش بەجێ ماوەو بەس

١٩٩٧/٩/٣٠

### سەرچاوەکان:

١- سەردانی مزگەوت لەنزیکەوە

٢- زانیاری خۆم لەو بارەیەوە

## ٢- مزکەوتی (مصعب بن عمیر)

ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە ناو ئەقلیاتی باکور (مووسڵ) لەسەرەتای ساڵی ١٩٨٤ لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی هەولێرەوە دروست کرا


ڕووبەرەکەی (١٥٠)م٢ لە حەرەم و بەرهەیوان و ژوورێ پێش نوێژو بەشی دەست نوێژ گرتن پێک هاتووە

ئەم دوو زاتە بەرپرسن لە پێش نوێژو مامۆستایەتی:

١- مامۆستا مەلا علی عبدالرحمن رەواندوزی


٢- مامۆستا مەلا عثمانی خەتێ

## ٣- مزگەوتی حاجی مامند قادر



ئەم مزگەوتە کەوتۆتە
ناو فیتەرەکان (ناوچەی
پیشەسازی خۆرهەڵات)
لە ١٩٩٦/١/٢٤ لەسەر
ئەرکی وەستا (زیاد
حاجی مامند) دەست
بەدروست کردنی کرا.
رووبەرەکەی (٥٠)م٢
دەبێو لەسەرەوەی
دووکانەکان دروست کراوە تەنها لەحەرەم و بەشی دەست نوێژ گرتن پێك هاتووە.
زۆر جار مەلا احمد عثمان عمر پێش نوێژی لێ دەکات.

## ٤- مزگەوتی (النور)



ئەم مزگەوتە کەوتۆتە ناو فیتەرەکان
(ناوچەی پیشەسازی خۆرهەڵات).
لە ١٩٩٦/٢/١٨ لەسەر ئەرکی وەستا (مۆید
جلال علی) دروست کرا.
روبەرەکەی (٥٠)م٢ لەحەرەم و بەشی
دەست نوێژگرتن پێك هاتووە.
زۆر جار مەلا صالح ئاکرەیی پێش نوێژی
لێدەکات.

## ٥- مزگەوتی (وەستا تحسین حەداد)



ئـــەم مزگـەوتـــــە، کەوتۆتــــە ناوچـــەی پیشەســازی خۆرئــاوا، ناو ئاسنگەرەکان.

لەساڵی ١٩٩٦ لەسەر ئـەرکی وەستا (تحسـین یاسین وەیسی) دروست کرا.

رووبەرەکەی (٣٢)م٢ و لەحەرەم و بەشی دەست نوێژ گرتن پێك هاتووە.

## ٦- مزگەوتی (الرحمة)




ئەم مزگەوتە کەوتۆتە ناوفیتـەرەکان (ناوچـەی پیشەسازی خۆرهەلات).

لـــە ١٩٩٨ لەســـەر ئـەرکی وەستایان (نجم الدیـن و وەلی) کورانـــی حــاجی علــی گــەردی دروست کرا.

رووبەرەکەی (٣٠)م٢ و لەسەرەوەی دووکانەکان دروست کراوە و لەحەرەم وبەشی دەست نوێژگرتن پێك هاتووە.

## ٧- مزگەوتی (الريان)




ئەم مزگەوتە، کەوتۆتە ناو فیتەرەکان (ناوچەی پیشەسازی خۆرهەڵات).
لە ١٩٩٨/٥/٦ دەست بەدروست کردنی کرا، بەکاری هەرەوەزیو بەرسەرپەرشتی:
١- وەستا کاوە غازی
٢- وەستا جمعە عبداللە احمد.
٣- مامۆستا صلاح الدین رشید سلمان.
٤- وەستا طیب شاکر عمر.
٥- وەستا حویزعمر حمد.
٦- وەستا شێرزاد قادر تەنەکەچی.

رووبەرەکەی (٥٧)م٢ یەو لەحەرەم و بەرهەیوان و بەشی دەست نوێژگرتن پێک هاتووە.

## ٨- مزگەوتی (سەید حیدر بەرزنجی)


ئەم مزگەوتە کەوتۆتە ناوچەی پیشەسازی خۆرئاوا، سەر ڕێگای مەخمور، نزیک کارگەکانی بلۆک.



لەساڵی ١٩٩٨ لەسەر ئەرکی وەستا (حیدر سەید عبداللە سەید طە)ی بەرزنجی دروست کرا.

رووبەرەکەی (٥٤)م٢ و لەحەرەم و ژووری پێش نوێژو بەشی دەست نوێژگرتن پێک هاتووە،
لە سەرەوەی نووسینگەی سەید حیدر دامەزراوە.

# ٩- مزگەوتی وەستا عثمان عەوێنەیی




ئــەم مزگەوتــە، کەوتۆتــە ناوچـــەی پیشەســازی خۆرئــاوا، نـاو فیتـەرەکانی بەشـی (تەراکتۆرو دەراسە).

لەســەرتای ســاڵی ١٩٩٩ دەست بەدروست کردنــی کــرا. لەســەر ئـەرکی وەسـتا (عثمـان عبدالله) عەوێنەیی، لە ٢٠٠٠/٩/٦ مامۆستا مەلا احمد حمدامین احمد کە بە مەلا احمدی شێخ شەروان ناسراوە، کراوەتە ئیمام لەم مزگەوتە.

ئەم زاتە لە دایك بووی ساڵی (١٩٥٤)ە.

روبەرەکـەی (١٠٤)م٢ کەوتۆتـە سـەر دووکانـەکانی لای پێشـەوەی گەراجەکـەی و لەحەرەم و ژوورێك و بەشی دەست نوێژ گرتن پێك هاتووە. لە ناو حەرەم تاپادەیەك پێداویستی دابین کراوە.





# ١٠- مزگەوتی (مەولانا)

ئـەم مزگەوتـە، کەوتۆتـە نـاو فیتـەرەکان (ناوچەی پیشەسازی خۆرهەڵات).

لە ١٩٩٩ لەسەر ئەرکی وەستا (عاصم عزیز عمر) دروست کرا.


رووبەرەکەی (١١٠)م٢ لە حەرەم و بەرهـەیوان و بەشی دەست نوێژ گرتن پێك هاتووە.

# ١١- مزگەوتی (معاذ بن جبل)



ئـەم مزگەوتـــە، کەوتۆتــە ناوچـــەی پیشەسازی خۆرهـەڵات، ناو فیتەرەکان.
لە ١٩٩٩/٦/٥ لەسـەر ئەرکی کوڕەکانی حاجی (عبدالله بکر خۆشناو) دەست بەدروست کردنی کرا.
ڕووبەرەکەی (١٥٠)م٢ کاك لوقمان حاجی عبدالله خۆشناو سەرپەرشتی دەکات و زۆر جار پێش نوێژی لێ دەکات.
لەحەرەم و بەشی دەست نوێژ گرتن پێك هاتووە.

# ١٢- مزگەوتی صالح حەداد (ئاسنگەر)



ئەم مزگەوتە کەوتۆتە ناوچـەی پیشەســازی خۆرئـــاوا، نـــاو ئاسنگەرەکان.
لە ١٩٩٩/٥/٨ لەسـەر ئـەرکی وەســتا (انـور حاجی صـالح) حـەداد دەست بەدروست کردنی کرا.
ڕووبەرەکەی (٤٥)م٢ و لەحـەرەم و بەشی دەست نوێژ گرتن پێـك هـاتووە. کەوتۆتـە سەربانی نووسینگەکەی کاك انور حداد.

# ١٣- مزگەوتی (وەستا عبدالله)

ئەم مزگەوتە نزیکی مزگەوتی سەید حیدرە، بریتی‌یە لەیەك تاکە دووکان پانتایی‌یەکەی نزیەی (٢٠)م٢ دەبیٚ‌و وەستا عبدالله محمد ابراهیم، کە بە وەستا عبدەی فیتەر ناسراوە بۆ نوێژ کردن ئامادەی کردووە.

خەڵکانی ئەوناوە بەبەردەوامی نوێژی نیوەڕۆو عەسری لیٚ دەکەن. سەرەتای دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩٩.

# ١٤- مزگەوتی (الکف- ناولەپ)

ئەم مزگەوتە، تاڕادەیەك شوێن هەواری نەماوە، کاتی خۆی لەلای چەپی دەرگای دیو قیبلەی قەڵا بووە.

مامۆستا مەلا قادر رسول بەحرکەیی دەڵێت:

(کاتی خۆی من لەو مزگەوتە فەقیٚ بومە) ئەمەش ئەوە دەگەیەنیٚ زۆر کۆن نی‌یە وەکو باس دەکرێت.

مامۆستای مێژوونووس (ابی العباس) لەم بارەیەوە دەڵێت (اربیل مدینة مشهورة، بقرب الموصل، لها قلعة حصینة لم یظفر بها احد، بها مسجد الکف فیه حجر علیه اثر کف انسان وللناس فیه اقاویل کثیرة).

سەیری پەرتوکی (اخبار الدول- وآثار الدول في التاریخ) بکە ئەم زاتە کە ناوی تەواوی (أبی العباس احمد بن یوسف بن احمد الدمشقی الشهیر بالقرمانی).

لەساڵی (١٠٠٨) کۆچی ئەم باسەی بۆ کردووین، واتە مێژووی ئەو مزگەوتە دەگەڕێتەوە بۆ پێش ئەم بەروارە.

بڕوانە لاپەڕە (٤٢٢) لە پەڕتووکی ناوبراو.


لەساڵی (١٢٨٢) کۆچی ئەم پەڕتوکە بەچاپ گەیشتووە لەلایەن (حاجی محمدامین ئەفەندی) لە چاپخانەی (میرزا عەباسی تەبریزی) حاجی محمد ئەفەندی، کاتی خۆی موفتی عیراق بووە لەگەڕەکی (زوراء) لە بەغدا دانیشتووە.

لەوانەیە کورد بوبیٚ‌و خەڵکی ئەم ناوە بووبیٚ (ئەمە بۆ چوونی خۆمە) دانەر.

بەشی
سێیەم
3

# تەکییەکان

# ١- تەکیەی القادری



ئــــەم تەکییەیــــە کەوتۆتـــە گـــەڕەکی زانیـاری، پشـت بنکـەی تەندروستی ئازادی.

سـەرەتای دروسـت کردنـی دەگەڕێتەوە بـۆ کۆتایی سـەدەی نـۆزدە (١٨٩٠)[1] زاینی.

کاتی خۆی بۆ یەکەم جار لەگەڕەکی تەکیە لەسەر قەڵا لەلایـەن خوالێخۆشبوو (شـێخ محـمد شـریف)ەوە دروست کرا. ئەم زاتە نیو سەدە زیاتر لەم تەکیەیە مایەوە تاکو لەڕۆژی ١٩٥٧/٣/٢٩ کۆچی دوایی کرد.

لـەپاش کـۆچ کردنـی شـێخ تەکیەکـە کەوتـە ژێـر چـاودێری شـێخ (عبدالقـادر)[2] القادری. ئەم زاتـەش ماوەیـەکی چاك چاودێری تەکیـەو ڕێنمای موریدەکانی لەسـەر ڕێبازی القادری کرد تاکو لەڕۆژی ١٩٧٤/١٠/١٩ کۆچی دوایی کرد.

لـەپاش ئـەوەی شـێخ عبدالقـادر القـادری کۆچـی کـرد، شـێخ فـؤادی کـوڕی بـوو بەخەمخۆری تەکیەو دەروێش و موریدەکانی لەو کاتەوە تاکو ئەمڕۆ.

پاش ئەو گۆڕانکاریەی بەسەر شار داهات و کۆمەڵێك گەڕەکی لێ دروست کران.

ئەوا لەساڵی ١٩٨٤ ئەم جێگایەی ئێستاکە هەڵبژێردراو تەکیەکەی سەر لەنوێ لێ دروست کرا، بەم شێوەیەی کە لەبارەیەوە دەدوێن.

وەکو لەسەرەتاوە ئاماژەمان بۆ کرد، گەڕەکەکە بەگەڕەکی زانیاری ناونراوە.

رووبەرەکەی (١٥٠٠)م٢.

بەهەوڵ و تەقەلای شێخ فؤادو دەروێش و موریدو خێرخوازانی ئەم شارە تەکییە تەواو بوو.

---

١- بڕوانە لاپەڕە (١٧) لە کتێبی شێخ چۆلی- زبیر بلال اسماعیل.

٢- ئەم زاتە کوڕی گەورەی شێخ محمد شریف بوو.

بەشەکانی:

١- حەرەمێکی ڕێك پێك بۆ بەکۆمەڵ نوێژ کردن.

٢- ژووری شێخ فؤاد شێخ عبدالقادر- القادری.

٣- منارەیەکی بازنەی بەرزو جوان.

٤- بەشی ئاودەست و دەست نوێژ گرتن.

٥- حەوشێکی سەرتاسەر کاشی ڕێژو پوختە.

لەسەر دەرگای حەوشەکە ناوو مێژووی دروست کردنی نوسراوە.

ئەم تەکیەیەش وەکو سەرجەم تەکیەکانی تری ئەم شارە، هەندێ چالاکی تایبەتی خۆی هەیە، جەماوەرێکی زۆر هاتوچۆی دەکەن و لەبۆنە ئایینەکان بەشداری دەکەن.
١٩٩٧/٥/٤

سەرچاوەکان:

١- سەردانی تەکیەو مزگەوت لە نزیکەوە.

٢- گفتوگۆ کردن لەگەڵ کاك شێخ فؤاد.

٣- کتێبی شێخ چۆلی -زبیر بلال اسماعیل.

# ٢- مزگەوت و تەکیەی شێخ محی‌الدین شێخ محمد صالح قولەیی بەرزنجی

ئەم تەکییەیە کەوتۆتە گەڕەکی عارەبان، نزیك مزگەوتی (دێرە بروشە).

سەرەتای دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٣١٢-١٨٩٢)[١]

لەسەر ڕێبازی (القادری) ڕێنمایی خەڵك دەکەن.


کاتی خۆی لەسەر بڕیاری شێخ (محمد صالح شێخ محمد) بەرزنجی قولەیی دروست کرا.

پانتاییەکەی (١٢٠٠)م٢.

ئەم زاتە ناوی شێخ صالح بوو، بەڵام بە شێخ محمد صالح شێخ محمد بەرزنجی

---

١- ئەم بەروارە لەسەر دەرگای حەوشەی تەکیە نووسراوە، بەڵام مامۆستا زبێر بیلال دەڵێ (١٣١٨-١٩٠٠) دروست کراوە کتێبی شێخ چۆلی.



قولەیی بەناوبانگ بوو. بەڕەگەز لەسەیدەکانی بەرزنجە بوو، ئەولادی شێخ محی‌الدین (کەرکوك) قولە بوو، ئەویش کوڕی شێخ حسن گنەزەردە بووە.

خوالێخۆشبوو (شێخ محمد صالح شێخ محمد) خەلیفەی کاکە احمدی شێخ بووە، لەساڵی ١٩١٦ کۆچی دوایی کردووەو هەر لەناو تەکیە تەسلیم بەخاك کراوە.

پاش کۆچ کردنی ئەم زاتە، شێخ محی‌الدینی کوڕی، ئەرکی تەکیەکەی گرتە ئەستۆو سەرپەرشتی نیش و کاری موردیو دەروێشەکانی دەکرد.

ئەم زاتەش لە ١٩٨١/٧/٢ کۆچی دوایی کردو لەتەکیە لەتەنیشت گۆڕی باوکی بەخاك سپاردرا.

شێخ محی‌الدین (٢) کوڕی لەپاش بەجێ ماون:

١- شێخ محمد شێخ محی‌الدین شێخ محمد صالح بەرزنجی.

٢) شێخ احمد شێخ محی‌الدین شێخ محمد صالح بەرزنجی.

بەڵام ئێستاکە مامۆستا شێخ بابە علی شێخ طاهر بەرزنجی بەئەرکی تەکیەکە هەڵ دەستێ.

مامۆستا مەلا (یونس محمود محمد)یش لە ساڵی (١٩٦٧)وە لەم تەکیەیە پێش نوێژی دەکات.

پێش ئەم زاتەش، خوالێخۆشبوو (مەلا فتاح مەلا قادر)ی لێ بوو.

## بەشەکانی:

١- حەردمێك بۆ بە کۆمەڵ نوێژ کردن.

٢- ژووری تەکیە.

٣- چەند ژوورێکی گچکە بۆ خەلوەت.

٤- ژووری مێوان و نان خواردن.

٥- ژووری مەرقەد (گۆڕستان).

٦- بەشی سەرئاوو دەست نوێژ.

٧- حەوشەی تەکیەو دەرگای سەرەکی.

ئەم تەکیەیەش لەشێوەی تەکیەکانی تری ئەم شارە، هەندێ ئەرکی تایبەتی خۆی هەیە، چەشنی (زیکرو تەهلیلەو خەتمە). بەتایبەت لەشەوە پیرۆزەکانی ساڵ وەك، شەوی (ليله القدر)، (المولد النبوی)، شەوانی مانگی رمضان.

لەمەرقەد ئەم گۆرانە هەن:

١- گۆڕی خوا لێ خۆشبوو شێخ محمد صالح شێخ محمد قولەیی بەرزنجی.

٢- گۆڕی خوالێ خۆشبوو شێخ محی‌الدين شێخ محمد صالح قولەیی بەرزنجی.

٣- گۆڕی خوالێ خۆشبوو شێخ محمد نوری بەرزنجی.

٤- گۆڕی خوالێ خۆشبوو سەید مريم سەيد مەحمود- خێزانی شێخ محمد صالح.

٥- گۆڕی خوالێ خۆشبوو فەتحية شێخ عبدالله- خالص خێزانی شێخ صالح.

هەندێ لەچالاکی‌یەکانی ئەم تەکیەیە:

١- پێنج فەرزە بە کۆمەڵ نوێژ کردن.

٢- ووعزو ئیرشادو تەراویح لەمانگی ڕەمەزان.

٣- سەردان و هاتوچۆی دەروێش و موریدەکانیان.

٤- ئەنجام دانی خەتمەو وزیکر.

٥- ئاهەنگ گێران لەشەوە پیرۆزەکانی ساڵ.

١٩٩٧/١٢/١٦

## سەرچاوەکان:

١- سەردانی مزگەوت و تەکیە لەنزیکەوە.

٢- کتێبی مامۆستا زبير بلال - شێخ چۆلی.

٣- گفت و گۆ کرن لەگەڵ

أ- مامۆستا مەلا یونس محمود - پێش نوێژ.

ب- کاك شێخ احمد شێخ محی‌الدين - کوڕەزای شێخ محمد صالح بەرزنجی.

ج- کاك شێخ بابە علی شێخ طاهر بەرزنجی - هەڵسوڕێنەری کاروباری تەکیە.

## ٣- تەکیەی خەلیفە مجید[1]
## شێخ حسن رشو رفاعی

ئەم تەکیەیە، کەوتۆتە گەڕەکی عەرەب، لەیەکێ لەکۆڵانە تەسکەکانی بەرامبەر مزگەوتی شێخ چۆلیەیە.

سەرەتای دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی (نۆزدەهەم)[2] کاتی خۆی خوالێ خۆشبوو خەلیفە (احمد) دروستی کرد.

ئەم زاتە کوڕی خەلیفە حسن بوو، خەلیفەی بنەماڵەی رەفاعی بوون پاش کۆچ کردنی ئەم زاتە، ئەوا خەلیفە مجیدی کوڕی چووە جێگاکەی سەرپەرشتی ئیش و کاری دەکات.

بەلاّم بۆ ماوەیەك دەچێ ئەم تەکیەیە فەرامۆش کراوە لەبەر ئەوەی (خەلیفە مجید) بەساڵاچووەو چاوەکانی (٢) جار نەشتەرگەری بۆ کراوە، قاچەکانی (لاقەکانی) هێزیان لێ براوە.

لەماڵەوە بە گۆچان (گۆپاڵ) هەڵس و کەوت دەکات.

لەکاتی سەردانیم بۆ ئەم زاتە لەماڵی خۆی لەگەڕەکی ئازادی نزیك مزگەوتی خورشید عالم لەڕۆژی ١٩٩٨/١٠/٢٧. بە چاوی خۆم بەم شێوەیە بینیم.

رووبەری تەکیەکە (٣٠٠)م دەبێ‌و لەچەند بەشێك پێك هاتووە.

گۆڕی خوا لێ خۆشبوو (خەلیفە احمد)ی گرتۆتە ئامێز ڕێبازی ئەم تەکیەیە ڕێبازی رفاعییە.

ئەم بنەماڵەیە هاتوچۆی گەرمیان لەگەڵ بنەماڵەی (شێخ نورالدین رەفاعی) لەکەرکووك هەیە، تاکو ئێستاکەش ناو بەناو شێخ صدرالدین شێخ نورالدین رەفاعی سەردانیان دەکات.

تاکو چەند ساڵێك لەمەوبەر ئەم تەکیەیە گرمەی دەهات بەلاّم بەهۆی نەساغی خەلیفە مجید، ئەوا تاڕادەیەکی زۆر چالاکی کەم بۆتەوە.

کاتی خۆی لەهەموو بۆنە (مناسبە) پیرۆزەکان دەوری خۆیان دەنواند.

١٩٩٨/١٠/٢٧

---

١- خەلیفە مجید کوڕی خەلیفە احمد کوڕی خەلیفە حسن رشو رفاعییە.


٢- ئەم بەراوەر خەلیفە مەجید ڕایگەیاندوەیەتی.

سەرچاوەکان:

١- سەردانی تەکیە چەند جارێك، بەڵام داخرابوو.

٢- گفتوگۆ کردن لەگەڵ خودی خەلیفە مجید لەماڵی خۆی لەگەڕەکی ئازادی لە ڕۆژی ١٩٩٨/١٠/٢٧.

# ٤- مزگەوت و تەکێی شێخ (عبدالکریم شێخ مصطفی)[1]ی دارەخورما (بەرزنجی)



ئەم تەکێیە، کەوتۆتە گەڕەکی خانەقا، نزیك مزگەوت و خانەقای شێخ مستەفای نەقشبەندی.

لەساڵی (١٩٣٠)[2] لەسەر بڕیاری ئەم زاتە دەست بەدروست کردنی کرا. دەروێش و مورید خێرخوازان ڕۆڵی گرنگیان لەدروست کردنی دی.

ڕووبەرەکەی (٣٠٠)م٢.

لەسەرەتادا، بەشێوەیەکی ساکار لەخشت و قوڕو کاریتە دروست کرا، بەڵام لە ساڵی ١٩٦٥ سەرەکەیان هەڵوەشاندو سەر لەنوێ بەکۆنکریت داڕێژرایەوە.

جەنابی خوا لێ خۆشبوو (شێخ عبدالکریم، شێخ مصطفی زادە لەسەیدەکانی بەرزنجەیەو لە نەوەکانی شێخ اسماعیل ولیانی‌یە).

هەروەها لەسەر ڕێبازی (قادری) ڕێنمایی خەڵکی دەکەن.

---

١- کاتی خۆی شێخ مصطفی لە گوندی هەشەزینی لە شارۆچکەی چەمچەماڵ و چوەتە گوندی دارەخورما لە دامێنی چیای قەرەچوغ و لە ساڵی (١٩٣٠) هاتۆتە هەولێرو ئەم تکییەی دانا.

٢- مامۆستا (زبیر بلال) دەڵێ لە ساڵی (١٩٣٢) دروست کرا، بڕوانە شێخ چۆلی، لاپەڕە ١٨.

ئەم زاتە لەڕۆژی ٢٦/١٢/١٩٦٢ کۆچی دوایی کردو هەر لەناو تەکیەیە، لەژوورێکی تایبەت بە خاک سپاردرا.

پاش کۆچی دوایی شێخ چەند کەسێکیان هاتە سەر تەکیەکە لەوانە.

١- شێخ محمد شێخ عبدالكريم بەرزنجی.

٢- شێخ اسماعیل شێخ عبدالكريم بەرزنجی.

٣- شێخ کاکە شێخ عبدالكريم بەرزنجی.

ئێستاکەش کاک شێخ عیسای شێخ اسماعیل سەرکاری ئەم تەکیەیەو ئیش و کاری بەڕێوە دەبات.

## بەشەکانی:

١- حەرەم: شوێنی نوێژکردن.

٢- ژووری تەکیە.

٣- ژووری مەرقەد

٤- ژووری پێش نوێژ (ئیمام).

٥- جێگای خەڵوەت

ئەم تەکیە چەند ژێر زەمینێکی هەیە، ئەم ژێر زەمینانە بۆ خەڵوەت بەکار دەهێنرێن.

ئەم تەکیەش چەشنی هەموو تەکیەکانی تری ئەم شارەو شارانی تری کوردستان ئیش و کاریان ئامۆژگاری و ڕێنمایی موسڵمانانە.

ناوی چەند مەلایەک، لەوانەی لەم مزگەوت و تەکیەدا بونە لە کاتی خۆی:

١- مامۆستا مەلا اسماعیل سەرپارە.

٢- مامۆستامەلا عبدالرحمن گعێتل.

٣- مامۆستا مەلا عبدالقادر عبدالرحمن كريم.

٤- مامۆستا مەلا رشید عمر.

بەشێوەیەکی گشتی ئەم تەکیە، لەتەکیە ناودارەکانی شارە، هەر کە ووتت تەکیەی شێخ عبدالكريم، ئەوا کەم کەس هەیە جێو ڕێی پێ نەزانێ.


١٩٩٧/١٢/١٦

## سەرچاوەکان:

١- سەردانی تەکیەو بەشەکانی لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن و گفتوگۆ لەگەڵ کاک شێخ عیسای شێخ اسماعیل بەرزنجی.

# ٥- تەکیەی الرفاعی - ابو علمین[1]



ئەم تەکیەیە کەوتۆتە گەڕەکی تەعجیل، بەرامبەر گۆڕەپانی (کۆتری سەلام).

سەرەتای دروست کردنی لەسەر دەستی (شێخ خەلیفە طه سید حسن الطیار) بوو لەساڵی ١٩٤٢.

رووبەرەکەی (٢١٠)م٢.

ماوەی (١٠) ساڵ شێخ طه لەم تەکیەیەو ووتارو ئامۆژگاریو تەریقەتی بەخەڵکی راگەیاندوە.

لەساڵی (١٩٥٢) کۆچی دوایی کرد، هەر لەناو تەکیەیە بە خاك سپاردرا.

شێخ جەلال کوڕی شێخ طه ئەرکی تەکیەیەکەی خستە ئەستۆی خۆیو تەکیەی وەکو جاران گەرم بوو.

ئەم زاتە بۆ ماوەی (٤٠) ساڵ تەکیەیەکەی بەڕێوەبرد، لەساڵی ١٩٩٣ کۆچی دوایی کرد ئەویش لەناو تەکیەیە سپاردرا بەخاك.

ئێستاکە شێخ جمال کوڕی شێخ جلال و خەلیفە عماد هەردووك بەیەکەوە تەکیەکە سەرپەشتی دەکەن.

زۆر جار مامۆستا مەلا (شێخ علی شێخ عمر) پێش نوێژییان بۆ دەکات

**بەشەکانی:**

١- هۆدەیەکی گەورە بۆ تەکیە، کاتی ئەرکەکانیش نوێژی بەکۆمەڵی لێ دەکەن.

٢- ژوورێك بۆ ئیمامی تەکیە.

٣- ژوورێك بۆ خادم.

٤- ژوورێك کراوەتە (مەرقەد).

---

١- لەگەڕەکی (جیش الشعبی) تەکیەو مزگەوتی تر هەیە بەناوی الرفاعی.

هەموو بەشەکانی ئەم تەکیەیە بەتێروپڕی کەل و پەل و پێداویستی بۆ دابین کراوە.

بەشێوەیەکی گشتی تەکیەیەکی باشەو ڕێك و پێکە، بەڵام لەوە دەچێ چالاکیەکانی وەك جاران نەبێ ئەویش هۆیەکەی بۆ ئەم جۆرە ڕۆژگارە دەگەڕێتەوە

١٩٩٨/١٢/١٦

**سەرچاوەکان:**

١- سەردانی تەکیەو بەشەکانی لەنزیکەوە.

٢- دەست نووسەکەی کاك شێخ جمال شێخ جلال رفاعی.

# ٦- مزگەوت و تەکیەی کاکی هیران[1]

ئەم مزگەوتەو تەکیەیە کەوتۆتە گەڕەکی تەیراوە، نزیك شەقامی (٣٠) مەتری.

لە ساڵی ١٩٥٠ لەلایەن خواڵێخۆشبوو (شێخ علی شێخ مصطفی شێخ عبداللە هیران)ی دروست کرا، ئەم زاتە لەبنەماڵەی شێخانی (هیران و نازەنینە) بوو و لەساڵی ١٩٧٥ کۆچی دوایی کرد.

ئێستاکەش ناو بەناو (کاك شێخ سامی شێخ علی) سەردانی تەکیەیەکە دەکات و چاوی بەدەروێشەکانیان دەکەوێ.

ئەم تەکیەیە لەسەر ڕێبازی قادری ڕێنمایی خەڵکی دەکات.

ڕووبەری تەکیەیەکە (٣٥٠)م٢.

**بەشەکانی:**

١- حەرەمێکی مام ناوەندی بۆ بە کۆمەڵ نوێژ لێ کردن.

٢- هۆڵی تەکیەیە، لەنهۆمی دووەم دروست کراوە.

٣- ژوورێك بۆ دانیشتنی پێش نوێژ مزگەوت.

٤- بەشێ دەست نوێژ گرتن.

پاش کۆچ کردنی شێخ علی، ئەم تەکیەیە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خۆی بەرەو مزگەوت دەخشاندو، تا وای لێ هات ئێستاکە زۆر کەس ئەڵێن (مزگەوتی کاکی هیران)، هۆی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ کەم بوونەوەی چالاکیەکانیان، بەڵام لەگەڵ ئەوش دا، هەندێ چالاکی سەرەکی ماوە وەکو.

---

١- هیران: ناحیەیە کەسەر بە قەزای شەقڵاوە، پارێزگای هەولێر.

١- نوێژ كردنی (فەرزەكان) بەكۆمەڵ.

٢- ئاهەنگ گێڕان بەبۆنەی شەوە پیرۆزەكانی ساڵ.

٣- ووتارو ئامۆژگاری، تەراویح شەوانی مانگی ڕەمەزان هاتوچۆو مێوان داری لەگەڵ هەندێ تەكیەی تری ئەم شارە.

ناوی هەندێ لەو مامۆستایانەی كە ئەركی پێش نوێژیان لەم تەكیەیە گرتۆتە ئەستۆ ئەم چەند ساڵەی رابردو ئێستاكە:

١- جەنابی شێخ علی خۆی.

٢- مامۆستا مەلا یوسف (كە لەناو خەڵك بە فەقێ یوسف) ناوی دەركردبوو.

٣- مامۆستا مەلا حسین اسماعیل حسن.

٤- مامۆستا مەلا عبدالرحمن نادر.

ئەوەی شایانی باسە، (ساڵی ١٩٨٤) دەستكاریەكی تەواوی ئەم تەكیەیە كراو زۆربەی بەشەكانی كەم و كورتیەكانی چارەسەر كرا، ئەویش بەهەوڵ و كۆششی (ابو علی) چسین موختار بوو.

١٩٩٧/١/٢٣

**سەرچاوەكان:**

١- سەردانی مزگەت و تەكیە لەنزیكەوە.

٢- گفتوگۆ كردن لەگەڵ:

ا- مامۆستا مەلا حسین اسماعیل حسن لەمزگەوت.

ب- مامۆستا مەلا عبدالرحمن نادر پیربال لەمزگەوت.

# ٧- تەكیەی شێخ عارف بەرزنجی

ئەم تەكیەیە. كەوتۆتە گەڕەكی عارەبان، نزیك دامێنی قەلا، كۆڵانەكان بەرامبەر (باتا)[١] نزیك مزگەوتی پاشا.

سەرەتای دروست كردنی، دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم لەسەر بڕیاری خوا لێ خۆشبوو (شێخ عارف شێخ محمد شێخ عثمان)[١] دەست بەدروست كردنی كرا[٢].

---

١- باتا بریتی بوو لەپێشانگایەكی گەورەی پێڵاو فرۆشتن لەسەر سوچی ئەم شەقامە، ئەم پێشانگایە سەر بەكۆمپانیایەكی گشتی پێڵاوی عێراقی بوو.

لەو کاتەوە ئەم تەکیەیە لەسەر ڕێبازی (القادری) ڕێنمایی خەڵکی دەکات.

ڕووبەرەکەی (٣٠٠)م٢.

لەسەرەتاوە تاکو ساڵی (١٩٧٨) شێخ بە رەحمەت بێ خۆی تەکێکەی بەڕێوەدەبرد.

لەساڵی دیاری کراوە کۆچی دوایی کرد، تەکێیە کەوتە ژێر چاودێری شێخ محی الدینی کوڕی تاکو ساڵی ١٩٧٨ و لە پاش شێخ بورهانی[٢] کوڕەزای تاکو ساڵی ١٩٩٤.

ئەم زاتەش لەساڵی (١٩٧٨)وە زۆر بە باشی تەکێکەی بەڕێوەبرد تاکە لە ڕۆژی (١٩٩٤/١/١٨) کۆچی دوایی کرد.

ئەم دوو زاتە هەردووکییان لەناو تەکیە بەخاك سپاردران، پاش کۆچ کردنی شێخ بورهان، ئەوا شێخ (شرف الدین) ئەرکەکە کەوتە ئەستۆیو ئەو ئێستاکە بەڕێوەی دەبات.

## بەشەکانی:

١- حەرەمێکی بچوك بۆ بە کۆمەڵ نوێژکردن.
٢- ژووری مەرقەد (٣) گۆڕی تێدایە.
٣- ژووری شێخ شرف الدین.(سەرپەرشتیکار).
٤- بەشەکانی پێویستی (ئاودەست و بۆری دەست نوێژ گرتن)

ئەم تەکێیەش وەکو سەرجەم تەکێیەکانی تری ئەم شارە، خاوەن چالاکی ئاینی جۆراجۆرە لەوانە.

١- ووتارو ئامۆژگاری کردنی خەڵك لەسەر ڕێبازی (القادری).
٢- زیندوکردنەوەی شەوە پیرۆزەکان.
٣- سەردانی کردنی دۆستانیان.
٤- پەیوەندی لەگەڵ تەکیەکانی تری ئەم شارە.
٥- نوێژو زیکرو خەتمەو مەولود خوێندنەوە.

---

١ - ئەم زاتە لەسەیدەکانی بەرزنجە بوو، ئەوەی شێخ محی‌الدین قولە (کەرکووک).
٢ -مامۆستا زبیر بلال دەڵێ لەوانەیە لەوەو پێش مزگەوت بووبێ.
٣- مامۆستا زبیر بلال دەڵێ: پاش کۆچ کردنی شێخ عارف شێخ محی الدین کوڕی بوو بەجێگر تاکو ساڵی ١٩٧٨ لەوەودوا شێخ بورهان هات.

گۆڕەکانی ناو مەرقەد:

١- گۆڕی خوا لێ خۆشبوو شێخ عارف شێخ محمد

٢- گۆڕی خوا لێ خۆشبوو شێخ محی‌الدین شێخ عارف بەرزنجی

٣- گۆڕی خوا لێ خۆشبوو شێخ برهان شێخ محی‌الدین بەرزنجی.

١٩٩٨/٧/٢

## سەرچاوەکان:

١- سەردانی تەکیەو کەرتەکانی لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن و گفتوگۆ لەگەڵ:

أ- شێخ صلاح الدین شێخ محی‌الدین شێخ عارف بەرزنجی.


ب- شێخ شرف الدین شێخ برهان شێخ محی‌الدین بەرزنجی.

# ٨- تەکیەی شێخ محمد محمدامین خەیلانی[١]

ئەم تەکیەیە کەوتۆتە گەڕەکی خانزاد (بەستەپیازە).

سەرەتای دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٦٣)، لەسەر بڕیاری شێخ محمدو یارمەتی‌دانی خێرخوازان ئەم تەکیەیە هاتە کایەوە.

پانتاییەکەی (٢٠٠)م٢.



ئەم زاتە بە (شێخ مەلا) بەناوبانگەو خۆی بەسەیدی بەرزنجە دادەنێو شەجەرەی تایبەتیان هەیە لەم بارەیەوە.

لەسەر ڕێبازی (القادری) ڕێنمایی خەڵکی دەکەن.

ئەم بنەماڵەیە، لەکاتی (شێخ محمدامین) رەحمەتی‌یەوە خاوەن تەکیەو قوناغن.

---

١- ئەم بنەماڵەیە کاتی خۆی لە گوندی بابەجیجیک بوونە دەڵێن ئێمە لە سەیدەکانی بەرزنجەین.

ئێستاکە لەم شارە (٣) تەکیّیان هەیە، هەر یەک لەشوێنێک تەکیەی ئەم بنەماڵەیە، جێگای کۆبوونەوەی بنەماڵەی خەیلانی بووە، هەردەم برا گەورەیان بوونە، هەموو جۆرە گرفتێک لەم تەکیّیە چارەسەر کراوە، تەنانەت کاتیخۆی خوازبێنییش هەر لەتەکیّیە دەکرا.

## بەشەکانی:

١- حەرەمێک بۆ بەکۆمەڵ نوێژ کردنی.
٢- هۆدەیەکی گەورە بۆ دانیشتنی شێخ و پێشوازی کردنی مێوانان.
٣- بەشی دەست نوێژ گرتن.

ئەمەش بەشێکە لەچالاکی ئەم تەکیەیە.

١- پێنج فەرزە نوێژ کردن بەکۆمەڵ.
٢- ووتارو ئامۆژگاری رێگەپیشاندان و تەراویح لەمانگی رەمەزان.
٣- زیکرو حەلقەی خەتمەی شەوان بە بەردەوام.
٤- ئاهەنگ گێران لەشەوە پیرۆزەکانی ساڵ.
٥- سەردان و کۆبوونەوەو ئەحواڵ پرسینی یەکتر.


وەکو لەسەرەتادا ئاماژەمان بۆ کرد، ئەم تەکیّیە بەتەکیّی عەشیرەتی خەیلانی لە قەڵەم دەدریّ، هەر کە دێنە شاری هەولێر، ئەوا ئەبێ سەر لەتەکیە بدەن و ئەحوالیان بزانن زۆربەیان سەردانی هەر (٣) تەکیّ دەکەن.

١٩٩٧/٩/١٠

## سەرچاوەکان:


١- سەردانی تەکیە لەنزیکەوە.
٢- چاوپێکەوتن و گفتوگۆ کردن لەگەڵ خودی شێخ محمد شێخ محمدامین خەیلانی.

## ٩- ( تەکیەی شێخ کاکە )



ئەم تەکیەیە کەوتۆتە گەڕەکی ئازادی، نزیک وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بەشێکە لە مزگەوت جیا کراوەتەوە.

سەرەتای دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ سالّی (١٩٦٨).

بەبڕیاری (شێخ کاکە شێخ عبدالکریم)[1] دارەخورما دروست کرا ئەم زاتە خودی خۆی سەرپەرشتی تەکیّیە دەکات و کاروباری ڕادەپەڕێنێ.

وەکو لەبواری مزگەوتەکان ئاماژەمان بۆ کرد، ئەم تەکیّیە مزگەوتێکی لەگەلّ دایە، هەر بەهەمان ناو، بۆیە ئێمە لێرەدا لێکۆڵینەوەمان تەنها سەبارەت بەتەکیّیەکەیە.

### بەشەکانی:

١- هۆدەیەکی گەورە بۆ دانیشتی شێخ کاکە.

٢- چەند هۆدەیەکی دی بۆ مێوان و دانیشتن.

پانتاییەکەی سەرجەم (٨٠٠)م٢، بەشەکانی مزگەوت و تەکیّیەکەی لەسەر دروست کراوە.

وەکو زۆربەی تەکیّیەکانی ناو شار، خاوەن دەروێش و موریدو دۆستە، زۆر بەگەرمی هاتوچۆ لەنێوانیان هەیە. ئەم تەکیّیەش ڕێبازی تەریقەتی قادری گرتۆتە بەر.

١٩٩٧/٧/٨

### سەرچاوەکان:

١- سەردانی تەکیەو بەشەکانی.

---


١- شێخ کاکە: ناوی خۆی شێخ مصطفی یە، بەلاّم لەبەر خۆشەویستی لەمندالّییەوە هەر بە کاکە بانگیان کردووە، بۆیە بۆتە شێخ کاکە.

٢- گفتوگۆ کردن لەگەڵ:
ا- کاك شێخ محی‌الدین شێخ کاکە بەرزنجی
ب- کاك شێخ رشید شێخ کاکە بەرزنجی
ج- مامۆستا مەلا حسن دیبەگەیی

# ١٠- تەکیەی شێخ جعفر بەرزنجی

ئەم تەکیەیە، کەوتۆتە ناو خانووەکانی (موحەتە)[1] نزیك باخچەی گشتی گلکەند، بەرامبەر گۆڕستانی شێخ محمد خۆراسانی.

سەرەتای دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٦.



کاتی خۆی لەسەر بڕیاری خوا لێ خۆشبوو شێخ (حسن)[2] باوکی شێخ جعفر دروست کراوە.

پانتاییەکەی (٤٠٠)م٢.

ئەم بنەماڵەیە لەکۆنەوە خاوەن تەکیەو دیوەخان و قۆناغ بوونە، کاتی خۆی تەکیەیان لەکۆیە هەبووە.

لەسەرەتاوە لەسەر ڕێبازی (القادری) ئیرشاد دەکەن.

جەنابی شێخ حسن لەڕۆژی ١٩٨١/٩/٩ کۆچی دوایی کردو لەگۆڕستانی گوندی (هەڵەجە) بە خاك سپاردرا.

لە پاش ئەو شێخ جعفری کوڕی ئەرکی تەکیەکەی گرتە ئەستۆ، ئەم لەلایەك و کاك شێخ عبداللەی برای لەلایەك شان بەشان یەك، تەکیەو کاروباری بەڕێوەدەبەن.

---

١- موحەتە (محطة): کاتی خۆی هێڵی شەمەندەفەر لەشاری هەولێر هەبووەو ئەوەی جێگای دەرچوونی بووە، بۆیە بە(محطة القطار) ناونراوە.

٢- ئەم زاتە کوڕی (شێخ محی الدین شێخ عبدالکریم شێخ احمد شێخ عبدالکریم قوطب شێخ حسن گڵە زەردیە) لەسەیدەکانی بەرزنجەیە.

**بەشەکانی:**

١- حەرەمێکی گەورە بۆ بە کۆمەڵ نوێژ لێ کردن و دانیشتن و پێشوازی کردن لەمیوانان.

٢- حەوش و باخچەی گەورە.

٣- بەشی دەست نوێژو دەست بەئاوگەیاندن.

بەڵام لەڕووی چالاکی یەکانی یەوە، وەکو هەموو تەکیەکانی تر ئەم شارە کۆمەڵە ئەرکێکی گرتۆتە ئەستۆ لەوانەی لای هەمووان ئاشکرایە.

ئەوەی شایانی باسە، جەنابی سەرۆک وەزیران، دکتۆر (رۆژ نوری شاوەیس) بڕێک پارەی بۆ چاککردنەوەی کەم و کورتیەکانی تەکیە تەرخان کرد، ئەوەبوو دەستکاری یەکی چاکی کرا، شێوەیەکی جوانی لێ نیشت.


١٩٩٧/١٢/٢٢

**سەرچاوەکان:**

١- سەردانی تەکیە لە نزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن و گفتوگۆ کردن لەگەڵ جەنابی کاک شێخ جعفر شێخ حسن بەرزنجی.

## ١١- مزگەوت و تەکیەی سەید محمود




ئەم تەکیە، کەوتۆتە گەڕەکی موفتی، نزیک خانەقای شێخ عبداللەی خەلان.

لەساڵی ١٩٧٦ لەلایەن (سەید محمود القادری)وە دروست کرا، خێرخوازانیش بۆڵییان لەدروست کردنی هەبوو.

ئەم زاتە یەکێ بوو لەخەلیفەکانی شێخ عبدالکریم کەسنەزانی بەرزنجی.

ڕووبەرەکەی (٢٠٠)م٢.

لەساڵی ١٩٨٧ بەڕێوەبەرایەتی ئەوقاف بڕە پارەیەکی بۆ تەرخان کرد، بۆ چاککردنەوەی کەم و کورتیەکانی.

ماموستا مەلا (عبدالکریم جوکل ابراهیم) ئیمامەتی لێ دەکات و ماموستا کاتی خۆی (بڕوانامەی لەسەر دەستی مەلا احمدە رەشیبانەیی) وەرگرتووە.

**بەشەکانی:**

١- حەرەمێکی پوختە بۆ نوێژ لێ کردن.

٢- ژوورێك بۆ دانیشتنی پێش نوێژ.

٣- سەرشۆر و ئاودەست بۆڕیو حەوزی ئاو.

٤- حەوشێکی پاك و خاوێن بەچەمەنتۆ داڕێژاو.

بەڵام لەڕووی چالاکی، بەداخەوە لەبەر دوور کەوتنەوەی سەید محمود ئەوا تاڕادەیەك چالاکییەکانی تەکیەیە ڕاوەستاوە، زیاتر بەرەو لای مزگەوت دەچێت.

بەهەموو شێوەیەك تەنها ماموستا مەلا عبدالکریم جۆکل الناصری لێیە. ئەویش تەنها نوێژی پێ دەکرێت.

١٩٩٧/٥/١٦

**سەرچاوەکان:**

١- سەردانی تەکیە، لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن بە جەنابی ماموستا مەلا عبدالکریم الناصری.

٣- کتێبی (شێخ چۆلی) ماموستا زبیر بلال لاپەڕە (١٩).

# ١٢- تەکیەی شێخ عوبێدی نعێمی

ئەم تەکیەیە کەوتۆتە گەڕەکی کوران، لەکۆڵانێك بەرامبەر مزگەوتی حاجی عزیز پیرداود.

سەرەتای دروست کردنی لەساڵی ١٩٧٧ بوو، خوا لێ خۆشبوو (شێخ عوبید شێخ محمد) نعێمی بڕیاری دروست کردنی دا، بەیارمەتی موریدو دەرویش وخێرخوازان.

نزیکەی (١٠) ساڵ ئامۆژگاری خەڵکی لێ کرد، لەڕۆژی ١٩٨٦/٣/١٠ کۆچی دوایی کردو لەگۆڕستانی پیرداود لەسەر ڕێگای مەخمور بە خاك سپاردا.

کاتی خۆی شێخ محمدی باوکی لە گوندی (کاریتان)[١] تەکیەی پوختەی هەبوو.

---

١- کاریتان: ناوی گوندێکە، سەر بە ناحیەی دیبەگە.

لەکاتی خۆی ئەم بنەماڵەیە، لەسەر بڕیاری شێخ (حسن قەرەچێوار) هاتبونە گوندی کاریتان، ئیستاکە کاک (شێخ احمد شێخ عبید شێخ محمد) سەرپەرشتی ئەم تەکیەیە دەکات وکاروباری بەڕێوەدەبات.

**بەشەکانی:**

تەنها لەهۆدەیەکی گەورەو حەوشێکی بچوک پێك هاتووە باقی زەوی‌یەکە کراوەتە خانوو بۆ خێزانی کاك شێخ احمد، چالاکی ئەم تەکیەیەش لەچالاکی ئەوانی تر دەچێت.

کاك شێخ احمد، کە بە (شێخ احمدی موبارك) ناوبانگی دەرکردووە، کوری بچوکی شێخ عبیدە، شێوەی تەریقەت لەم تەکی‌یە بەم شێوەیەیە:

١- بەخشینی تەریقەتی القادری.

٢- بەخشینی تەریقەتی رەفاعی.

٣- بەخشینی تەریقەتی سەر نەزانی.

سەرجەم رووبەری تەکی‌و حەوشەکە ناگاتە (٥٠)م٢چوارگۆشە.

١٩٩٧/٨/١٣

**سەرچاوەکان:**

١- سەردانی تەکیە لەنزیکەوە.

٢- گفتوگۆ کردن لەگەل بەرێز کاك شێخ احمد مبارەك

# ١٣- تەکی‌ی شێخ احمد شێخ محمدامین خەیلانی بەرزنجی

ئەم تەکەیە، کەوتۆتە گەڕەکی شۆڕش، نزیك مزگەوتی علاءالدین سجادی‌و (مزگەوتی شێخ احمد خەیلانی) بەرزنجی.

سەرەتای دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٨، لەسەر بڕیاری شێخ احمد دەست بەدروست کردنی کرا.

ئەم بنەماڵە، لەکۆنەوە خاوەن تەکی‌و قۆناغن، لەم سەردەمە لەشاری هەولێر (٣) تەکی‌یان هەیە، هەر یەك لەشوێنێ، بەڕەگەز خۆیان بە سەیدی بەرزنجە دادەنێن، ماوەیەکی زۆرە باپیرە گەورەیان کەوتۆتە ناوچەی خەیلانیەکان بە تایبەت گوندی

(بابە جیجیك)

رووبەرەكەی (٢٠٠)م٢

**بەشەكانی:**

١- ژوورێكی گەورە بۆ دانیشتن.

٢- ژوورێكی گەورە بۆ مێوان و مانەوەیان.

٣- ئاودەست و سەرشۆرو بۆرِیو پێویستی‌تر.

بەشێوەیەكی گشتی تەكیەیەكی پوختەیە، لەسەر تەریقەتی القادری ئامۆژگاری لێ دەكرێ.

دەرگای لەسەر پشتە بۆ هەر كەسێك رووی تێ بكات.

بۆمان هەیە بڵێین، ئەم تەكیەش لەچەشنی تەكیەكانی تری ئەم شارە، هەندێ چالاكی خۆی هەیە، هەروەكو سەرجەم چالاكی تەكیەكانی‌تری ناوشار.

١٩٩٧/٩/٨

**سەرچاوەكان:**

١- سەردانی تەكیەو بەشەكانی لەنزیكەوە.

٢- گفتوگۆ و بینینی كاك شێخ احمد شێخ محمدامین خەیلانی.

٣- گفتوگۆ و بینینی كاك شێخ سراج الدین.

٤- گفتوگۆ و بینینی كاك شێخ جهاد.

# ١٤- مزگەوت وتەكیەی القادری

ئەم تەكیەیە، كەوتۆتە گەرەكی (٩٢) نزیك (قریة زانكۆ).

لەساڵی ١٩٧٩ دەست بەدروست كردنی كرا، لەسەر ئەركی كاك (شێخ جواد شێخ جلال شێخ نجم الدین) بەرزنجی.

رووبەرەكەی (٢٠٠)م٢.

**بەشەكانی:**


١- ژوورێكی گەورە بۆ نوێژكردن و دانیشتن و پێشوازی كردن لە مێوان.

٢- ژوورێك بۆ دانیشتنی شێخ جواد.

٣- كەرتی سەر ئاو و دەست نوێژگرتن.

چالاكی‌یەكان ئەم تەكیەیە:

لەسەر ڕێبازی (القادری) ئیرشادی خەڵك دەكات.



چەشــنی ســەرجەم تەكیــەكانی تــری نــاو شـار، چەند چـالاكێكی تایبـەتی خـۆی هەیــە، دەرویــش و موریـــدو دۆســـتەكانی تەكیــە ئــــەنجامی دەدەن بەشێوەیەكی گشتی ئەم تەكیەیە، تاڕادەیەكی چاك پێداویستییەكانی بە تێروپڕی دابین كراوە.

١٩٩٧/٩/١١

**سەرچاوەكان:**

١- سەردانی تەكیە.

٢-گفتوگۆ كردن لەگەل كاك شێخ جواد شێخ جلال بەرزنجی.

# ١٥- مزگەوت وتەكیەی شێخ مارف (الاالله)ی بەرزنجی

ئـەم تەكیـیـە، كەوتۆتـە سـەر شـەقامی (١٠٠)م لەگـەرەكی بـاداوە، نزیـك ڕێگـای بەنەسلاوە.

سەرەتای دروست كردنی، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٨٠).


ئەركی دروست كردنی كەوتە سەر شانی (شێخ مارف الاالله)[1] ئەم زاتە بەڕەگەز لەسـەیدەكانی بەرزنجـەبوو، خـۆی نـاوی (شـێخ عومـەر)بـوو، بـەلام بـە شـێخ مـارف ناوبانگی دەركردبوو.

ڕووبەری تەكیەكە خۆی لە(٢٠٠)م٢ نزیك دەكاتەوە.

پاش تەواوبوونی خۆی ئیرشادی لێكرد، تاكو لە ڕۆژی ١٩٩٤/٤/٢٤ كۆچی دوایی كرد لە.

---

١- شێخ مارف، ناوی (شێخ عمر)ەو كوڕی شێخ طاهری كوڕی شێخ عبداللە كوڕی شێخ محمدی نەقشبەندی بەرزنجییە بەڕەگەز لە سەیدەكانی بەرزنجەن، سەرجەلەیان ئەگەڕێتەوە سەر شێخ (اسماعیل محدث).



لەکاتی خۆی ئەم بنەماڵەیە، لەگوندی (ئیلاللە)[1] دانیشتوون و ماوەیەکی زۆرە هاتونەتە هەولێر، لەوێش کاتی خۆی تەکیەو مەقامی خۆیان هەبووە.

پاش کۆچی کردنی، ئەوا کورەکانی ئەرکی تەکیەکەیان گرتە ئەستۆ لەوانە:

١- شێخ سردار شێخ عمر بەرزنجی.

٢- شێخ مسعود شێخ عمر بەرزنجی.

## بەشەکانی:

١- حەرەمێکی خنجیلانە.

٢- ژوورێك بۆ دانیشتن و مێوانداری.

٣- حەوشەو جێگای تایبەتی دەست نوێژ گرتن.

هەندێ لەچالاکی تەکیە:

١- پێنج فەرزە نوێژ کردن بەکۆمەڵ.

٢- زیکرو تەهلیلەو خەتمە.

٣- سەردانی نەخۆش و دۆستانیان.

٤- ئاهەنگ گێران لە بۆنە پیرۆزەکان.

بەشێوەیەکی گشتی تەکیەیەکی خاوەن ناونیشانە، موریدو دەروێش و دۆستی خۆی بەزۆری‌و بەردەوامی هاتوچۆی دەکەن.

١٩٩٧/٧/٢٩

## سەرچاوەکان:

١- سەردانی تەکیە لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن و گفتوگۆ لەگەڵ کاك شێخ سردار بەرزنجی.

---

٢- گوندێکە سەر بە شارۆچکەی کۆیە.

# ١٦- مزگەوت تەکیەی شێخ حسن خەیلانی بەرزنجی

ئەم تەکیەیە کەوتوتە گەڕەکی باداوە، نزیک مزگەوتی حاجی باقی

سەرەتای دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٨٠

لەسەر بڕیاری شێخ حسن شێخ محمدامین خەیلانی بەرزنجی دەست بەدروست کردنی کرا

ئەم زاتە یەکێ بوو لەخەلیفەکانی باوکی، باوکیشی خەلیفەی شێخ حسن قەرەچێوار بوو لەسەر ڕێبازی قادری ڕێنمایی کردووە.

ئەم بنەماڵە هەر لەدێر زەمانەوە خاوەن تەکیەو مەقامی بەرزن کاتی خۆی لە گوندی (بابەجیجیک)[1] بوو-ن لەوێ تەکیەو قوناغی چاکیان هەبوو، لەسەردەمی باوک و باپیریان.

ئەم زاتە لەڕۆژی ١٩٨٨/١٠/٢٦ کۆچی دوایی کردو، هەر لەناو تەکیەی لەژوورێکی بچوک بەخاک سپاردرا.

(٢) کوڕی لەپاش بەجێ ماوە:

١- مامۆستا مەلا هادی، ئێستاکە ئەو ووتارخوێنی مزگەوتەکەیەو تاڕادەیەک لەشوێن باوکی دانیشتووە.

٢- کاک شێخ محمد علی، ئەم زاتەش شان بەشانی مامۆستا مەلا هادی خۆی بەبەرپرس دەزانێ لە بەڕێوەبردنی تەکیەو مزگەوتەکە.

**بەشەکانی:**

١- هۆدەیەکی گەورە بۆ دانیشتن و پێشوازای کردن لەمیوان.

٢- ژوورێکی بچوک کراوتە مەرقەدی شێخ حسن.

بەڵام لەڕووی چالاکی‌یەوە دەڵێن:

ئەم تەکێیە، چەشنی تەکێیەکانی تری ئەم شارە، خاوەن دەروێش و موریدو دۆستی خۆیانن.

زۆر بەگەرمی سەردانی تەکێ دەکەن، بەتایبەت لەڕۆژانی جەژن و کاتی پێویست وەکو نەخۆشی‌و تەعزیەو مەولوودو شتی لەم جۆرە.

تەکیەش وەکو پێویست بەئەرکی سەرشانی خۆی هەستاوەو بەهەموو شێوەو لە

---

١- گوندێکە سەر بە قەزای شەقڵاوە، ئەکەوێتە ئەو دیو کۆمەڵگەی باسترمە.

هەموو کاتێ بەدەنگیانەوە دەچێت.
جگە لەووتارو ئامۆژگاریو ڕنمای کردن.

١٩٩٧/٧/٢٧

**سەرچاوەکان:**

١- سەردانی تەکیە، لەنزیکەوە.
٢- گفتوگۆ کردن لەگەڵ:
أ- کاك شێخ علی شێخ حسن خەیلانی بەرزنجی.
ب- مامۆستا مەلا هادی شێخ حسن خەیلانی بەرزنجی.

# ١٧- مزگەوت و تەکیەی شێخ محمد شێخ سلام تەنها ژوورێکە لەماڵەکەی

ئەم تەکیەیە، کەوتۆتە گەڕەکی صلاح الدین، نزیك زراریەکان ئەم زاتە (شێخ محمد شێخ سلام شێخ قادر). لەساڵی ١٩٨٠ و لە ماڵەکەی خۆی ژوورێکی جیاکردۆتەوەو لێی دادەنیشێت بۆ پێشوازی کردنی میوان. بەتایبەت ئەوانەی عەوداڵی دوای دوعان.

ئەم بنەماڵەیە، خۆییان بەسەیدی بەرزنجە دادەنێن و خۆیان بە ئەولادی شێخ (علیە کۆستەی دۆڵ پەمو)[1] دادەنێن.

ڕۆژانە دەیەها کەس ڕویان لێ دەکات و دەچێتە تەکیەکەیان بۆ دوعا، بەتایبەت لەعەشیرەتی زراریان.

لەوە دەچێ زۆربەی ئەم نەخۆشانە، خوای گەورە شیفایان بۆ بنێرێ.

شێخ محمد ڕۆڵێکی گرنگی هەیە، لەو دەوروپشتە، بەتایبەت لەکاتی (صولح) و خوازبێنی و سەردانی نەخۆش.

ئەم زاتە تەریقەتی قادری لەباوکیەوە بۆ ماوەتەوە ڕێنمایی لەسەر دەکات شان بەشان ئەمە، خاوەن دۆست و موریدو دەروێشێکی زۆرن.

١٩٩٧/١٢/٢٥

**سەرچاوەکان:**

١- سەردانی تەکیە، لەڕۆژی دیاری کراوە.

---

١ - شێخ علیە کۆستە، یەکێکە لەکوڕانی شێخ محمدی نۆدێ‌و کوڕی شیخ علی وندرینەن.

٢- گفتوگۆ كردن لەگەڵ كاك شێخ محمد شێخ سلام.

## ١٨- (تەكیەی شێخ محی‌الدین)

ئەم تەكیەیە، كەوتۆتە گەڕەكی تەیراوە، نێوان شەقامی (٦٠)و (٣٠) مەتری كۆڵانەكانی بەرامبەر مزگەوتی حیدر ئاغا، نزیك مزگەوتی حاجی عبداللەی سەعاتچی.

لەساڵی ١٩٨٣ سەید محی‌الدین سەید عبدالجبار سەید ابراهیم الرفاعی بەدروست كردنی هەستا.

رووبەرەكەی (٢٠٠)م٢.

جەنابی كاك سەید محی‌الدین خودی خۆیو چەند كوڕێكی ئیش و كاری تەكیەكە رادەپەڕێنن و لەسەر ڕێبازی رفاعی دەڕۆن بەتایبەتی مامۆستا سەید خالدی كوڕی سەید محی‌الدین.

**بەشەكانی:**

١- ژوورێكی هۆڵ نسبەتی بۆ تەكیەو نوێژكردنی بەكۆمەڵ.

٢- ژوورێكی گەورە بۆ دانیشتن و پێشوازی لەمێوان.

٣- بەشەی تارات و دەست نوێژ گرتن.

بەشێوەیەكی گشتی تەكیەكی خاوەن دەروێش و موریدو دۆستی تایبەتی خۆیەتی.

ئەمەش بەشێك لەچالاكیەكانی ئەم تەكیەیە:

١- ووتارو ئامۆژگاریو زیكرو تەهلیلەو خەتمە.

٢- ئاهەنگ گێڕان بەبۆنە پیرۆزەكانی ساڵ.

٣- كردنەوەی خولی فێركردنی قورئانی پیرۆز، بۆ ژن و پیاو.

٤- بەخشینی تەریقەتی رەفاعی ڕێنمایی كردن لەسەری.

٥- سەردانی موریدو دۆست و دەروێشەكانیان.

بەشەكانی ئەم تەكیەیە، تاڕادەیەك چاك پڕ فەرش كراوەو زۆربەی پێداویستیەكانی دابین كراوە.

١٩٩٧/١٢/٢٣

**سەرچاوەكان:**

١- سەردانی تەکیە لەنزیکەوە.
٢- گفتوگۆ کردن لەگەڵ مامۆستا مەلا سەید خالد سەید محی‌الدین رەفاعی

# ١٩- تەکیەی شێخ جلال بەرزنجی [1]

ئەم تەکیەیە کەوتۆتە گەڕەکی تەعجیل، نزیک مزگەوتی (موفتی).

سەرەتای دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٨٥ لەسەر بڕیاری (سەید جلال سید نجم الدین) بەرزنجیو یارمەتیدانی خێرخوازان دروست کرا.

پانتایەکەی ناگاتە (١٠٠)م٢.

پاش تەواو بوونی، ئەوەندی پێ نەچوو سید جلال لەساڵی ١٩٨٧ کۆچی دوایی کردو لەگۆڕستانی (شێخ محمدی خۆراسانی) بەخاك سپاردرا.

ئەم بنەماڵە لەسەیدەکانی بەرزنجەن و دەڵێن ئێمە ئەولادی شێخ (علیە کۆستەی دۆل پەموین).

پاش کۆچ کردنی (٥) کوڕی لەپاش بەجێ ماوە لەوانە (شێخ جواد) تەکیەی تایبەتی خۆی هەیە لەگەڕەکی (٩٢) شێخ جمال، شێخ سعید، شێخ لقمان، شێخ اکرم. لەسەر ڕێبازی قادری ئیرشادو ڕێنمایی خەڵکی دەکەن.

## بەشەکانی:

١- هۆڵێکی گەورە بۆ دانیشتن و زیکرو تەهلیلەو مێوانداری.

٢- ژوورێکی بچوك.

٣- بەشی دەست نوێژ گرتن.

پاش کۆچی دوایی شێخ جلال، رۆژ لە دوای ڕۆژ تەکیەیەکە لەکورتی دەدات. رۆژگار وا بڕوات لە ئایندەیەکی نزیك فەرامۆش دەکرێت.

ئەوەی جێی نوسین و وەبیر هێنانەوەیە، لەژوورە بچوکەکەدا وێنەی ئەم زاتانەم بەرچاو کەوت.

١- وێنەیەکی گەورەی خوا لێ خۆشبوو حاجی کاك احمدی شێخ.

٢- وێنەیەکی گەورەی خوا لێ خۆشبوو شێخ محمودی نەمر.

٣- وێنەیەکی گەورەی خوا لێ خۆشبوو شێخ ابراهیم قادر کرم.

---

١- ئەم زاتە کوڕی شێخ محمدی نودی‌یەو ئەویش کوڕی شێخ علی وەندرێنە و ئەویش کوڕی شێخ بابا رەسولە شێخ علی)، برای شێخ حسنی گلە زەدو شێخ اسماعیل وەلیانی‌یە.

٤- وێنەیەکی گەورەی خوا لێ خۆشبوو شێخ عبدالکریم دارەخورما

٥- وێنەیەکی گەورەی خوا لێ خۆشبوو شێخ نورالدینی ردفاعی.

بەپێی قسەی کاک سەید جمال، کاتی خۆی ئەم تەکیەیە لەسەر خواستی شێخ ابراهیم قادر کەرەم دروست کراوە، ئەو مۆڵەتی پێ داون بە کردنەوەی ١٩٩٧/١٢/٢٢


**سەرچاوەکان:**

١- سەردانی تەکیە لە نزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن بە کاک سید جمال.

## ٢٠- مزگەوت و تەکێی شێخ عبدالخالق تەلەعفەری

ئەم تەکێیە کەوتۆتە گەڕەکی ڕاپەڕین نێوان مزگەوتی (عمر بن خطاب) و تەکێی مەلا عیرفان.



سەرەتای دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٨٧.

لەسەر بڕیاری شێخ عبدالخالق شێخ عبدالکریم مەلا خدر[١] و یارمەتی دانی خێرخوازان دروست کرا.

نەخشەکەی ئەندازیار (محمد فارس) ئامادەی کرد.

ڕووبەرەکەی (١٢٠٠)م٢ و کراوەتە (٢) بەش، بەشێکی شێخ کردوویەتی‌یە خانووبەرە بۆ خێزانی خۆی بەشەکەی تری ئەم تەکێیەی لێ دروست کردووە.

ئەم بنەماڵە لەکۆنەوە خاوەن تەکیەن لەم شارە، قۆناغی خۆیان هەبووە، هەروەها ئەم تەکییە لەسەر ڕێبازی (القادری) ڕێنمایی خەڵکی دەکات.

---

١- مەلا خدری باپیرەیان، لە ساڵی ١٩٢٠ لەسەر قەلای هەولێر خاوەنی تەکێی خۆی بووە.

## بەشەکانی:

١- حەرەمی نوێژ کردن، زۆر لەسەر شێوەیەکی رێک و پێک دروست کراوە، میحراب و مەحفەل و بەرهەیوان و کەرەستەی پێویستی لێ دابین کراوە.

٢- ژوورێکی بۆ دانیشتنی شێخ: لێ کراوە دەیەها ئایەت و ئالاو دەفەو کەرەستەی زیکرو تەهلیلەی لێ هەڵواسراوە.

٣- بەشی دەست نوێژو ئاودەست و سەرشۆر دیواری چاك و دەرگای حەوشەی پوختە.

بەشێك لەچالاکیەکانی تەکێیەکە:

١- نوێژ کردن بەکۆمەڵ پێنج فەرزە لە بەشی مزگەوتی تەکیە.

٢- بەستنی کۆڕی زیکرو قیامی شەوانی هەینی.

٣- ووتارو ئامۆژگاریو تەسبیحات بە تایبەتی لەمانگی رەمەزان.

٤- ئاهەنگ گێران بەبۆنەی شەوە پیرۆزەکانی ساڵ وەکو: شەوی لە دایك بوونی پێغەمبەر(د.خ)، شەوی لیلة القدر، شەوی ئیسراو میعراج و، لەم جۆرە.

خودی شێخ عبدالخالق خۆی، کاروباری تەکیە دەباتە رێوە، جار جار کوڕەکانی دەستی یارمەتی بۆ درێژ دەکەن.

بەشێوەیەکی گشتی تەکێو مزگەوتێکی پاك و پوختەو خاوێن و رێکە، لە تەکیە پوختەکان لەقەڵەم دەدرێت.

١٩٩٧/٩/٨

## سەرچاوەکان:

١- سەردانی تەکیەو بەشەکانی لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن بەخودی کاك شێخ عبدالخالق شێخ عبدالکریم تەلەعفەری.

# ٢١- تەکێی سەید قادری نۆغەرانی[1] بەرزنجی

ئەم تەکێیە، کەوتۆتە، گەڕەکی نەورۆز (حی عسکری) کۆن، نزیك مزگەوتی شەهید عبدالخالق سەید حسین، بەرامبەر رێگای موسڵ.

سەرەتای دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩١.

---

١- ئەم بنەماڵەیە خۆییان بە سەیدی بەرزنجە دادەنێن.

لەسەر بریاری (سەید قادر سەید احمد سەید قادر) بەرزنجی دەست بەدروست کردنی کراو خێرخوازان و دەرویش و موریدەکانیان دەستێکی بالآیانلە تەواوکردنی هەبوو.

ئەم بنەماڵەیە کاتی خۆی تەکیەیان لەنۆغەران بوو.

پاش کۆچ کردنی سەید احمد لەشەوی (١٩٨٧/٢/٢١)وە وێران کردنی گوندەکان لە ساڵی ١٩٨٧.

تەکیەی ئەمانیش نەما، خەڵك هەموو گوندی بەجێ هێشت و رووی کردە شار شارۆچکەکان.

کاك (سید عبدالقادر سید احمد) هاتە هەولێرو لەگەڕەکی نەورۆز نیشتەجێ بوو.

لەساڵی ١٩٩١ ئەم تەکیەی داناو، بۆ جارێکیتر دەروێش و موریدەکانیان کۆبوونەوە، لەدەوری تەکیەکە لەسەر ڕێبازی قادریە.

رووبەرەکەی (١٢٠)م٢.

کاتی خۆی سەید احمد تەریقەتی لەسەر دەستی (شێخ محمد طاهري ئەتروشی) وەرگرتبوو.

## بەشەکانی:

ئەم تەکیە بریتییە لەحەوشێکی (١٢٠) مەتریو هۆدەیەکی گەورەو یەك دوو ئاودەست و بۆڕی دەست نوێژ گرتن.

بەشێوەیەکی مام ناوەندی پێداویستی تەکیەی بۆ دابین کراوە.

جەنابی سەید قادر سەید احمد خۆی سەرپەرشتی تەکیەکە دەکات.

بەشێك لەچالاکییەکانی ئەوەی پێویستە ئەم تەکیەیەش وێنەی تەکیەکانی تری ئەم شارە، تاڕادیەك چالاکی تایبەتی خۆی هەیە.


١٩٩٨/٩/٢٠

## سەرچاوەکان:

١- سەردانی تەکیە لەنزیکەوە.

٢- چاوپێکەوتن و گفتوگۆ لەگەڵ خودی سەید قادر نۆغەرانی بەرزنجی.

# ٢٢- مزگەوت و (تەکیەی مەلا عیرفان)



ئەم تەکیەیە کەوتۆتە گەڕەکی ڕاپەڕین نزیک تەکیەی شێخ عبدالخالق شێخ عبدالکریم تەلەعفەری.

لەساڵی ١٩٩٦ دەست بەدروست کردنی کرا، لەلایەن مەلا عیرفان و خێرخوازان و دەروێش و موریدی ئەم تەکیەیە.

ڕووبەرەکەی (٤٥٠)م٢.

ئەم زەوییە کاتی خۆی بەڕێز (کاک شێرزاد حاجی عارف زێڕنگر) پێشکەشی تەکیەی کرد.

(مەلا عیرفان کوڕی مەلا عبدالرحمن کوڕی مەلا رسول ئەفەندی گەڕاوە).

ئەم بنەماڵە، لەکۆنەوە خاوەن تەکیەیەو قۆناغی خۆیانن لەسەر ڕێبازی قادرین کاتی خۆی تەکیەیان لەسەر قەڵا هەبووە، هەروەها مەدرسەیەکیان هەبووە بەناوی (مدرسە الاحمدیە) لەسەر قەڵا، ئەم مدرسەیە مەدرسەی ئاینی بووە، خوا لێ خۆشبوو مەلا رسول تێدا دەرسی بە فەقێیەکانی داوە.

ئەم تەکیەیە لەسەر شێوەیەکی نوێ دروست کراوە، بەشێوەیەکی تێروپڕ پێداویستییەکانی دابین کراوە.

**بەشەکانی:**

١- حەرەم: بۆ نوێژ کردنی بەکۆمەڵ.

٢- ژوورێکی گەورە بۆ دانیشتنی شێخ/ مەلا عیرفان.

٣- ژوورێکی گەورە بۆ نووستنی مێوان.

٤- بەشی دەست نوێژو ئاودەست و حەوشەو باخچە.

ئەمەش بەشێکە لەچالاکی ئەم تەکیەیە:

١- خەتمەی ڕۆژانی هەینی.

٢- زیكرو تەهلیله پاش نوێژی عیشا.
٣- وعز و ئیرشاد و تەراویح لەمانگی ڕەمەزان.
٤- ئاهەنگ گێران لەبۆنە پیرۆزەكان.
٥- پێنج فەرزە نوێژ كردنی بەكۆمەڵ.
٦- دووعا نووسن بۆ نەخۆش.

ئەوەی شایانی باسە، ئەم تەكیّیە، لەسەر تەریقەتی (القادری)یەو كاتی خۆی مۆڵەتیان لە (سەید علی سەید جواد سەید رشید) وەرگرتووە ئەم زاتە ئێستاكە لەشاری موسڵ نیشتەجیّیەو مەلا عیرفان لە زۆر شوێن خوێندویەتی، گەڵ زاناو مامۆستا دەرسیان پیّ داوە، لەوانە:

١- مامۆستا مەلا شێخ عمری بالیسانیو مۆڵەتی زانستی لەسەر دەستی ئەو زاتە وەرگرتووە.

بەشێوەیەكی گشتی تەكیّیەكی رێك و پێك و خاوەن دەروێش و موریدە.

١٩٩٨/١٠/١٩

## سەرچاوەكان:

١- سەردانی تەكیە لەنزیكەوە.
٢- گفتوگۆ كردن لەگەڵ خودی مەلا عیرفان مەلا عبدالرحمن.

# ٢٣- تەكیّی كاك مەلای مشار [١]

ئەم تەكیّیە، كەوتۆتە گەڕەكی كوران، كۆڵانەكانی بەرامبەر مزگەوتی حاجی عزیز پیرداود، نزیك ڕێگای مەخمور.

سەرەتای دروست كردنی لەساڵی ١٩٩٧ و هاوكات لەگەڵ یادی لەدایك بوونی پێغەمبەر (د.خ) بو (١٢/ ربیع الاول/ ١٤١٨) كۆچی.

ئەم تەكیّیە لەسەر بڕیاری كاك (عبدالكریم) كوڕی گەورەی كاك مەلای مشار دروست كرا، دۆستانیان دەستێكی باڵایان لەتەواوكردنی هەبوو.

ڕووبەرەكەی (٢٠٠)م٢.

---

١- خوا لیّ خۆشبوو كاك مەلای مشار، ناوی تەواوی (شێخ یوسف شێخ سلیمان شێخ عبداللە) بوو لەدایك بووی ساڵی ١٩٣٢ بوو، لەڕۆژی ١٩٨٦/٤/٩ كۆچی دوایی كردو لەگۆڕستانی پیرداود بەخاك سپاردرا.

خودی کاک عبدالکریم کاروباری تەکیە بەڕێوەدەبات، ئەم زاتە لەدایک بووی ساڵی ١٩٦٧ و خۆیان بەشەجەرەی بەرزنجە دادەنێن و بەخزمایەتی دەگەڕێتەوە لەسەر شەجەرەی شێخ بابکری بافلان

ئەم بنەماڵە لەسەر ڕێبازی قادری ڕێنمایی خەڵک دەکەن، لەوە پێش ئەم تەکیانە تەکیەیان هەبوو

١- گوندی میلە هۆرد کویر

٢- گوندی وادی الغراب - قراج

٣- گوندی مشار - مخمور

٤- گوندی لەتیف ئاوا

کاک مەلای مشار دوو کوڕی لە پاش بەجێ ماوە، ئەمە ناویانە

١- کاک عبدالکریم

٢- کاک ابراهیم لەدایک بووی ساڵی ١٩٧٨.

بەشێک لەچالاکی یەکانیان:

زیکرو ئیرشادی خەڵکیان کردووە، بەڵام زەرگ لێدانیان نی یە.

موریدەکانیان زۆر بەگەرمی هاتوچۆیان دەکەن.

١- ئاهەنگ گێران لەبۆنە پیرۆزەکان.

٢- ئاشت کردنەوەو ئاوبڕی کردنی خەڵک.

٣- سەردان.

٤- ئامادەبوون لە پرسەی خەڵک.

٥- ووتارو ڕێگەپیشاندان و مەولود خوێندنەوە.

بەشێوەیەکی گشتی تەکی یەکی پوختەیە، جەماوەرێکی زۆر هاتوچۆی دەکەن

١٩٩٨.١٢.٥

## سەرچاوەکان:

١- سەردانی تەکیە لەنزیکەوە.

٢- گفتوگۆ کردن لەگەڵ خودی کاک عبدالکریم و کاک ابراهیم کوڕانی خواڵێ خۆشبوو کاک مەلای مشار

# ٢٤- تەكیەی شێخ احمدی زیخان

ئەم تەكیەیە، كەوتۆتە گەڕەكی برایەتی، پشت مزگەوتی شێخ محی‌الدین شێخ صالح بەرزنجی.

رووبەرەكەی (١٠٠)م٢ یە.

سەرەتای دروست كردنی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم.

كاتی خۆی خوا لێ خۆشبوو (شێخ مەلا محمدامین شێخ مەلا یاسین)ی[1] زیخان لەگوندی زیخان دروستی كرد.

پاش ئەوەی گوندەكان تێك چوون لەساڵی ١٩٨٦ ئەم بنەماڵەیە هاتنە هەولێرو لەگەڕەكی برایەتی سەر لەنوێ ئەم تەكیەیان ئاوەدان كردەوە.

جەنابی شێخ احمدی شێخ محمدامین[2] سەرپەرشتی دەكات، شان بەشانی ئیرشادو ڕێنمایكردنی موسڵمانان ڕۆڵێكی گرنگی هەبووە لەتەدریس و خوێندن.

ئەم تەكیەیە لەسەر ڕێبازی (نەقشبەندی) ئیرشاد دەكات.

مامۆستا مەلا شێخ عمری شێخ احمد ڕەوشی خۆی هەیە، لەبەڕێوەبردنی كاروباری تەكیەیە.

ئەم زاتەش خوێندنی مەلایەتی تەواو كردووەو لە تەكیەیە پێش نوێژی دەكات.

جەنابیان یەكێكە لەموچەخۆرانی بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی هەولێر.

ئەم زاتە لەگوندی (زیخان) لەساڵی (١٩٥٣) لەدایك بووە، بەشێوەیەكی گشتی، ئەم تەكیەیەش، وەكو تەكیەكانی تری ناو شار. ڕۆڵی خۆی لەئیرشادو ڕێنمایی دەبینێ.

## سەرچاوەكان:

١- سەردانی تەكیە لەنزیكەوە.
٢- چاوپێكەوتن بەخودی مامۆستا مەلا شێخ عمر شێخ احمد نەقشبەندی زیخانی.

---

١- خوا لێ خۆشبوو (شێخ محمدامین شێخ مەلا یاسین) لەدایك بووی ساڵی (١٩٠٥)بوو و لەچلەكان كۆچی دوایی كرد. دەیان كردەوەی پڕ توانای لێ دەگێڕنەوە.
٢- ئەم زاتە كوڕی خوالێخۆشبووە بوو، لە دایك بووی ساڵی ١٩٢٨ لە گوندی زیخان لەدایك بووە هەر لەوێش خوێندنی ئاینی خوێندووە.
زیخان: گوندێكە لە دۆڵی بالیسان سەر بەقەزای ڕانیەو پارێزگای سولەیمانی‌یە.

# ٢٥- تەکییەی شێخ نورالدین بەرزنجی

ئەم تەکیەیە، کەوتۆتە گەڕەکی نەورۆز (حی العسکری)، بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٩٤ لە شارۆچکەی (چەمچەماڵ) دامەزرا.

لە ساڵی ١٩٩٦ بەهۆی بارودۆخی تایبەتی خۆیەوە هاتە شاری هەولێرو دەستی بە ڕێنمایی خەڵکی کرد.

تەکییەکەی ئێستاکە بریتی‌یە لە تەنها ژوورێك لە ناوماڵەکەی.

خودی (شێخ نورالدین شێخ لطیف شێخ ڕەزا) سەرپەرشتی دەکات. ئەم زاتە بەرەگەز لە سەیدەکانی بەرزنجەیەو نەوەی شێخ (حەسەنی گڵە زەردە)یەو کوڕی گەورەی (لوتفی) شاعیرە.

ئەو ڕێبازەی لەسەری دەڕۆن ڕێبازی (مەرسی)یەیە ئەم ڕێبازەش نە قادرییەو نە نەقشی، بەڵکو ڕێبازێکە لە باپیرە گەورەیەوە (شێخ حسن گلەزەردە) دەست بە دەست بۆی ماوەتەوە.

وەکو زۆربەی تەکیەکانی تری ئەم شارە خاوەن چەند چالاکییەکە، لەوانە:

أ- زیکرو تەهلیلە شەوانی هەینی و شەوە پیرۆزەکان.

ب- بەسەرکردنەوەی موریدو دەروێشەکانیان.

جـ- وەعزو ئیرشادو ڕێباز بەخشین بەوانەی مەبەستیانە.

د- دوعا گۆی بۆ نەخۆش و خەڵکی.

نەوەی جێی وەبیر هێنانەوەیە، ئەم زاتە پارچە زەویەکی لە کۆمەڵگای (دارەتو) وەرگرتووە بۆ تەکیە لێ دروست کردن، بۆیە بە نیازی گواستەوەیە بۆ دارەتوو ئەمەش هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بوونی زۆربەی دۆست و موریدەکانی باوکی لە دارەتوو جەنابیان لە دایك بووی ساڵی (١٩٤٢)وە.

١٩٩٧/٧/٣٠

## سەرچاوەکان:

١- سەردانی تەکیەو بەشەکانی.

٢- چاوپێکەوتن بە جەنابی کاك شێخ نورالدین.

٣- زانیاری تایبەتی خۆم لە بارەی ئەم بنەماڵەوە.

# بەشی چوارەم

# 4

# خانەقاکان

## ١- خانەقای شێخ رشیدی لۆلان

ئەم خانەقایە، کەوتۆتە. گەڕەکی ئازادی. نزیك مرگەوتی (خورشد عالم)

کورتە باسێك لە بارەی شێخ رشیدەوە

(ئەم زاتە کوڕی شێخ محمد شریف بەگی کوڕی شێخ فتح الله بەگی کوڕی شێخ یوسف بەگە) لەمیرەکانی ناوچەی برادۆست بووە، بەرەگەز دەچێتەوە سەر خێڵی (خانەی لەپزێرین)

هەر لەسەرەتای تەمەنی ڕووی کردە خواناسین. پەنای بردە بەر خانەقای شێخ (کەمال) زینوێ خۆیو مام (هەیبنی) هاوڕێی خۆیان گەیاندە خزمەت ئەم زاتە بۆ خواناسین

پاش ماوەیەك لەوێ مانەوە، بەرەو ئێران کەوتنە ڕێ بەنیازی زیارەتی (شێخ عبدالقادری نەهری) لەگوندی (ڕاژان) لەوە دووا ئەم دوو زاتە (شێخ کمال و شێخ عبدالقادر) مۆڵەتی ئیرشادیان پێ بەخشیو شێخ کەمال داوای لێ کرد کە خانەقا بکاتەوە پاشان خۆیو مام هەیبنی ئێرانیان بەجێ هێشت و بەرەو ناوچەی برادۆست کەوتنە ڕێو لەگوندی (بەنێ) جێگیر بوون و خانەقایان کردەوە. زۆربەی موریدو دۆستەکانیان خەڵکی گوندی (کانی ڕەش)و دەورو بەری بوون

وای لێ هات ئەو دەوروبەرە هەموو بوونە موریدیان بەتایبەت (هەرکییەکانی عێراق و تورکیا)

جگە لەزۆربەی زۆری گەردی تورکیاو خەڵکی (مەرگەوەری) ئێران ئەم خانەقایە پەرەی سەند تاکو ئەم ناوچانەی گرتەوە:

١- ناوچەی قەزای شمزینان.

٢- ناوچەی مەرگەوەری ئێران.

٣- ناوچەی عەشیرەتی شکاك.

٤- ناوچەی عەشیرەتی جلالی.

پاش ماوەیەك شێخ رشید ناوچەی (بەنێ)ی بەجێهێشت و پەنای بردە بەر گوندی (شۆشنە) لە ناوچەی (خوا کورك) لە برادۆست.

پاش (٤) دانە ساڵ مانەوە، بەرەو گوندی لۆلان گەڕایەوەو ئاوەدانی کردەوە. خانەقاو مزگەوت و مەدرەسەی تیادا دامەزراند، مەلاو فەقێو دەرویش بە یەکدا دەچوون، هەر بەشێك خەریکی کاری خۆی بوو ئەم هەمووە، لەسەر نەفەقەی شێخ

رشیدی لولان خۆی بوو.

لەساڵی ١٩٤٦ حکومەتی ئەو سەردەمەی عێراق موچەیەکی دیاری کراوی بۆ مەسرەفی خانەقا بڕیوە.

بەڵام شێخ ئەو بڕە پارەیەی لەسەر موریدەکانی خۆی لەهەولێر دابەش دەکرد. بەتایبەت ئەوانەی کە دەست کورت بوون ئەم کارەش خوا لێ خۆشبوو (مەلا عزیز)[1] دوکاندار پێی هەڵدەستا.

ئاواتی ئەم زاتە خزمەت گەیاندن بوو بەفەقیرو هەژار، چ لەڕووی دنیاو چ لەڕووی قیامەت. هەردەم داواکاری ئەوە بۆ موریدەکانی، کە شەریعەت بگرن و لێی لانەدەن.

لەساڵی ١٩٣٩، لەگەڵ هەندێ لەئەندامانی خێزانەکەی و هەندێ موریدی بەرەو (کەعبە) کەوتنە ڕێ بەنیازی حەج کردن. لەساڵی ١٩٦٢ گوندی لولانی بەجێ هێشت و هاتە شاری هەولێرو لەخانووەکەی مەلا فەندی لەگەڕەکی باداوە جێگیر بووە. پاش ماوەیەك هاتۆتە گەڕەکی ئیسکان خۆی‌و بەشێکی زۆری خزم و کەسی.

لەساڵی ١٩٦٤ کۆچی دوایی کردو گۆڕەکەی لەشاری موسلە و لەدامین گۆڕی (نبی الله یونس)ە (علیه الصلاة والسلام).

تاکو ئێستاکەش بەشی زۆری موریدەکانی سەردانی گۆڕەکەی دەکەن و فاتیحای بۆ ڕەوانە دەکەن.

ئەم زاتە (٥) کوڕی لەپاش بەجێما، لەوانە:

١- شێخ عبدالله شێخ رشید لولان: ئەم زاتە کوڕی گەورەی شێخ رشید بوو، لەساڵی ١٩٩١ کۆچی دوایی کردو لەکۆمەڵگای مەلا ئومەر بەخاك سپاردرا.

٢- شێخ محمد شێخ رشید: ئەم زاتە لەژیان دا ماوەو کاروباری خانەقا بەڕێوە دەبات و بۆتە برا گەورەی ئەم بنەماڵە.

٣- شێخ جیهانگیر: ئەم زاتە لەژیان دایەو شان بەشانی حاجی شێخ محمد دوو بە دوو کاروباری خانەقاکە بەڕێوە دەبەن.

٤- شێخ سلیمان شێخ رشید.

٥- شێخ شعیب شێخ رشید.

ئەم دوو زاتە ئێستاکە لەژیان دان و لەناحیەی (کەڵەکی یاسین ئاغا) نیشتەجێن و

---

[1] - ئەم زاتە تەنها یەك کوڕی لەپاش بەجێ ماوە بەناوی (عدنان) ئێستا کە لەهەولێر دوکاندارە.

ئەوانیش تاڕادەیەك دۆستانیان سەردانیان دەکەن.
لەساڵی ١٩٧٠ بۆ جارێکی‌دی ئەم بنەماڵەیە بەگوندی خۆیان شادبوونەوە گوندەکە جارێکی‌تر ئاوەدانی بەخۆیەوە دی، خانەقاو مزگەوت دیوەخان و قوتابخانەی سەر لەنوێ تیایدا دروست کرایەوە بگرە لەجاران چاکتر. ئەم جارەیان بەسەر پەرشتی شێخ عبداللەو حاجی شێخ محمد کوڕانی شێخ رشید بوو.
لەساڵی ١٩٨٧ سەر لەنوێ خەڵکی ئەم گوندە ڕاپێچ کرا، بەرەو شارەکان بەتایبەت شاری هەولێر. ئەمجارەیان ئەم خانەقایەیان لەگەڕەکی ئازادی کردەوەو بەتەواوی جێگیر بوون تیایدا. حاجی شێخ محمد جێگای باوك و برا گەورەی ئەم بنەماڵەیە ئێستاکە. جەنابیان هەر چەندە لەدایك بووی ساڵی (١٩٢٥) بەڵام بۆ کاروباری خانەقا زۆر گورجە.

## بەشەکانی:

خانەقا لەم بەشانە پێك هاتووە.

١- بەشێك بۆ حەوانەوەی پیاوان.

٢- بەشێك بۆ حەوانەوەی ئافرەتان.

٣- بەشێك بۆ حەوانەوەی خانەوادەی شێخ محمدو شێخ جیهانگیری برای.

بەشێك لەچالاکی‌یەکانی ئەم خانەقایە:

١- خوێندنەوەی مەولوودی پێغەمبەر هەموو شەوێکی هەینی.

٢- خزمەت کردنی دەیەها فەقێو مامۆستاو پیاوی ئاینی.

٣- فێر کردنی خوێندنەوەی قورئان بەتەفسیرەوە.

٤- ئاهەنگ گێڕان لەشەوە پیرۆزەکان.

٥- مێوانداری کردن لەمێوان و لێ قەوماوان.

٦- سەردانی موریدەکانیان لەناو عێراق و لەئێران و تورکیاو.

٧- نان دانی بەکۆمەڵ ڕۆژانی هەینی.

ئەمەش ئەخشەی سەرجەلەی تەریقەتی نەقشبەندی‌یە، سەبارەت بەم بنەماڵە: (شێخ رەشیدی لولان، لە شێخ کەمالی زەینوێ، لە شێخ عبدالقادری نەهری) لە شێخ صالحی نەهری، لە شێخ تەهای گەورەی نەهری، لە شێخ و زانای پایە بەرزو ناودار خوا لێ خۆشبوو مەولانا (خالدی نەقشبەندی).
وەرگرتنی تەریقەتی نەقشبەندی شێخ رەشید، دەگەڕێتەوە بۆ پێش سەدەی بیستەم.

١٩٩٨/٩/٢٣

**سەرچاوەکان:**

١- دەست نووسە تایبەتیکەی کاک شێخ حسین حاجی شێخ محمد لولان، بۆ ئەم مەبەستە.

٢- گفتو گۆ کردن لەگەڵ ئەم بەڕێزانە:

ا- جەنابی حاجی شێخ محمد شێخ رشید لولان.

ب- جەنابی حاجی شەهاب شێخ محمد.

٣- سەردانی خانەقا لەبەرواری دیاری کراو.

# ٢- خانەقای شێخ سەید عبدالقادری[١] حسێنی نەقشبەندی خەلان

ئەم خانەقایە، کەوتۆتە گەڕەکی موفتی، نزیک مزگەوتی (حاجی جمال بەزان)، بەرامبەر خانەقای شێخ سەید عبداللەی خەلانی برای.

سەرەتای دروست کردنی لە شاری هەولێر، دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ساڵانی شەستەکان.

ئەم بنەماڵە بە قۆناغێکی دوورو درێژدا تێپەڕ بوونە بگرە هەر لە سەردەمی ژیانی خوالێخۆشبوو (مەولانا خالد)ی نەقشبەندی‌یەوە خاوەن قۆناغی خۆیانن.

وام بەلاوە باشە، لێدوانەکەم بە پێی چەند خاڵێك بێت:

١- سەردەمی خوالێخۆشبوو (شێخ سەید کمال هادی الدین)ی حسێنی نەقشبەندی.

ئەم زاتە یەکێ بوو لە دۆستانی خودی خوالێخۆشبوو (مەولانا خالد)، زاتێکی زاناو ناودار و لێهاتووی سەردەمی خۆی بوو، یەکێ بوو لەوانەی کە بوون بەهۆی پەرەسەندنی ڕێبازی نەقشبەندی. لەو ناوچەیە و دەوروبەری بگرە لە کوردستانی گەورە.

قۆناغی ئەو سەردەمەی ئەم بنەماڵەیە، بوو بوو بە پەناگای هەژارو لێ قەوماوو زانا دۆستەکان، ئەم زاتە لە ساڵی (١٣٢٩ك-١٩١٠ز) کۆچی دوایی کرد لە گۆڕستانی سەیدەکانی نەقشبەندی لە گوندی زینوی شێخ تەسلیم بە خاك کرا.

---

١- سەید عبدالقادر علاء الدین سەید کمال هادی الدین نەقشبەندی حوسێنی.

٢- سەردەمی خوالیخۆشبوو (شێخ سەید جلال الدین)ی حوسێنی نەقشبەندی

هەر بە کۆچی دوایی کردنی (شێخ کمال هادی الدین) لە ساڵی (١٩١٠) ئەوا شێخ سەید (جلال)ی کوڕی بوو بە برا گەورەی ئەم بنەماڵەیە. ئەم زانەش پیاوێکی زاناو بلیمەت و لێهاتووی سەردەمی خۆی بوو. لە دەیەها هەڵوێستی نەتەوایەتی و ئیسلامی بەشداری کردووەو هانی گەلی ئیسلام و کوردی داوە.

شان بەشانی ئەو هەڵوێستە ئاینی و نەتەوایەتیە، ڕێبازی نەقشبەندی و پەرەپێدانی فەرامۆش نەکردووە. لە سەردەمی ئەو زاتە، مزگەوت و خانەقاو مەدرەسە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گرمەی دەهات. ئەو زاتە ماوەی پێنج ساڵی لە ژیانی ڕاستەوخۆ لە خزمەت ئاین و زانست و کوردو ڕێبازی نەقشبەندی بەسەر برد.

لە ساڵی (١٣٣٥ك-١٩١٥ز) وەفاتی کردو لە گۆڕستانی (سەیدەکانی نەقشبەندی لە گوندی زینوێی شێخ لە تەنیشت گۆڕی باوکی ڕەحمەتی تەسلیم بە خاك کرا.

٣- سەردەمی خوالیخۆشبوو (شێخ سەید علاءالدین)ی حسێنی نەقشبەندی

ئەم زاتە لە ساڵی (١٨٩٦) لە گوندی (زینوێی شێخ) لە دایك بوو بوو، هەر بە منداڵی دەستی بە خوێندن کرد، هانای بردە بەر زاناو پیاوانی ئاینی ئەو سەردەمە، تاکو وای لێهات لە پیاوە کەم وێنەکانی سەردەمی خۆی لە قەڵەم دەدرا.

لە ساڵی (١٩١٩) ئەم زاتە گوندی (زینوێی شێخ)ی بە جێهێشت و لە خۆرئاوای گوندێکی سەربەخۆی ئاوەدان کردەوەو ناوی (خەلانی) لێنا. هەموو کوڕەکانی لەوێ لە دایك بوون.

خەلأن، بەهۆی شێخ علاءالدین، هەزارەها کەس ڕووی تێ کردو بە ماڵەوە تێدا نیشتەجێ بوو، تاکو وای لێهات بوو بە مەڵبەندی زانست و عیلم و خواپەرستی.

مزگەوت و خانەقاو مەدرەسەی گرمەی دەهات و دەیەها مەلاو زانای لێهاتووی پێگەیاند، ئەم گوندە بوو بە پەناگای سەدان لێقەوماوو، هەژارو کۆس کەوتووان.

جێگای فتواو ناوبژیو شاکارەکانی مرۆڤایەتی بوو. ڕۆژگار وای لە شێخ علاءالدین کرد، لە ساڵانی شەستەکان بەرەو شاری بەغدا کۆچ کات و لەوێ خۆی بگرێتەوە، لە (مانگی جمادی دووەم ١٣٨٥ك ڕێکەوتی مانگی ئەیلوولی ١٩٦٥) مەرگ ڕێی لێگرت و کۆچی دوایی کرد.

بە ئامادەبوونی هەزارەها دۆست و کەسایەتی ناودار تەرمەکەی بۆ شاردنەوە بەرەو گۆڕستانی (الامام الاعظم) خرایە سەرشان بە خاك سپێردرا.

ئەو زاتە هەشت کوڕی لە پاش بە جێما، ئەمەش ناوی ئەو زاتانەیە:

١- شێخ سەید طه خەلان
٢- شێخ سەید عبدالقادر خەلان
٣- شێخ سەید عبدالله خەلان
٤- شێخ سەید نجم الدین خەلان
٥- شێخ سەید عبدالرحمن خەلان
٦- شێخ سەید محمد خەلان
٧- شێخ سەید جمال خەلان
٨- شێخ سەید اسماعیل خەلان

ئەم زاتانە هەر هەشتیان لە گوندی خەلان لە دایك بوون و بە خەلانی ناوبانگیان دەرکرد.

تەنها شێخ سەید طه و سەید نجم الدین نەبێ ئێستاکە ئەوان لە شاری (ورمێ)نە لە ئێران، ئەوانی تر هەر شەشیان دانیشتووی شاری هەولێری دێرینن.

بەم شێوەیە، ئەم بنەماڵە ساڵانێکی زۆر خزمەتی ئاین و نەتەوەو نیشتمانیان کردووە.

بڵاوکردنەوەی ڕێبازی نەقشبەندی ئاوات و ئامانجیان بووە، کاك شێخ سەید عبدالقادر و شێخ سەید عبداللەی برای دوو بەدوو خانەقایان هەیەو ڕۆژانە سەدەها کەس ڕوویان تێ دەکات و سەردانیان دەکات.

**سەرچاوەکان:**

١- سەردانی جەنابی کاك شێخ سەید عبدالقادر و شێخ سەید عبدالرحمن لە نزیکەوە.
٢- ڕاپۆرتە دەست نووسەکەی کاك شێخ عبدالرحمن لەو بارەیەوە.

# ٣- خانەقای شێخ عبداللەی خەلان

ئەم خانەقایە، کەوتۆتە گەڕەکی موفتی، نزیك مزگەوتی حاجی جمال بزاز.

لەساڵی ١٩٨٦ لەسەر بڕیاری شێخ (عبداللەی شێخ علاءالدین) زینوێ دروست کرا.

ڕووبەرەکەی (١٠٠)م٢ یەو لەحەوشەکەی خۆیەتی.

ئەم زاتە کوڕی (شێخ علاءالدین کوڕی شێخ جلال)ە بەرەگەز لەسەیدەکانی (نەهری)ین.

لەکۆنەوە خاوەن خانەقاو قۆناغ بوونە، تاکە ماڵ بوونە کاتی لەگوندی (خەڵان و زینویٚ شێخ) خانەقایان دروست کردووە.

شێخ سید علاءالدینی نەقشبەندی، ماوەیەك خۆی سەرپەرشتی ئەم خانەقایەی کرد، پێش کۆچ کردنی.

ئەم زاتە پێش کۆچ کردنی شێخ سید عبداللّەی کوڕی هەڵبژارد بۆ ئەوەی جێی بگرێتەوە.

شێخ سید عبداللّەی خەلان حەوت برای دی هەیە.

ئەم بەڕێزانەش، هەر یەك لەشوێن خۆی خاوەن مەکانەتی تایبەتی خۆیانن.

## بەشەکانی:

١- حەرەمێك بۆ نوێژکردن بەکۆمەڵ.

٢- ژوورێکی گەورە لەشێوەی هۆڵ بۆ پێشوازی لە مێوانان.

٣- جێو ڕێی تایبەت بۆ حەوانەوەی مێوان.

٤- بەشی ئاودەست و دەست نوێژگرتن.

هەندێ لەچالاکی ئەم خانەقایە:

١- پێنج فەرزە نوێژ کردن بەکۆمەڵ.

٢- زیکرو تەهلیلە، شەوانی دووشەممەو پێنج شەممە.

٣- یادکردنەوەی بۆنە پیرۆزەکانی ساڵ.

٤- نوێژو تەراویح و ووتاری شەوانی مانگی ڕەمەزان.

٥- پێشوازی کردن لەمێوانی خانەقا.

٦- نووسینەوەی دوعا بۆ نەخۆش.

٧- سەردانی نەخۆش و موریدە پەك کەوتووەکانی خانەقا.

کاك شێخ سید عبداللّەی خەلان خۆی لەدایك بووی ساڵی ١٩٢٦ وە ئەم سێ کوڕەی هەیە.

١- کاك شێخ محی‌الدین شێخ عبداللەی خەلان.

٢- کاك شێخ سلام شێخ عبداللەی خەلان.

٣- کاك شێخ سیف الدین شێخ عبداللەی خەلان.

بەشێوەیەکی گشتی خانەقایەکی پوختەیە، ڕۆڵی خۆی هەیە لەناو دۆستان و موریدەکانی.

ئەو موریدانەی زۆربەیان لەم شوێنانەن:

١- ناوچەی رانیە.
٢- ناوچەی چوارقورنە.
٣- ناوچەی سیدەکان.
٤- ناوچەی اسنان.
٥- ناوچەی دیلزیان.

ئەم زاتە لایەك لەخانووەکەی بۆ خانقا دابڕیوەو ئەو بەشانەی لێ دووایین بەتەواوی تیادا دروست کردووە.

١٩٩٨/٩/٢٢

## سەرچاوەکان:


١- سەردانی خانەقا.
٢- چاوپێکەوتن بە شێخ سلام کوڕی کاك شێخ سید عبداللّەی خەلان.

# پوختەیەك

١- کۆی گشتی مزگەوتەکانی کە نوێژی هەینی لێ دەکرێ (١٣٥) دانەن.
٢- کۆی گشتی مزگەوتەکانی کە نوێژی هەینی لێ ناکرێ (٦٢) دانەن.
٣- کۆی گشتی جێگا تایبەتیەکانی نوێژ کردن (موسەلاکان) (١٣) دانەن.
٤- کۆی گشتی ئەو مزگەوتانەی کە لەقۆناغی دروست کردندان (٢) دانەن.
٥- کۆی گشتی ئەو مزگەوتانەی کە لەشێوەی هەیکەل و شوێن هەوارن (٢) دانەیە.

١- کۆی گشتی مزگەوتەکان (٢١٦) مزگەوتن.
٢- کۆی گشتی خانەقاکان (٣) دانەن.
٣- کۆی گشتی تەکیێەکان (٢٥) دانەن.
٤- کۆی گشتی پانتای مزگەوتەکان خۆی لە (٢١٠) کم٢ دەدات.
٥- کۆی گشتی پانتایی تەکیێەکان خۆی لە (٩) کم٢ دەدات.
٦- ساڵی ١٩٩٩ زۆرترین ژمارەی مزگەوتی تێدا دروست کراوە کە (١٦) مزگەوتە.
٧- ساڵی ١٩٨٠ دووەمە، (١٤) دانە مزگەوتی تێدا دروست کراوە.

# سەرچاوەکان


١- سەردانی یەکە بە یەکەی هەموو مزگەوت و تەکییەو خانەقاکان ئەوانەی لەم کتێبە لەبارەیانەوە دەدوێین.

٢- ئامۆژگاری‌و ڕێنمای کردنی بەشی زۆری پێش نوێژو ووتارخوێن و خاوەن مزگەوت و تەکییەو خانەقاکان.

٣- تاوتوێ کردنی دۆسەی تایبەتی چەندین مزگەوت لەگەڵ بەڕێز کاک (حسن حمزە عەلی) لە بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی هەولێر.

٤- گفتوگۆ کردن لەگەڵ ئەم کەسایەتیانە:

ا- شێخ فاخر شێخ محمد عبدالله نەقشبەندی، ئەندازیار لە بەڕێوەبەرایەتی ئەوقاف.

ب- کاک عثمان رشاد مفتی.

ج- مامۆستا مەلا جرجیس.

٥- شێخ چۆلی- علماء والمدارس في اربیل- زوبیر بیلال ئیسماعیل.

٦- راست کردنەوەی هەندێ هەڵە لە بارەی هەولێرەوە - مدخل لدراسة تطور مدینة اربیل للفترة (١٧٧٠-١٨٢٠) دکتۆر عبدالله محمد حداد.

٧- هەولێرم وا دیوەو بیستووە (بەرگی یەکەم و دووەم) سەید مەولود بێخاڵی.

٨- تأریخ واخبار البلدان الحدیثة.

٩- گۆڤاری کاروان ژمارە (٥) ساڵی ١٩٨٣.

١٠- گۆڤاری شارەوانی هەولێر، ژمارەی تایبەت بە بۆنەی یادی سەد (١٠٠) ساڵەی دامەزراندنی شارەوانی هەولێر ١٩٨٥.

# سوپاس و پێزانین


خۆم بەبەختەوەر دەزانم، کە ڕێزو سوپاسی بێ سنوری خۆم ئاراستەی ئەم بەڕێزانەو لایەنانەی کە لای خوارەوە ناوییان هاتووە بکەم.

١- بەڕێز کاك شێخ عدنان نەقشبەندی وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی.

٢- بەڕێز کاك شێخ محمود کاوە حەفید وەزیری هەرێم و وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی پێشوو.

٣- بەڕێز کاك شفیق ئەمین ئەندامی پەرلەمانی کوردستان.

٤- بەڕێز کاك سەلاح دەلۆ- بەرپرسی پێشووی لقی ٣ی پ.د.ك.

٥- بەڕێز مامۆستا خورشید شێرە بریکاری وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی هەرێمی کوردستان.

٦- بەڕێز مامۆستا مەلا احمدی خانەقا، بریکاری پێشووی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی.

٧- بەڕێز کاك حاجی نوری قادر عبدالله، بەڕێوەبەری ئەوقافی هەولێر.

٨- بەڕێز مامۆستا مەلا عبدالطیف بامۆکی.

٩- سەرجەم ئەندامانی لیژنەی (تعضید) لە دیوانی وەزارەتی ئەوقاف.

١٠- بەڕێز کاك عثمان رشاد مفتی.

١١- بەڕێز دکتۆر عبدالله محمد حداد.

١٢- بەڕێز کاك شێخ اسماعیل برزنجی.

١٣- بەڕێز کاك شێخ رضا شێخ سەید گوڵ بەرزنجی.

١٤- بەڕێزان سەرجەم مامۆستاو خەتیب و ئیمام کارمەندانی مزگەوتەکان.

١٥- بەڕێزان خاوەن مزگەوت تەکیەو خانەقاکان.

١٦- خوا لێ خۆشبوو (مامۆستای مێژوونووس) زبیر بلال اسماعیل.

١٧- هەموو ئەو کەسانەی کە یارمەتیان دام، ئەگەر بە تەنها ووشەیەك بوو بێ.

١٨- سەرجەم کارمەندانی دەزگای زادە بۆ کۆمپیوتەر.

# چەند بەرهەمێکی لەچاپ نەدراوی دانەر

١- لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی (سێ گۆشەی بەرمۆداو لەگەنە فڕۆکەیەکان) ئامادەیە بۆ چاپ.
٢- وەرگێڕانی دەقی چیرۆکی (العرس المأتم) زەماوەندێکی ماتەمێن لەعەرەبییەوە بۆ کوردی، شانۆگەرییە.
٣- وەرگێڕانی چیرۆکی (بژی نیشتمان) لەعەرەبییەوە بۆ کوردی، چیرۆک نووس عەزیز نەسین.
٤- ئامادەکردنی بەشێك لەسەر جەلەی نەوەکانی (شێخ محی‌الدین شیخ حسن گلە زەردە بەرزنجی).

# پێڕست


| | لاپەرە |
|---|---|
| پێشکەشە | ٤ |
| پێشەکی بریکاری وەزارەتی ئەوقاف (مامۆستا خورشید شێرە) | ٥ |
| پێشەکی دانەر | ٧ |
| رونکردنەوە | ٩ |
| بەشەکانی ئەم کتێبە | ١٠ |
| مزگەوتەکان | ١١ |

| ناوی مزگەوت | شوێن | ساڵی دروست کردن | رووبەر | |
|---|---|---|---|---|
| بەشی یەکەم | کۆمەڵەی یەکەم | | | ١٢ |
| ١. م. گەورەی سەرقەڵا | سەرقەڵا | ١٧١٩ | ١٢٥٠ | ١٣ |
| ٢. م. ناو ئەجارەکان | ناوبازار | ١٧٨٦ | ٤٠ | ١٦ |
| ٣. م. ناو بازار حاجی داود | ناوبازار | ١٧٢٠ | ١٧٢٠ | ١٨ |
| ٤. م. خانەقای گەورە | ناوبازار | ١٨٠٥ | ١٢١٨ | ٢٢ |
| ٥. م. ئاڵتی بەرماغ | ناوبازار | ١٨٠٠ | ٣٠٠ | ٢٥ |
| ٦. م. شێخ الله | ناوبازار | ١٨٤٤ | ٤٥٠ | ٢٨ |
| ٧. م. دێرە بروشە | عارەبان | ١٨٤٤ | ٥٠٠ | ٣٢ |
| ٨. م. شێخ مصطفی نەقشبەندی | خانەقا | ١٧٨٥ | ١٥٠٠ | ٣٠ |
| ٩. م. پاشا-سید محمود | عارەبان | ١٨٨١ | ٦٠٠ | ٣٤ |
| ١٠. م. شێخ چۆلی | تعجیل | ١٨٨١ | ١٠٠٠ | ٣٦ |
| ١١. م. حاجی عبدالقادر دباغ | ناوبازار | ١٨٩٠ | ٤٧٠ | ٣٨ |
| بەشی یەکەم | کۆمەڵەی دووەم | | | ٤١ |
| ١٢. م. باداوەی گەورە | باداوە | ١٩٠٥ | ٦٥٠ | ٤٣ |
| ١٣. م. مەلا نەبی | تعجیل | ١٩٠٦ | ٥٠٠ | ٤٥ |
| ١٤. م. موفتی | تعجیل | ١٩٠٦ | ٣٠٠ | ٤٧ |
| ١٥. م. مەلا عابید | تعجیل | ١٩١٢ | ٦٠٠ | ٤٩ |
| ١٦. م. شێخانی | سەرقەڵا | ١٩١٢ | ٤٥٠ | ٥١ |
| ١٧. م. بیرکۆت | بیرکۆت | ١٩١٢ | ٤٨٠ | ٥٣ |
| ١٨. م. سلیمان مولود | خانەقا | ١٩٢٥ | ١٨٠ | ٥٤ |
| ١٩. م. حاجی مولود فتاح (شێخە رەشکە). | ناوبازار | ١٩١٠ | ٢٥٠٠ | ٥٧ |
| ٢٠. م. شێخ نورالدین بریفکانی | تعجیل | ١٩٣٠ | ٥٠٠ | ٥٩ |
| ٢١. م. گەورەی سەیداوە | سەیداوە | ١٩٣٥ | ٣٠٠ | ٦١ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢٢. | م. شێخ مەلا رشیدی کۆن | تەیراوە | ١٩٣٥ | ٤٥٠ | ٦٣ |
| ٢٣. | م. حاجی مجید قردار | تەیراوە | ١٩٣٨ | ٤٢٠ | ٦٤ |
| ٢٤. | م. حاجی صالح دەباغ | ناوبازار | ١٩٣٩ | ٢٧٠ | ٦٦ |
| ٢٥. | م. خەلیفە خالید | تعجیل | ١٩٤٨ | ٨٠ | ٦٧ |
| ٢٦. | م. فاطمة خان/اوقاف | ناوبازار | ١٩٤٧ | ٣٠٠ | ٦٩ |
| ٢٧. | م. حاجی نورالدین مختار | ناوبازار | ١٩٤٩ | ٧٣٠ | ٧١ |
| | **بەشی یەکەم** | **کۆمەڵەی سێیەم** | | | ٧٣ |
| ٢٨. | م. حاجی محمود علاف | ناوبازار | ١٩٥٢ | ٦٥٠ | ٧٥ |
| ٢٩. | م. شێخ عمری بالیسانی | سێتاقان | ١٩٥٢ | ٦٠٠ | ٧٧ |
| ٣٠. | م. حاجی ابراهیم سعید | سێتاقان | ١٩٥٢ | ٢٠٠ | ٧٩ |
| ٣١. | م. حاجی قادر قەرەنی | تەیراوە | ١٩٥٣ | ١٨٠ | ٨٠ |
| ٣٢. | م. حاجی عبداللە قوربانی | سەیداوە | ١٩٥٤ | ٢٥٠ | ٨٢ |
| ٣٣. | م. شێخ محمد بالیسانی | تەیراوە | ١٩٥٥ | ٢٥٠ | ٨٣ |
| ٣٤. | م. سەید غریب سەید فرج بەرزنجی | سێتاقان | ١٩٥٧ | ٨٠٠ | ٨٤ |
| ٣٥. | م. مەلا عبداللە همزە | سەیداوە | ١٩٥٧ | ٢٣٤ | ٨٦ |
| ٣٦. | م. خورشید عالم | زانیاری | ١٩٥٨ | ١٠٠٠ | ٨٨ |
| ٣٧. | م. حاجی سلێمان قصاب | اسکان | ١٩٥٩ | ٤٠٠ | ٩٠ |
| ٣٨. | م. الصدیق | کورانی عەنکاوە | ١٩٦٠ | ١٢٥٨ | ٩٢ |
| ٣٩. | م. حاجی طه قصاب | نزیک باخچەی گلکەند | ١٩٦٠ | ٤٠٠ | ٩٤ |
| ٤٠. | م. صدیقە خاتون | عارەبان | ١٩٦٠ | ٥٤٠ | ٩٦ |
| ٤١. | م. حاجی عبداللە حمامچی | تەیراوە | ١٩٦٠ | ١٠٠٠ | ٩٧ |
| ٤٢. | م. خلیفە مەلا احمد | سیتاقان | ١٩٦٠ | ١٦٠ | ٩٩ |
| ٤٣. | م. کووێتی | تەیراوە | ١٩٦٠ | ٥٠٠ | ١٠٠ |
| ٤٤. | م. مەلا بکر قەڵا سنج | سیتاقانی سەروو | ١٩٦١ | ٢٠٠ | ١٠٢ |
| ٤٥. | م. حاجی مراد | سێتاقان | ١٩٦١ | ٨٥٠ | ١٠٣ |
| ٤٦. | م. حاجی حسن بەزاز | عارەبان | ١٩٦١ | ٨٠٠ | ١٠٥ |
| ٤٧. | م. مەلا رشیدی نوێ | تەیراوە | ١٩٦١ | ٦٠٠ | ١٠٧ |
| ٤٨. | م. اسکان/ حاجی قەرۆ | اسکان | ١٩٦٢ | ٢٢٥٦ | ١٠٩ |
| ٤٩. | م. ئازادی | ئازادی | ١٩٦٢ | ١٠٠٠ | ١١١ |
| ٥٠. | م. مەلا نوری | کوران | ١٩٦٢ | ٥٠٠ | ١١٣ |
| ٥١. | م. حسن علی قصاب | سێتاقان | ١٩٦٢ | ٢٠٠ | ١١٥ |
| ٥٢. | م. سەید نوری | بەستەپیازە | ١٩٦٢ | ٢٠٠ | ١١٦ |
| ٥٣. | م. مەلا زاهیر کوران | کوران | ١٩٦٣ | ٢٠٠ | ١١٧ |
| ٥٤. | م. مەلا رشیدی کوران | کوران | ١٩٦٣ | ٢٠٠ | ١١٩ |
| ٥٥. | م. خۆشناو | نزیک باخچەی خانزاد | ١٩٦٣ | ٢٥٠ | ١٢٠ |
| ٥٦. | م. حاجی بکر زیرنگر | سەیداوە | ١٩٦٤ | ٢٠٠٠ | ١٢٢ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| .٥٧ | م حاجی رمضان حسین بەزاز | سیتاقان | ١٩٦٥ | ٦٠٠ | ١٢٤ |
| .٥٨ | م شیخ مصطفی باقلان | سەیداوە | ١٩٦٥ | ٦٥٠ | ١٢٥ |
| .٥٩ | م حاجی حسین اسماعیل | عارەبان | ١٩٦٥ | ٦٠٠ | ١٢٦ |
| .٦٠ | م سەید قادر | بەستەپیازە | ١٩٦٦ | ٥٥٠ | ١٢٨ |
| .٦١ | م عبدالقادر شنوی/سپی | شەقامی ٦٠م | ١٩٦٧ | ١٠٠٠ | ١٢٩ |
| .٦٢ | م شیخ معروف | باداوە | ١٩٦٨ | ١٧٢٠ | ١٣١ |
| .٦٣ | م حاجی مەلا محمود | شەقامی (٣٠) مەتری | ١٩٦٨ | ٥٠٠ | ١٣٣ |
| .٦٤ | م شیخ کاکە | ئازادی | ١٩٦٨ | ٨٠٠ | ١٣٤ |
| .٦٥ | م ملا طلعت/ عثمان کوری عفان | منتکاوە | ١٩٧٠ | ٣٥٠ | ١٣٦ |
| .٦٦ | م حاجی بەهجەت | شۆرش | ١٩٧٠ | ٢٨٠ | ١٣٨ |
| .٦٧ | م رشاد نجار | سەیداوە | ١٩٧١ | ١٦٠٠ | ١٣٩ |
| .٦٨ | م سەید طه گەردی | شەقامی ٦٠م | ١٩٧٢ | ١٢٠٠ | ١٤٠ |
| .٦٩ | م زکیە خان | شەقامی ٦٠م | ١٩٧٢ | ٨٠٠ | ١٤٢ |
| .٧٠ | م سەید قاسم خیات | شەقامی ٦٠م | ١٩٧٢ | ١٥٦٠ | ١٤٤ |
| .٧١ | م حاجی حسین قصاب | عارەبانی نوێ | ١٩٧٣ | ٤٠٠ | ١٤٥ |
| .٧٢ | م حاجی عزیز ابراهیم (الهدی) | گلکەند | ١٩٧٣ | ٣١٥ | ١٤٦ |
| .٧٣ | م حاجی عزیز پیرداود | کوران | ١٩٧٣ | ٦٠٠ | ١٤٨ |
| .٧٤ | م زانیاری | زانیاری | ١٩٧٤ | ٥٤٦ | ١٥٠ |
| .٧٥ | م علاء الدین سجادی | شۆرش | ١٩٧٤ | ١٠٠٠ | ١٥١ |
| .٧٦ | م حاجی سلیم باداوە | باداوە | ١٩٧٦ | ٤٢٠ | ١٥٣ |
| .٧٧ | م سەید حسین بەرزنجی | ئازادی | ١٩٧٦ | ٣٢٠ | ١٥٤ |
| .٧٨ | م ماجداوە | ماجداوە | ١٩٧٧ | ١٦٠ | ١٥٦ |
| .٧٩ | م حاجی علی سۆرانی | کوران | ١٩٧٧ | ٣٥٠ | ١٥٧ |
| .٨٠ | م حاجی زاهیر بندیان | کوران | ١٩٧٧ | ٤١٨ | ١٥٨ |
| .٨١ | م اسماعیل منتکاوە | منتکاوە | ١٩٧٨ | ٤٠٠ | ١٥٩ |
| .٨٢ | م خالد کوری ولید/ خانووەکانی دەواجن | خانووەکانی دەواجن | ١٩٧٨ | ١٠٠٠ | ١٦١ |
| .٨٣ | م حاجی بدریە عبدالرحمن | کوردستان | ١٩٧٨ | ٣٠٠ | ١٦٢ |
| .٨٤ | م پیربال اغا | سورچیان | ١٩٧٨ | ٦٠٠ | ١٦٣ |
| .٨٥ | م حاجی علی مولود | سیتاقانی سەرو | ١٩٧٨ | ٣٠٠ | ١٦٥ |
| .٨٦ | م حاجی عادل محمد سلیم حماوی | منتکاوە | ١٩٧٩ | ٤٠٠ | ١٦٦ |
| .٨٧ | م خانووەکانی کارگەی جگەرە | | ١٩٧٩ | ٥٠٠ | ١٦٧ |
| .٨٨ | م مەلا حسن(ابو علی) | سورچیان | ١٩٧٩ | ١٨٠ | ١٦٨ |
| .٨٩ | م حاجی سەنیە خان | سورچیان | ١٩٧٩ | ٥٠٠ | ١٧٠ |
| .٩٠ | م حاجی فهیمە شیخ علی | کوران | ١٩٧٩ | ٣٠٩ | ١٧١ |
| .٩١ | م حاجی محمد کریم خەندە | تەیراوە | ١٩٨٠ | ١٨٠ | ١٧٢ |
| .٩٢ | م شیخ ثانی | سیتاقان | ١٩٨٠ | ١٢٠٠ | ١٧٣ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٩٣. م شێخ صدرالدين بەرزنجی | سێتاقان | ١٩٨٠ | | ١٧٤ |
| ٩٤. م گۆرستانی شارەوانی باشور | گۆرستانی معمل قیر | ١٩٨٠ | ٤٠٠ | ١٧٦ |
| ٩٥. م شارەوانی باکور شێخ احمد | شەقامی ١٠٠م | ١٩٨٠ | ٢٠٠ | ١٧٧ |
| ٩٦. م شێخ حسن خیلانی | باداوە | ١٩٨٠ | ٢٠٠ | ١٧٨ |
| ٩٧. م دار السلام(حاجی باقی) | باداوە | ١٩٨٠ | ١٠٠٠ | ١٧٩ |
| ٩٨. م هیدایت | مفتی | ١٩٨٠ | ٨٠٠ | ١٨٠ |
| ٩٩. م شەهید رحمن جوامیر | کوردستان | ١٩٨١ | ٦٠٠ | ١٨١ |
| ١٠٠. م شەهید فتاح علی | کوردستان | ١٩٨١ | ١٠٠٠ | ١٨٣ |
| ١٠١. م. الله اکبر/ عبدالرحمن بن عوف | کوردستان | ١٩٨١ | ١٠٤٢ | ١٨٤ |
| ١٠٢. م. حاجی جواد | کرێکاران | ١٩٨١ | ١٢٠٠ | ١٨٦ |
| ١٠٣. م. البوخاری | کرێکاران | ١٩٨١ | ١٠٠٠ | ١٨٧ |
| ١٠٤. م. رشاد مفتی (البکر) | سەر ڕێی کەرکوک | ١٩٨١ | ١٥٠ | ١٨٨ |
| ١٠٥. م. صلاح الدين ايوبی | مامۆستایان | ١٩٨١ | ٥٠٠٠ | ١٩١ |
| ١٠٦. م. حاجی تۆفیق | سێتاقانی سەروو | ١٩٨١ | ١٠٠٠ | ١٩٣ |
| ١٠٧. م. شەهید صباح صوفی | شۆڕش | ١٩٨١ | ١٥٠ | ١٩٤ |
| ١٠٨. م. شەهید حسین محمود جۆلا | ڕێی مخمور | ١٩٨٢ | ١٢٠٠ | ١٩٦ |
| ١٠٩. م. شەهید عبدالواحد محمد شێخە | ٩٢ | ١٩٨٢ | ٩٠٠ | ١٩٧ |
| ١١٠. م. مام اسعد ابو عبیده الجراح | باداوە | ١٩٨٢ | ٧٥٠ | ١٩٩ |
| ١١١. م. شهید ملازم حسن | سێتاقانی سەروو | ١٩٨٢ | ٢٥٠ | ٢٠٠ |
| ١١٢. م. شەهید اسماعیل صابر | سێتاقانی سەروو | ١٩٨٢ | ٢٥٦ | ٢٠١ |
| ١١٣. م. شێخ محی الدين شێخ صالح بەرزنجی | برایەتی | ١٩٨٢ | ١٨٦ | ٢٠٣ |
| ١١٤. م. عمری کوری خەتاب | ڕاپەڕین | ١٩٨٢ | ٨٠٠ | ٢٠٤ |
| ١١٥. م. شەهید ابراهیم اسماعیل | ڕاپەڕین | ١٩٨٢ | ٣٠٠٠ | ٢٠٦ |
| ١١٦. م. حاجی طه سلیمان ناوخۆش | سورچیان | ١٩٨٢ | ٩٨٠ | ٢٠٨ |
| ١١٧. م. شهیدین /نەورۆز | نەورۆز | ١٩٨٣ | ٣٠٠ | ٢٠٩ |
| ١١٨. م. شەهید محمد عزیز | کوردستان | ١٩٨٣ | ١٢٠٠ | ٢١١ |
| ١١٩. م. سەید حسن نعیمی | شەهیدانی کوران | ١٩٨٣ | ٦٠٣ | ٢١٢ |
| ١٢٠. م. گەرەکی کارگەی نەسیج | خانووەکانی کارگەی نسیج | ١٩٨٣ | ٨٠٠ | ٢١٣ |
| ١٢١. م. حاجی یەحیی | مهاباد | ١٩٨٣ | ١٠٠٠ | ٢١٥ |
| ١٢٢. م. ڕاستی(حاجی صدیق شربت فرۆش) | گلکەند | ١٩٨٣ | ١٢٠٠ | ٢١٨ |
| ١٢٣. م. شێخ نصرالدين | گلکەند | ١٩٨٣ | ١٢٠٠ | ٢١٩ |
| ١٢٤. م. شەهید یاسین اسماعیل | سێتاقانی سەروو | ١٩٨٣ | ٥٢٥ | ٢٢١ |
| ١٢٥. م. گوڵستان | برایەتی | ١٩٨٣ | ٢٢٥ | ٢٢٢ |
| ١٢٦. م. شهید نجم الدين نادر | علماء | ١٩٨٣ | ٢١٠ | ٢٢٤ |

١٢٧. م الاط
١٢٨. م السـ
١٢٩. م حاج
١٣٠. م حی
١٣١. م حا
١٣٢. م ش
١٣٣. م ال
١٣٤. م ح
١٣٥. م
١٣٦. م
١٣٧. م
١٣٨. م
١٣٩. م
١٤٠. م
١٤١. م
١٤٢. م
١٤٣. م
١٤٤. م
١٤٥.
١٤٦.
١٤٧.
١٤٨.
١٤٩.
١٥٠.
١٥١.
١٥٢.
١٥٣.
١٥٤.
١٥٥.
١٥٦.
١٥٧.
١٥٨.
١٥٩.
١٦٠.
١٦١.
١٦٢.

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٢٧. | م. الاطراف (بەلاشاوە) | كوراني عەنكاوە | ١٩٨٣ | ٢٠٠ | ٢٢٥ |
| ١٢٨. | م. السلام | بەلاشاوە/ ماموٚستايان | ١٩٨٤ | ١٢٠٠ | ٢٢٧ |
| ١٢٩. | م. حاجي سعيد مەلا سمايل | كوردستان | ١٩٨٤ | ١٤١٧ | ٢٢٨ |
| ١٣٠. | م. حي العدل/ الفرقان | حي العدل | ١٩٨٤ | ١٢٠٠ | ٢٢٩ |
| ١٣١. | م. حاجي طه عزيز خۆشناو | باداوه | ١٩٨٤ | ٤٠٠ | ٢٣١ |
| ١٣٢. | م. شهيد خطاب | باداوه | ١٩٨٤ | ٣٠٠ | ٢٣٢ |
| ١٣٣. | م. البدر | باداوه | ١٩٨٤ | ٢٥٠ | ٢٣٣ |
| ١٣٤. | م. حاجي قەرەنی بەزاز | گلكەند/ ٣٠م | ١٩٨٤ | ١٢٠٠ | ٢٣٤ |
| ١٣٥. | م. حاجي عمری نوری زاده | سيتاقانی سەروو | ١٩٨٤ | ٣٥٠ | ٢٣٦ |
| ١٣٦. | م. حاجي احمد نەقشبەندی | برايەتی | ١٩٨٤ | ١٢٠٠ | ٢٣٧ |
| ١٣٧. | م. كاوانی | خانزاد | ١٩٨٤ | ٢٤٠٠ | ٢٣٩ |
| ١٣٨. | م. حاجي عبدالواحد فيتەر | ناو فيتەرانی باكور | ١٩٨٤ | ١٢٠٠ | ٢٤١ |
| ١٣٩. | م. حاجي هاشم عطار | سورچيان | ١٩٨٤ | ٥٠٠ | ٢٤٣ |
| ١٤٠. | م. زكيه فتاح | كورانی عەنكاوە | ١٩٨٤ | ١٠٠٠ | ٢٤٤ |
| ١٤١. | م. شەهيد عبدالقادر مدحت | نەورۆز | ١٩٨٥ | ١٠٠٠ | ٢٤٦ |
| ١٤٢. | م. حاجي لانقه ذالنون | كوردستان | ١٩٨٥ | ١٠٠٠ | ٢٤٧ |
| ١٤٣. | م. مەلا محمد جديده لەك | كرنكاران | ١٩٨٥ | ١٦٠ | ٢٤٨ |
| ١٤٤. | م. شهيدين/كوران | كوران | ١٩٨٥ | ٨٠٠ | ٢٤٩ |
| ١٤٥. | م. اسماعيل يەعقوبی | سەر رێی مەخمور | ١٩٨٥ | ٩٠٠ | ٢٥١ |
| ١٤٦. | م. الاخوان/ حاجي سلام | گەڕەكی كۆماری | ١٩٨٥ | ١٠٠٠ | ٢٥٢ |
| ١٤٧. | م. (خر) | روناكی | ١٩٨٥ | ١٠٠٠ | ٢٥٤ |
| ١٤٨. | م. عبدالقادر الماجدی | گ. ئەندازياران | ١٩٨٥ | ١٨٠٠ | ٢٥٦ |
| ١٤٩. | م. حاجي خدر بابە | گ. راپەرين | ١٩٨٥ | ١٠٠٠ | ٢٥٨ |
| ١٥٠. | م. شيخ قادر بەرزنجی | كوران | ١٩٨٦ | ١٠٠٠ | ٢٦٠ |
| ١٥١. | م. حاجي حيدر | ئازادی | ١٩٨٦ | ٤٠٠ | ٢٦١ |
| ١٥٢. | م. حاجي مصطفى حاجي عثمان | سەر رێی كۆيە | ١٩٨٦ | ١٠٠٠ | ٢٦٢ |
| ١٥٣. | م. ابوبكر الصديق | كوێستان | ١٩٨٦ | ١٣٠٠ | ٢٦٤ |
| ١٥٤. | م. قادر بله | اسكان | ١٩٨٧ | ٧٢٠ | ٢٦٦ |
| ١٥٥. | م. شيخ احمد خەيلانی | شۆرش | ١٩٨٧ | ٢٠٠٠ | ٢٦٨ |
| ١٥٦. | م. الشهداء/ شهيد سداد | گ. مفتی | ١٩٨٧ | ١٠٠٠ | ٢٧٠ |
| ١٥٧. | م. حاجي عبدەی بەقال | ئازادی | ١٩٨٧ | ١٥٠٠ | ٢٧١ |
| ١٥٨. | م. بلال الحبشی | بەلاشاوە | ١٩٧٨ | ٢٨٠ | ٢٧٢ |
| ١٥٩. | م. الشفاء | ناو نەخۆشخانەی كۆماری | ١٩٧٨ | ٢٠٠ | ٢٧٤ |
| ١٦٠. | م. الرفاعی | رەنگين | ١٩٨٧ | ١٢٠٠ | ٢٧٥ |
| ١٦١. | م. شهيد ملازم ئازاد | حي الشرطة | ١٩٨٨ | ١٢٠٠ | ٢٧٦ |
| ١٦٢. | م. علي بن ابي طالب | باداوه | ١٩٨٨ | ١٠٠٠ | ٢٧٨ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٦٣. م. حاجى ئەحمد يەعقوبى | كوران | ١٩٨٨ | ١٦٠١ | ٢٧٩ |
| ١٦٤. م. الشافعى | زانيارى | ١٩٨٨ | ١٤٠٠ | ٢٨١ |
| ١٦٥. م. سەيد يوسف نعيمى | گ. ٩٩ | ١٩٨٩ | ١٦٠٠ | ٢٨٢ |
| ١٦٦. م. شەهيد عبدالخالق سەيد حسين | نەورۆز | ١٩٨٩ | ١٠٠٠ | ٢٨٤ |
| ١٦٧. م. عوسمان كورى عەفان/مەلا محمود فقى | عارەبانى نوێ | ١٩٨٩ | ٨٠٠ | ٢٨٥ |
| ١٦٨. م. حاجى ابراهيم گەردى | برايەتى | ١٩٨٩ | ٢٠٠٠ | ٢٨٧ |
| ١٦٩. م. محمد صالح زرارى | سورچيان | ١٩٩٠ | ٢٠٠ | ٢٨٩ |
| ١٧٠. م. مامۆستا سەيد عزيز بەرزنجى | خانەقاه | ١٩٩١ | ١٢٠٠ | ٢٩٠ |
| ١٧١. م. صلاح الدين ايوبى/ملا عثمان | صلاح الدين | ١٩٩١ | ١٠٥٠ | ٢٩٢ |
| ١٧٢. م. حاجى جمال بەزاز | مفتى | ١٩٩٢ | ١٢٠٠ | ٢٩٤ |
| ١٧٣. م. صلاح الدين ايوبى | قريه زانكۆ | ١٩٩٣ | ١٠٠٠ | ٢٩٦ |
| ١٧٤. م. حاجى عبدالله سەعاتچى | تەيراوه | ١٩٩٤ | ٢٥٠ | ٢٩٨ |
| ١٧٥. م. الاعجاز | گ. ١١٤ | ١٩٩٦ | ٢٥٠٠ | ٢٩٩ |
| ١٧٦. م. حاجى خاليد | باداوەى سەروو | ١٩٩٦ | ٢٤٠ | ٣٠١ |
| ١٧٧. م. الرحمة | گ. ٩٤ | ١٩٩٦ | ٢٠٠٠ | ٣٠٢ |
| ١٧٨. م. دووبرا | روناكى | ١٩٩٧ | ٦٠٠ | ٣٠٣ |
| ١٧٩. م. فتحى بێكەس | سەيداوه | ١٩٩٧ | ١٦٨ | ٣٠٥ |
| ١٨٠. م. مەلا سمايل ئانەكەلى | زراعين | ١٩٩٧ | ٥٤٠ | ٣٠٦ |
| ١٨١. م. شێخ عبيداللەى باقلان | برايەتى | ١٩٩٨ | ١٤٠٠ | ٣٠٨ |
| ١٨٢. م. حاجى عزيز خرابەدراو | شەقامى ٦٠م | ١٩٩٨ | ٢٠٠٠ | ٣١٠ |
| ١٨٣. م. مەلا على سعيد | باداوه | ١٩٩٨ | ٢٠٠ | ٣١١ |
| ١٨٤. م. حاجى حەمەدە گەورە | كوران | ١٩٩٩ | ٤٠٠ | ٣١٢ |
| ١٨٥. م. عومرى خدرى پاشا | عەدالەى نوێ | ١٩٩٧ | ١٨٠٠ | ٣١٤ |
| ١٨٦. م. جعفر قادر حامد بەگ | برايەتى | ١٩٩٩ | ١٨٠٠ | ٣١٦ |
| ١٨٧. م. ابو عمر (فاروق) | گوڵان | ١٩٩٨ | ١٥٢٥ | ٣١٧ |
| ١٨٨. م. الصواف | تعجيل | ١٩٩٩ | ٣٠٠٠٠ | ٣١٩ |
| ١٨٩. م. صفاء ومروة | رەنگين | ١٩٩٩ | ١٦٠٠ | ٣٢٢ |
| ١٩٠. م. شەهيد خدر سوارە | كوران | ١٩٩٩ | ١١٧٠ | ٣٢٤ |
| ١٩١. م. هديه سليم | ئازادى | ١٩٩٩ | ١٢٠٠ | ٣٢٦ |
| ١٩٢. م. جليل خەيات | شەقامى ٦٠م | ١٩٩٧ | ٢٠٠٠ | ٣٢٧ |
| ١٩٣. م. (٩) شەهيد | ئازادى | ١٩٩٩ | ٢٠٠٠ | ٣٢٩ |
| ١٩٤. م. جلال خليل | برايەتى | ١٩٩٩ | ١٧٠٠ | ٣٣٠ |
| ١٩٥. م. محمد فوزى | كوێستان | ١٩٩٩ | ٢٠٠٠ | ٣٣٢ |
| ١٩٦. م. حاجى يونس | شۆرش | ١٩٩٩ | ١٨١٠ | ٣٣٤ |

١٩٧. م. خدیجه الکبری
١٩٨. م. ڕۆستەم ڕەسول
١٩٩. م. عتیه خان
٢٠٠. م. الصحابة
٢٠١. م. الشهیدین/ القادری
٢٠٢. م. محمد امین محمد ایوب
٢٠٣. م. حاجی جادر

## بەشی دووەم

١. م. سەربازگە
٢. م. مصعب بن عمیر
٣. م. حاجی مامەند قادر
٤. م. النور
٥. م. تحسین حداد
٦. م. الرحمه
٧. م. الریان
٨. م. سید حیدر
٩. م. وەستا عوسمان عەونەیی
١٠. م. مەولانە
١١. م. معاذ بن جبل
١٢. م. صالح حداد
١٣. م. وەستا عبدالله
١٤. م. الکف

## بەشی سێیەم

١. ت. القادری شێخ فوئاد
٢. ت. شێخ محی الدین شێخ صالح
٣. ت. خەلیفە مجید
٤. ت. شێخ عبدالکریم دارەخورما
٥. ت. الرفاعی/ ابو علمین
٦. ت. کاکی میران
٧. ت. شێخ عارف بەرزنجی
٨. ت. شێخ محمد محمدامین خەیلانی
٩. ت. شێخ کاکە بەرزنجی
١٠. ت. شێخ جعفر بەرزنجی
١١. ت. سید محمود
١٢. ت. سید عوبید نعیمی

| | | | |
|---|---|---|---|
| باداوە | ١٩٩٨ | ١٠٠٠٠ | ٣٣٦ |
| کوێستان | ١٩٩٩ | ٢٢٠٠ | ٣٣٨ |
| گوڵان | ١٩٩٩ | ١٢٠٠ | ٣٤٠ |
| سورچیان | ١٩٩٩ | ٩٠٠ | ٣٤٢ |
| ڕاپەڕین | ٢٠٠٠ | ١٥٥٠ | ٣٤٣ |
| شەقامی ٦٠م | ١٩٩٩ | ٢٠٠٠ | ٣٤٤ |
| خانقاه | ٢٠٠٠ | ١٩٨ | ٣٤٥ |
| | | . | ٣٤٨ |
| **جێی نوێژەکان** | | | |
| ناو سەربازگەی کۆن | ١٩٨٢ | ٥٠ | ٣٥٠ |
| ناو نقلیاتی موصل | ١٩٨٤ | ١٥٠ | ٣٥٠ |
| ناو ڤیتەران خۆرهەڵات | ١٩٩٦ | ٥٠ | ٣٥١ |
| ناو ڤیتەرانی خۆرهەڵات | ١٩٩٦ | ٥٠ | ٣٥١ |
| صناعەی باشوور | ١٩٩٦ | ٣٢ | ٣٥٢ |
| صناعەی باکوور | ١٩٩٨ | ٣٠ | ٣٥٢ |
| صناعەی باکوور | ١٩٩٨ | ٥٧ | ٣٥٣ |
| صناعەی باشوور | ١٩٩٨ | ٥٤ | ٣٥٣ |
| صناعەی باشوور | ١٩٩٩ | ١٠٤ | ٣٥٤ |
| صناعەی باکوور | ١٩٩٩ | ١١٠ | ٣٥٤ |
| صناعەی باکوور | ١٩٩٩ | ١٥٠ | ٣٥٥ |
| صناعەی باشوور | ١٩٩٩ | ٤٥ | ٣٥٥ |
| | ١٩٩٩ | ٢٠ | ٣٥٦ |
| سەر قەڵا | زۆر کۆنە | | ٣٥٦ |
| | | | ٣٥٧ |
| **تەکیەکان** | | | |
| زانیاری | ١٨٩٠ | ١٥٠٠ | ٣٥٨ |
| عارەبان | ١٨٩٢ | ١٢٠٠ | ٣٥٩ |
| عارەبان | ١٨٩٨ | ٣٠٠ | ٣٦٢ |
| خانەقاه | ١٩٣٠ | ٣٠٠ | ٣٦٣ |
| تعجیل | ١٩٤٢ | ٢١٠ | ٣٦٥ |
| تەیراوە | ١٩٥٠ | ٣٥٠ | ٣٦٦ |
| عارەبان | ١٩٥١ | ٣٠٠ | ٣٦٧ |
| خانزاد | ١٩٦٣ | ٢٠٠ | ٣٦٩ |
| ئازادی | ١٩٦٨ | ٨٠٠ | ٣٧١ |
| مەحەتە | ١٩٧٦ | ٤٠٠ | ٣٧٢ |
| موفتی | ١٩٧٦ | ٢٠٠ | ٣٧٣ |
| کوران | ١٩٧٧ | ٤٠ | ٣٧٤ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٣. | ت. شێخ احمد محمدامین خەیلانی | شۆرش | ١٩٧٨ | ٢٠٠ | ٣٧٥ |
| ١٤. | ت. شێخ جواد بەرزنجی (القادری) | گ ٩٢ | ١٩٧٩ | ٢٠٠ | ٣٧٦ |
| ١٥. | ت. شێخ معروف الا الله | باداوە | ١٩٨٠ | ٢٠٠ | ٣٧٧ |
| ١٦. | ت. شێخ حسن خەیلانی | باداوە | ١٩٨٠ | لەگەل مزگەوت | ٣٧٩ |
| ١٧. | ت. شێخ محمد شێخ سلام | صلاح الدین | ١٩٨٠ | تەنها ژوورێک | ٣٨٠ |
| ١٨. | ت. شێخ محی الدین | تەیراوە | ١٩٨٣ | ٢٠٠ | ٣٨١ |
| ١٩. | ت. شێخ جلال بەرزنجی | تعجیل | ١٩٨٥ | ١٠٠ | ٣٨٢ |
| ٢٠. | ت. شێخ عبدالخالق تلعفری | راپەرین | ١٩٨٧ | ١٢٠٠ | ٣٨٣ |
| ٢١. | ت. شێخ قادر نوغەرانی | نەورۆز | ١٩٩١ | ١٢٠ | ٣٨٤ |
| ٢٢. | ت. مەلا عرفان | راپەرین | ١٩٩٦ | ٤٥٠ | ٣٨٦ |
| ٢٣. | ت. کاك مەلای مشار | کوران | ١٩٩٧ | ٢٠٠ | ٣٨٨ |
| ٢٤. | ت. شێخ احمد زیخان | برایەتی | ١٩٨٦ | ١٠٠ | ٣٨٩ |
| ٢٥. | ت. شێخ نورالدین شێخ لەتیف | نەورۆز | ١٩٩٦ | تەنها ژوورێک | ٣٩٠ |
| | **بەشی چوارەم** | **خانەقاکان** | | | ٣٩١ |
| ١. | خانەقای شێخ رشید لۆلان | ئازادی | ١٩٧٨ | بەشێکە لە ماڵەوەی | ٣٩٣ |
| ٢. | خانەقای شێخ سەید عبدالقادر خەلان | موفتی | ١٩٨٦ | بەشێکە لە ماڵەوەی | ٣٩٦ |
| ٣. | خانەقای شێخ سەید عبدالله خەلان | موفتی | ١٩٨٦ | بەشێکە لە ماڵەوەی | ٣٩٨ |
| | **پوختەیەك** | | | | ٤٠١ |
| | **سەرچاوەکان** | | | | ٤٠٢ |
| | **سوپاس و پێزانین** | | | | ٤٠٣ |

ژمارەی سپاردنی (٢٤١) سالّی ٢٠٠١ لە
بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەر/ هەولێر



# نووسەر
# لەچەند دێرێکدا

١- ناوی تەواوی:
(عومەر شێخ لەتیف شێخ ڕەزا شێخ مەعروف شێخ فەتاح قولە شێخ حەسەن قولە شێخ موحی یەدین کەرکووك شێخ حەسەن گلّلە زەردە)یە، بەڕەگەز لەسەیدەکانی بەرزنجەیە.

٢- لەپایزی ساڵی ١٩٥٢ لەشاری کەرکووك هاتۆتە دنیاوە.

٣- لەساڵی ١٩٥٩ لەهەمان شار دەستی بەخوێندن کردووە.

٤- لەساڵی ١٩٦٧ بۆ کار کردن چۆتە شاری سلێمانیو لەوێ تاکو پۆلی سێیەمی ناوەندی خوێندووە.

٥- لەبەهاری ساڵی ١٩٨٢وە لەشاری هەولێر نیشتەجێیە.


٣١ / ١٢ / ٢٠٠٠

من منشوارت
وزارة الاوقاف والشؤون الاسلامية
لحكومة أقليم كوردستان - العراق
العدد (١)

جولة في رحاب

# جوامع ومساجد وتكايا

## مدينة أربيل



عمر شيخ لطيف البرزنجي

ژمارەی سپاردن (٢٤١) ساڵی ٢٠٠١ لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی، ڕۆشنبیری و هونەر / هەولێر

لە 14ی ڕەمەزانی 2020 هەڵسام بە PDF کردنی ئەم پەرتوکە ناوازەیە.تکایە لە نزای خێر بێ بەشمان نەکەن .
براتان :احمد شاکر شێخە قوتابی قوناغی چواری شوێنەواری ئیسلامی


لە بڵاوکراوەکانی

حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی ئاوقاف و کاروباری ئیسلامی

ژمارە ( ١ )


# گەشتێك بەناو مزگەوت و تەکیەکانی شاری هەولێر


عمر شیخ لطیف بەرزنجی

له 14ی ڕەمەزانی 2020 هەڵسام بە PDF کردنی ئەم پەرتوکە ناوازەیە.تکایە لە نزای خێر بێ بەشمان نەکەن .
براتان :احمد شاکر شێخە قوتابی قوناغی چواری شوێنەواری ئیسلامی

لە بلاوکراوەکانی
حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی ئاوقاف و کاروباری ئیسلامی
ژمارە (١)

# گەشتێک بەناو مزگەوت و تەکیەکانی شاری هەولێر

عمر شیخ لطیف بەرزنجی